# ئەنتۆلۆجیای
# شیعری کرێکاریی کوردی

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

ناوی کتێب: ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی
نووسەر: عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی
نەخشەسازی ناوەوە: سلیمان قاسمیانی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٠
ناوەندەی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی – هانا - هانا HANA

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ نووســەر. هەر کەس و لایەنێک دەیەوێ ئەم کتێبە یان بەشێک لە ماتریاڵەکانی ئەم کتێبە بۆ هەر مەبەستێک بەکار بهێنێت، تکایە با ڕەزامەندی نووسەر وەربگرێت، بۆ ئەوەی بەرپرسیار نەبێت.

ئەم کارەم پێشکەشە بە:

سەرجەم ئەو قەڵەمانەی کە لەپێناو ئینسانییەتدا جەنگاون، سەرجەم ئەو قەڵەمانەی بەگژ زۆرداریدا چوونەتەوە و مەرگیان لەپێناو مرۆڤایەتیدا هەڵبژارد.
سەرجەم ئەو قەڵەمانەی کە بوون بە بەشێک لە خەباتی بەرهەقی چینی کرێکاری کوردستان لە دژی بورژوازی ستەمکار.
سەرجەم ئەو قەڵەمانەی کە تێدەکۆشن لەپێناو پتەوکردن و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی کرێکاریی و وەستانەوە دژ بە ئەدەبی زەبەلاحی بۆرژوازی.
سەرجەم ئەو قەڵەمانەی کە شانازی قەڵەمی چینایەتی کرێکاران و شۆڕشگێڕانەیان پێدەبڕێ.
دواجاریش سەرجەم ئەو قەڵەمانەی لەم ئەنتۆلۆجیایە بەشدارن یان لە داهاتوودا بەشدار دەبن.

## سوپاسنامەیەکی تایبەت

سوپاس و پێزانینی زۆر تایبەتم بۆ ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا کە هەڵسا بە نووسین و بڵاوکرانەوەی بانگەوازی کۆمەک کۆکردنەوە و هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە کۆمەکیان بەخشی بەو ناوەندە بۆ چاپکردنی ئەم کتێبە. ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی ئێوەی هێژا و دڵسۆزی ئەدەبی کرێکاریی چاپ بووە.

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**

## پێڕست:


١- سوپاس و پێزانین ٩
٢- پێشەکی ١٣
٣- لەنزیکەوە .. لەدوورەوە ١٧
٤- وردبوونەوەیەک لە ڕەوتی شیعری کرێکاریی ٢١
٥- قۆناغی یەکەم، سەرەتا تا ١٩٨٠ ٦٢
٦- زینەب خانی مەلا ڕەئوفی خادم ئەلسوجادە ٦٣
٧- شێخ سەلام ٦٥
٨- حەجی جندی ٧٥
٩- سامی عەوداڵ ٧٧
١٠- گۆران ٨١
١١- قانع ٨٩
١٢- شێخ مارفی بەرزنجی ٩٩
١٣- هەژار موکریانی ١٠٣
١٤- مەلا عەبدولڕەحمان زەنگەنە (بەشدراو) ١١١
١٥- قەدری جان ١١٧
١٦- عوسمان سەبری ١٢١
١٧- محەمەد ئەمین پێنجوێنی ١٣٥
١٨- مدحەت بێخەو ١٣٩
١٩- خالید دلێر ١٤٩
٢٠- شاموراد موشتاق (شامی کرماشانی) ١٦٣
٢١- کاکەی فەللاح ١٦٩
٢٢- جگەرخوێن ١٧٥
٢٣- عوسمان عوزێری ١٨١
٢٤- محەمەد ساڵح دیلان ١٨٧
٢٥- مەلا ئاوارە ١٩١
٢٦- ئەژی گۆران ١٩٩

| | |
|---|---|
| ٢٧- عەبدوڵا پەشێو | ٢٠٣ |
| ٢٨- شێرکۆ بێکەس | ٢٠٧ |
| ٢٩- فاتح شێخولئیسلامی (چاوە) | ٢١٣ |
| ٣٠- دڵزار | ٢٢٥ |
| ٣١- کەریم شارەزا | ٢٣٥ |
| ٣٢- حوسێن بەفرین | ٢٣٩ |
| ٣٣- ئەبوبەکر شێخ جەلال (ا.ب.هەوری) | ٢٦١ |
| ٣٤- ناسر حەفید (مامە نالە) | ٢٦٥ |
| ٣٥- موحسین ئاوارە | ٢٦٩ |
| ٣٦- جەمیل ڕەنجبەر | ٢٧١ |
| ٣٧- موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی | ٢٨١ |
| ٣٨- رەفیق سابیر | ٢٨٥ |
| ٣٩- دڵشاد مەریوانی | ٢٨٧ |
| ٤٠- محەمەد ئەمین پۆڵا | ٢٩٧ |
| ٤١- حەسەن دڵسۆز | ٣٠١ |
| ٤٢- ئەدەبی کرێکاریی لەنێو پەراسووەکانی دوو قۆناغی جیاوازدا | ٣٠٥ |
| ٤٣- قۆناغی دووەم، ١٩٨٠ تا ئەمڕۆ | ٣٠٧ |
| ٤٤- حەمەسەعید حەسەن | ٣٠٩ |
| ٤٥- شێخ ئەنوەر | ٣١٥ |
| ٤٦- موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) | ٣١٩ |
| ٤٧- سلێمان قاسمیانی (کاکە) | ٣٣١ |
| ٤٨- جەلال شکۆ (بژار) | ٣٤٧ |
| ٤٩- ئەحمەد بازگر | ٣٥٧ |
| ٥٠- عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) | ٣٧٧ |
| ٥١- نەوزاد مدحەت (گۆران عەبدوڵا) | ٣٨٧ |
| ٥٢- ئیسماعیل تەنیا | ٣٩٣ |
| ٥٣- لالۆ ڕەنجدەر | ٣٩٧ |
| ٥٤- حەمە عەباس | ٤٠١ |
| ٥٥- سەلام عومەر | ٤٠٣ |

٥٦- سابیر ساڵح گۆران ٤١١
٥٧- ناڵە حەسەن ٤١٧
٥٨- هێژوان ٤٢٧
٥٩- بەندی عەلی (حەمە عەلی حەسەن) ٤٣٧
٦٠- ئەنوەری ڕەشی عەولاّ (ب. سۆلین) ٤٤٣
٦١- عەبدولقادر سەعید سەرچناریی ٤٤٧
٦٢- خالید بایەزید (دلێر) ٤٥١
٦٣- هەژێن ٤٥٥
٦٤- کاوە ئەحمەدی (ژاکاو) ٤٦٩
٦٥- بەکر عەلی ٤٧٥
٦٦- خالید کاوێس قادر ٤٧٩
٦٧- ڕەحیم لوقمانی (نەکەرۆز) ٤٨١
٦٨- بەکر ئەحمەد (ئاسۆ) ٤٨٥
٦٩- عارف کوردە ٤٩٣
٧٠- محەمەد کەساس ٥٠١
٧١- عوسمان شەیدا ٥٠٥
٧٢- سەعید ئەمانی ٥٠٩
٧٣- مەهاباد قەرەداغی ٥١٥
٧٤- خولیا حوسین ٥٢١
٧٥- سیامەند هۆرامی ٥٢٥
٧٦- ب.م. شارۆ ٥٢٧
٧٧- ڕێباز مەحموود (کسپە) ٥٢٩
٧٨- شێخ سدیق ٥٣٧
٧٩- ئیبراهیم هەورامی (مامۆستا بەیان) ٥٤١
٨٠- هێمن عەلی ٥٥١
٨١- نەجم محەمەد ٥٥٥
٨٢- فوئاد عەزیز ٥٦١
٨٣- بەرزان عوبێد (کاوە ئەحمەد) ٥٦٧

٨٤- پشكۆ ڕەحیم ٥٧٥
٨٥- عەلی سابیر ٥٧٧
٨٦- سۆران كۆستە ٥٧٩
٨٧- حەمە زەكی كەریم ٥٨١
٨٨- دواجار من كاری خۆمم ئەنجامدا ٥٨٥
٨٩- سەرچاوەكان ٥٨٩

## سوپاس و پێزانین

لە ناخی دڵمەوە سوپاسی بێپایانم بۆ سەرجەم ئەو شاعیرە بەڕێزانەی کە بەدەربەستانە لە خەمی ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی بوون و بەدەم بانگەوازەکەمەوە هاتن و بەرهەمەکانیان بۆ ئەم کتێبە نارد، چ ئەوانەی بەرهەمەکانیان لەم کتێبەدا بڵاو بۆتەوە یان ئەوانەی بەرهەمەکانیان بەهۆی لاوازی هونەریی یان هاوتەرین نەبوون لەگەڵ میتۆدی پڕۆژەکە بڵاو نەبۆتەوە. دەستی هەر هەموویان دەگووشم و هیوادارم لە نووسین و داهێنانی ئەدەبیی بەردەوام بن. سەرەتا زۆر سوپاس بۆ هاوڕێی شاعیرم هێژوان کە کتێبی (کرێکار و چیرۆکی کوردی) بۆ سکان کردم و بۆی ناردم کە سەرچاوەیەکی گرنگە لەسەر ئەدەب و سوودێکی زۆرم لێبینی. زۆر سوپاس بۆ هاوڕێی شاعیرم کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد ئەویش کە کتێبێک و چەندین شیعری بۆ سکان کردم و بۆ ناردم. زۆر سوپاس بۆ هاوڕێم کاک ڕەوەند ڕەواندزی کە دیوانی گۆرانی بۆ ماوەیەک پێدام.زۆر سوپاس بۆ کاک قاسم ئەمین ئیبراهیم کە کۆمەڵێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆی لە بادینان خستە کار بەتایبەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژمارەیەک شاعیری ئەو دەڤەرە. سوپاسی تایبەتم بۆ هاوڕێی هێژام کاک (موزەفەر عەبدوڵا) کە کتێبی (دوژمنان)ی مەکسیم گۆرکی و ژمارە ٣٣ گۆڤاری (ئەدەبی کرێکاریی)بە دیاری بۆ ناردم کە وەک یەکێک لە سەرچاوەکان بۆ ئەم پڕۆژەیە سوودم لێبینین. سوپاسی زۆر تایبەتم بۆ هاوڕێی شاعیر و نووسەرم (هەژێن) کە جگە لە بەرهەمەکانی خۆی، بە شێوەزاری هەورامی بانگەوازێکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستەگرام بەو شێوەزارە بڵاو کردەوە و هەندێ شیعری کرێکاریشی بۆ پڕۆژەکە بەدەست هێناو لەو بوارەدا زۆر کۆمەکی کردم. .سوپاس بۆ هاوڕێی ئازیز کاک ئاوات ئەحمەد ئەسوەد کە زەمینەسازییەکی جوانی کرد تا دەستم بگات بە شاعیر و سروودخوێن لالۆ ڕەنجدەر. زۆر سوپاس بۆ هونەرمەند لالۆ ڕەنجدەر کە هەندێ زانیاری سەبارەت بە کاسێتی (تیپی هونەری چەوساوەکان) پێدام کە لەم کتێبەدا سوودم لێ بینیون. سوپاسی زۆر بۆ هاوڕێی شاعیر کاک سەباح ڕەنجدەر کە چەندین شیعری شاعیرانی بۆ وێنەگرتم و ناردم و لەم کتێبەدا دامناون ئەمە جگە لە چەندین پرسیار سەبارەت بە کۆمەڵەشیعرو بەرهەمی شاعیران کە بە حەوسەڵەوە

وەڵامی داومەتەوە و سوودم لە وەڵامەکان وەرگرتووە(دیارە ئەم کۆمەکییەی کاک سەباح رەنجدەر بە هیمەتی کاکە یادی کوڕی ئەنجام دراون). لە دڵەوە سوپاسی بێەوپەڕم بۆ هاوڕێی شاعیرم کاک عارف کوردە کە جگە لە بەدەنگەوە هاتنی بۆ پرۆژەکە، ژمارەیەک زۆر شیعری بۆ وێنەگرتم و بۆی ناردم و هەورەها شیعری شاعیرانی کرێکاریی تری بۆ ناردووم و لەم کتێبەدا سوودم لێوەرگرتوون و دامناونسەرباری ئەمانەش کتێبی ئاگر و گوڵ و بەرەو لووتکەی ئاوات و هەروەها کتێبی سەرجەم بەرهەمەکانی شێخ مارفی بەرزنجی(پشکۆ)ی بۆ پەیدا کردم و وێنەی شیعرەکانی بۆ ناردم. هەروەها سوپاس بۆ عەلی سابیری شاعیر کە دوو کۆشیعری خۆی و کتێبی دیوانی حوسێن بەفرینی بۆ پێشکەش کردم و بۆ ناردمتا سوودیان لێ ببینم.زۆر سوپاس بۆ خاتوو مەهەباد قەرەداغی کە شیعرێک و ژیاننامەی زەینەب خانی ئەبولسوجادەی بۆ ناردم. سوپاسی زۆرم بۆ کاک ئەنوەر حوسێن نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وکاک سەعید ئەمانی شاعیر کە چەندین ژمارەی گۆڤاری پێشەنگ و نامیلکەی (سێ شاعیری چەپ)یان بۆ ناردم. زۆر سوپاس بۆ کاک ئاشتی شێرکۆ خاوەن خانەی ئاشتی بۆ کتێب و رۆژنامە لە هەولێر کە ژمارەیەک شیعری مدحەت بێخەوی شاعیری بۆ سکان کردم و بۆ ناردم، هەروەها گەلێ پەیوەندی بۆ دروستکردمبەتایبەتی لەگەڵ شاعیر مامۆستا فەرهاد مورتکە. سوپاسی تایبەت بۆ مامۆستا کیومرث نیکرەفتار کە هەندێ زانیاری سەبارەت بە شاعیرانی کەلهوڕی پێدام. سوپاس بۆ هاوڕێی هێژام کاک ئەحە شوان کە کتێبی گوڵزارستانی پێ ناساندنم و چەندین شیعری ناو کتێبەکەی بۆ ناردم و دواتریش کتێبەکەی بۆ کردمە دیاری و بۆ پۆست کردم تا سوودی لێ ببینم. هەروەها سوپاس بۆ بەڕێز کاک هەردی شەفیق کە چەند شیعرێکی مامۆستا ئەحمەدی بۆ ناردم. هەروەها سوپاسی هاوڕێی شاعیرم خالید بایەزید (دلێر) دەکەم کە زانیاری سەبارەت بە چەند شاعیرێکی رۆژهەڵاتی کوردستان پێدام.هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێ ئەنوەر نەجمەدین کە هەندێ زانیاری دەربارەی چەند سرووودێکی کرێکاریی بۆ ناردم.هەروەها زۆر سوپاس بۆ هاوڕێێ رۆمانوو س وچیرۆکنووس دیدار مەسیفی کە سروودێکی کرمانجی بۆ ناردم. لە کۆتاییشدا زۆر سوپاس بۆ هاوڕێی شاعیرم کاک سلێمان قاسمیانی (کاکە) کە جگە لە هاتنی بەدەم بانگەوازەکەمەوە، چەندین ژمارەی گۆڤاری (پێشەنگ) خولی یەکەمی بۆ ناردم و هەروەها کۆمەڵێ شیعری قانیعی شاعیر و

هەژار موکریانی و خالید دلێر و شـــامی کرماشـــانی بۆ تایپ کردم و بۆی ناردم، ئەمە جگە لەوەی بە تەواوی کتێبەکەدا چۆتەوە و گەلێ سەرنج و تێبینی بە سوود و گرنگی پێدام و زەحمەتی ئەوەی کێشـا کە پێشـەکییەک بۆ ئەم پڕۆژە کرێکارییە بنووسـێت و ئەوەندەی تر کتێبەکە دەوڵەمەندتر بکات و هەروەها هەسـتا بە کاری دزاینی کتێبەکە و لەهەمووشـــی گرنگتر هەســـتا بە فەندڕایزین بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە ڕووناکی ببینێت و بگاتە دەستی ئێوەی ئازیز.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
٢٠٢٠

# شاعیر، کرێکار و شیعری کرێکاریی

ئەدەبی کرێکاری چییە؟ ئەم پرســیارە تەنیا یەک وەڵامی نییە. یەکەم وەڵام دەکرێ لە ڕوانگەی مەوزووعی ئەدەبەوە بێت. ئەدەبێک کە باســـی کرێکار و لایەنەکانی جوراوجۆری ژیانی کرێکار بکات لەو نیگایەوە کرێکارییە چون باســەکەی باســی کرێکارە. نووسەر کێیە و چۆن بیردەکاتەوە لێرەدا گرنگییەکی نییە.
ڕوانگەی دووەم دەتوانین بە چینایەتی ناوبنێین. هەر نووسـینێک کە نووسـەرەکەی کرێکار بێت، کرێکارییە. لێرەدا هەرچییەک کە نووســـەرەکەی کرێکار نەبێت و لە تەجرەبەی ڕاستەوخۆی ژیانی کریکارییەوە هەڵنەقولابێ، بە کرێکاریی نازانرێت.
ڕوانگەی سـێیەم لە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارەوە ســەیری ئەدەب دەکات. لەم نیگایەوە ئەو ئەدەبەی کە بەرژەوەندی کریکار وەکوو چین نەپارێزێ، کرێکاریی نییە. ئەم ڕوانگەیە دەکرێ بە ڕوانگەیەکی ئایدیۆلوژیکی و سـیاسـی ناوبنرێت. لەم ڕوانگەوە نووســـەر پێویســـت ناکا خۆی کرێکار بێت، بەلکوو گرنگ هەڵوێســـتی چینایەتی نووسەرە و پاراستنی بەرژەوەندی چینی کرێکار لە بەرهەمەکەیدا.
چارلز بووکۆڤســـکی، (Charles Bukowski) چیرۆکنووســـێک و شـــاعیری ناسراوی ئامریکاییە. ئەم نووسـەرە تا ساڵێک لەوە پێش لای من نەناسراو بوو و شــتێکم لێ نەخوێندبۆوە تا لە چەند شــوێن بینیم کە وەک نووســەرێکی ناوداری کرێکاریی باســی لێدەکەن. بە خۆشـییەوە دوو ڕۆمانی تازەنووسـراوی نووســەر، "ژنان" و "جلی پیس"م گرتە دەســـت و کەوتمە خوێندنەوەی دەســـبەجێ. ڕۆمانی "جلی پیس" ئاوێکی ســاردی بە ســەرم داکرد و لاپەرە بە لاپەری "ژنان" تووشــی شەرم و شۆکی کردم کە بە ناوی کرێکار چ بە سەر چینی کرێکار دێنن.
بۆ هەڵسەنگاندنی پرسیارەکەی سەرەوە دەتوانین ئاوڕێک بدەینە سەر ڕۆمانەکەی بووکۆڤسکی بە نێوی "ژنان". بووکۆڤسکی خۆی کرێکارییپۆست و گەیاندن بووە و تەجرەبەی ژیانی کرێکاریی هەیە. ڕۆمانی ژنان باســـی شـــاعیرێکی ناوداری کریکارییە کە بە خویندنەوەی شـــیعرەکانییەوە دەژی و جار ناجاریش لێرەولەوێ چەن ڕۆژێک کار دەکات. ژیانی پاڵەوانی چیرۆکەکە بە دەوری دوو شتدا دەگەڕێ:

یەکەم سێکس و دووەم ئارەق خواردنەوە. "ژنان" باسی ئەو دەیان ژنە دەکا کە لە کاتی بەستنی کۆرە شیعرییەکاندا شاعیر لە گەلیان ئاشنا دەبێ و دەیانکێشێتە سەر تەختی خەوەکەی و تا لە هێز دەکەوێ خەریکی سێکسە لە گەلیان. لێرەو لەوێ شاعیر باسی دونیای نابەرابەر و هەژاری بێکاران و چینی کریکار دەکات بەڵام ئەوەی هەرگیز لێی نادوێت ئارەزۆی دونیایەکی باشترە بۆ کرێکار و خەڵک بە گشتی. نیگای شاعیر بۆ ژن نیگایەکی بە تەواوەتی کالایی و سێکسی و نامرۆڤانەیە. ژن بۆ ئەو بە راستی کونێکە بۆ پێداکردن و خۆ رەحەتکردن.
بووکۆڤسکی خۆی کرێکارە، بەڵام ئایا ڕۆمانی "ژنان" کرێکارییە؟ من ئەم رۆمانە دژ بە کرێکار و دژ بە مرۆڤ دەزانم چون ئەوەی پاڵەوانەکانی دەیکەن دژی بەرژەوەندی کرێکار و مرۆڤە. نیگای بەرکارانە بە ژن، بینینی ژن وەکو ئامرازی سێکس، نیگایەکی کۆنەپەرستانە و هەلاوێرانەیە کە هاوبەشی و یەکیەتی ریزەکانی کرێکار دەشێوێنێ و کۆمەک دەکا بە بەردەوام بوونی هەڵاواردنی ژن و پیاو و بێبەشیی و جیاوازی نێوان مرۆڤ. رۆمانەکەی "ژنان" نە تەنیا هیوایەکی بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگا تێدا نییە بەلکوو بێهیوایی و بێچارەیی دەباتە ناو ماڵی خوێنەر. بووکۆڤسکی هەرگیز یەخەی خەتاباری سەرەکی ئەو ژیانە نامرۆڤانەیە، واتە کاپیتالیسمی هار، ناگرێ بەلکوو هەموو قوڕەکە دەکاتەوە سەر کرێکار و بێبەشانی کۆمەلگا.
نیگای من بۆ هونەر و ئەدەب پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکار. لێرەدا ناوەرۆک و پەیام و هیوا و ئارەزۆی یەکسانی و هەڵپێچانی زوڵم و زۆر و دونیای نابەرابەر، خاڵی سەرەکین.
ئەنتۆلۆجی شیعری کرێکاریی کوردی کە هاورێم عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) هێناویەتە دی، کارێکی زۆر بەڕیز و جێی پێزانینە. کرێکاران و مەینەتکێشانی کوردستان بە سەری بەرزەوە دەتوانن دەنگی ئەدەبیی خۆیان لەم کتێبەدا بەرز کەنەوە و بورژواکانی کوردستانی پێ شەرمەزارکەن کە ئێستای ئێستاش دان بە بوونیان نانێن و چینایەتی بوونی کوردستان و چینایەتی بوونی دەوڵەت ئینکار دەکەن. شیعرەکانی ئەم ئانتۆلۆژییە هاواری ئەم راستییەن کە کرێکاران، بەرهەمهێنەرانی خێرو خۆشی لەم وڵاتەش وەکوو هەموو وەڵاتانی سەرمایەداری، خۆیان لە نان و شادی و خۆشی بێبەشن وەک رێبواری شاعیر دەڵێ: "ژیانی ئەمرۆیان بۆ کڕینی نان سبەی بفرۆشن".

بەڕێز مەشــخەڵ، خۆی لە ســەرەتای نووســینەکەیدا ئیشــارەی بەوە کردووە کە شــــاعیرەکان و شــــیعرەکانیان لە چەند دەورەی جیاوازی مێژووییدا چاویان پشــکووتووە و مۆرکی دەورەی خۆیانیان پێوە دیارە. بەلای منیشــەوە پیشــاندانی ئەم دەورە جیاوازانە کارێکی دروست و بەجێیە کە هەموو ئەو شـاعیرانەی کە بە ناوی کرێکار یان بۆ کرێکار بەرهەمیان خوڵقاندووە بناسێندرێن. شتێک کە من پێم وایە دەکرا کەمێک زیاتر کاری لە سەر بکرێ، ناساندنی لاوازییەکان و لە هەندێک شوێن روونکردنەوەی دژایەتی هەندێک لە شیعرەکانە لە گەڵ بەرژەوەندی کرێکار وەکوو چین. لەم ئەنتۆلۆجیـایەدا شــــیعری نـاســــیونـالیســــتی و تەنـاتەت رەگەزپەرستانەش هەن کە بە هیچ جۆرێک لە گەل ئازادی و بەرابەری و یەکسانی کە خاڵی سەرەکی بۆچوونی چینایەتی کرێکارییە، نایەنەوە.
لە کۆتـاییـدا لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبـایی دەکەم لە هـاورێم عەبـدوڵا ســــلێمـان (مەشخەڵ) بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی ئەنتۆلۆجی شیعری کرێکاریی کوردی. دەستت خۆش بۆ ئەم کارە قورس و جوانە.

سلیمان قاسمیانی
ئەپریلی ٢٠٢٠

# لە نزیکەوە... لە دوورەوە
# بۆچی ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی؟

یەکێ لەو هۆکارانەی کە هانی دام دەســــت بۆ پرۆژەی ئەنتۆلۆجیای شــــیعری کرێکاریی کوردی بەرم، بەهرەمەند نەبوونی کرێکارانی کوردە لە ئەنتۆلۆجیایەکی شــــیعریی. ئەنتۆلۆجیایەک کە لە نزیکەوە کرێکاران قســــەی دڵیان، خەونیان، ئومێدیان، ئازاریان، چەوســـانەوەیان، ململانێ و خەباتیان، عەشــق و گۆرانییان بۆ دواڕۆژێکی ڕووناک و شــــیاو بە ئینســــان تیایدا ڕەنگ بداتەوە. وەک ئاشــــکرایە ئەدەبی بۆرژوازی خاوەنی دەیان جۆر لە ئەنتۆلۆجیایە. هەر ژانرە و ئەنتۆلۆجیای تایبەت بە خۆی هەیە. دیارە لە ئاســــتی جیهاندا، ئەدەبی پرۆلیتاریاش خاوەنی ئەنتۆلۆجیــایە. لە کوردســــتــانیشــــدا (بەهەر چوار پــارچەکەی و بە هەموو شــێوەزارەکانیشــەوە)، ئەنتۆلۆجیایەکی شــیعریی کرێکاریی بوونی نەبووە و نییە. ئەم هەوڵەی من دەبێتە یەکەمین هەوڵ لەمێژووی ئەدەبی کرێکاریی کوردستان.

لە کوردستان کرێکاران خاوەن خەبات و بەرژەوەندی چینایەتی تایبەت بە خۆیانن و هەروەها خاوەنی ئەدەب و شــیعری خۆیانن. شــیعری کرێکارییکوردی پەرش و بڵاو و لێرە و لەوێ و لەم گۆشــــە وئەو گۆشــــەی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئەدەبیی و سیاسییەکان، ئۆقرەیان گرتووە کە بەشێکی بەرچاویان فەرامۆش بوونە وخەریکن لەبیری کرێکــارانیش دەچنەوە. کۆکردنەوەی ئەم شــــیعرە کرێکــارییە پەرش و بڵاوانەش لەم کتێبەدا، نەک تەنهــا لە فەوتــان و لەبیرچوونەوە دەیــان پــارێزێــت، بەڵکو دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی ئەو بۆشــــاییەی کە پرۆلیتــاریــای کوردستان لە بێ ئەنتۆلۆجیایی دەرگیرین.کەواتە دەتوانم بڵێم کە ئەم ئەنتۆلۆجیایە، ئەنتۆلۆجیای دەنگە فەرامۆشــکراوەکانە. ئەنتۆلۆجیای ئەو شــاعیرانەیە کە جوانی شــــیعریی خۆیان لە ئینتما بۆ کرێکاران و خەباتی چینایەتی کرێکاران دەبیننەوە. کتێبێکە بە کون و کەلەبەر و قوژبنەکــانی جیهــانی بەشــــمەینەتــان گوزەری کردووە.من ئەوەش بە پێویست دەزانم کە هەر لە بەراییەوە دەبێت بڵێــــم کە ئەم کتێبە، کتێبێکی مێژوویی نییە و منیش مێژوونووس نیم تــا بێم بە تــانوپۆی ڕۆژگارەکاندا بچمە خوارێ، بەڵکو هەولێکە لەپێناو ناســــاندن و کۆکردنەوە و

لێکۆڵینەوە و گەشـــەســـەندن و بەرەوپێش بردنی ئەدەبی کرێکاریی. بۆ زیاتر ناســـاندنی ئەم کتێبە دەتوانم فۆکوس بخەمە ســـەر ئەم خاڵە گرنگانەی که تایبەتمەندی کتێبەکەی پێ دەناسرێتەوە.

**یەک**: ئەم کتێبە یەکەمین هەوڵە لەمێژووی ئەدەبی چینی کرێکاری کوردســـتان، بۆ ڕزگارکردنی خەرمانێک لە شـیعری پەرش و بڵاوی کرێکاریی و کۆکردنەوەیان تا وەک سەرچاوەیەکی ئەدەبیی گرنگ لەبەردەستدا بێت.

**دوو**: ئەم کتێبە یەکەمین ســەرچاوەیە کە بەدید و گۆشــەنیگایەکی مارکســیســتی بەرچاو ڕۆشــن ئیشــی لەســەر کرابێت.دیدێک خاڵییە لە هەر جۆرە ئاراســتەیەکی فیکریی ناسیونالیستی یاخود تێڕوانینی چەپی پۆپۆلیستی. دیارە قسە لەسەر ئەو دەقانە نییە کە ئاڕاستەی فیکری پۆپۆلیستی یان ناسیونالیستی زاڵە بەسەریاندا، بەڵکو قسە لەسەر میتۆدی ئیشکردنە لەسەر پڕۆژەکە بەگشتی.

**سێ**: دەنگ و ڕەنگەکانی نێو ئەم ئەنتۆلۆجیایە جیاوازن و هەر شاعیرێک پێویستە بەو دەق یان(دەقانەی)خۆی بخوێنرێتەوە.

**چوار**: زنجیرەی دانان و ڕیزبەندی شـــاعیرەکان و شـــیعرەکان بەهیچ شـــێوەیەک پەیوەندی بە ئاستی هونەریی شیعرەکان و توانایی و ناسراوی شاعیرەکەوە نییە، بەڵکو پەیوەســـتن بەکات و ســـەردەم و بەپێی کات ڕێکخراون. هەروەها زنجیرەی زەمەنی ئەنتۆلۆجیاکەش بەلێکدانەوە و تێگەیشـــتنی خۆم ڕێکم خســـتوون و دابەشـــمکردوونەتە ســـەر دوو قۆناغی جیاواز. کە بە بڕوای من هەر قۆناغێک لەو قۆناغانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

**پێنج**: بۆ یەکەمجارە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەنتۆلۆجیایەک دێتە بەرهەم کە بۆ نوخبە نییە، بەڵکو بۆ ئەو دەنگانەیە کە نوخبەی کوردیی بەچاوی جیاوازەوە تێیان دەڕوانێت. بۆ کەســـانێکە کە بەوشـــەکانیان لەنێو دونیای برســـێتی و نەهامەتییەوە موژدەی دونیایەکی باشـــتر دەدەن بە ئینســـانی کورد و ســـەرجەم بەشەرییەت.

**شـــەش**: نەبوون یان کەمبوونی دەنگی ژنان لەلایەک و کەمبوونی دەقی شـــیعری کرێکاریی بە شێوەزارەکانی کرمانجی یان هەورامی یان کەلهوڕی لەم ئەنتۆلۆجیایە لەلایەکی تر، کەلێنێکن بەم پڕۆژەیەوە دیارن، هاوکات پرســـیارێکە وخاڵی لەســـەر وەستانە و دەبێ هەوڵ بدرێ لە چاپەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا ئەگەر بکرێت ئەو کەلێنانە بە پێی توانا پڕ بکرێنەوە.

**حەوت**: لە هەڵبژاردنی شـــیعرەکاندا نە ئینتمایی نووســـەرم لەبەرچاو گرتووە و نە بەلاشمەوە گرنگ بووە کە شاعیر ناسراوە یان نەء. بۆشم گرنگ نەبووە شاعیر یان نووسەری دەقەکە ئینتمای حیزبی چی بووە یان چییە. ئەوەی گرنگ بووە بۆم کرێکارییبوون یان سـۆشـیالیسـت بوونی دەقەکەکانە و هیچیتر. بەڵام بۆ بەرچاو ڕوونی ژیاننامەی شاعیرەکانم بە پێی دەستڕاگەیشتن و لەبەردەستدابوون داناوە، ئەمە ســـەرباری دانانی وێنەی شـــاعیرەکە، مەگەر شـــاعیرێک لەبەر هۆکارێکی سیاسیی یان ئەمنی نەیویست بێت وێنەی دابنێم.

بەم پێیە دەتوانرێت بایەخی سیاسیی – مێژوویی – ئەدەبیی ئەم کتێبە ببینرێت و بخوێنرێتەوە. نابێت ئەوەشـــمان لەبیر بچێت کە ئەم پرۆژەیە وەک هەوڵێکی تاکەکەسیی خاڵی نییە لە کەموکوڕی. من دڵنیام گەلێ شیعر هەن کە تا ئێستا بۆم نە دۆزراونەتەوە و بەرچاوم نەکەوتوون و نازانم کێ نووســیونی و لەکوێدان، کە دەبێ لەناو ئەم کتێبەدا بن. هەروەها هەندێ نووســـەر یان شـــاعیریش هەن کە خۆیان نەیانویستووە بەشدار بن و وێڕای ناردنی بانگەواز و نامەش بۆیان، کەچی ئامادە نەبوون وەڵام بدەنەوە و بەشـــداری ئەم پرۆژە گرنگە بن. چونکە ئەوان حیســـابی ســـیاســـی – فیکری خۆیان لەگەڵ پرۆلیتاریای کوردســـتاندا کردووە و خۆیان ســـاغ کردۆتەوە کە چیتر بەلای کرێکاراندا نەچنەوە. هەروەها نابێ ئەو شـــاعیرە بەڕێزانەشـــم بیر بچێت کە بەرهەمیان بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە ناردووە و بەرهەمەکانیان لەگەڵ خەتی گشتی پرۆژەکەم نەدەهاتنەوە و نەمتوانی لەم کتێبەدا جێگای شـــیاوی خۆیانی بدەمێ. من ســـوپاســـی یەکە بەیەکەیان دەکەم و هیوام سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونیانە لە داهێنان و ژیان.

ئیتر ئەم پرۆژەیەی کەزیاتر لەچواردە مانگ لە تەمەن و ژیانی خۆمم بۆ تەرخان کرد، لەســـەر حیســـابی خۆم و ئیســـتراحەتی دوای کارکردنی زۆر و گرتنی کاتیماڵومنداڵ،وا هاتە بوون و منیش چاوەڕوانم بە ســـەرنج و ڕەخنە و تێبینییەکانی ئێوەی هێژا، چاپی دووەمی ئەم کتێبە پاراوتر و فراوانتر و بەپێزتر بکەم.

تا ئەو کات خەباتمان خۆش و ئێوەش خۆش.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

نیسانی ٢٠٢٠

# وردبوونەوەیەک لە ڕەوتی شیعری کرێکاریی و سۆشیالیستیی لە کوردستان، لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ

سەرەتاکانی سەرهەڵدان و پەیدابوونی شیعریکوردی

سـەرەتای سـەرهەڵدانی بزووتنەوەی شـیعریکوردی (شـیعری هۆرمۆزگان) بۆ نیوەی یەکەمی سـەدەی ئەوەڵی کۆچیی ئەگەڕێتەوە کە باس لە دۆخی شـڵەژاو و کارەسـاتاوی ئەودەم ئەکات (١). پیاوە ئایینییەکانی نێو کۆمەڵگەیکوردی (مەلا و شێخ و سەید و فەقێ و میرزا) کە لە حوجرەکانی کوردستاندا و لەژێر سێبەری خوێندنی ئەدەبی فارسـیی و عەرەبیی و تورکیی خەریکی هۆنینەوەی شـیعری غەزەل و سـتایش و موناجاتی ئایینی بوون، سـەرچاوەکانی فێربوونیان بریتی بوون لە شیعرەکانی حافزی شیرازی و گوڵستانی سەعدی و سەرف و نەحو و بەلاغە بە زمانەکانی فارسـیی و عەرەبیی و تورکیی ...تاد..شـیعریکوردی ئەو سـەردەمە زیاتر چاولێکەری و تەقلیدی شـیعری کلاسـیکی میللەتانی تورک و عەرەب و فارس بووە. شیعری کلاسیکیکوردی لەڕووی زەمەنەوە دەگەڕێتەوە بۆ باباتاهیری هەمەدانیی تا دەگاتە لوتفی شـاعیر. باباتاهیری هەمەدانی وەک یەکێک لە بەراییترین شـاعیرە کلاسـیکییەکانی کورد جوان وەسـفی ژیانی قەلەندەری و نالەباری خۆی کردووە. بابەتاهیر شـاعیرێکی دەربار نەبووە بۆیە بەشـمەینەتانە ژیاوە.

من ئەو ڕندەم کە ناوم قەلەندەرە<br>
نە ماڵم هەیە، نە سامانم هەیە، نەلەنگەر<br>
کە ڕۆژ دادێ لەسەر زەوی دەسوڕێمەوە<br>
کە شەو دەکشێ سەرم لەسەر خشتێک دادەنێم (٢)

بابەتاهیر جگە لە وروژاندنی پرسیارە فەلسەفییەکان لەسەر مردن و ژیان و بوون و ئایین، لەهەمان کاتیشـدا دۆخی نالەباری ژیانی خسـتۆتە ژێر نیگای شـیعرەوە.

واته لەمێژووی شیعری کوردیدا بابەتاهیر یەکەمین شاعیرە پرسیاری چینایەتی بکات. ئەوەتا لە چوارینەیەکیدا دەڵێ :

ئەگەر دەستم بگات چەرخی گەردوون
دەپرسم لێی کەوا ئەم چوونە ئەو چوون
یەکێ پێت داوە سەد جۆر ناز و نیعمەت
یەکێکیش نانی جۆی ئاوێتەیی خوون (٣)

پرسیاری ئەوەی بۆ یەکێ برسی و یەکی تێرە، بۆ یەکێ نانی جۆ بخوات و یەکێ سەد جۆر نیعمەتی لەبەردەستدا بێ، خۆی بایەخێکی گرنگی ڕەتکردنەوەی واقیعی تاڵی ژیانە، دیارە لای بابەتاهیری هەمەدانیش کە لە ٩٦٠ ی زاینیدا لە هەرەتی گەنجی دابووە، واقیعی ژیانی لە دیدی ئایینەوە بینیوە. جیاوازی چینایەتی لای بابەتاهیر بینراوە و هەستی پێکراوە، هەڵوێستەکەشی بەپرسیار داڕشتووە. بابەتاهیر جگە لەپرسیار کارێکی تری نەکردووە. یان باشتر وایە بڵێم هۆکارەکەی ئەو سەردەمە هەرچییەک بووبێت، نەیتوانیوە هیچ کارێک بکات و وەڵامی پرسیارەکانی خۆی وەربگرێتەوە. بەڵام لای فەقێ تەیرانی شاعیر بە ئاشکرا هەڵوێستەکە دیارە و لایەنگیری خەڵکی هەژار و جووتیاران دەکا دژ بە دەرەبەگ. تا کار دەگاتە ئەوەی دەیگرن و دەیخەنە زیندانەوە و ئازاری زۆری دەدەن، فەقێ تەیران لەسەر باوەڕەکەی خۆی سوور دەبێ کە دژی زۆرداران بجەنگێ(٤).باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە(لە بابەتاهیرەوە تا شاعیرانی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم) هەم پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەرەبەگایەتی بوون و هەمیش کوردستان لەژێر بەرداشی ڕۆمەکان و عەجەمەکاندا بوو. ئەو دۆخە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر لە دوا بوو. ئەدەبی کلاسیکی کوردیش هەر ئەو دۆخە دواکەوتووەیان عەکس کردۆتەوە. عیشق و موشتەقاتەکانی عیشق لەلایەک و ئایین و موشتەقاتەکانی ئایین لەلایەکی تر توانیویانە بنەماکانی شیعری کلاسیکی پێک بێنن. ئەم دۆخە گەلێ شاعیری هێناوەتە بەرهەم، هەر لە بابەتاهیری هەمەدانییەوە تا دەگاتە ئەحمەدی خانی و عەلی بەردەشانی و وەفایی و مەولەوی تاوەگۆزی و نالی و مەحوی و سەیید یاقوبی ماهیدەشتی و مستەفا بەگی کوردی و بێسارانی و دەشتی و فەقێ قادری هەمەوەند و مەستوورە خانی ئەردەڵانی و مەلایێ جزیری و و مەلای جەباری و ئەسیری و سالم و خالۆ و کامیل و حەریق و حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شێخ نورەدینی بریفکانی و ئەحمەد ناڵبەند و

ڕەنجوری و صەیدی و ناری و ئەدەب و ئەختەر و ..تاد. لەو سەردەمە واتە لە دەیەی دەیەمی زاینی تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم هیچ ئاڵوگۆڕێکی ئابووری کە جێی سەرنج بێت، ڕووی نەداوە. پێشەسازی بوونی نەبووە. ئەوەی هەبووە کۆمەڵی پیشەی دەستکرد هەبوونە کە پێداویستییەکانی ژیانی ئەو سەردەمەیان پڕ کردۆتەوە. ئەم پیشانەش بریتی بوونە لە مسگریی و جۆلایی و ناڵبەندیی و سەراجیی و سابون دروست کردن و ڕستن و چنین و دارتاشی و ..تاد، بۆیە هیچ شوێنەوارێکی کرێکار (بەمانا سیاسیی و سەردەمییە چینایەتییەکەی) لە گۆڕێ نەبووە. کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی فیودالی بووە. جیوپۆلیتیکی کوردستان لەو قۆناغەدا زۆر جیاواز بووە لە ئەمرۆ. ئەو سەردەمە (سەرەتای سەدەی بیست) نە وڵاتانی عێراق و تورکیا و سوریا بوونیان هەبووە و نە کوردستانیش دابەشکراوەتە سەر ئەو چوار دەوڵەتە. کوردیش وەکو نەتەوە نەیتوانیوە خۆی بناسێنێ و نەشیتوانیوە خۆی بنوێنێ. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کورد زیاتر پەیوەندییەکی خێلەکیی بووە. زیاتر ژمارەیەک هۆز و خێڵ و تیرە بوونە و یان گەرمیان و کویستانیان کردووە، وەیان لە شارەکان و گوندەکانی کوردستان نیشتەجێبوونە.واتە بنەماکانی نەتەوە بوون، بوونی نەبووە. ئەم گروپە کوردانە گەرچی زمانیان کوردی بووە بەڵام بە چوار تا پێنج شێوەزار دواون و گفتوگۆیان کردووە و لە زمانی ستاندارد بێبەش بوونە. ڕێژەیەکی گەلێ زۆریان نەخوێنەوار بوونە و خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوونە. بەکورتی ستایلی ژیانی کورد لەو سەردەمە دواکەوتووانە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیش دەرەبەگایەتی بووە. حوجرە و مزگەوت و خانەقاکانیش لەپاڵ پەرستگاکانی جوولەکەکان و زەردەشتییەکان و کڵێساکانی مەسیحییەکان و کلدانی و ئاشوورییەکان لەژێر هەژموونی دەرەبەگ و میر و ئاغا و فەرمانڕەواکانی ئەو سەردەمە بوونە. کوردیش سەرباری مەسیحی و جوولەکە و یارسانی، زۆربەی هەرە زۆری موسوڵمان بوونە، بۆیە جێگاکانی پەیڕەویی ئایینی ئیسلام کە بریتین لەحوجرە و مزگەوت و خانەقاکان، بوونەتە شوێنی فێربوونی خوێندەواری. فەقێ و مەلا و سوختە و میرزاکان هەر هەموویان دەرچووی ئەو جێگایانەن. هەندێکیان هەر بە موعینی و مەلایی نەدەوەستان و بەردەوام دەبوون لە خوێندن تا دەبوونە دوانزە عیلم. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەو مزگەوت و خانەقا و حوجرانە

لەژێر چاودێری و تەنانەت تەموینی ئاغا و دەرەبەگەکان بووە. دیارە ئەوانیش درێغیان نەکردووە لە ستایش و پشتیوانی زوڵم و چەوسانەوەی ئاغا و دەرەبەگەکان. پرۆگرامی خوێندنیش بەگشتی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان چوونیەک بوونە و هەموویان هەر ئەو سەرچاوانەیان لەبەردەستدا بووە کەلەو سەردەمەدا ڕەواجیان هەبووە چەشنی نەحو و سەرف و شەرحی جامی و فیقهە و تەفسیر و تەجویدی قورئان و ئەدەبیاتی فارسی و زانستی شەرعیی و ئەدەبی عەرەبیی و فەرموودەو کەلام و بەلاغە و سیرە. فەقێ و مەلاکانیش هاتوون تەقلیدی شاعیرانی فارسی و عەرەبیان کردۆتەوە و بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و کوردی وتورکی شیعریان نووسیوە. شاعیرانی کلاسیک زمانی کوردی بۆیان ئەولەویەت بووە و هەوڵیان داوە ئەسپی خۆیان لەو مەیدانەدا تاو بدەن، لەهەمان کاتیشدا پەرەپێدانی زمانیان نەکردۆتە ئەسڵ ئەوەندەی خەریکی بەلاغە بوونە، ئەوەندە بەلای داهێنان و داتاشینی وشەی کوردییەوە نەبوونە. بەڵام نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە شاعیری کلاسیک بەرچاو ڕوون و خوێندەوار و ڕۆشنبیری سەردەمی خۆیەتی، چونکە "شاعیری کلاسیک هەڵکەوتەی سەردەمی خۆیەتی کە دواجار دەبێتە هزر و ئاوەزی خەڵک وئاوێنەی باڵانومای خواست و خەونی خەڵک هەر بۆیە شیعری شاعیر بەر لەوەی بەرهەمی شکۆمەندیی شاعیرانە و دەستکردی سیحراویی ساحیرانەی خۆی بێت، دەربڕی هەستی جەماوەری و دەرخەری خەون و خواستی گشتییە"(٥). ئێمە لەڕێگەی شیعری کلاسیکەوە دەتوانین پەی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خۆشەویستی و جیۆڕێی ژن و ڕۆڵی ئایین و هەروەها ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمە ببەین. لێرەشەوە دەتوانین پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هەروەها هێزەکانی بەرهەمهێنان و دژایەتی نێوانیان ببینین و بتوانین ئەو وێنەیە نیشان بدەین کە کۆمەڵگەیکوردی چلۆن دژ بە دەسەڵاتی دەرەبەگی ئەوکات ململانێکانی خۆی بردۆتە پێشەوە. دەوری مەلاکان چی بووە لەم ململانێیەدا؟ شاعیران کە زۆربەیان مەلا بوون چ تەرەفێکیان هەڵبژاردووە و لایەنگیری کێیان کردووە؟ چینی جووتیار وەک چینی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگە بۆ باشتربوونی هەلومەرجی ژیانی دژ بە دەرەبەگ چی کردووە و شاعیرانی ئەو سەردەمە چ ڕۆڵێکیان گێڕاوە لەو بوارەدا؟ بەهەرحاڵ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەرکی ئەم نووسینە نییە تەنها یەک ئاماژە نەبێت ئەویش ئەوەیە شاعیرانی کلاسیک بەگشتی (دیارە هەموویان نا) لە

ئەتمۆسفیری دەرەبەگەکاندا ژیاون (دوور لە کوێرەوەری و چەوسانەوەلە کۆمەڵگایەکی تێر و تەسەل و بەختیاردا، لە کۆمەڵگای پاشا و میر و سەرداراندا ژیاون.تەنیا باس باسی زوڵفی درێژ و چاوی بە خەو وگەردنی زەرد و سینگی بلوورین بووە، هەڵبەستەکانیان بۆ ڕابواردن و سوودی دەستە و چینی کاربەدەستان بووە. وەک بڵێی میللەتی کوردمان لەو سەردەمەدا مەلەوانی کردبێ لەناو دەریایەکی پڕ لە خێر و خۆشی و بەختەوەریدا. بەڵام ئایا ئەوە ڕاست بووە و ئەو جۆرە شیعرانەیان باری ژیانی ڕاستەقینەی زۆربەی میللەتی کوردی نواندووە و ئێش و ئازاری ژیانی ناسۆری چینی جووتیاری چەوساوەی دەربڕیوە؟ لەوەڵامدا پڕ بەدەم دەڵێم: نەخێر!!(٦) واقیعیەتی ئەم (نەخێرە!) لە مێژووی تۆمارکراوی ئەدەبی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. نموونەش مەحوی شاعیر کە بە شیعر بەشان و باڵی سەرکەوتنی سوڵتان عبدولحەمید هەڵگووتووە و ستایشی شایەکی ستەمکاری وەک حەمەعەلی قاجاری کردووە(٧). بۆیە ئەگەر لێرە و لەوێ وەک حاڵەتێکی دەگمەن ببینین کە شاعیرێک لە داب و نەریتی چینایەتی هەڵگەڕابێتەوە و لە خانەوادەیەکی نیمچە ئەرستۆکراتی بووبێت و ژیانی هەژارانەی بۆ خۆی هەڵبژاردبێت (٨). سەلامی شاعیر بە جورئەتەوە هەڵدەستێ بە هەڵگەڕانەوەی چینایەتی و هەڵبژاردنی ژیانێکی تر جیاواز لەوەی تیایدا پەروەردە بووە.

ئەی دوژمنی قەومی هەژار
برسیکەری گشت کرێکار
خاوەن پارەی هەموو ئەعمار
گەلت سووتان تۆ بەیەک جار
پارەت هەمووی چەشنی ڕاوە
حیلە و فێڵ و بەن و باوە (٩)

یان دەڵێ:
خەریکی ئیش و کار ئەبم
کرێکاری بەکار ئەبم

دوور له دەرد و ئازار ئەبم
پشتیوانی هەژار ئەبم
ناچمە سجن و ناچمە زیندان
خزمەت ئەکەم بۆ نیشتمان (١٠)

ئەم هەڵوێستە چینایەتییە هەر لای سەلامی شاعیر ڕەنگ نەداتەوە، بەڵکو ژمارەیەک شاعیری تر بەر لە سەلام و دوای سەلام هەڵوێست دەنوێنن. بەڵام جگە لە شێخ سەلام کەسی تر لە چینەکەی و بەرژەوەندی چینەکەی هەڵنەگەڕاوەتەوە. ئەحمەدی خانی (١٦٥١ - ١٧٠٧) و حاجی قادری کۆیی (١٨١٧ – ١٨٩٧) و زێوەر (١٨٧٥ – ١٩٤٨) و قانع (١٨٩٨ –١٩٦٥) و حەمەسالّح دیلان (١٩٢٧ – ١٩٩٠) و کامەران موکری (١٩٢٩ – ١٩٨٦) و عەبدولاپەشێو و تاد. شاعیرانی نەتەوەیی کورد بوونە وکوردن، هەوڵیان داوە بەشیعر بیری نەتەوایەتی گەشە پێبدەن.

ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک
گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
هەمیا ژ مە را دکر غولامی
روم و عەرەب و عەجەم تەمامی
تەحسیل (تحصیل) دکر مە عیلم و حیکمەت
تەکمیل دکر مە دین و دەولەت (١١)

لەو سەرەتای سەدەی بیستەمەوە مەسەلەی نەتەوایەتی و هەستی کوردایەتی وەک بزووتنەوەیەکی فیکریی – سیاسیی گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگە دەتەنێتەوە و وردە وردە بەرەو گەشەکردن و پێگەیشتن دەچێت، تا لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەگاتە ئەوجی پێگەیشتن. دیارە نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە گەشەی بیری ناسیونالیستی کورد لای شاعیرانی کلاسیک لەسایەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتییەوە چۆتە پێش. واتە دەتوانین بڵێین لە سەردەمی بابەتاهیرەوە تا شاعیرانی سەرەتای سەدەی بیستەم ژیانی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی سێبەری خستۆتە سەر شاعیرانی کلاسیکی کورد و بەرهەمە شیعرییەکانیان و لەوێشەوە هەڵوێستەکانیان. چونکە "چیرۆکی لە دایکبوونی نەتەوە تەمەنێکی هێندە درێژی نییە. هاتنە دنیای ئەم دیاردەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە سەرهەڵدانی بورژوازی لەناو جەرگی نیزامی

دەرەبەگایەتی"(١٢). بەڵام سەرهەڵدانی بورژوازی و گەشەی مانیفاکتۆرە لە کۆمەڵگەی کوردســــتان ناکۆک بوونە لەگەڵ پەیوەندییەکانی نیزامی دەرەبەگایەتی و لەلایەکی تریشەوە گەشەی پیشەسازی ڕۆژئاوا بێ کاریگەر نەبووە و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ و هێزی کاری هەرزان و ماتریاڵی گەشـــەی پێشـــەســـازی هۆکار بوون بۆ هەڵمەتی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا بۆ کشـان بەرەو کیشـوەرە برسـی و دواکەوتووەکان لەوانەش ڕۆژهەڵاتی ناوین. بەمجۆرە داگیرکارییەکان لەســـەر بناغەی پێداویســـتی گەشـــەی ئابووری کۆمەڵگەی خۆرئاوا هاتە پێش و بوو بە ئەمری واقیع. ئەم داگیرکارییەش جگە لە ماڵوێرانی و کوشـــتار و شـــەڕ و ئاوارەیی، جێگۆڕکێیەکیش بوو بە هێزە خۆداسەپێنەر و لۆکاڵییەکان و ئاڵوگۆڕ پێکردنیان بە هێزگەلێکی نوێ. لە خۆرهەڵات و بەتایبەتیش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـت دەســـەڵاتی عوســـمانی بەرەو کۆتا چوو وئیمپریالیزمی بەریتانیا و فەرەنســـا هاتنە نێو هاوکێشـــە ســـیاســـییەکان و بوونە بڕیاردەری سیاسی و ئابووری یەکەم لە ناوچەکە. ئەم ئاڵوگۆڕە لە پێکهاتەی سیاسیی دەســـەڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو بە مایەی بەرجەســـتەبوونەوەی دوو ڕاســـتی حاشاهەڵنەگر لە ناوچەکە:

**یەک**: بوو بە هۆی ئاشـــنابوونی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە ئامێر و ئامرازی پیشەسازی نوێ،لەوێشەوە پێوستیان بە کرێکاری خاوەن تەکنیک و شارەزایی تایبەت بوو تا بەکار بهێنرێن. بەمەش کرێکار دەچێتە دۆخێکی ترەوە و بە دەســـت و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ئامرازە نوێکان، هۆشیاری چینایەتیشی دەچێتە سەر.

**دوو**: لەڕووی ســیاســییەوە بوو بە هۆی ئاشـنابوونی بەشـمەینەتان بە ســیســتەمی پەرلەمان و دیموکراســی بورژوازی خۆرئاوا. کە ئەمەش دەرگا کردنەوەیەک بوو یان نەفەسکێشێک بوو دژ بە ئیستیبدادی دەرەبەگایەتی.

لەم نێوەشدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کەوتە بەر دابەشکردنێکی سیاسیی – ئابووری نوێ و نەخشـــەی تازە هاتە گۆڕێ و چەندین وڵات هاتنە دامەزراندن لەوانە عێراق وتورکیا و ســـوریا (١٣). کوردیش وەکو میللەت دابەشـــکرایە ســـەر چوار دەوڵەت و چارەنووسی سیاسی بەسترایەوە بە هەریەک لەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەشکرا(١٤). شـــاعیرانی کلاســـیکی کوردیش دوای ئەو هەڵومەرجە نوێیە وردە وردە ڕووبەڕووی دۆخێکی تازەتر بوونەوە و ئەمەش وای لێکردن جۆرە یاخیبوونێک تیایاندا ڕوو بدات و لەبری تەســـلیمبوون بە دۆخی تازە کەوتنە خەبات دژ بەو دۆخە و گەڕان بەدوای

ئـازادیـدا. له ئەم دۆخه نوێیەدا که دەتوانین بڵێین دۆخی گواســـتنەوە بوو له دەرەبەگـایەتییەوە بۆ ســــەرمـایەداری، چینێکی تر بەڵام نوێ (چینی کرێکـار) ســــەرهەڵدەدات و دێته مەیدان و پەیوەندییەکان و هێزەکانی بەرهەمهێنان دەگۆڕێن. چینی کرێکار ئەو چینه تا ســــەر شــۆڕشــگێڕە چۆن دەتوانێ مۆری خۆی لەهەموو جووڵانەوە و ئاکسـیۆنێکی کۆمەڵایەتی سـیاسـیی بدات و ئینجا ببێته خاوەن ئەدەب و هونەری تایبەت به خۆی و ئەو ئەدەبه چ بەشـدارییەک دەکات له خەباتی کرێکاران دژ به سەرمایەداری؟ شیعری کرێکاری کەی سەری هەڵدا؟ شاعیرە کرێکارییەکان کێن و چ بەرهەمێکیان پێشــکەشــی چینی کرێکار کردووە؟ تایبەتمەندییەکانی ئەو شــیعرانه چین؟ ئەمه ئەو پرسیارانەن هەوڵ دەدەم له چەند دێری دادێ تیشک بخەمه سەریان.

## کۆلۆنیالیزەکردنی خۆرهەڵاتی ناوین و سەرهەڵدانی چینی کریکار

گەشــەی نیزامی ســـەرمایەداری خۆرئاوا و زۆر بەرهەمهێنانی کاڵا پێویســتی به بازاری نوێ هەبوو بۆ سـاغکردنەوە.ئەم کاڵا سـاغکردنەوەیه هەندێجار به ئاشـتی لەرێگەی دیپلۆماسـییەوە و هەندێجاری تریش به جەنگ چووەته پێش. خۆرهەڵاتی ناوین هەر له ســــەرەتای ســـەدەی چواردەوە، ١٣٠٠ی زایینی، لەژێر هەژموونی ئیمپراتۆری عوسـمانی بوو تا سـاڵی ١٩١٨ که جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات و ئەو ئیمپراتۆرەش هەڵوەشـــــایەوە. جەنگی جیهـانی یەکەم له بەرژەوەنـدی دەوڵەتانی بەریتانیا و فەرەنســـا و ئەمریکا کۆتایی هات. بەریتانیا و فەرەنســـا خۆرهەڵاتی ناوینیان لەنێوان خۆیاندا دابەشـــکرد. هاتنی ئیپمریالیزمی بەریتانیا و فەرەنسـا بۆ خۆرهەڵاتی ناوین جگه له دووبارە کێشـانەوەی نەخشـەی ناوچەکه و دروسـتکردنی وڵاتانی عێراق و سـوریا و تورکیا و هەروەها دانانی سـیسـتەمی سـیاسـی نوێ بۆ ئەو وڵاتانه، وردە وردە لەگەڵ گۆمەڵگه ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕی تازە دەبۆوە. ئیمپریالیسـتان لەپێناو قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سـەرمایەی زیاتر به ناچاری هەندێ کاریان کرد لەوانه ڕاکێشـانی هێڵی شـەمەندەفەر و کردنەوەی بەنـدەرە ئـاوییەکـان و لێدانی بیرە نەوتەکـان و هێنـانی چـاپخـانه و تـاد. بەمەش ئیپمریالیزمی بەریتانیا و فەرەنسـا کەوتنه خسـتنەگەڕی هێزی کاری هەرزانی ئەو وڵاتـانه و ئەمەش خۆی بووە هۆی ســــەرهەڵدانی چینێکی تـازە (چینی کرێکـار).

گەرچی چینی کرێکـاری عێراق کە لە ڕووی ســـەرهەڵـدان و گەشـــەکردنەوە جیـاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ چینی کرێکـاری وڵاتـانی نـاوچەکەدا نییە(١٥) کە دەســتپێکی بزووتنەوەکە لەکۆتایی ســەدەی نۆزدەوە دەســت پێدەکات، بەتایبەتی دوای ڕیفۆرمی عوســـمانی لە بواری زەوی(١٦). پەیدابوونی چینێکی کۆمەڵایەتی نوێ لە هەناوی نیزامی دەرەبەگایەتیدا خۆی بەمانای ڕەتکردنەوە و نەفیکردنەوەی دەرەبەگـایەتییە. هەرچەنـدەش لەدوای پەیـدابوون و ســـەرهەڵدانی ئەو چینەش، دەرەبەگ و پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی هەر مابوون و مەســـەلەی زەوی یەکلا نەبووبوەوە و جووتیارانیش لەژێر ستەمی دەرەبەگدا دەیان ناڵاند، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگە تـا دەهـات زیـاتر بەرەو ســـەرمـایەداری هەنگـاوی دەنـا. جووتیـاران و کرێکاران شــانبەشــانی یەکتر لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوین و بەتایبەتیش لە کوردســـتان بوون بەو واقیعەی کە جووڵانەوەکانیان مۆرکی خۆیان بە ڕووداوە سیاسی و ئابوورییەکانەوە دەنا. بەشێک لە شاعیرانی کوردیش ئەوانەی لایەنگر و بزوێنەری بزاڤی ڕۆشـنگەری بوون لە کوردسـتان، حوجرە و دیوەخان و مزگەوت و خانەقاکانیان جێهێشـــت و هاتنە ناو کۆمەڵگەوە، لە شـــیعر و بەرهەمەکانیان کەوتنە گوزارشــت کردن لەو واقیعە تاڵەی گۆمەڵگەی کوردی.واقیعێک کە تەنها بە چاویلکەی شــاعیرانی دەرەوەی ڕەوتی باوی دەرەبەگایەتی – ســـەرمایەدارییەوە دەبینرا، بەڵام ئەو شاعیرانە بە هیچ جۆرێک هەڵە نەبوون کە حوجرە و خانەقاکانین واز لێهێنا و پێیان وا بوو دەبێ سـود لە زانسـتی خۆرئاوا وەربگرن. لێرە بەدواوە قۆناغێکی تازە دەست پێدەکات و ئیتر شیعر لە نێو مزگەوت و حوجرە و خانەقا و دیوەخــانەکــان دەهێنرێتە دەرەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەکرێـت. قۆنـاغێکی ڕۆشـنگەری لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا سـەرهەڵدەدا و شـاعیران دەکەونە دەرەوەی پووڵ و ســەدەقەی دەرەبەگ و بە هەژاری بەڵام بە هەڵوێسـتانە دەژین. شـــاعیرانی ئەو ســـەردەمە شـــانبەشـــانی ســـیاســـییەکانی کورد لە هەوڵی هۆشـــیاکردنەوەی خەڵک دەبن. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەکو (هەتاو، ژین، ژیان، گەلاوێژ، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، تێگەیشـتنی ڕاسـتی، هیوا، زاری کرمانجی، ئازادی، ڕۆناهی، ،...تاد) ڕۆڵیان گێراوە لە سـەپۆرتی ئەو بزووتنەوە ڕۆشنگەرییە و توانرا کـاریگەری بـاش بەســـەر کۆمەڵگەی دواکەوتووی کوردســـتـان دابنێن. شــاعیرانی ئەو ســەردەمەش هەر کەس بەپێی بیروباوەڕ و تێگەیشــتنی خۆی بۆ

دونیا و کۆمەڵگە و ئەدەب،چالاکانە لەو بزووتنەوە ڕۆشـــنگەرییەدابەشـــدارییان کردووە. ئامانج لەم بزووتنەوە ڕۆشنگەرییە هەوڵدان بوو بۆ:

**یەک**: پەنجەخستن بۆ سەر دەردە کۆمەڵایەتییەکان و سەرچاوەی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی و لەوێشەوە نیشاندانی چارەسەر کە هەر زانست و خوێندەواریی دەتوانێکۆتایی بەم مەینەتییانە بێنێت.

**دوو**: بەرچاوخستنی داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان و مەسەلەی ئازادی و تێکهەڵکیشکردنی ئەدەب و سیاسەت وەک دیاردەیەکی نوێ لە ئەدەبیات بە زمانی کوردیدا هاتە ئاراوە.

**سێ**: ڕزگاری ژنان و تەماشاکردنیان وەکو ئینسان و بانگەوازکردنیان بۆ مەیدانی خەبات.

ئەم دۆخە لەژێر کاریگەری هەردوو جۆری ئەدەب (ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی سۆشیالیستیی)دەچووە پێشەوە و هەریەکەشیان بە ئاسۆ و تێڕوانینی سیاسی چینایەتی خۆیان گوزارشـــتیان لە دۆخەکە و دیاردەکان کردووە. سـیسـتەمی چینایەتی دەرەبەگایەتی نەیدەتوانی لەئاســت گۆڕانەکان بێت و وەڵام بە کێشـە جەوهەرییەکانی ژیانی ئینسـانەکان بداتەوە، بۆیە ناکۆکییەک سـەرتاپای سـیسـتەمەکەی تەنیبووەوە. بۆیە بێهۆ نییە جووتیاران لە ئەنجامی سـتەم و چەوسـانەوەی بێئەوپەڕی دەرەبەگەکان، دەسـتیان دایە ڕاپەڕین و جوانترین مێژوویان بۆ خۆیان تۆمار کرد(١٧).تایبەتمەندی ئەو قۆناغە لەوەدایە لە کاتێکدا جووتیارانی بێبەش لە ژیان و زەوی لەژێر سێبەری سیستەمی دەرەبەگایەتی لە لادێکان لەوپەڕی چەوسانەوەدا بوون، جووتیارانیش سەرباری ئەرکی قورس و ژیانی پڕ لە مەینەتیان، دەبوایە تێبکۆشن دژ بە دەرەبەگایەتی. گەلێک لە شاعیرانی ئەو قۆناغە پاڵپشتی جووتیاران دەکەن و هانیان دەدەن بۆ خەبات لە پێناو ئازادیدا.

توتنەوانێکی هەژارم
بێ خانوو بێ زەوی و زارم
منداڵم ڕووت و برسییە
ژیانم پڕ مەترسییە
ڕووم نییە بچمە نێو خەڵک
بێ بەرگو پێڵاو بێ کەڵک

بەڵام چبکەم چارەڕەشم
خەرمانم زۆرە و بێبەشم
خۆم و خێزان گەورە و بچووک
ڕادەپەڕین وەکو هەلووک
یا قورکاری و خشتەبڕین
یا چووتە و زەوی هەڵدڕین (١٨)

جووتیار لێرەدا لای شـاعیر وەکو تاک نەک چین گوزارشـتی لێکراوە. هۆشـیاری چینایەتی چینی جووتیار لەو ئاسـتەدا نەبووە کە بتوانێ شـۆڕش هەڵگیرسـێنێ و بەرپا بکات.

من جووتیارم، من جووتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بە ئارەق و ئەو بە تین
دامان ڕشتووە بناغەی ژین
باسکی من و تیشکی ئەوی
بژیودەستێنین لە زەوی
گەر جووتیار ئارەق نەڕێژێ
گەر هەتاو تیشک ناوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا
دەخۆن نانی گەڵا گەڵا؟ (١٩)

دەرخستنی باری نالەباری ژیانی جووتیار لە کۆمەڵگەی کوردی و ڕەنگدانەوەی لە شـیعری کوردیدا ڕەنگە بتوانێ واقیعیبوونی دەقی شـیعری نیشـان بدات، بەڵام ناتوانێ شـۆڕشـگێڕییەتی ئەو چینەی کە لەڕووی مێژووییەوە ڕۆڵی چینایەتی بەسـەر چووە، گوزارشـت لێ بکات. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە جووتیاران ناشـۆڕشـگێڕن، یان ناتوانن شـانبەشـانی کرێکاران شـۆڕش بکەن. بەتایبەتیش لەسـەردەمێکدا چەندین سـاڵ دوای بەرپابوونی شـۆڕشـی مەزنی ئوکتۆبەر بە رابەرایەتی لینین و زاڵبوونی ئیدەی سـۆشـیالیزمی سـتالینی لە خۆرهەڵاتی ناوین،

بانگەوازی یەکگرتنی جووتیاران گەرچی لەژێر گاریگەری شـۆڕشـی چینیش بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی لەلایەن خوێنەری زیرەکەوە دەیان نیشـانەی پرسـیار لەسـەر ئاگایی ئەو شاعیرە دابنرێت.

یەکگرن ئەی چینی جووتیار یەکگرن
یەکگرن ڕۆڵەی کرێکار یەکگرن (٢٠)

شـاعیر ئەو هاوسـەنگەربوونەی جووتیاران و کرێکارانی وەک پیرۆزییەک نیشـان داوە. قانع لە ڕۆژگارێکدا ژیاوە (١٨٩٨ – ١٩٦٥) کە کۆمەڵگای عێراق و کوردستان سـەرمایەداری بووە. لێسـەندنەوەی سـیفەتی شـۆڕشـگێریێتی لە چینی کرێکار و بەخشـینی بە جووتیـاران کە هیچ ڕۆڵێکیـان لە پرۆسـەی بەرهەمهێنـانی سەرمایەداریدا نییە، نەک هەڵەیەکی بەڕێکەوت، بەڵکو نیشانەی نائاگایی شاعیرە لە دونیای دەوروبەر.

با سێ قات نەبێ خانوو و سەراکەت
پارەی قاتێکیان بدە بە براکەت
دەوڵەمەند مەڵێ هەولی بۆ خۆیە
نەبوونی هەژار نەبوونی تۆیە (٢١)

دیسـانەوە دەچینەوە بەردەم دەرگای هەمان ڕەخنە و ناچار دەبین ئاگایی شـاعیر شـرۆڤە بکەینەوە. لێرە سـنووری چینەکان سـڕاوەتەوە و دەوڵەمەند وهەژار کە دوو چینی سـەرەکین لە کۆمەڵگەی سـەرمایەداری کراونەتە براو قانع ڕووی دەمی لە سـەرمایەدارییە و ئامۆژگاری دەوڵەمەندان (سـەرمایەداران) دەکات کە یارمەتی هەژاران (کرێکار) بدەن! ئەم ناحاڵیبوونەوە هیچ لەو ڕاسـتییە ناگۆڕێ کاتێ قانع باسـی قانوونی سـۆشـیالیزم دەکات لە کاتێکدا شـاعیرێکی سـۆشـیالیسـتی یان کرێکاریی نییە، ئەوەندەی شـاعیری جووتیاران و لادێکانە. ئەوەندەی ئینتمای بۆ گوند هەیە، ئەوەندە ئینتمای بۆ شار و جیهانی نوێ و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نییە. جێگۆڕکێ بە چینەکانی کۆمەڵگە و بەخشـینی سـیفەتی شـۆڕشـگێڕێتی بە زەحمەتکێشان و لێسەندنەوەی لە چینی کرێکار نەک هەر حوکمێکە دژ بە مێژوو و

واقیع، بەڵکو بەرچاولێڵکردنی چینی کرێکار و خوێنەر و بیسەریشە لە ڕاستییەکان و ئاگایی سیاسی و کۆمەڵایەتییان.

هەربەپێش هەرنەپێش دەور دەوری ئێمەیە
چینی پرۆلیتار پێشڕەوی ئێمەیە
ئێمەی شۆڕشگێڕ و ئێمەی زحمەتکێش
هەر ئێمەی گلاوی ناو ئازار و ئێش
بە بێ ئێمە شۆڕش ئەنجام نادرێ
بێ ئێمە زۆرداری بن بڕ ناکرێ (٢٢)

هەرچەندە لێرە لەم سروودەدا چینی جووتیار وەکو چینێکی شۆڕشگێڕ و بەرپاکەری شۆڕش ناسێنراوە کە کۆتایی زۆرداری لەسەر دەستی ئەو چینە فەراهەم دێت. ئەم زیادەڕۆییە یان وردتر بڵێم نارۆشنییە زیاتر لە زیهنییەتی ماویزم و بزووتنەوە ماویستەکان جێی دەبێتەوە و بە هیچ کلۆجێک پەیوەندی بە مارکسیزم و چینی کرێکارەوە نییە.

## کۆچ بەرەو شار و هاتنە دەرەوەی چینێکی نوێ

گەشەسەندنی کۆمەڵگە نە پرس بە کەس دەکات و نە مۆڵەتیش لە کەس وەردەگرێ. هەر بۆیە مێژوو غەددارانە مامڵە لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات. بۆیە گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە و وردە وردە جێکەوتەبوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پێویستی بوونی هێزی زیاتری کار لەپێناو قازانجی زیاتر لەلایەک و لەلایەکی ترەوە نابوودبوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی و دابڕانی زیاتری جووتیاران لە زەوی، ئەو چینەی ناچار کرد کۆچ بکەن لەلادێوە بۆ شار. چونکە (ئەو زۆرانبازییە و ژیانی پڕ لە دەردی سەری لادێ و جەور و ستەمی موڵکدارە لادێ نشینەکان، لەگەڵ چەندەها هۆی تر، چەند دەستە و کۆمەڵێکی لە جووتیار و وەرزێر و سەپان و ڕەنجبەر و شوان و گاوان..ناچار کرد لە لادێوە بەرەو شار

کۆچ بکەن و بە سەدان و هەزاران خێزانیان لە شاردا نیشتەجێ بن و بەشێکیشیان هەردەم کۆچ و باریان بەســـەر شـــانیانەوە بێ و تامی دڵنیایی و ســـەقامگیری نەکەن(٢٣). ئەم دۆخە هێزێکی یەدەگی کـاری هێنـایە ئـاراوە و چینی کرێکـاری پانوپۆڕتر کرد. ئاڵوگۆڕ لە ژیانی پرۆلیتاریای شـــار و فراوانکردنەوەی هۆش و بیری ئەو چینە ســـەبارەت بە مانای ژیان و خەبات و کۆمەڵگە، کاریگەری جیددی لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی ئەو تەیفە لەجووتیار و سەپان و وەرزێر و ڕەنجبەر و شوان و گاوان دانا.(چونکە تێکەڵاو بوون لەگەڵ هەزاران کرێکاری تر و پێوەندی بەســتن لەتەک ئامێر و کەرەســەی بەرهەمهێنان و بنیاتنانی نوێ دا..کێشــەکە بەو بــارەدا دەخــاتەوە کە خۆیــان و هەزارانی وەکو خۆیــان دەبینن، نەک هەر پاشـــەڕۆژێکی مســـۆگەریان نییە و بەس، بەڵکو بێ بازاڕی خۆی گەیاندۆتە تاکە سەرمایەکەیان، کە ئەویش هێزی کارکردنیانە و سەرجەم ئەم بارە ئاڵۆزەشیان، لە ئەنجامی بێ بەرییانەوەیە لە هێزەکانی بەرهەمهێنان(٢٤). لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و چوونەســـەری تەماحی ســـەرمایەداران بۆ قازانجی زیاتر و دەســـت و پەنجە نەرمکردنی هەرچی زیاتری کرێکاران لەگەڵ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە خۆ وەک چینێکی ســـەربەخۆ، ئەو چینە خەملاوتر و کامڵتر دەکات. خەبـاتی ســیاســی ئەو چینە جگە لە ڕێکخراوە کرێکارییەکانی خۆیان، حیزبی ســیاســیش دێنێتە دەرەوە. لێرەدا زۆر گرنگە لەو ڕاســتییە بگەین کە حیزبە کۆمۆنیســتەکانی خۆرهەڵاتی نــاوین (حیزبی شـــیوعی عێراقی، حیزبی تودەی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا و حیزبی شیوعی سوریا) لەژێر لەژێر سێبەری سیاسەتی سـۆشـیالیزمی سـتالینی هاتوونەتە دامەزراندن. هەر بۆیەشــە سـیاسـەتەکانیان دەرهەق بە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی و مارکســیزم و ســۆشـــیالیزم و ڕیفۆرم و سـەندیکا تا دەگاتە ئەدەبی ڕیالیزمی سـتالینیی، سـیاسـەتی کرێکاریی و کۆمۆنیســتیی نەبووە. بەچاوخشـــاندن بە ئەدەبیاتی ئەو حیزبانە دەردەکەوێ کە چەند دوورن لە چینی کرێکار و تا چ ئاستێک دوورن لە مارکسیزمەکەی مارکس.

دوای کۆلۆنیـاڵیزەکردنی خۆرهەڵاتی نـاوین و هەروەهـا دوای خســـتنە ژێر هەژموونی ئەو نـاوچەیەلەلایەن ئیمپریـالیزمی ئینگلیزیی و فەرەنســـییەوە بۆ دەسـەڵات و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆیان، چەند هۆکارێک بوونە هۆی جۆرێک لە ئاڵوگۆڕ لە ناوکۆی کۆمەڵگەی کوردیدا، لەوانە:

**یەک**: کردنەوە و بنیادنانی ژمارەیەک کارگە و کارخانە و پڕۆژەی بەرهەمێنان و گواستنەوە و دروستکردنی بەندەر و ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر، ئەمەش بووە هۆی خستنە سەرکاری ژمارەیەکی زیاتری کرێکاران و پێکهاتنی گۆڕان لە جۆری بیرکردنەوە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی کرێکاران.

**دوو**: هێنانی چاپخانە بۆ کوردستان و دەرکردنی ژمارەیەک گۆڤار و ڕۆژنامە لەو سەردەمەدا وەکو بانگی حەق و ژین و ژیان و زاری کرمانجی و ڕۆناهی، یادگاری لاوان و دیاری لاوان و تاد، کە لەلایەکەوە بوونە هۆی بەهێزکردنی زمانی کوردی و لەلایەکی تریشـــەوە بوونە دەروازەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەوانەش دەقە ئەدەبییە کرێکارییەکان.

**سێ**: دامەزراندنی کۆمەڵە و یانەی ئەدەبیی جۆراوجۆر وەکو یانەی سەرکەوتن و جەمعیەتی تەرەقی. ئەم یانە و جەمعیەتانە کاریان بەهێزکردنی بزاڤی ئەدەبی و سیاسیی کورد بووە لەو سەردەمەدا.

**چوار**: برەودان بە خوێندن و خوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانە و دنەدانی خەڵک بۆ فێربوونی خوێندەواری و ڕزگاربوون لە تاریکی و جەهل و نەزانین.

**پێنج**: هاتنە مەیدانی بزووتنەوە سیاسییەنەتەوایەتیو چینایەتییەکان لە کوردستان. لەم نیوەشدا چەندین حیزبی سیاسی دروستبوون.

**شەش**: لەم نێوەشدا بە دنە و هاندانی بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان، ئەدیبان و شـــاعیران کەوتنە نووســـینی بەرهەمە ئەدەبییەکان و بڵاو کردنەوەیان. ئەم بەرهەمانەش ڕەنگدانەوەی ئاستی بیروبۆچونی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی کوردســـتانە. لێرەدا دوو جۆر لە ئەدەب دێتە ئاراوە و باڵادەســـتی خۆیان بەســـەر ســـەرجەم بەدەنەی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا دەســـەپێنن. دوو جۆر ئەدەب کە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە سەر بە دوو چینی جیاوازن. دوو بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازیان هەیە، دوو ئاســـۆ و تێڕوانینی چینایەتیان هەیە. یەکێکیان ئەدەبی کوردایەتی یان نەتەوەیی کە ئەدەبی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردییە و تا ئەمڕۆش هەناســـە دەدا.(ئەم جۆرەیان جێی باســـی ئەم نووســـینەم نییە).دووەمیان ئەدەبی چینایەتی کرێکاران و سۆشیالیستییە، کە لەژێر هەژموون و سێبەری ئەو مۆدیلە لە سۆشیالیزمی ستالینییە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕەواجی بوو.

# سەرچاوەکانی کۆمۆنیزم لە پێش دامەزراندنی حیزبە شیوعییە تەقلیدییەکان

لە ســـاڵانی ١٩١٧ ی زایینی کە شــۆڕشـــی ئۆکتۆبەری مەزن لە ڕوســـیا هاتە بەرپابوون، ســەدای ئەو شــۆڕشــە هەر بە زوویی گەیشــتە گوێی دونیا. هەواڵی کۆمۆنیزم و شـۆڕشـی ئۆکتۆبەر و خەباتی کرێکاران خۆی دەکرد بە هەموو جێگا وکون وکەلەبەرێکی جیهان. ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینیش بێبەش نەبوو لەو هەواڵە خۆشـــەی ڕزگاری کرێکارانی ڕوســـیا و گەیشـــتنیان بە ئازادی.ئەویش لەچەند ڕێگایەکەوە وەک:

**یەک**: لێرە و لەوێ چ بە لایەنگر یان بە دژایەتی لە بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیی و عەرەبیی و فارسیی و تورکییەکان باسی  شۆڕشی ئۆکتۆبەر و باوەڕی مارکسـیزم کراوە. هەروەها نابێ ڕۆڵی یەکێتی سـۆڤییەت لەیاد بکەین لە دەرکردن و چاپکردنی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە  بە زمانە جیاجیاکان، ئەمە ســـەربارى وەرگێڕانی نووسـراوەکانی مارکس و ئەنگڵس و لینین بۆ سـەر زمانە جیاجیاکان و بڵاوکردنەوەیان لە ئاستێکی فراواندا.

**دوو**: ڕۆشنبیرانی میللەتانی سەردەستەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لە جەرگەی کۆمەڵگەی دەرەبەگی خۆیاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێش دەچوون و گەشـــەیان دەکرد، هەوڵیان دەدا لەگەڵ بیرۆکەی ســـۆشـــیالیزم ڕێک بێنەوە و ســـتراتیژییەتی کارکردنیان لەگەڵ ســـتراتیژیەتی ســـۆڤییەتدا کۆک و تەبا بکەن. سەرەنجامیش حیزبە شیوعییەکانی تورکیا و عێراق و سوریا و تودەی ئێران دێنە دامەزراندن. لێرەشـــەوە ڕۆشـــنبیرانی کورد شـــانبەشـــانی ڕۆشـــنبیرانی عەرەب و فـارس و  تورک ڕۆڵی گەورە و پۆزەتیڤیـان گێڕاوە لە گەیـانـدنی بیروبـاوەڕی مارکسیزم بۆ ناو چینی کرێکار و کۆمەڵگەی کوردستان.

**سـێ**: سـەفەرکردنی قوتابیان و هەروەها دەسـتڕۆیشـتووان بۆ دەرەوەی وڵات و دەســـتڕاگەیشـــتن بە زانیاری گونجاو و نەقلکردنی ئەو زانیارییانە بۆ نێو کۆڕ و دەستەکانی شۆڕشگێڕان و لەوێشەوە شۆڕبوونەوەی ئەو زانیارییانە بۆ نێو چینی هەژاری کۆمەڵگە.

**چوار**: ڕادیۆ و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆیان دیوە لەم بوارەدا. یەکەمین پەخشـــی تەلەفیزیۆنی بەغدا لە ســـاڵی ١٩٥٦کە بە یەکەمین پەخشـــی تەلەفیزیۆنی عەرەبی دادەنرێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت(٢٥). ئەم هۆکارانە گەرچی بەدەســـت ڕژێمە ســـەرکوتگەرەکانەوە بوون، بەڵام ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە وشـــیارکردنەوەی خەڵک و ئاگادار بوونی خەڵک لە هەواڵ و دەنگوباسی ناوچەکە و جیهان.
بەم جۆرە ڕۆشـنبیرانی ئەو سـەردەمە بە تێگەیشـتنی خۆیان و بەپێی ئەو زانیاری و ســـەرچاوانەی کە لەبەردەســـتیاندا بووە، مارکســـیزمیان خوێندۆتەوە و هەر بەو جۆرەش لێی حاڵی بوون. ئەشـکالاتێک (ئاریشـــەگەلێک) کە دەســـەڵاتی ســـۆڤییەتی جاران هەیبووە و هەروەها ســـــیاســـــەتێک کە ســـــۆڤییەتی جاران گرتبوویە بەر دەرهەق بە دروســـــتکردنی حیزبە شـــــیوعییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر هەموو ئەو ئاریشانەی لەگەڵ خۆیدا گواستەوە نێو ئەو حیزبانە و ئەنجامیش ئەو حیزبانە هەر لە بناغەوە بە ناکۆمۆنیستبوونی هاتنە دامەزراندن و هەر بە نا کۆمۆنیستبوونیش هەناســـەیان دا. شـــیعارات و ســـیاســـەتی ئەو حیزبانە غەیرە کۆمۆنیســـتی بوو و هەرچەندەش لەهەر وڵاتێک تا ئاســـتێک لە چینی کرێکارەوە نزیک بوون و تەنانەت لە چەندین وڵاتیشدا دەسەڵاتی سیاسییان گرتە دەست، بەڵام هەمیشە مەودایەکی بەرین لەنێوان ئەو حیزبانە و مارکسیزمدا هەبووە. شاعیرانێکیش کە لەم حیزبانەدا ئەندام یان هەوادار یان لایەنگر بوونە و ویســـــتویانە بە شـــــیعر گوزارشـــــت لە بیروباوەڕی خۆیان بکەن، هاتوون هەمان شـــیعارو ســـیاســـەتی حیزبیان بەیان کردووە کە لە باشـــترین حاڵەتدا پشـــتیوانی کردنی یەکێتی ســـۆڤیەتی جاران و سۆشیالیزمەکەی ستالین و تەنانەت ستایش و پیاهەڵگوتنبە ستالین بوو.

بۆ هەموو کوردی وڵات پێویستە
کە ببێژێ بەسەدای بەرز و مەتین
بۆ هەژارپەروەری و عەدل و داد
بژی ئیستالین و شاد بێ لینین (٢٦)

یان وردتر، شوناسی مارکسیی دان بە کارو سیاسەتی ستالین وەک سەپۆرتێکی شیعریی بەهێز لای گۆران دەگاتە چڵەپۆپە.

شەبەقێک لە ڕۆژی مارکس و لەنین
مەشخەڵ بۆ دەستی هاوڕێ ستالین(٢٧)
ئەم ئینتمایەی شـــاعیر و ئینتمای گەلێ شـــاعیری تر، ئینتمایە بۆ ئۆردوگای بەناو سـۆشـیالیسـتی بەرابەری یەکێتیی سـۆڤییەتی جاران نەک بۆ مارکسـیزم. بۆیە دەبینین زۆربەی زۆری ئەو شاعیرانە دوای بڕگەیەک لە زەمەن بارگەی چینایەتیان دەپێچنەوە و ڕوو دەکەنە هەواری بۆرژوازی و نووسینی شیعری نەتەوەیی وەک هەژار موکریانی و عەبدوڵا پەشێو و زۆری تر. بەڵام تیاشیاندا هەیە تا سەر ئاوی لەو ئینتمایە خواردۆتەوە و تەنانەت گیانیشـی داوە لەپێناو باوەڕەکەی وەک شـێخ مارفی بەرزنجی.

# شیعری کرێکاریی و ئاسۆی سۆشیالیستیی

## قۆناغی یەکەم
## (سەرەتای سەدەی بیستەم – کۆتایی دەیەی حەفتاکان)

ڕەوتی شـیعری کرێکاریی و سـۆشـیالیسـتیی لە کوردسـتان، کە خاوەن نزیک بە سـەدەیەک لە تەمەنی پڕ لە هەڵکشـان و داکشـانە، شـانبەشـانی شـیعری ناسـیونالیسـتیی هەنگاوی ناوە. ئەگەر شـیعری نەتەوەیی خاوەن دەیان شـاعیری بەتوانا و بەهێز بووە وەک (خانی و حاجی قادری کۆیی و شێختاهیری هاشمی و دیلان و کامەران موکری و شـێخ نوری شـێخ سـاڵح و زێوەر و ئەسـیری و تاد)، ئەوا شـیعری کرێکاریش دەیەها شـاعیری بەتوانای هەبووە و هێناوەتە دەرەوە لە چەشـنی ( قانیع و گۆران و سـامی عەوداڵ و زەینەبخان و دڵشـاد مەریوانی و جەمیل ڕەنجبەر و دڵزار و عوسـمان عوزێری و شـێخ مارفی بەرزنجی و خالید دڵێر و تاد). ئینتمای چینایەتی و سـیاسـی زۆربەی هەرە زۆری شـاعیرانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە سـەر بە سـۆشـیالیزمی سـتالینن، واتە ئینتمایەکی ڕووکەشـیی سـیاسـییان هەیە بۆ چینی کرێکار نەک ئینتمایەکی قووڵی چینایەتی. کاتێ شـیعرەکانی ئەو تەیفە لە شـاعیران دەخوێنینەوە، ئەوسـا لە تایبەتمەندییەکان و جیهانبینی چینایەتیان تێدەگەین. تێدەگەین کە ئەو شـاعیرانە چەند فرسـەخ لە

مـارکســــیزمەوە دوور بوونە، تێـدەگەین کە چەنـد ڕووکەشـــــانە ڕوانیویـانەتە سـۆشـیالیزم. تێدەگەین کۆمۆنیسـت بوونی ئەو شـاعیرانە، تا ئەو پەڕی نارۆشـنی، نارۆشـن بووە. تیایاندا هەیە شـیعر بۆ پرۆلیتار دەنووسـێ و سـتایشـی سـتالین دەکات وەک فریادڕەس و زەبروزەنگی دیکتاتۆرانەی ســـتالین وەک دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەبینێ لەچەشنی هەژار و گۆران. هەشە شیعر بۆ کرێکار و یەکی ئایار دەنووســـێ و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە تا بڵێی دواکەوتووە و بیر تەســـکە وەک بەشدراو. هەشە شیعر بۆ کرێکار و سۆشیالیزم دەنووسێ و ستایشی پێغەمبەری ئیسـلام و ئاینی ئیسـلام دەکات وەک دڵزار. لێرەوە دەتوانین شـاعیرانی ئەم قۆناغە (دیارە دیسانەوە هەموویان نا) تایبەتمەندییەکانیان ئاوا دیاری بکەین:

**یەک**: لەڕووی ســیاســییەوە پابەندی باوەڕ و پرەنســیپی حیزبە شــیوعییەکانن، بێئەوەی بە قووڵی لە ماناکانی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی و کۆمۆنیزم و ســۆشــیالیزم حاڵی بووبن. ئەو بەشــەشــیان کە ســەر بە خەتی ماویزمن لە پۆپۆلیزمێکی بێمـانـادا نغرۆ بوونە و مەجـالێکی ئەوتۆیـان بۆ خەبـاتی چینـایەتی نەهێشـــتۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا مەیلی ئایین و بڕوابوون بەئاینیش لەجیهانبینی شـاعیرانی ئەم ڕەوتەدا هەسـت پێ دەکرێ. واتا سـێکوچکەی جیهانبینی شـاعیرانی ئەم ڕەوتە (تاکوتەرای لێدەربچێ) بریتین لە کۆمۆنیزم و ئایین و نەتەوەپەرستی.

**دوو**: لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەیانتوانیوە لە جوغز و چوارچێوەی کێشـــــراوی کۆمەڵگەی دواکەوتووی کوردیی بچنە دەرەوە و ئـاڵای یـاخیبوون لە کۆتوبەنـدی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی هەڵبکەن و ببنە پێشـەنگ بۆ خەڵکی هەژار و چەوساوەی کورد.

**ســـێ**: لەباری ئایینەوە نەک هەر نەیان توانیوە خۆیان لە وەهمی ئایین و کلتوری ئـایینیی قورتـار بکەن، بەڵکە بوونەتە موبەلیغ و مورەویجی ئەو کلتوورە ئـایینییە دواکەوتوویە و چەندین دەقیان لەوبارەوە نووسیوە.

**چوار**: ئاڵوگۆڕی شـۆڕشـگێڕانە و شـۆڕش لە جیهانبینی ئەم تەیفە لە شــاعیران بریتییە لە بەزەیی بە هەژاران و کرێکاران و ڕیفۆرمی ئابووری.

**پێنج**: ناســـیونالیزم هەندێکجار بە تۆخیی و هەندێجاری تریش بە کاڵی لە دەقە شیعرییەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

**شەش**: بەشێکی بەرچاوی ئەو شاعیرانەی سەر بەم ڕەوتە ئەدەبییە بوون، دواتر لە ڕێچکەی نووسینی شیعریاندا لەم باوەڕەیان پاشگەز بوونەوە و بەتەواوەتی وەک شاعیری ناسیونالیستی و بۆرژوازی درێژەیان بە نەفەسە شیعرییەکانی خۆیان داوە و دەدەن. ئەم شاعیرانە گەرچی ناویان لەم ئەنتۆلۆجیایەدا وەکو شاعیرانێک هاتووە کە شیعریان بۆ چینی کرێکار نووسیوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمانە شاعیری ناسیونالیستی و بۆرژوازین و پێداگری جیددین لەسەر بەرژەوەندییەکانی ناسیونالیزم.

ئینتمای سیاسیی شاعیرانی کورد لەم قۆناغەدا بەسەر هەردوو تەرەفی حیزبە شیوعییە تەقلیدییەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوە ماوییەکانی ئەو سەردەمەدا دابەش دەبن. دیارە لەم نێوەدا شاعیرانی بەرەی یەکێتی سۆڤییەت(یان وەک دەڵێن لایەنگری ڕیالیزمی سۆشیالیستیی) پشکی شێریان بەر دەکەوێ. ئەم ئینتمایەی شاعیرانی سەر بە سۆشیالیزمی ستالینیی کە ئەمڕۆ لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا لەسەر کرێکار و ئەدەبی کرێکاریی دەژمێردرێ،لەڕاستیدا چەند فرسەخ لە خەباتی چینایەتی کرێکارەوە دوورە و ڕۆشنبیرانی کوردی دژ بە مارکسیزمیش بەردەوام ڕەواجی پێدەدەن. ئەو بیرمەند و ڕەخنەگرە ناسیونالیستە بۆرژواییانە چاک دەزانن چۆن خۆڵ دەکەنە چاوی کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەتی کورد ئاگایان لەمێژووی ئەدەبی کرێکاریی کوردستان نییە، بۆیە ئەو چەواشەکارییانەی ڕەخنەگرانی ناسیونالیستی کوردیان بەسەردا تێدەپەڕێ. یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی شاعیرانی ئەم قۆناغە مەسەلەی میللی و نیشتمانە. ئەم مەسەلەیەش بە تۆخی سێبەری هەیە بەسەر جیهانبینی شاعیرانەوە. شاعیرانی کرێکاریی ئەم قۆناغە بە توندی بە نیشتمانەوە بەستراونەتەوە. نیشتمان بۆ ئەوان سەرزەمینێکە بۆ خەباتی چینایەتی و پاراستنی ئەو سەرزەمینە و ئازاد بوونی لە دیدی ئەوانەوە ئەرکی کۆمۆنیستییە. "نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار"(٢٨) بۆ نموونە چ پشت تێکردنێکە لە سیاسەتی کۆمۆنیستی. چونکە لە جیهانبینی مارکسیزمدا "کرێکاران نێشتمانیان نییە و کەس ناتوانی ئەو شتەی نییانە لێیان بستێنێت" (٢٩). ئەم تێکەڵییە لە سۆشیالیزم و ناسیونالیزم بەرهەمی ئەو بەلاڕێدابردنەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنە کە بەڕابەرایەتی لینین سەرکەوتنی بەدەستهێنا. وەکچۆن لە سۆشیالیزمی ستالینیی، چینی کرێکار ئەو مەوقیعییەتە چینایەتییەی نییە وەک چینێکی شۆڕشگێڕ، ئاواش

لە چین و جیهانبینی ماویی، جووتیاران بڕبڕەی شـــۆڕشـــن و مارکســـیزم لە گرنگترین ماتریاڵی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە. لەو جیهانبینییەشـدا گەل شـوێنی چینی کرێکار دەگرێتەوە.

لە لادێدا لەناو وەرزێر و جووتیار
لەشاراندا لەگەڵ چینی کرێکار
لە گەرمێن و لە کوێستان
لەناو پەرێز و بێستان
لەگەڵ خوێنەران
وەتەن پەروەران
ئەکەین خەبات
لەبۆ نەجات
لە ئیستعمار(٣٠).

ئیتر وەک دەبینین چۆن گۆڕان لە جیهانبینی چینایەتی و ناوەرۆکی ســۆشــیالیزم دەکریێ، بەو جۆرەش زاراوە و چەمکە سیاسییەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت و لە ناوەرۆکە شـۆڕشـگێڕانەکەیان بەتاڵ دەکرێنەوە. ئەم ئەرکە کەوتە سـەرشـانی بورژوازی ســەرمایەداری دەوڵەتی ڕووســی کە خۆی لەژێر پەردەی کۆمۆنیزم و مارکسـیزمدا حەشـار دابوو. کاتێکیش نووسـەران و بیرمەند و ئەدیبانی سـەر بەو ڕەوتە بورژوازییە دێنە قسـە، چەمکە سیاسییەکان شۆڕ دەکەنەوە بۆ ناو خەڵک و گشـــتیگیری دەکەنەوە. واتە ئیش لەســـەر بیرکردنەوەی خەڵکی ســـتەمدیدە و بەشمەینەت دەکەن تا وا حاڵییان بکەن کە یەکێتی سۆڤییەت نموونەی سۆشیالیزمی مارکسـە و سـتالینیش ئەو فریشـتەیەیە کە پارێزەری ئەو کلتوورە مارکسییەیە.جا هەر هەنگاوێک یان دەســـتکەوتێک کە یەکێتی ســـۆڤییەت دەینێ لە بەرژەوەندی کرێکـارانی جیهـانە و دژ بە ســـەرمـایەدارانە. بەم جیهـانبینی و عەقڵییەتەوەش شاعیرانی کوردستان شیعرەکانیان داڕشتووە و گوزارشتیان لە دۆخی سیاسیی و باوەڕی سۆشیالیستی خۆیان کردووە.

با نەمێنێ هەرچی وەک (زالوو) بە خوێنی گەل ئەژێ
نۆرەیە ئینجا بە دەستی گەل هەموو خوێنیان ڕژێ
ئەرز و ئاو بۆ ڕەنجدەران و بۆ کرێکار کارگا
تەندروستی بۆ گەل و هەروەک هەموو بۆ خوێندگا
بێ ئەوەی ڕەنگ و زبان دابەش بکا جینسی بەشەر
هەروەکوو گورگ و چەقەڵ بۆ خوێن و گۆشتی بزن و مەڕ
با براینە بە هاوڕێتی، بە یەکسانی بژین
یا لە کۆڵگە، یا لە کارگا، یا لە خوێندنگا بژین(٣١)

شـــاعیر لێرە بە ڕوونی باس لە ژیانی دوای ســـەرکەوتنی شـــۆڕش دەکات، یان داواکانی چەوســاوەکان دەســتنیشــان دەکات. ئەو ئەرز و ئاو بۆ ڕەنجدەران و بۆ کرێکاریش کارگە داوا دەکات و تەنانەت بۆ ژیانیش شــــێخ مارف پێشـــــنیاری ژیانکردن دەکات لە کۆڵگە یان لە کارگە. وەک ئەوەی ســۆشــیالیزم بریتی بێت لە کارکردن و ژیان لەناو کارگە. ئەم بەدحاڵیبوونە بزانن چ کارەســاتێکی خوڵقاندووە و کاتێ بەرهەمێکی ئەدەبی وەکو شــیعر دەنووســرێت، بەم تێگەیشــتنەوە چینی کرێکار لە واقیع و سـۆشـیالیزمی زانسـتی دوور دەخاتەوە و کۆیلەتی کارکردنیان بە ســۆشــیالیزم پێدەفرۆشــیت. بەڕوونی دیارە کە شــاعیرانی ســەر بە ئوردووی سـوشـیالیزمی سـتالینی بە ئەندازەی چینی کرێکار بوونەتە قوربانی. ئەوان بوونەتە قوربانی سـیاسـەتی سـۆشـیالیزمی بورژوازی. ئەوان پێیان وابوو ئەوەی ئەوان دەیڵێن و دەیکەن بۆ چینی کرێکار و ڕزگاری یەکجارەکییە، بەڵام کاتێ تەپوتۆز و گەردی ســـەر ئەو جیهانبینییە لا دەدەین و بە چاوی مارکســـەوە لێی دەڕوانین، بۆمـان دەردەکەوێ کە هیچ پەیوەندییەکی بە مـارکســـیزم و خەبـاتی چینـایەتی کرێکارانەوە نییە. لەوەش واوەتر هەندێ لە شـــاعیران هێندە نارۆشـــنن لایان وایە ســـــکرتێری حیزبی شـــیوعی وڵاتەکەی یان ئەندام کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەی نموونەی ڕابەرێکی مارکسیستی ڕۆشن و جیددیە.

ئیتر هەستا پەنای خۆی بردە بەر ئاخر چەکی پیسی
لەبۆ سێ قوتبەکەی حیزبی شیوعی جا لە سێ ئاقار
چەقاندی داری سێدارە لەچواردەی دووی چل و نۆدا

وەکو (بیری) نەمر هاوڕێ شەبیبی و فەهدی جەوهەردار(٣٢)

یانیش لە شیعرێکی تردا دەڵێ :

کە شاگردانی فەهدی قارەمانین
لەتێکۆشانی خوێنین بێوچانین (٣٣)

یان
هەموو شەوێ، هاوڕێیەکەم
بە هێمنی سەر بە ماڵی برسی و هەژاراندا دەکات
لە سۆراخی گەورە و بچووکیان دەپرسێ
باسی ڕاستی و
سەربەخۆیی و
سۆسیالیزمیان بۆ دەکات (٣٣)

هێنانە خوارەوەی مارکسیزم و سۆشیالیزم و رابەرێکی گەورەی وەکو کارڵ مارکس و چڕکردنەوەی لە سەرکردەی حیزبێکدا و بەتایبەتی لە کەسێتی سکرتێری حیزبەکە، جگە لە نیشانەی دووری شاعیر لە مارکسیزم، مانایەکی دیکەی نییە. لەم بەرز و نزمییەی ناوەڕۆکی شیعرەکانەوە دەگەین بەو ڕاستییەی کە تا چ ئەندازەیەک شاعیرەکە ئینتمای بۆ سۆشیالیزم و مارکسیزم و چینی کرێکار هەیە و تا چ رادەیەکیش لە دۆخی سیاسیی تێگەیشتووە و گوزارشتی لێکردووە. وردتر بڵێم تا چ ئەندازەیەک شاعیرەکان مارکسیی بوونە و تا چەندیش لە مارکسیزمی مارکس تێگەیشتوون؟ نەک مارکسیزمە بۆرژوازییەکەی حیزبە تەقلیدییەکانی ئوردووی سۆشیالیزمی ستالیین و ماوتسی تۆنگ و هاوشێوەکانیان. ئەم دوورییە لە مارکسیزمی ئەرسەدۆکس خۆی زەمینەیەکی بەپیتی ڕیڤیژیونیزمە. لەم زەمینە دوورە لە مارکسیزمەوە، چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە نادیارە. ئەوەی هەیە خەڵک جێی چینی گرتۆتەوەو گەل بووتە پێشرەو و شۆڕشگێڕ.

ئەگەر ئێمە ڕەوتی هەموو زێرابەکان
لەناو بۆڕی ژێر شەقاما بخنکێنین
چڵک و گەردی کۆلانی شار
بەفربەندی گەسکی تێلا
ئارەقەی سولکەر بڕژێنین
چۆن ناتوانین چەوسێنەر وەک پەز لێخوڕین
چۆن ناتوانین خوێنمژی گەلمان سەربڕین (٣٥)

ئەم تێکەڵییەی چینەکان و سڕینەوەی مەرزی نێوان کرێکار و بۆرژوازی لەڕاستیدا وەزیفەی بیرمەند و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانی بورژوازییە و ئەم شاعیرە هەست ناسکەشمان هەر هەمان ڕۆڵ دەبێنێ. گەشە و بەرەوپێشچوون و پاشەکشەی ئەم ڕەوتە شیعرییە بەندبووە بە مەوقیعیەتی سۆشیالیزمی ستالینی کە ئەدەبەکەیان لەژێر ناوی ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا لەمەیداندا بوو. ئەم ڕێبازە ئەدەبییەش لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران هاتە ئاراوە و گەشەی کرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ئەنتەرناسیونالی مەزن. گەشەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەر تەنها یەکێتیی سۆڤیەتی نەگرتەوە، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەشی گرتەوە کە بە دەوڵەتانی سۆشیالیست یان بلۆکی ڕۆژهەڵات دەناسران. ئەم ستایڵە لە بنچینەدا لەسەر کلتووری پرۆلیتاریاوە سەری هەڵداوە. کلتووری پرۆلیتاریاش لە هونەر و ئەدەبدا، پێداگیری ئەدەبە لەسەر خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندی کرێکاران دژ بە بورژوازی و سەرمایەداران. ئامانجی ئەم ئەدەبە هەوڵدانە بۆ وێناکردنی ژیان و خەباتی ئەو چینە لە پێناو ڕزگاری یەکجارەکی لە کۆت و بەندی کۆیلەتی بورژوازی. ڕێبازی سۆشیالیستیی لە ئەدەب لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و چیکوسلۆڤاکیا و پۆڵەندە دامەزرا. ئەو نووسەرانەش کە ڕۆڵیان هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بریتبوون لە لویس ئاراگۆن و جۆهانس بێچەرو پابلۆ نیرۆدا. حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت ساڵی ١٩٣٢ بڕیاری لەسەر ڕیالیزمی واقیعی لە ئەدەب و هونەر دا و ساڵی ١٩٣٤ ئەم شێوازە ئەدەبییە لە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی سۆڤییەت کاتێ نوێنەری جۆزێف ستالین ئەندریە زدانۆڤ وتاریکی پێشکەش کرد و بە توندی جەختی

لەوە کردەوە کە ڕیالیزمی سـۆشـیالیسـتی بە فەرمی بوو بە ڕێنمایی نیشـتمانی کلتووری یەکێتیی سـۆڤییەت. بەدەسـتەوەگرتنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بە کردەوە بووە هۆی پشـتکردن لە ڕێبازە باوەکانی جیهان لە چەشـنی ئیرۆتیک، ئایین، تەجریدگەرایی، سـوریالیزم و گوزارشـتخوازی. وەک هاوپشـتییەکی چینایەتی بەرامبەر بە یەکەمین کۆنگرەی نووسـەرانی یەکێتیی سـۆڤییەت، لە ٢٦ و ٢٧ ی نیسانی ١٩٣٥ لە شاری شیکاگۆ و بە پاڵپشتی جۆزیف ستالین گرنگترین کۆنگرەی نووسەرانی چەپی ئەمریکا بەسترا، کە شاعیران و ڕۆماننووسان و ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنووسـان تێیدا بەشـدار بوون. واڵدۆ دەیڤد فرانک بە پشـتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا بوو بە یەکەمین سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی ئەمریکا. ڕەگی مێژوویی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم. بەڵام ئەم ریالیزمە گۆڕانی بەسـەردا هات و پێ بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن، ئەمیش لە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییە شـۆڕشـگێڕانەکەی بەتاڵ کرایەوە و خرایە خزمەتی سـیاسـەتەکانی سـتالین و یەکێتیی سـۆڤییەت کە ئەوکات چەند هەنگاو لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دوور کەوتبۆوە. هەرچی کوردسـتانیشـە ڕێک لەژێر هەردوو تەوژمەکەی ناسـیونالیزم و ڕیالیزمی سـۆشـیالیسـتیدا بووە. وەکچۆن ئەدەبی ناسیونالیستی لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەیاننامەی ڕوانگەیان ڕاگەیاند، لەبەرانبەریشـدا ئەدیبانی سـۆشـیالیسـت و ڕادیکالیش (ئاراسـتەی گەردەلوول لە ئەدەبی کوردیـدا) ڕادەگەیێنن و هەوڵ دەدەن برەو بە ئەدەبی کرێکاریی بدەن(٣٦).

ڕەخنەی ئەدەبی مارکسـیسـتیی ئەرکییەتی ناوەڕۆکی ئەو ڕیالیزمە شـیبکاتەوە و جارێکی تر بە گەڕانەوە بۆ ئینسـان، بە عەزمێکی پۆڵایینەوە پێ لەسـەر پایەکانی ئەدەبی کرێکاریی دابگرێت و گەشـەی پێبدات(٣٧). لەنێو تەپوتۆز و هەیەجانی ماویزم و ستالینیزمدا ڕەوتە سیاسییە نارازییەکان کەوتنە خۆ نمایشکردن و خۆ جیاکردنەوە. ڕێکخراوی تێکۆشانی کارگەران لە عێراق و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و گروهی سەهەند و دواتر (اتحاد مبارزان کمونیست) لە ئێران بوون بە سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە تێگەیشتن لە مارکسیزم و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی کۆمۆنیستی و کرێکاریی لە ناوچەکە(٣٨).

# کۆمۆنیزمی نوێ و شیعری کرێکاریی

## قۆناغی دووەم
(سەرەتای دەیەی هەشتاکان – ئەمڕۆ)

لەنێو هەناوی قەیرانە سیاسییەکانی حیزبە بەناو کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی عێراق وئێران و تورکیا و سوریا،گەلێ گروپ و دەستە و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی هاتنە دامەزراندن و خۆیان وەک ئەلتەرناتیڤی سۆشیالیزمی ستالینیی ڕاگەیاند. ڕێکخراوی کارگەران کە لە ساڵی ١٩٧٦ هاتە دامەزراندن بوو بە یەکەمین ئالتەرناتیڤی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی. لە ئێرانیش دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی کۆمۆنیزم توانی خێرا خۆی لە ڕەوتە نا مارکسییەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران جیا بکاتەوە و گەشە بکات. بەم پێیەش ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ و کۆتایی هاتن بە ستەمی پاشایەتی و هاتنە ئارای فەزایەکی سیاسیی کراوە ئەدەب و هونەری شۆڕشگێرانەش هەنگاوی بەرەو پێش نا چونکە(بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ وسیاسیبوونەوەی کۆمەڵی ئێران لە جەنگەی قەیرانی شۆڕشگێڕانەدا، هونەر و ئەدەب زیاتر لە جاران کێشرایە مەیدانی خەباتی سیاسی – کۆمەڵایەتی. گاریگەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ناکرێ بەردیدە نەگیرێ. ئەم کاریگەرییە هەم لەڕووی سیاسی و هەمیش لەڕووی ئەدەبییەوە هێند بەرچاو بوو کە گەلێ بەرئەنجامی پۆزەتیفی لێکەوتەوە. هەوڵە جوانەکانو سروودە کارگەرییەکانی ئەنوەر نەجمەدین و ئەمین پۆلا و ناسری ڕەزازی و نەجمەی غولامی و عەبدولا دڵسۆز و لالۆ ڕەنجدەر و نەجم محەمەد و ڕەزا یوسف بەگی و کامەران عەبدولڕەحمان لە دۆخی سیاسی جیاجیادا،جێگای ستایشن. هەروەها دروستبوونی کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی ئەدەبی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ساڵی ١٩٨٥ و پێکهاتنی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٨٧ وەک ڕێکخراوێکی ئەدەبیی کە دواتر پەیوەست بوو بە (ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست)ەوە، توانیان ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن لە

بردنەپێشـــەوەی ئەدەبی کرێکاریی و ســـۆشـــیالیســـتیی. هەرچەندە پەیوەندییەکی ئۆرگـانیکیی وپتەو لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەدا نەبووە، بەڵام دوور بە دوور ئاگایان لەیەک بووە و هەمان کارو و چالاکی ئەدەبییان ئەنجام داوە(٣٩).

## خاسیەتەکانی شیعری کرێکاریی لەم قۆناغەدا

خاسیەتەکانی شیعری کرێکاریی قۆناغی دوای ١٩٨٠ دەتوانین بە پشت بەستن بە خوێندنەوەی دەقەکانی ئەو ماوە مێژووییە بەمجۆرە ببینین:
**یەک**: نووسـەران و شـاعیر و ئەدیبانی ئەم قۆناغە بە بەراورد بە قۆناغی ڕابردوو، بەرچاو ڕوونترن ســەبارەت بە کێشــە ســیاســی و ئەدەبییەکان و نزیکایەتییەکی زۆریان هەیە لەتەک مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی مارکس. ئینسان ئەڵقەی بنچینەیی کارکردنی ئەم نووسەرانەیە و بەهای ئینسانیی خاڵی لێوە هەستانیانە.
**دوو**: بەشــێکی بەرچاوی دەقەکان لە تێروانینێکی مارکســیی و لەژێر ڕۆشـــنایی مارکســیزمی شــۆڕشــگێڕ یان کۆمۆنیزمی کرێکاریدا نووســراون و بە ئاشــکرا لایەنگیری چینی کرێکارن لە خەبات دژ بە بورژوازی.
**ســـێ**:بەرهەمە ئەدەبییەکان بە جیدیی پارێزەری بەرژەوەندی کرێکارانن دژ بە ســـەرمایەداران. دەقەکان جەغد لە کرێکاریبوونی خۆیان دەکەنەوە و ئینتما و جیهەتگیریی دەقەکان بەڕۆشنی چینی کرێکار و بەرژەوەندی ئەو چینە لە ململانێیدا لەگەڵ بورژوازی دەپارێزێت و بەیان دەکات.
**چوار**: لای هەندێ شـاعیر دەبینین کە شـیعرەکانیان گەرد و تەپوتۆزی میللیگەرایی و پۆپۆلیزم و ناسیونالیزمی لێ نیشتووە. بەڵام ئەو تەیفە شاعیرە کۆمۆنیستانە کە شوناسی خۆیان لە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستەوە وەردەگرن و کاری پێدەکەن، نەک ئەوانەی ئیدیعای دەکەن! لە تێروانینی بورژواییانە بە دوورن و ســاغ لەســەر پایەی کۆمۆنیزم وەســتاون. واتا دووجەمســەری جیهانبینی بەشــێک لە شــاعیرانی ئەم قۆناغە بریتیین لە کۆمۆنیزم و نەتەوەپەرستی.
**پێنج**: وەســـتـانەوە بەرامبەر بەهەر هەوڵێکی بورژوازییـانە کە دەیەوێ ئەدەب و هونەری کرێکاریی لە ناوەڕۆکی خەباتکارانەی خۆی بەتاڵ بکاتەوە و بیکاتە ژێر کاریگەرییەکانی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییە بورژوازییەکان.

بزووتنەوەی شـــــیعری کرێکاریی لەم قۆناغەدا گەلێ دەنگی جیاواز و نوێی هێنایە دەرەوەو توانیان بە توانای ئەدەبی خۆیان داهێنان بۆ خۆیان دەســـــتەبەر بکەن. دیارە کە باسـی داهێنان دەکەم مەبەسـت داهێنانی شـیعرە لە روانگەی جوانناسـی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییەوە.

کرێکارم!
هاتوومە مەیدان
ئەڵێم، هەرکارە ئینسانی خوڵقان
سەد ساڵە ئەلێم،ئەمە بریارە
بڕیاری ڕۆژی یەکی ئایارە!
کرێکارانی جیهان یەکگرن!
چەرخی چارەنووس لەدەس خۆگرن(٤٠)

ئەم پێداگرییە و سـاغیفیکرییە لەسـەر کرێکار و ئینتما بۆ مانیفێسـت نەک هەر لای ڕێبواری شـاعیر، بگرە لای زۆربەی شـاعیرە کرێکارییە جیدییەکان جەغدی لەسـەر کراوەتەوە و بۆتە بەشێک لە شوناسی چینایەتی شیعری ئەو شاعیرانە.

ئەو کرێکارەم هەموو ئەیارێ
ئاواتی گەورەی سەرمایەداری دێنمە وەرین
هەموو ئەیارێ لە تێکۆشاندام
ڕیزم یەکخەم و ئۆخەی دەستکەوتێ بکەمە سەرین
ئەو کرێکارەم شۆڕش بە بیر و بازوو و مەچەکی مژدەهێنەری من نەبێ
هەرگیز نایەتە ڕوودان
چۆن بەرژەوەندی من و سەرمایە
ڕێک وەک سپی و ڕەش وەک ئاگر و ئاو لە یەکتر جودان
هەروەک چۆن ئاگر سڵ لە لافاوی ئاو دەکاتەوە
هەروەک چۆن خێزان نیشتمان ئایین یان موڵکداری
ڕێگای ڕزگاری لە بیر کۆیلانی کار دەباتەوە
وەک چۆن لەشکری بەفر و بەستەڵەک دێنە شکاندن لەئاست هەتاوا

ئاواش سەرمایە لەبەردەم هەوڵ و خەباتی کرێکار
ژان گرتوویەتی و سرِە لەتاوا (٤١)

ئەم بەرچاو ڕوونییە ئیتر زامنی سەنگەر ناسین و خەبات ناسینە. شوناسێکە ئاو لە مانیفێست دەخواتەوە. پشتبەستوو بە مارکسیزم، شیعر دەکرێتە ئامرازێکی خەباتی چینایەتی. ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی زورناژەنانی بورژوازی کە دەڵێن نابێت شیعر تێکەڵ سیاسەت و شۆڕش و خەبات بکرێ. دەڵێن نابێت ئەدەب و شیعر ئاوێتەی لێکهەڵپێکرانەکانی کۆمەڵگە ببێت. بەپێچەوانەوە دەبێ ئەدەب و شیعر بچێتە هەموو کون و قوژبنێکی ژیان و کۆمەڵگە تەنها کۆشک و ڤیلاکانی سەرمایەداران و مشەخۆران و چەوسێنەران نەبێت.

ئاسۆکەم سۆسیالیستییە
ئارمانم کۆمۆنیستییە
ژیانی بێ حەسانەوە
پڕ لە زوڵم و چەوسانەوە
دەسڕمەوە بۆ هەتایە
دادپەوەری دێنمە کایە (٤٢)

ئەم جیهانبینییە سۆشیالیستییە سێبەری خستۆتە سەر بەشێکی فراوانی دەقەکانی ئەم قۆناغە. بەشێکی زۆری شاعیرانی دوای ساڵی ١٩٨٠ لە خەباتیاندا لە سۆشیالیزم کەمتریان قەبوڵ نییە، چونکە "هونەرمەندان و نووسەرانی کۆمۆنیستی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە چینی کرێکار بەپێی ئەرکی مێژوویی خۆی لە گۆڕینی جیهان و بنیاتنانی جیهانێکی نوێدا، تاکە چینێکە توانای خوڵقاندن و گەشەپێدانی هەمەلایەنەی توانستە بەرزەکانی مرۆڤی هەیە و بەناچار دەبێت لە مەیدانی هونەر و ئەدەب و فەرهەنگی کۆمەڵیشدا بەئاڵای جیهانبینی سەربەخۆی خۆیەوە دەستبداتە خەباتی چینایەتی و بەگژ بۆرژوازیدا بچێ"(٤٣). ئەوەی جێی سەرنجە دەقەکانی هیچ شاعیرێکی ئەم قۆناغە لە دەرەوەی ئینتمای چینایەتی بۆ کرێکاران ناتوانێ هەناسە بدات. ئینتمای چینایەتی ناسنامەی شۆڕشگێڕییەتی

شاعیرەکەشە. هیچ دەقێک نابینین لەسەرووی چینایەتییەوە بانگی خەبات بدات بە گوێی کرێکاراندا. بەڵکو هەموو پێناسەی خۆیان وەک تاکێکی ئەو چینە پانوپۆڕە تاسەرشۆڕشگێڕە دەکەن.

لەم بەری سەرمایەکەدا
ئێمە چینێکی درێژ و دوور
هەتا بڵێی زۆر، بێ سنوور
لە جەمسەری ئەو سەرەوە
تا ئەمسەری ڕیزەکەمان
بە زنجیرێک
پێوەند کراوین (٤٤)

هەرچی گوزارشت کردنە لە واقیعی کار و ژیانی کرێکارلەڕێگەی دەقەوە شاعیر دەچێتە نێو ژیانی چینی کرێکارەوە و هەموو ڕۆژێ بوومەلێڵەی بەری بەیان لەخەو هەڵدەستێ و دەچێ بۆ کار:

هەرچی ڕۆژە
بەرەبەیان
خەوی خۆم و ماڵ و منالم دەزڕێنم.
لەشی شەکەت و پڕ تاسەی
ئاسایشی دوور لە دەستم
سواری هەنگاوانم دەکەم
دەڕۆم بەرەو کارگەیێ کە
لە هەر سات و کاتێکیدا
تۆوی مەرگی خۆم دەچێنم...
ژیانی خۆش و کامەران
بۆ خاوەنی وەدی دێنم! (٤٥)

لەم گۆشـەنیگایەوە کە دەق دەکەینە جێگای سـەرنج و وردکردنەوەی جیهانبینی و توانـایی و سـەلیقەی شـیعرییەت، ئەو زەمینەیە خۆش دەکەین کە بتوانین خاسـیەتەکانی دەق ببینین. زەمینەیەک کە تواناییەکمان پێ دەبەخشـێت کە بتوانین تەواوی ڕەگەزەکانی شـۆڕشـگێڕێتی دەق ونووسـەر ببینین و هەروەها بتوانین لە لێکدانەوە ئەدەبییەکانمان جێگای شیاوی خۆی بدەینێ.

## تەکنیک و زمانی شیعری کرێکاریی و سۆشیالیستیی کوردیی

ئەو قسـەباوەی کە دەڵێ" شـیعری کرێکاریی لەڕووی تەکنیکەوە لە شـیعری بۆرژوازی لەپاشترە، دەتوانم بڵێـم دروست نییە. لەبەر ئەوەی ئەو قسەکەرە یان ڕەخنەگرە هەرکەسێک بێت،لە ئاگاییەکی بەرزەوە سەبارەت بە شیعری کرێکاریی ئەو قسـەیەی نەکردووە. ئەوە ڕاسـتە ئەگەر شـیعرێکی شـاعیرێکی کرێکاریی کەم ئەزموون بەراورد بکەی بە شـیعری شـاعیرێکی خاوەن ئەزموون و توانا ئەوا ئەو قسـەیە ڕاسـت دەردەچێ و بەپێچەوانەشـەوە شـیعری شـاعیرێکی سۆشـیالیسـتی خاوەن ئەزموون بە دڵنیاییەوە لەڕووی تەکنیکەوە بەهێزترە لە تەکنیکی شـیعری شـاعیرێکی بێئەزموون. بەبڕوای من ئەوە دروسـت نییە شـاعیرانی کرێکاریی ئەو هەسـتە نێگەتیڤەیان لا دروسـت بێت کە تەکنیکی شـیعرییان ناگات بە شـاعیرانی بۆورژوازی. نا تەکنیکی شـاعیرانی کرێکاریی ئاسـتی جۆراوجۆری هەیە وەکو ئاستی جۆراوجۆری شیعری بۆرژوازی. "ئەدەبی کرێکاریی خاڵی نییە لە تەکنیک و ئیسـتاتیکا، بەڵکو هەڵگری جۆرێک لە ئیسـتاتیکایە کە خاڵی لێوە هەسـتانی لەسـەر بنەمای ململانێی و بەرەنگاری وەسـتاوە. ئیسـتاتیکای ئەدەبی کرێکاریی لەو جیهەتگیرییەوە ئـاو دەخواتەوە کە ئەدەب ئـاوێتەی واقیعی ژیـان و خەبـاتی ئینسـانەکان دەبێ لەپێناو ئازادیدا. جوانییەک کە ئەدەبی کرێکاریی لێی بەهرەمەندە و ئەدەبیاتی بۆرژوازی نییەتی بریتییە لە ئومێد. ئومێد بە ئینسـان، بە ژیان، ئومێد بە خەبات لەپێناو ژیانێکی ئینسانیی باشتر. ئەم ئومێدە، وزەبەخش و ئیلهامبەخشی ئینسـانە لە خەبات. لەدەسـتدانی ئومێد لە دەقە ئەدەبییەکان (جا چ ڕۆمان، یان شـیعر، یان کورتەچیرۆک، یان شـانۆنامە..تاد بێ) لەدەسـتدانی ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی زنجیرەی پرۆسـەی نووسـینی شـۆڕشـگێڕانە بۆ بە سـەمەر گەیاندنی

ئەرکە مێژووییەکان. لە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژوودا گەلێ دەق هەن کە لە خەبات و تێکۆشـــانی چینایەتیدا بوونە بە ڕوحی ســـەردەم و وێردی ســـەرزاری ملیۆنان ئینسان لەوانە سروودی ئەنتەرناسیونالی ئۆجین یۆتیە، یانیش کاریگەرییان لەسەر زەینی ئینسانەکان بەئاسانی کاڵ نابنەوە لەوانە ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی و ڕۆمانی (جەرمیناڵ)ی ئەمیل زۆلا و (پاژنە ئاسنینەکان)ی جاک لەندەن و (نینا)ی ســـابت ڕەحمان و (پاپۆڕی کارگە)ی تاکیجی کۆبایاشـــی و..تاد"(٤٦). ئەگەر لە حوکمی گشـــتییەوە دەربچین و تایبەتتر قســـە بکەین، باشـــترە چاوێک بە تەکنیکی شیعرەکانی نێو ئەم ئەنتۆلۆجیایە بخشێنین و قسەیەک ئەگەر هەمان بێت بیکەین.
ئەگەر زۆربەی شیعری کلاسیکی کوردی لەسەر کێشی عەروز دانرابن(٤٧)، ئەوا ئەو شێوازە لە شیعر کە بە شیعری عەمودی ناوزەد دەکرێ و کێش و سەروایان هەیە توانیویەتی ببێتە پەنجەرەیەک کە شـــیعری کرێکارییش هەناســـەی تیا بدات. بەلای منەوە گرنگ نییە شـــیعرەکە بە چ کێشـــێک و لەســـەر چ ئاوازێک دانراوە (مەســـنەوی، غەزەل، دوو بەیتی، چوارپارە، تەرجیعبەند، تەرکیببەند، قەتعە یان ئازاد) و سەرواکانیان چەند پیتییە (یەک پیتیی، دوو پیتیی، سێ پیتیی، چوار پیتیی، یان وشـــە، یان دوو وشـــە..تاد)، بەڵکو ئەوە گرنگە شـــاعیر چەند ســـەرکەوتووانە توانیویەتی مەبەستەکەی لە فۆرمێکی جواندا نمایش بکات.

میللەتی چینیش لە سایەی پارتی کۆمۆنیستی بەرز
تیشکی ئازادی لە ئاسمانی ئومێد هێنایە ئەرز
خوای شەڕ و دۆلاری ئەمریکایی هێنا ترس و لەرز
مژدە بێ چەسپا نیزامی حوکمی چینی تازە تەرز
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە(٤٨)

بەو ئەندازەیەی ئەدیبانی بۆرژوازی دەستیان بۆ هەموو جۆرە تەکنیکێکی ئەدەبیی بردووە، شـــاعیرانی کرێکاریش لەو بوارەدا درێغیان نەکردووە. کێش و ســـەروا گەرچی لە رواڵەتدا ئاســان دێتە بەرچاو، بەڵام لەڕاســتیدا وەســتایی و شــارەزایی دەوێت کاتێ دەســتی بۆ دەبردرێ. دڵزاری شــاعیر ســەلیقەیەکی بەرزی شــیعری هەبووە و ورد ئیشــی لەســەر کێشــو ســەروا کردووە. (بەرز، ئەرز، لەرز، تەرز)

هەڵبژاردنێکی جوانە و شاعیرانەیە. بەڵام لای سەعید ئەمانی ئەم هەڵبژاردنە بەپێی پێویست ئەو ئیشەی کە دەبێ لەسەری بکرێ، نەکراوە.

یەکسانیم دەوێ بۆ کۆمەڵ
بێ ژانیم دەوێ بۆ کۆمەڵ (٤٩)

ئەم دووبـارەبوونەوەیە (کۆمەڵ و کۆمەڵ) خـاڵی لاوازی شـــیعرەکەی هـاوڕی ســـەعیدی ئەمانییە. شـــاعیر دەیتوانی زۆر بە ئاســـانی خۆی لەم لاوازییە قوتار بکردایە، کە نەیکردووە. لەکاتێکدا شاعیر لە چەندین دەقی تردا سەرکەوتوانە کێش و ســەروای شــیعرەکانی بەجوانی داڕشــتووە. کاکەی فەللاحیش تووشــی هەمان کێشە بووە و لە شیعری ڕاپەڕندا

ماوەیەکە شێخ و ئاغا و میر و ئیستعماری پیس
لاشەتان ئەدڕن بە کەڵبە وەک سەگی هەوشاری پیس (٥٠)

دووبارەبوونەوەی وشە وەکو سەروا ڕەنگە لای هەندێ شاعیر و لە هەندێ دەقدا جوانی خۆی هەبێ، بەڵام بەگشـــتی بێزارکەرە و نیشـــانەی لاوازییە و شـــاعیری بەتوانا خۆی لەم لاوازییە لا دەدات.
زمـانیش بـایەخێکی گرنگی هەیە لە شـــیعری کرێکارییدا. "زمـان لەدەقی ئەدەبی کرێکاریی بایەخێکی تایبەتی هەیە و نووســـەرانی کرێکاریی دەبێ خاوەن زمانێکی ڕوون و ڕۆشــن بن تا بتوانن مەبەســتەکانیان بە جوانی بگەیێنن بە خوێنەر. دەقی ئەدەبیی (بەتایبەتیش شـیعر) گەمەی زمانەوانی نییە تا ســەر لە خوێنەری کرێکار بشـــیوێنرێ و نووســـەریش باڵادەســـتی ئەدەبیی و زمانەوانی خۆی لەڕێگەی گەمەیەکی ناشـــیرینەوە ئەنجام بدات. زمانی دەقی ئەدەبی کرێکاریی بێ گرێ و گۆڵ و سفت و سادە و بەهێزە لە گەیاندنی مەبەستی نووسەر. ئەدەبی کرێکاریی گەرچی زیاتر ڕووی لە خەڵکی ستەمدیدەیە، بۆیە تا دەکرێ دەبێ بەزمانێکی سادە بەڵام جوان و بەرز بنووسـرێ. چونکە زمان سـەنگی مەحەکی نووسـینە و گرنگە زمانی نووسین لەئاستێکی بەرزدا بێ. ئەدەبی کرێکاریی، ئەدەبی فەرامۆش کردنی

ڕەگەزی زمانی نییە لە دەق، بەڵکو شـــانبەشـــانی ناوەڕۆک و پەیامی کۆمەڵایەتی دەق، دەبێ بایەخ بە زمانی نووسینیش بدرێ و پەرەی پێ بدرێ. لەهەمان کاتیشدا مەســـەلەی زمان پەیوەندی هەیە بە کێشـــەی ڕاســـتەوخۆییەوە (مباشـــر) لە دەقی شـیعریدا. ئەڵێم کێشــە چونکە کراوەتە کێشــە و خاڵی لاوازی دەقی شـیعریی. من پێموایە ڕاســـتەوخۆیی لە دەربڕینی شـــیعری کرێکاریی کێشـــە نییە و شـــاعیری کرێکاریی هەقی خۆیەتی دەسـت بۆ ئەو جۆرە سـتایڵە لە دواندنی خوێنەر ببات تا نـــاوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی دەقەکەی بگەیێنێ بە خوێنەر. چونکە جـــارێکی تر بە پێچەوانەی ئەدەبی بورژوازی، شـــــیعر بەدەر لە پەیـام و نـاوەڕۆکی کۆمەڵایەتی مانایەک نادات بەدەسـتەوە. بۆیە بیانووگەلی لە چەشـنی شیعار و دروشـم دان و بەکارهێنان و ڕاسـتەوخۆیی لە شـیعر هۆکارێکە بۆ لە دایکبوونی شـیعری مردوو. نەخێر شـاعیرانی مردوو ئەو شـاعیرانەن کە قسـەیان پێ نییە بۆ خوێنەر. شـاعیری شــۆڕشــگێڕی بەکاربەری زمانی ڕاســتەوخۆ لە شــیعر نەک مردوو نییە، بەڵکو لە جێگایەک قەراری گرتووە کە مەکانەتێکی شۆڕشگێڕانەیە و ڕەخنەگرانی بۆرژوازی حەز ناکەن بەمجۆرە لە بێ پێچ و پەناییە باســی بکەن(٥١). زمانی بەکارهاتوو لەم دەقانەی نێو ئەم ئەنتۆلۆجیایە فرەئاســـتن.تیایاندا هەیە زمانێکی ســـفت و جوان و بەرزی هەیە و هەشـــــیانە لاواز.خەیـاڵ و ڕەگەزەکـانی تری تەکنیکیش وەک بە کەسییکردن و لێکچواندن و میتافۆر و داڕشتن و ..تاد. لەم قۆناغەدا بەهەمان جۆر ڕێژەیی بەکـار هـاتوون و من بە ئەرکی ئەم لێکۆڵینەوەیەی نـابینم کە بچێتە نێو وردکاری و دیتەڵی ئەو بابەتەوە. هیوادارمتوێژەر و ڕەخنەگران ڕۆژێک بەم ئەرکە هەڵبسن و لای لێ بکەنەوە.

## ئەنجام

ئەم کتێبە "ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی" لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەوە تـــا ئەمڕۆ ئەگەرچی یەکەمجـــارە کۆدەکردێتەوە و دەســـــتی بۆ دەبردرێ، ئەو ڕاســـتییەشـــمان بۆ دەردەخات کە ئەدەبی کرێکاریی ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆریش لای لێنەکرابێتەوە، ئەوا بێخاوەن نییە و ڕەخنەگر و دڵسۆزانی ئەو ئەدەبە لە شوێن و کاتی گونجاودا ئاوڕی جیدی لێ دەدەنەوە و هەوڵ ئەدەن وەڵام بە ئاریشـــە و گرێگۆڵەکانی بدەنەوە. پەرش و بڵاوی ئەم ئەدەبە و گەڕان بۆی لە ئەم قوژبن و

ئەو پەسێو و کۆکردنەوەیان لەم ئەنتۆلۆجیایە دەستکەوتێکی ئەدەبیی – مێژوویی – چینایەتی گرنگە و دەبێتە سەرچاوەیەکی بەپیت بۆ لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ئەو ئەدەبە کە بەداخەوە تا ئێستا نەخوێنراوەتەوە. ئەدەبێک بە بەرز و نزمی زۆر و هەوراز و نشێوی زۆردا و بەنێو ڕۆژگارەکان و زەمەندا گوزەری کردووە و هەمیشەش تایبەتمەندی خۆی پاراستووە. گەرچی شوناسی خۆی بەپێی قۆناغە جیاوازەکان وەرگرتووە و لە هەر قۆناغێکیشدا تایبەتمەندی خۆی هەبووە و هەیە. ناسینی ئەم تایبەتمەندیانە و شوناسی ئەدەبی کرێکاریی بەدرێژایی تەمەنی خۆی بایەخی ئەدەبیی و مێژوویی خۆی هەیە و گرنگە چینی کرێکار ئەدەبەکەی خۆی بناسێت و بیخوێنێتەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ئاوڕ لەم ئەدەبە بداتەوە و جارێکی تر بۆ چینی کرێکار و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستانی ڕوون بکاتەوە کە دیسکۆرسی ئەدەبی کرێکاریی دیسکۆرسێکی سیاسیی - چینایەتی گرنگە و لەتوانایدایە لەبەرامبەر سەرجەم هەوڵە کۆنەپەرستەکانی ئەدەبی بۆرژوازی کوردی بوەستێتەوە و بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە ئاسمانی ئەدەبی ئینسانیدا وەک ئەستێرەی گەش بدرەوشێتەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان :

(١) شرۆڤەی ڕەوتی ئەدەبی کوردیی پاش نالی و مەولەویوهەڵسەنگاندنێکی هاوتایانە لە دوو دیالێکتی کرمانجی خواروو(سۆرانی) و گۆرانیدا، نووسینیڕەووف مەحموودپوور - مەریوان بڕوانە وێبلاگی یوونس ڕەزایی

(٢) مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەرەتاوە تا سەدەی چواردەم، بەرگی یەکەم، دانانی دکتۆر مارف خەزنەدار، چاپ و بلاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، لاپەڕە ٢٠٤.

(٣) گەنجینە، بەشێک لە چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی، دڵزار کردوویەتی بە سۆرانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٧.

(٤) الواقعية في الادب الكردي، تآليف الدكتور عزالدين مصطفى رسول، دار اراس للطباعة النشر، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠١٠ ص ٥٩.

(٥) شـیعری کلاسـیکی کوردی لەنێوان "مێژووگەرایی" و جوانناسـی"دا، نووسـینی عەبدولخالق یەعقوبی. بڕوانە سایتی گۆڤاری کۆچ، کۆچ بەرەو مەعریفە.
(٦) لاپەڕەی دووەم لە شـیعری کلاسـیکی کوردیماندا، کەریم شـارەزا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە ١، ساڵی ١ ،١٩٧٢ لاپەڕە ٢٤.
(٧) دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم ١٩٨٤، لاپەرە ٢٦ و ٢٧.
(٨) شێخ سـەلامی شـاعیر (١٨٩٢ – ١٩٥٩) لە دیوانەکەیدا هاتووە و نووسیویەتی "ئیدارەی مالیمان زۆر باش بوو، لەو ناوچەیەدا کەس لە ئێمە دەوڵەمەندتر نەبوو. ماین و ڕەشەوڵاخ و مەڕ و بزنمان زۆر بوو. ئاش و باخ و زەوی و زاری باشمان هەبوو، ژیانێکی شـارسـتانیەتیمان تێئەپەڕاند". لەگەڵ ئەوەشـدا ژیانێکی ئاسـایی ژیاوە و کەوتۆتە خزمەت هەڵوێستە سیاسیی و چینایەتییەکانی خۆی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دیوانی سـەلام ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشـەکی بۆ نووسـینی ئومێد کاکەڕەش، چاپخانەی حەوادث، چاپی دووەم ١٩٩٠.
(٩) دیوانی سـەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشـەکی بۆ نووسـینی ئومێد کاکەڕەش، چاپخانەی حەوادث، چاپی دووەم ١٩٩٠، لاپەڕە ١٨٩، ١٩٠
(١٠) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٩٢
(١١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سـایتی ئینسـکلۆپیدیای ئازاد دەربارەی ئەحمەدی خانی.
(١٢) ناسـیونالیزم و شـاعیرەکانی- حاجی قادری کۆیی- نووسـینی سـلێمان قاسمیانی، گۆڤاری هانا، ژمارە ١٦، ١٧ خوولی یەکەم ٢٠٠١، لاپەڕە ٤.
(١٣) لە ڕێکەوتننـامەی سـایکس بیکۆ کە لە ١٥-٥-١٩١٦ دا مۆرکرا لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسـا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتیان دابەش کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی ویکیپیدیا.
(١٤) لێرەدا هەمیشـە ئەو عەقڵییەتە هەژموونی هەیە کە پێی وایە کوردسـتان دابەشـکراوەتە سـەر چوار دەوڵەتی عێراق و ئێران و سـوریا و تورکیا، بێئەوەی قسـەیەک لەسـەر کوردەکانی جێگاکانی تری جیهان بکرێت وەک کوردەکانی ئەرمەنسـتان. بەپێی وتارێکی تۆسـنی ڕەشـید کە سـەردار جەعفەر لەژێر ناوی "ئەدەبیاتی کوردی لە ئەرمەنستان"دا وەریگێڕاوە، دەنووسێت: "ساڵی ١٩٣٢ ئەمینی ئەڤدال بەناوی (ئافراندنی ئەولین) ئاڵمانـاخی نڤیسـکارە کوردەکان چاپدەکات.

بەرهەمەکانی یەکەم شـــاعیرە کوردەکانی یەکێتی ســـۆڤیەت هەجی جندی، ئەمینی ئەڤدالّ، ئەتاری شــــەرۆو چەند شــــاعیرێکی تر لەوێدا چاپکراون. لەو ئالّماناخەدا وەرگێڕانی زمانی ئەرمەنیش هەبوو. ئەوشــــیعرانە زۆربەیان پەســــنی دەولّەتی سۆڤیەت، سوپای سوورو سیستمی سۆسیالیزم بوون. هەروەها شیعری دژی داب و نەریتە کۆنەکانیش هەبوو". نەک هەر کوردەکانی ئەرمەنســتان بەلکو کوردەکانی جۆرجیاش کەوتبوونە خۆ و یەکێتی نووسەرانی کوردیان لە جۆرجیا دامەرزاندووە و گەلێ کتێبیان چاپ کردووە. بەڵام چونکە زۆربەی ئەو ئەدەبیاتە ئاگامان لێ نییەو بە کوردی و ئەلفوبێی کوردی نەنووسراون بۆیە دەکەونە دەرەوەی بازنەی ئەم ئەنتۆلۆجیایەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەبارەی ئەدەبیاتی کوردی لە ئەرمەنســتان بڕوانە ماڵپەڕی هەواڵنێری سیاسی بروسکە.

(١٥) الحركة العمالية في العراق..نشـآتها و تطورها، ســالم محســن، موقع الرئيســي للحزب الشيوعي العراقي، ١٣ كانوون الاول ٢٠١٥.

(١٦) تاريخ الحركة العمالية في العراق، دكتور ابراهيم العلاف، موقع المدى للاعلام و الثقافة و الفنون، ٢٠ نيسان ٢٠١٣.

(١٧) ڕاپەڕینەکەی جوتیارانی دەشتی هەولێرلە ساڵی ١٩٥٣، ئەوڕاپەڕینەی کە بە گەورەترین ســـــەرهەڵدانی جووتیارانی دەشــــتی هەولێر دادەنرێت کە جووتیاران بەیەک دەنگ و یەک ڕێز بڕیاریان دا چیتر ملکەچی ئاغا و دەرەبەگ نەبن، هەرئەم ڕاپەڕینە بووە سـەرەتایەک بۆ نەهێشـتنی سـام و هەیبەتی ئاغا ودەربەگ کە چیتر نەیانتوانی وەکو جاران ســـوخرە بە جووتیاران بکەن. تەنانەت لەو ســـەردەمەش واتە ســـاڵی ١٩٥٣ حیزبی شــیوعی عێراقی بۆ پاراســتنی گیان و ماڵی جووتیاران دووهێزی چەکداری دروست کرد بۆ بەرگری کردن لە چینی جووتیار و پشتگیری کردنیان، کەهێزی یەکەم بەناوی هێزی (قەرەچۆغ)پێک هات بە ســــەرپەرشــــتی (مەحموود عەدۆ) و هێزی دووەم بەناوی هێزی (بێسـتانە) بوو بە ڕابەری (جەمال شـێخ تاهیر و حەمە عەلی و ئۆمەر مەلا نووری) کەئەرکی پاراسـتنی جووتیاران و ســــزای ئەوکەســــانەیان دەدا کە ببوونە نۆکەری ئاغاو دەرەبەگەکان. بۆ زانیاری خوێنەری هێژا ئەم چەند دێرەی ســـەرەوەم لە نووســـینێکی بەڕێز شـــەماڵ عادیل سەلیم بەناوی نامەیەکی کراوە بۆ سەید کاکە کە لە سایتی ڕێگای کوردستان بڵاو کراوەتەوە، وەرگرتووە.

(١٨) دیوانی مەلا ئاوارە، کۆکردنەوەی عەوڵا مینایی، لاپەڕە ٥٦، ٥٧.چاپی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە شوین و ساڵی چاپکردنی بەسەرەوە نییە.
(١٩) تاریک و ڕوون،هێمن موکریانی، چاپخانەی سەییدیان، چاپی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە شوین و ساڵی چاپکردنی بەسەرەوە نییە.
(٢٠) دیوانی قانیع،شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی هەشتەم ٢٠١٦ ، لاپەڕە ٩.
(٢١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٧.
(٢٢) کاسێتی تیپی پێشڕەوی چەوساوەکان، سروودی "هەڕنە پێش" بە دەنگی سروودخوێن لالۆ ڕەنجدەر کە لە ساڵی ١٩٨٤ لە چواردەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە گوندی گۆپتەپە لە ناوچەی قولاسێوکە تۆمارکرا و بڵاو کراوەتەوە.
(٢٣) کرێکار و چیرۆکی کوردی، نووسینی ڕەئوف حەسەن، چاپخانەی عەلاء، چاپی یەکەم بەغدا، لاپەڕە ٣٧.
(٢٤) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٩.
(٢٥) للمزید من المعلومات انظر المقال ( ذكرى ٦١ لتآسيس آول تلفزيون عربي) موقع الحرية اول ايار ٢٠١٧.
(٢٦) ئاڵەکۆک، هەژار موکریانی، چاپی یەکەم، لاپەڕە ٤٣. چاپی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە شوێن و ساڵی چاپکردنی بەسەرەوە نییە.
(٢٧) سەرجەم بەرهەمی گۆران، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، محمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٠، لاپەڕە ٢٥٩.
(٢٨) ئەم شیعارەی حیزبی شیوعی عێراقی نە کرێکارییە، نە مارکسییە. بەڵکو گوزارشتێکی چینایەتی ڕوونە لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژی بۆرژوازییانەی حیزبی شیوعی عێراق و ئینتمایە بۆ ئوردووی سۆشیالیزمی بورژوازی ستالینیی.
(٢٩) بيان الحزب الشيوعي كارل ماركس و فريدريك انجلس ١٨٤٨ ص ١٦ المآخوذة من الموقع التالي https://www.almounadila.info/wp-content/uploads/٢٠١٥/
(٣٠) دیوانی دڵزار، ئامادەکردنی دڵزار، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاو کردنەوە، چاپی دووەم چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٦ ل ٤١.

(٣١) سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ)، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی سامان مارف بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی، چاپی یەکەم هەولێر ١٩٩٣.

(٣٢) دیوانی دڵزار، ئامادەکردنی دڵزار، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاو کردنەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٦،لاپەڕە ٤١

(٣٣) هەمان سەرچاوە،لاپەڕە ٣٢

(٣٤) دیوانی ڕەفیق سابیر، ل ٣٧٣ و ٣٧٤

(٣٥) دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج، پێشەکی دکتۆر مارف خەزنەدار، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی٢٠٠٧ ، لاپەڕە ٣٣٧.

(٣٦) گەردەلوول لە ئەدەبی کوردیدا ئاراستەیەکی ئەدەبی بوو لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە کوردستانی عێراق، لە بەرانبەر ئاراستەی ڕوانگە یان وەک خۆیان دەڵێن ڕوانگەچییەکان دەیویست لەسەر پێی خۆی بوەستێت. ئومێد ئاشنا و سەلاح محەمەد و خەبات عارف و حوسێن بەفرین ئیشیان لەسەر ئەو ئاراستە ئەدەبییە کردووە و تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە شیعری (پەیامی ئاگرین) ی حوسێن بەفرین بەناوی خەبات عارفەوە بڵاو بکرێتەوە. تا ئێستا هیچ شتێک لەسەر ئەو ئاراستە ئەدەبییە نەوتراوە و یان نەکەوتۆتە بەرچاوی من جگە لە ڕوونکردنەوەیەکی کاک حوسێن بەفرین نەبێت کە لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا بڵاوی کردۆتەوە. ئەوەی من تێیگەیشتم ئەوەیە کە ئەو ئاراستەیە لەبەرانبەر ئەدەبی ناسیونالیستی بورژوازی وەستاوەتەوە. ئەگەر وایە هەزاران سڵاو لەو بەڕێزانە و لەو قەڵەمانە. بەو هیوایەی کاک خەبات عارف یان کاک حوسێن بەفرین زانیاری وردترمان بخەنە بەردەست.

(٣٧) مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی، نووسینی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، ژمارە ٨ ، کانوونی دووەمی ٢٠١٨، لاپەڕە ٩٩ و ١٠٠.

(٣٨) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێکخراوی کارگەران دەتوانن سوود لە نووسینە یادەوەری ئامێزەکانی هاوڕێ ئەنوەر نەجمەدین لە پەیجی خۆی لە فەیسبووک ببینن. هەروەها سەبارەت بە گروهی سەهەند کە دواتر بوون بە ڕێکخراوی (اتحاد مبارزان کمونیست) لە ئێران لە جەرگەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دوای ڕووخانی

شـــــا هـاتنه دامەزرانـدن و هـاوریٚ مەنســــووری حیٚکمەت ڕیٚبەری ئەم ڕەوتە سـیاسـییەی دەکرد و پاشـان لەگەڵ کۆمەڵەی شـۆڕشـگیٚڕی کوردسـتانی ئیٚران، حیزبی کۆمۆنیستی ئیٚرانیان دامەزراند.
(٣٩) لیٚرە مەبەســـت ڕیٚکخراوی ئەدەبییە نەک بڵاوکراوە و گۆڤار، ئەگینا گۆڤاری زەنگی کریٚکار دەردەچوو و پاشانیش دوای ڕچەشکیٚنی گۆڤاری رابەر، گۆڤارەکانی ئەدەبی کریٚکاریی و نینا و شەبەنگیش هاتنە بڵاوکردنەوە.
(٤٠) سـروودی سـڵاوی ئازادی، کۆ شـیعری ڕیٚبوار، ئینتشـاراتی کانوونی یارمەتی بۆ کوردستان، کۆڵن ١٩٨٤ ، لاپەڕە ٤.
(٤١) خۆرنشـینان بارانی وشـە سـوورەکان تەڕم دەکا،کۆ شـیعر، عەبدوڵا سـلیٚمان (مەشخەڵ) ٢٠١٩، لاپەڕەکانی ١٨٧-١٨٨
(٤٢) ئەرخەوانی یاد، کۆ شـیعر، سـعید ئەمانی، چاپی یەکەم، کوردسـتان. سـاڵ و شویٚنی چاپ و ناوی چاپخانەی پیٚوە نییە.
(٤٣) بەیاننامەی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کریٚکاری کوردســــتان، گۆڤاری پیٚشەنگ، ژمارە ١، پایزی ١٩٨٥، لاپەڕە ١٢.
(٤٤) کاروانمان بەرەو کویٚ دەچیٚ؟ ئەحمەد بازگر، گۆڤاری پیٚشــــەنگ، ژمارە ١، پایزی ١٩٨٥، لاپەڕە ٣١.
(٤٥) تۆفان، سـلیٚمانقاسـمیانی (کاکە)، چاپخانەی هانا، چاپی دووەم، سـوید ١٩٩٥، لاپەڕە ٥.
(٤٦) مانیفیٚسـتی ئەدەبی کریٚکاریی نووسـینی عەبدوڵا سـلیٚمان (مەشـخەڵ)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٠٠.
(٤٧) کیٚشـی عەروز و کەشـتی (مەحوی) لە دەریاکەیدا، نووسـینی یادگار ڕەسـوڵ باڵەکی، برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە ١٨٨، هەینی ٤-٨-٢٠٠٠ لاپەڕە ٢.
(٤٨) دیوانی دڵزار، ئامادەکردنی دڵزار، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕیٚوەبەرایەتی چاپ و بڵاو کردنەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولیٚر ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٥.
(٤٩) ئەرخەوانی یاد، نووسـینی سـەعید ئەمانی، چاپی یەکەم، سـاڵ و شـویٚنی چاپ و ناوی چاپخانەی پیٚوە نییە.
(٥٠) دیوانی کاکەی فەلاح، ئامادەکردنی بنەماڵەی شاعیر، ٢٠٠٤، چاپی سـەر تۆڕی ئەنتەرنیٚت کە شوین و ساڵی چاپکردنی بەسەرەوە نییە.

(٥١) مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی نووسینی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٠٣.

# قۆناغی یەکەم

## سەرەتای دەیەی بیستەکان – کۆتایی دەیەی حەفتاکان

تایبەتمەندی ئەم قۆناغەی شیعری کرێکاریی و سۆشیالیستیی ئەوەیە کە شاعیران سەرباری ئەوەی تا ئاستێک کرێکار و خەباتی کرێکارانیان وەک کەرەستەی ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بەکار هێناوە و هەروەها جیهەتگیرییان بۆ چینی کرێکار دەربڕیوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە سەر بە ڕیالیزمی سۆشیالیستین و هەروەها ئینتمایان بۆ سۆشیالیزمی ستالینیی هەیە. ئەوەش ڕاستە کە بۆچوونە بەناو سۆشیالیستەکان، مارکسیستیی نین، بەڵکو تێکەڵییەکن لە مارکسیی و ناسیونالیستیی و پۆپۆلیزمی ماوتیس تۆنگ. ئەم تێکەڵییە کاریگەری لەسەر ڕوئیای شاعیرەکان داناوە و بۆتە هۆی ئەوەی شاعیر نەتوانێ بە تێڕوانینێکی سۆشیالیستی زانستییەوە بۆچوونی خۆی و پەیامی خۆی لەدەقەکەیدا بەڕوونی نیشان بدات. هەر بۆیە جگە لە کرێکار، چینی جووتیار بوونی هەیە و هەروەها لەبری چینی کرێکار، گەل و میللەت بە زەقی دەردەکەون، کە دیارە ئەمەش لەژێر کاریگەری حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمەوە بووە وەک حیزبی شیوعی عێراقی و کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و حیزبی تودەی ئێران و حیزبە شیوعییەکانی سوریا و تورکیا.



# زینەب خانی مەلا ڕەئوفی
# خادم ئەلسوجادە
۱۹۰۰-۱۹٦۳

زەینەب خان لە نەورۆزی ساڵی ۱۹۰۰ لە شاری کۆیە لە دایک بووە. زەینەب خان وەک زۆرینەی شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی کە جگە لە کوردی شارەزای زمانەکانی تری ناوچەکەش بوون (تورکی، عەرەبی، عیبری و فارسـی)، ئەمیش ئەو زمانانەی زانیوە و پێی خوێندۆتەوە. بەهۆی زانینی ئەو زمانانەوە بە باشی توانیویەتی ئەدەبیاتی عەرەبی و تورکی و فارسی بخوێنێتەوە و شارەزای شیعری عەرەبی و کێشەکانی عەرووزی شیعر بێت بەهۆی ئەو ئەزموونەی لای شاعیرانی عەرەبی جاهیلی هەبووە، هەروەها ڕەوانبێژی فێر بووە و لە شیعرەکانیدا ئەو وەستاییەی کە نواندوویەتی بۆ ئەو بەدواداچوونە دەگەڕێتەوە کە بۆ شیعری نەتەوەکانی تر و شیعری کلاسیکی کوردی و شاعیرانی هاوچەرخی خۆیشی هەیبووە.دواتر هەر بەو عەرەبییە ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی خوێندۆتەوە کە دایکێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێربووە. ئەم خانمە مێشکی داخراو نەبووە و ئەدەبیاتی مارکسیی خوێندۆتەوە و ناوی ئەنگلس و مارکس و گۆرکی لە شیعرەکانیدا هاتووە. لە زمانی فارسیشدا شارەزاییەکەی وای کردووە شاکارەکانی سەعدی و حافیز و خەیام و ئەوانی تر بەسەر بکاتەوە و لێیانەوە ڕووناکی بۆ دنیای شیعری خۆی وەربگرێت.زەینەب خان لە ۱/۱۸/ ۱۹٦۳ بە نەخۆشی شێرپەنجە گیان لە دەست دەدات.

**سەرچاوە:** ئەم کورتە ژیاننامەیەی زەینەب خانم لە (زەینەب خان شاژنی بێ عەرشی شیعرستانی سەدەی بیستەم) توێژینەوەی چوارەم نووسینی مەهاباد قەرەداغی ۲۰۱۸ەوە ئامادە کردووە و وەرگرتووە.

## بۆ یەکی ئایار، جەژنی کرێکاران

گەر کرێکار، ڕەنج نەدات و تێنەکۆشێ، بۆ ژیان
درەختی گەل بەری نابێ، ناچێتە پێش نیشتمان
نابێ زەحمەتی کرێکار فەرامۆش کەین تا ئەبەد
ساختومانی قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگاوبان
فەزڵی دەستی کرێکارە، لە هەر لایێ سەیری کەین
هەر لە بێشکەی منداڵەوە هەتا چاڵی گۆڕستان
هەر کەسێ قەدری کرێکار بنێتە سەر چاوی خۆی
خوا عیزەتی پێ دەبەخشێ حیشمەت و قەدری گران
پیرۆز بێ جەژنی کرێکار، ڕۆژی عەیش و خۆشییە
ئەو ڕۆژە هەر پایەدار بێ، تا نەفخی ئاخر زەمان
کرێکار لە هەر جێیەک بێ، خودا سایەی سەریەتی
کرێکاری راست و دروست، خزمەتی زاتی ئینسان
(زەینەب) خۆزگە تۆش دەبوویتە کرێکاری خۆبەخش
بۆ بینایەی قوتابخانەی منداڵانی کوردستان.

١٩٢٤

**سەرچاوە**: دیوانی زەینەب خان کچە کورد ١٩٠٠-١٩٦٣، ئامادەکردنی حیکمەت حەمید مەلا ڕوئووفەفەندی خادم سوجادە، پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستن عەبدوڵا زەنگەنە، هەولێر ٢٠١٨.



# شێخ سەلام

۱۹۵۵-۱۸۹۲

سەلام کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ محەمەد لە ناوچەی وارماوەی قەزای هەڵەبجە لە ساڵی ۱۸۹۲ لەدایک بووە. لەتەمەنی شەش ساڵی فێری خوێندنەوەی فارسی بووە.. ساڵی ۱۹۲۸ لەگەڵ چەند گەنجێکی ئەو دەمە ڕێکخراوێک دروست دەکات بەناوی (کۆمەڵەی زەردەشت). لە ساڵی ۱۹۲۲ تا ۱۹۵۵ گەلێ کارو وەزیفەی حکومی لە ئەستۆ گرتووە و لە ساڵی ۱۹۵۵ خانەنشین بووە. لە ۳ی ئازاری ساڵی ۱۹۵۹ لە دێی دۆڵان کۆچی دوایی دەکات.

## بەیادی دیوانەی بەناوبانگ (ئێل بەگی)یەوە

دنیا هەمووی چاو و ڕاوە
فڕ و فێڵ و بەن و باوە
ڕاستە ڕاستی هەڵگیراوە
درۆو خوشە بە لێشاوە
من لە درۆ گوێ ناگرم
ڕاستیم ئەوێ هەتا ئەمرم
*
دوو ڕێگانە جێگەی ئێستەم
دڵ پڕ پەژارە پڕ لە خەم
بۆ هەردوو ڕێ سەرنج ئەدەم
بەدڵ مەیلی رێی راست ئەکەم
ڕێگەی ڕاستی ڕێگەی ژیرە

هەرچەن ئێستە چاڵ و بیرە
*
ڕێگەی ڕاستی ناهەموارە
چەوت و سەخت و ناڵەبارە
تەلیسمی دێوی تیا دیارە
گەڕانەوەم لەلا عارە
ئەڕۆم، ئەڕۆم هەتا مردن
بەڕاستی ڕێ دەرکردن....!
*
توولەڕێگەی سەختی باریک
لاپێ و پلەی شەوی تاریک
ڕێگە لە من نابڕن ئێوە
هەرچەن پلە و سەخت و کێوە
کاڵای ئاسن لەپێ ئەکەم
ئەڕۆم هەتاکو پێ ئەگەم
*
عەزمی قەویم عەسای دەسە
سەعی و کۆشش پشت و کەسە
جیڕبوونەوەت بەسە بەسە
هیوای عەزیزم دەسڕەسە
سوودی نییە فڕوفێڵت
ڕاست ئەبێتو چەوت و چێڵت
*
ڕێی ڕاست ئەوە ڕێی نەهاتە
شا بۆ حوکمی پیادە ماتە
بەڵام ڕێی راستی ڕێی نەجاتە
ڕێگەی ڕاستیم لا ئاواتە
ڕاستی ڕێگەی ئازادییە
ڕێگەی سەربەستی و شادییە
*
ڕێگەی چەوت هەر قیرتاوە

سەد وەزیری تیا داماوە
دۆلار وەک کا یان وەک ئاوە
کەمتر پیادەی لەسەر ماوە
هەموو سواری ئوتومبیلن
پان و قەڵەو ئەڵێی فیلن
*
دێن و ئەچن بە پەلەپەل
فرتە ئەکەن وەکو مەل
فەرقی نییە بۆ ساغ و شەل
بیرێ ناکەن بۆ کاری گەل
جێگەی خۆیان نەرم و خۆشە
عەدل و ڕاستی فەرامۆشە
*
من هەر ئەڕۆم قەت ناخەوم
لە شاخی سەخت سەرئەکەوم
ئەمڕۆ سبەی ماندوو ئەبم
ئەوسا بە خۆشی ئەسرەوم
سەربەست ئەبم من ئەوەندە
نەیخۆم قەت نانی دەسندە
*
گەلێ پیاوی بێ هۆش و بیر
پارە نەدیو وکۆن و پیر
ڕیزیان ئەکەن بەناو.....
بە بێ ڕەزای گەلی فەقیر
قەسری خۆش و جوان و گەورە
دروست ئەکەن بە یەک دەورە
*
دەوری قەسر باخ و ئاوە
شورەی سەختی بۆ کێشاوە
بان و حەوشی هەر قیرتاوە

مۆتۆکاری لا وەستاوە
سواری ئەبن بە کەش و فش
یادگارن بۆ قەرەقوش
*
وا لەلایا زنجی هەژار
ژن کارەکەر پیاو خزمەتکار
لەگیان و ژین هەردوو بێزار
وا دەست ئەدا بۆ ئیستیعمار
هاوین ڕێ ئاوی گیراوە
زستانە غەرقی لافاوە
*
ئەو قەڵەوە سورە زلە
پان و پۆڕ و خیپشە ملە
خۆی وا ئەزانێ (چەرچڵە)
عیلم و فەنی تەنیا جلە
ئیستیعمارە وا زلییەکا
خاوەنی ناو و جلییەکا
*
ورگی زلی گەن و گووە
عیلمی لەناواکەی بووە
هێزی هۆزی لەبیر چووە
هەروا بووە، هەروا بووە
ڕەنگی سووری تاریک ئەبێ
ورگی زلی باریک ئەبێ
*
سەیارەکەی پەنچەر ئەبێ
خاک و خۆڵی بەسەر ئەبێ
برسی و ڕووت و بێ فەڕ ئەبێ
موحتاجی سواری کەر ئەبێ
دەستەئەژنۆ دائەمێنێ
ئەوسا هاوار بۆ کێ بێنێ

*

منداڵی ڕووت و پیس ئەبێ
ڕەنگی سووری زوو سیس ئەبێ
چاوەڕوانی ئینگلیز ئەبێ
موستەحەقی گوریس ئەبێ
کاتێ ئەزانی خنکاوە
قەسر و پارەی بەجێ ماوە

*

ئەی دووژمنی قەومی هەژار
برسی کەری گشت کرێکار
خاوەن پارەی هەموو ئەعمار
گەڵت سووتان تۆ بەیەک جار
پارەت هەموی چەشنی ڕاوە
حیلە و فێڵ و بەن و باوە

*

تەلیسم و سیحر و ئەفسونت
فڕوفێڵ و چەن و چوونت
دڕک و داڵی سەرنخونت
ئەبێ بەهۆی تیادا چوونت
ئیسمی ئەعزەم من ئەزانم
ئازارت نابێ بۆ گیانم

*

من نامەوێ قەت بەندە بم
یاخو فێری دەسندە بم
یا لای میری پەسندە بم
یا وەکو مەل پەڕەندە بم
لەعاستی گەل شەرمندە بم
ڕوو زەردی خوا و هەم بەندە بم

*

خاکی خۆمە زید و مەئوام

دوور لە شەڕ و دوور لە دەعوام
لەناوماڵما بێ جێگا مام
بوون بە دووژمن باب و برام
لاچۆ بڕۆ هەی دایکی (هاڵ)
بە جێم بێڵە (سووری چاوکاڵ)
*
تاریکستانە جێی شەوم
بە ڕۆژ ناوێرم دەرکەوم
بە ڕۆژ و شەو قەت ناسرەوم
نابێ، ئەبێ من سەرکەوم
شوعلەی ڕووناک من لە خەودا
دێتە بەرچاوم لە شەودا
*
دەور و پشتم ڕووناک ئەبێ
دنیا جارێ چاک ئەبێ
خائن وەکو (زوحاک) ئەبێ
کورسی قەسری کەلاک ئەبێ
ئەوسا منیش بێ باک ئەبم
ڕەفیقی پیاوی چاک ئەبم
*
دنیا هەمووی دڵشاد ئەبێ
ڕێگەی ڕاستی گوشاد ئەبێ
ئەسیر لە بەند ئازاد ئەبێ
زەمانی عەدل و داد ئەبێ
ڕۆژی ڕەشی ئیستیعمارە
جەژن و شادی کرێکارە
*
خەریکی ئیش و کار ئەبم
کرێکاری بەکار ئەبم
دوور لە دەرد و ئازار ئەبم
پشتیوانی هەژار ئەبم

ناچمە سجن و ناچمە زیندان
خزمەت ئەکەم بۆ نیشتمان
*
ڕەش و ڕووتم زۆر خۆش ئەوێ
ئەقطاعی نابێ سەرکەوێ
هێزی هۆزم قەت نانەوێ
با سەرکەوێ، با سەرکەوێ
ڕیشەم زاڵم دێنێ لە بن
بمرێ دوژمن، بمرێ دوژمن
*
هەرکەس هەوڵی هەر بۆ خۆیە
نەک بۆ منە یا بۆ تۆتە
هۆزی نازک ڕەنجەڕۆیە
نانی وشکی بەبێ دۆیە
هەوڵت ئەبێ تۆ بۆ گەل بێ
پۆڵ گرتنت وەکو مەل بێ
*
لەلای خۆمان ئێمە پیاوین
چاوەڕوانی چاو و ڕاوین
گیرۆدەی بەن و باوین
حەپس و دیل و پەل بەسراوین
زنجیر قەف قەف کۆت ئەشکێنم (١)
تۆڵەی دیلی زوو ئەسێنم
*
ئازاد ئەبم، ئازاد ئەبم
بە ئازادی من شاد ئەبم
هاوپشتی عەدل و داد ئەبم
گەل (شیرین)ە، فەرهاد ئەبم
قوڵینگی عەزمم لە پۆڵایە
(بێستون)م لەلا بایە

*

پشت بۆ هەژار دانەوێنە
با سەرکەوێ وەک ئاوێنە
مەردی، ڕاستی زوو بنوێنە
زوڵم و زاڵم بخنکێنە
لاوە کە تۆ ئازاد ئەکا
لاوە دوژمن بەرباد ئەکا

*

دەس ڕاکێشە بۆ کرێکار
بۆ فەلاح و بۆ جووتیار
یەکیان بخە بۆ ئیستیعمار
دەری ئەکەن بە نوکە دار
ئیشی چی یە؟ لەلای ئێمە
هیوای شەڕی بۆچی پێمە.

*

ئیستیعمارت خەرەفاوە
وەها سەری لێ شێواوە
بۆ (گا) ئێسقانی داناوە
بە ڕەشکەکای بە سەگ داوە
هیوای هەموو چاو و ڕاوە
داری دەمانچەی شکاوە

*

لەگەڵ گەلدا فڕوفێڵت
حیلە و درۆ و چەوت و چێڵت
بێنە پاڵی هەموو خێڵت
زەوی ئێمە نابڕێ بێڵت
زەوی ئێمە هەر بەیارە
تەنها هەر بۆ کرێکارە

*

هێزی گەلە گەل سەرئەخا
چەپکە گوڵی وا (کەر) ئەخا

دوژمن لە ترسی بەر ئەخا
وەزیر لە جێی جۆکەر ئەخا
قوماری تۆ هەر بۆ نەوتە
پێڕ و جووتت هەموو چەوتە
*
شەعب ئێستا خاوەن بیرە
خاوەن لاوی وریا و ژیرە
جوڵانەوەی بە تەدبیرە
هەرچەن ڕێگەی چاڵ و بیرە
با لەوێ بێ زوو سەرکەوێ
بە ڕۆژ و شەو قەت نەسرەوێ
*
ئێمە زۆر زۆر لێ قەوماوین
بێ کەس، بێ دەس، زۆر داماوین
بۆ سەربەستی تێ شکاوین
لەسەر ئەرزا بێ ناو ماوین
بۆ چەرخی کورد وا بگەڕێ
لاوی ئەبێ زوو ڕاپەڕێ
*
هەڵسن بەجارێ لاوی کورد
زوو ڕاپەڕن بە دەست و برد
بۆرەپیاو و فەلاحی کورد
کرێکارانی کوردی گورد
مەژین بمرن بە ئازادی
نەوەک ئەسیری و بێ دادی
*
ڕۆم و عەجەم، هیندی چینی
شەرق و غەرب. سەرزەمینی
هەموو بەشەڕ. چ بێ دینی
کە تۆ لێیان زۆر بە قینی

تێکرا برای هاوپشتمن
لەگەڵ تۆدا هەموو دوژمن
*
سیانزە ملیۆن کوردی ناودار
بێ نان و ئاو لە ژین بێزار
حەپسن دیلن بێ ئیش و کار
بۆ ئەم، بۆ ئەو وەک خزمەتکار
تۆ کوردت کرد وەک سوسەمار
وا دەست ئەدا بۆ ئیستیعمار؟
*
لاوانی کورد قەت ناخەون
هەوڵ ئەدەن پێش بکەون
سەر دائەنێن تا سەرکەون
نابێ سەعاتێ بسرەون
بۆچی لە جوو کورد کەمترە
خاکی بەسەر، زۆر زیاترە
*
چەن سپڵەیەک بۆت بوون بە گا
دانا لە دەستت ڕا ئەکا
لاچۆ بڕۆ کێ شەڕ بکا
ئابڕووت تکا ، ئابڕووت تکا
ئاشتیم ئەوێ ، ئاشتیم ئەوێ
خوێن ڕێژ قەت نابێ سەرکەوێ

سلێمانی ١٩٥٢

**سەرچاوە**: دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسین ئومێد کاکەڕەش، لە بڵاوکراوەکانی پڕۆژەی هاوسەر، چاپی دووەم سلێمانی، ١٩٩٠ لاپەڕە ١٨٥-١٩٧.



# حەجی جندی

۱۹۰۸ – ۱۹۹۰

یەکێک لە ڕۆشـنبیرە گەورەکانی کوردی قەوقاسـی ڕووسـیا حەجی جندییە. حەجی جندی لە سـاڵی ۱۹۰۸ لە گوندی یەمانچایر لەناوچەی قارس لە کوردستانی عوسمانی لە خێزانێکی هەژار لەدایک بووە. خێزانەکەیان لە ترسـی سـتەم و زوڵمی عوسـمانییەکان هەڵاتوون بۆ ئەرمەنسـتان. سـاڵی ۱۹۲٦ خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات و دەبێتە قوتابی زانسـتگای یەریڤان. لە سـاڵی ۱۹۳۰ باوەڕنامەی کۆلێجی زمان و ئەدەبی وەرگرتووە. سـاڵی ۱۹۵۵ دەبێتە کارگەری زانسـتی لە ئەکادیمیای زانسـتی ئەرمەنسـتان. سـاڵی ۱۹٦٤ دکتۆرا لە زمان و ئەدەبی کوردیدا بەدەسـت دێنێت و سـاڵی ۱۹٦٦ پلەی پرۆفیسـۆری پێ دەبەخشـرێت. حەجی جندی لەگەڵ ئەمینی عەبداڵ و عەرەبی شەمۆ دەوریان لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لەناو کوردەکانی قەفقاسـی رووسـیادا هەبووە. لەنێوان سـاڵانی ۱۹۳۰ تا ۱۹۳۷ حەجی جندی زۆرترین کتێبی قوتابخانەی داناوە. ساڵی ۱۹۳۳ فەرهەنگی کوردی–ئەرمەنی داناوە و بڵاو کردۆتەوە. گەورەترین ڕۆمانی بەناوی (هەواری – بە هاوار گەیشـتن) بەیادی پەنجا سـاڵەی شـۆڕشـی ئۆکتۆبەر لە سـاڵی ۱۹٦۷ لە یەریڤان بڵاو کردۆتەوە. ناوەڕۆکی شیعرەکانی بەگشتی پیاهەڵدان بووە بە کۆمۆنیزم و کۆڵخۆز و مۆسکۆ و لینین و ئەرمەنستان و گەلێ ڕەزمی دیکەی دەسەڵاتی سۆسیالیزم. حەجی جندی لە سـاڵی ۱۹۹۰ بۆ یەکجاری چاو لێک دەنێ و ماڵئاوایی لە شـیعر و نووسین و ڕۆمان دەکات.

**پێ مەنە**

لە رەخ دیوارێ کرێملا کەڤن
لینین ئوستالین خەورا چوونە

لێ شوغلێ وان گاڤ و سەهەت
کولیلک ددە ل وەتەنێ مە

ئەو چ کو خەون بوو، خەونا سالا
نها بوویە راست ل عەردێ مە
چقا زمانێ تە دگەرە
جەم مە هەنە باغ و باغچە

زاڤۆد و فابریک گشک یێ مەن
یێ مەنە کۆڵخۆز دەشت و زۆزان
چیا ئو کەرخانە تەڤ یێ مەنە
ژبۆ نا مەنە چاییر و چیمان

**ســـــەرچاوە**: مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی ب٧ لاپەڕە ٨١-٨٧.



# سامی عەوداڵ

١٩١٠-١٩٨٥

سامی عەوداڵ نازناوی شیعری چەوساوەکانی کورد (مەلا حوسێنی کوڕی بابە رەسووڵی کوڕی خەلیفە ئەحمەد)ە. ساڵی ١٩١٠ دا لە شاری کۆیە لە خێزانێکی هەژاری ئاینپەروەری ئەدەب دۆست لەدایک بووە. سامی ملی داوەتە کاسبی و بە کوێرەوەری ژیاوە و ماڵ و خێزانێکی پێکەوە ناوە و بە پیشەی پینەدۆزی گوزەرانی کردووە. سامی عەوداڵ تاکو ساڵی ١٩٥٠ لە شاری کۆیە ژیاوە بەڵام لەو ساڵەوە ڕووی کردۆتە شاری هەولێر تاکو ساڵی ١٩٧٢ هەر بە پینەدۆزی ژیاوە، ئینجا گەڕاوەتەوە شاری کۆیە و ژیانێکی نەمر و نەژی بەسەر بردووە تاکو لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٨٥ دا لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی دەروێش خدر بە خاک سپێردراوە. سامی شاعیری ڕاستگۆی چەوساوەکان بوو، ئەگەر قانیع شاعیری چەوساوەکانی لادێی کوردستان بووبێ، ئەوا سامی شاعیری چەوساوەکانی شار بووە و لە ڕێگەی هەژاری و داماوی خۆیەوە شیعری پڕ هەست و سۆزی بۆ داڕشتووین و تابلۆی یەک لە دوای یەکی شیعری ناسکی بۆ کێشاوین. سامی عەوداڵ کردارێکی ئەدەبی بەرزی ئەنجامداوە و هەندێ ڕەمز و چەمکی نوێی خستۆتە ناو ئەدەبی تێکۆشانی چینایەتی و بەم کارەیشی لەسەردەمی چلەکانی سەدەی بیستەمەوە کە مێژووی دانانی هۆنراوەکەیەتی، بەردێکی پتەوی لە بنچینەی تەلاری ئەدەبی شۆرشگێڕیی کوردی داناوە.

## قەلبی من

قەلبی من گەر چەشنی لالە، بێتوو نەوتی تێبکەن
ئاگری دوشمن بێتە گیانم، وەک چرا من پێ بکەن

شەق شەقی کەن گۆشت و ئێسقان، یەک بە یەک خوێی تێبکەن
بێ ترس من دێمە مەیدان، حوکمە ئازادیم دەوێ
گەر نەسوتێم و نەخنکێم، چۆن هەژارم سەرکەوێ؟

نەچمە ناو جەرگی هەژار و شان بە شانی وەک برا
ڕۆح و لاشەم ئیش نەکا بۆ میللەتێکی حەق خورا
بەو شەوی پڕ ترس و تاریک، من نەسووتێم وەک چرا
کۆمەڵی دامای هەژاران، چۆن دەبینن بچنە پێش
لێم گەڕێ با بسووتێم، ببمە خاک و خۆڵەمێش

ببمە خاک و خۆڵەمێش،با تا هەژارم پێ بگا
با بسووتێم بەڵکە گەنج و لاوەکانم تێ بگا
بێتە مەیدان خوێن بڕێژێ، تا حەقی وی پێ بگا
تا بزانی غەرقی خوێنە، کێ حەقی وی خواردووە؟
با لەبۆ حەق خوێن بڕێژی، دەرچی دوژمن تا زووە

تا لەناو میللەت نەمێنێ، فکری ئینسانی دەنی
نەک لەناو مێشک بمێنێ، ببتە مادەی بۆگەنی
شەعبی چاکی پێ نەخۆش بێ، بێتە حاڵی مردنی
خۆشە مردن بۆ بەڵای، وا هیچ و پووچ و پڕ خەتەر
نەک بژی عامل بە برسی و ڕووت و قووت و دەردەسەر

سامی قوربانی گەلت بە، قەت مەژی بەو زیللەتە
هەر کەسێ بمرێ لەڕێگای، نیشتمان و میللەتە
نامرێ هەرگیز دەمێنێ چونکە خاوەن غیرەتە
خۆت بە قوربانی گەلت کە، فەرزە قوربانی لە بۆ
نیشتمانی حور و سەربەست، ئومەتێکی سەربەخۆ

١٩٤٦

## میوەی بێکاریم

بەری بێکاری، ئەشعاری منە
خەمو خەمباری، وا باری منە
ناڵەی شەوانە، خەونی خەوانە
نان و ئاوی ڕێی، هاوکاری منە
خانی و دوکان ورایەخ و بەرگ
ڕۆنو برنج و گۆشت، ساواری منە
کانی و مێرعوازار،بەهاری منە
کامێش و پەز و پاوان و ڕەز و
ڕەشماری خارا و دواری منە

## زاناکانی فەرهەنگی لە کۆمۆندا

سێ شۆڕشگێڕی ناوداری فەڕەنگ
بە چەکی زانین، هەروەکو پڵەنگ
چوونە مەیدانی مافەکانی گەل
سەرکەوتن بە خوێن، بە هێز و بە جەنگ
نەک بە قسەی گەورە و بە پاڕانەوە
بە هاڕو هاڕو ، بڕوخێ بە دەنگ
خەیاڵو نانی ، بێ داس و گاسن
هەڵخەڵەتانە ناگیرێ بە جەنگ
هی دێتە کایە و قازانج و هەبوون
بە یەک ئیمان و یەک بڕوایی و ڕەنگ.

## چەند چوارینەیەکی چینایەتی

جەنگ و لێدانی سەرمایەداران
وا لەسەر خاک و ڕەنجی هەژاران
وا ڕقیان زۆر زۆر لێکدی هەستاوە
هەر وەختە دەست کەن بە زەڕە باران

چوونە ئەستێران سەرمایەداران
ئەی ئێمە چی بکەین، خودای هەژاران؟
کاتێ تەماحکار، بۆ زەنگینی خۆی
دەیکا بە جەنگ و بە ئاگرباران

دەڵێ تەماشای چینی هەژاران
لە تێری سەگی سەرمایەداران
کانی برسیەتی، مافی ئینسانی
بۆ کەس نابینی، لە دەشت و شاران؟

**سەرچاوە**: کتێبی بەشێکی تر لە شیعرەکانی سامی عەودالّ، ئامادەکردنی جەواد حەمەدبەگ، چاپی یەکەم ٢٠١٥.
*** سەرچاوەی ژیاننامە**: کوردیپیدیا



# گۆران

١٩٦٢-١٩٠٤

ناوی عەبدوڵڵا بەگە و کوڕی سلێمان بەگی کوڕی عەبدوڵڵا بەگە. باوک و باپیریشی لە هۆنراوە و وێژەدا بەهرەیان هەبووە.گۆران لە ساڵی ١٩٠٤ یان لە ١٩٠٥ دا لە هەڵەبجە لەدایکبووە. کە یەکەم قوتابخانەی زمانی تورک لە هەڵەبجە دانرا، بۆ پۆلی یەکەم وەرگیراوە. گۆران بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٥ دا بە مامۆستایی لە قوتابخانەی هەڵەبجە دامەزراوە و تا ١٩٣٧ لە خوێندنگەکانی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە.پاش ساڵی ١٩٣٧ ماوەیەک بێکار ئەمێنێتە و دواییش بە یارمەتی تۆفیق وەهبی گوێزراوەتەوە بۆ دایرەی ئەشغاڵ بەشی کاروباری ڕێگاوبانو تا گیرانی یەکەمی لە ١٩٥١دا لەو بەشەدا ئەمێنێتەوە. لە تشرینی دووەمی ١٩٥٢دا لە بەندیخانە دێتەدەر و دەچێ بۆ سلێمانی و دەبێ بە بەرپرسی ڕۆژنامەی ژین. تا ئەیلوولی ١٩٥٤ لەسەر ئەم کارە ئەمێنێتەوە. لە سەرەتای ١٩٥٩دا سەرپەرشتیی گۆڤاری شەفەق ئەگرێتە دەست و بە ناوی بەیان دەردەکات. لە ئیسکانی سلێمانیش دایدەمەزرێنێت و تا ناوەڕاستی ١٩٦٠ کاری تێدا دەکات. ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٠دا دێتە بەغدا و ئەبێ بە یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئازادی. گۆران لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢ ژیانی کۆتایی پێدێت.

## ڕێگای لەنین

لەگەڵ کۆتر شوێن ڕووناکی ڕۆژ کەوتم
نە ڕۆژ نە شەو نەخەوتم
چیا و چیا دەشتا و دەشت دەریا و دەریا
پیوانەم کرد بەرەو باکوور ڕووی دونیا
فڕیم بەناو هەوری بەرزی ئاسمانا
بەسەر هەزار هەزار دیمەنی جوانا
تا گەیشتمە بەر دەروازەی کرملین
ژێر سێبەری پەیکەری بەرزی لەنین
ڕووی سەرنجم کردە هەر کوێ لەنین بوو
هەر خۆی باوک سەرۆک مامۆستای چین بوو
دیم نە بەڕەنگ دیم نە بەدەنگ نە بەبیر
لە کیس چووە بۆ ئینسان لەنینی ژیر
ئێستاش دەستی درێژ ئەکا و بە ئەموست
شەقامی ڕاست پیشان ئەدا بست بە بست
لەتاریکیی دنیای پڕ ئارەق و خوێن
دنیای شەڕ و دونیای جەور و دنیای جوێن
پەلکێش ئەکا ئینسان بۆ دنیای تازە
ئەو دنیایەی هەر خۆشییە و هەر نازە
لەو گەلانەی کە شوێن بڕوای ڕاست کەوتن
وەک گەلانی دواکەوتووی تر نەخەوتن
ئازەری بوو ئازەربایجان وڵاتی
ڕێگای لەنین کەوتە فریای نەجاتی
دوێنێ کەڵبەی گورگی قەیسەر ئەیکرۆشت
وەک تاڵانی بە تێڵا و شەق ئەیفرۆشت
شاری وێران وەک شاری تۆ و دیهاتی
ژاوەی ئەهات لە نەخۆشی و لە قاتی
لە نەزانی و ڕووتی و قووتی و هەژاری

ترس و لەرزی ماڵوێرانی و بێ کاری
بەڵام ئەمڕۆ خاکی ئازەربایجانی
که دوو ڕۆژه هاتووین بووین به میوانی
وا له تیژگی ڕۆژی لەنینا نووقمه
ئەڵێی لەبەر خۆرا گوڵی ئاوریشمه
باکۆی کچی لەسەر دەریاچەی قەزوێن
شانه ئەدا له قژی زەردی خاوێن
لەگەڵ شانه کردنی بەر ئاوێنه
سەری گەرمه به گۆرانی بێ وێنه
غەزەل گەزەل عەشقی فزووڵی و مەجنوون
به دەنگی سۆز ئەخاته بەستەی مەحزوون
تا هونەری ڕۆژهەلاتی ئیسلامی
گەشه بکا و بژی دیسان نیظامی

باکۆ، کانوونی دووەمی ١٩٥٩

## ساوای ئاشتی خواز

مناڵێکم کۆرپەی ناز
وەک باوکی خۆم ئاشتی خواز
کۆتری سپی تەقڵەباز
له چەقەڵ ئەدەم دەرباز
مناڵێکم، مناڵێکم ئاشتی خواز

*

نامەوێ گرمەی بۆمبا
به کوتەک له کەللەم با
نامەوێ چەپۆکی شەڕ
ماڵی باوکم با به با

مناڵێکم، مناڵێکم ئاشتی خواز

❊

باوکم نابێ بێ کار بێ
ڕووت و قووت و هەژار بێ
دایکم فرمێسکی خەمی
وەک دڵۆپی بەهار بێ
مناڵێکم، مناڵێکم ئاشتی خواز

❊

نامەوێ هەتیو کەوم
کەلاوە بێ جێی خەوم
لەبەر ئەوە، مایەی شەڕ
کێ بێ، دوژمنی ئەوم
مناڵێکم، مناڵێکم ئاشتی خواز

❊

ئەمجا مەرجە تا ماوم
بەزمانی پاراوم
گۆرانی ئاشتی بڵێم
ئاشتی رووناکیی چاوم
مناڵێکم، مناڵێکم ئاشتی خواز

## جەژنی ئایار

یادی پیرۆزە یەکەمی ئایار
جەژنی جیهانە بۆ گشت کرێکار
کرێکار بەندی سەرمایەدار بوو
ڕووت بوو، برسی بوو، کز بوو، هەژار بوو
ئەیچەوسانەوە خاوەن سەرمایە
بە مەمرە و مەژی کرێی ئەدایە
لە دنیای تازە شاری شیکاغۆ

هۆشی کریکار هاتەوە بەرخۆ
هێرشیان بردە سەر شەقامەکان
بۆ هەقیان چەشنی شێر ئەیاننرکان...

* تێبینی: ئەم سروودەش ناتەواوە.

## مۆسکۆی ئەیار

بیرەوەری ڕاوەستانێک لە خۆپیشاندانی جەژنی یەکی ئەیاردا لە مەیدانی سوور – مۆسکۆ ساڵی ١٩٦٢

کە پێکەنی جەژنی ئەیار
بەفری زستان کردی عارەق
مۆسکۆی پێشڕۆی دنیای ڕزگار
جووڵەی تێ کەوت لەگەڵ شەبەق

لە کۆشکە بەرزەکانی شار
مرۆڤ دای دا وەکوو باران
لافاوی ناو شەقامەکان
بەگرمەی وەک هەوری بەهار
بەرەو مەیدانی سوور کشا
دەریای مەیدان تێک خرۆشا

شەپۆل ئاڵای سوور بوو، گوڵ بوو
ڕەنگاو ڕەنگ ئەشەکایەوە
لەگەڵ هەر جووڵە و هەر ڕەنگێک
جۆرە دەنگێک ئەزڕایەوە
ئێجگار شەش وشەی پرشنگدار
زوو زوو دەنگی ئەدایەوە

وشەی هەرە پڕ بە دەمیان:
ئاشتی، ئاشتی، ئاشتی، ئاشتی...
دوو ڕەنگیش بوو وەرزشکەران
وەک پەردە ئەچوونە پشتی:
ئاڵ: وەک کوڵمێک گەرمی خەبات
سەوز: وەک ژینێک پڕ لە ئاشتی!...
دوایی، شەپۆلچوو، شەپۆل هات
لە خەڵکی مۆسکۆی بەهەشتی،
ئەو خەڵکەی بەهەشت ئەخوازن
بۆ ژیانی مرۆڤ گشتی!
جۆشی دەنگ و ڕەنگ و جووڵە
گیانی منی خستە سەربالّ
لەئاسۆی دووری وڵاتم
ورد ورد گێڕام چاوی خەیاڵ:
بۆ ڕەنگی سەوز، پاش ڕەنگی ئاڵ،
بۆ ڕزگاری لە ژینی تاڵ!...

٣ی ئەیاری ١٩٦٢

## لە بنی بیرا

وەک قرژانگ و وەک مشک و مار
بەم کونەدا هاتوومە خوار
بە چنگ،بە پێ، بە پاچ، بە دان..
هەڵئەکەنم بۆ خۆم زیندان!
تا هەڵکەنم ڕۆتر ئەچم
هەی قوڕ بەسەر کوڕ و کچم!
بەو ڕەنجەی من بۆیان ئەدەم،
تیکەی وشکیان ناگاتە دەم!

خۆیشم، لە بنی بێ ئەرزم،
بۆ تاریکی و ترس ئەلەرزم،
تەقە وڕەقەی پارچە ئاسن
کە دێ و دەچێ بۆ سەر و بن
پڕ ئەشکەوتێک سام و گومان
ئەخاتە دڵ بۆ داخورپان
هەوای نەفەس گەرووگیرە
قەنارەم قووڵایی بیرە!
ها کات زانی بە (گاز) خنکام
یان ئاسنێک لە کەللەی دام
یان باسقەنەی نەوتی لەپڕ
بۆ ئاسمانی هەڵدام بەگوڕ
کە منمردم، کچ و کوڕم
ئەخۆن لە کام کاسەی پڕم
کێ نانی وشک، کێ بەرگی شڕ
پەیدا ئەکات بۆ کچ و کوڕ؟
بەری رەنجی عومری درێژ
گشت کەوتە لای ئارەق نەڕێژ
کردەم بردەی کۆمپانی بوو
هەم ڕەنجم چوو، هەم نەوتم چوو!
بڵێن دەرچووم لە بنی بیر
بێ هێز، پشت کۆم، ڕیش سپی، پیر!
ئەوسایش پەنا بۆ پەک کەوتوو
هەر مردنە و، مردنی زوو
تا گەل کاری ناوخۆی وابێ،
کوڕیش ژینی چاتر نابێ!
ئەویش وەک باوک، ڕێی کولۆڵی
ئەبڕێ و ئەبێ بە نەوت خۆڵی،

ئەو نەوتەی مام کۆمپانیمان
پوختەی سوودی خستە گیرفان
ئێمەیش لە گەنجی ڕەنج و نەوت
ئاخمان بەرکەوت، داخمان بەرکەوت

سلێمانی ١٩٥٣

**سەرچاوە**: سەرجەم بەرهەمی گۆران دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم محمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق بەغدا ١٩٨٠.
* **سەرچاوەی ژیاننامە**: ویکیپیدیا



# محەممەد کابولی (قانع)

١٩٦٥-١٨٩٨

محەممەد کابولی یان قانع، له شاعیره بەناوبانگەکانی کوردە. به هۆی شیعرەکانییەوە به "شاعیری چەوساوەکانی کوردستان" ناوبانگی دەرچووە. شیعرەکانی قانع هەوێنی بیرێکی پێشکەوتووخوازانەیە. له ڕۆژی ١٥ی ئەیلولی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی له گوندی ڕیشێنله بناری شارەزووری مەریوان له دایک بووە. قانع له کاتی بێ ئیشیدا، کاتی خۆی به خوێندنەوە و بابەتی وێژەییەوە دەبردە سەر، قانعیش یەکێک دەبێت له سەوداسەرەکانی بازاڕی شیعر.که شۆڕشی ئۆکتۆبەری شۆسیالیستی به پێچەوانەی تای کێشی سیاسی ئەنجامی شەڕەکەی به بارودۆخێکی سەر به قازانجی زۆربەی گەلانی ناوچەکە کێشایەوە، سەرەتای بیرکردنەوەیەکی نوێ له ژیانی ڕۆشنبیری شاعیردا سەری هەڵدا. له لایەکی تریشەوە سەرکەوتنی شۆڕشە مەزنەکەی ئۆکتۆبەر و سەرەتای بڵاوبوونەوەی بیر و باوەڕی پێشکەوتووخوازانەی دژ به فاشیزم له نێو توێژ و کۆمەڵە خوێندەوارەکاندا.. بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سۆشیالیستی لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی ئەو سەردەمە بەربەست کرابوو، لەو کاتەدا باس و بەسەرهاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستی و ئامانج و لایەنە سیاسی و ئابووری و نەتەوایەتییەکان بەزۆری بەسەر زارەکی باس دەکران. شاعیریش لەو سەردەمەدا هەست به سەرەتای ڕژێمی سۆشیالیستی دەکات. بەهۆی شەڕی جیهانیی دووەمەوە بیروباوەڕی پێشکەوتووانە له وڵاتدا پەرەی سەند و ئەم پەرەسەندنەش بووە هۆی زیاتر هاندانی شاعیر له دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و کۆلۆنیالیزم. قانع دواجار له ساڵی ١٩٦٥ بۆ یەکجاری ماڵئاوایی له شیعر و نەگبەتییەکانی ژیان دەکات.

# چەکی یەکیەتی

چەن خۆشە ئەو زەمانە لە کوێستان و خوار و ژوور
فەرقێ نییە لە بەینی برا و خوشک و خاڵ و پوور
چەن خۆشە ئەو نیزامە، سەراسەر هەموو وڵات
یەک ڕەنگ یەک مەبەست و یەک ئاوات و پڕ لە نوور
چەن خۆشە ئەو وڵاتە کە جووتیار و ڕەنجبەران
تیایا ئەبن بە خاوەنی حوکم و سوپای جەسوور
چەن خۆشە ئەو زەمانە کە کوێستان و گەرمیان
یەکسەر ئەبێتە جونبشی دەریای هێزی سوور
ئەی لاوی کورد بە بیر و باوەڕی کوردانە یەک گرن
بورکانی ئاگرین بن، لە ڕووی دوژمنی غروور
بینێنە گۆڕی تارەوە، ڕسوومی عەشیرەتی
فەرقێ مەخەن لە بەینی غەنیدا هەتا مزوور
سنعەت بکەن بە هێز و گریکی وڵاتەکەت
ڕازاوە کەن شەقام، تەلار و قەسر و قسوور
لە تۆی دەروونی خاکەوە دەربێنە ڕۆنی ڕەش
خڵتەی دەمارەکانی بپاڵێون بۆ بلوور
شۆڕش بکەن لە ڕووی نەزانین و جەهل دا
تۆوی نیفاق و ئەجنەبی دەرکەن هەتا سنوور
(هاوکاری) کەن بە مەرج و بناغەی ژیانی گەل
تەوحیدی فکرە، شەرتی ئەساسە، نزیک و دوور
شادم بە ئەو زەمانە کە بە داشدیاری ڕەنجبەران (١)
وەرزێر دەنێتە گەردنی ئاغا، گوریسی سوور!

(١) - لە دێڕە شیعرێکی لاهووتییەوە وەرگیراوە.

## ئیش کردن

کوڕی کوردم! خەریک بن بێنە فرمان
لە گۆڕ نێن تەمبەڵی و بێکاری جاران
عەرەق بڕژێ لە سەر کارا لە بەر پێت
لە ڕێی ئیش کردنا بۆ بەرگ و بۆ نان
مەڵێ عەیبە! مەڵێ ناچم لە بۆ کار!
مەڵی ئاواتمە سەردان و سەیران
برام! عەیبی نییە شوانی و سەپانی
ئەبەخشن فەخر و شانازی بە ئینسان
بە سەربەرزی بژی تا ماوە ژینت
نەکەی مل کەچ لە بەر کۆشک و تەلاران
کرێکارێکی خاوەن هێز و بازوو
مەچەک ماندوو بکا تاکوو ئێواران
بە هێزی باوەڕ و شان و دەماری
بە دەس بێنێ ژیانی و خۆی و خێزان
سەپانێکی هەژاری پێ پەتی و شڕ
کە خاوەن غیرەتە وەک شێری مەیدان
بە سەربەرزی لە بەر تیشکی هەتاوا
درەو کا بەرهەمی ڕەنجی لە هەردان
قەزای هێزی لەشی جووتیاری مانوو
لە دوو سەد بۆمب و تانک و تۆپی شاران
ئەمانە خزمەتن نەک کوشتن و جەنگ
هەزار لەحنەت لە کوشتار و لە تاڵان
ئەمانە بەردی بنچینەی ژیانن
ئەمانە خوو و ڕەوشتی پیاوی ئازان

خەڕات و پینەچی و دارتاش و جۆلا
هەموویان پەیکەری فەخرن لە بۆمان
نموونەی پیشەسازیی ئەم وڵاتەن
لە خزمەت کردنا زیادن لە هەموان
ئەگەر پێشکەوتنت لا فەرزە قانع
دە فەرموو هەستە زووکە بێرە مەیدان!

## قەڵاچۆی دوژمن

با هەموو جووتیار و پاڵە و ڕەنجدەران
یەکگرن تا دەبنە هێز و پشتیوان
هەڵگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی
بێ جیاوازی لە سەر ڕەمز و نیشان
هەڵگرن پاچ و چەک و بێڵ و قەڵەم
هەر لە ڕۆشنبیر هەتا شوان و سەپان
هەڵتەکێنن ئەم نیزامە بۆگەنە
دابڕێژن کۆشکی یەکسانی ژیان
تێکی بشکنێن وزە و ئامانجی بەگ
تەفروتوون کەن، ڕیشەکێش کن میر و خان
کاکی کۆلاک دەس لە گەردن هەڵبەسێ
تا بڵێن ها! یەکێتی دەستی شکان
ئەرز و ئاو بۆ چینی جووتیاری هەژار
بەرهەمی نۆش کا وەکوو نۆشی گیان
ئێوە شۆڕشگێر بن پێشڕەوتان هەیە
یەکێتی چەن کۆشکی شاهانەی ڕمان
کۆمەڵی سۆشیالیزم بنیات بنێن

تا وەکوو ببنە نموونە بۆ جیهان
کۆمەڵێک بن پڕ لە بڕوا و یەکیەتی
ئاگرێک بن بۆ گیانی زاڵمان
نۆکەر و سەرمایەداری چاوچنۆک
شاربەدەر کەن، دەربەدەر کەن بێ وچان
ئەو کەسەی خوێنی ئەنۆشێن وەک شەراب
سەرنیگون کەن بیکەنە پەندی زەمان
قەت لە باڕووت و گولە و شەستیر و خوێن
سڵ نەکەن تا ئەچنە هەوارگەی گەلان
ئێوە بنچینە و بناغەی کۆمەڵن
نەزری شانی ئێوەیە ئەرکی ژیان
تێ خرۆشێن، تێ بکۆشێن، کۆڵ نەدەن
تا بە زۆر بیهێننە دەس مافی ڕەوان
نووکی پاچ و بیری ورد و هێزی لەش
ببنە بورکانێک لە گیانی دوژمنان
ڕێکی خەن یاسا و نیزامی هاوبەشی
با بڕووخێ شاە و تەختی خائینان
بەگلەر و سەرمایەدار و خان و میر
پەت بکەن، ڕایان بکێشن بۆ نەمان
ئەو حەلەی کاتێ وڵات ڕزگاری بوو
پیاو و ژن پیر و جوانتان شان بە شان
هەوڵ بدەن بۆ ئاوەدانی و مەعریفەت
تاکوو بێنە ڕیزی پێشکەوتووی جیهان
ئەو دەمەش ڕۆڵەی پرۆلیتاری کورد
دەبنە ڕابەر بۆ وڵاتی کوردستان
کاشکێ یاسایەکی تازەم ئەدی

پڕ لە سوود بێ بۆ گەڵ و بۆ نیشتمان
چارەنووست خۆت ئەبێ دیاری بکەی
نەک تەمایەر بی کە بۆت کەن هەندەران
قانعا، سا تۆش لە گەل لاوانی کورد
ڕوو کەنە مەیدان وەکوو شێری ژیان

## تۆڵەسەندن

بە سەرما ڕامەبوورە کاکی زاڵم!
لە دەستی زوڵمی تۆ ویرانە ماڵم
بە شەو ئێشکچی ماڵی خان و ئاغام
بە ڕۆژ کۆڵکێشێ پووش و دڕک و داڵم
ئەگەر ڕاکەم لە بۆ ملکی یەکێ تر
لەوێشدا قوربە سەر هەر عینی حاڵم
لە دەس قانوونی پیسی میر و ئاغا
لە هەر لا بم، بە دەس زوڵمۆ ئەناڵم
دە زاڵم نۆرەمە، خۆت ڕاگرە بۆم
بچێژە شەربەتی گورز و گۆپاڵم
بە تەنیا چاولەقونجانێک بزانە
ئەسێنم حەقی زوڵمی چەند ساڵم
حەقی جووتیار و پاڵە و ڕەنجبەرانم
حەقی چەوسانەوەی خۆم و مناڵم
بە زەبری کوتکی کاوە مێشکی ئەپژی
قەوارەی پووچەڵی زوحاکی زاڵم
چ خۆشە بێتە دی ئامانجی بەرزم!
ئیتر کۆشک و تەلاری میر نەماڵم

چ خۆشە هێزی ڕەنجبەر ڕابماڵێ
قەلا و زیندانی ئگای بەدفەسالم!
چ خۆشە من بڵێم: ئاغا چ کارەی؟
بڵێ ئەمڕۆ لە گومرکدا حەماڵم!!
چ خۆشە میر بە عینوانی کرێکار
بڵێ: ئیشت نییە؟ ئەمڕۆ بەتاڵم!
چ خۆشە قانعا بێ خۆف و ئەندێش
بڵێیت زاڵم لە کوێیە، من زەواڵم

## کۆتری ئاشتی

ئەی کۆتری ئاشتی، ئەی نووری چاوم
تەسکینی ئێشی جەرگی قرچاوم
بێرە گەردولوول، باڵ ڕاوەشێنە
بە ڕووی گێتیدا ئاشتی بنوێنە
چون ئێمە لە جەنگ تەواو بێزارین
لە بەر هەژاری یەکجار بیمارین
ئێمە هەوڵ ئەدەین بۆ ئاو و بۆ نان
ناشترسین لە جەنگ، یان لە ڕووی مەیدان
ئەی کۆتری ئاشتی، ئەی هۆی ئاسایش!
بە خۆت ئەکەوێ جلوە و نومایش
شەققەی شاباڵت با کەڕ کا دوژمن
بخە ئاسایش هەزار وەکوو من

## کوشت و بڕ

سەرلەنوێ وا مەکینەیی ئەفساد

کەوتە ئیش یەعنی دەستی ئیستیبداد
سەرلەنوێ نۆکەرانی ئیستیعمار
قاپیەوانانی مەرکەزی دۆلار
سەرلەنوێ چنگی رەجعیەی غەددار
سوور کراوە بە خوێن کچانی هەژار
سەرلەنوێ تەختی گەندەڵی تاران
هاتەوە کایە بۆ ئەجەل باران (١)
چەندە زیندانی سەختی پڕ ئەندێش
بوونە مەڵبەندی خەڵکی زەحمەتکێش
بیری ڕۆشن خەڵاتی لێدانە
نیشتەجێی کۆنجی تاری زیندانە
لاوی ئازادیخوا ئەناڵێنێ
کەی بێ تۆڵەی وڵاتی بستێنێ؟
موعتەقەل لیپ و بەندیخانە پڕە
پیاوی زانا تەوژمی فیکری سڕە
سەربەسەر ئەم وڵاتە خویناوە
شەربەتی شادی مەرگ و زووخاوە
شەق وەشاندن شیعاری قانوونە
فیکری میللی زەبوون و مەفتوونە
جوان و پیر لە ژیان هەراسانە
دەک بە لەحنەت بێ حوکمی شاهانە
هەر لە سەر ئەمری حەزرەتی دۆلار
لاوەکانمان کران بە عیبرەتی شار
چیت نەکرد ئەی دۆلار و ئیستەرلین؟
خوێن ڕژانن کرا، بە پەیڕەوەی ژین
چیت نەکرد ئەی گرۆی خیانەتکار؟

بە سەراسەر وڵات و خەڵکی هەژار؟
گوێ گرە پێت ئەڵێم کە ئەم خاکە
گۆڕی تەیموور (٢) و قەبری زوحاکە (٣)
کۆمەڵان هێزی تۆڵە پێک دێنن
حوکمی دۆلار و شا دەرووخێنن

(١) گەڕانەوەی رژیمی کۆنەپەرستانەیە بە سەر دەسەڵاتی نیشتمانی موسەدق دا.
(٢) تەیمووری لەنگ – شەڵ –
(٣) زوحاک – ئەژدەهار

## دەستی یەک بگرن

میللەت دەخیلە، هەستن بزانن
ئێوە شەریفن، خاوەن ویژدانن
سەرێ بەرزۆ کەن، چاوتان ببینێ
پیاوێک بە تەنیا، هۆزێک ئەژێنێ
دەوڵەمەن تۆزێ لە خوا بترسێ
هەواڵی هەژار جارجار بپرسێ
با سێ قات نەبێ خانوو و سەراکەت
پارەی قاتێکیان بدە بە براکەت
تا بیدا بە نان بۆ بەچکەکانی
ئەویش بەش ببا لە زیندەگانی
چەن خۆشە برسی تێر بکەی لە نان
خۆت بۆ بە کوشت دا، لە رۆژی مەیدان
دەوڵەمەن! مەڵێ قسەی بۆ خۆیە
نەبوونی هەژار، نەبوونی تۆیە

تۆ قەسری سێ قات بۆ بکەی بە ماڵ
من نەمبێ زنجێ بۆ خۆم و مناڵ؟

**سەرچاوە**: دیوانی قانیع شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی هەشتەم ٢٠١٦

* ژیاننامەکە لە ویکیپیدیا وەرگیراوە



# شێخ مارفی بەرزنجی

۱۹۲۱-۱۹٦۳

شـــــاعیر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگری لێهاتووی کورد و تێکۆشـــەری پێشـــکەوتنخوازی کورد (شـــێخ مارفی شـــێخ عەبدولکەریمی شێخ حوسێنی بەرزنجی)، لە شوباتی ساڵی ۱۹۲۱ لە ناوچەی قادر کەرەم چاوی بەژیان هەڵهێناوە .شـــێخ مارف بەرزنجی ســـــاڵی ۱۹٤۰ چووەتە ئامادەیی و لە ســاڵی ۱۹٤۳ دا بڕوانامەی دەرچوونی لەئامادەیی وەرگرتووەو هەر لەوساڵەدا بووەتە فەرمانبەر، بەڵام دوای ساڵێک واز لەفەرمانەکەی دێنێ و لەساڵی ۱۹٤٤ دا چووەتە بەغداو لەکۆلیژی ماف وەرگیراوەو لەســاڵی ۱۹٤۸ دا بڕوانامەی دەرچوونی وەرگرتووەو بووەتە پارێزەر. لەساڵی ۱۹۳۹ بووەتە ئەندامێکی چالاکی چەپڕەوی نێو پارتی هیوا و لە ســـــاڵی ۱۹٤۰ دا بووەتە باوەڕپێکراوی قوتابیان لەشـاری کەرکووک و هەردەم گیانێکی شـۆڕشـگێڕی هەبووەو لە هەڵبژاردنەکەی ســـــاڵی ۱۹٥٤ ی پەرلەمانی عێراق، یەکێک بووە لەپاڵێوراوانی بەرەی نیشــــتمانی یەکگرتوو، دەنگێکی ئێجگار زۆری لەسلێمانی بەدەستهێناوە، بەڵام لەئەنجامدا ڕژێم نەیهێشـــتووە ببێتە نوێنەری میللەت لەپەرلەماندا. ســـاڵانی ۱۹٥٤ - ۱۹٥٥، بووەتە پارێزەری جووتیارەکانی کوردســـتان لەدژی خاوەن موڵکە دەســـەڵاتدارەکان و لە زۆرێک لە کەیســەکانیدا ســەرکەوتنی بەدەســتهێناوە و ناوبانگی میللی لەناوچەکەدا بەتەواوی بڵاوبووەتەوە و ناودەنرێ پارێزەری هەژاران .لەدوای شـــــۆڕشـــــی چواردەی تەمموزی ساڵی ۱۹٥۸، چونکە تێکۆشـەرێکی پێشکەوتنخوازی بوو، بۆیە بەسکرتێری ئاشتیخوازانی پارێزگای کەرکووک و بەئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشــتیخوازانی عێراق هەڵبژێردراوە و لەســـەر داخوازیی جەماوەری کەرکووک بە ســەرۆکی شــارەوانی ئەو شــارە دێرینەی کوردســتانیش دامەزراوە و داوی چەند مانگێک لەسەر هەرا و دووبەرەکی کەرکووکی ڕۆژانی چواردە و پانزەی تەمموزی

ساڵی ١٩٥٩ دەستگیرکرا و لەگەڵ دەستەیەک پێشکەوتنخوازی کورد دران بە دادگای سەربازی و فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو. لە بەرەبەیانی ڕۆژی بیست و سێی مانگی شەشی ساڵی ١٩٦٣ فەرمانەکەیان جێبەجێکرا و لەسێدارەدران.

## گاگارین (*)

پۆلاگرین
پرشنگی لە ڕۆژی لینین
بۆ ڕۆژی ئاسمانی بەرین
ئەی گاگارین
ڕەنگی زەردی شەرمەزاری
لە واشنتۆن، گورگانی بۆن
شین و زاری
هەزار نەفرین
بەلام پەکین
جەژن و ئاهەنگ و پێکەنین
دلۆپ دلۆپ
وەکو وشەی مژدەی شیرین
لەچاو ئەڕژێ شادی ئەسرین
ئێمەی دەس بەستەی ناو زیندان
وا باڵ ئەگرین
ئەفڕین، لە خۆشی یا ئەفڕین
چونکە هاوڕێ یەکی شیرین
وەک گاگارین
کوڕی جوتیارێکی زەمین
مژدەی سەرکەوتنی لینین

وەک فریشتە
ئەبا بۆ ئاسمانی بەرین (١)

گرتووخانەی بەغداد

(*) یۆری گاگارین سـاڵی ١٩٣٤ لە گوندێکی یەکێتی سـۆڤیەت هاتۆتە دونیاوە. لەسـەرەتاوە چووەتە قوتابخانەی گوندەکەی خۆیانەوە. پاش چەند سـاڵێک پەیوەندی کردووە بە هێزی ئاسـمانی سـۆڤیەتی یەوە و بووە بە فڕۆکەوان. گاگارین لە ڕۆژی ١٢ی نیسـانی ١٩٦١ دا بە کەشتی یەکی ئاسمانی و بە (١٠٨) دەقیقە بۆ یەکەمجار بە دەوری زەوی دا سوڕایەوە.

(١) تێبینی ئامادەکاری کتێبی سـەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شـەهید (پشکۆ): ئەم شـیعرە لە ژمارە ٧-٨ ی سـاڵی ١٩٦١ی گۆڤاری ڕووناهی دا، بە نازناوی (پشـکۆ) بڵاو کراوتەوە. ئەوەی شـایانی باسـە شـیعری گاگارین لەلایەن دکتۆر مارف خەزنەدارەوە لە ئەتروحەی دکتۆری یەکەی دا کردوویەتی بە ڕووسی.

## هێزی ڕەنجدەران

لێ گەڕێ بابینە ڕۆڵەی گەل لەتەک گەلدا بڕۆین
بۆ شەڕی گورگی ژیانی گەل بە مەردانە بڕۆین
تەختو تاراجی زوڵم تێک دەین بە هێزی رەنجدەران
بێنە مەیدان چست و چالاک، با نەمێنێ بێ فەڕان
با نەمێنێ هەرچی وەک (زالوو) بە خوێنی گەل ئەژێ
نۆرەیە ئینجا بە دەستی گەل هەموو خوێنیان ڕژێ
ئەرز و ئاو بۆ ڕەنجدەران و بۆ کرێکار کارگا
تەندروستی بۆ گەل و هەروەک هەموو بۆ خوێندگا
بێ ئەوەی ڕەنگ و زبان دابەش بکا جینسی بەشەر
هەروەکوو گورگ و چەقەڵ بۆ خوێن و گۆشتی بزن و مەڕ

با براینە بە هاوڕێتی، بە یەکسانی بژین
یا لە کۆڵگە، یا لە کارگا، یا لە خوێندنگا بژین

**سەرچاوە**: سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف نەرزنجی شەهید (پشکۆ)، کۆکردنەوە و ڕێکخســــتنی ســــامان مارف بەرزنجی، عومەر مەعروف بەرزنجی، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٣.



# هەژار موکریانی

١٩٩١-١٩٢٠

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە (هەژار) شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی جۆراوجۆرە. هەژار برای گەورەی سادق شەرەفکەندی سکرتێریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی کوڕی حاجی مەلا محەممەد بووە و لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە مەهاباد لە دایک بووە و بە لاویەتی لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونە تەرەغە. لە ساڵانی سەرەتایی ژیاندا لە لای باوکیدا و دواتر لە مەکتەبخانەکاندا و لە بەر دەست چەند کەس لە مامۆستا ئایینییەکان، دەرسی گوڵستان و بووستانی سەعدی خوێندوە. بەڵام بە پێی ئەو شتەی کە لە چێشتی مجێوردا باسی دەکات، دەستکەوتێکی زۆر کەمی بووە. باوکی هەژار کەسایەتییەکی خوێندەوار بووە و زانیویەتی بە کوردی بخوێنێت و بنووسێت، هەر ئەمەش هانی داوە کە کوڕەکەی (هەژار) هەر لە تەمەنی پێنج ساڵانەوە ئاشنا بە خوێندنەوە و نووسین بکات و دواتریش بینێرێتە مەکتەب و حوجرە. لە ساڵی ١٩٤٠ دەستی بە هۆنراوە وتن کردووە و هۆنراوەکانیئەحمەدی خانی، وەفایی و مەلای جزیری کاریگەری لە سەر هەستی بووە. یەکێتی نووسەرانی کورد کە تازە لە ١٠ی شوباتی ١٩٧٠ دا دامەزرا بوو، لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو یەکێتییە بە سەرۆکی دەستەی بەڕێوبەر هەڵبژێردرا و لە هەمان کاتیشدا کرا بە ئەندام لە کۆڕی زانیاری کورد و توانی لە ساڵی ١٩٧٢ دا پەرتووکی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی لە فارسییەوە بکاتە کوردی و لە

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد چاپی بکات. هەژار لە ژیانیدا گەلێ تاڵی و ئاوارەیی کێشاوە. هەژار ساڵی ١٩٩١ بە یەکجاری ماڵئاوایی لە شیعر و نووسین دەکات.

## مەچنە کار ئەمڕۆ یەکی ئەیارە

خەبەر بنێرن بۆ نزیک و دوور
کۆوەبن، هەڵکەن ئاڵایەکی سوور
ئاسنگەرێ بێ کوتکی لە سەر شان
ڕەنجبەرێ خۆی و داسێکی دەم پان
لە دەوری ئاڵا سروودی جێژن
بە ئاهەنگی بەرز تێکڕا ببێژن:
*
ئەی سەرمایەدار پیسی پارە زۆر
سپی لەش، دڵڕەش، زگزلی خوێن خۆر
تەنبەڵ، تەوەزەل، ترسەنۆک، خوێڕی
بان بانکی نووستووی سەر کۆمای زێڕی
تا کەی تا کەنگێ دەکوژی، دەبڕی!
ئێمە بەو پارەت دەفرۆشی، دەکڕی!
چۆن من شەو و ڕۆژ ئارەق بڕێژم
قەت تامی چەوری و شیرنی نەچێژم!
چۆن گەنم چێن بم شک نەبەم نانێ
چ دینێک ئەمەی بە ڕاست ئەزانێ!
دەسکاری من بێ کۆشک و سەر سەرات
کەچی جێ خەوێ لە من ببێ قات!
حەریری بەرتان من رستم چنیم
ئێوەم پۆشتە کرد هەر خۆمم چنیم!

تاکەی دارتاش بم بێ دەرک و کورسی
جۆلا و جوتێر بم بێ دەرپێ و برسی؟
تا کەی فرمێسکی ژن و منداڵم
ئارەقی ڕژتووی ڕەنجی چەند ساڵم
دەدەی بەئارەق خۆت سەرخۆش دەکەی!
من نەخۆش دەکەی خۆت بێهۆش دەکەی!
ئەی زاڵم دنیا بە پێچ و دەورە
بلەرزە و ببیە ئەم سوێندە گەورە:
*
سویندم بە یەکەم جێژنەکەی ئەیار
سوێندم بە هێزی چینی کرێکار
سوێندم بە چرچ و لۆچی ناوچاوم
دەستی قەڵشاوم، لاقی سواوم
سوێندم بەو باسکە کوتک ئەوەشێنێ
سوێندم بەو پشتەی کۆڵ ئەڕفێنێ
بە گاسن، بە داس، بە شانی بە قوڕ
بە پەستەکی کۆن، بە چۆغەڵەی شڕ
سوێندم بە ڕەنگی زەردی بێ نانان
سوێندم بە نووستووی شەو لە کۆڵانان
بە شۆڕشگێڕی ئوکتۆبری مەزن
پاڵەوانانی هەرگیز نابەزن
پارێزگارانی ستالینگڕاد
گیان فیدایانی سۆڤیاتی ئازاد
سوێندم بە لاوی کۆریا بە چین
بە زەبر و زەنگی لاوانی ڤێتمین
بەو توونسیانەی لە بەندا ڕزاو

سوێندم بە زەنگی، بە ڕمبی ماوماو
بەو خوێنەی پردی بەغدای کرد ڕەنگین
بە ڕاپەڕینی کانوون و تەشرین
بەو توودەی ناوی کرد لە دنیادا
بەوانەی کوژران لە مهابادا
سوێند بە بارزانی چۆڵ کراو، سووتاو
بە قودسی و عیززەت، خەیرۆڵڵا و خۆشناو
سوێند بە ئاشتی، بە کۆتری سەلام
بەژین و خۆشیی گشتی و بەردەوام
هیچ سات و کاتێ دەس هەڵناگرم
یان هەق دەستێنم یان بۆی دەمرم
"ماکارسی"، "دالاس"، "دەویت زەناوێر"
بە مانگ وەڕینیان بێ سوودە، بێ خێر
تێم بەردەی هەزار "کای" و "سینگمان ڕی"
ئاواتی دواڕۆژ هەر دەهێنمە دی
بۆمبای میکرۆب و هێدرۆژین، ئاتۆم
دەیخەمە ملت و دەتهاوێژمە گۆم
دە هێندەی دیکەش وەک زاهیدی و شات
نووری و بەیار و مەلای پیساوات *
هاکا توانەوە بوونە بەفری پار
هەر پایەدارە هێزی کرێکار
لافاوی مێژوو بە گوڕو تاوە
پیسی و پڕ و پووش ئەخاتە لاوە
بەزم ئەگرین لە سەر گۆڕی زۆرداران
دنیا دەبێتە جێژنی هەژاران.

* پیساوا: نیاز پاکستانە.

## بانگی شەڕ لە مارسەوە

لوبنان، نەخۆشخانەی بەحنەس، ٢٠-٩-١٩٥٠

شیعرێک لە زمانی خوای شەڕەوە.

هاوار کۆمەڵی سەرمایەداران
دەستەی خوێن مژان گەلی بەدکاران
ئەی خوێن مژانی فەقیر و هەژار
داگیرکەرانی گەلانی ڕزگار
ئەی جێ هومێدی خوداوەندی جەنگ
کە ئێوەم نەبێ بێکارم، دڵتەنگ
جارێکە ئەم جار لە منتان کەوێ
هەرگیز وەک ئێستاو بۆ هەڵناکەوێ
ئەگەر دەخوازن دنیا وێران بێ
خەلکی سەرزەوی ڕووت و بێ نان بێ؟
ئەگەر دەخوازن پڕ بێ گیرفانوو
لاشە دا بنێن لە چینی خانوو
موستەشفا و مەکتەب بڕوخێن پاکی
بکرێنە دەشتی کاکی بە کاکی؟
لە شارستانی بەڵگە نەمێنێ
لە ئینسانیەت نەمێنێ شوێنێ
گیانی ملیۆنان لە ژن و منداڵ
دەرچێ و بۆ ئێوە ببێتە کووتاڵ
دەخوازن زۆر بن: بێوەژن، هەتیو

ئەویش شک نەبەن دەرمان و بژیو
قیمەتی خوێنی پیر و جوانان
بدەن بە شەراب لە قومارخانان
گەر دەتانەوێ خوێنتان هەر شین بێ
نازیەتی باقی لە سەر زەوی بێ؟
دەستوو دە کلکی ئامریکا گرن
هەتا ئەو مابێ ئێوە نامرن
تا ئەو بێ... ماوە شەڕ و خوێن ڕشتن
ئیستیعباد کردن، بێچارە کوشتن
مەڵێن نازی مرد کەس نەما بۆمان
هیتلەر ناوی خۆی ناوە "ترۆمان"
"ئاچیسون" کوڕمە، "چرچیل" برامە
بێ ئەوان ژیان بۆ من بێتامە
بۆمی "هیدرۆژێن"، یان بۆمبای ئاتۆم
ناومەتە دەستی ترۆمان بۆ خۆم
دوژمنم ڕەنجبەر یان کرێکارە
هێزی بەکاری پرۆلیتارە
ئەگەر من نەبم هەرزانی دەبێ
ژیان، دەرمان، زانین، هەموانی دەبێ
گەورە دوژمنی خوێن و شەڕ و شۆڕ
سۆڤێتستانە و هیزی سوپای سۆر
بە سندمی وان پێوەند کراوم
بانگی ئاشتی بۆتە لغاوم
ستالین دەستم وەبەر نەهێنێ
سەرزەوی دەکەم بە گۆمی خوێنێ.

## پیرۆزبایی

نەخۆشخانەی"گیرتسن" لە مۆسکۆ، ٢٣-٤-١٩٥٩. ڕاسپارەدیەکی ڕادیۆ مۆسکۆ لە نەخۆشخانەی "گیرتسن" هاتە لام و داوای لێ کردم کە بە هۆی جێژنی یەکی مای وەڵامێک بۆ گەلی عێراق بنێرم. منیش لەگەڵ پێشەکییەکی کورتا ئەم شیعرانەم بە دەنگی خۆم تەسجیل کرد و شەوی ١-٥-١٩٥٩ سەعات ٩،٣٠ لە ڕادیۆ مۆسکۆ ڕا بڵاو کرایەوە:

لە مۆسکۆ مەکۆی ڕزگاران
لە ناو جەرگەی دۆست و یاران
لە پەنا کۆشکی کرملین
لە کن گۆڕی پاکی لێنین
لە بەرانبەر ئەستێرەی سوور
جێ هومێدی نزیک و دوور
لە مەیدانی سووری شارا
لە ڕۆژی جێژنی ئەیارا
گوڕەی ملیونها کارگەر
کە کردەیان هاتۆتە بەر
بەرەو عێراقی ئازا و گورد
بۆ کۆماری عەرەب و کورد
بەڕێ دەکەین پیرۆزبایی
پەیمان بەستنی برایی
شاباشی چەمی ڤۆلگا و دۆن
پێشکەش بو زەڵم و تانجەرۆن
پیرۆزبایی نیڤا و سەیحوون

بۆ فورات و دەجلەی دڵ ڕوون *
کرێکاری عەڕەب و کورد
ئازاد بژین دوژمنو مرد
بەرەوپێش ببزوون بەرەوپێش
لە کەس نەوبێ ترس و ئەندێش
کێ لە گەڵتان بە گێچەڵە
بە دەست و پێ کەوتە تەڵە
بزانن ئێوە نە تەنیان
دۆستی ئازادیخوای دنیان
دەستمان لە دەستی یەکدایە
مەڵێن دوورە ئەو مەودایە
محەببەت دووریی بۆ نییە
فەرقی بەغدا و مۆسکۆ چییە!

* زەڵم و تانجەرۆ: دوو ڕووبارن لە کوردستانی عێراق. ڤۆلگا و دۆن و نیڤا و سەیحوون: ڕووبارن لە یەکیەتی سۆڤییەت، رووسیای ئێستا.

**سەرچاوە**: ئاڵەکۆک، شیعر، هەژار موکریانی، شوێن و ساڵی چاپی لەسەر نییە.



# مەلا عەبدولڕەحمان زەنگەنە (بەشدراو)

١٩٢٢-١٩٨٣

مەلا عبدولڕەحمانی زەنگەنە (بەشدراو) لە ساڵی ١٩٢٢ لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٠ دەستی کردووە بە شیعر نووسین. ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ محەمەدی مەلا کەریم و مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە کووت زیندانی کراوە. دوو کتێبی لەبارەی سیاسەت و یادەوەری هاوڕێکانییەوە نووسیوە و بەڵام بەعس دەستی بەسەردا گرتوون و چاپ نەکراون. نازناوی (بەشدراو)ی لە لایەن فایەق بێکەسی شاعیرەوە وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٨٣ لە شاری کەرکووک کۆچی دوایی کردووە.

## ئەم جەژنە

یەکی ئایار و ڕۆژێکی یادگار
جەژنی مێژوویی چینی پرۆلیتار
با بژی کۆشش ئازادی گەلان
بۆ ژیانی سەربەستی و ڕزگار
ئەمڕۆژە یادی گیان بەخشینە تۆیە
بۆ مەرگ خوێن مژی چینی کرێکار
هە گیان بەخشینە بۆ ئازاری چین

بۆ نەمان خوێن مژ بۆ ژین کرێکار

١-٢-١٩٥٨

## یەکی ئایار

یەکی ئایار ڕۆژی پیرۆز و یادگار
جەژنی شادومان کرێکار و هەژار
هەر بژیت کۆشش ئازادی گەلان
بۆ ژیانێکی سەربەستی و ڕزگار
ئەمڕۆژە یادی کۆششە برا گیان
بۆ مەرگ خوێن مژین چین مادار
هە گیان بەخشینە تا مەبەست لە ژیان
بۆ نەمان ئازار بۆ شادی هەژار

١-٥-١٩٧٨

تێبینی: ئەم دوو شیعرەی سەرەوە هەردووکیان یەکن بەشدراو لە ساڵی ١٩٧٨ هاتووە دەستکاری شیعرەکەی کردووە و هەندێ دێری تیا گۆڕیوە. بەو پێیەی لە دیوانەکەیدا هەردوو شیعرەکە چاپکراون، منیش هەردووکیانم لێرەدا داناون.

## گاورباخی

برا سەیر کەن لە کەرکوک چی ڕوویداوە ئەمڕۆ
کرێکاری نەوت بە شۆڕش هەڵساوە ئەمڕۆ
تێکۆشین پڕۆلیتارە بۆ مافی خۆی
جادەی گاورباخی چۆڕاوی خوێناوە ئەمڕۆ

ئەی هاوار لەم ئازارە کە ئەبارێ بەسەر گەلا
کرێکارانی نەوت پتر باران کراوە ئەمڕۆ
ئازادی خوازە بانگ ئەکا با بژی گەل
سەرمایەدار جامی نەگبەتی زڕاوە ئەمڕۆ
کورد و عەرەب ئاشوی برایتە برام
تەمەڵی سەرمایەداری رۆخاوە ئەمڕۆ
نقابەیان ئەوێ مافی کرێکار ئاپی
لەسەر ڕێگەی ستالین کۆشش کراوە ئەمڕۆ
ئەبێت هەر سەرکەوێ پرۆلیتاری مەردانە
ئەکتۆبەری بۆ خولە بەرچاو داناوە ئەمڕۆ
چاو بەرایی نادات بۆ سەیر کردنی لاشەکان
جادەی گاورباخی سەیلاو خوێناوە ئەمڕۆ
هە منداڵ ئەگرێت دایە کوانێ باوکم
دایە ئەڵێ باوکت بۆ ماف کوژراوە ئەمڕۆ
پیرەژن و پیرەپیاو پێ ئەکەنن ئاشکرا
بانگ ئەکەم ڕۆڵەمان مەردانە وەستاوە ئەمڕۆ
گەل بانگ ئەکا نوری سەعید سەرت دەرکە
تاجی ئینگلیز چەکوشی بۆ دانراوە ئەمڕۆ
شیری ئینگلیز چاو کز بو نایبینێت
لە ترسی کرێکاران تۆکی پۆستی بەرداوە ئەمڕۆ
هە ئەبێت ئازاد بێ ڕیز ئازادخواز
مافی کوردە باوەڕی پێکراوە ئەمڕۆ
سەعید قەزاز هیچ نادا بە کرێکار لە مافیان
ئەڵێت گاورن لە ئایین لایان داوە ئەمڕۆ
ئەی برا کرێکاران نانیان ئەوێ بۆ منداڵ
ئای لە درۆی قەزاز بەملاوە و بەولاوە ئەمڕۆ

گاورباخەی مێژووە بۆ تێکوشین چاوەکەم
بەشدراویش کوردێکی برسی و داماوە ئەمڕۆ
١٩٤٦-٦-١٢

## پرۆلیتار

پرۆلیتار ڕۆژی سەرکەوتنیەتی
لە ئاسیادا تازە و وەها بزوتنیەتی
چەکوش داس خۆی دەنا لەسەر شان
سەرمایەداری هاوردە لەرزان
لەم تێکوشینە هیچ نادات ووچان
تا سەرمایەداری نەباتە گۆڕستان
لەشکری سوور بوو هیتلەری جوان
ستالینی شێرانە وەستا لە مەیدان
چەرچڵ و ڕوزفلت مام بیدۆی هاورد
مردن هیتلەری بە بەرزی بانگ کرد
نا مۆسۆلۆنی بە پیتانەوە
بە شاهنشاهی هێز ژاپانەوە
لە ڕووی ستالین گشتیان ئەلەرزان
سەریان لێ شێواماڵیان بی وێران
چرچڵ وتی دەردی ناوخۆیی
داخەکەم کەوا هیتلەرمان ڕۆیی
تازە ناتوانین بە گشت داوامان
ڕاوەستین لە ڕووی مارکسی ژیان
هیتلەر وە ئیڤا پرادەن ژنی
وا خۆیان سوتان لەڕۆژ مردنی

ئەدەلۆڤ سولۆلۆڤ ڕۆڵەی نازداریان
سوتانیان خۆیان بەڕووی بڕیاریان
ئیڤا وتی هاوڕێی بێویژدانە
بۆ ئەم منداڵە جوانانەت سوتان
هیتلەر ووتی نازدارەکەی من
ئیڤا چاو جوان و دڵدارەکەی من
ئەترسم سەرباز ستالین و چرچڵ
پرچیان راکێشن پەتیان خەنە مل
بێژن ئەمانە بەچکەی هیتلەرە
پرچیان ڕاکێشن بە پشت و بەرە
خۆم بیان کوژم چاکترە ئیڤا
نەک تفیان لێکا رووس و ئەمریکا
ئەمەیە پاداش نازی خوێن مژ
ئەوا خۆی سوتان هیتلەری گەل کوژ
بەشدراو لە ژیان ئەوەی وەک هیتلەر
هە ئەبێت کراسی خۆی بکاتە بەر

١٩٤٥

## کێ نەزانە

نەزان ئەوەیە پارە پەرست بێ
یا خۆ بە گەل و کار و خادوێت بێ
یا خۆی بەرز بگرێت لە دەستەی هەژار
یان دڕک لە دڵ کرێکار و جفتیار

یام مار بێ لە مل بێکەس و داماو
یان پەت لە گەردن جینی بەش خوراو

١٩٧٥-١-٤

**سەرچاوە**: گوڵزارستان دیوانی مەلا عەبدولڕەحمانی زەنگەنە ناسراو بە بەشدراو، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٤.



# قەدری جان

١٩٧٢-١٩١١

"قەدری جان"ی شاعیر، ڕامیاركار، چیرۆكنووس، وتارنووس و وەرگێڕ، یەكێك لە شۆڕەسوارەكانی بوارە جیاجیاكان، ساڵی ١٩١١ لە شـــارۆچكەی "دیرك" لە نزیك "ماردین" لە دایكبووە. شـــاعیر لە دونیای شـــیعرەكانی دا گەلێك باڵادەســـت بووە.زۆربەی ئەو ڕووداوە مێژووییانەیكە لە كوردســـتان روویانداوە، جا لە هەر پارچەیەكی بێت، شـــاعیر لە پەســـن و زینـدووكردنەوەیـان كەمتەرخەمیی نەكردووە.دەتوانرێـت بوترێـت كە وەك مێژوونووسێك ڕاستی ڕووداوەكانی بە شیعر تۆماركردووە.

شاعیر لە بڵاوكردنەوەی یەكەم شیعری لە ژمارەیەكی گۆڤاری "هاوار" دا لە ساڵی ١٩٣٢دا كێشی خۆماڵی بەكارهێناوەو بایەخی بە سامان و كەلەپووری نەتەوەییداوە و ســـوودی لە ئەفســـانەو پەند و كەرەســـەی فۆلكلۆری وەرگرتووە. جگە لە كاریگەری وێژەیی كوردی، ســـوودی لە وێژەی فەڕەنســـیو توركیش وەرگرتووە. وەك شـــاعیرێكی داهێنەر هـاتۆتە گۆڕەپانی نووســـین. "قەدریجان" بە زمانە پاراوەكەی خۆی لە شـــیعری كۆن جودا دەكاتەوە. "قەدریجان" ژمارەیەك چیرۆك و شـیعر لە گۆڤاری هاوار و ڕۆژنامەی ڕۆناهی بڵاو كردۆتەوە. ئەم شـاعیرە لە ٩-٨-١٩٧٢ لە تەمەنی ٦١ ســـاڵی دا لە شـــاری دیمەشـــق كۆچی دوایی دەكات و تەرمەكەی لە گۆڕستانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەخاك دەسپێردرێت.

## جەژنا ئۆكتۆبەرێ

د ولاتێ قەیسەران، تام چەل و سێ سال بەرێ
گوور بوو ب دەستێ لەنین شۆڕشا ئۆكتۆبەرێ

مینا پێلێ دەریایێ ڕێنجبەر، پالە، جەفاکێش
د دەستان ئالا مارکس، لەنینێ مەزن ل پێش
ئاژۆتن سەر کەلە و بەدەنێ ژ هەزار سال
ب چاکووچ داسێن خوە دەنگێ تۆپان کردن لال
ئەو کۆزکێن ژ پۆلا ب دوو هەڤ هلوەشیان
سەر جەندەکێ خوێن –مێژان گورۆهێ گەل مشیان
ژ دەستێ زادەگانا گەلێ دیل گش ئازا بوون
ب فێ جەژنێ ڕێنجبەرێ جیهانێ هەمی شا بوون
ب تیرێژا ئۆکتۆبەر گەلەک وەلات چرسین
ژ ڕۆژئاڤا، ڕۆژهەڵات، هەتانی کۆریا و پەکین
د دۆژەها قەیسەران ب ڕاستی چێبوو بوهوشت
هیڤ، ستێرێ رەنگە سۆر ب ئەزمان رەگهشت
د بابلیسکا ئۆتۆم و دڤان سالێ هێڤێن سۆر
فیرعەونەک ژ ناڤ موومیا سەرێ خوە راکر ژ گۆر
مینا باڤ و کالێ خوە، وە ژی دا سەر رێیا خوین
د سینگا مسرو سۆریێ ڤەکر سەد هەزار برین
ئازادیخوازێ وەلات ئەڤ بوونە سێ زبستان
ئاڤێتیە زیندانێ فیرعەونێ ئاخر زەمان
دەستێ پاک کەلەم چێکر ، سەرێ ئازا ب میر کر
سەرەنجاما هیتلەر و موسوولینی ژبیر کر
ئەمێ ئیرۆ پیرۆزکن ژ ناڤ دیوارێ ستوور
جەژنا ئۆکتۆبەرا خوە، خەلاس نێزیکە نە دوور.

زیندانا مەزێ ٧-١١-١٩٦٠
دلاوەر زەنگی، نڤیسکارێ کورد قەدری جان، (دەستنووس).

## ل زیندانا شۆڕەشا مە

ب دەنگەکێ مە زیندانا وە هەژاند
ب قیرینەک مە کەلا وە هەلوەشاند
هوونێ دەربێ مە ببینن جەلادنۆ!
ژ پاش هەسن مە هەیبەتا وەشکاند
*
د ناڤ پۆستێ شێران دە وەک رۆڤیان
زار و زێچێ مە بەزداند ڤان کۆڤیان
دگۆتن قەی ژ مەیدان مێر کشیان
دەستێ ب زنجیر ماسکە ژ روویێ وەکشان
*
مە بالا خوە ب وەر گەلەک درێژ کر
لێ رۆژ ب رۆژ وە دلێ خوە قرێژ کر
چەند دلۆپێن خەزەبێ سەر وە ڕێژ کر
گەشتا کەرامەتا وە، پێ خەسقاند
*
مە سەرما دی، دلێ مە هیچ سار نەبوو
د بن بارێ بەرمیلا، سەر خوار نەبوو
ئیشکەنجەیا ب شەڤ و ڕۆژ، کۆر نەبوو
ب ڤینا خوە، دەڤ و لێڤێ خوە چراند
*
بژی یەکیتیا شێرێ قەفەسان
هەڤالێ مە پەرواز دکن ل ئەزمان
ئەمن ڕۆناهیا تاریا جیهان

لێنینیَ مه تۆڤیَ ئاشیتییَ چاند

زیندانا مەزی  ٥-٤-١٩٦١
دلاوەر زەنگی، نڤیسکاریَ کورد قەدری جان، (دەستنووس).

**ســـەرچاوە**: قەدری جان شـــاعیری داهێنەر و نیشـــتمانپەروەر،  نووســـینی ئازاد عەبدولعەزیز مزوری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢، لاپەڕە ١٦٩-١٧٢.

**سەرچاوەی ژیاننامە**: کوردیپیدیا



# عوسمان سەبری

۱۹۰۵-۱۹۹٤

عوسمان سەبری لە پێنجی کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹۰۵ لە گوندی نارنج لە قەزای کاجتە لە باکووری کوردستان لەدایکبووە. دەچنە سووریاو لەوێ دەست بە خوێندن دەکاتەوە و فێری زمانی عەرەبیش دەبێت. عوسمان سەبری تێکەڵاوی سیاسەت بووە و بڕوای بە دیموکراتییەت هەبووە و لایەنگری خەڵکی هەژار بووە و دژی ئیمپریالیزمی ئەورووپی بووە. ساڵی ۱۹۳۲ -۱۹٤٥ لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی بەدرخانەوە نزیک بووە و نووسینی لە گۆڤارەکانی (هاوار) و (ڕووناهی)دا بڵاو کردۆتەوە. ساڵی ۱۹٥۷ جموجۆڵی سیاسیی بەهێز بووە، ساڵی ۱۹٦۰ گیراوە و لە ساڵی ۱۹٦۲ لە زیندان هەڵاتووە و خۆی لە بەیروت شاردۆتەوە. دواتر گەڕاوەتەوە سوریا و لە دیمەشق گیراوەتەوە و ساڵی ۱۹۷۳ ئازاد کراوە. عوسمان سەبری زیاتر لە سەد جار گیراوە و نزیکەی دوانزە ساڵی تەمەنی لە زیندان بەسەر بردووە و دووجار فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە. تا لە ڕۆژی یانزەی تشرینی یەکەمی ۱۹۹٤ لە دیمشق کۆچی دوایی کردووە و لە گوندی بەرکفری بەخاک سپێردراوە.

## مارشا ئاشتی یێ

خوتێ چاک ڕابە زوو مە دڤێ دلشادی
سەرخوە بوون، ئاشتی، سەربەرزی، ئازادی
ڤان تشتان هەر دڤێ پڕ خەبات وەست و خوین
بەری مە سەد هەزار، سەد هەزار تێدا چوین
کۆلیدار بوونە هار، وان دڤێ جەنگ و شەڕ

دڤێ ڕێ پر ددن دۆلارا زێرێ زەر
ئاگرێ شەڕ دادان، کۆریا بوو دۆژە
تانک و تۆپ قەمبە ل خوینا وان درێژ
ئەڤ هەمی د رەیا دە لەمەندێن چلەک
د مرن کچ و کوڕ، مێر و ژن یەک بە یەک
مەهیلن سەر ببە ئاشتی ئۆل و ژین
ئەم برا تەڤ هەمی بۆ چ ئەڤ قروکین
سۆر و گەورم رەش و سەر ئەم یەکین تەڤ برا
هەمی یان یەک ڕییە، یەم ڕامان، یەک چرا
مەسیحی، مووسەوی، مسلمان، هەمدەمین
مەجووسی، ئێزیدی، تەڤ کورێن ئادەمین
مە دڤێ ئاشتی ناخوەزین سەروبەند
بمرن کۆلیدار شەرخوەزێن دەوڵەمەند
هەر بژی ئاشتی ئاشتیخواز بژین
سەربلند، سەرفراز، هەروەکی باز بژین

**سەرچاوە:** مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی ب٧ ، لاپەڕە ١٤.

## باهۆز

وا ها!
ڤایە هات با!
جهان تەڤ بوو سەرما.
هو... ڤ...
هو... ڤ...
گەهـ بایێ رەش،
گەهـ بایێ کوڕ،
چیا.
نەوال،

زماگ
ب هەڤ رە یەکدەنگ دکن گورەگور.
دو بایێن تووژ
دو بایێن سار
رادهێژینن
گیا و دار،
هو... ڤ...
هن... ڤ...
یەک ئەوران دجڤین،
ئێ دن ژ هەڤ درەڤن،
دکن شەر،
ب ئاور.
یەک هوویە هورمز
رووگەش و ل کەن.
ئێ دن بێمرێس
وەکی ئەهرەمەن.
ل روویێ ئەردێ،
د ناڤا ئەزمێن
ئەورێن رەش،
ئەورێن گەور،
راست و چەپ
دچن تێن.
هەردو بایێن ها،
ب خورتی و شین
هەڤدی کۆل دکن
وەک دو دێوێن دن.
هەردو با،
ب ڤی حالێ ها،

دکن شەڕ،
دکن جەنگ.
دنیا سەر و بن،
هاویر بوویە دەنگ.
گوڤڤین ...!
گوژژین... !
گورمین... !
دهەژە جهان،
دهەژە زەمین.
*
بایێ کوڕ،
ژ باکوڕ،
ب لەشکەرەکی خورت،
لەشکەرەکی گوڕ،
ب پیڵلان،
ب کللان،
داژۆ سەر نەیار،
وەکی گورێ هار
دا کو ب دەرخە
د ناڤ جهـ و وار.
دکن شەڕ،
دکن جەنگ.
گوژژن...!
گوڤڤین... !
گورمین...!
ژ هەر ئالی دەنگ.
ژ هەر ئالی شین؛
هۆلێ ب خورتی،
ب زرت و هالان

ئەو رووییَ ئەردێ
هەر دکن تالان.
شۆپا وان خۆپان،
شۆپا وان ب خوین.
شوونا تاژانگان
تەڤ دبە برین.
*
تەرتلی هورمز
ژ بەر ئەهرەمەن؛
دەرکەت ژ قادێ
هێ ژی روو ل کەن.
سست بوو بایێ رەش
دەرکەت ژ مەیدان.
بایێ کوڕ ب زۆر
همبێز کر جهان،
باکوڕ
وەرگەڕی
هۆلێ بوو باهۆز.
جهان سەراسەر
بوو دوومان و تۆز.
دنیا ما ل بەر
دێوێ هار و رەش.
کامباخکەرە ئەو
مێرکوژ و کەلەش؛
ژ بۆ دەمەکێ
جهان ما ب وی.
دبوونە خوەدێ.
د ناڤا وی جی.

خوداکی بێڤاج.
خوداکی جەببار،
کارێ وی کامباخ،
گەلەک زیناتکار.
هەیهات!
هەیهات!
ڤی بایێ بێ باف،
جەرگ و هناڤ پات،
باهۆز،
بێ دۆز،
وەکی روهستین
ب سەر مە دە هات.
باهۆز!
باهۆز!
روویێ ئەردێ تەڤ،
بوو دوومان و تۆز.
ستوون ب ستوون
گهان بەر ئەزمان
رجفین و لەرزین.
گهاشتە جهان
بۆبلات،
بۆبلات. ..
ئەڤ چ بەلا بوو
ب سەر مە دە هات؟
چیا و زماگ،
رێل و گۆڤ و شاگ،
ئاڤاهی، خربە،
باژاڕ، قەسەبە،
دار و بەر، گیا،

زنار و قەفا،
تەڤ ب حکمێ با
دلەرزن،
دهەزن،
درجفن،
ژ ترسا،
ژ بەر با.
*
چ ئەرد و چیا،
چ ئاڤ و دەریا،
ژ بەر هنگێن بێ
دکەڤن تایێ.
داران هل دکە،
قەفان گێڕ دکە؛
خانی تێنە خار،
دبن تار و مار.
ل روویێ ئەردێ
مەرڤ تناور
گەشتی د دەریا،
ل ژۆر بالافڕ.
رێ ل بەر تەڤان
وندا بوویە هەر
هن دبن تننە،
هنەک ژێ سێسەر.
هەوار!
ئەمان!
ژ هەر ئالی تێ.
دەنگ ژ خوەیی جان

ب شین و گرین
فەریاد و فغان
نزان بچن کوو
دەهبە و ئینسان؟
*
باهۆز! باهۆز!
جهان رەش، تاری
تەڤ دوومان و تۆز
رێزانا دنێ
ل هەڤ خست یەکجار
دەریا ل هەڤ کەت.
چیا هاتن خار.
ئەڤ دەما هندک
گەلەکی درێژ
هەمی شەوشین
بوونە مەست و گێژ.
دەڤەڕوو کەتن،
نەما کەس رابوو،
ئەزمان وەرگەڕی
ب سەر مە ڤا بوو،
جهان سەر و بن
ل ژێر و ل ژۆر،
تەڤ دە بوون خۆپان
وەلات و سنۆڕ.
هەمی سەرنەخوون.
چ خورت و چ ژار،
ل راستەکێ مان
دەولەمەند، زیڤار.
ژ من کو نە ما

کەسەک د جهان،
سەر روویێ زەمین
تەڤ بوو گۆرستان،
*
هینگا،
هێ تێ با؛
باکی بێ ئەمان
هەر دکە وێران.
ژ نش ب دەرکەت
پەیاکی رەشکال،
ل سەری کۆلۆز،
ب شاپک و شال.
هلمشتی، سڤک
و چالاک و شەنگ،
هم ب زەند و بەند
خوەشمێر و چەلەنگ
رووگەش و خوینگەرم
گەلەک سەرگران،
سەرگەڤاز و خورت،
فێرس و هۆزان،
ب سەمت و سوهون،
خورتی و تەوات،
بەرێ خوە ددا
ناڤچایا وەلات.
وەک رستەم،
وەک گودهەرز،
بێ تەلاش و بەز،
ب ڤین،

ب شین.
د ناڤ کوونتارێن
زاغرۆس دمەشین.
بەرێ وی ل ژۆر.
باوەرمەند و خورت،
ئالەک کەسک و سۆر
ب دەستێ خوە گرت.
نە تۆز و دوومان،
نە با و باندەف
نکارن بادن
بەری ژ هەدەف.
بێ ترس و پەروا،
ب دلەکی گەش
بەرێ خوە دابوو
باهۆزێ کەلەش.
وەلێ چوو گازێ،
بێ کەتن و وەست
ئالا کەسک و سۆر
ل دارەکی بەست
بەرێ،
ب ئاوڕ
بەری دا جهان.
دەما
کو وی دیت
هەمی پەریشان...
دلێ خوە ئێشاند
وی ل سەر بەشەر
دگۆت: ژ بۆ چ
بوون هەڤالێ شەڕ؟

دەما کو شەڕ تێ
تەڤ دە دڕەڤن
هۆلێ دەڤەڕوو
نەخوون دکەڤن.
مخابن!
چ کرێت!
سەری داتینن
بێ شەرم و فهێت...
*
ئەو بایێ مێرکوژ،
باهۆزێ خوینخوار
کو جهان هەمی
دکر تار و مار،
ل پێش سوهنا وی
رەشکالێ رووگەش
پاشپێ دڕەڤین
ئەو دێوێ کەلەش.
ماندی خویا بوو
گەلەک، ئەهرەمەن.
هورمز ئاژۆت سەر
هێ ژی روو ل کەن
پشتی کو رەڤاند
وی سنگا باهۆز
جهان ڤالا بوو
ژ دوومان و تۆز
دارێ خوە هلدا
ب ئالا رەنگین

سنۆڕێ وەلێت
ژ نوو ڤە دانین.
*
پشت کو رەڤی
ئەو دێوێ کەلەش
زڤڕی مەیدان
دیسا بایێ رەش.
لێ ڤێجار ب تەن
خەباتا خوە کر.
هلما د دەریا
و ئەردێ راکر
ل روویێ ئەزمێن
وی ئەور جڤاندن
چ رەش ل چ گەور
ل هەڤ گەڕاندن،
بەرێ پڕ سڤک
دباری خوناڤ
پاشێ گران کر
داخست تاڤ ب تاڤ.
چەنداکی وەلێ
روویێ ئەردێ شوشت
قرێژ و گەمار
نەهشت تەڤ دە مشت.
ئەورێن د ئەزمێن
ئاڤا خوە رژاند
روویێ جهانێ
یەکەڕوو دڤەژاند.
کولیلک و گیا،
رێل و دار و بەر

تەڤ سەری هلدان
شین بوون سەراسەر.
*
هینگا
د جهان
نەمان پیس.
تەڤ دەلال و رند.
وێران،
خۆپان ئاڤا بوون
چ باژاڕ و گوند،
قەلیا تۆڤێ
شەرخوازێن تەرەس
نەمان ئەو دووپشک،
مرن ئەو ناکەس.
پشتی مرار بوو
ئەهرەمەنێ مار.
شەوتی د ناڤ
پۆتێن کۆلیدار.
رابوون، دلگەش،
یەکدەست
کارکەر و جۆتکار،
کۆلان، گۆڕەک
پڕ کوور
ژ بۆ کۆلیدار.
ژێ رە
دانین کێلەک
مەزن و گران
ل سەر نڤسین:

«ل ڤر
رادزێ شەیتان؛»
*
دنیا ب خوەشی
ژ نوو ئاڤا بوو.
زڤەر، جەوێلەک
دلگەش و شا بوو.
رێزان، شێورەوی
تەڤ ئاشیتیخواز
د ناڤ وان نە مان
برچی بەلەنگاز.
جهان، ژ نوو ڤە
هۆلێ بوو بوهشت.
دەلال و شێرین
ڤێ جار دکارن
رەش و گەور،
سۆر و زەر
ب هەڤ رە بژین.
بژین ب خوەشی،
ب روومەت
ب شادی و کەن!
هورمز بوو سەردەست
هەر و هەر ل سەر
ئەهرەمەن

**سەرچاوە**: سایتی ڤیژین بووکس http://www.vejinbooks.com/view

# محەمەد ئەمین پێنجوێنی



محەمەد ئەمین پێنجوێنی ساڵی ١٩٤٤ لە پێنجوێن لە دایک بووە. تا قۆناغی دواناوەندی خوێندووە. ساڵی ١٩٥٨ تێکەڵی کاری سیاسی بووە و ساڵی ١٩٦٣ بۆتە کادیری حیزبی شیوعی عێراق . ساڵی ١٩٩٣ چووەتە ئەوروپا. ساڵی ١٩٩٤ یەکێک بووە لە دامەزرێنەران و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات. ساڵی ١٩٩٨ دەستەی دامەزرێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بووە و تا ئێستاش ئەندامییەتی. ساڵی ٢٠٠٤ گەڕاوەتەوە سلێمانی و چەند پەڕتوکێکی چاپکراوی هەیە.

## مرۆڤ

من ئینسانم
هەموو گیانم
وەکو ئینسانی ڕووی جیهان
لە یەک ئەچیٚ بە بیٚ گومان
جا بۆچی من
وەکو دوژمن
سەیری یەکێکی تر بکەم
هەموو هەر حەز لە ژین ئەکەین
لەیاری و پێکەنین ئەکەین.
*
ئینسان ئەبیٚ ئینسانی بێت
گشت کەسی لا یەکسانی بێت

هەوڵی ئاشتی جیهانی بێت
نەک هەر خۆمان خۆمانی بێت

تێبینی شاعیر: ئەم شیعرە لەوە زیاترە کە نووسراوەتەوە، بەڵام هەر ئەوەندەیم لەبیر ماوە. لە میهرەجانی ئاشتیخوازاندا کە لەساڵی ١٩٥٩ دا لەپێنجوێن بەسترا، خوێنرایەوە و مامۆستا گۆران ئەم شیعرەی زۆر بەلاوە پەسند بوو.

## گۆرانییەک بۆ کرێکاران

کرێکارین پێشڕەوی میللەتانین
ئاشتیخوازین پێشمەرگەی نیشتمانین...!
لەبەر تیشکی ڕووناکی
بیری (لینین)
ئێمەو کاروانی گەلان
ڕێ ئەکەین بۆ پێشەوە
جەرگی تاریکی ئەبڕین
بۆ ئازادی و زەوی و نان
بە ئازار و ئێشەوە
کرێکارین
لە مردن بەهێزترین
قاڵبووی کورەی زەمانین
لە پۆڵا قایمتر و
لە ئاگر بە تینترین
وا مانای ژین ئەزانین
کرێکار و جووتیارین
بیروباوەڕمان پاکە
لەپاش مردن
بیرمان گەش و ڕوناکە

کەلکەسماق ١٩٦٣

## کرێکار

کرێکارم سەرگەرم و وێڵ
بە پاچ ورگی زەوی ڕەق هەڵ ئەدڕم
کفن بۆ تەرمی خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم ئەبڕم
بە بێڵ و پێک و نوێڵ
جەرگی خڕکە ئەکەم بە ئارد
تەمەنم کورت ڕوو دەغەزار هەناسەم سارد
تۆز و خۆڵی گەرمی ڕێ و کار
پڕژەی پێچکەی ماشێنەکەی سەرمایەدار
زوقمی زستان هەڵ ئەمژم
گوڵی لاوێتی خۆم ئەکوژم
سییەکانم ئەبنە لانەی ئازار و دەرد
گورچیلەکان ئەبن بە بەرد
چەوسانەوە و زەحمەت و ڕەنج
لە بەرهەمم هەڵ ئەچەنێ
بانق و قاسەی ئەئاخنێ
خاوەن سامان لە زێڕ و گەنج
بە ئارەقەی ناوچەوانم..
ئەو شەو "ویسکی" ئەخواتەوە
بە ئەرکی ڕۆژ و شەوانم
لە باوەشی سۆزانیا
لە بۆنی خۆش و جوانیا
لەتر و وەنەوز ئەیباتەوە
لە ئارەقەی ناوچەوانم
لە ئەرکی ڕۆژ و شەوانم
ئەوشەو "ئارەق: ئەخواتەوە
لەسەر مێزی "ڕۆللێت" "پۆکەر"

هەر ڕاکێشانە بۆ جۆکەر!!
لەتر و وەنەوز ئەیباتەوە
بە پارەی ڕژاوی دەوری
بە زەبری کوتەک و جەوری
عەیب و عاری ئەشواتەوە
منیش بە خۆم و خێزانم
بێ بەری بووین
ئا لەم ژیانە دەهری بووین
لە ڕەنجی ڕۆژ و شەوانم
لە ئارەقەی دەفەی شانم..!
هاکا ڕۆژێ بەسەرما دێ
چەکوشم ناولەپی دەس بگرێ
سەرمایەدار و بۆرژوا
وەکو زوحاک مێشکیان ڕژا...
ژینی چینەکان یەکسان بێ..
شار و لادێ ئاوەدان بێ.

**سەرچاوە**: ڕۆح و هەور وبەفر، شیعر، محەمەد ئەمین پێنجوێنی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨.



## مدحەت بێخەو

مـدحەت خـدر عەبـدوڵلا (بێخەو) لە ســـالّی ١٩٣١ لە شـــارۆچکەی مەخموور ســـەر بە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە. هەر لە منداڵییەوە بەهرەی شـــیعری تیا بووە و لە ســـالّی ١٩٤٧ بەهۆی وردبوونەوە لە ژیانی هەژاران، ئازار و چەوســـانەوەی جووتیار و پاڵە و ســـەپان سەرنجیان ڕاکێشاوە. ژیانێکی سەخت و پڕ چەرمەسەری ژیاوە. لەبواری سیاسیدا چالاک بووە. ســـالّی ١٩٥٣ لەیادی حەوت ســـاڵەی مانگرتنی کرێکارانی گاورباخی بەشـدار دەبێت و زیندانی دەکرێت. هەر لەو ســـاڵەش دەســـت بە شـیعر نووســین دەکات.ساڵی ١٩٤٠ لەگەڵ بنەماڵەکەی هاتۆتە هەولێر. ساڵی ١٩٥٣ یەکەم شیعری خۆی بە ناوی "ڕاپەرینی جووتیارانی دەشـــتی هەولێر" نووســـیوە، دەســـتەی دامەزرێنەری یەکێتی نووســـەرانی کورد بووە لە هەولێر و لە زۆر کۆمەڵە و ڕێکخراوی مرۆیی و رۆشنبیری ئەندام بووە. بەرهەمی لە گەلێ گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بڵاو کردۆتەوە لەوانە هەتاو، پەیام، هیوا، ژین، شـەفەق. بێخەو شـاعیرێکی خاوەن هەڵوێســـت بووە و تەنانەت لە ســـالّی ١٩٩٤ بزوتنەوەی ڕۆشـــنبیرانی ئاشتیخواز پێکدێنن لە هەولێر.مدحەت بێخەو  شەش کتێبی چاپکراوی هەیە جگە لە کۆمەڵێک بابەتی دیکەی ئامادەیە بۆ چاپ وەک داســتانە شـیعری هەولێری دێرین. ڕاپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر کە ساڵی ١٩٥٣ نووسراوە.

## یەکی ئایاری ١٩٥٧

یادی ڕۆژێکە کە ئاڵای یەکیەتیتان هەڵکرا
بۆ دواڕۆژتان لە گێتی مافی ونتان جاڕدرا

بۆ هەموو دنیا گزنگی بیری ڕاستی پەخشرا
پەردەیی فێڵی دزینی هێزی بازووتان دڕا..!
جەژنتان پیرۆز کرێکارانی باوەڕ ئاسنین
یەکی ئایارە کە ڕۆژی تێکۆشانە و ڕاپەڕین

ئێوەنە داهێنەری ڕۆژێکی ڕوون و کامەران
ئێوەنە پێشەنگی هێزی ڕێی خەباتی میللەتان
ئێوەنە مایەی نەمانی کەڵب و ڕیشەی خوێنمژان
بیر و بازووی ئێوەیە قۆناغ ئەگۆڕی بۆ ژیان
یەکی ئایارە دەهەڵسن دەست و پشتی یەکگرن
ڕاپەڕن یەک ڕیز دروشمی کار و کۆشش هەڵگرن

ئێوەنە پێشڕەو لە کاروانا هەتا سەر ڕابەرن
بۆ ژیانی ڕاستەقینە بێ گیان و بێ سەرن
خاوەنی تیوری بەرز و دانەر و داهێنەرن
بۆ ژیانی شاد و یەکسان دوژمنە گەورەی شەڕن
یەکی ئایارە دەبا ڕەنجخۆری نگریس شەق بەرێ
یەکگرن تاکو نەمامی پاشەڕۆژتان بەرگرێ

بەرهەمی سەر ڕووی زەمین دەستکردی ئێوەی دانەرە
بیری ئێوە تیشکی خۆرە ڕێی ژیان ڕووشەن کەرە
هێزی ئیوە بۆ گەل و خاک، گیان فیدا و تێکۆشەرە
تاکو ئەنجام هەر بلێسە و پشتەوان و سەنگەرە
جەژنتان پیرۆز کرێکارانی باوەڕ ئاسنین
یەکی ئایارە کە ڕۆژی تێکۆشانە و ڕاپەڕین

## دەنگی ڕەنج

دەنگی ڕەنجدەرێکە دژی سەرمایەدارە ڕەنج خۆرەکان

لە جیهاندا..
لەناو کێشەی ڕەوتی ڕێدا
سەرگەردانم لات و شڕۆڵ
بەرامبەر ڕەنجی بێهوودە و بازاڕی خەم
بێ توانام مات و کزۆڵ..
ئارەزووەکان..
لەناو دڵم مایەی ئێشن
بۆ شتی سەرنج ڕاکێشەر
سییەکانم..
هەناسەی حەز هەڵدەکێشن
لە بازاڕ و شەقامەکان
باقوبریقی جامخانەکان
زۆر و بۆرن..
بورژواکان دەکڕن دەبڕن
زوو زوو مۆدێلان دەگۆڕن
لە سەماگا و لە شوێنی بەد
وێڵی ڕابواردن و کۆڕن
ئۆتۆمبێلە نایابەکان
دێن و دەڕۆن
بایی بووەکان لێی پاڵ کەوتوون
ئای لە جیاوازی نێوانی
ئەندێشەکەی من و ئەوان...!
ئای لە ناسۆرەکەی دەروون

لەڕێگەدا سەرنجەکەم
لێکدانەوەم..
پەی بە گەلێ پەنهان دەبەن
ئەو کۆشکانەی سەر لەناو هەور ون دەکەن
ئەو ڕێگەوبانە دوورانەی
خەو لە ڕێبوارەکان دەخەن
خواردن پۆشاک
ماشێنی چاک
هەمووی سەرپاک
هی ڕەنج و بازووی ئێمەیە
لەڕووی زەمین..!
کەچی ئێمە و ئەو شتانە
لێک بێبەرین
بەڵێ لە یەکتری نامۆین
بەشمان لێیان
تەنیا ڕوانینە و تێپەڕین..!
*
لەژیانا..
کام کار سەختە بەجێی دێنم
لە کانزاکان..
گەنجینەکان دەردەهێنم
لەجێی گەرم هەڵدەقرچێم
لەناو سەهۆڵ و زوقمی سارد
لاڵ دەبم و ڕەق هەڵدەگەڕێم
بەڵام سەرەڕای ئەم حاڵە
بڕوای قووڵم بە ئەنجامە

بۆ وەڵامی بێزاربوونم
بزەی ورەکەم وەڵامە..!

*

هۆ دزەکەی خاوەن کار
وا تێنەگەی دەمخافڵێنی
هەرچەند پتر بمڕەتێنی
زرمە و هاڕژنی ئامێر و
بۆن و هەڵا و بمژاکێنی
سەت ئەوەندە
قینم دژت زۆرتر دەبێ
بڕوایەکەم قووڵتر دەبێ
بەڵێ ئەمڕۆ دیاری و هەی
بەری ماسوولکەی بازووی من
بۆ خۆت دەبەی..!
بەڵام کاتێ ئێمە هەموو
هەڵاوی دەروونمان یەکبوو
وەک بەفر و خۆر تۆ هەڵمێکی
کەی تۆ هەی کەی..!؟

١٩٨٥-٩-٢٧

## زەحمەتکێشم..!!

دەنگ و ورەی چەوساوەیەک

دێرزەمانە زەحمەتکێشم
وەرزەکانم ڕێبەندانە و
دوچاری سەد دەرد و ئێشم
بە درێژی ساڵ لەڕ و ڕەنگ زەرد

بۆ حەزەکانی ژیوارم
هەناسەی سارد هەڵدەکێشم
تەنم داوەلێکی شڕە
ڕەشەبای شووم دەیهەژێنێ
دەندەکانم وێنەی قامیشی چیغ گڕە
لەپ و ژێر پێم شەقار شەقار
هەردەم بە ئازار و سڕە
بێ هەردو دێ
بێ کار و جێ
وێڕای ئەم هەموو بەڵایە
لە نەیاری ڕەنجخۆر و زۆڵ
ئەوەی بۆ مرۆڤ شیاو بێ
دەرحەق بە من ناڕەوایە
کەچی ئەوەی چاو دەیبینێ لەم دنیایە
بەری بازوو ورەنجی منە
بەڵام کرێی ڕۆژ و ساڵم
وێنەی ئارد و ڕەشەبایە.!
بۆ ئاوا بم ڕەنج دزەکان؟
تاکەی کەڵبی نگریستان
هەر لە کار بێ لە بازوومان
ورگ زلانی سەر بەتاڵ
ئێوەن زیرووی گەرووی وەچەی
دوێنێ و ئەمڕۆی گوزەران تاڵ
ئاکەی ئارام لەم جەورەی تۆ
تاکەی لە ناو گوزوریدا
بتلێمەوە بێ نان و دۆ

تاکەی لە خاک و گەنجینەم
هەر نامۆ بم..
هەر شەکەت و ڕەنجەڕۆ بم
کێیە ئەوەی چەرخی ژیان دەسووڕێنێ
کێیە ئەوەی بۆ سوودی گشت
لە ساردی ڕەق هەڵدەگەڕێ و
لە گەرمیشدا..
جەستەی خۆی هەڵدەقرچێنێ
کێیە ئەوەی بۆ ڕۆژی نوێ
خوێنی وەک ئێمە بڕژێنێ
ئەوە منم منی ڕەنجدەر
گیرۆدەی داوی خوێنخوارم
ورە نیشتووی سەر ئەستێرەی ورشەدارم
گەرچی ڕێگەی جارێ سەختە و
بەرەو ئامانج تەڵەزگەیە
بەرەو لووتکە سەد جاریتر
بگلێمە خوار لام گاڵتەیە
وەڕس نابم تا دێ ورەم
ماسولکەی ئەم تیکە وشکەم
بەهێزتر دەبێ لە سەختی ئەم ڕێگەیە
شاڵاوی گڕکانی ئێمە...
کام زەبر و زەنگ دەیوەستێنێ
درەنگ وزوو وەکات وەکات
یەکبوون و گڕی سینەمان
هەرەس بە قەڵای بەفرینی ستەم دێنێ.

١٩٨٦-٧-٧

## بۆ ئایاری جاویدان

داهێنەران
بنیاتنەران
کارگەر و پاڵە و ڕەنجبەران
سوورڕێنەرانی ڕەوڕەوەی
مێژووی ژیان
هەر ئێوەن بۆ مافی دزراو
ڕۆڵەی هەڵمەت و بەرخوردان
بەڵێ ئێوەن لە پێشەنگدا
مەشخەڵی بەرزی پێش کاروان
وا هەمدیس ئەی ڕابەرینە
ئەی خاوەن تیۆری بەرز و
هێز و بازوو پۆڵایینە
ئەوا ئەمڕۆ بۆ ئەم یادە
زەماوەندی ڕووی زەمینە
ئەمڕۆ یادی یەکگرتنە
جەژنی ئێوەی شکۆدارە
بۆ ئەم یادە بەهادارە
هەرچی بکەم
هەرچی بڵێم
هەر کەمە کەم
تەنیا ئەوەندە دەتوانم
لەباخی ئەم کوردستانە
چەپکێک لە گوڵاڵەی نازدار
بۆتان بێنم بۆ جەژنانە

تێر تێر دەستەکانی زبر و
شەقار شەقارتان بگوشم
هەنیەکانتان ڕابمووسم
بەم وشانەی گڕی سینەم
زەماوەندتان بە سۆز بکەم
جەژنەکەتان پیرۆز بکەم
ئەی کارگەران، داهێنەران
پاڵە و قورکار و ڕەنجبەران
ڕاپەڕینتان لە شیکاغۆ (*)
تەختی ڕەنجخۆرانی هەژاند
سەدای نەعرەتە و جاڕدانتان
گشت ستەمکارانی تۆقاند
خوێنی ئاڵی بەهادارتان
پەردەی نگریسی دزینی
وزەی بازووتانی دڕاند..!
تیۆرتان بوو بە سەرچاوەی
بزاڤی مافی ڕەنجدەران
بوو بە مەشخەڵی هەڵمەت و
هەوێنی گڕی تێکۆشان
بەڵێ ئەی چینی ڕەنجخوراو
جارێ بەشتان هەڵقرچانە
لەناو هالاوی کارگەکان
لەناو قووڵایی (کان)ەکان
ژیوارتان سووتان و ژانە
لەژێر بار و کۆڵی گران
هەر شەکەت و دەرد و ژانە
کاری ڕەنجخۆری ملهوڕیش
پڕ کردنی بانقەکانە..

کەچی ئەوەی چاو دەیبینێ
ئەوەی لەم جیهانە دیارە
هەمووی بەری بازوی
ئێوەی ئەفرینکارە
بەڵێ جارێ کار ئاوایە
بەشتان بەرامبەر شتەکان
ئاهی سارد و تەماشایە
بەڵام ئەی کۆڵنەدەرینە
ئەی ڕابەر و دلێرینە
گەرچی نەیاری هزرتان
بێنیهاد و ستەمکارە
بەڵام موژەی بەیانیتان
وێنەی خۆر و ئاوێنەیە
درەنگ و زوو لەم جیهانە
بێگومان بن هەرچی هەیە
ئامێر بەرهەم نەخشە و پلان
وەکات هەمووی بۆ ئێوەیە.

١٩٩٥-٥-١

(*) لە یەکی ئایاری ١٩٨٦ لە شـــاری (شـــیکاغۆ)ی ئەمریکا کرێکاران بۆ داواکاری مافەکانیان خۆپیشـاندانیان کرد، بەڵام لەلایەن پۆلیســەوە تەقەیان لێکرا و کۆمەڵێک کرێکار کوژران و بریندار بوون. بۆیێ ئەم ڕۆژە لە گشـــت جیهان بوو بە جەژنی کرێکاران و هەموو ساڵی یاد دەکرێتەوە.

**ســەرچاوەی ژیاننامە و شــیعرەکان:** دیوانی بێخەو، شــیعر، مدحەت بێخەو، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٧.



# خالید دلێر
۱۹۳۳-۲۰۱۱

خالید دلێری شاعیر، نووسەر، ڕەخنەگر، هونەرمەند، سیاسی ئەو کەسایەتییە بەهرەمەندە لە ۲۰-۸-۱۹۳۳ لە گەڕەکی بەفری قەندی شـــاری کۆیە لە دایک بووە، بۆ ژیان و خوێندن ســـاڵی ۱۹۵۳ دەچێتە بەغدا، دواتر لە کەرکووک دەگیرسـێتەوە، هەر لەو ساڵەدا شـیعر و وتاری بۆ ڕۆژنامەی ژین نوســیووە کە گۆرانی شـــاعیر بەڕێوەبەری نووســینی ڕۆژنامەکەبووە و دلێری هانداوە بۆ بەردەوام بوون، دلێر ساڵی ۱۹۵٤دوای ئەوەی لە کەرکووک نیشـتەجێ دەبێ، لە شـەریکەی نەوت دادەمەزرێ ودرێژە بە خوێندن دەدات، حەزەکانیشی بۆ دنیای ئەدەب وهونەر فەرامۆش ناکات. ساڵی ۱۹۵۷ یەکەم نامیلکە بەناوی گزنگی هەتاو بە چاپ دەگەیێنێ کە کۆمەڵێک لە شـیعر و پەخشـان و وتارەکانی لە خۆ دەگرێ، ســـاڵی۱۹۵٤ دوو کورتە چیرۆک بەناوەکانی (خولە وبلە) و (کەوای نەکرای) بە چاپ دەگەیێنێ، لە ســـاڵی ۱۹۵٦ یەکەم ســـروود لە هۆنراوە و ئـاوازی خۆی دادەنێت. ســـاڵی ۱۹۵۷ مۆڵەت وەردەگرێ و دەچێتە ئێزگەی بەغـدا -بەشـــی کوردی. چوار گۆرانی دەبـا، بەڵام دوو گۆرانی بۆ تۆماردەکەن. ســـاڵی ۱۹۵۸ بەچەند ڕۆژێک پێش نەورۆز دەچێتەوە ئێزگەی بەغدا وســـێ گۆرانی تازە دەبا وتۆماری دەکات بە ناوەکانی (ئەی قومری، ســـکاڵا، موژدەبێ سـاڵ گەڕایەوە). دوای شـۆڕشـی ۱۹۵۸ چەند سـرودێ تۆماردەکات لە هەمـان ئێزگە. خـالیـد دلێر وەک کـادیرێکی هوشـــیـار ڕۆلی خۆی دەبینێ لە بڵاوکردنەوەی بیری شـۆڕشـگێڕی. لە ساڵی ۱۹٦٥ تا ساڵی ۱۹۷۰ بەردەوام دەبێ لە دانانی سرووود کە سەرجەمیان سیانزە سروودن. لە ساڵی ۱۹۷۰ بەدواوە درێژە بە خەبات و تێکۆشـــانی خۆی دەدات بە شـــێوازی تر، لە چوارچێوەی ئەدەب و وتاری ڕەخنە گرانە، لەبواری ئەدەبدا، دوو کتێبی شـیعری چاپکردووە بە ناوەکانی (ئـاگر وگوڵ لە ۱۹٦۸) و (بەرەو لوتکەی ئـاوات لە ۱۹۷۹) چیرۆکی (دەریـاش هەڵچونی هەیە) ســـاڵی ۱۹۸٦ چاپ دەکات. لە ســـاڵی۱۹۸٥ (هەندێ وتـار و چاوپێکەوتنی ئەدەبی) چاپ دەکات. ســـاڵی ۲۰۰۳ کتێبی (هونەری گۆرانی کۆیە

وتایەر تۆفیق) چاپ دەکات. لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیشـــدائەو کتێبانە چاپ دەکات: (هێمن بیر وهەڵوێســـت، هێمن و هەژار دۆســـت و دژوار، ســـتەمکردن لە حاجی قادری کۆیی تاوانە). دلێر تا ئەو ســاتەی دوا ماڵئاواییشــی کرد، هەر لەســەنگەری بەشـــــخوراوان دابوو. بە داخەوە دلێر وەک خۆی مافی تەواو بە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی نەدراوە، هۆکاری سەرەکیش خاوەن هەڵوێستیی و سازش نەکردنی دلێر بووە لە ســەر بیر و باوەڕ و بۆچوونەکانی خۆی. بەداخەوە لە ١٦-١٢-٢٠١١ لە شاری سلێمانی دوامالئاوایی لە شیعر و ژیان دەکات وڕۆژی ١٧-١٢-٢٠١١ لە شاری کۆیە؛ بە خاک دەسپێردرێ.

## دیاریچەی جەژنی ئەیار

کرێکارم، کرێکارم
بە بازووم پۆڵا ئەهاڕم
کرێکارم، کرێکارم
برای ڕەنجدەرو جووتیارم
پشت گیری خوێنمژراوانم
بۆ خۆێنمژان دەرد و ژانم
بە پشوو، نەترس، دەس وەکەرم
نەوەی کاوەی ئاسنگەرم
مەردی تا دوا قۆناغم
لە بیروباوەڕدا ساغم
بیر و باوەڕ هێز و چەکم
لە سەختی و خۆشی لە تەکم
بە هۆی ئەوەوەیە، وەهام
لە دوژمنان، بەڵام، قەڵام
بەو (دوژمن) و (دۆست) دەناسم
(بەردی بێ نرخ) و (دوڕ) ناسم
بەرهەمهێنراو لەم دونیایە
بوونی لە بوونی من دایە

هەر لە دەرزی، هەتا ئەتۆم
خۆم بەرهەمهێنەریانم، خۆم
کرێکاری بازوو بیرین
ئیشکەر و بە تواناو ژیرین
بەراو، بە بێ ڕەنجی ئێمە
بێ پیت و بیرە، وەک دێمە
ژیان بەرهەمی ئێمەیە
بێ بەرهەم ژیان کەی هەیە؟!
کەچی بەسەدان (فێڵ) و (هۆ)
لێ یان سەندوویین ڕەنجی خۆ
ساوایانمان بۆ شیر دەگرین
لەگەڵ دایکی چاو بەئەسرین
منداڵانمان تێر نان و دۆش
نابن. نەوەک تێر خواردنی خۆش
میوە و برنج و گۆشت و ڕۆن
تەنیا بە خەودیتن دەخۆن
سەوزەو ئیشتیها کەرەوە
ئەم باسە هەر مەکەرەوە
ئەمانە دەخۆین وەک پێخۆر
نازانین چین، شۆرو ناشۆر!!
کاستەر و جلی ی و مورەببا
بۆ خۆشم نەمدیون "بەخوا"
چ جای ماڵ و منداڵی ڕووت
ئەوانی وەک سەرە بزووت!!
ئەوان ئەگەر دەستیان کەوێ
لە هەر شوێنێ، لێرە، لەوێ
گەند و مەند، بە کرچو کاڵی
لێی پڕ دەکەن، وورگی خاڵی
زگیان برسیی، بەتاڵ، خورێن

هەموو شتێکیان پێ دەوێن
پاک و خاوێنی (خوا !!) نەکا
سەر بە ماڵەکەم دا بکا!!
مانگی جارێ، کوڵ و کانیی (١)
ماڵی ئێمە پێنازانیی!!
هەموو ڕەنگ زەرد، چاو بە ڕیپۆق
ورگ دەرپەڕیوی، وەک بۆق
هێلانەی دەرد و میکرۆبن
ئەگەر بێ و هەموویان کۆبن
ژوورە پیسەکەی ئێمەیە
کە گشت دەردێکی تیا هەیە
چاکترین جێگەو "لابراتۆر" (٢)
بۆ باس نووسینی جۆربەجۆر
هیچی تیا نییە، دەرد نەبێ
چڵکنی و ڕەنگی زەرد نەبێ
ئەگەر بە خۆمان بزانین
ئێمە مردووی ناو ژیانین
سەرنج دەدەم، ورد دەبمەوە
چەندی لێکی دەدەمەوە
هەر کرێکاران دەبینم
پاڵەو جووتیاران دەبینم
دەس کورت و ژین ناتەواون
وەک مردوو ڕەنگ لێ بڕاون
هەر برادەرانی منن
خۆراکی ڕەنج و مردنن
هەر ڕەنج دان و چەوسانەوە
وەکوو مۆم، هەر توانەوە
هەر ئەرک و ئازار بۆ ئێمە
نەبوونی و بێگار بۆ ئێمە
لە بەیانی تا ئێوارە

هەر ئیشەو هەر کردە و کارە
کە گەیی یە، کاتی ڕۆژانە
خاوەنکار، ئەو بێ ویژدانە
ئەو چڵێسە، ورگ زلە
کەللە گەورەی ئەستوور ملە
چەند پوولێکم دەخاتە دەست
پێ ی نایەت، دەیەکی مەبەست
نوێنەرانی داگیرکەر
وەک داگیرکەرانی بەدفەڕ
بۆ پوولێکی کرێی ڕەنجدەر
چاویان دەچێتە پشتی سەر
بۆ ( -------) خوێن ڕێژ
باسێکم هەیە دوور و درێژ
پڕ لە دەرد و کوێرەوەری
لە پاشان دێمەوە سەری
لە بن میچی پیس و ڕەشی
کوێرەوەری و هی بێ بەشی
کۆ وەبووین، ئێمە هەموو
ڕەنجدەرانی برسی و ماندوو
ئەم ژیان و ڕەنج بردنە
ئا ئەم بە کۆمەڵ مردنە
هەستی بەرزی برایەتی
بۆ کۆمەڵ......................
هەستی یەکیەتی زەحمەتکیش
یەکیەتی چەوسانەوە و ئێش
هەستی تەکاندان و جووڵان
هەستی خۆبەخشین بۆ هەموان
خستۆتە ناو هەست و خوێنم
بەو هەستانە، خۆم دەژێنم

نەک هەر ئەمە، بەلکوو هەستی
لە جیهان (ئیشکەر پەرستی)
یەکیەتی بوونیان و بوونم
جۆشاندوویەتی دەروونم
کرێکاران، جا هەرکی بن
ڕەش، زەرد، سوور بن، لەهەر کوێ بن
مادام بۆ خوێنمژ، دوژمنن
برای منن، دۆستی منن
چەندی قوڕگم دەنگی تیایە
چەند بڕ بکا لەم هەوایە
هاوار دەکەم، دەقیژێنم
دەڵێم، دونیا دەهەژێنم
"ئەی کرێکاران یەک گرن"
"ورگی خوینمژان هەڵدڕن"
خوێنمژان لە دژمان یەکن
مێشک و دەست، پڕ لە چەکن
چەوسێنەرەوەیەک، لە دوور
گەلێ، گەلێ، لەودیو سنوور
کارەساتێکی بەسەر بێ
هەر کەمێ تووشی کەسەر بێ
ئەم لێرە تووشی خەم دەبێ
نوقمی دەریای ماتەم دەبی
چارەی دەبێتە وورگە گا
دوارۆژی خۆی بەدی دەکا!
ئەوانی وا پیس و چەپەڵ
دەروون ڕەشی وەک پەڕی قەل
دژی جووڵانەوەی ئێمە
لە ڕێی چەوسانەوەی ئێمە
لەسەر بەدیی، یەکتر بگرن
بۆ یەکتری ئاگر بگرن

لەبەرچی ئێمەش یەک نەبین
وەک برا، ڕێک و پێک نەبین؟
ئێمە یەک، کۆڵەکەی ژیان
چیمان کەمترە لە ئەوان؟!
نە زیرەکترن لە ئێمە
نە بۆ ئیش کوڕن، وەک ئێمە
هەموو گەوج و بڵح و بێ خێر
بە تلیاک و مەیخواردن فێر
چاوچنۆک هەرگیز تێر نەبوو
گەر دونیایان هەبێ هەموو
دزو، درۆزن و دەست بڕ
لە چی خراپەیە، بوون، مڕ
ئەو نەختەش کە زانا و وریان
هی ئەو ژینەیە، واتیان
نە هی تاقی کردنەوەیە
نە هی هەوڵ و کردەوەیە
ئەگەر وەکوو ئێمە بژین
باش دەردەکەون، چۆنن چین
گوێرەکەن، چوارپێن، گوێدرێژن!!
لەگێژیی مە، زیاتر گێژن!!
ئێمە هەموو شتمان هەیە
زیاتر لەو کەرگەلەیە!!
هەر دەوڵەت وسامان نەبێ
بەس هۆی بەرهەم هێنان نەبێ
کە تەنیا ئەوان هەیانە
هی ئێمەیە و بۆ ئەوانە
خۆ دەشزانم، ئەمانە چین
ئەم هۆی بەرهەم هێنانە چین
لە بەرهەم و ڕەنجی کۆمان

کەمی لێ دەدەن بە خۆمان
بەس بایی هێزی ئیش کردن
بایی نەژین و نەمردن
ئەوی تر کە دەدزن لێمان
پترە لەوەی دەیدەن پێمان
ئەو سامان کۆکردنەوەیە
لەم ڕەنج وئیشەی ئێمەیە
بەم جۆرە بوون بە خۆێنمژ
دز و درۆزن و بکوژ
لە پێناو ئەم ڕەنج بردنە
دزین و تالان کردنە
بۆ بەردەوامی خوێنمژین
ڕەنجی ئێمەی ڕەنجدەر دزین!!
هەر بە تەغار درۆ دەکەن
کوردستان بە خار تۆ دەکەن!!
تەنیا بۆ قازانجی خۆیان
هی دواڕۆژ و هی ئەمڕۆیان
خۆمان لێدەکەن بە گەورە
گەورەیی یان بۆ پارووی چەورە!!
دێنن دەوڵەت دروست دەکەن
یاسای وەک پەت دروست دەکەن
لە ژێر سایەی (دەوڵەت)، یاسا
دەکەن هەرچی بۆیان لوا!!
گوایە هەموو کەس سەربەستە
لە وتنی هەرچی  مەبەستە
لە نووسین، لە خۆ نواندن
لە خەڵک و کۆمەڵ دواندن!!
لە پارت و مارت دروست کردن
لە کوڕنووش بۆ ڕژێم بردن!!
ڕاستە. ئەوان سەربەستن

هۆی بەرهەم هێنان لە دەستن
هەر کەس بە کێش و تەرازوو
چەندی لەدەس بێ گەندو......!
هێندە سەربەست و ئازادە
هیچ لەدەس نەبوو. بەربادە!!
ئێمە چوونکە هیچمان نییە
نازانین سەربەستی چییە!!
سەربەستین دەبێ ئیش بکەین
بەشی خۆ و ئەوانیش بکەین
بۆ ئەوەی لە برسان نەمرین
سەربەستین بێ ڕێ لێ گرین!!
گوایە (دەوڵەت) و کابینە (٣)
هی میللەت، نەک هی یەک چینە!!
هەر بە چاوێ سەیری هەموو
دەکەن.. تەوەزەل و ماندوو!!
چەوسێنەر و ، چەوسێنراوە
هەردوو وەک یەک لەبەر چاوە
مافی هەردوو دەپارێزێ
هەردووک ڕادەگرێ لە ڕێزێ!!
بەڵێ گۆش خۆر و گۆشت خوراو
وورگ هەڵدڕ و وورگ هەڵدڕاو
بە پێی (یاسا!!) یەکسان نەبن
یاسای وا دەرهێندرێ لەبن!!
یاسای دڕندەی دارستان
دەپارێزێ بەرخۆلەی جوان!!
زۆری سەدەکانی پێشوو
لە چینی ڕەنجدەر و ماندوو
هەر وا دەکرێ هەتا ئێستا
لەژێر پەردەی (داد) و (یاسا)!!

دادپەروەری ئەوها نەبێ
بۆچی باشە هەر با نەبێ
هەر وەک ئەوەی ئەم دوو دژە
ئەم کوژراوو ئەو بکوژە
لێک جیا بن، هیچ مەبەستێ
ئەم و ئەو بە یەک نەبەستێ
پەیوەندیان بە یەکتر نەبێ!!
هیچیان هۆی ئەوەی تر نەبێ!!
گوایە هەرچی لە ئەویتر
بخوا لێی دەکا بە ئاگر
دوعای وەهای لێدەخوێنێ
قورگی تیراوە هەڵبێنێ!!
بە تەن، بە خەروار، قۆڵبڕین
دەکەن، کوشتن، ورگ هەڵدڕین
هێندە لایەنگری ڕاستین
دادپەروەر و دیموکراتین
تەنانەت تیکەی دەم مناڵ
مەمکۆڵەی دەم بە گڕوگاڵ
دەدزن دەکەن بە سەرمایە
دادپەروەری ئەوان وایە!!
هەزاران چاو هەزاران گوێ
دەخەنە بازاڕ و سەرێ
تا وەک سێبەر بەدوومان خەن
لە ورتەو هات و چوومان خەن
زیندان، بۆ خەڵک نانە چاڵ
بەهەزاران (لۆتی) و دەلاڵ (٤)
دەکەن، دەگرن، بەپارەی زۆر
بەڕێگاو فیلّی جۆربەجۆر
ئیسگەو گۆڤار و ڕۆژنامە
سیاسەت، هونەر وخامە

دەبێ ئیشیان بۆ ئەمە بێ
بۆ توند کردنی ئەم تەمە بێ
گەردەلوول و چڕەدووکەڵ
بە تەم و مژ بکەن تێکەڵ.
دەزگاو ڕێکخراو پێویستە
ئیش بکەن بۆ ئەم مەبەستە
سەرمان لێ تێک دەن گێژمان کەن
بەرەو هەوراز و لێژمان کەن
چاومان کوێر و گوێمان کەڕ کەن
بەرگی گەوجیمان لەبەر کەن
چاوبەستەکێمان لێ بکەن
سەد کەند و لەندمان پێ بکەن.
نەزانین چی ئەکەین، ئەڵێین؟
بەرەو کوێ دەچین و لە کوێین؟
زانیاریمان هێندە کەم بێ
بەس بۆ پێویستی بەرهەم بێ
کەڕ و کوند و زمان لاڵ بین
سەر لە مێشک و هۆش بەتاڵ بین
دوژمنمان لێ بکەن بە دۆست
دەرمان بێنن لە کەوڵ و پۆست
هەرچۆنێ ئارەزوویان بێ
بەو چەشنە دواییمان بێ
دۆستیشمان لێ بکەن بە دوژمن
براو دۆست لەیەکتر بەربن
نەک هەر ئەمە، بەڵکوو لەناو
چینی ڕەنجدەر و خوێنمژراو
بۆ تێکدانمان تێدەکۆشن
خەڵک دەکڕن و دەفرۆشن
دەستەو بەرە دروست دەکەن

بەشێک لە بەشێک چوست دەکەن
هەندێ لە هەندێ هاردەکەن
پەیوەندی یان دژوار دەکەن
قەت دووانمان یەکتر نەگرین
تا بەم لێک جیایی یە دەمرین
هەندێ زەمی خۆمان دەکەن
زەمێکی درۆمان دەکەن
تاوێ چەوسێنەر هەڵدەددەن
لەمەشدا هەر درۆ دەکەن
تا وادەکەن مێشکی خەڵک
قبووڵ کا، شتی بێ کەڵک
لە شۆڕشگێڕی لایان دەن
دار لە عومری هیوایان دەن
توند و تیژی پێویست نییە
بەکار هێنانی بۆچییە؟!
بە ڕێبازی دیمۆکڕاتی
(پالە) دەگا بە ئاواتی (٥)
بۆ دەبی پێشڕەوی هەبێ
چاوی دوور لە خەوی هەبێ
پارتێکی هوشیاری هەبێ
بیری کرێکاری هەبێ
پێویست ناکا بازووی هەبێ
پێوەر و تەرازوی هەبێ
پێویست ناکا چەکی هەبێ
کۆتەک و مەچەکی هەبێ
مارکسییە هەرە کۆنەکان
لەبیر و باوەڕی وەهان
ئێستا جیهان زۆر گۆڕاوە
پێویست بەمانە نەماوە
دڕندە وا ماڵی بوون

باش لە جیهان حاڵی بوون!!
کە هیچ پێویست بەوە ناکا
بەرخ لەبەریان هەڕاکا..!! (٦)
(شاخ) و (دان) و (نینۆک)ی تیژ
فڕێ دراونە زەویی، بەڕیز
وەکوو بەرخن، دەڵێی کارن
هی وەرزی ئەمساڵ و پارن!!
هەر بە سوک و بە سانایی
ڕازی دەبن بە ڕیسوایی
چەکی دەستیان فڕێ دەدەن
بە چینی ئیشکەر ڕێ دەدەن
هەموو شتێ بگرنە دەست
هەر نە دڵگیر دەبەن، نە پەست
بە قسەی پووچی (هەر ڕۆژولات
تا چاک دەکەن هەمو وەڵات)!!
پینە و پەڕۆی ڕژێم بکەن
جامێ لە دەشتێ دێم بکەن
بیابان بە زەنوێر کردن
بە جامۆلکە ئاو بۆ بردن
چێ نابێ بە هیچ ئاودێرێ
عومری بێ بە هی هەولێرێ!!
ئەمان تا کونێ چادەکەن
ئەوان دە کون واڵا دەکەن!!
ئا بەم جۆرە هەوڵ دەدەن
کرێکار دەست خەڕۆ بکەن
کاتێکیش بۆیان دەرکەوێ
کرێکار ئەوانیان نەوێ
دەرکەوت ئەم فڕ و فێڵە
پایەکانی چەوت و چێڵە!!

کرێکار بڵێ: "ئیتر بەس
ڕەنجی شانم نادەم بە کەس"
"هەر کەسێ دەستم بۆ بێنێ"
"تێڵام دەستی دەپەڕێنێ"
"کە دار هەڵبڕا، سەگی دز (٧)
دیارە، بێ ئارام، وەرس
کلکی لەناو گەڵی دەنێ
هاوار دەبا تا بیگەنێ

**لێکدانەوەی وشەکان لەلایەن خالید دلێرەوە ئامادەکراوە.**
(١) کوڵ: جل شووشتن
(٢) لابراتۆر: موختەبەر
(٣) کابینە: وەزارەت- حکوومەت.
(٤) لۆتی و دەڵاڵ: لێرەدا مەبەست نۆکەر و بەکرێگیراوەکانی چینە چەوسێنەرەوەکانە
(٥) پالە: بەشێوەی بادینانی- بەلامی سووک- بە مانای کرێکار بەکار هێندراوە
(٦) هەڕا کردن: ڕاکردن- هەڵاتن
(٧) دار هەڵبرە سەگی دز دیارە: وتەیەکی پێشینییانە

**تێبینی (ع س مەشخەڵ)** : لەم شیعرەدا خاڵ لە جێگەی چەندین وشە دانراوە و هەروەها پێدەچێت چەند دێرێکیش بە هۆکاری سانسۆر (رقابة) نەنووسرابن.

**سەرچاوەی ژیاننامە:** . شەش ساڵ بێ خالید دلێر، نووسینی عەبدولواحید ئیدریس شەریف، سایتی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧. هەروەها سوود لە سایتی کوردیپیدیاش وەرگیراوە
**تێبینی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)** : منیش تێکهەڵکیش و کورتم کردوونەتەوە.



# شامراد موشتاق
# (شامی کرماشانی)
١٩٨٧-١٩٢٣

شامراد موشتاق (شامی کرماشانی) له ساڵی ١٩٢٣ له شـاری کرماشـان له دایک بووه. له تەمەنی سێ ســـاڵیدا له ئەنجامی نەخۆشـــی ئاوڵه (خوریکه) هەردوو چاوی کوێر بووه. لەبەر نابینایی نەیتوانیوه فێری خوێندن و نووســـین بێت. بەڵام گوێی مۆســـیقی بەهێز دەبێتو چێژ له ئەدەب وەردەگرێت. که گەوره دەبێت ماڵی حاجی ئەمانوڵلاخان جیدیلێ و دەســـت دەکات به کاســـبی لەنێوان قەســـری شـــیرین و کرماشـــان. توانیویەتی بەو کاســـبییه خانووی خۆی هەبێ و لەســـەردەمی پیریدا ژوورەکانی بەکرێ بدات و پێی بژێت. شـــامی شـــیعری زۆر وتووه بەڵام هەمووی بۆ نەنووســـــراوەتەوه. شـــامی نابینـا، دیوانی هەبووه و ڕۆشنبیر بووه و هاوینی ساڵی ١٩٨٧ له شاری کرماشان کۆچی دوایی کردووه و هەر لەوێش نێژراوه.

## دادێ ملەتێ ئێران وه دوکتۆر موسەدق

١
وەبەس که گەردیم دەس وەبان دەس
قورب ئەڕام نەمەن چو میوەی نارەس
جواو سلام نیەشنوم له کەس
بیکار چو ئیمه له ئێران فرەس
خوش وەحال هەر کەس مریت ئاسوودەس
دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟
٢

نیمی لە ملەت دوچار دەردەن
لە سوب تا غورووب بیکار مەگەردن
وە گوسنەیی وێنەی زەعفەران زەردن
مەردێ موبارێز روزێ نەبەردن
زەڕ ئەڕای ئیوەو شەڕ ئەڕای ئیمەس؟
دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟
٣
نیمی لە میلەت چو گای پەرواری
هەر خوەن و خەفن لە سمن کاری
نە دەرد جوفت خوەن نەدەردەباری
سەرمەستن وەجام بادەی بیعاری
هەمیشە هەفت رەنگ لە سوفرەشان هەس
دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟
٤
ئوشن چل هەزار بیکار لەپاتەخت
عومر گرامی مەگوزەرن وەسەخت
بی جا و مەکان بی لباس و رەخت
سێ وەعدە غەزا کەردن وەیەی وەخت
ئاخر ئەوانەیش هەمنەوع ئیوەس
دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟
٥
بەسە چوار رۆژتر هەم زمستانە
زوخاڵ نابوودە هیزوم گرانە
سدای زیل و بەم بەفر و بارانە
چەقەی دنان تیەی چو مسگەرخانە
داش! نانەوایی نیە کەفیدە دەس
دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟
٦
غوسەی کەسادی سفید کرد ڕیشم

له سوب تا غرووب خەمیازە کیشم
من وه ئنتزار موشتەری نیشم
بازرەسەیل هەرسات مکەن تەفتیشم
چه بکەم ئەڕای تەڵەکەی بازرەس
دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟
٧
موشتی زەڕپەرەست سکەی زەڕشناس
هیچ دینی نەیرن غەیرەز ئێسکناس
مه مەجلس ڕیا و رەوزەی قارداس
تا نشان بییەن ئەسپاب و ئەساس
یه ڕەوزه نییه، یەش یەی جوور حوققەس
دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟
٨
سێ ماهه حقووق پاسبانێ شار
نیه رەسید نیەدەی دەسێ تەلەبکار
مەر جورئەت دیرن بچنه بازار
یه چڕەی ئاغا! ئەوداد کەی سەرکار
دەسمایه نەیریم حساوەکەت بار
وەدینت قەسەم نەقد و نسیەس
دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟
٩
ئەوزاع مەملەکەت دەرهەم بەرهەمه
وێنەی زوڵف یار پوڕ پیچ و خەمه
نیمی له ملەت دوچارێ غەمه
ڕشتەی زندەگی خەیلی موحکەمه
وەرنه وەئاسان گیان مەدەن وەدەس
دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟
١٠
دەست و پای مەردوم پیچیاس وەهەم
گش وه کەسانی دوچارن وه غەم

له هەر کەس پرسم ئوشی چە بکەم
وە گیان **شامی** هەر لە کیسە خوەم
من ئوشم بخوین تا ئەورەی کە هەس
دوکتور موسەدق تەکلیفمان چەس؟

## کرانشینی

(بەشێک لە شیعرەکە)

١
بەندە یەی نەفەر کرانشینم
چو عەزیزمردی دایم غەمینم
نە خارج مەزەب، نە جوداس دینم
ئەر دوعات گیراس، بکەر نفرینم
شایەد لەی دونیا دیتر نەمینم
ڕاحەت بوم وەدەس کرانشینی
چە بکەم لەدەس کرانشینی
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی
٢
توای بزانی، سەگ وەحاڵم نەو
ئاسایش نەیرم، نە ڕۆژ و نە شەو
سوب تا ئیوارە هامە تەق و دەو
تا سەر مانگ بای دوو تیکە ئەسپەو
یا بەم فروشم یا نەمە گرەو
ئوشم کراکەم بەڵکە نەمینی
چە بکەم وەدەس کرانشینی
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی
٣
ژنەم جاروکیش خوەم قاپچی دەرم
وە فەسڵ زمسان وەفر پاکەوکەرم
لە عەیش و عەزا چو سەماوەرم

خوەیان چو ئاغا و بەندە نەوکەرم
ئەر مەنیان نەکەی، دەنە بان سەرم
ئوشن: گۆشتێ گەن ئەڕامان سینی
چە بکەم وەدەس کرانشینی
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی

٤

یەی هەفتە مینیت، مانگ بچودە سەر
ژنێ ساحێوماڵ دەس نیەتە کەمەر
وە ژستێ تەمام تێتە پشتێ دەر
لە وەر پای هەڵسم چو ئاغا و نەوکەر
وە ژنم ئوشم دەم کەر سەماوەر
خوەم دەوم ئەڕای میوە و شیرینی
چە بکەم وەدەس کرانشینی
داد وەهەرکەس بەم، حەقم نیەسینی

٥

یەی کوڕی دیرن چو وەچکەی شەیتان
سوب لە خاو هەڵسێ تێتە ناو ئەیوان
وەجیبی پڕ ریخ، دەس وە تیرکەمان
خەیت ئەڕای قوڕی، خەی ئەڕای ئێسکان
سیوڵ جافر گریتە نیشان
کەس جورەت نەیری سەدای بایدە بان
بوشی جوانەمەرگ سەرم نەشکینی
چە بکەم وەدەس کرانشینی
داد وەهەرکەس بەم، حەقم نیەسینی

٦

داراییم بیەسە چوار دوێت، یەی کوڕ
دوو پەتووی نیم دار، یەی جوفت لافە شڕ
یەی جوفت متەکای وەدەم قەیچی پڕ
سەر نیەدە بانی چو پارە ئاجور
سەری گەن کەفی تیەیدە خوڕەخوڕ

چوار جامێ ڕوحی، یەی دانە سینی
چە بکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی
٧
زانی چەند نەفەر هایمە یەی حەسار
من ئۆشم پەنجا، تۆ بوش: پەنجاوچوار
دریژ و کوتا، کاردار و بیکار
سوب لە خەو هەڵسیت، لە گوشەی حەسار
بیس نەفەر وساس، تەک داسە دیوار
هەفدە ئەفتاوە نریاسە قەتار
بایەد پەی نەوبەت، بلیت بسینی
چە بکەم وەدەس کرانشینی
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی
٨
سەرشەو تا سوب هەر جیرەی دەر تێد
مەشەی غوڵام چوت، ئوسا سەفەر تێد
کەلای فەڕوخ خان لە دینەوەر تێد
ئوسا ئەمیرخان گەرد چوار خەر تێد
مەڕافە دیرن، ئەر دەر واز مینی
چە بکەم وەدەس کرانشینی
داد وەهەر کەس بەم حەقم نیەسینی

**سەرچاوە:** "چەپکەگوڵ، چەند پارچەیەک لە شیعرەکانی شامی کرماشانی"، کۆکردنەوەی هەژار موکریانی، چاپی سێهەم، سالی ١٣٦٤ هەتاوی، چاپخانەی سروش. ئێران.
**ســــەرچاوەی ژیاننامە:** مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی ب٧، لاپەڕە ٤٥٣ – ٤٥٤.



# کاکەی فەللاح

١٩٩٠-١٩٢٨

کاکەی فەللاح نازناوی شـــاعیری خەبات و ڕاپەڕین و ڕۆژنامەنووســی لێهاتووی کورد حەمە ئەمین کوڕی قادرە. لەڕۆژی ٩ی تشــرینی یەکەمی ١٩٩٠ دا لە تەمەنی ٦٢ ســاڵیدا لە شــاری ســلێمانیدا مرد.کاکەی فەلاح لە ســاڵی ١٩٢٨ لە چوارتا (شــارباژێر)ی ســەر بە پارێزگای ســلێمانی چاوی بە ژیان هەڵهێنـاوە و لەخێزانێکی هەژار دا پەروەردە بووە و کە گەورەش بووە چووەتە پاڵ پارتی کۆمۆنیســتی و خەباتی چینایەتی کردووە و هۆنراوەی نیشــتمانی داناوە و لەســەر هەڵوێســتی ڕامیاری چەند جار گیراوە و ئەشــکەنجە دراوە، بەڵام کۆڵی نەداوە و هەر بەردەوام بووە لەسەر بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی خۆی.ئەم شاعیرە بە هۆنراوەی سیاسی هاتۆتە گۆڕەپانیئەدەب و هەوڵی داوە بە وشەی سووک و سادە واتای قووڵ و جوان پێکەوە بنێ و بیخاتە سەر کێشی سووکی خۆماڵی و پشــت لەکێشــی کۆن بکات. شــاعیر خاوەنی بیروباوەڕێکی پتەو بووە، هەرچەند دوژمنانی ویســـتوویانە بە زەبر و زەنگ لەڕێگای لابدەن، کە چی بێهوودە بووە. جگە لە تێکۆشـــانی شـــۆڕشـــگێڕی و هۆنراوە و وێژە کـارێکی بەنرخی لەڕۆژنـامەگەریی کوردیـدا کردووە بە دەرچوانـدنەوەی ڕۆژنـامەی ژین کە کـاتی خۆی پیرەمێرد لە ســاڵی ١٩٣٩وە تاکو ڕۆژی کۆچی دوایی لە ١٩/٠٦/١٩٥٠ دەری دەچـوانـد، دوای ئەوی ئەویـش مـاوەیەک مـامـۆســـتـا گـۆران و ئەحـمەد زرنگ ســـەرپەرشـــتیان دەکرد. کاکەی فەلاح ئەو ڕۆژنامەیەی لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ دەرچوواندەوە.

## ڕاپەڕن

ئەی کرێکاری نەبەردو کاکی جووتیاری هەژار
ئەی زەلیلانی چەپۆکی خوێن مژانی شەرمەزار
ماوەیەکە شێخ و ئاغا و میر و ئیستعماری پیس
لاشەتان ئەدڕن بە کەڵبە وەک سەگی هەوشاری پیس
ماوەیەکە بەش خوراوان سا بەسی بێ کۆششێ
بۆ نەجات و بەختیاری ڕاپەڕینێ شۆڕشێ
ئەی برام کاکی فەللاحم شێری دەشت و چاڵ و کۆ
پێم بڵێ بۆچ وا زەعیفە باوەڕ و ئیمانی تۆ
میر لەناو کۆشک و تەلارا بەش بکا خەرمانی تۆ
ئەو بخوا گۆشتی مریشک و تۆش نەخۆی تێر نانی جۆ
ئافرەتانی شار و لادێ هەروەها ئێوەش هەموو
ئاشکرایە بەش خوراوان هەروەکو جارانی زوو

سالی ١٩٤٧

**تێبینی:** ئەم شیعرە هەر ئەوەندەی ماوە.

## کە ئەهاتی

کە ئەهاتی، وام ئەزانی
پەژارە و خەم
نە زۆر، نە کەم
وەکوو گڕەی ئاگرێکی بلێسەدار
باخی خۆشی دڵنیایی
دەروونی تۆی نەناسیوە

*

کە ئەهاتی، وام ئەزانی
چاوی بزە و پێکەنینە ساکارەکەت
وکو ئەستێرەی گەلاوێژ
لە خۆشی و گەشە بەولاوە
لە ورشە و پرشە بەولاوە
هێشتا فرمێکی نەدیوە

*

کە ئەهاتی، وام ئەزانی
شەپۆلی جم و جووڵەکەت
لەدەریای بەخۆ نازینا
ڕۆژێ لە ڕۆژانی تەمەن
وک بەفرێکی بێ گەرد و پاک
لەسەر کێوی
دڵشکان و
پەشیمانی و
نائومێدی و
بێ ئارامی
نەباریوە

*

کە ئەهاتی، وام ئەزانی
پەپوولەیت و
بەشوێن گوڵ و هەڵاڵەدا
دێ یت و دەچی و
بۆنی هەرە خۆشی ژیان
تێر ئەمژی و ئەچنیتەوە.

*

کەچی داخەکەی داخانم
ئەمجارەیان
پێچەوانەی جاری جاران
بەو چیرۆکە دڵتەزێن و
بەسەرهاتە خەماوییەت
وەک مامۆستا
هاتی تەختەسڕت هێنا
چی نووسرابوو
لەسەر تەختەی هەست و هۆشم
دەربارەی کامەرانیی تۆ
هەر هەموویت کوژانەوە.

*

ئەمە وابوو
بەڵام ئاخۆ تۆماری ژین
دەفتەری تەمەنی مرۆڤ
تەنها یەک دوو لاپەڕەیە و
ئەبڕێتەوە؟
مرۆڤ چییە؟
حەز و خولیا و ئارەزووە
تیشکی ئێستە و ڕابردووە
کانی ی هەستێکی زیندووە
گەر بیەوێ
باڵدارێکی سەرکەوتووە
دەریایەکە
سەدان شەپۆلی نەبەزی و

نەسرەوتن و یاخی بوونی
بۆ گەوهەری کامەرانی
بۆ ئەو ژینەی
شیاوی ناوی مرۆڤ و
دوارۆژی ڕووناک و گەشە
گرتۆتە خۆی
*
دە تۆش وەرە، بە گوێم بکە و
بەسەر دڕکی ڕێ ی ژیانا
هەتاکوو سەر هەنگاو بنێ
وەک مرۆڤێکی بێ پەروا
هیچ مەترسە، هیچ سڵ مەکە
وەک کۆترێ
بەرە بەرەو ئەو باخچەیەی
گوڵی ڕەنگاوڕەنگی لێیە
خۆشەویستی
دڵنیایی
ئارامی زۆر
خەونی سەوز
کەسایەتی
ئەبێ من و تۆ بزانین
گوڵی باخچەی – ئەگەر هەبێ-
کامەرانین
سامانی چڵکن و پڵکن
هەر پێشکەشی ژەنگ و ژار کە
وەکوو کردت

چۆنی ئەوێ وەها بژی
به شانازی، بەسەربەرزی

**سەرچاوە**: گۆڤاری کاروان، گۆڤاری ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، ژمارە ۱۰، خوولی یەکەم ۱۹۸۳، لاپەڕە ۵۲.



# جگەرخوێن

١٩٠٣-١٩٨٤

جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٠٣ لە باکووری کوردستان لە گوندی حەسار نزیک بە شاری ماردین لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٥٩ دا جگەرخوێن ڕوودەکاتە باشووری کوردستان و تا ساڵی ١٩٦٣ لە زانکۆی بەغدا دەبێتە مامۆستای وانەبێژ لە بەشی زمانی کوردی. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ قامیشلی سەرقاڵی نووسین و کاری ڕامیاری دەبێت. جگەرخوێن لەساڵی ١٩٦٩ ڕوو دەکاتە کوردستانی باشوور و ئینجا لە ساڵی ١٩٧٣دا بەرەو لوبنان دەچێت و لەوێش هۆنراوەی کیمە ئەز دەنووسێت. جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٧٦دا بۆ سوریا دەگەڕێتەوە و لە ساڵی ١٩٧٩ ناچار دەبێت ڕووبکاتە وڵاتی سوید و لەوێ وەک پەناهەندەیەک دەگیرسێتەوە و بەنووسینەوە سەرقاڵ دەبێت و ٢٢-١٠-١٩٨٤ کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی بۆ قامیشلی دەگوێزرێتەوە. بەرهەمەکانی جگەرخوێنی شاعیر بریتین لە هەشت دیوانی شیعریی و کتێبی دەستورا زمانێ کوردی و دوو فەرهەنگ.

## ۆرت و شیرەت

ژ بۆ تە بێژم ئەشکەرە
دەست بدنە هەڤ تەڤ مێر و ژن
خۆرت و کەچ و بچووک، مەزن
ئەم تەڤ ژ ڤێ بەرپرسیار
بەسن ژ خەو رابن شیار

هەلا وەرە، هەلا وەرە!
ژ بۆ تە بێژم ئەشکەرە
جهان هێژی بوون دوبەند
وان دانە مل گورز و کەمەند
بەندەک ل ژۆر و یەک ل ژێر
بەندەک ب خوین و یەک ب زێر
هەلا وەرە، هەلا وەرە!
ژ بۆ تە بێژم ئەشکەرە
شێر شێرە، ژن بی یان ژی مێر
ناڤێ تەڤان دانینە شێر
گاڤا کو تێ دەنگێ پلنگ
دەستێ مە ناچی سەر تڤنگ
هەلا وەرە، هەلا وەرە!
ژ بۆ تە بێژم ئەشکەرە
خووشکێ تو ژی هینبە شەرا
زوو ناس بکە دەرب و بەرا
وەک مێر تو کاری شەر بکی
دژمن ژ هەڤ کەر کەر بکی
هەلا وەرە، هەلا وەرە!
ژ بۆ تە بێژم ئەشکەرە
بەندا مە گەرناس، خورتەمێر
لێ تەڤ نەزان و تەڤ نەکێر
بێ زێر دبن دەستێ نەیار
تا کەنگی ئەم نابن شیار؟
هەلا وەرە، هەلا وەرە!
ژ بۆ تە بێژم ئەشکەرە
هەڤال شیار بە، رێ بزان
دوور کەڤ ژ دەستێن ڤان دزان
هەلا وەرە، هەلا وەرە!

ژ بۆ تە بێژم ئەشکەرە
جۆتار و کارکار، خوەندەوار
تەڤ ببنە یەک ئەم دۆست و یار
گەرناسی کاری شەر بکی
دژمن ژ هەڤ کەر کەر بکی
هەلا وەرە، هەلا وەرە!
ژ بۆ تە بێژم ئەشکەرە
ئەڤ پەرچە بوون نەژبەر خوە تێ
گایێ زەخەل ناچی خەتێ
بارێ گران، کەر ناچی بەر
سەیدا ژ بەر خوون بوو جگەر
هەلا وەرە، هەلا وەرە!
ژ بۆ تە بێژم ئەشکەرە
کوردێن ژ زاگرۆس و کەپەر
چاوا بترسن ئەو ژ شەر؟
گوهـ مەدنە ڤان شێخ و بەگا
چاڤ سۆر دبن وەک جۆنەگا
هەلا وەرە، هەلا وەرە!
ژ بۆ تە بێژم ئەشکەرە
هاویر ببۆرن وەک بەران
پیکۆل بکن ل هەر دەران
ترسێ بخن جەرگێ نەیار
هەم خوونڤەخار و کۆلەدار
هەلا وەرا، هەلا وەرا
سەیدا جگەرخوین بوو برا!

# کەکۆ زمان درێژم

کەکۆ زمان درێژم، مەخەیدە ئەز چ بێژم
ئەز خێرخواز و دلۆڤان بێ تۆز و بە قەرێژم
زمانێ من و تەیە، نیسک و گەنم و جەیە
گەلەک زیوان تێدەیە، نها ژێرە وەربێژم
گەنم هەمی زیوانە، بێ روومەت و ئەرزانە
ب سەر هەڤ دە بەر دانە، لێ ئەز ژێرە گربێژم
زمانەکی کەڤنارە، چەند سالە کۆ بەیارە
د بن لنگێ نەیارە، ب سەر وە دە ناڤێژم
نە ئەز شێخم، نە مەولا، ل کەس ناکم تەشقەلا
ژ بەر ڤان دەرد و کولا، بێ رۆژی و نمێژم
کورێ کاردۆخ و میتان !د تاریخێ پەهلەوان
مەنێرە کۆ بندەستم، کەڤنارە و ژ مێژم
ریسێ خوە من بادایە، من رستییە، رادایە
خەلکێ تەنوور دادایە، ئەز نانێ خوە دپێژم
تاریخ دچی بەر ب پێش، بارێ وە من برە ئێش
نوو هاتیە هەبوونێ، تو روونی، ئەز دەوێژم
تم دخوازم ئازادی، دڤێم خوەشی و شادی
بێ زۆر کەسەک حەق نادی، نە فاشست و خوینرێژم
شەر ناخوازم، هاشتیخواز، ب لاڤ لاڤ و گازەگاز
نابی شەرێ بۆرجەواز، ئەز نە دینم، نە گێژم
من خوەست کو ببمە رێبەر، ب تیپ و تۆپ و لەشکەر
ب دژمن رە بکم شەر، لێ نکارم بپێژم
ما ئەز چ بکم نینە پشت؟ چ بکم ژ تزبی و خشت؟
چووکم دکم قشتەقشت، ڤان رستان ئەز دبێژم
چ هاتییە سەرێ من، بار گرانە کەرێ من
ئەز لێ ددم مەخەل تێ، نزانم ئەز چ بێژم؟
هەفتێ سالن جگەرخوین، دل و کەزەب بوون برین

گەلەک فەرسەندە مە دین، زانابی ئەز نە هێژم!

## فداکاریێ وەلاتم

ئەریێ دایێ مەترسە ڤامە هاتم!
وەکی رۆژم نها ڤامە هلاتم!
ژ بۆ کۆ تە ژ دەست دژمن دەرێنم
وەکی زاب و فەراتم، کێفراتم
دخوازم دەرکەڤم شاخ و زناران
ل بەر دژمن وەکی لات و کەلاتم
ژ من دژمن دترسی، پر دپرسی
کو ئەز هاتم وەکی زاب و فەراتم
ددم بەر خوە هەمی سەرمایەداران
وەکی شاپم د سیپانێ خەلاتم
ژ دۆستانرە هەمی پەرتاڤ و رۆناک
ژ دژمنرە وەکی ئارم، شەواتم
ژ بۆ ژار و بەلەنگازان بهارم
ژ بۆ هار و نەیاران ئەز شباتم
ل تاریخێ بنێرن ئەز کوسامە؟
خوەدی ئەیوان و برج و پووت و لاتم
ئەڤم ئەز، لێ د بن دەستێ نەیاران
ئەگەر رۆکێ ژ خەو رابم دو قاتم
ل بەر پۆزێ نەیاران خورتەمێرم

**سەرچاوە**: سایتی ڤەژین بووک، دیوانی شەفەق، دیوانی شەشەم. جگەرخوێن ١٩٨٢



# عوسمان عوزێری
۱۹۳۹-۱۹٦٦

عوسمان عوزێری، ناوی تەواوی عوسمان ئەحمد ڕۆستەم چەرمەگا لە ساڵی ۱۹۳۹ لە دەڤەری سلێمانی لە دایک بووە. لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بووەتە پەیامنێر لە ڕۆژنامەی ژین. دواتر خوێندن تەواو دەکا و دەچێتە بەغدا و لە ئیزگەی بەغدا کار دەکات. لەساڵی ۱۹٦۱ لە شەڕی دەربەندی بازیان بریندار بووە و گیراوە و پاش ئازاد بوونی لە ئیزگەی شۆڕش لە نێوان ۱۹٦۲ و ۱۹٦۳ کاری کردووە.

ڕۆژی ۱٦ ی مانگی شەشی ساڵی ۱۹٦٦ ئەم شاعیرە دەکوژرێت و هەتا ئێستاکە کەسوکاری نازانن گۆڕەکەی لەکوێیە.

عوسمان عوزێری لە سەردەمی خۆیدا بابەت و بەرهەمی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاو کردۆتەوە و پێنج کتێبیشی بەچاپ گەیاندووە.

## ژیانی هەژار

یەزدان هیچ کەسێ نەخەیتە ئاتاج
هەر کە هەژار بوو نایمێنێ ڕەواج
لەلای هەموو کەس ڕەزای گرانە
هەموو سوێند ئەخۆن بە خوا و بە میعراج
کە ئەو مرۆڤە پیاوێکی پیسە
چونکە نییەتی پارە و تەخت و تاج
هیچ قووتی نییە بۆ ماڵ و منداڵ

له جێی قەزاتمە هەر نانی سەر ساج
ڕۆژ تا ئێوارە کرێکارییە
ڕاوەشاندنی خاکەناز و پاچ
کەچی ئێوارە ڕوو ئەکاتە ماڵ
پارە بەش ناکا و مناڵ هار و هاج
خواردنیان نییە و جلیان دڕاوە
هەرچی یەکیان هەیە ئەیخاتە هەراج
لەو جۆرە زۆرە لەناو کۆمەڵا
خوا لە ژیانیان ئەسێنێ وەک باج

## یادی یەکی ئایار

ئەی چینی چەکوش بەدەستان ئێوە هێزێکی نەمرن
ئێوەن لەناو میلەتانا بڵێسە و گڕی ئاگرن
بۆ پێش خستن و یەک خستن و سەربەستی گەل و نیشتمان
ئێوەن بنچینەی ئەو بیرە کەواتە هەموو یەک گرن
کەوا هەر پێشڕەوی هەموو چینەکانی گەلن
بەرەی دژی سامان داری و جەنگ پەرستانی چەپەڵن
خەبات ئەکەن بەبێ ووچان بۆ ئازادی و بۆ ڕزگاری
تێ ئەکۆشن ڕاناوەستن لەسەر پێ و ئامرازی هەلن
ئەمڕۆش کە یەکی ئایارە، جەژنی گشت کرێکارانە
یادی ساڵی هەشتا و شەش و مەرگی گشت زۆردارانە
یادی تێکۆشانی سەخت و نەبەزین و کۆڵ نەدانە
یادی داوای ماف کردن و دژی سەرمایەدارانە
یادی مەرگی هاوڕێ(جۆرج و ئۆگست و ئۆدلسف فیشەرە)
یادی هاوڕێ یاسننز و ڕۆژی زوڵم و دەردی سەرە
یادی خەباتە لە دژی ئەو سەرمایەدارە گەورە

کە تا ئێستاش بۆ گیرفانی مێملی ئاژاوە و شەڕە
ئەمڕۆ جەژنی ڕاستیتانە کە بەهێزی بازووی خۆتان
ئیسپاتتان کرد خاوەن مافن تێ ئەکۆشن بەبێ کۆڵدان
دەرتان خست بۆ هەموو دونیا کەپێشڕەوی چینەکانن
لەناو هەموو چینەکان و هەموو گەلانی ڕووی جیهان
کرێکارانی نەبەزی کوردستانی قەت کۆڵنەدەر
لەگەڵ چینی زەحمەت کێش و جووتیارانی کوردا تاسەر
ئەمساڵیش وەک هەموو ساڵێک، ئەم جەژنە یاد ئەکەینەوە
هەرگیز دوژمنی بەرامبەر سەرمایەداریێتی و خوای شەڕ

بەغدا ٢-٥-١٩٥٩

## جووتیار

کاکی جووتیاری هەژاری بێ دەسەڵاتی چەوساوە
ڕەنجت کێشا ماوەی ژینت بە بێ کۆڵدان لە ئەوساوە
نەوەک ئێستا، بەڵکو ئەوەتەی کە هەی لە ژیانا
یاخود ئەتوانین بڵێین ...کە سەرت لە هێلکە چووقاوە
هەر کردەی تۆ و بردەی زۆرداری چەپەڵەی بێ بەزەیی
ویژدانی مردووی پێی ناڵێ ئەم هەژارە پرووکاوە
ئەمە وەرزێکی ڕەبەقە بە پێمەڕە و پاچ و گاسن
هەوڵ ئەدا و هیلاک ئەبێ و خۆی خستۆتە لاوە
تەنیا هەر هەوڵی گیرفان و بەرژەوەندی جەنابێتی
ئیتر هەقی نییە ئەگەر ماڵ و منداڵت سووتاوە.
زۆر ئازار و سزای وەهات چەشت و خستتیە هەژاری
ئێستاش ورەی ئەو چەپۆکەی کە ئاغا بەسەرتیا داوە.
بەڵام مژدە بێ ئەمرۆکە نۆرەی ژینی تازە و نوێتە
ئەو زۆرداری و چەوسانەوە و بێگارە قورسەت نەماوە
ئەمڕۆ ئازاد و سەربەستی، ژێردەستەی هیچ مرۆڤێک نیت

واش بزانە ژینی تازەت لە تەمموزەوە نووسراوە
چونکە ژینی کۆیلایەتی بە ژینی ڕاستی ناژمێرێ
هیچ کاتێ هیچ کەس بەژینی ڕاستی لە پێنووس نەداوە
ئەوەی پێویست بێ لەسەرت بانگی هەموو جووتیاران کە
لەم کاتە هەلەدا کەوا زۆردارانی تیا تاساوە
لەگەڵ کاکی کرێکارا تۆ داس و ئەو چەکووش بەدەست
ئیسپاتی کەن کارگەرانی کوردیش هیچ کات نەوەستاوە
بەڵکو وەکو چینەکانی گەلانی ڕووی ئەم جیهانە
بۆ ڕزگاری بە هەزاران قۆچی قوربانیان داوە.

## هێزی جووتیار

ئێمە چینی جووتیارین
دژی زوڵم و زۆردارین
ئاوەڵی کرێکارین
خەبات ئەکەین ناسرەوین
تا دەستکەوتی ماف و ژین
هەموو ئازاد پەروەرین
وەکو پشکۆ و ئاگرین
هێزێکی قەت نەمرین
بۆ ئازادی نیشتمان
بەختین سەراپا گشتمان
بەرەو کۆشکی زۆرداران
مل ئەنێین بە هەزاران
تا تەخت ئەبێ وەک جاران
جا جووتیار و کرێکار
ڕزگار ئەبن لە زۆردار
ئەڕۆین بەرەو ڕووی مەبەست

هەموو دەست ئەدەینە دەست
بۆ وڵاتێکی سەربەست
تاکو هەموو وەک یەک چین
بە بەختیارانە ئەژین
دوژمنی خوای شەڕانین
هەموو ئاشتی خوازانین
بەختی ڕێی نیشتمان
ژین بە ئاشتی بەسەر ئەبەین
خۆمانی بۆ بەخت ئەکەین
پەرژینی ئەم وڵاتەین
ئەیپارێزین هەتا هەین
کوردستانمان پێش ئەخەین
ئەو ئەبێ بە جێی بڕوا
گەل لە پێناویا ئەڕوا.

ساڵی ١٩٥٩

**سەرچاوە**: دیوانی شیعری شەهید عوسمان عوزێری، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا.

**تێبینی**: دیوانەکە ناوی چاپخانە و ساڵی چاپکردن وشوێنی چاپی بەسەرەوە نەبوو کەلەسەر ئەنتەرنێت خوێندمەوە. بۆ ژیاننامەکەی لە کوردیپیدیا کەڵک وەرگیراوە.

# محەمەد ساڵح دیلان

## ١٩٩٠-١٩٢٧



محەممەد ساڵح دیلان کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا قادرە. ساڵی ١٩٢٧ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە. دیلانی شاعیر لە تەمەنیکی زووی لاوێتیدا ئارەزووی نووسینی شیعر و مەقام بێژی لا دروست بووە و لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا شیعری بڵاوکردۆتەوەو جێدەستی خۆی لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەجێهێشتووە. لە دوای گۆرانی شاعیر بەسەرتۆپی نەوەیەکی نوێی شیعری کوردی لەقەڵەم دەدرێت. دیلان نمونەی شاعیریکی چەوساوە و تێکۆشەرێکی بێ وچان بوو جگە لەوەی کە شاعیرێکی گەورەو تێکۆشەرێکی خاوەن هەڵوێست بوو، دەنگخۆشێکی کەموێنە و ئاوازدانەرێکی دەگمەنیش بوو کە هەمیشە جۆش و خرۆشێکی بێ وێنەی لای گوێگرانی دروست دەکرد و شیعرەکانی پی زیندووە دەکردەوە. گۆرانی و مەقامە بەسۆزەکانی دیلان کە شیعری زوربەیان نووسینی خۆیەتی و تا ئێستاش هەر زیندوون. شاعیری نوێکار و مەقامزان محەمەد ساڵح دیلان لە ٢٨-١٠-١٩٩٠ دا لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە ئەدەب و لە هونەر کرد.

## **شینێک**

پێشەوای بەرزی چینی کرێکار قەڵای ئازادی
تیری ئاراستەی دڵی ستەمکار مۆسیقای شادی
ئاڵاهەڵگری ئاشتی جیهان بەرامبەر بە شەڕ
چرای ڕزگاری ڕێگەی میللەتان گەنجی عیلم و فەڕ
باوکی دڵسۆزی ملیۆنەها کەس کێوی زانیاری

ڕێنیشاندەری ئایین و مەبەس ئاشکرا و دیاری
تیشکی زێڕینت چرای کوردستان بۆ شەوی تاری
ئەستێرەی گەشەی ئاسۆی نیشتمان جریوداری
مردن لە ئاستت لێوە لەرەی بوو پرس کەن لە مردن
بەڕۆژ و بە شەو چەرمەسەرەی بوو بۆ زەفەر بردن
چۆن وێرای توخنی چریسکەت کەوێ وا بە ئاسانی؟
یا وەک پەروانە ڕووناکی ئەوێ بۆ ڕێگا و بانی
ئەبێ مردنیش کە تێگەیی لێت باڵی شکاوە
هەڵئەپروزێ بگاتە بەر پێت خەیاڵی خاوە
بۆیە وا توانی بە کوڕنوش بردن بگاتە بەر پێت
بگاتە ڕاستت بە ئارەق ڕشتن بگاتە ناو جێت.

## من ئینسانم

پێستم ڕەشە وەک شەوەزەنگ
لێوم ئەستوور لچم زەقە
نئگام ماتە وەک گۆمی مەنگ
بزەم نەرم و سەرم ڕەقە
من ئێستاش لە هەندێ جێگا
ڕەشیم مایەی تێز و بێزە
لەم کۆڵان بێ و لە ئەو ڕێگا
سپی لێم دوورە پەرێزە
بەڵام من ئیمڕۆ شێرانە
پێم لە زەوی گیر کردووە
ئەنەڕێنم دلێرانە زراوی سپیم بردووە
من لە کۆنغۆ یان لە کینیا
ئەڵێم وەک سپی ئینسانم
دەنگم چوو بۆ بنی دنیا
ئیتر خۆم خاوەن فەرمانم!

من ڕەنگم زەرد و لووت پانم
ڕووم پڕ بوو لە لۆچ و چرچی
تفت و تاڵ بوو گوزەرانم
بەری ژینم هەر بە کرچی
دوژمن ئەیبرد منی نەخۆش
جێی زۆربم بەندیخانە بوو
دیلی ڕژێمی خۆ فرۆش
بەشم هەر توانج و تانە بوو
بەڵام ئیمڕۆ منی ڕەنگ زەرد
خۆم خاوەنی کار و بارم
سکم تێرە و دوورم لە دەرد
سەرفرازە لادێ و شارم
من بووم لە شەش یەکی جیهان
ئاواتم گرتە باوەشم
ڕەگی دوژمنم هەڵتەکان
بە زەبری شۆڕ و شۆڕشم
منم لە (چین) من ئینسانم
منم ڕێکخەری ژیانم
فێرکردنە تێکۆشانم
خۆمم گەورەی نیشتمانم!
منم بە تەنیا و بە تاکی
لێم قەدەغەیە و تاوانە
(دوان) بە وشەی زگماکی
ئەنجامی کۆت و زیندانە!
منم لە کوێ لە تورکیا
سەیر گۆڕا ناونیشانم
بە (من) ئەڵێن تورکی چیا
وەک ڕۆ چووبێ کوردستانم!

بەڵام منی کورد ئینسانم
وەکو تۆ ئەی برای ڕەشم
خاوەنی نرک و هەستانم
هەرچەندە ئێستا دابەشم
منیش وەکو تۆ ئینسانم
ئەی (کاکە) ئەی برای زەردم
دۆستی گەلانی جیهانم
ڕۆڵەی مەیدان و نەبەردم!
سا ئیمڕۆ بێ یاخۆ سبەی
ئەگەمە سەودا و مەبەستم
هەڵئەکێشم پشووی ئۆخەی
تێر لەو بایەی کە پێی مەستم.

**تێبینی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**: ئەم شیعرەی دیلان هەشت پەراوێزی مانای وشەی بۆ دانراوە. من پەراوێزەکانم لادا چونکە مانای وشەکان دیارو سادەن.
**سەرچاوە**: دیوانی محەمەد ساڵح دیلان، ئامادەکردن و لێکدانەوەی پەراوێز نووسین و پێشەکی دکتۆر عەبدوڵا ئاگرین، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٣ . لاپەڕە ٨٠ ، ٨١ ، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٣.
**سەرچاوەی ژیاننامە:** ویکیپیدیا

# مەلا ئاوارە

١٩٣٤-١٩٦٨



مەلا ئـاوارە نـازنـاوی مەلا ئەحمەد، کوڕی مەلا موحەممەد ئەمینی هەمەوەند، سـاڵی ١٩٣٤ لە ئاوایی شـلماش سـەر بە شـاری سـەردەشـت هاتۆتە دنیا. کە هەر لە کاتی خوێندنەوە، بینینی نابەرابەری و حاڵ و باڵی دڵتەزێنی بێدەسـتان و زۆربێژی و خەڵک ڕووتاندنەوەی دەسـەڵاتداران، ئازاری دەدا و سـەرەنجام لێبڕا بە هەموو گیانییەوە، بۆ نەهێشـتنی ئەم کارەسـاتە تێکۆشـی و پاشـان کەوتە گەڕان و دانیشـتن لەگەڵ خەڵکی چەوسـاوە و تێگەیاندنیان لە هۆی دواکەوتنیان. مەلا ئاوارە خوێندکاری یاسـا لە زانسـتگەی تاران بووە. مەلا ئاوارە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی شـورشـگێری حیزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئێران بوو کە سالەکانی ٦٧ و ٦٨ ی زایینی دەستیان دایە خەباتی چەکداری دژی ڕژێمی پاشـایەتی. مەلا ئاوارە لە مانگی گوڵانی ١٩٦٨ لە ئاوایی دیواڵانی سـەردەشـت لە گەڵ دوو هاوڕێی تری گیران و دوای چەند مانگ، ڕۆژی ١١ خەرمانان سـالی ١٣٤٧ی هەتاوی واتە ١-٦-١٩٦٨ زایینی لە شاری سەردەشت گوللەباران کرا.

## هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت

تووتنەوانێکی هەژارم
بێ خانوو و بێ زەوی و زارم
منالم ڕووت و برسییە
ژیانم پڕ مەترسییە
ڕووم نییە بچمە نێو خەڵک
بێ بەرگ و پێڵاو بێ کەڵک

بەڵام چ بکەم چارەڕەشم
خەرمانم زۆرە و بێ بەشم
خۆم و خێزان گەورە و بچووک
ڕادەپەڕین وەکو هەلووک
یا قوڕەکاری و  خشت بڕین
یا جووتە و زەوی هەڵدڕین
بەگاسن، پێمەڕە بە پاچ
بە چنگ و نینۆک و بەقاچ
ئەوجا تۆ و شەتڵ پێ دەکرێ
بە چیلکە و چاڵ سەری دەگرێ
بژاری چەن ناخۆش و ورد
پیشەیی کوڕ و کیژی کورد
زەوییەکەم بوورە، دێر بکەم
نەوەک سیس ببن شەتڵەکەم
دێراو هەڵدان، خاکاو کردن
کوڕ و کچ وەکۆوە کردن
بێ پوول و باغ و بزن و مەڕ
دوورم لە خێر، نزیک لە شەڕ
قەرزدارم، دەردەدارم
شەرمەندەی خەڵکی دێ و شارم
خەڵکی پێی وایە تەمبەڵم
بێ کەسب و کار و چەپەڵم
هەرکە کوتیان سەری ساڵە
وادەی جووت و کشتوکاڵە
هەڵدەبەزین لێرە و لەوێ
بەڵکوو کارێکمان دەس کەوێ
وا بەهارە دەرکەوت گڵ
جێگە خۆش دەکرێ بۆ شەتڵ
دەیبێژین و خۆشی دەکەین
تێکەڵ دەبێ لە گەڵ پەین

دوو ڕۆژ جارێک ئاوی دەوێ
تا شین دەبێ و دەردەکەوێ
شەو و ڕۆژ خەو ناچێتە چاو
کەنگێ بەرم کەوێ ئاو؟!
بە شێوبڕین و وەرد و خەت
کێڵان دەگاتە پێنج کەڕەت
ناخۆشە تووتن چەقاندن
هەڵترووشکان و پشت چەماندن
لە ئاو داشتن سستی نەکەی
تا دەگوورێ وشکی نەکەی
نۆرەی پشک و بژاربڕە
جەرگ بڕە، بژار پڕە
وا نیوگوڵ کرا ئاو درا
لە دوورەوە بەرچاو کرا
کڵاو کەرگەری وەدەرکەوت
ئەژنۆم شکا، نێوکم کەوت
ڕەببی کوێر بێ و چاوی نووسێ
بە زیادم لە سەر نەنووسێ
دەردی پێرارم نەگاتێ
نە کەسریم بێ و نە چیم داتێ
تووتن نووس، بۆ خاتری خودا
روحمێ بکە بە منی گەدا
مەیسووتێنە ڕەنجی ساڵم
خاوەنی کۆشێک منداڵم
تازە هەڵیوەشێنمەوە
بشمری نایکوژێنمەوە.
من کاربەدەستی دەوڵەتم
دوژمنی خاک و میللەتم !!
زۆر لەبەری پاڕامەوە

بێپووڵجوابی نەدامەوە
نووسی بە چل پووتی تەواو
تەپڵە بە سەری دوا بڕاو
بە فیزەوە سوار بوو ڕۆیی
بو من چی ما؟ ڕەنجەڕۆیی
ئەوجا بارین دەرد و بەڵا
بۆ تووتنەوانی بێ سەڵا
بە لەرز و تا، بە دەردی چاو
سیس بووم وەک تووتنی بەر هەتاو
بێ پووڵ و پارە، بێ خەرمان
بێ دوکتۆر و داو و دەرمان
کرم و مڵەش، کەڵە و گەزۆ
لە تووتنی تایین بوون وەکۆ
ئەویش وەک من سیس و داماو
چرچ و بێ شەفاف و ژاکاو
نەخۆش و هەژاریم بران
کارم زۆرە، دەردم گران
جوچکە و وەچە، سەر سپاندن
بن پەل،تەڕە داشکاندن
چارداخ و بەن پێوە کردن
وەبەر تاو دان، وشک کردن
تەلیس، شریت و حەمباڵی
خەسار نەکەی نیو مسقاڵی
ئەوا داگیرا و دانرا
پەتەی بار کردن وەرگیرا
خۆشی خۆشی دڵم شادە
خاوەن قەرز بەس خۆ بادە!
تووتنەکەم زۆر جوان و ڕەندە
بۆن خۆش و باش و پەسەندە
ئەورۆ و سبەیبباریدەکەم

واريد بە ناو شاريدەكەم
دوخانيە چاكم لێ دەكڕێ
پووڵێكی  باشم پێ دەبڕێ
هەر قەرزێكی بەسەرمەوە
دەیدەمەوە بەگەرمەوە
جلك و پێڵاو، دەسرە و كڵاو
برنج و ڕۆن، بۆ چڵاو پلاو
هەرچی پێویستەبۆماڵم
بۆخۆم و ژن ومنداڵم
هەمووی دەكڕم بەهەرزانی
لەچاو ساڵان بەمەرجانی
قەرزدار نیم، نەغدكڕم
چیدی ناڵێم بەرگ شڕم
حاجی قادر، عەلی قەساب!
چایی بێنن لەگەڵ كەباب
شەو لە ئوتێل لە سەر فەنەر
دەخۆم، دەنووم بە بێ خەتەر
بە ڕۆژ تا شەو بازاڕپێوان
بە فیزەوە قەدەم لێدان
دەگەڕێم دووكان بە دووكان
سەودا دەكەم جلكی بووكان
لە دەرزی تاكوو پەشمینە
هەر شتێ جوان و ڕەنگینە
نرخ و قیمەتی دەپرسم
تووتنم هەیە، چاو نەترسم
منداڵیش تلی تلییانە
لە ماڵێ خۆشی خۆشییانە
باب لە شار دەگەڕێتەوە
هەموو شتێكمان بۆ دێتەوە

دوو ڕۆژ بەم جۆرە ڕامبوارد
بە قەرز نان و چاییم خوارد
دڵپڕ لە ئاهەنگ و خۆشم
ئەمڕۆ تووتنەکەم دەفرۆشم
ئاغای ڕەئیس وەدەرکەوت
ئۆخەی نۆرەم وەبەر کەوت
دە فەردە تووتن ڕیز کراو
لە بەر شەوقی هەڵنایێ چاو
بۆ دیتن و چاو لێ کردن
هەمووی پەرت و بڵاو کردن
سەر و بنی هەڵتەکاندن
نیوەیەکی لێ وەراندن
منیش لە جێی خۆ هەستاوم
بە بێ زمان ڕاوەستاوم
لە ناکاو هاتە گوێم دەنگێ
دای لە جەرگم وەک خەدەنگێ
گوتی: لێدەن بە واگوزار
ئەمساڵ خراپترە لە پار
بە ڕوویەکی ترش و تاڵەوە
گوتی زوو بگەڕە ماڵەوە
دە پووتت کەسری لە سەرە
بیهێنە بێ بێنەوبەرە
کە گوێم گرت لەم دەنگ و سەدا
ڕەق بووم لەوێ وەک مقەبا
پاش تاوێ تاسان، حەپەسان
بە دەنگێکی پڕ لە ترسان
هاتمە زمان، هاوارم کرد
لێم وەکۆ بوون درشت و ورد

گوتم: هەی داد و هەی هاوار

هەر لە ڕێگەی پەروەردگار
ئاغای ڕەئیس! قەرزدارم
نەخۆشم، برسیم، هەژارم
هیچ نەبێ قەرزی ئەمساڵم
قووتی خێزان و منداڵم
بمدەنێ با ئەربابەکەم
هەقی چایی و کەبابەکەم
ڕازی بکەم بیدەمەوە
ڕێم ببێ بۆ شار بێمەوە
یا بمگرن، یا بمکوژن
یا کەسریم لە سەر هەڵگرن
بمبەخشن لە ڕێگەی خودا
خەرجیم نییە بۆ دادگا
هەڵدەلەرزیم هەڵدەچۆقام
نەڕاندی بە سەرما، تۆقام:

ئەی بێ شەرمی پەردە دڕاو
ئەی چڵمنی پیس و گڵاو
بێدەنگ نەبی، بێ ئابڕوو!
تێت هەڵدەدەم بە ئارەزوو
دا کوڕینە، لێرە دەری کەن
نەک لێرە، شاربەدەری کەن
بەم چەشنە دەریان پەڕاندم
بەرهەمی ساڵیان فڕاندم
بە دزی خاوەن قەرز و ئەرباب
بێپووڵی قاوەچی و کەباب
ملم بۆ نا بە لارەوە
دەرکەوتم لە ناو شارەوە
بە چاوی پڕ گریانەوە

به دڵێکی وەک بریانەوە
هاتمەوە ناو خاو و خێزان
وەک بارانی گەڵارێزان
فرمێسکی ڕووتی و هەژاری
لە چاوی گشتمان دە باری.

دوژمن تاکەی بدەم باجت
دەک وەرگەڕێ تەخت و تاجت
ئەی وەرزێران، ئەی جووتێران
ئەی تووتنەوانی ماڵوێران
با بە یەک دڵ و یەک زبان
بە خەباتی شێلگیرمان
تا دوا پشوو هەوڵ دەین
شەق دەو ڕژێمە هەڵدەین
یەک گرتن هۆی سەرکەوتنە
خەبات ڕێگەی دەسکەوتنە
ئەگەر یەک بین و یەک بگرین
لەگەڵ یەکدا بژین بمرین
زاڵ دەبین و سەر دەکەوین
بەرز دەبین و نانەوین
هەوڵ و تەقەللای بێ وچان
بێ ماندوویی و بێ پشوودان
تاقە ڕێگەی ئازادییە
هێنەری ڕۆژی شادییە

**سەرچاوە:** دیوانی مەلا ئاوارە، کۆکردنەوەی عەولا مینایی، لاپەڕە ٥٦ بۆ ٦٨. ساڵ و شوێنی چاپکردنی دیوانەکە لەسەر ئەنتەرنێت دیار نییە.

# ئەژی گۆران

## لەگەڵ پریشکی سەر دەستگایەکدا

پێشـــــکەشـــــە بە ڕۆژی کرێکـارانی جیهـان لە کورەی خەبـاتی نەتەوایەتی کرێکـارانی کوردستانەوە. نیسانی ١٩٧٢

من ڕووناکیم... بۆ دوور ئەڕۆم
لەناو شەپۆلی دەریاچەی دەربەندیخان
ماچی شەوێکی ڕەش ئەکەم
لە ئاوێنەی شەوەزەنگا
دەست نیشانی ڕوخساری خۆم،
لەگەڵ ئاواتی گەش ئەکەم
من چەوساوەی ناو تاریکیم
دەستم بەندی تاڵی ڕەشە
لە تەوژمی هەر جارێکا
کە باوەڕم،
لێکدانەوەم
ئەگاتە مەبەستی گەشە
چەوسانەوەم... ڕوناکییە،

ئەڕوشێنێ کام ناخی..
بەرزی کە ڕەشە
من ڕووناکی ئیش کردنم
کرێکارم.. کرێکارم..
خاوەنی بیر، لێکدانەوەم
ڕابردووی یەکی (ئایار)م
من ڕوناکی بێ ژمارەم
تیشکی ناخی مێژووی خۆمم
خاوەنی بیر، لێکدانەوەم..
تیشکی هەزار بە هەزارم..
کرێکارم
وەکو هەموو کرێکارێ،
لەسەر سینگی دایکێ ئەنووم
کرێکاری شۆڕشێکم
خاوەنی وەرزی بەهارم
من گڕێکم لە نەورۆزا،
درەوشی ڕۆژی ئازارم
کرێکارم...
لە بناری هیوایەکا
ڕەگی ئاسن..لەناو مەرزێکا دەردێنم
کانی ئاسن بە ئارەقی ناوچەوانم ...ئەبرژێنم
لە لوتکەی بەرزی کەژانا
تا چاو بڕکا
کوردستانم لەچاوی خۆرا ئەنوێنم.

## قف للتفتيش

ئەڕۆم ...هەنگاو
بەناو دڕکا، ئەدرکێنم
لە پێ دەشتا
دەمی هەوراز
بە تولەڕێ ئەڕوشێنم
ئەڕۆم...ئەڕۆم
لێوی وشکەڵاتوی تینوم
بەسەر دڵۆپێ بارانا ئەتکێتەوە
چۆراوگەی ون بووم
لەشوێن قوڵنگی فەرهادا
بە تاقەوسانا
ڕێگە ئەگرم
ڕێم لێ ناگرن ئەو وشانەی
کە ئەنووسن
قف للتفتيش
من ناوەستم
ئەڕۆم ..ئەڕۆم..ئەڕۆم
لەباتی نان
لەبەر دەرگەی مزگەوتەکان
پێخۆری سواڵ و تەمەڵی
لە هەژارە بێ نانەکان
ئەسێنمەوە
هەنگاو ئەنێم..
هەنگاوی ئیش

کێ دێتە ڕێم؟!
دەستی وشەی ئەو وشانەی
کە ئەنووسن
قف للتفتیش.

١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٢

**ســـــەرچاوە**: نەبا غەریبێ جێت بگرێ، کۆشـــــیعر، ئەژی گۆران، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی گشـتی ڕۆشـنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، چاپخانەی ئەسـعەد، بەغدا ١٩٧٨.

**تێبینی**: زۆر هەوڵمدا ژیاننامەی شاعیر "ئەژی گۆران" و وێنەیم چنگ نەکەوت.

# عەبدوڵا پەشێو



عەبدوڵا پەشێو لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی بێرکۆت لە دەشتی هەولێر لەدایکبووە. لەساڵی ١٩٧٠ لە دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغداد بەشداری کردووە. ساڵی ١٩٧٣ رۆیشت بۆ یەکێتی سۆڤیەت و ساڵی ١٩٧٩ ماستەری لێکۆڵینەوەی زمانە بێگانەکانی وەرگرت و ساڵی ١٩٨٤ پلەی دکتۆرای لە زماننانسی بەدەست هێنا. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٥ تا ١٩٩٠ لە زانکۆی ئەلفاتیح لە لیبیا مامۆستا بوو. پەشێو لە ١٩٩٥ەوە دانیشتووی وڵاتی فینلاندە. پەشێو یەکەم هۆنراوەی لەساڵی ١٩٦٣ و یەکەم کۆمەڵە شیعری لە ١٩٦٧ بڵاو کردوتەوە. پەشێو هەروەها بەرهەمەکانی چەندین نووسەر و شاعیری گەورەی جیهان وەک واڵت وایتمان و "ئەلەکسەندەر پۆشکین"ی وەرگەڕاندوەتەوە بۆ کوردی.

## کرێکارین

کرێکارین، کرێکارین
پەروەردەی ئێش و ئازارین
ئارەقڕێژین
ژین دەنێژین
تاکو بژین.
کرێکارین، کرێکارین
کۆڵەکەی ژینین، بەکارین
بە هەڵمەتی بازوو و شانمان،
بە تەمەنی پڕ مەینەتی تێکۆشانمان

شاخوداخی پڕ مەترسی
بنکوڵ دەکەین، جەرگ دەدڕین
لە کیسەی تەمەنی خۆمان
نرخێکی تازەی بۆ دەکڕین
بەڵام تووشی سەرسوڕمانین
کە نازانین،
بۆ کێ دەچێ ڕەنجی بازوو
جگە لە نان، چەند لەتێ نان
- ماکی ژیان -
ئەمەش بۆچی؟
تا بێینە گەڕ وەکو ئامراز
بێ قرەقڕ، نەمانبێ ناز
جگە لە ڕەنج، جگە لە کار،
بۆ گیرفانی سەرمایەدار.

هەولێر ١٩٦٥

## پێناکەنم

پێناکەنم...
تا ئەو ڕۆژەی هەزارەکان
مامزی خەندە ڕاو دەکەن
بۆ لێوی لادێ و شارەکان
کە ئەوەم دی
ئەوسا منیش وەکو ئەوان،
وەکو شنەی گوڵە گەنم
وەکوو ئارەقەی ناوچەوان،
لەناخەوە پێدەکەنم.

*

پێناکەنم...
پێکەنینم هەرگیز نایێ
تا بە چاوی خۆم نەبینم.
لە هەر لایێ،
لافاوی ئاگرپژێنی چەوساوەکان،
ڕاستبوونەوە و یاخیبوونی
دیل و ئەژنۆ چەماوەکان
دەپچڕێنێ کۆت و زنجیر،
ڕادەماڵێ
گەنجینەی خواپێداوەکان.
کە ئەوەم دی
ئەوسا منیش، گەرم بەتاو
بەستە دەڵێم،
پێدەکەنم
لەدیار کۆت و بەندی شکاو.

١٩٦٩

## وانەی هەشتەم

مناڵەکان!
ئەی برسییە ژین تاڵەکان
لەسەر سینکە نەوتاوییەکەی بابەگوڕگوڕ،
نێزیک تاڤگەی سەرەوژووری زێڕینی گڕ،
گڵکۆیەکی بچکۆلەم دی
لێی نووسرابوو:
"ئا لێرەدا مناڵێکی چاوگەشی کورد
لە برسان مرد."

## وانەی دەیەم

منداڵەکان!
لەسەر ناوچەوانی زەردی ڕۆژنامەکان
لەسەر بۆڕییە نەوتەکان،
لە دیواری ئاودەستخانەی مزگەوتەکان،
دە ملیۆن جار
نووسیمان: "بژی چەوساوە"
نووسیمان: "بژی کرێکار"
بەڵام هەموو نووسینەکان،
تەنیا جارێ،
نەیانتوانی ببنە پاروو،
تێر کەن زگی کرێکارێ!

**سەرچاوە:** "پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە"، عەبدوڵا پەشێو، شیعری ١٩٦٥ – ١٩٧٩ سوید ٢٠٠٦.
**تێبینی**: ئەم کورتە ژیاننامەیە لە کوردیپیدیا وەرگیراوە.



# شێرکۆ بێکەس

٢٠١٣-١٩٤٠

شێرکۆ بێکەس لە ساڵی ١٩٤٠ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە. تەمەنی هەشت ساڵان بووە کە بێکەسی باوکی ساڵی ١٩٤٨ کۆچی دوایی دەکات. منداڵی و لاوێتی شێرکۆ بێکەس پڕ بووە لە ئازار و ژانی بێکەسی و نالەباری ڕەوشی ئابوری. لە نێو هەلومەرجی سەخت و بێکەسیدا قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە. تەمەنی حەڤدە ساڵان بووە یەکەمین شیعری لە ڕۆژنامەی ژین بڵاو کردۆتەوە. ساڵی ١٩٦٥ دەبێت بە پێشمەرگە و لە رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق لە ئەشکەوتی سەردێمان دەست بە کار دەکات. ساڵی ١٩٦٨ یەکەمین کۆمەڵە شیعری بە ناوی "تریفەی هەڵبەست" بڵاو دەکاتەوە. لەگەڵ چەند هاوڕێی ئەدیب و نووسەری تری دا، حوسێن عارف، جەلال میرزا کەریم و کاکە مەم بۆتانی و جەمال شارباژێڕی، ساڵی ١٩٧٠ بەیانی روانگە لە پێناوی نوێکردنەوەی ئەدەب و نووسینی کوردی بڵاو دەکەنەوە.

ساڵی ١٩٨٧ لە سوێد خەڵاتی تۆخۆڵسکی وەردەگرێت. خەڵاتەکەی لە لایەن سەرۆکوەزیرانی ئەو دەمی سوێد (ئینگڤار کارلسۆن)ەوە پێشکەش دەکرێت. پاشتر هەر لەو وەڵاتە دەمێنێتەوە و دەبێت بە هاووڵاتی سوێد. ساڵی ١٩٩٢ لە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە وەزیری رۆشنبیری. ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی نووسەر و رۆشنبیریدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دروست دەکەن و دەبێت بە سەرۆکی ئەو دەزگایە. ساڵی ٢٠٠٩ سەرجەمی بەرهەمەکانی لە هەشت هەزار لاپەڕەدا چاپ کرد. شێرکۆ بێکەس خاوەنی دەیان کۆمەڵە شیعر و نزیکەی دە هەزار لاپەڕە شیعری ڕەنگاوڕەنگە. خاوەنی چەندین ئەزموونی جۆراوجۆرە لە نووسین و شیعردا. ئەو بە شیعر شانۆنامە، پۆستەر،

دەقی کراوە، داستان و گەلێ بەرهەمی تری ئەدەبی نووسیوە. شیعری شێرکۆ بێکەس بۆ زۆر زمانی وەکو ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، سویدی، عەرەبی، تورکی، فارسی و هی تریش وەرگێڕدراون. رۆژی چواری ئابی ٢٠١٣ لە وەڵاتی سوید و لە ئەنجامی نەخۆشیدا کۆچی دوایی دەکات.

## شیش

(بۆ نازم حیکمەت)

لە کارگەی ئاسنگەرێکدا
چەند شیشێکی مەچەک ئەستوور
هەستانە پیان
هەڕەشەیان کرد لە گیرە و
مۆڕ بوونەوە..لە ئاگردان
وەختێ بیستیان
ئەیانەوێ لە پەنجەرەی،
کتێبخانەی گشتی یەوە
بیان گۆڕن
بیان کەن بە
دەرگای زیندانی داخراو
لەسەر مانگی
شیعری گیراو.

## گاورباغی ١٩٤٦

مقەستێک بوو
لەناو باخی هەژاراندا..

به بێ پەروا..گەڵا و گوڵی دەقرتاند و ..
به دیلی ئەیبردن بۆ "شا"
شا، پایپێکی سەر زل بوو
قاچی ئەنایە سەر قاچ و
'ڕەنج" ی چەوساوەی "ئەکێشا"
ڕۆژێ خەمە نەوتاویەکان
کاسەی پڕیان لێی ئەڕژا..
لەسەر ڕێگەی گاورباغی
مقەستیان گرت
گەڵا و گوڵیان لێ سەندەوە و
داخی دڵی باخیان پێ ڕشت
پایپ...لە ڕقدا ئاگرەکەی
نا بە لەشی گەڕەکەوە..
گەڕەک سووتا
بەڵام پایپ هەر بەو ئاگرەی کە نایەوە
خوێنی گڕدا
خوێنی ڕەنجی گڕ تێ بەر بوو
هەتا ئەهات گەورە ئەبوو
بەیانییەک..گاورباغی
مقەستی دی
لچ و لێوی هەڵپاچراوە و
بەدیار لاشەی پایپەوە
خوڕ ..خوڕ..ئەگریی!

## کتێبە هەژارەکان

بۆ (گۆرکی)

لە ئارشیفی نامەخانەی دوا قەیسەردا
هەرچی کتێبە هەژار و برسیەکان بون..کەوتنە جووڵە
لەڕیزی خۆیان یاخی بوون
هەموو چوونە یەک ڕیزەوە..
گرد بوونەوە و،
پەڕەی سەریان نا بەسەرییەکترەوە..
بوومەلەرزەی خۆپیشاندان
سەروژێری نامەخانەی گەورەی لەرزان
کتێبێکی کورتە بنەی سەر رووتاوەی پێشەوایان
هەڵبڕیە سەر قەڵان دۆشکان
هاواری کرد :
"داوا ئەکەین بخرێینە پێش چاوی کێڵگە و ڕووبارەکان
داوا ئەکەین کارگەکان بمانخوێننەوە
بدرێینە دەس سنەوبەر و هەتاوەکان"
لەوبەرەوە هەرچی کتێبە ورگنەی بورژوا بوو
لەسەر ڕەفەی بەرزیانەوە..کەوتنە تەقە
سەدان کتێبی ڕووت و قووت
خڵتانی خوێنی دێریان بوون
بەڵام هێرش نەبڕایەوە..
هەتاکوو دوا ڕەفەی بەرز گیرا و
ئاڵای وشەی سەوز و سووریش

کەوتنە شنە و شەکایەوە.!

## لە ڕەگەوە

لەناو چاوی منداڵێکی (هاڤانا)وە
برسێتی دەستی ڕاکێشا
بۆ سەر شەقامێکی گشتی
یەکەم ڕێبوار:
دڵدارێ هات. هەرچی فرمێسکێکی پێبوو
هەمووی دایە و ڕۆی تێپەڕی
دووەم ڕێبوار:
بازرگانێ دوو نانی گەرمی بۆ کڕی و
دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی
سێیەم ڕێبوار:
چیرۆکنووسێ ..چیرۆکێکی
ئێجگار تووڕەی لەسەر نووسی
چوارەم ڕێبوار:
کرێکارێ هات و نەڕۆی
تا شەقام و شار و دنیای
چەوسانەوەی بۆ نەگۆڕی.

**هێلانە**

کۆمۆنیست نیم
بەڵام زۆرجار چاوم لێیە
یەکە یەکە
هەندێ وشەی دایکە و باوکەم
وەک چۆلەکە
کە هێلانەی شەوگارێکیان لێ ئەشێوێ
هەڵئەفڕن و ئەیانەوێ
ئەو شەوانە
کاسکێتەکەی لینین بکەن
بە هێلانە.

سالی ١٩٨٥

**سەرچاوەکان:**

١-کۆشیعری کازیوە، شێرکۆ بێکەس،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ١٩٧٨
٢-دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەک و دوو،کوردستان ٢٠٠٦.

**تێبینی:** ئەم کورتە ژیاننامەیە لە کوردیپیدیاوە وەرگیراوە.



# فاتح شێخولئیسلامی
# (چاوە)

چاوە، ناوی یەکەم و سـەرەکی بووە هەم لە ماڵ و هەم لە ناو خەڵک دا. لە تەمەنی پێنج ساڵان دا، باوکی لە کاتی وەرگرتنی پێناسنامە، بە ناو و ناسناوی فاتح شـیخ الاسـلامی تۆماری دەکات. سـاڵی ١٩٤٢ی زایینی لە شـاری مەریوانی کوردستانی ئێران لەدایک بووە. شەش ساڵی پۆلی سەرەتایی لە مەریوان و شەش ساڵی دەبیرستانی لە سنە خوێندووە و لە ساڵی ١٩٦٠ لە زانکۆی تاران، ماستەری بارهێنانی مامۆستای ئەدەبیاتی فارسی، ماستەری زانستە کۆمەڵایەتییەکانی لە زانکۆی تاران بەدەستهێناوە. دەستپێکردنی خەباتی سیاسی دژی رژێمی شا لە پاییزی ١٩٥٨ لەگەڵ چەند هاورێی قوتابخانەی دواناوەندی و تەجرەبەی یەکەم زیندانی بوون لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا لە زیندانی ئیتتیلاعاتی شارەوانی سنە لە پاییز و زستانی ١٩٥٨. لە سەردەمی پاشایەتیدا دووجاری تر دەکەوێتە زیندان، وەکوو زیندانی سـیاسـی لە سـاڵەکانی ١٩٦٤ و ١٩٧١ لە زیندانی قزل قەلعە و زیندانی قەسری تاران. نووسینی شیعر بە هەردوو زمانی فارسی و کوردی لە پاییزی ساڵی ١٩٥٨ لە سەردەمی زیندانی سنە و ئینجا چڕبوونەوە لە سەر نووسینی شـیعر بە کوردی لە سـەردەمی خوێندن لە زانکۆی تاران (١٩٦١-١٩٦٧). دوای شۆرشی ١٩٧٩ ئەکەوێتە نووسینی شیعر بە ناوەرۆکی شۆرشگیرانە و کرێکاری و نووسینی وتاری سیاسی بە زمانی کوردی و فارسی. ئەم٣٠ ساڵەی دواییش کە لە ئەوروپا ژیاوە بەردەوام بووە لە نووسینی وتاری سیاسی، بەڵام شیعرنووسینی کەمتر بووە.

شـیعر لە ژیانی چاوەدا هەمیشـە وەکوو جۆگەیەکی ڕوون و زیندوو و ڕوو لە گەشە لە ئارادا بووە و هەیە. چاوە یەکێکە لە پێشرەوانی شیعری نوێی کوردی لە کوردستانی ئێران. زۆرێک لە شیعرە شوڕشگێرییەکانی چاوە کە لە ساڵەکانی ٦٠ ی زایینیدا نووسرابوون، لە شۆڕشی ١٩٧٩ لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا دەم بە دەم دەخوێندرانەوە.

ساڵی ١٩٧١ چاوە زیندانی سیاسی بوو و لە هەموو مافێکی کۆمەڵایەتی بێبەش کرا و تا رووخانی رژێمی پاشایەتی لە ئاکامی شۆڕشی ١٩٧٩ دا مافی کارکردن لە دایرە دەولەتییەکانی لێ سەندرا. چاوە چالاکانە بەشداری لە شۆرشی ١٩٧٩ دا کرد و لە بەردەوامی ئەم شۆرشە لە بەرخۆدانی جەماوەری و شۆرشگیرانەی کۆردستان شوێنی بالای بوو. ئەو یەکیک بوو لە ئەندامانی "لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" بۆ وتوویژ لە گەڵ "لێژنەی تایبەتی دەولەت"ی کۆماری ئیسلامی ئێران. چاوە هەروەها نوێنەری براوەی شاری مەریوان بوو لە یەکەمین هەلبژاردنی پەرلەمانی ئێران دوای ڕووخانی رژیمی پاشایەتی بەڵام کۆماری ئیسلامی هەلبژاردنەکانی کوردستانی هەڵوەشاندەوە. چاوە یەکیک بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو رێکخراوەیەی کە دەیەیەک بەر لە شۆرشی ١٩٧٩ چالاکی سیاسی دەست پێکرد و لە سەردەمی شۆرشی ٧٩ دا بە ناوی کۆمەڵە ناسرا. چاوە بێ وچان درێژەی داوە بە چالاکی سیاسی لە کۆمەڵە، حزبی کۆمۆنیستی ئیران، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران و ئێستاش لە حزبی حکمەتیست دا وەکو سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی درێژە بە خەبات دەدات.

## گژەبا

ئەی گژەبا، گژەبای دڕ
هاوڕێی زستانی سارد و سڕ
ئەی خۆبەخۆ دوژمن بە خۆشی و ئاسایشت
نەک هەر بۆ تەنیا من بۆ گشت
ئەی گژەبا، گژەبای دڕ
باش ئەتناسم، باش ئەزانم
کە ڕووت کردە دارستانی تاریک و چڕ
هێلانەی هەزاران هەزارن
بێچووە مەلی کزی هەژار
ئەشووخێنێ
دایک و بابیان لە دارستان ئەتەرێنێ
بە چنگووڕی بێ بەزەیی

خونچە و گەڵا ئەوەرێنێ

.............................

ئەی گژەبا، گژەبای دڕ
جل و بەرگت لێ کردم شڕ
چرای دەسمت کوژاندەوە
بە تەپ و تۆز
چاوت پڕکردم لە گرێ
بەڵام ئەمانە هیچکامی
ناتوانێ ڕێگام لێ گرێ

...........................

..........................

ناتوانی رێگام لێ ون کەی
ناتوانی قەڵای تاقەتم سەرەوبن کەی

.........................

ئەی گژەبا، گژەبای دڕ
لە سەر ڕیگام لادە سمڕ
سوێندم بە تیشکی ڕزگاری
سوێندم بە ئەستێرەی ئاوات
سوێندم بە سروەی بەهاری
ناتوانی ڕێگام لێ ون کەی
ناتوانی قەڵای تاقەتم سەرەوبن کەی

.........................

١٩٦٢

## بۆ کچە نان فرۆشی سەر جادە

ئەی کچە نان فرۆشەکە
شەو درەنگە

هەتا کەی ناگەڕێیەوە؟
درەنگ وەختە و شار بێ خاوەن
تا کەی لە سەر ئەم جادەیە ئەمێنییەوە؟
ئەتبینم سرک و بێ ئۆقرەی
وەک بێچووە ئاسکی بەجێماو
بە جێ پێتەوە بەن نانی
بەم لاو ئەو لاتا ئەڕوانی
هەڵئەستی، دائەنیشییەوە
نانەکانی فەرغوونەکەت ئەژمێریەوە
بەم دەست ئەو دەستت ئەگلۆفی و ئەڵێی:
"چ بکەم؟
شەو درەنگە و
فەرغوونەکەم هێشتا نانی تێدا ماوە"
*
ئەی خوشکە نان فرۆشەکەم!
باریکەڵەی ڕوومەت سووتاو!
شار دامرکا،
جادە چۆل بوو،
کۆڵان تەواو تاریک داهات،
ڕێی ماڵەکەت چاونەبینە
هەتا کەی ناگەڕێیەوە بۆ ئەو ماڵە ڕەش و ڕووتەت؟
دایکی هەژار دڵ لە دواتە،
دڵدارە قاچ قوڕاوییەکەت چاوەڕێتە،
-کوڕە جیرانی ئازیزت،
وا گشت ڕۆژێک ئێوارانە
پاش دە سەعات قوڕەکاری
سەرت ئەدا؛
بە ڕوانینە گراوییەکەی
سوورایی ئەزێتە گۆنات

پزیسک ئەپژێتە چاوانت
چۆلەکەی ئەو دڵە ناسکەت
باڵەفڕەی پێ ئەکەوێ-
نازانم ئەمشەو بۆ نەهات بە شوێنتدا،
بێ و نەبێ لە تاو شەکەتی
ئەو هەژارەش
وەک سەخری کەساس کەوتووە

*

دە هەستە پێ!
فەرغوونەکەت وە پێش خۆت دە!
کیژۆڵە نان فرۆشەکەم!
شەو درەنگە
کەس نەماوە
ئەو زگتێرە ناکەسانە،
وا بۆ دوو نان
چوار جار مووچەی نانەکانت ئەشێوێنن،
ئەو چاودڕاوە پەستانە
وا لە گەڵ هەر تمەنێکدا
دوو قسەی سووکت پێ ئەڵێن
تفیان لێ کە!
نانی ئەو دەستە پاکانەت
مەفرۆشە بەو ناپاکانە

*

ئەی خوشکە چاو سووتاوەکەم!
خۆزگە ئەمزانی شەوانە،
ئەو کاتانە لە گەڵ دایکت
لە بەر نێڵەی گڕا هەتا دەمە و بەیان

تەپ تەپ نان ئەکەن بۆ فرۆش،
خۆزگە ئەمزانی چی ئەڵێن؟
چۆن باسی ڕزگار بوون ئەکەن
لەم ژیانە بێفەڕەتان؟

بەغدا - حی‌الجمیلە - ١٩٨٨

## بەسەرهات

(بەســــەرهاتی ژنێکی کرێکاری قالییە کە لە دەس فشــــاری کەس و کاری هەڵدێ بۆ لای کۆمەڵە. لە سـەر ئەسـاسـی بەسـەرهاتی واقیعیی فاتمە، هاوسـەری هاوڕێی گیانبەختکردوو ڕەشیدی میسری)

بارانی پاییز بە خوڕەم ئەبارێ بە سەرما
تاقە دەزوویەک بە وشکی نەماوە لە بەرما
خەت خەت ڕەهێڵەی پەنایەک پەنایەک
وەک تانی تەونە کە بەرچاوی گرتووم و لێم بۆتە مۆتەک
سواری سەرم بووە بە یەکبین ئەڵێ: "دەی، دەسا دەی"!
هەرچی ئەکۆشم کە ئەو تەونە بەشکەم بەرم دا، محاڵە
یەک تاقە ئازای لەشم جووڵە ناکا
ئەڵێی هەر لە پشتێن بەرەو خوارمی پێوە بەستراوە
پێچەن دراوە و
لە سەر دا، بە قامچی، بە بێ بەین
لە تەوقی سەرم ڕائەکێشن
*
نا نا، خەیاڵات! خەیاڵات!
خەیاڵاتە ئەمباتەوە پشتی ئەو دارە تەونە لەعینە
من تازە ئیتر ڕەها بووم ڕەها
کوا؟ کوانێ؟ کوا تانی تەونە؟

ئەمە شەستە بارانە ئەمشێلێ، بارانی پاییز
کە ئاوا لە گۆی بردووم.

پاسارییێکم لە حەوز هەڵکشاو
وەختە بمرم لە سەرما
دوا جمگە ئەندام و ئازام ئەلەرزێ، وەنەن چوونە ئاوا
سێ ڕۆژە بەم تاو و بارانە لەم ناوە ڕێگا ئەکەم
دۆڵ بە دۆڵ، دێ بە دێم پشکنیوە
شوێن پۆلە باڵندەیەک کەوتووم وا دەمێکە
خۆزگەی دڵی خۆم لە چاویان،
بزەی لێو و
ڕاوێژی دەمیان و
تێسکەی تفەنگیان بەدی کردووە.
سێ ڕۆژە ئاسکێکی بەربووم و هەر بیرە بیرە و گل و ژانمە
بە هیچ هەرد و بەردێکەوە بەن نەبووم و ئەزانم
کە ژانی برینم لە کام مەنزڵی دڵنیایی
دەمێ ئەسرەوێ.
ئەڵێی سێبەڕۆم گرتووە
یاو و لەرز و وڕاوەم لە کۆڵ ناکەوێ
بە پێوە خەوی سەردەمی تفت و تاڵی مناڵیم و لاویم ئەبینم:

-دەمێ وەک پەپوولە
بە ناو مێرگی نەخشینی ژین دا
ئەهاتم، ئەچووم، کام گوڵی جوان بوو
ئەمکردە مەنزڵ
کەمێ هەڵکشام
جوانووییێکی سڵی سرکی نەسرەوتەنی بووم
بەڵام دەستی ڕاست و چەپی خۆم نەناسیبوو

گیرام
بە پشت دارە تەونێکەوە توند لە چوارمێخە کێشرام
کەمەندم لە پرچ و لە پەلکانی زێڕینی خۆم بوو
-ئەو پرچ و پەلکەی
هەموو کوڕگەلی دێ بە ئاواتەوە بوون
کە جارێک
بە حاڵێک
سەرئەنگوستی دەستیان بگاتێ-
هێشتا نەمامی دڵ و خۆشەویستیم
گوڵێکی نەپشکووتبوو
هێشتا لە ژێرخانی تاریکسان و
لە زیندانی بەر دارە تەونا
بە خۆمم نەزانیبوو خوێنی جەوانی گەڕاوە بە ڕەگما
هێشتا لە شەوقی چپەی ئاشقانە
سووریی لە گۆنام نەزابوو
ویستیان ڕسم کەن،
وەکوو گوێرەکەو بمفرۆشن بە شووی نابەدڵ
یەکەم جار منی سرکی نەسرەوتەیان دا بە ژن بۆ براکەم بە پیرێک
خرۆشام قریشکەم گەیاندە پەڕی دێ
وتم گەر ملیشم بە پەتدا بکەن مل بە زۆرداریی نادەم
دوو ساڵە بەم دەردە گیرۆدەم و
ڕۆژ نەبوو من بە قژ ڕانەکێشن
ڕۆژانە ڕێگای دەر و کانییان لێ تەنیبووم
شەوگاری ڕەش
جێم لە ژێرخان و نوێنم لە سەر ئاخوڕی بزن و مەڕ بوو
وا بوو کە خێم دایە تەون و
خەمی خۆم لە گەڵ هیلمە هیلمەی گرێ دا
لە زۆری پەژارە هەر ئاگام نەبوو
خێری ئەو قاڵییە جوانانە وا کردی من بوون

لە گیرفانی کام تاجری شار ئەماسێ
پاداشی سۆمایی چاو و پەنجەی سواوم
حەرام بێ! لە دوو گوشەوارە و لە خڕخاڵێ زیاتر
نە چاوم بە پووڵێ ئەکەوت و
نە پەنجەم لە پووشێ ئەبوو گیر
بەشی من ئەسیریی بوو،
گیرۆدەیی ناو قەفەس بوو
قەفەس دارەتەونی ڕەقی بێ نەفەس بوو
بەیانان دەنووکم لە مێلێ ئەگیراند هەتا زەردەپەڕ
بە بەر تەونەوە مورەمورەم ئەکرد
بەشکە سارێژی کەم ئەو خەمەی
وەک گولۆڵەی بەنێکم لە سەر دڵ گرێ بوو
بەڵام بۆ بەڵای گیانی خۆم نەمئەزانی
کە هەر چەندە خێم دایە قاڵی
خرابتر لە چاڵی سیابەختی کەوتم
نەمئەزانی
کە هەرچەندە کردم وەسایانەتر بوایە
خۆ نرخی کەوڵم لە گەڵ نرخی قاڵی ئەڕۆیشتە سەر!
هەر ئەتوت کە بەم ڕۆژگارە
بە کەڵکیتی ئاسن
بە هێزی هەموو پەنجەکانم
خەریکم گرێی بەند و داوی
کولۆڵی و ئەرامەننەیی خۆم
پتەوتر ئەکەم
سەرەنجام هەمیسان خەریک بوون بە شووم دەن
بە تاجر- دەلالێکی خوێنتاڵی خوێنمژ
کە قاڵی بە کردن ئەدا لەو دێهاتە
وەک بێژی کاردیان بە ئێسقان گەیاندم

ئەمجارە ئۆقرەم نەما
دەلاقەی تەویلەم شکاند و
چلۆن تیر بە لوولەی تفەنگدا
وەها من بە تاریکەشەودا گڤەم کرد.
لە گەڵ بیرە بیرەی مناڵی و خەم و دەردی عومری بەباچوو
لە پاش چەندە مەینەت
گەیشتم بە ئاواتی مەنزڵ
نهێنگای عەزیزانی خۆم دیتەوە - ئای لە خۆشی دڵم ئەو دەقیقە و سەعاتە!
"ڕەشی" هات بە پیریمەوە
خۆی بوو، باشم ئەناسی:
-ئەمە تۆی؟
دوو ڕیزە دیانی سپی ژێر سمێڵی ڕەشی
دوو چاوی زیتی وەکوو گڕ لە کوانووی برۆیا
بە جامانەکەی وا تەوێڵی شەتەک دابوو
گشت دەم و چاوی سوور هەڵگەڕابوو
کە دیم وامئەزانی بە جارێ گڕی چاوی بەربوەتە گیانم
تەزوویێک و گەرمایی‌یێکی مولایم بە لەشما گەڕا
یەک و دوو کچان دەورەیان دام
چما دەستەخوشکێکی چەن ساڵەیان بووم
چ ڕوح سووک و خۆشویستەنی و میهرەبان بوون!
لە بەر چاوی پڕ تاسەما وەک فریشتەی حەکایەت
پەریزادی شیرینی گوڵخەندەران بوون
بە یەک چاوترووکان هەرێکیان جلێکی
لە خورجینەکەی یا لە بەر بۆ دەرێنام
ئەوەی وا لە بەرما بوو پاک دامڕنی،
بەرگی وشکم لە بەر کرد
وتت بوومە بنیادەمێکی تر و
هەرچی ئازاری چەن ساڵەمە
لەگەڵ ئەو لیباسانە یەکسەر فرێم دان

هەر ئەو عانە من ڕاستەکەی
گیانی خۆم، خۆشی ڕزگاری و
خۆشەویستی "ڕەشی"م پێکەوە نایە ناو دەسرەیێک و
وەکوو خۆشترین یادگاری
لە گۆشەی دڵم دا هەڵمگرت و هەرگیز فەرامۆشی ناکەم.
ئەفسووس و داخی بە جەرگم
نەما ئەو نەمامەی یەکەم جار
بە دڵخوازی خۆم
باوەشم گرتەوە بۆی
سەرم نایە سەر سینگی گەرمی و
هەموو ئێشی پێشووم لە بیر بردەوە
بەڵێ وابوو،
ئەو یاری خوێنگەرم و هاوسەنگەری هاندەرم بوو
ڕەفیقی ژیانم، شەریکی وتوویرەکانم بوو
دەستی ئەگرتم بەرەو ڕۆشنایی
بەرەو ژینی تازەم
کە ئیتر بکۆشم لە جێی نەخشی قاڵی
بە سەر پەنجە نەخشی ژیانێکی نوێ
دابدەم بۆ ژن و پیاوی هاوچارەنووسم

*

من ئێستاکە ئیتر ژنێکی کزی دەستەمۆ نیم
زەلیلی بریقەی چەقۆ نیم
ئەسیرێکی بن ماڵ و ماڵی خرید و فرۆش نیم
من ئەو پەنجە وا ساڵەها بوو لە هیلمەم ئەگێراند
لە پیلکەی تفەنگی ئەگێرێنم ئێستا و
بەرەو ڕووی هەموو ڕەنجمژان ئەیتەقێنم
دوو چاوم کە ماندووی گرێی وردی قاڵی بوو، ئێستا

به ڕیزی وشەی چاو و دڵ ڕوونکەری ناو کتێب ئاشنایە
من ئەو کات کە مشتێک مناڵ بووم
چلۆنم ئەزانی کە دەرکەم زیانی
لە ناو گەنم و جۆی ئاوەدانی
ئێستاش ئەزانم کە چۆن بەرهەمی ڕەنج و کار
گشتەکەی
لە چنگ مفتەخۆران ڕەها کەین
من ئێستاکە وەک چۆن ئەزانم
لە ساراتی سەوزی بەهارا
بزن چۆن ئەزێ و کارژەڵەی جوان ئەبینێ
-بە بێ دەستی مامان
وەهایشە ئەزانم
کە دونیای لەعینی هەژارخۆری ئێستا
بە دەستی هەژاران
بە مامانی شۆڕش
جیهانێکی نوێی لێ ئەزێ
لیپی دڵشادی و جوانی و بەهرەمەندی
لە بۆ سەرجەمی ئادەمیزاد
ژن و پیاو بە یەکسان.

خەندەکێ، قەڵادزە،
بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژن، مارسی ١٩٨٩

**سەرچاوە**: شیعری "گژەبا" لە پەیجی "گاگەش" وەرگیراوە. باقی شیعرەکان لەلایەن فاتح شێخولئیسلامی (چاوە)وە نێردراون.

# دڵزار



دڵزار ناوی تەواوی ئەحمەد کوڕی مستەفا کوڕی محەمەد ئاغای حەویزیە، لە هەشتی کانوونی دووەمی ١٩٢٠ لە شاری کۆیە لە دایک بووە. لەو کاتەوە کە دەستی کردووە بە شیعر، ناسناوی (دڵزار)ی هەڵبژاردووە و بووە بەو ناوەی پێی دەناسرێتەوە. دڵزار لە ساڵی ١٩٤٠ دەستی داوەتە شیعر و لە هەموو بابەتەکانی هەبووە، ئەوانەی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا باو بوون، زۆربەی مەبەستە کۆن و نوێیەکانی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ ئەو بابەتە شیعرانەدا گونجاندووە. هەردوو جۆرە سەروای لەم بابەتە شیعرەدا بەکارهێناوە، یەکێتیی سەروایە و جووت سەروایە (مەسنەوی). لە شیعری میللی کێشی سیلابی خۆماڵیدا دڵزار دەوڵەمەندە، زۆربەی کێشەکانی بەکارهێناوە بەتایبەت دە و هەشت و حەوت برگەیی. لە سەروایشدا گەمەی هونەری زۆرە. لەم بەشەدا شیعری یەکێتی سەروا دەبینرێت، هەروەها سەروا خۆماڵییەکانی و هیی تریشی بەکارهێناوە.

## گۆرانی کارگەران

کارگەرین، جەنگاوەرین
ڕەنجدەرین، تێکۆشەرین
بۆ قەڵای سەرمایەدار
تێکدەرین، تێکدەرین

ئێمە ڕۆڵەی شۆڕشین
قارەمانی هێرشین

بۆ سوپای خونخوازی خوار
قڕکەرین، دوا بڕین

ئیشکەرین، داهێنەرین
ئێمە گەنج و گەوهەرین
بۆ هەموو کردار و کار
پێشرەوین پێشڕەوین

نامرین قەت نامرین
هەر ئەژین و هەر ئەژین
بۆ گەلی برسی و هەژار
ڕێکخەرین، ڕابەرین

دوژمنان بەرباد ئەکەین
نیشتیمان ئازاد ئەکەین
بۆ گەلێکی بەختیار
هەوڵدەرین هەوڵدەرین

بەندیخانەی کووت ١٩٥٠

## یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

مژدە بێ ئەی چینەکانی ڕەنجبەر و دەستەی هەژار
ئەی ئەوانەی بەند و گیرۆدەن بە دەست سەرمایەدار
میللەتانی بێ سەواد و ڕووت و برسی و دەردەدار
ئەی کرێکارانی عالەم کۆمنستانی بەکار
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
تۆوی سۆسیالیست کە ڕۆژێ مارکس و ئەنگلسی ژیر

بۆ یەکەمجار چاندیان لەم ڕۆژەدا فلادیمیر
جاری ئێکەم بوو کەوا بووم و بەری گرت دەستگیر
بۆیە دڵشادن دەسا ورد و درووشت گەنجان و پیر
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
حەوتی یانزەی حەڤدە بوو پێش نیوەڕۆ هاوڕێ لینین
لەشکری زەحمەتکێشانی برد بەرەو گوڵزاری ژین
قەیسەر و قەیسەریەتی ڕادایە چاڵی ژێر زەمین
مژدە بێ ئەی کارگەرانی بیروباوەڕ ئاسنین
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
شۆڕشی پیرۆزی ئۆکتۆبەر قەڵای زوڵمی ڕماند
کۆتی ژێردەستی و هەژاری شەش یەکی دنیای شکاند
ڕۆژی ئازادی ئیتر پەردەی شەوی دیلی دڕاند
مژدە بێ هاواری شۆڕش میللەتانی ڕاپەڕاند
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
دەوڵەتی ماکینە پیسی قەیسەری جا پەک خرا
دەرکی زیندانی زەلیلی و دەرد و مەینەت داخرا
لەودەمەی بۆ خائینانی گەل، قەنارە هەڵخرا
مژدە بێ بەیداغی سووری سەربەخۆیی هەڵکرا
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
خاکی سۆڤیەت بوو بە بێشەی بێچووە شێرانی ژیان

بوو بە بێشەی نەرم و نۆڵی بەختیاری بۆ گەلان
بوو بە قیبلە و ئابیدەی ئاواتی گشتی میللەتان
مژدە بێ وا مۆتەکەی شەڕ چوو بەرەو گۆڕی نەمان
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
بەند و بالۆرەی درۆ وەک دووکەڵیکی تار و ڕەش
تەفر و توونا بوو بەدەرکەوت نووری ڕاستی سوور و گەش
دادی دەردی خوێمنژانی هیچ نەدا تاکتیکی غەش
ڕۆژی ڕەشیانە کەوا نووقمن لەناو دەریایی هەش
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
ڕەوڕەوەی تاریخ و سەربەستی بەبێ سستی و سروەت
ڕۆژ و شەو ئەڕوا وئەهاڕێ کەند و کۆسپی چینی چەوت
هەروەکو دیمان کە قەیسەر چۆن بەبەر ئەم چەرخە کەوت
مژدە بێ پشتی شکا تیپ و سوپاکەی زۆر و زەوت
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
پاشی هاڕین و نەمانی حومکی پیسی قەیسەری
ویستی تاریخ ڕاگرێ دوژمن بەهێزی هیتلەری
هەر ئەوەندەی زانی کوترا، چۆن کوتانێ، خەنجەری
هەر لە ئەمریکا هەتاکو چین و ژاپۆن ڕاپەڕی
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
هەر لەسەر ڕۆشنایی ئۆکتۆبەر بەهۆی هەوڵ و خەبات
ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دەرچوو لە کووکە و کارەسات

ڕۆژی ئازادی لەسەر هەڵهات و دیلی لێ هەڵات
کاتی دڵخۆشی گەلانە ڕۆژی پڕ هاوار و هات
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
میللەتی چینیش لەسایەتی پارتی کۆمۆنیستی بەرز
تیشکی ئازادی لەئاسمانی ئومێد هێنایە ئەرز
خوای شەڕ و دۆلاری ئەمریکانی هێنا ترس و لەرز
مژدە بێ چەسپا نیزامی حوکمی چینی تازە تەرز
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
خۆ گەلی کۆریا و مەلایۆ هیند و هیندوستانی چین
هەر بەهۆی هاواری ئۆکتۆبەر بوو تێکرا ڕاپەڕین
دوژمنی گەلیان بەزۆر هێنایە سەر ڕێگەی بەزین
مژدە بێ ڕۆچوو بەرەو ڕووخانە خانەی خوێنمژین
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش وا خەریکی خۆیەتی
وا خەریکی تێکشکانی تەوقی سووڕ ئەستۆیەتی
بۆ نەمانی حوکمی ئیمپریالی جوستوجۆیەتی
ئۆردووگای دوژمن بەجارێ شیوەن و ڕۆڕۆیەتی
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
خاک لەژێر پێی خوێنمژان بورکان و کێوی ئاگرە
یەکیەتی راستی گەلان شالاوی دوژمن ڕاگرە

خەرمەنی ئاگر تیاچووی فاشی وشک و باگرە
لەشکری شادی سەراپا دەشت و دنیا داگرە
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
میللەتی تێکۆشەری بەرزی عێراقیش بێ وچان
هەوڵی داوە و هەوڵ ئەدا بۆ سەربەخۆیی نیشتمان
تیغی تێکۆشانی هەڵکێشاوە بۆ ڕووی دوژمنان
مژدە بێ نزیکە دەرچێ ڕۆژی ڕووناکی ژیان
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە
*
میللەتی کانوون و گاورباغی داوای ژین ئەکا
لاپەڕەی تاریخ و ئازادی بە خوێن ڕەنگین ئەکا
حزبی فەهد و حازم و سارم نەسر تەئمین ئەکا
وا سڵاوی گەرمی پێشکەش شۆڕشی تشرین ئەکا
جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە
یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە.
بەندیخانەی کووت ١٩٤٩

## ئایار

ئەی ئایاری بەختیاری
ڕۆژی چینی کرێکاری
ڕەمزی خەباتی خوێنینی
پرشنگ و ڕووناکی ژینی
کارگەرانی هەموو جیهان
سەرانسەر دێنیتە جۆشان
هانیان ئەدەی بۆ تێکۆشان

بۆ لەناوچوونی خوێنمژان
بۆ مەرگی ئیمپریالیستان
نەمانی کۆنەپەرستان
کێوی دیلی دەهەژێنێ
ڕەگی فاشی دەپچڕێنێ
خوێنی ئاڵی کارگەرانت
ئارەقی ڕووی ڕەنجبەرانت
داری تێکۆشانی ڕاستی
دێرا بۆ بەری سەربەستی
ئایار ئەی ئایاری خوێنین
هەوێنی هەوڵ و تێکۆشین
وەک شیکاگۆ گاورباغی
بەهۆی کارگەرانی یاغی
بوو بەلانەی شێر و مەردان
بوو بە مەیدانی نەبەردان
وەک (ئوگەست)، (نیکل) و (فیشەر)
فەهد و حازم و صارمی ڕابەر
سەریان دانا لەڕێی ژیان
لەڕێی سەربەستی نیشتمان

بەندیخانەی کووت ١٩٥٠

## یەکی ئایار

ئێکی ئایار بۆ کرێکار جەژنە پڕ ئاوات و کام
بۆ بەرەی سەرمایەداران پڕ مەترسی و لەرز و سام
زۆرترین قەوماوەکانی پێشوو بێ شک پەشمەلام
ڕۆژەها زۆرن لە مێژووی توخمی ئینسانا، بەلام
ئێکی ئایاری هەزار و هەشت سەدو هەشتا و شەش

پێچەوانەی ڕۆژەها ڕسکا بەخوێنی سوور و گەش
*
هەر لە ڕۆژانێ کەوا ڕەنجخۆر و ڕەنجەبەر هاتنە ناو
ململانێی چینی پەیدا بوو گەلێ توند و بەتاو
گا، لەبەینی ڕەنجبەر و خاوەن زەوی زار و بەراو
گا، لەبەینی کارگەران و خاوەنی کار و دراو
ئەم لەڕێگەی نان و ئازادی، لەڕێی خۆشی ژیان
ئەو لەپێناو خوێنمژینی ڕەنجبەری بێ بەرگ و نان
*
کاتێ ئیمپریالیزم ڕیشەی لە ئەمریکا چەقاند
تۆوی ناکۆکی ڕوان و داری ناهەمواری چاند
بۆ شکانی خۆی بە خۆی شێرانی بێشەی ڕاپەڕاند
کەڵک و سوودێکی نەدی هەر چەند گەلێ خوێنی ڕژاند
خوێن و گوڵ تێکەڵ بەیەکتربوون لە ئایارا برا
بۆ شەوی تاریکی تێکۆشانی گەل بوو شەوچرا
*
چۆن لە ئایارا لە شیکاگۆ بە گوللەی خوێنمژان
وەک گەلاڕێزانی گوڵزارانی بێنازی خەزان
گەل گەل و تیپ تیپ کرێکارانی وریا هەڵوەران
بوون بە قوربانی لەپێناوچی؟ لەپێناوی ژیان
واش لە تەمموزا لە گاورباغی دوژمن خوێنی ڕشت
کارگەرانی بێ چەک و بێ نان و بێتاوانی کوشت
*
کارگەرانی خاکی ئێمە و ئەمریکا هەردوو بران
هەردوو گیرۆدەن بەدەست سەرمایەدار و خوێنمژان
هەردوویان خەڵتانی بەحری خوێنی سوور و گەش کران
قازی (ئەلبێرت گاری)، (نەعسانی)لە دووهات بێ گومان
ئەو پەتەی (ئوکەست) و هاوبیرانی پێ خنکانرا
هەر ئەویش بوو (فەهد) و هاوڕێیانی پێ هەڵواسرا

*
تاکو ئیمپریالیزم لەم خاکەدا نەکرێتەدەر
ڕۆژی وەک ئایاری خوێنینمان بەزۆری دێتەبەر
وەک لە کانوونی نەمردا خوێنمژانی جانەوەر
شاری بەغدا و دیجلەیان سوور کرد بە خوێناوی جگەر
کردەوەی (شاوول توێقی) قەت نەمر ناکەین لەبیر
گیانی خۆی بەخشی لەپێناو ژینی بێ زنجیر و نیر
*
یەکگرن جا ئەی کرێکارانی دنیا یەکگرن
هەڵبڕن کۆت و کەلەپچە و بەندی دیلی هەڵبڕن
داگرن بەیداغی ئیستعماری خوێنمژ داگرن
لەشکری فاشی لەهەر مەیدان و قۆڵی دابڕن
هێزی شەڕ گەر بێ هەموو زەریا و زەمینیش داگرێ
هەر شکاوە و خۆی لەبەر هێزی گەلانا ناگرێ.
بەندیخانەی کووت ١٩٥٠

## لینین

مێژوو دەزانێ، لە ئاستی لینین
یالسن و بۆش و گۆرباچۆف چ نین.!
١٢-٠٢-١٩٩٢

## گۆرانی ڕەنجبەران

ئەی ڕەنجبەران تێکۆشەران
وەرنە مەیدان
بەماڵ و گیان
لە بۆ ژیان
بۆ ژیانی کامەرانی

دوور لە بەدکار
دوور لە زۆردار
لە ئیستعمار
دوور لە دیلی لە زەلیلی
لەڕەنج مژین
لەژانی ژین
لەزار و شین
لەژێر ئاڵای بەرز و باڵای
شێری خەبات
کە بۆ نەجات
خۆی کرد خەڵات
شێرێ کەوا باخی ڕووا
بە شان و مل
بەخوێنی دڵ
هێنایە کوڵ
پەرژینی کرد
ڕەنگینی کرد
زۆر بە چوستی
بە زانستی
سۆسیالیستی!

**سەرچاوە:** دیوانی دلّزار،شیعر، ئامادەکردنی دلّزار،لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە،چاپی دووەم چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٦.

**سەرچاوەی ژیاننامە:** سایتی وشە، ڕاپۆرتی ژیڤان خۆرانی سەبارەت بە یادی ٩٥ ساڵەی لەدایکبوونی دلّزاری شاعیر.



# کەریم شارەزا

١٩٢٨-٢٠١٥

ناوی تەواوی کەریم، کوڕی مستەفاغای کوڕی حەماغای حەویزییە. لە ساڵی ١٩٢٨ لە گەڕەکی هەواو لە کۆیە شاری ئەدەب و هونەر و خەبات لە دایکبووە. نازناوی شاعیر (شارەزا)یە و بە کەریم شارەزا ناسراوە. لە شوباتی ١٩٧٠ دا لەگەڵ دامەزراندانی یەکێتی نووسەرانی کورد بووەتە ئەندام لەم رێکخراوە ئەدەبیەی کورد.لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە، لە کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بە سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردراوە و لە ساڵی ١٩٧٨ و تاکو ١٩٨٣ دا دوو جار بە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر هەلبژێردراوە.لە هەموو کۆنگرە و سیمینار و میهرەجانەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد بەشداری کردووە و جێ پەنجەی دیاربووە. لە پایزی ساڵی ١٩٧٣ دا بە ئەندامی یاریدەدەری کۆری زانیاری کورد لە بەغدا هەڵبژێردراوە. لە ساڵی ١٩٩٧ شدا دوای دامەزراندی ئەکادیمیای کوردستان بە ئەندامی یاریدەدەری ئەو ئەکادیمیایە هەڵبژێردراوە. تا ساڵی ٢٠١٣ کاری وەرگێڕانی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە. لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە تاکو ماڵئاوایی لە ژیان کرد لە گەرەکی رووناکی شاری هەولێر ژیانی بەسەردەبرد و خەریکی نووسینی یادداشتەکانی بوو. کەریم شارەزا شازدە کتێبی لە بواری ئەدەب و رۆشنبیریی بەچاپ گەیاندووە و هەروەها نۆ کتێبی قوتابخانەی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی ئامادەیی لەگەڵ مامۆستایانی پسپۆڕ داناوە یا وەرگێڕاوە و بە چاپ گەیشتوون، ئەمە جگە لەوەی پێنج کتێبیشی لەپاش بە جێماون و ئامادەن بۆ چاپ. ئەم نووسەرە لە ساڵی ٢٠١٥ ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

## کارگەر و جووتیار

ئەی کاکی خۆم
کاکی فەلاحی ڕەنجەڕۆم

منیش هەژاری وەکو تۆم
کارگەرێکی ڕەنج خوراوم
لە کاروانی کامەرانی بەجێماوم
بە زنجیر و داوی ژیان
بە گۆتی سەختی گوزەران
هەردوو بەندین
هاوبیر و هاوبەرژەوەندین.
*
پاکێتی چاوگەی بڕوامان
ڕووناکی ئاسۆی هیوامان
نرکەی چەوسانەوەی هەژار
زرمەی قەمچی دەستی زۆردار
لەسەر پشتی هەق خوراوان
لەگەڵ نالەی
لێ قەوماوان
هانمان دەدەن بۆ تێکۆشان
بۆ خۆشی و ئازادی ژیان
هاوار دەکەن : تاکەی سستی؟
تاکەی نووستن؟
لەخەوی شوومی غەفڵەتا
هەستن هەستن!
بۆ سەرکەوتن
بۆ ڕزگاری گەل و وڵات
ڕۆژی هەوڵە و ڕۆژی خەبات!!
*
ئەی کاکی خۆم
کاکی فەلاحی ڕەنجەڕۆم
هەردەم لەڕێگەی خەباتا
من لەگەڵ تۆم
لەم ڕێگایە پڕ هیوایە

نابێ گوێ بدەین بە گرتن
یا گولله باران و گوشتن
قارەمانانە بە تەرزێ
کێو لە بەرمانا بلەرزێ
بڕۆین بەرەو ئامانجی دوور
ئازا و جەسوور
تاکو یەک یەک ئەم کۆتانە
کۆتی دیلی ئەم ژیانە
ئەپچڕێنین
پەردەی تاریکی ئەدڕێنین
ڕۆژێکی تازە دادێنین
لەگەڵ ژیانێکی نوێ
ژیانێکی کامەرانی
پڕ لە خۆش و شادمانی
بۆ ئەم گەلە چاوەنوارە
بۆ ئەم میللەتە هەژارە!!

## وتەی هەژارێک

بۆ گشت فەرمانێک
من گەردن کەچم
لە هەر کارێکدا
من تێ هەڵدەچم
بۆ بنێینەوە پیلان و گێچەڵ
بۆ کوڕ و کچم؟!
بۆ پێشێل بکرێم
بەند بێ دەست و پێم
بە کۆت و زنجیر؟

پشتم بۆ قەمچی دەستی زۆرداران
ببێ بە نێچیر؟!
خەڵکی تر بۆچی نان و ژیانی
هەر شاهانە بێ
(نان ئەو نانە)ی من
هەر نانەوشکی بەندیخانە بێ؟
خەڵکی تر جێگەی
ناو کۆشک و سەرا و
بەهەشت و باخ بێ!
بۆچی جێگای من دەبێ ئەشکەوت و
ناو شاخ و داخ بێ؟
پۆشاکی خەڵکی
خوری و ئاوریشم و
مەرەز و شاڵ بێ
بۆچی پۆشاکم
کۆنە فەرەنجی و پەڕۆ و پاتاڵ بێ.
*
خەڵکی تر هەرچەند مایە و قازانجیان
پارە و سامان بێ
مەرج بێ مایەی من هەر فیداکاریی و
هەر تێکۆشان بێ
تاکو مافی خۆم دەهێنمە دەستم
لەڕێی خەباتدا هەرگیزاوهەرگیز
من ڕانەوەستم!!

**سەرچاوە**: دیوانی شارەزا کەریم مستەفا حەوێزی، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠١٦.
**سەرچاوەی ژیاننامە**: کوردیپیدیا.

# حوسێن بەفرین



## پەیامی ئاگرین

ورِ و کاس و
سەرگەردان نیم
دەستەمۆی ئەشکی گریان نیم
هەرچەند
بە ئازار تەزیوم
سەربزێو بووم نەبەزیوم
ژانی زامی چەوساوەکان
خەم وناڵەی داماوەکان
سەرچاوەی
هۆش و هەستمە
خواست و هیوا و مەبەستمە
بە درێژی ژین
من ئامادەم
گۆمی مەنگی مەینەت ڕادەم
من ئەمەوێ
ببمە بایە
خۆشەویستی مرۆڤ بەرم
بۆ گشت سووچی ئەم دونیایە

من ئەمەویٚ
سنووردارى نێوان مرۆڤ بسڕمەوە
من ئەمەویٚ
گشت ئازاریٚ لە ڕەگەوە ببڕمەوە.

## خەونی دوورگەیەکی خۆرنەدیو

١٩٨٥ -١٩٨٧

سەرنجێکی پێویست: ئەم شیعرە شیعرێکی درێژە کە من پێش زۆر کەس نووسیوومە. لە ڕووی تەکنیکی هونەرییەوە لەبەر ئەوەی (فلاش باک)ی مێژوویی زۆر لە خۆ ئەگریٚ لای خوێنەر کەمێک گران ئەکەویٚ. ئەم شـــیعرە هاوارێکی پڕ لە ناســـۆری منە لە دوای مردنی (تێبین) جوانەمەرگی کوڕم کە لە ئەنجامی دەرکردنم لەم دیٚ بۆ ئەو دیٚ نەخۆش کەوت و لە سێبەری بەناو شـۆڕشـێکدا فریاڕەسـێک نەبوو لە دەسـتی مەرگ ڕزگاری بکات، بە دیار چاومەوە گیانی دەرچوو، ئەمەش قوربانییەکی دەسـتی هێزی ڕەشـبوو کە کوناوکون (ئەو) یان لەگەڵ مندا بە ناوی (عێراقچی)یەوە دەرئەکرد، ئەو هێزە خەجاڵەتەی (مێژوو) کە ئێستا یەک بەیەک بەبەرچاومەوە بە زەلیلی ئەمرن، منیش بە کەمتەرخەمییەوە ســـەیریان ئەکەم، شـــیعرەکەش خۆی بۆتان ئەدویٚ و ڕووداوە لەیەکچووەکانتان بە وردی بۆ ئەگێڕێتەوە و لە شتەکانتان ئەگەیەنیٚ کەچۆن بوون:

لە وڵاتی مەینەتی دا
لە ڕۆژانی سەغڵەتی دا:
ڕۆڵەم.. کوڕم
ئاواتی گەرم و گوڕم
کە بۆسەی مەرگت دائەنریٚ
لە ئاستی تۆ،
گەورەترین تاوان ئەکریٚ
تێبین..کوڕم (١)
ئاواتی گەرم و گوڕم
کاتیٚ مردن یەخەت ئەگریٚ

لەناخمدا
پۆستەری برینێک
هەڵ..ئەواسرێ:
چۆلەکەیەک هەڵ ئەفڕێ
گوڵ خونچەیەک ئەوەرێ
چرایەک دائەگیرسێ
سەگێکی هاریش ئەوەڕێ
ڕۆڵە تێبین،
لەو ڕۆژەوە
لەدڵمدا بوویت بەبرین
ڕوبارێکم،
لە کەنارما.. تا چاو بڕ کات
باڵی شەپۆلم پواوە
ڕێبوارێکم،
لە ڕێگەما.. تا چاو بڕکات
ئەژنۆی هەنگاوم شکاوە
لەو ڕۆژەدا،
تاوان لە دەرگای تۆی ئەدا
خەڵکی پاریس
(لەبەر ژیان و ئازادی
لەبەر مرۆڤ.. لەبەرشادی
خەریک بوو،
دێوەزەمەی تاوانی ئەکوشت
دوا دڵۆپی،
جامی ستەمی ئەڕشت)
ڕۆلەم ..کوڕم
بەدیار شوێنی خاڵیتەوە
هەڵ ئەکووڕم

ئەڵێی شەوگاری،
مات وچۆڵم
بە زەبری ئازار
گل ئەدات رۆحی کلۆڵم
جاربەجارێ
باڵندەی خەیاڵ هەڵ ئەفڕێ
بەرەو دنیای دوورم ئەبات
لە گەروومدا،
خەمێکی تاڵ هاوار ئەکات:
(کوانێ دڵنیایی؟
کوا حەزی ئاسایی؟)
وەڵامەکان بەرەو ڕابردوو
سەرەولێژ ئەبنەوە
لە مێژوو ورد ئەبنەوە:
(لەو جێیە دا
ناکۆکییەکان دەست پێ ئەکەن
دەستەکانی چینایەتی
لە دەروازەی ژیان ئەدەن
لەو جێیەدا
(پرۆمیسیۆس)
ئاڵای یاخی بوون
هەڵ ئەگرێ
لەسەر شانۆی ڕووداوە کان
یەکەم هەنگاوی ڕێ ئەنێ
کە ئەگیرێ،
لە بەردی چەوسانەوە توند ئەکرێ
هەموو ڕۆژێ
داڵە هارەکانی "زیوس"
چاوی جەرگی دەر ئەهێنن

هەموو ڕۆژێ
داڵە تووشەکانی "زیوس"
نامەی ژینی ئەدڕێنن
لە دواییدا،
مەلی دەنگی هەڵ ئەفڕێ
دێ و دێ و دێ
لە سەر زامی "سپارتاکۆس"
وچان ئەگرێ
(سپارتاکۆس)
لە کۆڵانی کۆیلەکاندا
ئاڵای ڕاپەڕین هەڵ ئەکات
ئەسپی شۆڕش زین ئەکات
وەک (با)ی سپی
بە ناخی (ڕەش)ی شەودا تێ ئەپەڕێ
ترسی سەدەکانی ڕائەچڵەکان
خەوی (سەوز)ی ڕائەوەشان
کە سەدان ساڵی پرچەوسانەوە
کە سەدان ساڵی نەحەسانەوە
لە بەردەم (کۆمۆنە) سەری کەچ ئەکرد
هەنگاوی هەزاران کرێکار،
ئەبوو بە پرد:
کوردستانیش
لە شەوەزەنگی ژیانێ
هاواری ئەکرد لە کاروانێ
لە کەم تا زۆر
ئەکەوتنە ڕێ بۆ بەیانێ
بۆ ئازادی ئەچوون بەرەو ژوانێ
کوردستانیش

له شەوەزەنگی ژیانێ
قیژی ئەهات لە کاروانێ
ئەبووە بارانێ
هەموو هەورانێ
ئەبووە هاودەمی
هەموو ڕەوە زریانێ
کوردستانیش،
لە شەوەزەنگی ژیانێ
تفی ئەکرد لە کاروانێ
جڵەوی دایە دەست،
(پیاوانی سوڵتانێ)
ساڵ دوانزە مانگانێ
کۆت ئەکرا لە پێی داماو و هەژارانێ
ساڵ دوانزە مانگانێ
بەدەستی پیاوانی سوڵتانێ
فوو ئەکرا،
لە چرای تێکۆشانێ
تا کەوتە
چاڵ و هەڵدێر و نشیوانێ
بەو ئازارەی
لە کونجی زیندانا ئەدرا
لەو هاوارەی
لەبەر داری سێدارەدا ئەکرا
کاروانێکی تر
سەری بێداری هەڵ ئەبڕێ
لەناو شەوی چەوسانەوەی
لە نێوان کار و سەرمایەوە
ئەکەوتە ڕێ
پێش ئەوەی پێشمەرگەیەک

شەهیدبکرێ
لەناو ڕۆژمێرەکەی وا ئەنووسرێ:

(١)
ترسی
لەکۆلانێکی تەنگ ئەچوو
بەناو شاردا تێپەڕئەبوو
لەو دەمەدا وەستا "ئەنوەر"
بۆ تاریکە شەوی زیندان
چرای خوێنی دائەگیرسان

(٢)
شەهیدەکان
ئاشنا و هاوڕێن
چرای زامن دائەگیرسێن
مێژوویەکی نەسرەوتن
لووتکەن بەرەو سەرکەوتن

(٣)
خۆشەویستم
بیرلە دوارۆژێ ئەکەمەوە
ئەوەندەی چاوی تۆجوانە
بیر لە ژیانێ ئەکەمەوە
ئەوەندەی لێوی تۆ نیانە

(٤)
بە بۆسەی مردنێ
هاوڕێ "ئارام" شەهید ئەکرێ

چاوم لێیە:
پشت ئەکاتە ئەو ڕێگانەی
لە تاریکی دا
پڕ ئەبن
پشت ئەکاتە ئەو چەمانەی
لە تاریکیدا
کڕئەبن
وەک سەنگەرێکی داگیرساو
بانگی ئازادی تیا ئەدەن
وەک ئاسۆیەکی هەساو
چرای بڕوای پێ هەڵ ئەکەن

(٥)
بە ڕەشەبای براکوژی
لە "ڕزەڵە" دا
گوڵێ گیانی "جەبار" وەری
لە قەندیل لە پشت ئاشان
سەدان گوڵی تر هەڵوەران

(٦)
تا دوێنێ بوو
کوردستان لە جوانە کچی ئاسیا ئەچوو
باوەشی بۆ هیوا والابوو
کەچی ئەمڕۆ لەوە ئەچێ
چۆلەکەی خۆزگەی باڵ بگرێ
مانگی پێکەنینی
لە هەوری خەمدا بمرێ

(٧)
ڕەگ چۆن بێخی زەوی ئەوێ
باران ژانی هەوری ئەوێ
منیش (شیرین)ی بیرم
فەرهادی ئازاری ئەوێ
منیش "زین"ی دەنگم
مەمی هاواری ئەوێ

(٨)
من ئەو کەسەم
برسێتی لوولی ئەدات
گەردەلوولی تێکۆشان
هەڵی ئەکات
بەشوێن مردندا ڕائەکەم
تا ئەو ڕۆژەی
دەست لەملی هیوا ئەکەم

(٩)
ئەم ڕێگایە
ئیتر بەرەو هەڵدێر ئەڕوات
بۆرژوازی
سەری ئەم کاروانەش ئەخوات
سەرئەنجامیش
بۆ مەرگەسات کڕنوش ئەبات

(١٠)
وتیان: دوێنێ

وریاش کوژرا
"وریا"ش
بە بەر تەوری تاوان درا
وتیان: وریا پێی ئەوتن
ئێمە و ئێوە دوو ڕێبوارین
لەسەر دوو ڕێین
ئێمە و ئێوە دوو کاروانین
بەرەو دوو جێین
وتیان: وریا پێی ئەوتن
گورگ.. هەر گورگە
مەرگیش... هەر مەرگە

(١١)
هاوڕێکانم
کاتێ بۆ بەر سێدارەیان ئەبردن
هاوڕێکانم
کاتێ لە کونجی
زیندانیان توندئەکردن
هاوڕێکانم
کاتێ ڕوبەڕوی فاشییەکان
سەنگەریان دائەمەزران
بە سەربەرزی
بە نەبەزی
یەک....یەک ئەمردن

(١٢)
بۆرژوازی
لە دەنگمان ئەترسن
بۆرژوازی

لە ڕەنگمان ئەپرسن
لە چاوی سەرنجمان سڵ ئەکەن
لە ترپەی هەنگاومان سڵ ئەکەن
لەو ڕێیەی لەسەرین ئەترسن
لەوجێیەی بۆی ئەچین ئەترسن
لە ویستمان ئەتۆقن
لە هەستمان ئەتۆقن
بۆرژوازی لە گەڵ خۆی:
ئاگری شەڕ دێنێ
برسێتی ئەچێنێ
بۆرژوازی لە گەڵ خۆی
ڕاڕایی ئەهێنێ
ناکۆکی ئەڕوێنێ
تا بۆیان ئەکرێ
خەباتمان دوا ئەخەن
سنوورمان تێک ئەدەن
تا بۆیان ئەکرێ
ڕێگەمان وێڵ ئەکەن
هیوامان لێڵ ئەکەن
بەهاری ئاواتمان ئەکوژن
جامی ڕەنجمان بەزۆر ئەڕژن

(١٣)
دایە... دایە گەرهاتمەوە
بڕیار وایە
پڕ باوەشم
تاسەی دووریت بۆبێنمەوە
گەر هاتمەوە

چیرۆکی نائومێدی
بۆ منالآن ئەگێڕمەوە
پڕ بە دڵم
خەمی سەرنەکەوتن دێنمەوە
تێبین.. ڕۆڵەم
کسپەی ئەم ڕۆحە کلۆڵەم
هەموو کات
بە دیار هاواری خاڵیتەوە
هەڵ ئەکروزم
لەناو ئاگری چاوەڕوانیدا
هەڵئەپڕوزم
کە چاوی خەیاڵم
ئەتبینێتەوە
چەمەری گەرمەشین
ئەمتوێنێتەوە
تا ئەتوانێ
دەستەکانم ئەمرننەوە
تا ئەتوانێ
پەنجەکانم ئەمچننەوە
کێ هەیە
لەدەردی باوکێ تێ بگات
کە ڕۆڵەی ئەبێتە قوربانی
کارەسات؟
کێ هەیە
لەئاستی باوکێ زات بکات
کە تاوان بۆ ڕۆلەی دەست درێژئەکات؟
چەند گێلن
ئەوانەی تێئەگەن

که مردن بۆ مرۆڤ ڕەوایه
چەند گەوجن
ئەوانەی هەست ئەکەن
مرۆڤایەتی وەک کاو و بایه
کوڕی خۆم
من چەن پەرێشانی تۆم
بەو چاوه جوانانه
ئەوەندەش بێزارم لەوانه
که پێم وتن ئێوه جەردەن
ئازادی مرۆڤ داگیرئەکەن
لەو ڕۆژه ڕەشانەی من دیمن
خەریک بوو
له گۆمی خنکاندا ئەخنکام
که پێم وتن ئێوه چەتەن
شادی مرۆڤ تالان ئەکەن
لەو ڕۆژه تووشانەی من دیمن
خەریک بوو
له ئاگری سووتانا ئەسووتام
که پێم وتن
کوردستان،
به دوکەڵی درۆی ئێوه
ئەستێرەیەکی خنکاوه
کوردستان
به چنگی هەڵدێری ئێوه
سەنگەرێکی ڕووخاوه
تفەنگێکی شکاوه
تابلۆیەکی وێرانەیه
به دیواری ڕۆژگارەوه کراوه

کلیلێکی ژەنگاوییە
لە دەرگای بۆشاییدا بەجێماوە
گوڵێکی خوێناوی ژاکێنراوە
کۆیلەیەکی دەست و پێ بەستراوە
وەک سەگی هار
بە ناوشەوی ژێردەستیدا
بەدوام کەوتن
بە گێژاوی مەترسیدا
سەرم نیشتن
وا ئێستا لەگەڵ تەنیایی هەڵ ئەکەم
لەتاوان باوەش لەنامۆیی ئەدەم.
ئەوە بۆنی مردنە
یا دڵی منە سوتاوە
ئەوە تەرمی شەهیدە
یا شیعری منە کوژراوە؟
ئەوە هاژەی ڕووبارە
یا ئەشکی منە ڕژاوە؟
ئەوە دەردی دوورییە
یا جەرگی منە بڕاوە؟
ئەوە فرمێسکی خەمە
یان هاڵاوی ماتەمە
بەری ڕوانین لە من ئەگرن
لەم وڵاتی بەفر و خوێنە تێ ئەپەڕن
لە سووچێکی ئەم زەمینە
لە گۆشەیەکی ئەم ژینە
لە گەڵ ئەوەی دەربەدەریی
قەپۆز ئەژەنێتە جەرگم
بۆرژوازیش تانووت ئەهاوێ
بۆ دەنگم

نە ئیتر باوەشە گڕم
نە زستانێکی ساردوسڕم
نە تێشکانم... نە سەرکەوتنم
نە هەستانەوەم... نە کەوتنم
نە سەرکێشیم.. نە هێمنیم
نە کوژراویم.. نە پیاوکوژیم
لە هەورازی هەر ڕێیەکدا
ئەچێ بەرەولای کرێکار
ریبوارێکم
پێ ئەنێم لە پشکۆی ناسۆر
لە لوتکەی هەر ئاواتێکدا
ئەڕوانێ بۆلای کرێکار
من خەونێکم
چاو ئەبڕمە هەتاو و خۆر
بۆماتەمی مایکۆفسکی
فرمیسک ئەسڕم
لەبۆ مەرگی مەکیسم گۆرکی
پرسە ئەگرم
بۆ مردنی هۆشی مینە
سەردائەخەم
لە بۆ کوشتنی نێرۆدا
شیوەن ئەکەم
بۆ پرسەی برێخت بە پێوە ئەوەستم
لەبەر تەرمی گشت شەهیدەکان هەڵ ئەستم
من لێرەدا
شەو بەسەر شەودا دێنمەوە
من لێرەدا
ڕۆژ لەناو ڕۆژدا ئەتوێنمەوە

کات مەنگە:
وەک گۆمی بێ بن
وردە ماسی سەرنجی من
لەناویدا دێن وئەچن
شوێن تەنگە:
لە گۆڕی تەنگەبەر ئەچێ
مەلی گیانم ئەتاسێنێ
خەوی هیوام ئەتەرێنێ
جاربەجارێ
لە کۆستی کەوتووم ئەنەوم
بۆ سەر لوتکەی ئازاری خۆم
سەرئەکەوم
ئەڕوانم سەدەکان
پێکەوە رائەکشێن
ئەبینم سەدەکان
پێکەوە هەڵئەسێن
ئەو سەرەولێژە ئەبینم
کە نەیرۆنی زۆردار
کە جەنگیزخانی هار
ناپلیۆنی ئازار
زۆرداری پیا سەرئەخەن
ئەو کڵپەی ئاگرە ئەبینم
کە ڕۆمای دڵتەنگ
کە ڕوسیای بێ دەنگ
نەیشاپوری شەنگ
تاوانی تیا سەرەوبن ئەکەن
لە وڵاتی مەینەتیدا
لە ڕۆژانی سەغڵەتیدا
بۆ شەوەزەنگی چەوسانەوە

کاتێ مێژوو
خۆی دووبارە ئەکاتەوە
هەمان دەستی تاوان
ئاگربەرئەدات لە جەرگم
تانووت ئەهاوێ بۆ دەنگم
ڕۆڵە... تێبین
یادگاری تاڵ وشیرین
ئێستا دوای تۆ
شاڵاو بەرم بۆ کام ئەستۆ؟
بگرم کام یەخە، کام بەرۆک؟
کام تاوان بێنمە سەرچۆک؟
ئاخر.. لەم تاریکە شەوەدا
ئاخر.. لەم کۆچە نەسرەوەدا:
تووتەڵە سەگی نەیرون
ئەوەندە زۆرن
نۆکەرانی جەنگیزخان
ئەوەندە زۆرن
پیاوەکانی ناپلیۆن
ئەوەندە زۆرن
تۆڵەی تۆ و هی ئەوانەی وەکو تۆن
تەنها ڕۆژێک ئەکرێتەوە
چەوسانەوەی تیا نەمێنێ
ئازاری تۆ هی ئەوانەی وەکو تۆن
تەنها ڕۆژێک ئەبڕێتەوە
تیایدا ئازادی پێ بکەنێ
ئەمە ئەو شەوەیە کە منی
تیا ڕاوئەنرێم
ئەوەش ئەو ڕۆژەیە کە منی

بۆ دەرئەکرێم
لەو ڕۆژەدا (٢)
کە تاوان لە دەرگای تۆی ئەدا
لە عێراقدا
کە منالێم دێتەوە بەرچاو
سەرنجی ئەدا
لە لافاوی خەڵکی خرۆشاو
ئەیڕوانی بۆ ئەو دەمانەی
هاواری (بمرێ و بژی) ئەکرد
لێشاوی ئەهێنا و ئەبرد
من ئەوەندە لە ئازادی تێ ئەگەیشتم
بە ڕاکردن
شوێن خەڵکی "بمرێ و بژی"
ئەکەوتم
لەم تاریکە شەوەمەوە
لەم کۆچە نەسرەوەمەوە
کە ئاوڕ لەو ڕۆژە ئەدەمەوە
چەند نەزۆک بوو
ئەوەی ڕێی بۆ کۆنەپەرست
خۆش ئەکرد
ترسنۆک بوو
ئەوی ئەو دەرفەتەی لەبار ئەبرد
تێبین ڕۆڵەم
زامی ئەم دڵە کلۆڵەم
بە دڵتەنگی بە بێ دەنگی
بەم شەوی خەمەدا رێ ئەکەم
دیل چەند بە هیوای هەتاوە
کوێر چەند بەتەمای چاوە
منیش ئاوا حەز بە گەڕانەوەتئەکەم

تۆ بڵێی ڕۆژێ
ڕووبار بۆ سەرچاوەی خۆی وەگەڕێ
تۆ بڵێی ڕۆژێ
شەهید بۆ سەنگەری خۆی بێتەوە
ئاو بە هەورازدا هەڵگەڕێ
بەفری خۆزگەم داکاتەوە
من ئەزانم تۆ مەحاڵی
دەستم بە تۆ ناگاتەوە
من ئەزانم تۆ باران نیت
بۆ تینویەتیم داکەیتەوە
هەرچەند تۆ هەمیشە
لە بەر دەرکی چاوەڕوانی
ڕێبوارێکی
گوێ لە هاواری من ئەگریت
چاو لە چاوەکانم ئەبڕیت
کاتێ دەستم ئەهێنم بۆت
وەک مەلێ
لە شەقەی باڵ ئەدەیت و
هەڵ ئەفڕیت.

١٤-٧-١٩٨٥ تا ١٤-٧ ١٩٨٧

١- (تێبین)ی کوڕم ڕۆژی ١٤-٧-١٩٨٥دا مرد و ١٤-٧-١٧٨٩ ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسا بوو.
٢- ساڵی ١٩٥٨ گەلی عێراق تەختی پاشایەتی لە ١٤-٧ داڕووخاند

# وەرزی داگیرسانەوەی شاسوار

جارێکی تر
تێشووی مارکس
بە شان و کۆڵ هەڵ ئەگرییەوە
بەرەو مەڵبەندی چارەنووس
سواری ئەسپی
ڕێگەی لینین
ئە..بییە..وە
لەهەر خاکێ دەرئەکەویت
سەنگەری شۆڕش
لێ..ئەدە..یت
بانگ ئەکەیتە کرێکاران:
-"سەر پێ کەون"
کرێکاران بەچاوی بیر
دوات ئەکەون
بۆ سڕینەوەی سنوور
گەردەلوولی قین
هەڵ..ئە..کەن
بۆ هەر شوێنێ سەرئەکەوی
ئاڵای تێکۆشان
هەڵ..ئە..کەن
بانگ ئەکەیتە چەوساوەکان:
- (سەر ڕێ کەون)
ستەمکێشان
لەهەورازی چەوسانەوە سەر..ئەکەون
بەرەو ئاسۆی
نزیک و دوور
بازی چاوی گیان

هەڵ..ئە..دە..ن

بۆرژوازی خێڵە قەحپەن

تاریکی شەو

چینە..ئە..کە..ن

هەوڵ ئەدەن

گریێ کوێرە

لەخەباتی کرێکار بەن

هەوڵ ئەدەن

لەم وڵاتە دەرگا بە ڕووی تۆدادا..خەن

هەوڵ ئەدەن

لەم وڵاتە ڕووناکی تۆ

حەشار.. بدەن

ئەیانەوێ. لێڵت بکەن

ئەیانەوێ..وێڵت بکەن

بیانەوێ و نەیانەوێ

تۆ هەموو کات.. دەستی شنەیت

دەریای ژانی

کارگەرانی ئەم میللەتە

ڕا..ئە..ژە..نی

بیانەوێ و نەیانەوێ

تۆ هەموو دەم،

زەردەخەنەیت

لەسەر لێوی

منالآنی ئەم ولاتە

پیَ

ئه

که

نی

١٩٨٢

**سەرچاوە**: دیوانی حوسێن بەفرین،بەرگی یەکەم، چاپی دووەم ٢٠٠٢.

**تێبینی**: هیچ زانیارییەکم لەسەر ژیانی شاعیر چنگ نەکەوت.



# ئەبوبەکر شێخ جەلال
# (ا. ب. هەوری)
۱۹۷۹-۱۹۱۵

ئەبوبەکری شـێخ جەلال کوڕی شـێخ تەهای کوڕی شێخ سەلامی کوڕی شێخ فازڵی کوڕی شێخ نیزامەدینە. قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە شـاری سـلێمانی تەواو کردووە و هەروەها خانەی مامۆسـتایانی لە بەغدا. مامۆسـتا بووە لە هەڵەبجە و پێنجوین و سـلێمانی. لە سـەر هەڵوێسـتی سیاسی چەند جار زیندانی کراوە. هەوری لە ساڵی ۱۹۱۵ لە سیتەکی شارباژێر لە دایکبووە و لە ڕێکەوتی هەشـتی نیسـانی ۱۹۷۹ لە سـلێمانی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

## جەژنی ئایارە

جەژنی ئایارە کاکی کرێکار
پیرۆز لە تۆ بێ و لە برای جووتیار
پیرۆز لە تۆ بێ و لە ڕەنج بێوەران
چەوساوەی ژینی ژێر باری گران
لەدەم هەورازی چەرخانی زوودا
لەگەڵ ڕەوڕەوەی پێچی مێژوودا
باری گرانی گەل بەشی تۆ بوو
کەچی لە ماڵتا هەر ڕۆڵە ڕۆ بوو
زۆرجار لە ماڵتا بۆ تاقە نانێ

لە هێلانەی دڵ دەردەچوو گیانێ
بۆیە کاروانی ژین بەرەو دوا بوو
مژدە فەریادڕەس ئەوا پەیدا بوو
ئەوا بە هێزی بیری دانایان
دروشمی بازووی تۆ هاتە مەیدان
بەتیری دەستی چینی زەحمەتکێش
برینی دوشمن بۆ مەرگ دێتە پێش
بە هێزی بازووی دەستەی ڕەنجبەران
نیشتمان فرۆش ئەکرێت دەرد گران
هەر هێزی بازووی مەردانی دڵسۆز
ئەگات بە فریای نیشتمان وهۆز
ئەگات بە فریای گشت لێقەوماوان
هەر لەو ڕیزەدا کوردی بێ تاوان
هەستە هەڵمەتێک بۆ ماڵ و بۆ جێت
چیت لە کیس ئەچێت مەگەر کۆتی پێت
هەستە هەڵمەتێک وەکو بەچکە شێر
ڕوو بکەرە دوشمن بە دەنگی دلێر
بڵێ بە چەکوش مافی نیشتمان
بەزۆر دەردێنم لە دەست دوشمنان
لە وەردی پایز لە شێفی زستان
بۆ گوڵی ئازادی کورد و کوردستان
بێڵ ئەوەشینێ برای جووتیار
هەتا سەوز ئەبێت دەمی نەوبەهات
گوڵی ئازادی بە چەپک و دانە
با بە خوێنیش بێت بۆ گەل هەرزانە
گوڵزاری هەرچەند بە داو تەنراوە
هەر ئەچم بۆ گوڵ گەر خۆم داناوە
سەر بەسەر نرخی یەک چڵ خوێنم بێت
ڕازیم من بمرم ئەو لە شوێنم بێت

بەڵکو لە تۆوی چڵی نرخ خوێن
گوڵی ئازادی پڕ بێت لە گشت شوێن

**تێبینی**: ئەم هۆنراوەیە لە گۆڤاری بڵێسە، ژمارە ٩، ساڵی ١٩٦٠ بڵاو کراوەتەوە.

## برا

برا من دەردێ گەیوە بە گیانم
بێزارم لە بوون لە گشت ژیانم
بێزار لە جوانی وەرزی بەهارم
بێزار لە خۆشی ژینی ناو شارم
بێزارم لە گوڵ و لالە و نەسرین
لە شاخی بەرز و دیمەنی رەنگین
بێزار لە کۆشک و قەمەرە و تەلار
بەرهەمی خوێنی لاوی لادێ و شار
بێزار لەو بەزمە و بەستە و پێکەنین
بەو کۆستەی کوردی هێنایە گرین
بێزار لە بەزم و خواردنەوە و یاری
خۆشگوزەرانی بە شەرمەزاری
بێزار لەو سایەی زوو لە هەمەدان
کڕنووشیان بۆ برد بەرەی دوو زمان
بێزار لە یاسای درۆی دیموکرات
کە گوایە ئەو ماف بە هەزار ئەدات
پەل ئەداتە پەل گەلانی ژێربار
بۆ ڕزگاریان لەدەست ئیستعمار
*
کەچی لە ڕۆژی جەژنی ئەیارا
فڕۆکەی ئەو بوو بە لادێ و شارا

له ئاسمانەوە مەرگی ئەباران
هەر بۆ هەژار و بۆ کرێکاران
ئەو هەزار هەژار بە یەک بەرمیل نەوت
ئەفرۆشێت کاتێک هەلی بۆ ڕێکەوت
ئیتر تۆ بۆچی کوردی ڕەنجەڕۆ
خۆت ئەخەیتە دوا بە هاشە و درۆ
دووی شوباتی ١٩٧٥

**سەرچاوە**: بەرهەمی خەبات، بەشێک لە بەرهەمەکانی ا.ب.هەوری (ئەبوبەکر شێخ جەلال) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ساڵی ٢٠٠٢.



# ناسر حەفید (مامە نالە)

( ............)

ئۆتۆمبێلێک تێ دەپەڕێ و
پیادەڕۆیەک
دووکەڵەکەی هەڵدەکێشێت
بۆرجوایەک قەڵەو ئەبێت
کرێکارێک ئەتوێتەوە.
فڕۆکەیەک دروست ئەکرێت
دارستانێک ئەکوژێتەوە.
خاکەکەی تۆش پارچەیەکە لەم جیهانە
سنگی خۆتی پێوە نەنێیت
دەبێت بە چاڵی پاشماوە
هەرچی تەنگ و چەڵەمەیە
لەسەر خاکی تۆ حەل ئەکرێت
برسێتی ئەم تۆپی زەوییە
ئەکرێت بەناو گەرووی تۆدا
گەر وا نەبێت
بورجواکان چۆن بتوانن دابنیشن
چۆن بتوانن
کرێکاری خۆیان لە ڕۆن هەڵبکێشن
ئەم جیهانە..کارگەیەکە
دووکەڵەکەی تۆ ئەیمژێت
ئەم خاکەی من بۆ بێگانە ئاگر ئەگرێت

نێچیرێکه و
بۆ سەر خوانی خەڵک ئەبرێت
بەردێک ئەخەیتە سەر بەرد و
خانویەکی بچکۆلانە بۆ خۆت دەکەیت؟
یان بە دەزووی مەرگی خۆت و براکانت
پینەی ڕەشماڵی خەڵک ئەکەیت؟
بۆچی گوێچکەت بۆ دەنگی پێی
بازرگانی سنوورەکان هەڵخستووە
ژەهری پارە ئەخۆیتەوە
تۆ ئەو دارەیت بەدەستی خۆت
ڕەگ و ڕیشەت ئەبڕیتەوە
وا مەزانە خۆر لە پشتی شەیتانەوە
بۆ تۆ هەڵدێت
ئەو ڕووناکییەی تۆ ئەیبینیت..ڕێگایەکە
ئەتبات بەرەو شەوێکی تر
قاچت لە خاکەکەت توند کە
بۆ ئەوەی هەر لە باوەشی
دایکی دڵسۆزی خۆتا بیت
دەرگاکان لەسەر خۆت داخە
بستێ ڕاستی بەسە پشتی پێوە بنێیت
وشەیەکی ڕاستت بەسە
بۆ خۆت بیکەیت بە گۆرانی
چ تلیاکێکت مژیوە
وا چاوەڕێیت
خۆر لە پشتی شەیتانەوە
بۆ تۆ هەڵبێت
خۆر لە کەلی
جەرگی دایک و
دڵی میللەتەوە هەڵدێت

خۆر گوڵێکی خوێناوییە و
بۆنی خاکەکەتی لێ دێت.

**سەرچاوە:** گڵ، کۆشیعر، ناسر حەفید (مامە نالە)، ستۆکۆڵم ١٩٩٣.

## بەیاننامە

کرێکارێک
ئارەقەی خۆی بسڕێتەوە بە کاغەزێک
بەڕێزترە لەو بەیانەی
کە کۆنگرەی ڕێکخراوەکان
دەریدەکەن بۆ میللەتێک.

پێشمەرگەیەک
تاکە پێڵاوێک هەڵبڕێت
قەڵەوترە لەو ڕەخنەیەی
تانجییەکی ئۆپۆزیسیۆن
لە پەڕلەماندا دەیگرێت.

جەرگ سوتاوێک
دڵی خۆیمان بۆ هەڵڕێژێت
بە کوڵترە لەو شیعرانەی
شاعیرێکی تەڵەکەباز
بۆ چاوی خەڵکی هەڵدەکەنێت.

پەنابەرێک
بەسەرهاتی خۆی بنوسێت
بە سەنگترە لە ژیانی تێکۆشەرێک

که مێژووی خۆی گۆڕییەوە
بە مەدالیای دەستی دزێک.

سۆزانییەک
تفێک لە دوای هەر کڕیارێک فڕی بدات
خاوێنترە لە وتاری ڕۆژنامەکان
کە وەک ئەسپەکەی تەروادە
پڕن لە ناپاکیی و پیلان.

**سەرچاوە**: شیعری بەیاننامە لە پەیجی فەیسبووکی شاعیر وەرگیراوە.

**تێبینی**:
١- هیچ زانیارییەکم لەسەر ژیاننامەی شاعیر چنگ نەکەوت.
٢- ناونیشانی شیعری یەکەم قرتێندراوە و بەناچار بێ تایتڵ دامناوە.

# موحسین ئاوارە



موحسین ئاوارە لە ساڵی ١٩٥١ لە هەولێر لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٢ ەوە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە. لە ساڵی ١٩٩٩ەوە ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. ساڵی ١٩٦٩ یەکەم شیعری بەناوی سروودی پێشمەرگە لە ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق خوێندۆتەوە. ساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٤ ڕاوێژکار بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. چەندین ئەرک و بەرپرسیارێتی ڕۆشنبیریی لە ئەستۆ گرتووە و بیست و چوار جار خەڵاتکراوە و ڕێزی لێنراوە. تا ئێستا دوازدە کتێبی چاپ کردووە و ئێستاش خانەنشینە و لەشاری هەولێر دەژێت.

## مەرگێکی پیرۆز

(١)

کرێکارێ،
لەسەر ترۆپکی دار تەلێ
زەرگەتەی کارەبا چزووی لێ گیر کردوو و
پێوەی دا
کە بەربۆوە
وەکو شووشە عەترێ شکا.

(٢)

ئاسمان وتی
پەڵە سێبەری بەردەمی ئەم دیوارە
خوێنی ڕژاوی تیشکەکانی هەتاوە
دایکیشی وتی:
تێک شکانیبرژانگ و ڕژانی سۆمایی چاوە

(٣)

بوویتە چرا و
شۆڕ دەبیەوە بۆ ناو گۆڕ
تۆش بازنەیێ
لەم ژێر زەمینەدا ڕووناک دەکەیتەوە
شەوانیش لەنیوەی شەودا
لەگەڵ چراکانی ترا کۆ دەبییەوە
لە دوورەوە
ئەرێ ئەمە گۆڕستانە..
یان ئاهەنگ و چراخانە..؟

تشرینی دووەمی ١٩٨٠ هەولێر

**سەرچاوە**: چۆڕاوگە، شیعر، موحسین ئاوارە ١٩٨٠
* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# جەمیل ڕەنجبەر

١٩٨٠-١٩٤٨

جەمیل سالح گۆران ناسراو بە (جەمیل ڕەنجبەر) لە ســـــالّی ١٩٤٨ لە هەولێر لە دایک بووە. لەو کاتەوە جەمیل هەســـــتی بە شــــاعیرییەتی خۆی کردووە ناوی (ڕەنجبەر)ی هەڵبژاردووە وەک نازناو. ئەم ماوەیە دوا قۆناغی ژیانی جەمیل بوو. جەمیل ڕەنجبەر ســـالّی ١٩٦٦ دەســـتی بە شـــیعر نووســـین کردووە. سەرەتا ئایدیۆلۆژی ناسیونالسیتی سێبەر دەخاتە سەر بیرکردنەوەی، بەڵام دواتر بەرەو سەنگەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان وەردەچەرخێ و تا مردن لەو سەنگەرەدا دەمێنێتەوە.

جەمیل ڕەنجبەر شـــــاعیرێکی ڕیالیســـــتی ڕەخنەگری شـــــۆڕشـــــگێڕی کورد و ڕووناکبیرێکی پێشکەوتنخوازی داهێنەری نوێکار بوو. لەناوەڕاستی شەستەکانی ســــەدەی ڕابردووەوە چۆتە مەیدانی ئەدەب و خەباتی ســـیاســـی و لە ســـالّی (١٩٧٠)وەش بەرهەمەکانی لە شـــیعر و لەپەخشـــــان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا پەیتا پەیتا بڵاو کردۆتەوە و بە هۆنراوە نوێیە پڕ ســـــۆزەکانی ســــەرنجی شـــیعرناس و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی ڕاکێشـــاوە و دانیان بەوە داهێناوە کە ئەم شاعیرە شیعر درەوشاوەیە دواڕۆژێکی گەشی لە مەیدانی شیعری نوێی کوردیدا دەبێ. شـاعیری هۆشـیارمان شـان بە شـانی چوونە پێشـەوەی لە مەیدانی ئەدەبی نوێدا، لە کاروانی خەباتی سـیاسـیشـدا پتر چووەتە پێشـەوە و لە دوای دامەزراندنی یەکێتیی نووســــەرانی کورد لە (١٩٧٠/٢/١٠) و کردنەوەی لقی هەولێر لە (١٩٧١/١/١٥) دا بووەتە ئەندامێکی کارای ئەم ڕێکخراوە ئەدەبییە و لە کۆنفرانســـی دووەمی لقەکەدا کە لە ڕۆژی (١٩٧١/١٠/٣٠) دا بەســـترا، بە ئەندامی دەســـــتەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردرا و لە هەمان کاتیشـــدا بووە ئەندامی دەســـــتەی نووســـەرانی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (نووســـەری نوێ)ی زمانحاڵی لقی هەولێر. ڕەنجبەر خزمەتێکی زۆری کاروانی ئەدەب و ڕۆشـــنبیری کوردیی کرد. بەداخەوە جەمیل ڕەنجبەر لە ســـــالّی ١٩٨٠ لەلایەن کۆپتەرەکانی ڕژێمی بەعس دەپێکرێت و گیان لەدەست دەدات.

# زەنگی شۆڕشی کرێکاران

ئاو و گڵی ئەم سروشتە
بۆ پێویستی خەندەی مرۆڤ
دەکەین بە هۆنراوەی ژیان
پێستی ئەسمەری ئێمەیە
بەرد و خشتی خانووی بەرز و شەقامی شار
دەشێلێت و ئارەقەی خوێن
هەڵدەسوێ لە گیانی دیوار
ئێمەی هەژار بە تەشی و تەونی بیری ژان
پێست و خوری، لە کارگەی دەست و پەنجەدا
کەوش و بەرگی ئادەمیزاد بەرهەم دێنین
هێشتا نیوەی جامیرەنجمان
بۆ ماوندوێتی لەش ناستێنین
*
ئەگەر ئێمەی بەلەنگازان
شوانی هەموو پەزی گیا بین
گۆجانی مێشکی گرگرتوو
خۆ دەتوانێ
فیوداڵ بۆ بارهەڵگرتنی رێ ڕاگرین
ئێمەی هەژار، ئێمەی ئازا
خۆ دەتوانین، خورەی ڕوبار، گەواڵەی قین
بڕژێنینە سەر شێرە بەفرینەی زەمین
ئێمەی هەژار .. دەمانەوێ سەرکردایەتی گەل بکەین
کوتەک بەدەست دەبێ هەردەم لەسەرکەوتن دڵنیا بین
ئێمەی نەبەز پێشمەرگەین و
دەبێ لە چەکدارانی دوێ ئێمە جیا بین.
*
ئەگەر ئێمە ڕەوتی هەموو زێرابەکان

لەناو بۆڕی ژێر شەقاما بخنکێنین
چڵک و گەردی کۆڵانی شار
بەفربەندی گەسکی تێڵا
ئارەقەی سوڵکەر برژێنین
چۆن ناتوانین چەوسێنەر وەک پەز لێخوڕین
چۆن ناتوانین خوێنمژی گەلمان سەربڕین
وەک چۆن بیر بەناو مێشکی ئێمەی تینوو ئاگر دەگرێ
وەک چۆن گولله بەناو لوولەی کلاشینکۆفا ڕێگە دەبڕێ
چۆن برسێتی نان دیل دەکا و
لیکاوی گەدە دەڕژێنێ
واش دەست و تفەنگی ئێمە، بە خوێنی سوور
یاسای دەوڵەت، لە بۆرژواکان دەسێنێ
دەوەنی گڕ ئەگەر لەناو هەرچی زەوی و گێڵگەکانی
چەوسانەوە و ئازار هەیە
بە هۆ هۆی دەنگ و حەیرانی ئێمە بڕوێ
گەر تەبارەی هەرچی خەمی زیان هەیە
ئێمەی سەپان دروێنەی کەین
ئەگەر دەستی جوتیاری دێ
بەشەنەبای خەرمان بسوێ
بۆچی هەرچی تەمبەڵ هەیە سواڵکەر نەبێ
بۆچی هەرچی ماندوو نابێ و حەساوەیە
لەژێر دەستی ڕەنجدەر نەبێ؟
*
ئێمەی هەژار..ئێمەی ئازا.. وا پۆڵا دەتوێنینەوە
هەرچی چەکی قورسیش هەیە
ڕەنجی ئێمە باری دەکا
لەمڕۆ بەدوا هەموو ئارەقەی ڕژاومان دێنینەوە
*

ئێمەی هەژار..ئێمەی ئازا.. وا پۆلا دەتوێنینەوە
هەرچی خەمی قورسیش هەیە
بەسەر پردی ئێمە دەڕوا
ئەی بۆ خوێنمژ گولله بێت و
لەناو لوولەی زامی خۆمان،
تێمان خوڕێ
بۆچی ئێمە، ئێمەی برسی، ئارەقەی چاو بخۆینەوە
بۆ سەرلەنوێ، بۆ ڕاپەڕین
بۆ شۆڕشی یەکجارەکی نەژێینەوە
ئێمەی کارگەر چاک دەتوانین
ناڵەی هەژار، خەمی کۆمەڵ،
لە شەوی توون.. بۆ هێلانەی هەتاو بەرین
ئێمەی هەژار، چاک دەتوانین، لەکێڵگەی خوێن
لە کانی نەوتی ئاگرین
لە سەنگەرا.. دەست لە ملی سۆشیالیست بین
چاک دەتوانین، لە مردنیش یەکسان بژین.
*
ئێمەی هەژاری پێشمەرگە کلاشینکۆفی برسێتیمان
تۆپی توێنێتی دیلێتیمان،
دەڵێ: ئالای ڕزگاریمان
با دژی چەوسێنەر هەڵکەین لەخاکی شۆڕش و تفەنگ
هەرچی چەکی کارگەی سوورە
لە کوردستانی کارگەران
دەبا بڕۆین، بڕۆین لەگەڵ ئاوازی جەنگ
زەڵێ ١٩٨٠

## هەر دێمەوە

هاوڕێکانم..
کە دێمەوە سەرم وەکو شاخی زۆزان

بەفری زۆری لێ دەکەوێ و
خۆری عاشق خەریکی قژ داهێنانە
کە دێمەوە.. دڵم سەنگەری جوتیارە و
شەنەی جۆخین، سەوڵی کەشتی خوێنی گیانە.
شەنەی خەرمان لەناو دەرونی پڕ ژانە
هاورێکانم.. کە هاتمەوە
بناری چاو، بەربەرۆژکەی زستانێکە و
هێشتا بەفری لەسەر بانە
*
هاورێکانم، کە دێمەوە
وەک منارەی چۆلی بەرز قیت دەبمەوە
کە هاتمەوە
شەقامی شار دەگوێزمەوە
لە دوکانی سوخۆرەکان، لاشە بە هەرزان دەفرۆشم
قەترانی خوێن، وەکو بازن.. بەدڵداری نوێ دەفرۆشم
هاورێکانم.. کە هاتمەوە
وەک منارە دێرینەکان قیت دەبمەوە
لە میکرۆفۆنی (پێنج فەرزە)
دەبمە (نوێژ) و سورەی سۆشیالیست دەخوێنم
لەڕیزی مام سۆفیەکانا..(کولێرەی یەکسانیم تیایە)
لەهەموو چۆک دادانێکا..هەڵسانەوەم لەگەڵدایە.
*
کە هاتمەوە..دەبمە بەهاری کەلاوەی
قەڵاتی جاری جاران و.. خۆر بۆ کۆڵانەکان دێنین
هەرچی منالْی گەڕەکە، گورز گورزانی دەکەن و
قەرزی کرێکارانی شار، لەخانوە بەرزەکانی هەولێر دەسێنین.
*
کە دێمەوە..وەکو منارەی چۆلی بەرز قیت دەبمەوە

که دێمەوە..گیانم تۆپەڵی ئاگرە و
بە چەکوشی چەوساوەکان دادەگیرسێ
سۆزم لافاوی ڕوبارە و
لەڕامالّینی زەلکاوی کەس ناترسێ.
١٩٧٧-١١-٩

## خۆری برسی بە هیچ هێزێ داناگیرێ

گەر بەرزایی چیاکانمان
وەکو چەکی ماشێنی ڕێ قەد و باڵای کپ بێتەوە
گەر ئازایەتی پێشمەرگە، وەکو شەپۆلی ڕووبارێ
ماچی کەنار بکا و بنوێ
(ئاومارک) ی خوێن بگرێتەوە.
ئەوسا لە چاڵی دەشتی شەو
ڕەگی ژانی بەرزێتیمان
لە قوڵایی برسییەکانا دادەچێنین
ئەوسا بیری ئیرتوازی
لە ناو کێڵگەی هەستی هەژار هەڵدەکەنین
ئەوسا بازاڕ، کۆڵان، شەقام..دەگرێنین
دەرگای بەهار دەکەینەوە
گەنم و تفەنگ، ڕزگار بوونی چەوساوەکان
بۆ خێزانی شەهیدەکان ئەبەینەوە.
*
ئەگەر لوتکەی هەژارەکان بەرز نەبێ
ئەی چی بەرزە؟
دیارە چاڵی بۆرژواکان
سەربەرەوژێر بەرزی تیایە
دیارە کۆشکی سەرمایەدار
ڕەنجی گیانی کرێکارە و

ژانەکانی بەرزی تیایە.
ئەگەر پێشمەرگە برسییەکان ئازا نەبن
کێ ئازایە؟
دیارە زات و دەست بڵاوی دەوڵەمەندان
سەرمایەی ناو کۆگاکانیان
خوێنی ئازایەتی تیایە.
*
کە گلێنە
سپێنەی چاو دەکا بە هێلانەی بینین
کە هۆشیاریی
سەنگەری مێشک دەکا بەفرگەی ڕاپەڕین
هەتاو بە خۆی ئەسپی ڕێگا، ئالیک دەدا
ڕوبار بە خۆی، خورەی دڵی شۆڕش دێنێ و
گوللەی شەپۆل
چەپڵەی سەرکەوتن لێدەدا
٢٦-٣-١٩٨٠

## بۆ شاسوارێ سواری پشتی هەتاو بووە

بۆ هاوڕێی شەهیدم شاسوار

وەک هێزێکی ڕژاو بەناو گیرفانی بۆرجوازییەکان
وەک (بێگاری ..دەرەبەگی) گڕ دەتکێنێ
بە دەروونی جووتیارەکان
وەکو پووشی لەناو بڵێسەی ئاگردان
وەک ئەوانە، خوێنەکانمان دەبن بە داس
مافی دۆڕاو دەدورنەوە
خوێنەکانمان..دەبنە هەسان، خەنجەر و شیر دەسوونەوە
هێزی شەپۆلەکان دەڕۆن

ڕەنگی زامی هەرچی سنووری دەستکردە
لە کەناری ڕاپەڕینا، دەریا دەخۆن
*
من دەمەوێ کرێکاری کارگەی شیعر وتنێ بم
خۆم خاوەنی کەرەستەی خاو هێزی بەرهەمهێنانم بم
هێز و بیر و وشە و زمان..ڕقی چەوسانەوەی ژیان
لە میهرەجانی برسێتیم
هەر خۆم شیعری تێکۆشانم بخوێنمەوە
هەر خۆم بەفری سەرمایەدار بتوێنمەوە
من دەمەوی شیعرێ بڵێم ڕووناکی بێ
بەدەست شاسواری بەربەیان
من دەمەوێ شیعرێ بڵێم زۆر لە شیعر گەورەتر بێ و
شۆڕشێ بێ بۆ گۆڕینی(خەو بۆ هەڵسان، شەو بۆ بەیان)
شۆڕشێ بێ بۆ گۆڕینی هاتنە سەر کاری هەژاران
من دەمەوێ شیعرێ بڵێم یاسایێ بێ
بەدەست شاسواری شۆڕشڤان
من دەمەوێ شیعرێ بڵێم، زۆر لە شیعر گەورەتر بێ
کوتەکێ بێ بۆ گۆڕینی یاسای ژیان.
*
لەخەو هەڵسن تەکان بدەن
ئەی کرێکاری ڕووی زەمین
تاکەی هێز و ئارەقەی بازوی کڕاوتان
چەکی سەرمایەداران بێ و..لە وڵاتانی ژێر دەستە
برامان پێ لەناو بەرن
دەی ڕاپەڕن
هاتین هاتین هەموو هاتین
تەکان بدەن، ئێوەش وەرن
*
کاکە شاسوار ،،لەگەڵ برینەکانی تۆ دەژیم

برای عاشق،،تەکان بدە،
لەناو هەموو دەریایەکی قەدەغەدا
پاپۆڕێکی و..سامی چەکی ئەتۆم دەگری
لەناو هەموو لووتکەیەکی یاساخکراو سەنگەرێکی
لەناو هەموو گوندی ژانا ئاگرێکی
خۆت گوللەیت و ..دووژمن لە زامی تۆ دەمرن

*

برای عاشق تەکان بدە
لەجەژنی لە دایکبوونتا
پارچە گۆشتی ئەمڕۆکەمان دەبەخشنەوە
لەشەوانی بەراتمانا..داڵ و بۆمبا
ژیان کوژ دەنیشنەوە
لە ڕۆژی لە دایکبوونمانا ..کێردی دەستی بۆرجواکان
دەیانەوێ چیاکانمان سەرببڕن
دەیانەوێ سامانی ناو کێڵگەکانمان، بگریەنن
دڵ و مێشکی هەڵبدڕن

*

برای عاشق کاتێ کە سواری خۆر دەبیت
سەدان سوارت لەگەڵدایە
کاتێ کە سواری خۆر دەبیت ڕووناکی ئەستێرەکانی
ئاسمانی نەوبەهارانت لەگەڵدایە
برای عاشق
کاتێ کە سواری خۆر دەبیت، هەرچی فڕۆکەی دووژمنە
هەر لە فڕگەیدا دەمرێت و قورئانی مەدن دەخوێنێ
کاتێ سواری خۆر دەبیت، (دەنگی خۆشت)
لاوک و حەیرانی هەژاران دەهێنێت و
تەقی زۆردار دەوەستێنێ
کاتێ کە سواری خۆر دەبی، ئەستێرەکان لەشکری تۆن

لە نۆتەکی شەوی سەردەم، لەهاتووچۆن
*
کاکە شاسوار..تەپەی ئەسپ
لەدوێنێوە..سامی تاریکی نیوەشەو، پێی زانیوە
تەکان بدە
دەستگیرانت کەمانێکە و سازی بۆ گیانی تۆ نییە
دەستگیرانت سەنگەرێکە و دڵداری خۆی تێدا نییە
دەستگیرانت ئاگرێکە
هێشتا تیشکی لێمان دوورە
تەکان بدە وا دەبینم
زین و لغاوی ئەسپەکەت بەخوێن سوورە
کاکە شاسوار ئێمەش سواری ئەسپی تۆین و
ڕاوی دوژمنەکانی تۆ دەکەین
هەرچی دوژمن پێی ناخۆشە، مە وا دەکەین
شەو یاسا بێ..ئێمە ڕۆژین
لە کوردستان چیا لێمان قەدەغە بێ
لەجێی شەماڵ تیا دەژین و خۆمان لوتکەین
ئەگەر مردن دەستبێن لە شوانکارە بگرێ
ئێمە هەناسەی بۆنخۆشی بەرزی ژینن
ئەگەر خەوتن لەناو بێشەی دیلێتیدا
لایلایەی زامی ئێمە بێ
ئێمە هەرگیز ڕاپەڕینین.
١٩٧٨-٢-٢٠

**تێبینی** (ع س مەشــخەڵ): ئەم شــیعرەی جەمیل ڕەنجبەر هەڵەی تایپی تێدایە و من دەقاودەق نووسیومەتەوە. ئۆباڵ لە ئەستۆی سەرپەرشتیاری چاپی دیوانی جەمیل ڕەنجبەرە.
**سـەرچاوە**: دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج، پێشـەکی دکتۆر مارف خەزنەدار، وەزارەتی ڕۆشــــنبیری بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٧



# موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی ساڵی ١٩٥١ لە شاری خانەقین لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٠ دەنووسێت و بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کات بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٨٩ لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا وەک وەرگێڕ فەرمانبەر بووە. ساڵی ١٩٨٩ بووەتە سەرۆکی لقی هەولێری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. دوای ڕاپەرین لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم دامەزراوە. ساڵی ١٩٩٢ دەستی بە وانە وتنەوە کردووە لە ئامادەیی پیشەسازی هەولێر و ئامادەیی میدیای کچان. ساڵی ١٩٩٤ لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم دامەزراوە. ساڵی ٢٠٠٧ کاری لە گۆڤاری پەروەردە و زانست کردووە و پاشانیش بووەتە سەرنووسەری ئەو گۆڤارە. لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان کار دەکات و ئێستاش لە بەشی هەواڵەکان بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان کار دەکات. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. تا ئێستاش بیست و چوار کتێبی ئەدەبی و وەرگێڕانی چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

## بمتوانیایە!!

بمتوانیایە
زەردەخەنەم دەخستە سەر لێوی گریان
گڕی سوورم
بەر دەدایە چەمی تاوان
نارجنۆکم فڕێ دەدا

بۆ ئامێزی سەنگەری ژان!
لەسەر پەڕەی سەوزی ژیان
دەمسڕییەوە
گێسووی خۆشیم دادەهێنا
چنگی هەوڵم دەکوتا
مەمکی توندی ژینی ئاسان
باوەشم دەگرتەوە
بۆ پرشنگی کێڵگەی ئاشتی زۆر فراوان
وەکوو گوڵاو بەسەر هەموو
قوژبنێکدا دەمپرژاند!
*
بمتوانیایە
کانیی ئەشکم بەبەست دەکرد
نەمدەهێڵا
لە جەنگەڵی چاوی کاڵی مرۆڤاندا
دەست بکاتە باران
قوڵەڕەشی خۆشەویستیم دەردەهێنا
لەنێو زیندان!
ژینی خەڵکیم سەربەست دەکرد
لە نینۆکی خوو و ڕەوشتی
سەدە ڕەشە تاریکەکان!
تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی
خوو و ڕەوشتی چاخێکی نوێم
دەهێنایە کۆشکی ژیان
بۆ قازانجی
پڕ ئامانجی
دانیشتووان دانیشتوان!
*
بمتوانیایە

لەسەر چەقی ئەم ڕێگەیە
ڕێگەی نەمان
یاخی دەبووم
لە یاساکان!
بەندی یاسای ڕاستی یەک ڕووم
دادەڕێژا
تێکم دەدا پەت و زیندان
دەستی ماندووم
دەخستە سەر سکی پشووم
بۆ کۆرپەکان!
بۆ کۆرپەکان!
بمتوانیایە
گڕی سوورم
بێشەی وەرزی گەڵاڕێزان
باڵای ساڵی هەموو ژینم
دەکرد بە یەک بەهاری سەوز
وەرزێکی وام جوان دەنەخشاند
دوور لە خەزان!
کێوی سەختی نائومێدیم وا دەڕووخاند
لەناو باغی دڵی هەموو دڵداراندا
سەد ئاواتم جوان دەڕرواند!
پەساپۆرتی چاوی ساغم
دەسڕیەوە
بۆ کوێرەکان!
جیهانێکی زۆر قەشەنگم
پیشان دەدان!
ژینێکی نوێم دروست دەکرد
دوور لە ڕەگی چەوسانەوە

جیهانێکی دیکەی گەشم
دەهێنایە سەر ڕووی ژیان!
پڕ لە خۆشی و حەسانەوە
بەڵام ئەم هیوایە لە دڵدایە
ئێوە دەڵێن
بۆم دێتە دی، یانیش هەرگیز
بەدی نایە!!؟
ئەگەر ئەمڕۆ بووبێت یانیش سبەی دێتە کایە!

مانگی ئەیلوولی ١٩٧٤

**ســـەرچاوە:** ڕەهێڵ، کۆبەرهەمی شـــیعری موکەڕەم ڕەشـــید تاڵەبانی، چاپی یەکەم چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٢ ، لاپەڕە ٢٤ و ٢٥ و ٢٦.

* **سەرچاوەی ئەم ژیاننامەیە:** ویکیبدیا الموسوعة الحرة.

# ڕەفیق سابیر



## گەڕانەوە

بۆ فەهد

هەموو شەوێ، هاوڕێیەکەم
بە هێمنی سەر بە ماڵی برسی و هەژاراندا دەکات
لە سۆراخی گەورە و بچووکیان دەپرسێ
باسی ڕاستی و
سەربەخۆیی و
سۆسیالیزمیان بۆ دەکات
کە دەیگرن...ئەمجارەیان ملی بە پەتەوە ناکەن
لە کەناری ڕووبارێکدا دەیسووتێنن
خۆڵەمێشە جوانەکەی دەدەن بەئاوا
کەچی لەبەیانی ڕۆژی ئایندەدا
جارێکی دی، هاوڕێیەکەم
چەپکە تیشک دەچنێتەوە...
بە دەستە چەپە براوەکەی

نان و
گوڵ و
ئاڵایێکی سوور هەڵدەگرێ
بەرەو ئەم شارە دێتەوە.

سۆفیا ١٩٧٨

**سەرچاوە**: دیوانی ڕەفیق سابیر

**تێبینی:**

(١): هیچ زانیارییەکەم لە سەر ژیاننامەی شاعیر دەست نەکەوت.



# دڵشاد مەریوانی

١٩٨٩-١٩٤٧

دڵشاد محەممەدئەمین فەتاحی مەریوانی نووسەر، ڕۆژنامەوان و شاعیر و چیرۆکنووس و ئەکتەری کورد سالی ١٩٤٧ لە دایک بووە. بە هۆی ئەوەی کە بە منداڵانی خوێندکار ئەلفوبێی لاتینیی کوردی فێر کردووە وەک کەسێکی خراپەکار لە لایەن حکوومەتی بەعسی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٨٩ دەگیرێت و بێ سەروشوێن دەکرێت. (مەریوانی) لە ڕووی نووسینەوە دانەبڕاوە و ئەندامی کۆمەڵی ڕۆشنبیری کورد، یەکێتی نووسەرانی کورد، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کورد بووە، ماوەیەکیش چەند بەرنامەیەکی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی لە بەشی کوردی لە ڕادیۆی عێراق و بەشی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک بەڕێوە بردوە. دڵشاد مەریوانی چەندین شانۆنامە و چیرۆک و دیوانی شیعریی بەچاپ گەیاندوە و ژمارەیەک دەقی بەرەنگاریی نووسەرانی بیانیی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی لەوانە: موزەفەر نەواب، مەحمود دەرویش، سەمیح قاسم، پاپلۆ نیرۆدا، پۆل ئێلوار، فابتزارۆف، مایکۆفسکی، یەسنین، کاڤاڤی، ..هتد. هەروەها چەندین بەرهەمی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی و سیاسیی، لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤارە نهێنییەکانی ئەو سەردەمەی ڕژێمی بەعسدا بڵاوکردۆتەوە. دڵشاد پتر لە حەڤدە شانۆنامەی نووسیوە و وەریگێڕاوە و ئامادە کردووە. لەوانە: نازدار و شوان، پەروانە، خۆرک، چاوی ڤێتنام، پراوەی ژنهێنان، بووکەخان، مانگیش ئاوا بوو، ...هتد. هەروەها چەندین مەحازەرە، کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی، کۆڕی ڕەخنەسازیی بە درێژایی دوازدە ساڵ دەربارەی شیعر، ڕەخنە، ئافرەتان، چیرۆک، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی...هتد لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و بەغدا پێشکەش کردووە.

لە هاوینی ١٩٦٢ تا پایزی ١٩٦٦ لە گەڵ دەستەی لاوانی هۆشیاری ئەو کاتەدا، دامەزرێنەری (کۆمەڵەی بووژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی کورد) بوو کە کۆمەڵێکی ئەدەبی و هونەری بوو، باوەڕیان بە خەباتی ژێرزەمینی ئەدیبان و

هونەرمەندانی خێرخواز و پێشکەوتووی کورد بوو، تا بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بەرەنگاری بەشــێوەی بڵاوکراوە و نامیلکەی دەســـتاو دەســـت کرد و بەناو جەماوەردا بڵاو بکەنەوە. لەو لاوانەی ئەو سەردەمە: فەرەیدوون عەبدولقادر، عەلی توانا، دارا شـێخ نووری شـێخ ســالح، عەبدولڕەزاق پشــدەری، ئەکرەم قەرەداغی، عومەر ســـالح، جەلال محەمەد، جەلال مەهدی، محەمەد ئەکرەم کەریم، عەبدوڵڵا عەباس، عومەر چاوشـــین، ...هتد. بەرهەمە ئەدەبیی و هونەرییەکانی دڵشـــاد مەریوانی بریتین لە هەشت کتێبی شیعرین. لە دوو شانۆنامەدا "لانەوازان" و "پردی وڵات" وەک ئەکتەر بەشـــداری کردووە. هەروەها لە فلیمێکی ســـینەمایی دوازدە خولەکیدا وەک ئەکتەر بەشـــداری کردووە. فلیمی ژیانی شـــوان ١٩٧٢ بەرهەمی زانکۆی ســـلێمانی. لە کاتی قوتابێتیدا ١٩٦٩-١٩٧٢ دامەزرێنەر و ســـەرۆکی تیپی شـــالاوی کەرکوکی هونەری بوو کە ڕۆڵی گرنگ و دیاری بینی لە ناوەندی زانۆکانی بەغدا و موســـتەنســـەرییە. ئەندامانی ئەم تیپە بریتی بوون لە: دڵشـــاد ئەحمەد محەمەدئەمین، پەخشـــان جەلال، کاژاو محەمەد ئەمین مەریوانی، بەهجەت ڕەشـــید، عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر، مســـتەفا زەنگەنە، گەلاوێژ حەمەئەمین، گوڵتان حەسەن عەباس.

## ڕاوە زەردەخەنە

دەریام..بەڵام..هەتا تۆی خۆر نەکەم بە ئاشنا
بارانم لێ دروست نابێ
فرمێسکی بەڵام هەتا خۆت فێری ڕاوە زەردەخەنەکەی..
بە من ناگەی
من و تۆ لە ئەفسانەی وەنەوشەدا، دەستلەملانین
بەڵام لە گۆدۆی ئەم کاروانە.. دڵنیا نیم
لەوە دەترسم نەیەت
بێ و بەتەنیا ..تۆ بەرێ
بێ و بەتەنیا..من بەرێ
*
گیانە..تۆ کچۆڵەی شاعیرێکی

پێوانەکانی گەردوونی بۆ سەروبن کردی و وتی:
فەرموو لە بێستانی خەمەکانما
دروێنەی خەرمانی سەوزی هیوا و ورەی ژیان بکە
ڕۆڵە..دەڕۆی ئۆغر..بەڵام گەر ڕۆژگاریٚ هاتیتەوە و من نەمابووم
خەمی نامۆیی خۆت نەخۆی..شیعرەکانم راسپاردوون
هەموویان بۆت ببن بە دەست، هەموو ببن بە باوەش و
ئاوێزانی لەشە نەرم و نۆڵەکەت بن، ئەفسووس دەڕۆی
ئەی کچۆڵەی گریان و خەندە و زریان و تیشک
ئەم شاعیرە جیٚ مەهێڵە
ڕوو مەکە هەوای بلوێری بۆرژوواکان
شاعیر نەبیٚ..کیٚ دەتوانیٚ
لە تەپوتۆزی خاندا..خانووی سەوزت بۆ دروست کا؟
شاعیر نەبیٚ..کیٚ دەتوانیٚ..
کڕووزەی دەستەپاچەیی..بکا بە سروودی یاخی؟
هەر شاعیرە..لە فرمێسکی بیٚ کەساندا..
گوڵ دەڕوێنیٚ
هەر شاعیرە..چاوی بیٚ هیوایان بە تیشکی ئومێد
دادەگیرسێنیٚ.
*
مەڕۆ و بزانە هەژارەکان بۆ ڕەنگ زەردن
بچۆ ماڵی پیاوماقووڵەکان و بۆری ئاوی کۆشکەکانیان بکەرەوە
دەبینی نەوتی پیا دیٚ..خوێنی پیا دیٚ
*
ئەم شاعیرە جیٚ مەهێڵە
ڕوو مەکە هەوای بلوێری بۆرژوواکان
مەمکە سرکەکانت مەکە شاباشی پیاوماقوڵان
*
ڕۆڵە تۆ گاورباغی و یاخیبوونی

کرێکارانی کۆمپانیای نەوتت نەدیوە
خوێنەکەیان ئەو ڕۆنەیە وا چەرخی ماشێنەکان دەگەڕێنێ
مەڕۆ و تۆزێ گوێ بۆ دەنگی چەرخەکان ڕاگرە
سروودی چەرخەکان ببیستە:
دڵدار: خۆشەویستی و
کرێکار ..دەستی و
شاعیر.. شیعری
تەسلیم ناکا
تەسلیم نەبی..تەسلیم نەبی..تەسلیم نەبی
کانوونی دووی ١٩٧٧

## برمە

کە چاوی بە سینییەکە کەوت
جامخانەکەش وەک ناو دەمی.. ئاوی تێ زا
حەزی لە برمەیەک کرد و کابرا وتی بە پەنجا.
بە گیرفانیا دەستی گێڕا
پەنجاییەکە و یادی هاوسەرەکەی ژینی
بە دەستییەوە هات..ڕاما
کابرای برمە سەیری کرد ئەم شەرم گرتی
دایە و برمەکەی لێ وەرگرت
کە چووەوە وتی..بێ تۆ
برمەیەکم زەهر کرد و پەشیمانم
بەڵام قەینا
سبەی کە معاشم وەرگرت
کیلۆیەکت بۆ دەکڕم.
*
سبەی کە معاشی وەرگرت
هەر لە کارگەوە بردیان

ئەفسەرەکە لە زمانی
برمەو حەزی نەدەزانی
هاوسەرەکەی پاش هەفتەیەک چاوەڕوانی
شەوێک دەرگاکەی کردەوە..لەجێی برمە..
لە جنفاسێکی زەردباوا
باڵاکەی ئەویان بۆ هانی.

## چاوڕەشەکەم

کتێبی بەرگ سفتی خۆشەویستیم زۆر خوێندەوە
بەڵام..کرێکارە بەرگ شڕەکان فێری دڵدارییان کردم
*
شەیدای چاوەکانتم و لەخەمی چاوەکانتا
نیرۆدا دوای مەرگی ئەلێندی کەوتووە
شیعر دەخوێنێتەوە.
تەلزەعتەر دەسووتێ و کەنفانیش نیشتمان
بۆ ساوای ناو چادرەکان دروست دەکا
سۆدان بەرگە خوێناوییەکەی مەحجووی لەبەر کردووە
سروودێکی نوێ بۆ ئەفریقا دەڵێ.
لەوەتەی فاشیستەکان..ڕەشەکان سەر دەبڕن
من لە دژیانا و زیاد لە جاران
شەیدای چاوە ڕەشەکانتم
هەر بە مەرجێ تۆ شیرین بی
تۆ شیعرێکی کۆمۆنین بی
بینایی ببەخشیتەوە بە ئەستێرە ساواکانی
ئەم هەرێمە.

کانوونی دووەمی ١٩٧٧

## شەقامەکە

بۆ ئەو منالّەی پۆلیسەکانی گومرک لەناو بازاڕی سلێمانیدا کوشتیان

شەقامی ناو بازاڕەکە
جەنجالّ بوو وەک
سەری کوژەرێک پێش تاوان
نۆ – سالّێکی لاق باریکی دەنگ کز، تیایدا
کەوتبووە پاکەت فرۆشتن
ورد و لووت باریک و شەرمن
ناسیارێکی ببینییایە
درەختەکانی کەناری دەکردە حەشارگەو پایە
زۆری نەبرد
جەنجالّی ناو شەقامەکە و درەختەکانیش ڕایان کرد
نەیزانی چۆن گومرکییەکان مەچەکیان گرت
ترسی گرتنەکە گەستی
داچلّەکی و بالّەکانی دایە دەم با
بەلاّم دەستڕێژی پشتییەوە
لەسەر سنگی شەقام خستی
تا گیان زیاتر ڕۆ دەچوو
شەقامەکە لەبەرچاوی پانتر دەبوو
هێندە پان و فراوان بوو
لەپێش دوایین هەناسەیدا
شۆستەکانی لێ بزر بوو
گومرکییەکان
تەرمەکەیان بەجێ هێشت و شەقامەکەش وەکو جاران
گەڕایەوە و بووە سەری کوژەرەکەی پێشی تاوان
بەلاّم خەلّکی
کاتێک پاکەتیان دەکڕی و هەلّدەپچڕی
لەجێی بیست جگەرەی سپی

بیست شەریانی
دەم بە قوڵپی خوێنیان دەدی.

١٩٧٩-٦-٢٣

## ئەرنستی کورد (١)

بۆ شەهید ئەکرەمی حەپسە (٢)

گیانە ئەکرەم
تۆ لە کارگەی سۆڕشاندا
کرێکارێکی جەسوور بووی
لەناو کۆمەڵی ئینساندا
باوەڕیکی پڕ لە نوور بووی
لە ململانێی دوژمناندا
توانایەکی بێ سنوور بووی
لە دیوانی کۆڵنەداندا
لاپەڕەیەک شیعری سوور بووی
گیانە ئەکرەم
تۆ ئەمەندە ساکار نەبووی
تۆ کۆترێکی سپی بووی
بەڵام ڕۆژگار
تا پڕ بە دەستت ڕاو دەکرد
لە بەیانی تا ئێوارە
تۆ گیانێکی خێر نەدیو بووی
لەو ئاقارە
خێرت بۆ هاوڕێیان دەبرد
لە عێراقی کپ و ماتی بە خوێنی سوور شەتەکدا
لە کوردستان بەناچار - خەڵک فێری کوتەکدا
دڵدارێکی بەرگ سپی بووی

ڕێگەی خەنجەرت هەڵبژارد
لەسەر دیوی ڕاستی نووستی
بەرگە سپییەکەت ژەنگ گرتی
لەسەر دیوی چەپی نووستی
دیسانەوە هەر ژەنگ گرتی
ئەوسا زانیت کانزای خەنجەر
هەر بە ڕواڵەت جەوهەردار و شۆخ و شەنگە
دەنا هەتا بینەقاقای مشتووەکەشی هەموو ژەنگە
ئەوسا زانیت تۆ دڵدارێکی بێ چەکی
بەڵام هیوا بڕاو نەبووی
نەخێر گیانە ناهوشیار و بێ چاو نەبووی
هەرگیز ئومێد بڕاو نەبووی
بێ ئەدرێس و بێ ناو نەبووی
بۆیە لە نوێ دڵدارانە
دڵدارێکی خاوەن ئەزموون و دیوانە
بەپەیژەی سووری خەباتی کرێکاراندا هەڵزنای
بۆ خۆری ژان ڕەوێنەری کوردان گەڕای
بۆ شاری بێ چەوساندنەوەی ئینسان گەڕای
کووچە و شەقامت
بۆ هاوڕێیانت کردە ئاگردان
"دە مەگری مەگری چاوانت دێشێ" (٣)
بووە دروشمی هیوا نەبڕان
ئاوازت کردە هاوسەر و (٤)
ڕۆزات بۆ کورد پەروەردە کرد (٥)
سەنگەرت بۆ دواڕۆژ لێدا و (٦)
هانات بۆ لای گشت کارگەران برد
تا ژەنگ لە خەنجەر بکەنەوە
تا تووڵەڕێ بیر بەرنەوە
سیستمێکی نوێ بۆ خەبات دانێنەوە

زۆر لە جاران مەردانەتر
تین بە شۆڕش بدەنەوە
بەڵام سەد داخ هاوڕێ ئەکرەم
لە وڵاتی ژێر پۆستاڵی ئاسنیندا
ڕاکشا و
تۆی ئەرنستی ناو کوردستان
وەک دیوانێک شیعری دڕاو
لە ئەڵقەی پەتی موسڵەوە (٧)
شۆڕ بوویتەوە
هەتا باڵات گەیشتە فاو (٨)
هەتا گیانت چووە کۆڕی شەهیدانی هاوڕێمان و
بوونە هەتاو
ئەی هەتاوە پیرۆزەکە
خەمت نەبێ ئەم کاروانە
ڕاناگیرێ بە گێلەپیاو
هەردەم دەژی
هەردەم دەژی
هەردەم دەژی و بەردەوامە.

**تێبینیی:**

(١) ئەرنست: ئەرنست ئیڤەرهارد-پاڵەوانی ڕۆمانی پاژنە پۆڵاییینەکانی جاک لەندەن

(٢) ئەکرەم حەپسە لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٥ لەدایک بووە و هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم لینینیزم بوو. دواتر کرا بە شەهیدی کۆمەڵە/ ی. ن. ک)، کە لەلایەن ئەمنی سلێمانی بەهۆی کەسێکەوە بەناوی (عومەر مارف) کە ئێستا دانیشتووی هەولێرە و ئەندامی (پ. د. ک)ە لە ڕۆژی ٢٨ ئازاری ١٩٨٠ دا گیرابوو، دواتر لە ڕۆژی٢٢ی نیسانی ١٩٨٠ دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی دەرچووە. پاشان لە شەوی ١٠ لە سەر ١١ ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ دا لە گەڵ پێنج قارەمانی دیکە لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دران.

(٣) گۆرانییەکی فۆلکلۆرییە، لە کـاتی خواردنەوەدا حەزی لێ دەکرد و دەیوت. پێش خنکاندنیشی وتی.
(٤) ئاواز ناوی هاوسەرەکەیەتی.
(٥) ڕۆزا ناوی کچەکەیەتی
(٦) سەنگەر ناوی کوڕەکەیەتی.
(٧) لە موسڵ لە سیدارە درا.
(٨) فاو خوارووی عێراق ئەوێ و هۆرەکانی سـەردەمێک شـوێنی بزووتنەوەی چەکدارانەی حزبەکەی شەهید بوو.

**سەرچاوەکان**:

١- ویکیپیدیا و پەیجی ڕادیۆی نەوا.
٢- کۆشیعر، دڵشاد مەریوانی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٩.

*

بازووەکانم بەڕۆژ کار و
بەشەو ئاوێزانتن
لەنێوان شەو و ڕۆژدا
دوو ڕووباری ئەسمەرن
لەوەتەی هەین، بۆرژوواکان تێر دەکەن و
خۆمان هەر برسیمانە
وەرە گیانە لەبەرچاویان
یەکتر لە ئامێز گرین بەو دەستانەی
کرێکار پەروەردە دەکەن نەک شەهەنشا
وەرە گیانە ڕووبارەکان بدەین لە یەک
ئێمە قەت ئاسودە نابین
هەتاکو نەبین بە دەریا.

**سـەرچاوە**: دیوانی دڵشـاد مەریوانی، کۆشـیعر، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٩.

# محەمەد ئەمین پۆلا

١٩٧٨ – ١٩٤٧



من ئەمەوێ ڕووبارێک بم
تۆزی ئازار بشۆمەوە
لە تووڵەڕێی سەختی ژینا
پێکی ڕەنجم بخۆمەوە.
من ئەمەوێ
پەنجەی شادی لە دۆشاوی
بەری ماندووبوونی خۆم بەم
گۆی مەمکی ژین بەدەم تەڕ کەم
من ئەمەوێ
داسی دەستی جووتیارێک بم
تا درویێنەی زمانی تیژی دووژمن کەم
پێکی دەستی کرێکار بم
کۆشکی دزی ڕەنجی خۆم و هاوڕێکانم
سەر و بن کەم
من ئەمەوێ
گەرداوێ بم
گەڵای وشک لە درەختی بیری خۆما ڕابماڵم
لافاوێ بم

بڕوخێنم کەلاوەی کۆن
تا بتوانم دیوار هەڵسێنم.

**سەرچاوە**: گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری، ژمارە ٧ حوزەیرانی ١٩٩٢.

## سروودی ڕێی خەبات (*)

نووسینی: نەزانراو

ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێ
با چوار دەورمان گڵپەی ئاگر بێ
لەم ڕێ پیرۆزە هەرگیز لانادەین
ئێمەین بۆ مردنیش ئامادەین
بۆ دنیایەکی نوێ بۆ هەژاران
بۆ دانانی کۆمەڵگەی یەکسان
ڕەگی زۆرداری لە ڕیشە دەردێنین
تۆوی ئازادی گەلمان ئەچێنین
بە ڕابەری چینی کرێکاران
ئەڕۆین ئەبڕین ڕێگای تێکۆشان
ئالای سووری شۆڕشمان هەڵ ئەکەین
هەر بە ڕۆژی سەرکەوتن دەگەین

**سەرچاوە**: تیپی مۆسیقای شەهید کارزانو هەروەها لیرکی سروودەکەم لە ئەنتەرنێتەوە وەرگرتووە.

(*) زۆر هەوڵمدا نووسەری ئەم سروودەم بۆ ساغ نەبۆوە. لە زۆر کەسم پرسی کەلەو سەردەمەدا سروودیان چڕیوە وەکو هاوڕێ ئەنوەر نەجمەدین و لالۆ ڕەنجدەر، بەڵام هەوڵەکانم بێ ئاکام بوون. بەڵام لەم دواییانەدا نووسینێکی بەڕێز

(عەبدولا کەریم مەحموود)م لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کەوتە بەرچاو کە سەبارەت بەم سرووده دەڵێت: شەهید ئارام واتا شاسوار جەلال لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئیتر نازانرێت شیعرەکە تەرجەمەیە یان شاعیرێکی کورد نووسیویەتی. من لە خوێندنەوەی شیعرەکەوە ئەو هەستە بەهێزەم لا دروست بووە کە شیعرەکە شاعیرێکی کورد نووسیویەتی و ئاوازەکەی ڕەنگە بیانی بێت. دوا زانیاریش دەربارەی ئەم سرووده لە کتێبی (ئارام شەهیدێک لە بناری کەڵەوێدا)ی یوسف محەمەد بەرزنجییە کە بە پێی ڕانانێکی بەڕێز ئەردەڵان عەبدوڵا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەڵی گوایە ئەو سرووده ئارام و سالار عەزیز نووسیویانە.

**تێبینی**: هاوڕێ ئەنوەر نەجمەدین لە لاپەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پۆستێکی سەبارەت بە (بیرەوەری چل ساڵەی گیانبەختکردنی ئەمین پۆڵا)دا، لە بیست و دووی نیسانی ٢٠١٧دا، باسی ئەم سروودەی کردووە و دەڵێ: لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا، لە گەڵ هاوڕێم (ئەمین پۆڵا)، سکرتێرە نەناسراوەکەی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی (کۆمەڵە) و (کارگەران) ەوە، کاتێکی زۆرمان بۆ دانانی سروودی شۆڕشگێری تەرخان کردبوو. هاوڕێم پۆڵا، دوو سروودی بۆ کۆمەڵە ئامادە دەکرد لە سەر گۆرانییەکی ڕووسی و سروودێکی ئیتاڵی. منیش لەلای خۆمەوە، چوار سروودم بۆ کارگەران ئامادە کردبوو کە سیانیان لە ساڵی ١٩٧٩ دا تۆمار کران، لەوانە سروودی (کارگەرین جەنگاوەرین، ڕەنجدەرین تێکۆشەرین)، (فەرمانێ ئەی کۆمەڵ فەرمانێ فەرمانێ)، (وڕ و کاس و سەرگەردان نیم). ئەویش (ئەمین پۆڵا) جارجارە لەبەر خۆیەوە، لە پیاسەیەکی ئێواراندا، لە قەرەداغەوە، ڕووەو شاخە هەڵکشاوەکەی قۆپی قەرەداغ، ئەو سروودانەی بۆ دەوتم، کە بە ئامادەکردنیانەوە خەریک بوو. هەر دووکیشمان ئەو سرووده ئیتاڵییەمان لە فلیمێکی پارتیزانیی ئیتالییدا بینی بوو.

دڵنیایش بن، هەموو ســەردەمە شـۆڕشـگێرییەکان، سـروودە شـۆڕشـگێرییەکانی خۆیان دروست دەکەنەوە.

**تێبینی**: هیچ زانیارییەکم لە سەر ژیانی شاعیر و سروود خوێن دەست نەکەوت.

# حەسەن دڵسۆز



حەســـەن (دڵســـۆز) پێش ئەوەی هونەرمەند بێت، چالاکوانێکی ســــیاســـی بوو. بۆ جاری یەکەم لە ئێزگەی بەغدا ســـاڵی ١٩٦٤ وەک هونەرمەندێکی لاو لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆســـتا (عەلی مەردان) ڕووبەڕوو دەبێتەوە و وەک هونەرمەندێک پەســـەند دەکرێت. پاش ئەم ڕووداوە چەندین بەرهەمی تۆمار کرد لەوانە (چۆن پێنەکەنم بەم جۆرە گەنجە) لە ساڵی ١٩٦٩ لە ئێزگەی بەغدا کە لە ئاواز و تێکستی خۆیەتی، هەروەها بۆ هونەرمەند (عەلی حسین وەندی) گۆرانی بەناوبانگی (ئەی هاوسیەکەی بەر پەنجەرە) و (ئای کەوی گیانم کەوی) و (بەردە بەردە) و چەندین بەرهەمی تری ئەنجام داوە و گۆرانی (ئاواتی دڵ) کە لە ئاواز و تێکستی دڵسۆزە لە ئێزگەی بەغدا تۆمار کردووەو دواتریش لە تەلەفزیۆنی (کەرکووکیش) پێشـــکەش کراوە، لە ســـاڵی ١٩٧٤ و لە شـــاری خانەقین، مەنەلۆجی (کرانشـــینی یان کرێ چی) کە لە تێکست و ئاوازی حەسەن دڵسۆزە لەگەڵ هونەرمەند (ناسر حەسەن) ئەنجام دا، کە بۆ جاری یەکەم بوو لە مێژووی ئیراق و کوردستان لەو سەردەمە بە کامیرای سینەمایی ئەو جۆرە کارانە ئەنجام درا، چەندین بابەتی هونەری تری ئەنجام داوە و تائێســـــتا خاوەنی چل بەرهەمی هونەرییە کە زۆربەیان لە ئێزگەی بەغدا تۆمار کراون.

(دڵســـــۆز) دەڵێت هەرچەند تەمەنی هونەریم لە چەقی پایزی دایە بەڵام دڵم وەکوو نەورەســـــێکی ســـــاوا بەســـــەر لێواری (ئەڵوەن) تەی دەکا و لە گەڵ ماســـــیە ڕەنگاوڕەنگەکانی (ئیســـــماعیل خەیات) و ئای ئایەکەی (خودادای عەلی) یاری دەکات.

## بێزارم لە دەست کرێ نشینی

بێزارم لە دەست کرێ نشینی
خوایە ئەمەوێ گیانم بسێنی
کاتێ خاوەن ماڵ بەر بینگم دەگرێ
لە گیرفانمدا پارە نابینێ

ناوماڵە و پێخەف کۆنەی چل ساڵە
هەموو سەر مانگێ ئەم ماڵەو ماڵە
من بێزاری دەست کرێ نشینیم
ئەویش بێزاری دەستی حەماڵە

لە هیلاکی کار سەر بووەتە بارم
سەت داو و دەرمان قەت ناکا چارم
چونکە لە هەرای منداڵی هاوسێ
خەو لێم حەرامە لە گیان بێزارم

ئەوساکە زانیم من چارە ڕەشم
لەم مەرزی گەورەی خواوە بێبەشم
هەژار و کرێ ماڵیش گرانە
پێنج سەرخێزانم لەگەڵ خۆم شەشم

## برای کارگەرم

برای کارگەرم ڕۆژی هەوڵدانە
گەل و نیشتمان چاوی لێمانە
ئێمەی کارگەران بەتێکڕا هەموو
ئەرکی پێشکەوتن لەسەر شانمانە

پێکەوە بەرزکەین ئالآی ڕەنج و کار
شان بە شان لەگەڵ برای جووتیار
بۆ پێشخستنی بەرهەمی وڵات
ئەو لە دەشت و دۆڵ ئێمە لەناو شار

پاکی باوەڕت هێزی پشتت بێ
بەرەی پێشکەوتوو چەکی مشتت بێ
لە بۆ بناغەی دێر و وڵاتم
ئامڕازی زانین خوێندن پشتت بێ

ئارەق بڕێژێ ناو چاوی گەشت
تەڕ بێ کە هەموو ئەندامی لەشت
دڵگیرتر دەبێ زەڕەی شیرینت
سەر شۆڕە ئەوەی لەپاکی و بەشت

**سەرچاوە**: ئەم دوو سرووده لە یووتووبەوە وەرگیراون.
* ئەم ژیاننامەیە لە کوردیپیدیاوە وەرگیراوە.

# ئەدەبی کرێکاریی
# لەنێو پەراسووەکانی دوو قۆناغی جیاوازدا

ئەم دوو قۆناغەی لەم کتێبەدا دەستنیشان کراون، دوای تێفکرین و تێڕامانێکی زۆر پێیان گەیشـــتووم. هەرچەندە تایبەتمەندییەکانیانم دیاری کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند خاڵێک هەن، حەز ئەکەم ئەگەر بە کورتیش بێت ئاماژەیان پێ بدەم.

**یەک**: ئەم دوو قۆناغە هەریەک ســـەرباری چەند تایبەتمەندییەک کە هەیانە، لەگەڵ ئەوەشـــدا جۆرێک لە لێکهەڵپێکرانیـان لە نێوان دایە. شـــاعیرانێک لە هەردوو قۆناغەکەدا بەرهەمی ئەدەبییان نووســـیوە و هەندێکیشـــیان تا ئەمڕۆ ماون و لە ژیاندان.

**دوو**: بزووتنەوەی ئەدەبی ناسـیونالیسـتیی لە پارچەکانی کوردسـتان بەگشـتی و بەشـــی عێراق بەتایبەتی گەشـــەی بەخۆوە بینی و بەیاننامەی ڕوانگە لە ســـاڵی ١٩٧٠دا هاتە بڵاوکردنەوە. ئەم چوونە پێشـــەوەیەش دیارە لەســـەر حیســـابی پاشەکشەی ئەدەبی کرێکاریی بووە.

**ســـێ**: ئەدەبی کرێکاریی لەو ســـەردەمەدا چونکە وابەســـتەی مارکســـیزمی ئەرسەدۆکس نەبوو، بەڵکو پاشکۆی سیاسەتی حیزبی سیاسیی بوو، بەتایبەتیش حیزبی شـــیوعییەکان، ڕێکخراوە مارکســـی لێنینییەکان، بۆیە کە دەیخوێنینەوە دەبینین تێکەڵییەکی سیاسیی لە ناسیونالیزم و کۆمۆنیزم سێبەری خستۆتە سەر دەقەکان.

**چوار**: دەیەی هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابردوو، دەیەی هاتنە مەیدان و گەشـــەی ســـەرلەنوێی چۆنایەتی ئەدەبی کرێکاریی بوو. لەو دەیەدا دوو ڕووداوی گرنگ هاتنە ڕوودان. ئەوانیش پێکهاتنی کانوونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردســتان و دامەزراندنی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیســـت بوو کە توانیان ئەدەب و هونەری کرێکاریی سەرباری پەیوەستبوونیان بە مارکسیزمی شۆڕشگێرانە، چەند هەنگاو بەرنە پێشەوە و ڕێکخراوانە ئیش لەسەر بەرهەمی ئەدەبیی بکەن.

**پێنج**: بەڵام ئەم بەرەوپێشـــچوونەی ئەدەبی کرێکاریی دوای دەیەیەک (تەقریبەن لە نیوەی دووەمی دەیەی نەوەدەکانەوە دوای دروســـــتبوونی مەڵبەندی ئەدەبی و هونەری کرێکاریی و هەروەها دەرکردنی گۆڤاری ئەدەبی و هونەری کرێکاریی) دەچێتە قۆناغی ســــســـــتبوون و متبوونەوە و تەنانەت دەتوانین بڵێین دەســـت بە پاشــەکشــە دەکات بەتایبەتی دوای ســەرهەڵدانی گروپی ڕەهەند، کە ســەپۆرتێکی بێوێنەیان لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە لێکرا.

ئیدی بەمجۆرە بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی لە کوردســـتان دووچاری پەرش و بڵاوی و بڕســـــت لێبڕان دەبێت و مەیدان چۆڵ دەکات بۆ ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ – لیبراڵی کوردی کە بێ ڕەقیب هەنگاوی خێرا بنێت و کاریگەری خۆی بەســـــەر تەواوی بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشـــــنبیری کوردیی دابنێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێت هەوڵ و توانایی هەندێک لە شاعیران و نووسەرانی کۆمۆنیست لەبەرچاو نەگرین کە لەو دۆخە ناهەموارەی ئەدەبی کرێکاریی لەڕێگەی چەند بڵاوکراوەیەکەوە لەوانە گۆڤارەکانی هانا و ژیلەمۆ و دالیا، دەستیان بەو ئەدەبەوە گرتووە و نەیانهێشتووە بکەوێت.

# قۆناغی دووەم
# ١٩٨٠ – تا ئەمڕۆ

تایبەتمەندی ئەم قۆناغە لەوە دایە گەرچی هەندێ لە پاشـماوەی ئەدەبیاتی قۆناغی یەکەم لەڕووی مێژووییەوە دەکەونە ئەم بەشەوە، بەڵام بەگشتی شیعرە کرێکاریی و سۆشیالیستییەکان بەرچاو ڕوونن، ئینتمای شاعیر بۆ چینی کرێکار و مارکسیزم بە ڕوونی بە دەقەکانەوە دیارە. زۆربەی شاعیرەکانی ئەم قۆناغە توانیویانە خۆیان لەژێر سـێبەر و تەپ و تۆزی تێڕوانینی ناسـیونالیسـتی و پۆپۆلیسـتی ماویی و سـۆشـیالیزمی سـتالینی بێننە دەر و داتەکێنن و پەیامەکانیان بە ڕوونی لە بەرژەوەندی چینی کرێکاری کوردسـتان دەربڕن. لە ڕووی شـێواز و زمانیشـەوە ئەم تەیفە فراوانە لە شاعیران توانیویانە بە زمانێکی پاراو و ستایڵی شیعری نوێوە ئینتمای چینایەتی خۆیان بەیان بکەن. ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەم قۆناغە کرێکارییین و خەڵک و گەل و میللەت و خاک و نیشـتمان جێگایەکی ئەوتۆیان لەناو دەقەکاندا نییە.

# حەمەسەعید حەسەن



ڕەخنەگر، شـــاعیر و ســـــاتیرنووس (حەمەســــەعید حەســەن) لەسـاڵی ١٩٥٠ لە قەرەداغ لە دایک بووە. لە کۆتایی ساڵانی شەستەوە دەستی بە نووسین کردووە. "شیعر هەڵویستە"، یەکەمین کتێبی بووە کە لە ١٩٧٨ دا بڵاو کراوەتەوە. سـاڵانی ١٩٧١ - ١٩٨٢ لە شـارەزوور و سلێمانی مامۆستا بووە. سـاڵانی ١٩٧٩ - ١٩٨٢ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانی و مەڵبەندی گشتیی یەکیەتیی نووسەرانی کورد بووە.

سەرەتای ١٩٨٣ دووچاری ڕاونان بووە و ڕووی کردووەتە شاخ. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨ و ٢٠٠٥ دا لە ســـوێد ژیاوە. لە ١٩٩١ەوە تا ٢٠٠٥ ئەندامی یەکیەتیی نووسەرانی سوێد بووە. سەرنووسەری گۆڤاری (خەرمانە) بووە کە ساڵانی ١٩٩١ - ١٩٩٣ لە سـوێد دەردەچوو. شـیعر و شـانۆنامەی لە سـوێدییەوە کردووە بە کوردی. بەشـێک لە بەرهەمەکانی تەرجەمەی عەرەبی، تورکی، فارسـی، سـوێدی، ئەڵمانی و ئینگلیزی کراون. لە ســـاڵی ٢٠٠٤ خەڵاتی ئەدەبیی دەزگای (ئاراس)ی وەرگرتووە. نزیکەی پەنجا کتێب و نامیلکەی چاپکراوی لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لێکۆڵینەوەی فیکری، شیعر و ساتیردا هەیە.

## هاژە

گوڵی کراسەکەی بەرت
خوێنی گەشی هاوڕێ کرێکارەکەمە،
پارچەکانی ئۆتۆمبیلە قەشەنگەکەت،
پەنجەی قرتاو،

دەستی بڕاو،
ئەندامانی تری لەشی هاوڕێ کرێکارەکەمە.
*
بناغەی کۆشکە بەرزەکەت،
لەسەر تەرمی هاوڕێ کرێکارەکانم
هەڵچنراوە،
ئەو جۆلانەیەی لە ناویا دێیت و دەچی
هاتوچۆی بە پەلەی خوێن و
ترپەی دڵی کرێکاران
ئاوازەکەیان داناوە.
*
ئەو شەرابەی
لە پەرداخی کریستاڵا نۆشی دەکەی،
بەری ئارەقە و جواناوی هاوڕێ کرێکارەکەمە،
پرشنگی ئەو ڕستە مرواربییەی بە ناز
لە هەواری گەردنە بێگەردەکەتا
بارگەی ئارامی خستووە،
پریشکی گیانی سووتاوی هاوڕێ کرێکارەکەمە.
*
ئاشنایەتیت لەگەڵ ژیانی بێ ئەرکا
ئەنجامی ئەو دۆستایەتییە پتەوەی
نێوانی کرێکاران و ماندووبوونە،
هەر قاقایە
لە ناختەوە سەر هەڵدەدا و
بەرەو ئاسمانی ساماڵی بەختەوەریت
دەفڕێ، قرچەی سەد دەروونە.

*

شەوانە کە دەست دەکەیە
ملی خەوێکی هێمن و
بێ خەم دەنووی،
هەر کرێکارە و گوێی کاسی
تەقوهوڕی ئامێرە،
هەر کارگەرە و بێدارە وەک ئەستێرە.
ئەوە هاژەی چەمی خوڕ و ڕووبارە؟
یان ڕەوتی ڕووە و ئامانجی کرێکارە؟

١٩٧٩

## بانگەواز

ئەگەر شیعرێ ڕەنگی گەشی
گوڵاڵەسوورەی کوێستانی نەگرتبوو
بۆنی خۆڵی پاش بارانی نیشتمانی نەگرتبوو
ئەگەر شیعرێ ڕەنگدانەوەی
خەم و خواستی، ناخی گەشی ڕەنجدەر نەبوو
دەنگدانەوەی سرووودی هەموو گەلێکی
سەرسەخت و کۆڵنەدەر نەبوو
ئەگەر شیعرێ لە کارگەی گەورەی شۆڕشێ
زەحمەتکێشانی جیهانا
ئامێرێکی هەرگیز ڕانەوەستاو نەبوو
لەبەردەم ڕەوتی مێژووا
چرایەکی هەمیشە داگیرساو نەبوو
گوێی لێ مەگرن
گوێی لێ مەگرن نازانم بۆ

گویَ بۆ شیعری قزم و ترسنۆک شل ئەکەن
نازانم بۆ شاعیرەکەی نادەنە بەر
تویَکڵە شووتی و هیَلکەی بۆگەن.

## میَژوو دڵی وەک بەرد وایە

ئەو کاسکیَتەی نەبۆتە چەتری سەریَکی
وەکو سەری ئەوی وتی:
(چاوەڕوانی سنووقی هەڵبژاردن و دەنگ دان مەبن
تەنیا بۆ هیَز گەردنی کەچ ئەکا دووژمن)
ئەو کاسکیَتە وەکو جووتیَ پیَلاوی کۆن
لە زبڵ خانەی میَژووا
جیَگە بۆ خۆی ئەکاتەوە
میَژوو دڵی وەک بەرد وایە
بە چاوی پڕ لە سۆزەوە ئاوڕ لە کەس ناداتەوە
شویَن چی کەوتوون!
ئەی نابینن هەواری ئیَوە کام دۆڵە و هەواری ئەو
لە کامە دۆڵی ترایە!
نازانم چۆن لە سیَبەری درەختیَکا ئارام ئەگرن
نە ڕەگی بە کیَڵگەی دڵی فراوان و
نە لقی بە مەلی هیوای ئایندەتان ئاشنایە
(ئەو دیوارەش کارتۆنی یە و یەکەمین پاڵ هەرەس دیَنیَ)
ئەوەی داوای یەکەمین پاڵی لیَکردن
کە – گابۆن – یش پیَشەنگتان بوو
پشتی گرتن
ئەوی شنەی کامەرانی بە گویَی ناخما ئەچرپیَنیَ

ئەمجارەیان خۆتان پێشەنگی خۆتانن
ئەمجارەیان گابۆن و قەیسەر ئەناسن
ئەمجارەیان لەژێر پازنە ئاسنینەکانی ئێوەدا
سنوور کۆنە قەوانێکە،
هەر پارچەی ئەگاتە شوێنێ
ئەمجارەیان ڕاکشاوەکەی گۆڕستانی –هایگێت- ی کپ
مەزارەکەی جێ ئەهێڵێ و
چۆڕ لە پێکی شادی ئەبڕێ و
سەما ئەکا و
دەستی لە گەردنی یارە دێرینەکەی دەئاڵێنێ.

## یەکسانی

کە خۆر پرشنگ دەنێرێ
بۆ گۆی زەوی
نە گوێ دەداتە نیشتمان،
نە پلە و پایە نە ڕەگەز،
نە ڕەنگی پێست و نە زمان،
هیشتا زمان
لەناو هێلکەی مێژوودا بوو،
ئاین سەری هەڵنەدابوو،
خۆر هەر خۆرەتاوی دەنارد
شەماڵ، شنە،
هەور، باران،
دەریا ئاوی
دەبەخشییە هەموو جیهان.

من نازانم
کەی بەستەڵەکی جیاوازی دەتوێتەوە،
بەڵام هەموو شەوێ خەوێ
دەبینم بە ئەو ڕۆژەوەی
باڵی بەرینی یەکسانی
سەراپای ئەم سەرزەمینە دەگرێتەوە.

١٩٩٠-١-٢٨

**سەرچاوەکان:**

- دوو شیعری یەکەم و ژیاننامەکەی بەڕێز حەمەسەعید حەسەن لەلایەن شاعیر خۆیەوە نێردراون.
- گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٨ ، خوولی دووەم، حوزەیرانی ١٩٨٢، ل ٧٠ -٧٤.
- گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە ١٤، ئایاری ١٩٩٣، چاپی دووەم، ئایاری ١٩٩٣، ل ٦٢-٦٣.
- گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری، ژمارە ١٥، ساڵی دووەم، شوباتی ١٩٩٣ ، ل ٩.



# شێخ ئەنوەر

٢٠٠٦-١٩٣٦

شـــێخ ئەنوەر کوڕی شـــێخ ئیبراهیم کوڕی باوە مەحمودە، کە دەچنەوە ســـەر بنەماڵەی بابانییەکان. ساڵی ١٩٣١ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی سابونکەران لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٤١ دا بۆ خوێندن دەچێتە قوتابخانەی (فەیسەڵییە) بەلام بە هۆی مردنی باوکییەوە هەتا دوا پلەی ســـەرەتایی خوێندووە. شـــێخ ئەنوەر لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا لە ساڵی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کردووە.

## جووتێ پێڵاو (١)

خامە وەرە لەگەڵ تاسەم
لەگەڵ شەپۆڵی هەناسەم
زویر مەبە لە پەنجەما
لەگێژاوی ئەم باسەما

لەسەر دێری پەڕەی شێواو
چەندین ڕووداوو..چەند نەشیاو
هەڵئەهەنجێنم لە گیانی خۆم
لەژیانی ئەمڕۆی ئەتۆم

لەبۆ گێتی..لەبۆ مرۆڤ
لە ڕووداوی سەد ئاخ و ئۆف
چەند ئابڕوومان تکان.. بۆچی؟
چەند گوڵمان هەڵوەران..بۆچی؟
بۆ نان..بۆ ڕۆژێ.. لە ژیان
پەنایان ئەهێنا بۆمان
*
خامە لەگەڵ جووتێ پێڵاو
جووتێ پێلاوی بەجێماو..
مناڵێکی سەرلێشیواو
هات بە پرتاو
لە سارەکەی پڕ مەترسی
ڕای ئەکرد بە سکی برسی
ئەڕۆی .. ئەیوت و ئەیپرسی :
جووتێ پێڵاوی بەجێماو
چاوی سەرنج لەسەر جێی ماو
ئەخولانەوە وەک بینی ئاو
پڕ بوون لە خۆزگەی تێکشکاو
ئەڕۆی ئەیوت : جووتێ پێڵاو.

## بڕیار

دایە.. دایە.. نەیدۆزمەوە
ئەمشەو لای تۆ ئەمێنمەوە
لە گۆڕستان

شەوی زستان
سەر ئەنێمە سەر گۆڕەکەت
بەسەرهاتم ئەگێڕمەوە
هەرچەند شەوە و ،
مناڵ هەمووی گێژی خەوە..
دایە خەوی تۆش ئەزڕێنم
لەگەڵ خۆما ئەتگرێنم
ئەتگرێنم تا مردووەکان
گشت هەڵئەسن
کۆڕی دواڕۆژیان ئەبەستن
ئەوسا سنگت بکەرەوە..
فرمێسکێکم ورد کەرەوە
ئەو فرمێسکەی دوێنی دەرگای شەرمی شکان
لەچاو ڕژا ئازار و ژان..
بۆ سەر پێڵاو
ئەو فرمێسکەی، هەر دلۆپەی
کە بە خەمێ دائەگیرسێ
لە گێتیدا چونکە منم
هیچ دادگایە لێی ناپرسێ
دایە..! دایە..!
لەم شوێنەدا چەند هەڵوێستێ
بۆ مەبەستێ
ڕێ ئەبەستێ...

(١) بەیادی ئەو هەتیوە بێ دایکەی بەردەستی باوەژن، کە لە کڕیی دەستی ساڵێکی جووتێ پێڵاوی کڕیبوو و لێی ون بووبوو و لە ترســـــی باوەژنەکەی نەیئەوێرا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.

**سەرچاوە**: گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٨٢.
* ژیاننامەکە لە کوردیپیدیا وەرگیراوە.



# موسڵح شێخولئیسلامی
# (ڕێبوار)

ڕێبوار ســـــاڵی ١٩٤٧ لە مەریوان چـاوی بە ژین پشـکووتووە؛ سـەرەتای شـەسـتەکان بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە بۆ تاران و هەشـــت ســـاڵێک لەوێ بووە تا خوێندەواری باڵای ئابوری لە زانکۆی تاران تەواوکرد. لە سـاڵی ١٩٧٠ لە سـەردەمی منداڵی و لاوییەوە هۆگری خوێندونەی کۆمەڵایەتی و هونەری، بەتـایبەت شـــیعر و ئەدەب بووە و یەکەم ئەزموونی شیعریی، بە کوردی و بە فارسی، هی سەردەمی تازە لاوییەتی. هەر لەو کاتانەوە، ئۆگری شــیعر و ئەدەبی کوردی و فارســی و هەندێکیش عەرەبی بووە. ئەو کات ســـەردەمی پێکهاتنی ڕێکخراوەکان و ســـەرنجی ڕەخنەگرانە بوو لە قوتابخانە ســـیاســییەکان، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیان، ڕێکخراوێکیان پێکهێنا کە دوایی بە "کۆمەڵە" ناوی دەرکرد. ئەوان ئەوکات، خۆیان لە ڕێکخراوەکانی ئەو ســـەردەمە (تودە و چریـک و موجـاهیـد و دیموکرات و...) بە جیـاواز دەزانی و ڕێبـازێکی کۆمۆنیســـتی ڕاســـتەقینەیان لەبەر چاوبوو، هەرچەند ناســـیۆنالیســـم، هێشـــتا، دەســـتبەرداریان نەببوو ... شـیعرێ "گەشـتێ لە کوردسـتان" و هەندێک داسـتانی کورت، لەوانە: "شـیعری دارێنە" کە بەسـەرهاتی سـمایلی شـەریفزادەیە لە ئاخرین ڕۆژەکانی ژیانیدا، ئەو کات بە دەســـتنووس بڵاودەبوونەوە. بەو بۆنانەوە چەند مانگێکیش، بەهار و هاوینی ١٩٦٩، ڕێگای کەوتە بەندیخانەی "قزل قەلعە" لە تاران. لە حەفتاکاندا، وەک کارناســـی ئابووری، لە "بەرنامەو بودجە"ی شـــاری ســـنە ماوەیەک ئیش دەکات. هـاوکـات بەنهێنی درێژەی بە هەڵســـووڕانی هونەری و سیاسی دا و لە شـۆڕشـەکەی ساڵی ١٩٧٩دا لە ئێران، چالاکي نواند؛ لەوانە گەلێک شیعر و وتاری ئاژیتاسیۆنی و ... پێکهێنانی"کۆڕی گەشەپێدانی هۆنەر و فەرهەنگی کورد" لەگەڵ کۆمەڵێـک لە هونەرمەنـدانی ئەوکـات... ڤیـدیۆی دیکلەمەو وتـاری ئاژیتاســـیۆنی، ئەوکات، کەوتە بی بی ســـی. کەمێک دواتر و کاتی شـــۆڕشـــی

کوردســتان، ئەوان درێژەیان بە خەباتی کۆمۆنیســتی خۆیان داو لەو ســەردەمەدا یەکەمین سروودەکان (دەستی کۆڕی مۆسیقا خۆش) هاتنە بەرهەم. لە ١٩٨٠کاندا، "ســــرودی ســــڵاوی ئازادی" و "دەنگ هەڵبڕە" و "چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری بەرباخەڵ" و کۆمەڵێک داســــتانی کورت، بە کوردی و بە فارســــی و هەندێک وەرگێڕان بۆ کوردی و فارســی، لە پاڵ خەباتی چڕوپڕ لە کۆمەڵەی شــاخدا و لە پاڵ نووسینی شیعر و داستانی کورت (ئاسۆی شۆڕش) بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی حزبی کۆمۆنیســــتی ئێران و کۆمەڵەدا ... چەند بابەت و بەرهەمێکن کە شــــایانی باســــن. "کانوونی هونەرو ئەدەبی کرێکاریی"، ئەودەم دەســــتیان پێکرد و گۆڤاری "پێشــــەنگ" بەرهەمەکان و ڕا و بۆچوونەکانی بڵاو دەکردەوە. وەک باســــم کرد، ناسیۆنالیسم و هونەری لەو چەشنە، هەر لە پاشکۆوە دژەی ئەکرد؛ بۆیە، ڕێبوار دەنگی ڕەخنەی بەرز دەکاتەوە و (کە لە پێشەنگیشدا لە سەری نووسی) و ڕێگای خۆی جیا کردەوە. کۆتایی ١٩٨٠کان و بە هێرشــــی ئیمپریالیســــتی ئەمەریکا، کە بووە هۆی بووژانەوەی زیاتری کۆنەپەرســــتی لە ناوچەدا، ڕێگای خەبات، لەوێ تەنگەبەر بوو. لە ساڵی ١٩٩١ وەک پەنابەر، دەچێتە سوید و ئێستاش لەوێ درێژە بە ژیان و چالاکییەکانی دەدا

## لەم بازاڕە بێ ڕەحمەدا

من ئەو کەسەم
هەموو ڕۆژێک
ژیانی ئەمڕۆم دەفرۆشم
بۆ کڕینی نانی سبەی
ئەمڕۆش دیسان
هاتوومە دەر
"هەی ژین"، "هەی ژین"
ژیانی ئەمڕۆم بفرۆشم
لێم ناکڕێ
خاوەنی نان لێم ناکڕێ.
*

هانایەکم بەرداوەتە بین و گەروو
هەی داد ، هەی داد!
لەم بازاڕە بی ڕەحمەدا
ژیان هەرزانترە
لە نان!

بەهاری ١٩٨١

## بڤە! نەکەی!

ئەمە ڕوونترین پەیامی چاوەشی چوغەلەبەرە
بەپەیکەری لە خوێن گەوزاوی سەردەشتا
ئاراستەی من و تۆی ئەکا.
بڤە! نەکەی!
نەکەی پەردە لە سەر دەغەلی و
تالان هەڵماڵی!
نەکەی باسی چاڵەنەوتی پەیکەری
کارگەر قووت دەر،
ژنی سووتاو،
منالی بێ ناز و نەوا،
درامای "دوعا"
لە هەڵلا دەی!
ئەگینا چی؟
ئەگینا قوزلقورتی مەرگ!
دەڵێ: چاوێک لار بڕوانیتە گیرفانم
هەر ئەو بەڵای بە سەر دێنم
بە سەرزاری سەردە شت عوسمانم هێناوە
ئازادی بە زنجیرەکانتا هەڵ بڵێی!
ئازادی ئاوازی ڕەنگین

بۆ قفل و نەردەی زیندان
و پۆستاڵی چاوەش دابنێی
دەنا قسەی زلتر لەزار؟
بڤە؛ نەکەی!
وسکوت! قور و قەپ! دەنگ نەکەی!
بەڵام پەیکەری نەبەزی سەردە شت عوسمان
پەیامێکی تری پێیە:
دەڵێ: ئەوان خەتی سووری بڤەی خۆیان
بە خوێنی من نەخشاندوە.
ئەفسانەی تۆ خۆش و من خوش،
گەیشتە خاڵی کۆتایی گولەی گەرم.
چییان لە جەوهیل کرد ئاوا؛
بەڵام کوشتنی مروڤێک
چەکی بەهێزتر لە گولەی گەرمی دەوێ.
منیش نەمردم، وەک جەوهیل.
منیش، بۆ ئێوەی جەنگاوەر ڕونتر لە پەیامی جەوهیل،
پەیامێکی دی شک نابەم
شیوەن مەکەن! یەکگرتووبن!

## مەگری، پایز!

(سەد پایز پاش جەو هیل)

مەگری، پایز!
شین مەگێڕە
بۆ سەدەمین ساڵیادی
جەوهیلی ئازیز!
*
ئەگەر ئەوان

گەرمای پەیکەری جەوهیلیان
بە گولەباران دامران،
نەیانتوانی
بانگەوازی گەرم و گەشی
بەر دەسرێژ دەن!
بانگەوازی جەوهیل نەمرد؛
گولە، قەت کاری لێنەکرد!
بانگەوازەکەی ئەمەتا
ئەمەتا لە گەرووی مندا؛
گەرووی نازم حکمەت، برشت؛
لە بانگەوازی جان لینۆن،
لای جۆن بایز، لۆرکا، ئاراگۆن،
دیلان و ویکتۆر خارا!
وا بەگشتمان
هاوبانگەوازی جەوهیلین
بۆ گشت پەڕاوپەڕی جیهان.
دە بەس بگری
پایز، پایز؛
*
وا سەد ساڵە
یەکیەتی گەورەی جیهانی کرێکاران
سەد بنج، سەدان ڕیشە دەکا
لێرە و لەوێ
بانگەوازی
هاندەر و ڕێکخەری جەوهیل
دەگاتە مەنزڵ
مەنزڵی
دڵی جەماوەری بەرین.

بریا ئێستا
جەوهیل، لێرە، لەلامان با!
جەخار، جەخار؛
جەوهیل، نەما تەماشاکا
چەندە دەنگمان دلێرە بە بانگەوازی یەکگرتوویی
بۆ مناڵە بێڕەنگەکان؛
بۆ کچانی کارخانە و بۆ هەموو چەوساوەیەکی کار.
ئێمەین دەنگی بێدەنگەکان
جەخار نەما تەماشاکا
بەدیهاتووی ئاواتەکانی ئەوکاتی
نان و حورمەت و ئازادی
تا چەندە دەستەبەر بووە و
دەشکۆفێنەوە و هەمیسان دەگەشێنەوە.
جەخار نەما تەماشاکا
چۆن سەرمایە
ترنجاوەتە کونجووڕی
قەیران و داعش و فاشیسم
-وەک جەو هیل ئاواتەخواز بوو-
وا کۆیلەتی کرێگرتە
کەوتوەتە بەر پەلاماری
نەوەد و نۆ لە سەر سەدی چەوساوەکان
دەبەس بگری
پایز، پایز!
خۆشکەرەوە بارانەکەت
بەرزە بانگەوازی گەش و ڕێکخەری جەوهیلی ئازیز

١٩ی نوڤامبەری ٢٠١٥

## سەد بەهار بە شوێن مارکسدا

هاوڕێ؛
هوزان؛
مەزن؛
ڕابەر؛
هاوڕێ مارکس!
سەد بە هارە بە جێت هێشتووین.
سەد بە هارە،
سەد بەهاری
پڕ لە هەڵس و کەوت و خەبات؛
کە وا سیمای دلێرانەت
– پیری پسپور–
گەشترین و ڕوونترین ئەستیرەمانە
بەرە و ئاسوی گەش و ڕوونی سوسیالیسم
بەرە و ئاوات؛
*
زۆر لە مێژە
ئالای پیرۆزی بیروڕات
کەوتوەتە سەر شان و باهۆی
پرۆلیتاریای جیهانی
کەوتوەتە دەستی لێزانی پاڵەوانی بیروباوەڕ
هاوڕێی پێشڕەوی جەنگاوەر
هاوڕێ لینین!
*
هەرچەند، ئەوا ماوەیەکە
گەردی زەردی
نەشەکاوەیی لەمێژین

نیشتوەتە سەر
ئەو ئاڵا سوورەی تو و لینین
بەڵام ئەمڕۆ
کەوا دیسان
سەراسەر کومەڵی جیهان
وەک خاکە لێوە
لێواوە
بە تەوژمی شۆڕشی پرۆلیتێری
گەردی زەردی هەلپەرستی
لە ئاڵاکەت دەتەکێنین
چەنای چەن ساڵ پاش تو و لینین
ئاڵای سووری بیروباوەری پیرۆزتان
دەشەکێنین!
بەهاری ساڵ
بە گوڵی ئاڵ
بە گوڵی ئاڵی ئاڵای سوور
دەنەخشێنین!
هاوڕێی هۆزان
ئێمە هەمان
هاوڕێیانی مانیفێستی کۆمۆنیستین!
ئێمە هەمان
هاوڕێیانی مانیفێستی کۆمۆنیستین!

ئازاری ١٩٨٣

## خیابان خورۆشاوە

خیابان خورۆشاوە
هەستاوە زیندوو
سەدان دەست و لەش؛

پەیکەرەو ڕمزی هەستان
دژی کۆیلەتی
خیابانە سەنگەر!
شریخەی تفەنگ و
سەری پڕ لە ئەندێش
بە دار و چەک و مشت،
بە دەیلەم خیابان،
چ سەخت و چ بەردینە دڵ بوو
سەدان پشت چەماوە
سەدان پشت چەماوە
کە هاتن...
بە باتووم، بە نێزە و بە پوتین
دەهاتن بەگژ، سەنگەر و خەڵکی جەنگاوەردا
خیابان چ سەخت و چ بەردینە دڵ بوو
سەدان پشت چەماوە
سەدان پشت چەماوە
چەنێ دەرد و ژان
چەندەها شان و پیل بوو
کە کوتران، کە ئێشان
لە پاسگا و ئێدارەی شەراڕەت
چەندەها لەش کە گەوزان لە خوێنا
هەمیسان خیابان شەقامی هەژاری
هەمیسان خیابان شەقامی هەژاری
بەڵام وا دووبارە
دژی کۆیلەتی و مەینەتاوا
خیابان دەبێتە پەڕاوپەڕ
شەپۆڵی شەڕ و ئیعتیراز و شۆڕش

## بڕیاری یەکی ئایار

پونگی خوارد مۆنجی دەریای کرێکار
دژی سەرمایە، ئەوەلی ئایار!
سوور بوو بە خوێنمان شەقامی شاران
شەقی برد قەڵای سەرمایەداران
زنجیری کۆنی هەزاران ساڵە
دەپچڕێ و جادوو حوکمی بەتاڵە

کرێکارم هاتوومە مەیدان
ئەڵێم، هەرکارە ئینسانی خوڵقان
سەد ساڵە ئەڵێم!ئەمە بڕیارە
بڕیاری ڕۆژی یەکی ئایارە!
کرێکارانی جیهان یەکگرن!
چەرخی چارەنووس لەدەست خۆگرن

بەرهەمهێنەری بژێوی ئینسان
پرۆلیتاریام چینی شۆڕش – وان
سەد ساڵە سەد جار کەوتم و هەستام
دیسان قایمتر هەستام و وەستام
شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەری خوێنین
شۆڕشی من بوو ڕێبازی لینین

کرێکارم؛ هاتوومە مەیدان
ئەلێم، هەرکارە ئینسانی خولقان
سەد ساڵە ئەڵێم!ئەمە بڕیارە
بڕیاری ڕۆژی یەکی ئایارە!
کرێکارانی جیهان یەکگرن!
چەرخی چارەنووس لەدەس خۆگرن

تەنوورەی ئاخر هەستاوە هەستین
چی دوژمنانی کۆپەرستین
پشتم بەرمەدەن دەست دەنە دەستم
بەرەو سۆسیالیزم لووزەو ئەبەستم
سنوور نامگرێ لەسەر ئەم ئەرزە
سەرمایەداری دێنمە لەرزە

کرێکارم؛ هاتوومە مەیدان
ئەڵێم، هەرکارە ئینسانی خوڵقان
سەد ساڵە ئەڵێم ئەمە بڕیارە
بڕیاری ڕۆژی یەکی ئایارە!
کرێکارانی جیهان یەکگرن
چەرخی چارەنووس لەدەس خۆگرن

خەباتی شێلگیر کارخاو مەزرا
لەژێر ڕابەری پێشەنگی خۆما
ڕێ دەخەم چەرخی دەوڵەت دەشکێنم
دەوڵەتی تازەی کرێکار دێنم
هەموو ساڵێکیش ئەوەڵی ئایار
هەڵیدەبژێرم گشت دەسکەوتی پار
ساڵ بە ساڵ زەینم ڕۆشنتر ئەکەم
لە بۆ ڕابەری خۆم حازر ئەکەم

کرێکارم؛ هاتوومە مەیدان
ئەڵێم، هەرکارە ئینسانی خوڵقان
سەد ساڵە ئەڵێم، ئەمە بڕیارە
بڕیاری ڕۆژی یەکی ئایارە!

کرێکارانی جیهان یەکگرن
چەرخی چارەنووس لەدەس خۆگرن
ئەمپریالیست و فرسەت پەرستان
کە پێیانوایە مێژوویان وەستان
بلەرزن! گەشەو ڕووناکە ئاسۆ
یەکدەگرین لە دەور ئاڵای سووری خۆ
بە لافاوی سوور هەروەک بەهاران
جیهان دەکەینە جەژنی هەژاران

کرێکارم؛ هاتوومە مەیدان
ئەڵێم، هەرکارە ئینسانی خوڵقان
سەد ساڵە ئەڵێم،ئەمە بڕیارە
بڕیاری ڕۆژی یەکی ئایارە!
کرێکارانی جیهان یەکگرن
چەرخی چارەنووس لەدەس خۆگرن

یەکی ئایاری ١٩٨١

* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# سلێمان قاسمیانی (کاکە)

سلیمان قاسمیانی (کاکە) لە ساڵی ١٩٥٩ ی زایینی لە شاری سەردەشت، لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە تەواو کرد و دوو ساڵ لە دانشسەرای ڕاهێنانی مامۆستای قۆتابخانەی سەرەتایی لە شاری "نەغەدە" دەرسی خوێند و دوایی وەکوو مامۆستای سەرەتایی لە دێهاتەکانی سەردەشت دەستی بە کار کرد. لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی جەماوەری ١٩٧٩ دژی دەسەلاتی پاشایەتی، کاکەش چووە ناو کۆڕی ڕاپەرینەوە و بە نووسین و خویندنەوەی شیعری شۆرشگێرانەش بەشداری خەباتەکە بوو. دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، چالاکی ئەدەبی و کۆمەلایەتی کاکە بۆ ئازادی و بەرابەری پەرەی سەند و چووە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ەوە کاکە لە سوید دەژی. سالی ١٩٩٥ خوێندنی باڵای کۆمەڵناسی لە سوید تەواو کرد و لەو کاتەوە لە مەیدانی پێشگیری و کۆتایی هێنان بە توندوتیژی نامووسی، کاری کردووە. ساڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی "رێکخراوی بیرەوەری فادیمە"ی لە سوید پێشکەش کرا بۆ ڕێزگرتن لە چالاکی بەربڵاوی لە کۆمەڵگای سویدی دژ بە کولتووری نامووسپەرستانە و ژنکوژی.

هەر لە سەرەتای لاوێتیدا دەستی بە نووسینی شیعر کرد. لە نێو ڕیزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا زۆرێک لە شیعرەکانی دەم بە دەم دەخوێنرانەوە و وەکوو سروود دەوترانەوە. یەکەم سروودی ڕەسمی کۆمەڵە بە نێوی "پێشمەرگەی کرێکارانین" لە شیعرەکانی کاکەیە. تا ئێستا ١٠ کۆمەڵە شیعر بە کوردی، چوار بە فارسی و سێ دانە بە زمانی سویدی لێ بڵاوکراوەتەوە. بێجگە لەوانە بە زمانی سویدی شەش کتێبی لە سەر بابەتی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر وەکوو مافی منالان، ئازادی تاک و ئازادی سیاسی، مەسەلەی دین و توندوتیژی، راسیسزم و نسبییەتی کولتووری بڵاوکردۆتەوە. سەرجەم بەرهەمی چاپکراوی کاکە ٢٨ کتێبە.

سلێمان قاسمیانی سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبی و کولتووری "هانا"یە کە خولی یەکەمی لە ساڵانی ١٩٩٥-٢٠٠٣ دەرچوو. خولی دووەمی هانا لە ٢٠١٦ ەوە دەستی

پێکردۆتەوە و ٥ ژمارەی دەرچووە. کاکە هەروەها ماوەی ١٢ ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری "منداڵان بەر لە هەموو شتێک" بە زمانی سویدی بووە.

## یەکی ئەیار

هەرچی ڕۆژە
بەرەبەیان
خەوی خۆم و ماڵ و منداڵم دەزڕێنم.
لەشی شەکەت و پڕ تاسەی
ئاسایشی دوور لە دەستم
سواری هەنگاوانم دەکەم
دەڕۆم بەرەو کارگەیێ کە
لە هەر سات و کاتێکیدا
تۆوی مەرگی خۆم دەچێنم...
ژیانی خۆش و کامەران
بۆ خاوەنی وەدی دێنم!

هەرچی ڕۆژە
تروسکەی چاوەکەی "هیوا"
بزەی لێوەکانی "زیبا"
شادیی و ئارامیی کەسانم
دەگرمە کۆڵ
دەیبەمە دەر،
حەز و خۆشەویستی گەرمی
هاوسەری بێپشووی ژین و
هەرچی ئاسایشی ماڵە...
دەنێمە پێست و ڕەگمەوە و
دەڕۆم ... دەڕۆم...
گلۆر دەبم بەرەو کارگە.

هەرچی ڕۆژە
لە کارگەی پۆڵا تاوێنا
خوێن دەکەمە ڕەگی پۆڵا و
نانێک، دوو نان دەبەمەوە!
گیان دەبەخشم
بە ماشین و بە کەرەسە و کارگەکان و
زەڕڕە زەڕڕە دەتوێمەوە
مەرگ بۆ خۆم دەنێمەوە!
بزە و تروسکە و ئاسایش
حەز و هێز و تین و توانم
دەبەم، دەیکەمە ناوجەرگی
بێبەزەیی و بزەی پارە و...
دەرگای گریە و ڕەنج و مەینەت
لە خۆم و گشت کەسوکارم دەکەمەوە!
هەرچی ڕۆژە
دەبم بە زەنگی هەستانی
نەدارەکانی ئەم خاکە و
ژینم دەنێمە ناو دەستی
پڕ لە چاڵ و کەند و کڵۆم...
لە بەردەم خودای سەرمایە!

هەرچی ڕۆژە
کارم بۆ کڕیاری کارە و
وچان لە لام شەرمەزارە.
هەرچی رۆژە
بەرامبەری جەردەکانی ژین ئەستێنم
هێزم گرژە
گەرچی پرژە و

بێدەسەڵات و هەرایە!

*

بەڵام ئەمڕۆ
وەکوو ڕۆژی ڕۆژان نییە
ئەمڕۆ دەستم
بەندە و بەردەی
خاوەنانی سەرمایە و کارگەکان نییە!
ئەمڕۆ ناچینەوە سەر کار!
ئەمڕۆ بزەی مناڵانم
لە سەر لێویان ناکەمە بار!
ئەمڕۆ گرمەی بوومەلەرزەی مەرگ و شایی
بە یەکەوە دێنمە بازار
شایی خۆم و سەڵای مەرگی
سەرمایە و زۆر و ئیستیسمار!
ئەمڕۆ شادی دێنمەوە ماڵ
ئەمڕۆ دەرگای قاقا و هیوا
دەکەمەوە لە بینی حاڵ!
ئەمڕۆ
چەرخی کارگەکانی هەموو دنیا دەوەستێنم.
ئەمڕۆ ناچمەوە سەر کار و
کڕوکپی دووکەڵکێشی
ڕەشهەڵگەڕاوی کارخانە
کە لە هەموو ڕۆژی ساڵا
هاشەوواشەی
بەڵگەی بەرپابوونی کار و دەرد و ڕەنجی کرێکارە
دەکەمە بەڵگە و نیشانە
ڕۆژی ئەمڕۆ دەکەمە شاهیدی زیندوو
کە چۆن هەر ساتەی وەستانم
خامۆشییە لەم جیهانە

کپبوونی گرفەی ژیانە!
ئەمڕۆکە یەکی ئەیارە
ڕۆژی چینی کرێکارە
ئەمڕۆ لە کووچە و لە کۆڵان
لە شەقامی هەموو شاران
خونچەی خەندە دەپشکوێنم!
ئەمڕۆ وەک دەریای بێسنوور
نیشان ئەدەم
کە چەن کەیلی ڕق و قینم
کە چەن لە کۆوەبوونمدا
بە تەوژم و گوڕ و تینم
کە ڕۆژی خۆی
چۆن تێکدەری تەلاری ئێش
نیزامی مەینەت و فەقر و
چەوسانەوە و مەرگی ژینم!
ئەمڕۆ لە یەکی ئەیارا
دەنگ و ڕەنگ و ڕەنج و خوێنم
تێکەڵ تیشکی هەتاو دەکەم
سەڵای گەرمی
یەکیەتی گشت بەشمەینەتانی سەرزەوی
دەکەمە ناو
قورگی بە زۆر کپکراوی
تەواوی هاوڕێیانی کار.
سینگم دەکەمە قەڵغانێ
دژی ستەمکارەکانی
بەرەی چەوسێنەر و بێداد!
ئا لێرە ڕا
لە ئێران و لە کوردستان

دەنگم تێکەڵاوی سرووەی
سەمفونییای جیهان دەکەم:
- بژی، بژی خەباتی ئەنترناسیۆناڵ
بژی یەکیەتی جیهانی و
شۆڕشی چینی کرێکار!
شینکاوێ - ٨٤/٤/٣٠ —

**دەستەکانت**

بۆ ئولریکا *

دەستەکانت
جۆگەیەک بوون
خوێن دەگەڕا بە نێویانا و
لە سەر نووکی پەنجەکانت
هێزی لەشیان دەکردە زێڕ
بۆ بەرۆکی برسی ژیان!
دەستەکانت
دار و نەداری کیژێکی
کرێکاری بیست ساڵە بوون
هەموو ڕۆژێ
وەک یادگاری عەشقێکی
خۆشەویستی تاهەتایی
باڵات پێدەڕازاندنەوە...
هەڵت ئەگرتن
وێنەی منداڵی گڕەزوو
چیرۆکی گورگ و داپیرەت
دەسرکاند بە گوێکانیانا و
سامی دێوی زەبەلاحی
کارگەت پێدەسڕی لە دڵیان!
دەستەکانت

باخی هاوین تێگەڕاو بوون!
هەموو ڕۆژێ
لە نێوقەدی ئامرازی کار دەئاڵان و
بە قەرای دووهەزار جاران ملیۆن کرۆن
وەکوو مێژووکە ڕادەژان
هەڵکوت داکوت
تێک دەشڵەقان
دەیانزیراند
دەلالانەوە بۆ وچان!
بە قەرای دووهەزار جاران ملیۆن کرۆن
دەگریان و مرواری فرمێسکەکانیان
دەکرایە دەمێ داپچڕاو
دەمی هەراش و ئاواڵەی بەهرەبەران
لە دەرد و ژان!

*

هۆ ئولریکا!
ئەو دەستانەی
لە گەردنی خۆشەویستت دەئالان و
چزەی ئەڤین و ژیانیان
دەخستە پەیکەری دڵدار
ئەو دەستانەی
سیحری سەمایان دەخولقاند
ئەو دەستانەی
لە هەر تووڕەبوونێکتدا
گڕیان دەگرت
دەبوونە مست
ئەو دەستانەی
لە گەڵ بزەی گاڵتە وگەپدا

دەپشکووتن...
ئەو دەستانەی
چڵ بە چڵ گوڵی حەوشی ماڵ
ڕایاندەموست،
ئێستا ئیتر پرووکاون!
بە دوای
دووهەزار جار ملیۆن،
شیرەی گیان لە لەش دەرکشان
هەڵتەکان
لەرزان
ڕاشڵەقان...
لە سەر ئامرازی کارخانەی ئێلێکترۆلووکس،
گەلێ هەرزان چوون بە تاڵان!

یۆتبۆری- سوید، ٤-٩-١٩٨٨

* "ئولریکا": کچێکی کرێکاری سویدییە کە ساڵی ١٩٨٨ لە کارگایەکی ئێلێکترۆلووکس بە هۆی لەرزەی بێئەندازی ئامرازەکانی کارگاکەوە، دەستەکانی لە کارکەوتن. یەکیەتی کرێکاران زووتر هۆشدارییان دابووە بەڕێوەبەرانی کارگەکە کە دەبێ لەرزەی ئامرازەکانی کارگەکە کەمبکرێتەوە. ئێلێکترۆلووکس هەر ئەو ساڵە زیاتر لە دە میلیارد کرۆنی سویدی سوودی بەخشیبوو بە خاوەنەکانی بەڵام لە ئاست کەمکردنەوەی لەرینەوەی ئامرازەکانی کارگەکاندا کەمتەرخەمییان نواند.

## نان لە ناو زاری مەرگدا

کرێکارێ چاردەساڵەم
لە مەعدەنێکی خەڵووزی ئەم دنیایە
ڕۆژی وایە پازدە سەعات
پازدە عومر
وەیلان بە شوێن نانە زگدا

دێم و دەچم
کۆڵ دەکێشم
وەک فیشەکە شێتەی دەرچوو
هەر ڕادەکەم بە ناو زاری
تاریک
شێدار
کپ و پڕ لە سامی مەعدەن!
کرێکارم
کرێکارێ چاردە ساڵان
لە مەعدەنێکی خەڵووزی
دڵ پڕ لە زووخاوی جیهان!
کرێکارێ چاردە ساڵەم
بە هەزاران هەزار ناوی ئەم دنیایە
بانگم دێڵن:
- "هیوا
بیژەن
جاسم
یاشا
مای
فەرناندۆ
راجی و ناوی ئەم، ناوی تۆ
من لیستەیەکی جیهانی
لە ناوی ئەو مرۆڤانەم
کە لە هەر چرکەی سەعاتا
سەد جار دەمرن
سەر لە نوێ دەگەڕێنەوە و
لە ناوی زاری داپچڕاوی تاری عەرزا
بۆ جەمی تێر پێدەکەنن!

*

من هیوام

فەرناندۆم

یاشام!

باوکم ڕۆژێک

هەر لەو مەعدەنەی کە ئێستا

ڕۆژێ بە دەیان کۆڵ خەڵووز

لە گەروویدا دەکێشمە دەر،

خنکا لە ژێر هەرەسی گڵ

هەرەسی قوڕ

خەڵووزی بەرد!

من کوڕێکی چاردەساڵەی کۆڵکێشی مەعدەنی خەڵووز

دایکم جل شور

خۆشک و برا بچکۆلەکەم

بلیت، وردەواڵەفرۆش

باوکم لە ژێر سەدان تۆن گڵ و خەڵووزی

داتەپیوی مەعدەن

مردوو

دێم و دەڕۆم

دەڕۆم و دێم

پێدادەنێم لە جێگە پێکانی بابم

وچان دەگرم هەناسەسوار

هەر لەو شوێنانەی باوکیشم ڕادەوەستا و

تەوژمی هەناسەکانی

دەکردە گژ دیواری سارد

دیواری بێ گیانی شێدار!

*

من کرێکاری مەعدەنم!

کە ئێواران دەچمەوە ماڵ

هەروەک باوکم گرژ و بێهێز بۆی دەکەوم
هەزار خەیاڵ
ئامبازی گیانی بێزار و وەڕەزبوو لە کارم دەبن
- شەو
مەعدەنم دەخاتە بیر
- قیژەی منداڵ
تیشەی کێوبڕی مەعدەنە و
بە مێشکمدا دەڕواتە خوار.
- شڵپەی ئاوم لێ دەبێتە
لافاوی جڵەو لێ بەربوو
لە ئەشکەوتێکی چۆڵ و تار.
- هەر هاڕەیەکم لێ دەبێ بە هەرەسی
مەرگهێنەری خەڵووز و
بزەی ژەهراویی خاوەنکار!
خەریکە وەک باوکم لێ دێ
مەعدەن لێم بۆتە ڕووحکێش و
بە شوێن ناندا
لە گەڕەک و کۆڵانی شار
لە حەوشی ماڵ
لە سەر سفرە و
تەنانەت لە گەرمەی خەوی شەوانەشدا
ماوەی حەجمینم پێنادا!
١٩٨٩/٣/ ٣

## کۆرپەی هێزم

کۆرپەیەکی بێگانە لە خۆمم هەیە
هەر ڕۆژەی سێ جار و لەتێک

لە گەڵ جەمی بەرەبەیانی و نیوەڕۆ
چای ئێوارە و شێوی بە ژانی شەوانە
بە لالووتی و ناتەبایی دەمدوێنیّ!
هەر لە ڕەگ و خوێنی خۆمە و لێم نامۆیە!
هێندەی هەموو ئەم دنیایە
خۆشم دەویّ
ڕێزی دەگرم
دەیلاوێنم
لە هەر دەققەی سەعاتێکدا
هەشتا جاران بۆی دەخوێنم
ئاخر...
لە خۆمە و
هەر خۆمم!

بەری دەستم وا ناناسم!
کەچی ئەو هەر وەک نەمناسیّ
بە بەر دەمما تێدەپەڕیّ و دڕدۆنگە لێم.
دەیبینم چۆن ئەم ماڵ ئەو ماڵ
دێت و دەچیّ و من ناناسی!
خۆم لێدەکاتە ئەڵماسی
چاوی هەرچی ئەنگوستیلە و
ملوانکەی شازادەکان و
من ناناسیّ!
باڵا دەکا و
لێم دەبێتە باڵەخانەی
عەویقی ئاسمان ڕووشێنی شیکاگۆ
تۆکیۆ
تاران و
من ناناسی!

دەبێتە فڕۆکە و کەشتی
یان مەتبەخی
ڕازاوەترین تەعامی سەر ئەم دنیایە و
لە سەر سفرەی خۆم بە زۆریش دانانیشێ!
کۆرپەیەکی بێگانە لە خۆمم هەیە!
هەر لە ڕەگ و خوێنی خۆمە و
کاڵتر لە گوڵ
لە لای من پێی نەوتراوە!
قەت دەستێکی ئازاردانم
بە باڵایدا نەکێشاوە!
هەرچی رۆژە
هەر کە دەگەمەوە سەر کار
لە باوەشم دەردەپەڕێ و
دەفڕێ، دەفڕێ
تا دەگاتە لای سەحەبکار
دەنیشێ لە سەر لێوانی:
- لەو دەبێتە بزەی شیرین
- لە منیش دەبێتە ماندوویی
ئارەق ڕشتن و ژەهری مار!

یۆتێبۆری- سوید، ٢٨-٥-١٩٨٩

## ئەگەر بێت و ئێمە نەبین!

ئێمە نەبین نە دارێ دەچێتە سەر بەرد
نە نانێک دەچێتە تەنوور
نە ئاو دەگاتە بەرماڵێک
نە شەقام پڕ دەبێ لە نوور

ئێمە نەبین نە جەستە پۆشاکی هەیە
نە بینایەک سەر هەڵدێنێ
نە مەکینە کار دەکات و
نە مەزرایەک دەجریوێنێ
ئێمە نەبین تالارەکانتان بێ فەڕن
دەخنکێن لە گەند و گوودا
نە فڕۆکەیەک هەڵدەستێ
نە راکنڕۆڵ دێ بە دوودا
ئێمە نەبین نە کەوشێک دەچێتە پێتان
نە رێگە و بان دڵنەوازە
نە مەکتەب پەرتووکی دەبێ
نە نەخۆشخانەیەک سازە
ئێمە نەبین خۆشەویستی پارەو پووڵە
مرۆڤ ڕەنجوور نایەکسانە
شادی ونیعمەت بە تاڵانچوو
بەشی نەدار دەرد و ژانە
ئێمەی هێزی کار، خوڵقێنەر
ئێمەی بێبەشی داهێنەر
دەبێ دەوری بەراوەژوو
وەرچەرخێنینەوە یەکسەر!

بەهاری ٢٠١٧

## من کۆڵبەرم

من کۆڵبەرم، ژینە بارم
ژینی منداڵ، کەس و کارم
حەوت چەم، کێو، بازگە، قەڵا
دەبڕم، دیسانیش نەدارم
نانم لە زارئەژدیهاداس

داری دارایە نەیارم
ئەستێرەی ئاسمان دەزانن
بۆ پشوویەک بێقەرارم

من کۆڵبەرم، بارم گرانە
حەبی دڵی داپیرانە
پێڵاوە بۆ کەنیشکەکەم
کۆلارەی دەم ئێوارانە
بارم بزە، سورمە، قەڵەم
خوێنی سنووری وێرانە
ویژەی گوللەی زۆردار لە شەو
مەرگی نان، بزە و سەیرانە
من کۆڵبەرم، هیواس بارم
شەو دەدڕینم، بریندارم
نە شاخ، نە کێو، نە خوا نە شا
چارەن بۆ دەرد و ئازارم
خوێنم دەمژێ نایەکسانی
تەنیا نەدارانن یارم
بۆ بەرابەری گشت مرۆڤ
بۆ ئازادییە هاوارم!

٢٠١٧-٠٦-١٩

## ڕاپەڕین

هەستین کاتی ڕاپەڕینە، مژدەی شادییە ئەمرۆ
سەیری شەقام خرۆشاوە، دیکتاتۆر کەوتوونە خۆ
ئیتر ناهێڵین زۆرداران، دەریاکان پڕ کەن لە ژار
نانی سفرەمان بڕفێنن، بزە و ئاواز بەن لە دار

ناهێڵین چیتر سەرمایە، ئێسکی دونیا بکرۆژی
کرێکاران ڕەنجەڕۆ بن، دارا گەنجیان بنۆشێ
هەڵدەکەنین ڕیشەی ستەم لە گشت گۆشەی دونیاوە
بژی خەبات بۆ یەکسانی، لە شیلی تا ڕۆژئاوا
نامانەوێ ژن بێبەش بن، ژێردەستە بن، چەوساوە
بەرابەری و ئازادییە بە سەر لێوی دونیاوە
یەکسانی ژنان و پیاوان ئاڵای سووری نەجاتە
پیاوسالاری و کۆنپەرستی، دەسڕینەوە، خەباتە
هەر لە سنەوە هاوار دەکەین، هەتا بەیرووت و تاران
لە بەغا تا سانتیاگۆ ڕادەماڵین زۆرداران
لە ئاسمانا خۆرهەڵدەکەین، یەکسانی دێنینە ماڵ
ئازادی، گوڵ، بزە و سەما، بەرەو ئێمەدەگرن باڵ

٢٠١٩-١١-١٦

* ژیاننامە و شیعرەکان لەلایەن شاعیرەوە نێردراون.

# جەلال شکۆ (بژار)



جەلال محەمەد فەرەج عەبدوڵا شکۆ کە بە (بژار)ی شاعیر ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە شارۆچکەی پێنجوێن لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٢ یەکەم شیعری لە ڕۆژنامەی (برایەتی) بە ناونیشانی (تینووم) بڵاوکردۆتەوە. ئیتر تا ناوەراستی دەیەی هەشتاکان نازناوی (شکۆ) بووە و لە ساڵی ١٩٨٣ نازناوی (بژار)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. لە ساڵی ١٩٨٠ کتێبی ( پەڕینەوە بەسەر پردی فرمێسکا) بڵاودەکاتەوە. بژاری شاعیر دەنگێکی دیار و ناسراوی جیهانی شیعری کرێکاریی و سۆشیالیستییە لە کوردستان. خاوەنی ژمارەیەک دەقی شیعریی جوان و بەهێزە کە هەندێکیان کراونەتە سروود و تا ئێستاش لەسەر زاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و هەڵسوڕاوانی سۆشیالیستیی کوردستانن. بژاری شاعیر یەکەم شیعری بە نازناوی (بژار)ەوە لە یادی یەکەم ساڵڕۆژی دامەزراندنی (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)دا نووسیوە و لە ڕادیۆی کۆمەڵەوە بڵاو کردۆتەوە. ئیتر دواتر ژمارەیەک شیعری تری وەک: "دوو وشە بۆ هاوڕێکەم، ڕێگا، وەستانەوە و تاد" لە گۆڤاری (پێشەنگ، گۆڤاری کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری کوردستان) دا بڵاو دەکاتەوە. جگە لە گۆڤاری (پێشەنگ)یش شیعرەکانی لە ژمارەیەک بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی سیاسیی و حیزبییدا بڵاو دەکردەوە وەکو (بۆ پێشەوە) و لە کۆتایی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (هانا) خوولی یەکەم بوو. بژاری شاعیر ماوەیەکە سەرباری جیهانی ئەدەب، سەرقاڵی مەسەلە فیکری و سیاسیی و فەلسەفییەکانە. بژاری شاعیر تا ئێستا پێنج کتێب و نامیلکەی بڵاو کردۆتەوە و ماوەی چارەکە سەدەیەکیشە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت.

## بۆ شورا كرێكارییەكان

هەتاوە مەزنەكەی هەڵاتووی گڵێنە
تاریكی داگرە
بۆ ئەمڕۆ لەتیشكت بەلافاو بڕژێنە
دەمێكە ئەبینم تورەییت ئاگرە
ئاگربە! باستەم
ببێتە ئەستێرەی كوژاوە
ئاگربە! بائیتر
وەك ڕێژنەی بروسكە بڕژێیتە دونیاوە
هەڵسانە و هەڵمەتی بازووی تۆ
تیژڕەوە.. وەك هەڵۆ
شاڵاوی بوركانیت
ڕژێمی بۆرژوای خستۆتە شەك و شۆ
هەڵسانەو مەهێڵە
بۆرژوا بەرگی تر كاتە بەر
پڕبەدەم هاواركە:
"كۆمۆنە"ی" پاریس"ین
لە عێراق دێینە دەر!
دارستان لە ئاستی
شاڵاوی سووری تۆ. نە چڕەو نەزەبەنگ
كام شەپۆل گەورەیە لەكاتی جووڵانتا
نایەوێ دەركەوێ نەبەڕوو نە بەدەنگ
دەركەوە ئەی هێزی شۆڕشی ئۆكتۆبەر
دەركەوە ئازادی هەر بەتۆ دێتەدەر
دەركەوە! ساماڵی دوای تۆف و كڕێوەی
دەركەوە! ئەزانم دەمێكە بەڕێوەی
دەركەوە، وەك ئەوەی
شۆڕشت بلێسەی سەند بێ

دەرکەوە، وەک ئەوەی
حکومەتی شوراییت
سەراسەر وڵاتی عێراقی گرتبێ!
هەوری سوور ببارێ
وا کۆمەڵ چاوەڕێی بارانی پشکۆیە
ئەی شورای کلپەسێن!
ڕاپەڕە شۆڕشی نەوەستاو بە تۆیە
کە دەنگی ئێوە دێ
قەڵبەزە شەرم ئەکات هاژەی خۆی دەربڕێ
لە سیمای ئێوەدا
پڕشنگەو بە لێشاو تاریکی سەر ئەبڕێ
هەر ئێوەن برینمان گۆشتەو زوون دێننەوە
بەهاری ڕۆیشتوو جریوە ئاسایی بۆ دڵمان دێننەوە
ئەی شورای کرێکار، هەوری سوور، کڵپەسێن!
نەهێڵن بۆ ڕێگای بۆرژوا لابدرێن
ڕۆژیکە و هاتووە! دەسەڵات وەرگرە
ئەزموونەو زۆر هەیە
سەرمایە نەفەوتێ هەمیشە پەنگرە!

مارتی ١٩٩١

## مام ئەحمەد

ئەستێرەی بەیانین پرشنگمان هێناوە
هەورین و بارانی بەهارمان هێناوە
چاوین و ڕەشێنەی خۆمانمان هێناوە
شیعرین و هەناسەی وشەمان هێناوە

*

ئەی گۆڕی تەنگەلان! چاو کەوە! ئەمجارە
ڕووباری بێ هاژە بۆ لای تۆ هاتووە
چاو کەوە!
هەتاوی کوژاوەی "دەواجن" لە سنگتا خەوتووە
ئەم وەرزی بەهارە دوێکە بوو،
پایزی مەرگ هات بێشەرم لە ئێمە دایپۆشی
وەک ئێمە پێی بڵێ تۆ لاشەی بەفرین نیت!
پرشنگی گلێنە، ماسولکەی کرێکار،
ترۆپکی بەرزەفڕ، ئاواتی سەرکەشی
ئەی گۆڕی تەنگەلان!
ژیانی، دوکەڵی دەشتێکی سووتاو بوو
بەس گیانی، تریفەی
ڕژاوی باڵانی پەپوولەی فڕاو بوو
ڕۆژان و شەوانی،
هەر گرمە وناڵینی هەورێکی بەژان بوو
بەس ئومێد لە ناخیا،
شەپۆلی جریوەی چۆلەکەی بەیان بوو
ئەم لاشە گوڵیینە بێ کچە و بێ کوڕە
وەک هەڵۆی بە عومری سەر لوتکە هەڵنیشتوو
ئەم لاشە گوڵیینە بۆ خزم، بێ کەسە
وەک سیمای بێ جسمی لە دڵا دانیشتوو
*
کرێکار کە دەمرێ لە بیری هاوچینیا
یادگار کۆن و نوێ شەوق ئەدا و گڕ ئەگرێ
چی کۆتری دڵ هەیە ماوەیەک توولانیی
باڵانی دەخاتە ژێر سکی و نافڕێ
کرێکار کە دەمرێ خەباتی داگیرساو
کڵاوی لوتکەی خۆی تا بنار دەهێنێ
ئاواتی جێماوی ئەبێتە ئەو دەستەی

مژدەی سوور لە گیانی خامۆشا ئەڕوێنێ
*
ئەستێرەی بەیانین پرشنگمان هێناوە
هەورین و بارانی بەهارمان هێناوە
چاوین و ڕەشێنەی خۆمانمان هێناوە
شیعرین و هەناسەی وشەمان هێناوە

١٧/ ٣ /١٩٩٣

* لە نامیلکەی "وشەکان ئازادی خۆیان دەسەپێنن"ەوە وەرگیراوە.

## ئێوارە دێمەوە

ئێوارە دێمەوە
هەست ئەکەم لافاوێک ئارەقم ڕشتووە
هەست ئەکەم ماسولکەم
وەک چرچی ڕق خواردووی تەوێڵم گرژ بووە
ئێوارە دێمەوە
وەک هەڵۆی باڵکراو لە فڕین خراوم
وەک ماسی بە تۆڕی کەنەفتی گیراوم
هاوسەرم بزەیەک دەخاتە سەر لێوی
نیگایەک لە چاویا قەتیسە ئەتوانیت
پرشنگی ئەستێرە بەو نیگا بپێوی
ئێوارە دێمەوە
رەنگ زەردیی چوار مناڵ
ئازاری سەرچڵم لە دڵا ئەڕوێنن
ئەو سیما کزەیان، چی یادی خۆش هەیە
وەک پەڕەی مسۆدەی لاخراو ئەدڕێنن
ئێوارە دێمەوە

سەر سفرەم
دوو سەلک تەماتە و پیازێکە و برێک نان
باخەڵی هەشت دینار هەڵگرتووم ئەمجارەش
دەبێتە ئەو دەستەی
گڵۆپی لە چاوی هەموانا داگیرسان

ناوەڕاستی / ٦ /١٩٩٢
لە نامیلکەی (ئاراس) ەوە وەرگیراوە

## بۆ یەکی ئەیار

ئەم دنیا بەرینە..لەم پەڕی تا ئەوپەڕ
کە ئاوا مرۆڤی چەوساوەی تیا بەندە
ئەزانی مانەوەی ئەمڕۆکە بە تەنیا
بەهێزی بۆگەنی سەرمایە پەیوەندە
ئەم هەموو دڵانەی لەم سەدەی بیستەمە
بە گوللە لەخوێنی خۆیانا ئەگەوزێن
ئەزانی گۆشتێکن...بەتەنیا
بە گورگە برسییە پیرەکەی سەرمایە ئەبرژێن
کەواتە سڵ مەکە و ڕاپەڕە
وەک دەریای ئاگریٚ شەپۆڵیٚ گڕ بدە!
تا مرۆڤ بتوانیٚ ئیتر بۆ هەمیشە
هەر هەمووی ببێتە سەروەری گشت جیهان!
درەنگە خێوەتی شۆڕشت هەڵبدە!
لە پاریس وەک بورکان بێزاریت تەقییەوە و
بەو هێزی یەکبوونەت کۆمۆنەت دامەزرا
ئاڵای سوور جوانترین گڵۆپی دنیا بوو
کە ئاوا لەمێژووی ئینسانا هەڵکرا
لە ڕوسیای لینینی مەزنیش وایلێهات
نەک تەنیا تاراجی قەیسەرت هەڵتەکان

بە دەستی مەزنی ئۆکتۆبەر
درەختی بەرگرتووی ئومیدی سەرمایەی داوەران
ئیستاکەش باشترین ڕۆڵەی تۆ لە ئێران
لەڕیزی هەر هەمان حیزبەکەی لینینا
ئەو گوڵەی کۆمۆنەی ئۆکتۆبەر ئاویدا
هەوڵئەدا کە بیکا بەیەخەی زەمینا
دەهەڵسە و با گڕی یەکگرتن لرفەی بێ
ئاستەم گەردنی بێتە سەر شیری تۆ
دە هەڵسە و با هەوری تورەییت گرمەی بێ
تا دنیا سەرلەنوێ بگۆڕی بیری تۆ.
ئەی چینە مەزنەکەی ڕووخان و بنیادنان
وەک بوونی جریوەی گلێنە لەچاوان
دڵنیاین کە ئاوی هەڵمەتی بازووتە
توانیویە و ئەتوانیت تینوێتیت بشکێنێ
ئەو کاتە بۆرژوا کەنەفت و نابووتە
کە حیزبی کۆمۆنیست
شاڵاوی لە پڕی هەڵۆت لا ئەچێنێ.
بۆرژوا ئەزانێ
کرێکار لە یەکی ئایارا..هاوینێ لە دڵیان دێتە جۆش
لە بیری وەک لەشی خەستەیا
خەباتی چینەکەی ئەبینێ تیشک ئەدا وەکو ڕۆژ
هەمیشە لە یەکی ئایارا
کڵاوی دێرینی گیانبازی ئەنێتە سەرسەری
ئەشبینی ئەو ڕۆژە نزیکە
جیهانێک دروستکا لەهەموو ستەمێک بێبەری
هەر بۆیە هەوڵئەدا ئەم مانگی چواردەیە
لەدنیای خەبات و بیریانا خامۆشکا
هەر بۆیەش کرێکار گشت ساڵێ ئەیەوێ

ئەم کۆرپەی خەباتەی لەم ڕۆژە باوەشکا.

١٩٨٥-١٤-٢

**سەرچاوە**: گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە ٣، تایبەت بە یەکی ئەیار، چاپی دووەم ٢٠١٢.

## گەڕانەوە

لای ئەو ڕۆژی یەکی ئەیار
وەکوو پەلکە زێڕینەیەک ئالأبووە بەهاری گیان
وەکوو تاڤگەی زەردەخەنە ئەڕژانەناو چەمی ژیان
لەو ڕۆژەدا لەئاوێنەی
بازووی چینی کرێکارا..سۆسیالیستی بەدی ئەکرد
خۆی ئەبینی لەگەڵیاندا
بەناو دڵی سەرمایەدا کەڵەپشکۆی سووریان ئەبرد
لەو ڕۆژەدا وەکو ڕووبار پێکەنینی هاژەی ئەهات
لەو ڕۆژەدا خەبات لای ئەم..هەتا شۆڕش مەنزڵ ئەبات
پیرۆزبوون و یەکی ئەیار
بارانێ بوو هەوری ژوانی لەناو خەڵکا دای ئەباران
دوو ئەستێرەی گەشاوە بوون
لەڕووی یەکا بۆ ئەم شەوە کەوتبوونە پرشنگ پژان
ئەیوت کەسێ یەکی ئایار پیرۆزە لای
ڕەنگی هەتاو لە سیمایا بەدی بکرێ
کەسێ ئەبێ بە ڕێبواری ئەو ڕێگەیە
لەناو هەردوو گلێنەیا
شەرەف وەکو لووتکەی چیا بەرزیی بگرێ
ترسان لەوەی تۆوی بیری گوڵ دەرکات و بێتە بەرهەم
ترسان لەوەی یەکی ئەیار لە زیندانیش هەڵکا پەرچەم
ئەیوت هەرچەند زەمانێکە
گەر وشەیەک تاجی گوڵی لەسەر نابێ هەڵی دەبڕن
گەر مرۆڤێک

بۆ جاریکیش مانای ئازادبوونی دابێ سەری دەبڕن
بەڵام ئاخر لەمیژیشە کرێکاران خۆ ڕێک ئەخەن
بە خەباتی نەبڕاوەیان
وا خەریکن بە ئێجگاری بارگە و بنەی شۆڕش ئەخەن
گیرا، چونکە هەموو ساڵی وەکو چینی کرێکاری
لەم ڕۆژەیا زیاد لەجاران بێ دەنگییەکەی دائەماڵی
چونکە ئەمیش هەڵۆیەک بوو لە خەباتا بەرز ئەفرێ
وەک ڕابەرێک بەئاشکرا ڕێگای ئۆکتۆبەری ئەبڕی
*
لەناو جەژنی ئەیارا بوو.. وشەکانی کڵپەی ئەکرد
کارگەرانیش چەپک چەپک بۆ ئینجانەی دڵیان ئەبرد
(هەڵمەت بەرە بە لێو ببێت بە کانیاوی زەردەخەنە
هەڵمەت بەرە ئەم دنیایە بە هەڵمەتی تۆوە بەنە.
هەڵمەت نەبەی
زنجیر لە دەست، پەت لە ملا نایەتە دەر
هەڵمەت نەبەی
تاریکیی وەک خلی تازە ئەکرێتە بەر
چاوی مرۆڤ بۆیە هەیە، ئەبێ پڕ بێ لە جریوە
زوانی مرۆڤ بۆیە هەیە، لێوان ڕێژ بێ لە قریوە
ئەی ئەو چینەی ئاسن لە چاو بازووتا وەک هەویر شلە
چی جریوەی دنیا هەیە بەندە لەنێو چاوانی تۆ
چی قریوەی دنیا هەیە بەندە تەنیا بە کردنەوەی زمانی تۆ!)
لە زیندانا ژەندرمەکان ئەمەیان بۆ لێدایەوە
کە بردیشیان ئەم خونچانە
لەنێو دڵی ملیۆنەها کرێکارا کرایەوە. -
*
(لە ئێرانا قسە ئەبێ
بەدەم چەقۆی جەللادەوە پێ بکەنێ

درەختی خەم
پەل بهاوێ و بەرگی دیلیی دانەکەنێ
لە ئێرانا قسە ئەبێ ڕەش بێ وەکو بنی قازان
ئەگین لەشی مرۆڤ ئەکەن
بەو گوللانەی
بەبەرچاوی بولبولەوە کەوتن و لەژێر پێ داڕزان
وەرە مەیدان چیا لەبەر گەورەیی تۆ سەر دائەخا
لە هاتنتا دەریا هەموو شەپۆڵەکانی ڕائەخا
وەرە مەیدان سەرمایەدار ڕەنگی ئەبێ بە زەعفەران
لە ترسانا لەشیان ئەبێ بە نەمامی دەم ڕەشەبای چەوسێنەران
وەرە مەیدان، ئەی چینەکەی هەڵمەت هەڵۆی ئاور گرتوو
شەو درەنگە و هەتاو دیارە
کوانێ گرمە و ناڵەناڵی هەوری بازوو؟)

- هەر ئەوجارە لە زیندانا ئەمەشیان بۆ لێدایەوە
- بەس کە بردیان، تەنیا یادی بۆ لای ئێمە گەڕایەوە.

نیسانی ١٩٩٠

**تێبینێ شاعیر:**

١-دێرەکانی ناو ئەم دوو کەوانەیە (  ) قسەی رابەرە کرێکارەکە خۆیەتی.

٢-دێرەکانی ناو ئەم دوو خەتە بچووکانە _ _ قفڵی کۆپلەشیعرییەکان و دەربڕی واقیعیەتی زیندانە لە بەرامبەر ڕابەرە گیراوەکەدا.

* **سەرچاوەی ژیاننامە:** "وشەکان ئازادی خۆیان دەسەپێنن"، شیعر، نووسینی بژار ئینتشاراتی هانا، زنجیرەی ئەدەب و هونەری کرێکاریی، چاپی یەکەم سوید ٢٠٠١

# ئەحمەد بازگر



ئەحمەد بایەزیدی ناســـراو بە ئەحمەد بازگر لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦١ ی زاینی لەدایکبووە. ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ چەند شـــاعیر و نووســـەری تردا، کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریی کوردســـتان دادەمەزرێنێ. لە بەهاری ســـاڵی ١٩٩٠ چۆتە دەرەوە و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە. لە ساڵی ١٩٩٧ لە دانیشگای یۆتۆبۆری خوێندنی باڵا لە بواری کۆمەڵناســی و کاری کۆمەڵایەتی تەواو کردووە. نزیک بە بیســت ســاڵ دەبێ لەو بوارەدا وەک بەرپرســی ئیدارەی ســۆشــیال لە شــارەکانی ســەر بە پارێزگای یۆتۆبۆری، کار دەکات. شــیعرەکانی لە زۆرێک لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

## بۆ دەسفرۆشە تۆو فرۆشەکە

وشکە سەرمای
سەرلەبەیانی ڕۆژێکی
مانگی نێوبەندی زستان بوو!
هەردوو دەستی
لە ڕاست و چەپ
شەتەک دابووە بن باخەڵی
جارناجارێک
دەنگی مەنگی
لەگەڵ هەڵمی گەرمی زاری
دەبوونە ئاوێتەی یەک و هەرای دەکرد:

"وەرە بۆ تۆوی سوێر، وەرە!"
دوای هەر هەناسە کێشانێک
لەبەر دەمی
هەورێکی گچکە ساز دەبوو!
هەر هەناسێک
داشقە دەستییە بچووکەکەی بزر دەکرد.
پاش پشوویەک
هەورە هەناسە دەڕەوی
دەردەکەوتنەوە داشقەکە و
نایلۆنە تۆوی سوێرەکەی
ـ کە ئیستیکانێکی باریک
لە ناویدا قنج وێستا بوو ـ

وشکە سەرمای
سەرلەبەیانی ڕۆژێکی
مانگی نێوبەندی زستان بوو!
لە چەند هەنگاوی ڕووبەڕووی
شووشەبەندی سەوز و سووری
ڕیزە دووکانێکی پۆشتە
وەک ئاوێنە،
بە زستان و شەقام
بە ڕێبوار و هەژار
بە ماشێنی تیژ تێپەڕ و
بە داشقەی چەق و چۆ گرتوو
پێ دەکەنی!
تۆ سەیری ئەم جیهانە کە
مەودا تەنیا
لەم بەر شەقام
هەتا پشت شووشەبەندەکە

چەند هەنگاوێ زیاتر نەبوو
بەڵام جەخار
چەند دووره مەودای ژینەکان!
وشکە سەرمای
سەرلەبەیانی ڕۆژێکی
مانگی نێوبەندی زستان بوو!
ئەو کرێکارە بێکارە
لە تەنیشتی
داشقە دەستی‌یە بچکۆلەکەی
خولیای خەیاڵێکی ئاڵۆز
نوقمی کرد بوو!
هێشتا یەک جار
بۆ ناو گیرفانی یەک ڕێبوار
ئیستیکانێکی پڕ کردووی
سەرەونخوون نەکردبۆوە!
هێشتا لە ناو خەیاڵیدا
بۆ بژیوی خێزانی ماڵ
چەند تمەنێکی نەبردبۆوە!
گرم و هووڕی لۆدێرەکەی شارەداری
هەودای خەیاڵی لێ قرتاند.
لۆدێر وەکوو،
نەهەنگێکی زار داچەقیوو
پڕ بەشەقام هۆڕەی دەهات
داشقە وەکوو،
چۆلەکێکی سەرباڵ کردوو
هەڵکورما بوو!
دڵی خاوەن داشقە دەریای
ڕق و قین و بێزاری‌یەکی بێ ئەوپەڕ بوو!

نەیزانی بۆ نەچووە پێش و
چەند هەنگاوێ
لە داشقەکەی کشایەوە!
زاری قژی لۆدێرەکە
یەکەم قەپاڵ
داشقە دەستی‌یە بچکۆلەکەی
لە زەوی بڕی بۆ ناو کەڵپی و
نایلۆنە تۆوی سوێرەکەش
نوقمی زوقمی سەر شەقام بوو!
داشقە دەستییە بچکۆلەکە
وەک گیان گەڕابێتە لەشی
لە گەرووی ئەو لۆدێرەدا
نەدەحەجمی!
لەدوا دیدار،
بۆ دوایین جار
داشقە دەستییە بچکۆلەکە
لە خاوەنی هاتە قسە:
"بۆم مەڕوانە، بۆم مەڕوانە!
لەم وڵاتە تەم لێ نیشتوەی
من تێیدا چاڵ مەرگ دەکرێم،
ژین پەل بەستە،
ژین یەخسیرە،
ڕاکەن برۆن،
ژین ڕزگار کەن
لە ژێر چنگی
شارەداری و شارخۆرەکان!"

زستانی ١٩٨٧

## لە وەڵامی کورتە پەیامەکەی تۆدا

لە ناو کورتە پەیامێکا
لێت پرسیبووم
مەرگی لە ژێر ڕنوی کۆڵبەرکانت
لە پشت ئاوایی بێوران بیستوە؟
لێت پرسیبووم
بۆ بێدەنگی؟
بۆت نووسیبووم
چاوەڕوانین!

مەرگ، کۆڵبەر، بێوران!

مەرگ:
بەداخەوە ئەم وشەیە
بەشی زۆربەی هەرە زۆری ژیانم
وەکوو سێبەر لە گەڵما بووە!
نە من هێشتا خووم پێگرتوە و
نە ئەویش وازم لێدێنی!
ئەم کێشەیە بەردەوامە و
نە من بۆ ئەو نە ئەو بۆ من دەیسەلمێنێ!

کۆڵبەر:
ئەمیان وشەیەکی نوێیە!
نا ببوورە
ئەمیان لەمێژبوو فەتابوو
هەر نەمابوو

بەڵام لە سای سەر و ژێر سێبەری
بێ ئەنوایی و بێ هیوایی و
بێ دەرەتانی ئەم سەردەمە
سەر لە نوێ بووژاوەتەوە
دیسان هەڵیداوەتەوە!
ساڵی ٢٠١٧ و وشەی کۆڵبەر
دوانەیەکی لەیەک نامۆ
یەک نەگرن!

بێوران:
ئەم وشەیە، ئا ئەم نێوە،
لە خوورجێنی بیرەوەریەکانی منا
باوەشێنی دڵە و بیرخەرەوەی
کانی سارد و، سەوزەڵانی، ڕەز و باغ و
ژێرسێبەری قۆرغە چنارو
جێی سەیرانە!
ئەم وشەیە
تێکەڵاوی بۆنی عەتری بەهارانی دەشتی کەپران
دەنگی قاقای کیژ و کوڕ و
شایی و شادی دڵخۆشانە،
ئەم بێورانە!
ئەم ئاواییە
لە خوورجێنی بیرەوەریەکانی منا
هاوکات و لە هەمان فەسڵا
هەم گەرمێنە وهەم کوێستانە
باوەشێنی دڵە و بیرخەرەوەی
هەرچی جوانە
ئەم بێورانە!

مەرگ، کۆڵبەر، بێوران!
ئێستا من چۆن
ئەم سێ وشە لێک بلکێنم؟
لە کامیانەوە هاوار بکەم،
لە کوێوە خۆم بدرکێنم؟

*

منداڵەکان!
ئەوا دیسان
من سەرسوڕماو و کەسیرە
لەش تەزیو و ڕەق هەڵاتوو
لە چەشنی کۆڵبەرەکانی ژێر ڕنووی
ئەم زستانەی پشتی بێوران
هاتوومەتەوە لاتان!
ئەوا دیسان
وەک لێقەوماو، ڕێ لێ ون بوو،
خەمبار بە بارێک خەمەوە
تووڕە لە هەموان غەیری ئێوە،
تووڕە لە خۆم، تووڕە لە ئاسمان لە زەوی
پەنام هێناوە بۆلاتان
هاتوومەتە بارەگاتان،
بەر دەرگاتان!
ئێوەن دیسان
دەبنە سەنگی سەبووری من
ئێوەن دیسان
ڕۆچنە دەخەنە نێو ژووری
تاریکەسەلاتی
ئەم ڕۆژە پڕ لەژانانەم

ئێوەن دەبنەوە نووری من!
ئێوە هەزار جار حەقتانە
نەمان بوورن
بۆ ئەم جیهانەی
ئێمە سبەی
دەیخەینە ژێر دەستی ئێوە!
ئێوە هەزار جار حەقتانە
نەفرینمان بکەن
کە بەم چەشنە
کایە دەکەین
بە داهاتوو و هەستی ئێوە!
منداڵەکان!
تەنانەت لە خەیاڵیشما
هێندە لەخۆم ڕانابینم
لەم زستانە سڕبووە دا
لە پشت بێوران
بچمە ئاقاری ئەو ڕنوە کۆڵبەرکوژە و
بچمە پەنای
جەستەی بە بێ گیانی ئاکام،
هیوا، شیرزاد و دیاری!
پاڵ وەپاڵ کۆڵەکانیان دەم
لە ڕوومەتی شین بۆوەیان
شەخەسۆڵی ڕیش و سمێڵیان
ڕابمێنم و
تا سەر ئێسقانم هەست بکەم
ڕەق بوونەوە و مەرگی ئاکامی هەژاری!
ئەگەر هات و وێرام و چووم
لە تەنیشتی جەستەی بێ گیانیان دانیشم
لە جیات ئەوان

من خۆم پرسیار باران دەکەم!
لە جیات ئەوان
خۆم ئاوارەی کۆڵهەڵگری
شەو و شاخ و شاران دەکەم!
مناڵەکان!
دێم دەپرسم
بۆچی ئەمڕۆ
نانی ئێوە
کەوتۆتە نێو دەستی قونجاوی
خاوەنی بارەکانەوە؟
دێم دەپرسم
بۆچی ئەمڕۆ
بوون یان نەبوونی باوکەکان
گرێ دراوە
بە گیرفانی
دڵبەردانی ئەم دیو و ئەو دیوی سنوور
خاوەنانی دینار
خاوەن دۆلارەکانەوە؟
دێم دەپرسم
بۆچی ئەمڕۆ
ژیانی ئێوە
هەڵواسراوە
بە بڕیاری
عەبا و تەسبێح و مەندیل و
ڕیشەکانی تارانەوە؟
دێم دەپرسم
بۆچی ئەمڕۆ
بزەکانتان بزر دەکرێن

قاقاکانتان هەڵدەپاچڕێن
نیگاکانتان ڕەش دادەگرن
دەنگەکانتان دەنووسێنن
ئارامشتان دەشلەقێنن
بۆچی هێشتا
باوی ماوە پاڕانەوە؟

*

مناڵەکان!
من دەمزانی، من دەزانم
ئێوە وزەم دەخەنە بەر
من دەمزانی، من دەزانم
ئێوە ورەم دەبەنە سەر
بۆیە ئێستا
دیسان چوومەوە لای تەرمی
ئەو چوار گیان لێ ئەستێندراوەی
ژێر ڕنوە بەفرەکەی،
ئەم زستانەی
پشتی بێوران!
دەبمە یەک بەیەکی ئەوان
نا یەکجێ دەبم بە هەموان
ئاکامم، هیوام، شێرزادم، دیاریم!
نا سەمبولی ژیانی سەختم
هەر خۆم ڕووت و قووت هەژاریم!
دیسان دەبمەوە بە خۆمی
جاری جاران!
دیسان من ئازا دەبمەوە
دیسان دەبمەوە بە هاوار

هاوارترینی هاواران!
دیسان دەست دەگێڕم، چاو دەگێڕم،
بۆ ئینسان دەگەڕێم
کە سکاڵای ئەم جارەمی بەرمە بەردەم!
کە قورسایی ژانی ئەم جارەمی لەلا کەم کەم!
دیسان دەڵێم:
لە کوێی ئینسان؟
لە کوێی بۆ دەنگم ناتگاتێ؟
لە کوێم بۆ دەنگت نابیسم؟
هۆ ئینسان!!
تۆ پێم ناڵێی
لە کوێێ ئەم دنیا بەرینە،
لە لیستەی شوغڵ لە کام وڵات
کۆڵبەر، کۆڵبەری هەرماوە
لە کوێ ماوە، لە کوێ باوە؟
کەچی لێرە
ئەم کۆلبەرییە، ئەم ئازارە،
هێشتا هەرلە زومرەی کارە؟
کەچی لێرە
لەم سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە
ئەم کۆڵبەرییە
داهاتی چی
خۆی سەرچاوە و بناوانێک بۆ نەهاتە!
ئێمە لێرە
لەم سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە
ناچاریی ناچاری کردووین
بە سەر و ملی بەرزەوە، پشتمان کۆم کەین
بۆکۆڵبەری، بۆ ژێر باری ئەو ستەمە!

ئێمە لێرە
لەم سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە
ناچاریی ناچاری کردووین
بۆ شەڕ لە گەڵ سەرما و گەرما
بۆوەی پشتی غروورمان نەچەمێ
شان دابدەیین بۆ کۆڵبەری و
لە دڵماندا جێیەک دانێین بۆئەو خەمە!
کەچی لێرە
واوێناچێ
ئەم کۆلبەرییەش
بە ئێمە ڕەوا ببینن!
بڕۆن لە مەیدانی مینەکان بپرسن:
بزانن چەند لاق، چەند دەست، چەند پێ
یان چەند جەستە و چەند کۆڵبەریان
لەلای خۆ گێڕاوەتەوە!
بڕۆن لە هێزە ئینتیزامییەکان،
لە چەکدارەکانی دەوڵەت بپرسن
بزانن
بۆ چەند قەتڵ
خەڵات کراون
کۆڵ و باری چەند کۆڵبەریان
بە بێ خاوەن
بێ کۆڵبەر هێناوەتەوە!
وەرن لێرە
لە گۆڕستانەکان پرسن
بزانن تەرمی
چەند کۆڵبەری بەسەر مەنزڵ نەگەیشتوو،
گیانبەختکردوو،
لە توێیان شاردراوەتەوە!

وەرن لێرە
گوێ بۆ ترپەی
دڵی ئەو مناڵە چاوەڕوانانە ڕاگرن
هێشتا باوکیان
هێشتا کاکیان
لەو سەفەرە، بێ سەمەرە، پڕ خەتەرە
بۆ ماڵ نەگەڕاوەتەوە!
وەرن لێرە
قەڵەمەکانتان دەربێنن،
دەفتەرەکانتان بکەنەوە
نێو یادداشت بکەن
نێوی ئەو کۆڵبەرانەی گیانیان لەدەست دا
گیانیان ئەستێندرا
نێوی ئەو منالانەی کە تووڕدراونە
نێو سەد هێندی تر
هەژارییەوە!
نێوی ئەو ژنانەی، ئەو دایکانەی
کە تووڕدراونە
نێو سەد هێندی تر
نەدارییەوە، خەمبارییەوە!
هۆ ئینسان!!
لە کوێی بۆ دەنگم ناتگاتێ؟
لە کوێم بۆ دەنگت نابیسم؟
با دوور نەڕۆم
ئەوانەی لە خۆییش دەچوون
خۆییەکانی ئەو دیو سنوور
ڕەنگاوڕەنگن.
هێندێکیان

به بێ بەخۆدا شکانەوە
بەردەوام و بێ پسانەوە
ئارەقی ژێر
سەر و سمێلی بۆیاخ کراویان
بە شاقەلی
مەلاکانی تاران
فێرە باوەشێن کردووە!
هێندێکیشیان
"ئانکارا"یان پێ خۆشترە
ئوسمانئۆغلوون
لەوان خۆیان
فێری لووشکە هاویشتن و
بەردەفڕکێن کردووە!
هێندێکی تر
هەر بەغدایی ماونەتەوە
لە دیش داشەدا ڕاحەتن و
خۆیان بێ پشتێن کردووە!
*
لە ناو کورتە پەیامێکا
لێت پرسیبووم
مەرگی لە ژێر ڕنووی کۆڵبەرەکانت
لە پشت ئاوایی بێوران بیستوە؟
لێت پرسیبووم
بۆ بێدەنگی؟
بۆت نووسیبووم
چاوەڕوانین!

٢٠١٧-٨-٩

## کاروانمان بەرەو کوێ دەچێ؟

کاتێ پێکهات
دەروون چەشنی دەریا هەژا
فیلمیکی تاڵ
پڕ لە زنجیر
پڕ لە یەخسیر
پڕ لە ئەشکەنجە و پڕ لە پاستیل
پڕ لە عارەق، ڕەنج، برسیەتی
پڕ لە مرۆڤی پێ پەتی
پڕ لە فرمێسک
پڕ لە کەنووی دەرنەبڕدراو
پڕ لە بێ بەرگی
لە مرۆڤی ئانیشک دڕاو
جارجارەش سەربزواندنی
بە شوێنیشیا ڕماندنی!
لە مێشکا هاتە سەر شانۆ
بازی بیرەوەریم فڕی
دوور نەڕۆیی
ڕۆیی هەتا
ڕێبەندانە گورینە کەو
لەسەر نەمانی ئاواتی
میلیۆنەها کەسی ڕەنجدەر
میلیۆنەها بەرهەمهێنەر
هەڵنیشت:
لەڕاست خرۆشی جەماوەر
هەورەتریشقە دەریا و شەپۆڵ
زریانی سڕ

گێژەڵۆکە
لافاوی خوڕ
واقیان وڕما!
ئەو تۆفانی ڕق و قینە
ڕەگاژۆی لەمێژساڵە بوو
بە ئێمە و خەڵکی ڕاپەڕیوو
بووینە تەوژم
بووینە سێڵاوێکی بەهێز
لەو بەینەدا
من ڕووباری سەرەکی بووم
هەتاکو من
چەرخی بەرهەمم نەوەستاند
هەتاکو من
چەکوچ بەدەست
لە مەیدانا خۆم نەنواند
قاژە و قریوەی عەبا لەبەر
خۆ گیڤدانی
خەڵکی هەندەر
نەزمی وەڵاتی نەلەرزاند
کاتێ هاتم نەچوومە پێش!
هەر وەک ئەوان
بێوەی ئاسۆی ژین بەدیکەم
لەگەڵ سیاهی لەشکرا
خولێکی ئەم دەورەم سوڕان!
بەڵام هەیهات
دوای دەرچوون لەیەکەم بوار
لەمابەینی مەرگ و ژینا
زنجیر و پەت
دەرەتانی بەرەو پێشیان

لێتەنیبووم!
گەردی شکست لەسەر لێوم
پەنجەی خستە قاقای کەنووم!
لەمێژ ساڵە
لەمێژ ساڵی ئێجگار تاڵە
ئێمە و ئەوان بووینە دوو چین
خاوەن دوو ژین
لەنێوانی ئێمە و ئەوان
باکۆیەکی سەریەک نراو
لە سەرمایە!
سنوورێکی پێکهێناوە!
هەرچەند لوولەی دووکەڵکێش و
پێچ و چەرخی کارخانەکان
ڕازاوەیی شەقامەکان
خشت بە خشتی تالارەکان
مۆری پەنجە و
سووری خوێن و
ڕەنگی ئارەقی تەوێڵ و
کەفی شانی منی پێوەیە!
بەڵام لە بەڵگەی قانوونا
ئەو بەرهەمی هێزی کارەم
لەسەر پەڕی
قەباڵەی ئەوان نووسراوە!
لەم بەری سەرمایەکەدا
ئێمە چینێکی درێژ و دوور
هەتا بڵێی زۆربێ سنوور
لە جەمسەری ئەو سەرە و
تا ئەمسەری ڕێزەکەمان

بەزنجیرێک
پێوەند کراوین
گشتمان شەکەت، ماندوو، برسی
کۆڕی ژینمان پڕ مەترسی!
لەوبەری سەرمایەکەدا
دووژمنەکانم وێستاون
لێو بەبزە
چاو وڕیشەدار
لەش بێ ئازار
سفرە ڕەنگین
دڵ بێ ئەسرین
هەرچەند ئەوان زۆر کەمترن
بەڵام چێوبەستی دنیایان
وەها لەسەر یەک داناوە
پتەوترن
ئەوان لەسەر ڕەنجی کاری
منی هەژاری لەش خەستە
دەخۆن، دەنوون، ڕادەبوێرن!
بەڵێ زەروون
بەخوێنی من
باغی ژیانیان دەدێرن!
کاتێ پێکهات
حیزبەکەمان
دڵنیا بووم
ڕۆژێ دادێ
چی تر دووژمن
چارەنووسی من نەنووسێ
چی تر زنجیر
سەر مەچەکم ڕانەمووسێ

چی تر ڕەنجم
گەنجی ئەوان نەخەملێنێ
چی تر هیچ کەس
باغی هیوام نەشەمزێنی
دڵنیا بووم ڕۆژێ دادێ
زنجیرەکان بتوێنەوە!
جەستەی خەستە بحەسێنەوە
ژین سەفا بێ
دڵی مرۆڤ
پڕ خۆشەویستی و وەفا بێ!
لەهیچ سوچێکی ئەم زەوییە
نەبینرێ ژان!
نەبیسترێ ئاخ
نەگووترێ وەی!
دڵنیا بووم ڕۆژێ دادێ
نەسڵی دوا ڕۆژ
زۆر بە سەختی بیسەلمێنن،
کە لەمرۆدا
ژینی مرۆڤ هێند دژوار بووە
کۆمەڵی کرێکار و هەژار
ئەوەند دیلی ستەمکار بووە
دەسا هیمەت ئەی هەڤاڵان
جێژنانەی حیزبەکەی ئێمە
باوەڕی قووڵ، وشیارییە
ئەو ڕۆژەی ئەم دیارییە،
بگاتە دەست
ئەو کۆمەڵی کرێکارە
ئەو گشتە ڕووت و هەژارە

یەک ڕاپەڕین
بەسە بۆ وەی
بۆ سبەی ڕا خۆر میوانی
دەسەڵاتی شووراکان بێ!
ئاڵای سوورمان
بە بەرزی سینگی ئاسمان بێ.

١٩٨٥

# عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)



عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنووسێت و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و سایتە ئەلەکترۆنییەکان شیعر و وتاری ڕەخنەیی ئەدەبی و سیاسی و جەماوەری بڵاو کردۆتەوە. چەندین کۆڕی شیعری ساز کردووە لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ جەماڵ کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ) "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" دادەمەزرێنن و بۆ ماوەی سێ ساڵ یانزە ژمارە لە گۆڤاری "ڕابەر" دەردەکەن. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢. سەرنووسەری چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی "دەنگی بێکاران - زمانحاڵی ڕێکخراوی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان" بووە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٤ کە لە شاری هەولێر دەردەچوو. ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا خوولی یەکەم بووە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ - ٢٠٠٣ کە لە وڵاتی سوید دەردەچووو ئێستاش ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا خوولی دووەمە. مەشخەڵ نزیک بە دوو دەیەیە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت و تا ئێستا نۆزدە نامیلکە و کتێبی چاپ کردووە و نزیک بە بیست کتێبێکیشی ئامادەن بۆ چاپ.

## که دەستگێڕ بووم

به منداڵی نۆکی خەم و
پاقلەی دەرد و
کرێمستی ژان و ئازار
هەناری حەسرەت و خۆزگە و
شەککەراتی نائومێدی و
گوڵەبەڕۆژەی مەینەتیم فرۆشتووە
به ددانی منداڵی خۆم
ورده ئێسکی دەستکورتی و هەژاری و بێمافی ژیانم کرۆشتووە
بەمنداڵی منی دەستگێڕ خەونم هەبووە گەورەتر له تەمەنی خۆم
به منداڵی ڕۆژەکانی تەمەنم چرکه دوای چرکه
دەسووتان و دەتوانەوە هەروەکو مۆم
من ئێستا چیتر منداڵ نیم
به دەستگێڕی بگرم دەستی بابه و دایه
ئەمڕۆکه کێوێک له ئومێد
دەریایەک له تووڕەبوون و
تا چاو بڕکا دەشتاییەک له بەرخوردانم لەدڵی
شیعر و شانۆ و نووسین دایه.
من ئێستاکه لەسەر تەبەقەی نووسینم
وشەی ئومێد به شۆڕش و
سروودی خەبات له دژی چەوسانەوەی بورژوازی
دەگەیەنمە ماڵ به ماڵی زەحمەتکێش و کرێکاری ئەم دنیایه
گۆمی نووسینی ئێستاکەم لێی بڕوانی
مرواری ئازادی ئینسان
گەوهەری یەکسانی ژین و دادپەروەری لەبنایە.
منی دەستگێڕ بەمنداڵی منداڵیم تێکشکا و لەژێر قورسایی کار چەمامەوە
ئەو ساتانەی منداڵانی هاوتەمەنم دەچوونە خەو
من لەژوانی پەیداکردنی دوو دینار دەمامەوە.

گەلێجار شەرم دەیژاکاند ڕوخساری زۆر جوان و گەشم
چارم نەبوو چون دەمزانی لەهەموو نازو نیعمەتی منداڵانەی خۆم بێبەشم.
کە ڕاست و چەپی خۆم ناسی بۆ دەربازبوون لەو دۆزەخەی تێیدابووم من
تەنها ڕێگا ئاشنابوون بوو بە مارکس و سۆشیالیزم و
بینینی سەرمایەیە وەک دوژمن.
نیسانی ٢٠١٦

## کرێکارێک لە یادەوەری کوڕەکەی

باوکم کرێکاری شەریکەی نەوت بوو
هیچ ڕۆژ نەبوو بەسەرباڵی خەمێکەوە نەچێتە سەفەری ئومێد
هیچ سات نەبوو دڵی لەنێو شەپۆلی نەوت سەوڵ لێنەدا
چەند سەیر بوو دەمبینی هەم سێبەرەکەی خۆی جێدەهێشت و
هەمیش هەڵی دەکوتایە سەر دەمامکە شکاوەکان
باوکم ئارەقەی کارکردن و شکۆمەندی دەرست و لەناخیشیدا جگە لە ئومێد و
خۆشەویستی
تەرمی جەنگ و مەرگی هەڵدەدایە کەنارەکانی تەسلیمبوون
باوکم تا مرد باسی سەفەری نەدەکرد
ڕەنگە بۆ دایکم هەندێک ڕۆمانسی بووبێ
ڕەنگە دڵی چووبێتە سەر گەلێ بووکی جوان و ژیکەڵەی دادپەروەری
بەڵام دەستی دایکمی بەرنەدا
چ حیکمەتێک بوو باوکی من بەسەر شاخە بەرزەکانی تێکۆشانا سەردەکەوت و
هەرگیز سەری دانەنەواند
چ شکۆیەکی جوان بوو منی لەسەر ئەوینی نەفرەت ڕاهێنا و توونت توونت دەستی
ئازادی گرت
باوکم تروسکەی گڕێک بوو
لەو ئاگرەی خەمی ژیانی دەسووتان
ئەو ژیا تا خۆی بنێتە نێو فارگۆنی شەمەندەفەری کەرنەڤاڵ

بۆ دوورگەکانی بێخەمی
بۆ باخچەکانی خۆشنوودی
بۆ کەناری ڕووبارەکانی یەکسانی
بۆ سەر سەکۆی دادپەروەری
ئەو ئێستاکەش گڕە بەڵام بە بێدەنگی و بە بێڕەنگی خەریکە خۆی دەسووتێنێ
لەو ڕۆژەوەی جێی هێشتوومە
هەر لەلامە و هەنگاوەکانی دەستەمۆی بێکەسیی نەبوون
ئەو لێرەیە ئەو خەندەیە
ئەو سووکنایی دڵ و گیانە
لەهەر کۆیەک هاوار بکەم
دەنگی ناخم دەنگی کرێکاری شەریکەی نەوتە و
هاواری بابە گیانە.
*
بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ
باوکم کرێکاری شەریکەی نەوت بوو
بوو بە حەسرەت ژیانی زستانێکی سۆپاکەی پڕ لە نەوت بێ
گیرفانێکی گەرموگوڕ پڕ لە پارە
ڕەنجی دەدا و ئارەقەی ڕشت
تێدەکۆشا ئاشنا بێ بە ڕێگاچارە
دەستەکانی خەباتی ئەم کرێکارەی کە باوکم بوو
بەسترابوونەوە بە زنجیری ئیسلامبوون و کوردبوونەوە
هەر ئەم چاویلکە تەڵخەش بوو
ڕێی لە بیرکردنەوە و بینینی باوکم گرت
بۆ تێگەیشتن وورد بوونەوە
باوکم کرێکار بوو تا مرد
بەداخەوە چی ئومێد و خەون و خۆزگە و هیوای هەبوو
لەگەڵ خۆیدا بۆ گۆڕی تاریک و تەنگ برد
باوکم ئەهلی خوێندن نەبوو
خەمی دەخوارد کە ناتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ

چ ئاواتێکی قەشەنگ بوو باوکم دەیویست
نێوان پەنجەکانی دەستی بکات بە مۆڵگای پێنووسێ
کاتێ کەمرد وایان زانێ جەستەیەکی شەکەت لەکۆڵ ژیان بۆوە
ئاسوودەیی دەرگاکانی ژیان دەکوتێ
نەیانزانی ئەو مردووە هەموو ڕۆژێ
کانگای گڕە و بۆ خەڵکی چەوساوە دەسووتێ

تەمموزی ٢٠١٦

## باهۆزی ڕاپەڕین

ئەی باهۆزی دارمان و
داڕووخان و
ڕامالین و
بنیادنانەوەی کۆمەڵگە
ئەی ڕەشەبای تووڕەیی و ڕق با یەکگرین
با لەژێر ئالاّ سوورەکەی مارکس – لینین کۆببینەوە
با هەروەکو ڕووبارێکی سەربەرەو لێژ
بەرەو ناخی خەون و ڕاستی و ئومێدەکان شۆڕ بینەوە
با لەبەردەم پەیکەری ستەم و زۆری بۆرژوازی
ببین بە هەتاو بۆ ڕۆژی تاریکیی ژین
ببین بە موژدە بۆ دونیای دادپەروەری و سۆشیالیزم
دونیای بێ چین
ئەی زریانە تووڕەکەی ڕوو لە وەرچەرخان و ئالۆگۆڕ
ئەی بەشمەینەتان
بەرهەمهێنەرانی ژیان
دەستفرۆشان
کاسبکاران

دوکانداران
مامۆستایان
خوێندکاران و
پزیشکان و
ئەدیبان و
هونەرمەندان
پیشەوەران
شوفێران و
کارگوزار و
کچان و ژنانی توورە و دڵشکاوی نێو کۆڵانەکانی ژیان
دەی هەستن و با لەژێر سایەی کارگەران
مشتی توند و قووچاومان ئاڕاستەی ڕووی چەوسانەوە کەین
لەژێر کوخی کۆیلەبوونمان بێینە دەرێ و
ئاڕاستەی ژین ڕوو لە خۆشی و سانەوە کەین
دەی با ببین بە لافاو و بێینە هەستان
با لە دژی بێحورمەتی و شکانی شکۆی ئینسانییەت بێینە دەستان
ئەی باهۆزی بەشمەینەتان
بەرهەمهێنەرانی ژیان..زۆر درەنگە بۆ یەکگرتن، یەکپارچەبوون
یەک جەستەبوون، یەک دڵ و یەک بیروڕا بوون
با هەڵتەکێنین بناغەی ژینی کۆن ئاوس بە قەیران
با گشت جیهان بکەین بە هەمیشە بەهار
بۆ خۆشگوزەرانی و بۆ سەیران
با بێین و قۆڵ لە قۆڵ یەک نێین
بە ئیرادەی پۆڵایینی ئێمەی کارگەر
دونیایەکی شایان بە ئینسان بنیاد نێین

ئەیلوولی ٢٠١٦

## کە جێت هێشتین

بۆ مەرگی مارکس

پرسەیەک هات خۆی کرد بەنێو نیشتمانی پڕ لە ئازار و سوێی ژیان
باڵندەکان بۆ ساتێک لە فڕین وەستان
هەناسەکان تاساو تاساو سێبەکانیان جێدەهێشت و
تێکەڵ دەبوون بە بۆن و بەرامەی وشە و یادەوەرییە ڕەنگینەکانی ڕۆژانی پێکەوەبوونمان
لە قەراغ ڕووباری هەوڵ و تێکۆشان
غەم وەک هەورێکی ڕەش تاریک
سێبەری خستە سەر ڕۆژەکانی تەمەن
ماتەمی بوو بە پۆلە ئەستێرەی درەوشاوەی شەوەکانی چاوەڕوانی و
دەست گەیشتن بە هیواکان
کە جێت هێشتین شەقامەکان دەیان پرسی و
دەنگیان دەگەیشتە ئاسمان
کارگەکان لەنێو پاپۆڕەی کرێکاران
کز کز بەدیار وێنەیەکی هەڵواسراوی تۆ دامابوون
ڕێگاکان ماتتر لە جاران لەژێر پێ و هەنگاوی ڕێبوارەکانیدا
دەیانڕوانییە ئەو ئاسۆیەی کە تۆ پەنجەی ئومێدت بۆ درێژ کردبوو
کە جێت هێشتین ڕیز ڕیز کرێکاران هاتن
بە بێدەنگی کڵاوەکانیان لەسەریان داگرت و
بەڕیزەوە لەبەردەم گۆڕستانەکە وەستان
لە پێشوازی ئەو هەتاوەی کە تاریکایی قووت دەدا
ئەو ڕووبارەی گەرووی وشکی تێراو دەکرد
ئەو پێدەشتەی پڕ لە گوڵ لە گوڵزارەیجێی سەیرانگای کرێکار بوو
ئەو شنەیەی کە ئارەقەی لەشی ماندووی کۆیلەیەکی دەسڕییەوە
ئەو ئاسمانەی جێی شەقەی باڵی باڵندەی ئومێد و هیوا و ئاوات بوو

ئەو باوەڕەی پۆڵا ئاسا دیوارەکانی غەریبیی و تەنیایی و گۆشەگیریی تێکوپێک دەدا
ئەو دەستەی پڕ بوو لە خەون
ئەو چاوەی پڕ بوو لە ڕوانین
ئەو دڵەی پڕ بوو لە ئومێد
ئەو چرایەی پڕ بوو لە شەوق و لە شکۆ
کە جێت هێشتین ئیتر بووی بە خۆر بۆ ژیان
بۆ دەرد و زام بووی بە هەتوان
بووی بە ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئاسۆ نزیک و دوورەکان
بووی بە شەبەق لەنێو دڵ و نێو باوەڕی
کرێکارە مەچەک تۆکمە و هەڵگری ئاڵا سوورەکان

ئازاری ٢٠١٧

## هەموو ڕۆژێک ڕەش دەچمەوە

به قوربانیانی کرێکارانی کانەخەڵوزەکان پێشکەشە

ئەوێ ڕۆژێ بەر لەوەی ئاخرین نامەی شۆڕشگێڕێکم پێبگا
بەر لەوەی گوڵی خەونەکان بپشکوێن و
بەر لە تەواوبوونی تابووتی جەللادی چاوچنۆکمان
بەر لە خەبات و ئیعتراز
بەر لە زیندان
بەر لە هەڵکێشانی یەک یەکی نینۆکمان
لەنێو ئارەقە و دووکەڵی ڕەشی کانەکانی مەرگا
بەخەیاڵ دەڕۆمە پارک و کەنار دەریا
دەستی هاوژینەکەم دەگرم. پێدەکەنین
تا لەناکاو هاوکارەکەم دەڵێ ستەم چی لێکردی
دیسان مەلی خۆزگە و خەیاڵ بۆ کوێی بردی
منیش لەنێو گۆمی مەنگی ڕەشاوی ئارەقە و تەنیی هەر مەلەمە
بۆ گەیشتن بە ڕووناکی ئەو دیو پەردەی ڕەشی ژیان زۆر پەلەمە

دیمەنێک دەمبا و دەمهێنێ
دیمەنی خەو، خەون و خەیاڵ و خولیا و خەم
ئەو کاتانەی کە ئێواران بەرەو ماڵ و نێو باوەشی خانەوادەکەم دەبمەوە
منی کارگەر لەنێو کانە گۆڕ ئاساکانی خەڵووزدا
وەکو قەتران ڕەش دەچمەوە
نانم ڕەش و
ئاوم ڕەش و
ژینم ڕەشە
لەنێو باغی خۆشەویستی خانەوادەم
بزەی جوان و
ماچی رەنگاوڕەنگ و
بۆنی سووری هاوژینەکەم بەشە
منی کارگەر هەستم دەنێمە نێو دڵی کانەکان و ناخی زەوی
ئاخر ڕەنجم بۆ ئەوەیە بێباک بە ڕۆڵەکەم بڵێم
خەمت نەبێ کارێک دەکەم قەت نەکەوی
من دەزانم ڕەنج و ئارەقەی کارکردن بۆ گیرفان سەرمایەدارە
منی کارگەر هەرچی دەکەم هەر دەبینم بۆرژوازی پایەدارە
چونکە ڕیزمان یەک ڕیز نییە
چونکە دڵمان یەک دڵ نییە
خەونمان هەمان خەون نییە
ئامانج هەمان ئامانج نییە
کاتێ غەدری سەرمایەدار دادەپۆشێ ئاسمانی ژین
لەبۆ شۆڕش دێمە مەیدان وەلا دەنێم تەفرەقە و قین
هەتا وەکو گوڵاڵەی سووری یەک دەستی و یەک دڵی خۆ نەدەین لە بەرۆکی یەکتر
نەبین بە یەک جەستەی گەورە
هەرگیز ناتوانین بگۆڕین جەوهەری ئەم چەرخ و دەورە
دەی هاوڕێیان با لەبری دابڕان و دەنگ هەڵبڕینی تاک تاکمان

ڕیزمان یەکپارچە بێ و کارمان
کۆتایی بێ بە ژیانی پڕ دەردەسەری و خەمناکمان

ئایاری ٢٠١٧

**سەرچاوەکان:**

- پشکۆکانی نێو ئاگردانی یاخیبوون، شیعر عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، دار الروێ للطباعة و النشر، چاپی یەکەم بغداد ٢٠١٦.
- خۆرنشینان بارانی وشە سوورەکان تەڕم دەکا، شیعر، عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، چاپخانەی چوارچرا ٢٠١٩.



# نەوزاد مدحەت
# (گۆران عەبدوڵا)

نەوزاد مدحەت ( گۆران عەبدوڵلا) لە ١٩٦٤ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە. لە کۆتایی دەیەی حەفتاکانەوە دەستی بە کاری سیاسی کردووە، سەرەتا لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان تا ساڵی ١٩٨٥و پاشان لەگەڵ ڕێکخراوەی ڕەوتی کۆمۆنیست و پاشتریش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تا ساڵی ٢٠٠٢. پاش ئەو مێژووەش دەستی لە کاری حیزبایەتی کێشایەوەو وەک کەسێکی سەربەخۆ ماڵپەڕی دەنگەکانی دامەزراند و تائێستاش بەردەوامە. بەشداری چالاکانەی هەبووە لە خۆپیشاندانەکانی شاری کەرکووک و ڕاپەڕینی ١٩٩١دا و شورا کرێکارییەکانی هەولێر. شایانی باسە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی بێکاران لە کوردستان، لەو ڕێکخراوە وەک لیژنەی باڵا و دەستەی نووسەرانی دەنگی بێکاران کاری کردووە تا ناوەڕاستی ١٩٩٥ و پاشان ڕووی کردۆتە دەرەوەی وڵات و لە ساڵی ١٩٩٦ وە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت.

## بۆ منداڵێکی نان فرۆش

شەو ڕێبوارێکی ماندووەو
ئەوەتانێ وەنەوز ئەدا
ئەستێرانیش یەکەیەکە
وەکو حەس حەس چاوی زیتیان هەڵئەهێنن
شەو دایکی ئەو کۆشکانەیە
ئەوتانێ یەکە یەکە
لە باوەشیا ئارام ئەگرن
تۆ...نیشانەی نادرووستی دنیای ڕزیوی سەرمایەی

باڵات باڵای
بلۆکێکی ئەو کۆشکانە تێپەڕ ناکا
کەچی هاواری نان.. نان...ت،
سەدایەکەو
باڵاترین کۆشکی جیهانیش سەر ئەکا
هاواری نان..نان..ت
ڕەشەبایەو ..
خۆی بەشووشەپەنجەرەی
مفتەخۆرانا ئەکێشێ و
پەی بەدرزی ستەم نابا
تا دەستی تۆڵەی یەکجاری
لەهەناسەی یەک یەکیان نێ.
هۆ هاوڕێ بچکۆلانەکەم
کە نان هەرماو جێی نەهێشتی
هیواش هات و
وەک ئەو شەوە لێی ڕاکشا
هاوار نووست و
فرمێسکەکان بەبێ دەنگی هاتنە خوارێ
شەو تا ئەهات چڕتر ئەبوو
فرمێسکەکان لە ئەو چڕتر
شەو تا ئەهات ڕەشتر ئەبوو
ژیان لە چاوانتا ڕەشتر.
هۆ هاودەردی خەمەکانم
لەفرمێسک و لە هاوارتا
گەندەڵ بوونی ئەم نیزامەو
ئاسۆی سووری دونیایەکی
نوێ دەبینم.

٢٤ ی ئازاری ١٩٨٩

* **تێبینی**: ئەم شیعرە لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری "رابەر" ئۆرگانی "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بڵاوکراوەتەوە.

## ژیانی من

دەرگای ماڵ دادەخەم و دەرگای خۆر دەکەمەوە
ڕۆحم دەدەمە دەستی خەیاڵ و
گیانم تەسلیمی کاردەکەم
ئارەقەی ماندوبونم
دەکەمە هەوێنی ڕۆژێکی تری ژیان و
ژیانی تۆش، تۆ
ئەی خۆبەخودازانی من
پڕ لەژیان و ژیان دەکەم
ئێوارانیش شەکەت، شەکەت وەک ڕۆحی خۆم
دەرگای خۆر دادەخەم و دەرگای ماڵ دەکەمەوە.

تۆرۆنتۆ ٢٠١٦

## بۆ ئافرەتێکی هەژار

هەموو ڕۆژێک،
جارێک دووجار
بە باڵای کۆڵانتدا هەڵدەزنێم
هەموو ڕۆژێک کە دەتبینم
وەک خەنجەرێ
بە ناو برینما ڕۆدەچی
هەموو ڕۆژێ
تیشکی نیگام بێ ویستی خۆم
لەسەر خەرمانەی خەمی سیمات
دەنیشێتەوە.

وەک پەیکەرتاشێک
پەیکەرێکی نوێی مەینەتیت
لە هەناوما دادەتاشیی.
هەموو ڕۆژێک کە دەتبینم
لە چاوانتا
هەزارانی تری وەک خۆت دەبینم.
ئەی قژ شێواوی ڕوتەڵەی
ڕەنگ زەردو برسی،
کۆڵێک مناڵ بە کۆڵەوە
تف لە هەموو یاسایەک دەکەم
بەم ژیانەت بڵێ ئەزەلییەو ئەبەدی
تف لە خۆم و ژیان دەکەم
گەر سەرچاوەی ژانەکانت
بۆ یەکجاری
وەک میوە ڕزیوەکانی بەر دەرگای ماڵەکەت
لە ژێر پێما نەتلێنمەوە.
١٩٨٨ تەیراوا- هەولێر

## بۆ هەژاران

هەژارەکان،
کرێکار و جوتیارەکان
ڕەنجدەر و ڕەنج نەخۆرەکان
بە دەمارەکانی گیانی خۆتان
شەو دەبەستن بە ڕۆژەوەو
لەسەر سنگی نانێکی ڕەق
دەرگای ڕۆژێکی تر دەکەنەوە.
کاتێک ماندوبوون دەبێت بە هاوار و
نان بە شۆڕش

نیشتمان زیندانێکی گەورەیەو
سەرمایەدار دەرگەوان.
بەڵێ ئێمەین کە دێنەدەر
لەو کاتانەی وەکوو زنجیر
ئەڵقە ئەڵقە قۆڵ لە قۆڵدا
ڕادەماڵین نەزم و تەختی فاشیستەکان
خۆری ژیان بە تەوێڵی ئاسمانەوە
بۆ هەمیشە دادەکوتین
بەڵێ ئێمەین
ئێمەی پرۆلیتار.

٢٠ی شوباتی ١٩٨٣

## نامناسنەوە

سڵ ناکەم لێتان،
سڵ ناکەم لە هاڕەو هوڕەی
چەکی نوێتان.
سڵ ناکەم
لەپیلان و فرت و فێڵتان
ڕەنگە گێل ببن
کە.. نامناسنەوە
من.. ئەو ڕۆڵەیەی شیکاگۆم
بێ باک لە قەنارە،
بە ڕووتانا هاتمەوە.
من.. ئەو ڕۆڵەیەی کۆمۆنەم
لە پاریسا...
لە کوچە و کۆڵانا،
بە ڕووتانا تەقیمەوە.

من.. ئەو بەلشەویکەم
هەنگاوی مێژووم تاوداوە.
من ئەوەم...
کۆشک و تەلارتان
بە بازوی پۆڵاینم
بنیات ناوە.
ئیتر چۆن دەتوانن
ڕەوتی مێژوم ڕاگرن.
باش بزانن...
ڕۆژێک دادێ،
دەنگی زوڵاڵم
زەنگی کڵێساو
دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکانیش
دەتاسێنێ
قەڵای بەفرینتان
دەتاوێنێ.
ئەم جیهانە وەیشومەیە
دەڕوخێنێ
بوونتان بە نەبوون و
بوونم هەر بوون و هەربوون
تا جیهانی بەرابەری
بەدی دێنێ.

١٩٨٧ کەرکووک

* لە ژمارە دووی گۆڤاری کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بڵاو بۆتەوە.
* شیعرەکان و ژیاننامەکە لەلایەن شاعیرەوە نێردراون.

# ئیسماعیل تەنیا



ئیسماعیل تـــەنیا، لە نیسانی ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی (گۆمەگرو)ی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، لە هەولێر لە دایک بووە. لە بواری نووســـیندا لە ساڵی ١٩٧٨ دەستی بە شیعر نووسین کردووە. یەکەم بەرهەمی شیعرێک بووە کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری لە ساڵی ١٩٨٠ بڵاوی کردۆتەوە. یەکەم کۆمەڵە شـــیعری بە ناوی "پەردەی شەرم"، لە ساڵی ١٩٨٢ دا، چاپکردووە. تا ئێســـتا شانزە کتێب و نامیلکەی لە بوارەکانی ئەدەب و ڕۆژنامەگەرییدا بە چاپ گەیاندووە.
لە بـواری ڕۆژنامــەگەریـــدا چەندین بابەتی لە ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی حیزبەکان بە ناوەکانی (فەرهەنگ، ب.دەوەن، ڕێکان) بڵاوکردۆتەوە. لە پاش ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩٢ دا، لە ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی) وەک ئەندامی دەستەی نووسەران کاری کردووە. یەکێک بووە لە دامەزرێنەر و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (زەنگ) لەگەڵ هاوڕێیان (غازی حەسەن و گۆران جەلال)دا بڵاوکراوەی (ژیـلەمــۆ)یان بە نهێنی لە شاری هەولێر دەرکردووە و توانیویانە حەوت ژمارەی لێ بڵاوبکەنەوە. ماوەیەکیش وەک دەستەی نووسەران لە ڕۆژنامەی (یەککگرتن)دا کاریکردووە.
لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەشداری هەبووە و بەرهەمەکانی لێ بڵاوکردوونەتەوە و لە چەند کۆڕ و سیمینارێکدا لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بابەتی پێشکەش کردووە، زێتر گرنگی بە بواری لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و بە دیکۆمێنتکردنی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەدات. ئێستا لە ئەڵمانیادا دەژی.

## یەکی ئایار

پیرۆزترین ڕۆژی کرێکار
سەرکەوتنی هێزی چاکە

بەسەر ستەمکار.
تۆ لە دڵمی
هیواو ئاوات تاکە گوڵمی
تۆم لەیادە
بە هاتنت دڵم شادە
بەخوێنی دڵم هی شادەمارم
نووسیومە لەسەر دڵەی زامدارم
لەسەر ئێسقانم
ناوی پیرۆزی تۆم هەڵکەندوە
چونکە لەسایەی قوربانیدانت
مافی تەواوی خۆمان سەندوە.

* * *

یەکی ئایار
مێژوویەکە بۆ کرێکار
هەڵمەتێکە بۆ بڕینی دەستی زۆردار.
ئا لەم ڕۆژە پیرۆزەدا
لە ئەمەریکای سەرمایەدار
کرێکارانی شیکاگۆ
هەستان وەک شێر
کۆبوونەوە، دەستە دەستە
هەموو وەستان
دژ بە پیاوانی ملیۆنێر.
داوای مافی زەوتکراوی
خۆیان دەکرد
بەدەستو برد.
چەند هەزاریان لێبوو شەهید
لەڕێی ژیان
ناچاریان کرد سەرمایەدار
ملکەچ بکاو

دان نێ بە مافی بەرزیان.
ئالەم ڕۆژە پیرۆزەدا
تەلاری زۆرداران ڕوخان
بەدەستی چینی چەوساوەی
هەموو جیهان.

١٩٨٠/٤/٢٩

**سەرچاوە**: پەردەی شەرم، شیعر، ئیسماعیل تەنیا، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٨٢، ل ١٥-١٧.

* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.

# لالۆ ڕەنجدەر



تۆ شاعیر نیت
گەر شاعیر بای
وشەت ئەکرد بە چەکۆشێک و
ئەتکێشایە تەپڵی سەری بۆرژواکان
گەر شاعیر بای
وشەت ئەکرد بە داسێک و
ملی ئاغا و ڕەفتارئاغات پێ ئەقرتان
تۆ شاعیر نیت گەر شاعیر بای
ئۆژین ئاسا
ڤیکتۆر ئاسا
پێنووسەکەت ئەخستە گەڕ
بۆ کارگەران
بۆ ڕەنجدەران
بۆ چەوساوە و ڕەش و ڕووتی هەموو جیهان
شت بنووسێ
هەر شاعیرێ تۆ ئاسا بێ
تەنها بۆ ناو شت بنووسێ
چاکتر وایە بە شەرمەوە
پێنووسەکەی بشکێنێت و
کڕ کەوێت و هیچ نەنووسێ.

ناوزەنگ ١٩٨٢

## ئێمە جووتیاری هەژارین

ئێمە جوتیاری هەژارین
برای چینی کرێکارین
بە ناولەپی قڵیشاومان
بەرهەم هێنەرین بۆ هەموان
عارەقەی گەرم دەڕێژین
خۆگر و پشوو درێژین
بیر و باوەڕمان پۆڵایە
لە بۆ ئاغاکان بەڵایە
دەگ ماڵی وێران بێ ئاغا
چۆن سێ یەکی ڕەنجمان دەبا
ئێمە زۆربەی ئەم میللەتەین
ئێمە ئاسۆی کەل دەردەخەین
کرێکارانی شارەکان
با مان بگرن لە کارگەکان
ئێمەی جووتیار پاڵ پشتیانین
برای بڕبڕەی پشتیانین
پڕۆلیتار پێشڕەومانە
هەر ئەو ڕێنیشاندەرمانە
کات بەسەرچوو دەست و برد کەین
تەختی زۆردار ژێر و ژوورکەین
بە چەکوشی کرێکاران
بە داسی دەستی جوتیاران
ڕەنجی ساڵەهای ساڵانمان
ماندوێتی هێزی دزراومان
لە گەرووی ئاغای دەردێنین
ملی بۆرژوا دەشکێنین
هەرچەن تا ئێستاکە دیلین

دەست و پێوەن بە زنجیرین
بەڵام ئەمڕۆ نۆرەمانە
نۆرەی لە خەو هەستانمانە
کرێکار پێشەوامانە
شۆڕشی ئێمەو ئەوانە
با ڕاپەڕین چەشنی گڕکان
لە ڕووی جەزرەبەی زۆرداران

**سەرچاوە**: شیعری یەکەم لە کاسێتی تیپی هونەری چەوساوەکان ١٩٨٤ کوردستان وەرگیراوە و دواتریش لالۆ ڕەنجدەر خۆی بۆی ناردمەوە.
**تێبینی**: هیچ زانیارییەکم لەسەر ژیاننامەی سروودخوێن و شاعیر دەست نەکەوت هەرچەندە چەند جارێکیش داوام لێکرد ژیاننامەی خۆیم بۆ بنێرێ.



## حەمە عەباس

محەمەد عەباس رەســـــووڵ (حەمە عەباس) لەدایکبووی ١٩٦٦ گوندی گردعازەبانی ســـەر بە پارێزگای هەولێرە. چەندین ســـاڵ کرێکاری و چەند ساڵێکیش پێشمەرگایەتی کردووە. هەر لە پێشمەرگایەتیش یەکەمین نامیلکەی شـــیعری بڵاو بۆتەوە لە ناوەڕاســـتی هەشـــتاکانەوە دەنووســـێت. حەمە عەباســـی شاعیر تا ئێستا دە کتێبی بەچاپ گەیاندووە.

### تاریکستان

لە ستوونی دووکەڵی جەنگ
ڕەوتی بزر هەناسە هەڵدەقرچێنێ
لەپشت کارگە دزراوەکان
پەنجەی وەریو سەما دەکەن
لە دەروازەی بەرهەتاوی پاوانکراو
ناسنامە.. دیواربەندی مێژووە
ناونیشان.. دەفتەری گومان
تەمەن.. کرژبوون، داچۆڕان
سوێراوکی ڕەنج
سپیاتیی ڕووی فریشتەییە
دەڕژێتە گەرووی گوڵەگەنمێ
برسێتیی بەژێر باڵەوە
جەژنانە..

سپێدەیێ نیوە برسی و
ئێوارەیێ برسیتر و
نیوەشەوێ پڕ خەونی کولێرەییە
تاریک و روون.. وەرزی پێچانەوەی خەونان
لەگەڵ خەمی رقهەڵگرتوو
رووەو شێی کارگە و
زەرووی ئامێر
هەنگاو
هەنگاوی دوودڵی و گومان

**تێبینی**: ئەم شـــیعرە لە ژمارە ١٠٦ی ڕۆژنامەی رێگای کوردســـتان، ســـاڵی ١٩٩٤ دا بڵاوبۆتەوە.

* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



## سەلام عومەر

سەلام عومەر کەریم لە ساڵی ١٩٦٧ لە قەڵادزێ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لەوێ تەواو کردووە. دەرچووی پەیمانگای تەکنیکییە لە بەغدا. لە سەردەمە سەختەکان هەموو تەمەنی لە پێشمەرگایەتی و کاری نهێنی خەرج کردووە. لە ساڵی ١٩٩٣وە لە ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان کار دەکات و تا ئێستا بەردەوامە. خاوەنی چوار کتێبی چاپکراوە و هەروەها دوو کتێبی ئامادەکراوی هەیە بۆ چاپ.

### سێ وێنە لە کوخەکەی مام تۆمدا

١

کچی خۆزگە ئیڤانگلین
هۆ خەندەی ڕووی کۆیلەکان و ...
خەم ڕەوێنی
دەیانی وەکو بابە تۆم،
گوێم بۆ هەڵخە
تابزانی
چەند عاشقی
ئەم دڵە بچکۆلەیەی تۆم،
ئیڤا ئەشکم
هۆ تەکان و گوڕ و هێزی
ڕەوی هەنگاو و ئەژنۆم
دڵنیابە ...

تۆ چەند تینوویترووسکەی خەندەی
سیمای ڕەشی بابە تۆمی
ئەمن ئێستا گەلێ زیاتر
چاوەڕێی دەرکەوتنی
تیشکی ئاسۆم،
ئیڤانگیلین، ئیڤانگیلین
ئێمەش زادەی هەمان زام و
هۆزو .. جیلین.

٢
ئەوەتا خاتوو ئەلیزا
هیواکانی لە باوەشدا حەشارداوە و
وەکو پڵنگ
لە نێو ئاودا
تاشەو بەستەڵەک دەشێلێ
لە تاو مەزات
لە تاو جەرگ و جیابونەوە
خاکی شیرین جێدەهێڵێ
بابە تۆمیش
لە ژێر چەپۆکی دێوەزمان
لە گیانەڵاو ئازاردایە
کەچی هێشتا !..
چەکوشی وشەو
زایەڵەی چریکەو شتی دی
بە گوێی دژدا دەوەشێنێ،
داستانێکی نوێ بۆ کویلەو

دیلەکانی جیهانی نوێ
دەڕسکێنێ.

٣
ئەوەتا کڕنوش بردن و وشە جوێن
لای بابە تۆم
دژو موچوڕکو ستەمە
بۆیە ئێستا
گیانی تۆم شووشەیەک خوێنەو
لە قوڵایی نێو جەستەمە.

١٩٨٨

## بروسکە شیعر

١
دەبمە فیرعەون
چەند ئەهرامێک درووست دەکەم و
موچەی کرێکارەکانیش
مۆمیادەکەم،
دەبمە هیتلەر
ئەهرامەکان دەڕوخێنم و
تەواوی جومگەکانی وڵات
داگیر دەکەم
ئەوەندە نا
هاوڵاتییانیش سڕ دەکەم و
خۆشم تووشی فۆبیا دەکەم.

٢

نوقورچ لە ڕانی خاک دەدەم،
سیمای دەسەڵات مۆر دەبێ
تادێ موچوڕکی بێزاری
لەنێو شەقامدا زۆر دەبێ

٣

لە پشت تۆوە
خەنجەرێک لە خاک دەچەقێنم
نوقورچێک لەوەی تەنیشتم دەدەم و
بۆڕیەکی دی ئاودیو دەکەم
دیارییەکیش
بۆ براوەی یەکەم، ئەوەی هەر لەسوڵتان دەچێ
دەنێرم،
هەر بەرەو ڕووش
ئاگرێک لە من بەردەدەیو
ئەمیش لە سەر ڕێت دەوەستم و
پلان بۆ بەشکردنی ئەو میراتانە دادەنێم
کە هی خۆم نین،
لەپشت ئێوەوە
هەر بە خەنجەر
گۆڕێک بۆ فرەیی هەڵدەکەنم
گەمەیەکی دیش دەئاخنمە بنکەی فراوانەوە.

٤

هەرخۆم نا

ئەمشەو عارەبانەکەشم ناگەڕێتەوە،
چونکە
لەنێو شەقامەکانی شاردا
داشقەکەم
بە کۆنە تفەنگێک گۆڕییەوە
ئێستا
پاسەوانی کۆنە ئایدیۆلۆژیاکانم و
ئیدی نەخۆم و
نە عارەبانەکەم
هەرگیز شار نابیننەوە.

٥
چاکسازی
کەڵەکە بوونی هەڵەکانی دوێنێیەو
تەنها
زەبەللاحەکان لێی دەترسن
داڕمانی
وشکە کەڵەکەکانی گەندەڵییەو
لە چۆنییەتی
تەنها
دابەستەکان لێی دەپرسن

## ڕۆبۆت

حەزمدەکرد بەر لەمردن
یاپێش کۆچ و شیبوونەوە،

بەر لە توانەوەی جەستەو
بەهەڵمبوون لەژێر خاکو
پەرت بوونی بیر
لە نێو زریان و ڕەشەبا
بەریەککەوتنی ئایدیۆلۆژیاو
تەکنەلۆژیام
بەهەردوو چاوی خۆم دیبا،
*
پێشتر لەنێو ئایدیۆلۆژیا
چەپکێ گۆڕانکاریم دیتن
وەکو وشەی دیمووکراتی و
ئەزبەرکردنی فیدراڵی و
دەق بوون لەنێو یەک هزرداو
مانەوەش لەنێو یەک سەنگەر،
ئێستاش ئەگەر
بەر لە مردن
بەریەککەوتنی ئەو دووەم دیبا
بمزانیبا
تەکنەلۆژیای هزری ڕۆبۆت
لەجیاتی خۆت
دەتوانێ لە کۆنگرەکان و
دانووستان دەنگی هەبێ،
ڕێک وەکو مە
مافی خۆ پاڵاوتن و
ڕەخنەو پێشنیاری هەبێ
یان هیچ نەبێ

وشەی دەوڵەت،
یان سەربەخۆییی کوردستان
بکاتە یەک لە بڕگەکانی ناو دەستوور
ئەوسا وەک مۆم
یاخود وەکو
میمۆری خۆم خۆمم فۆرمات دەکرد و
بەتاڵ دەبوومەوە لەخۆم.

*

تەکنەلۆژیا
یاخود ڕۆبۆت
ڕێک لەبری ئایدیۆلۆژیا
گەر بتوانێ لەودیو پەیڕەو
هاوڕێ و
هەڤاڵ و
برای هەبێ
وەک کەسایەتییەکی ناسراو
دەنگ و سیما و
کۆمەڵێک جیاوازیی ڕای هەبێ
ئیدی ئەوسا کاکە ڕۆبۆت
لەجیاتی خۆت
ئەو دەسکەوتانەی سەرەوە
بەبێ شەڕو جیابوونەوە
دەهێنێ بۆت،

*

ئاخر بەر لەشیبوونەوەم
حەزم دەکرد

جەنگی نێوان تەکنەلۆژیاو ئایدیۆلۆژیام
هەر بدیبا
تاکو هزری ئەلکترۆنی و
فرۆکەی تیشکی
بەناخیشمدانەبێ
بەتەنیشتما تێپەڕیبا.
ئیدی حەزمە بەر لە مردن
یان بەر لە هەڵم بوونی جەستەم
منیان کردبا
بەرۆبۆت یا تەکنەلۆژیا
تا بمزانیبا هزری خۆم
تەنیا بۆ خۆم
یان هەر لەنێو ئایدیۆلۆژیا
تەنیا دەژیا؟

**سەرچاوە**: ئەم شیعرانە و ژیاننامەکە لەلایەن شاعیرەوە نووسراون و نێردراون.



# سابیر ساڵح گۆران

سابیر کوڕی حاجی ساڵحی عەزیز گۆرانە لە گوندی گۆمەگڕووی دەشتی هەولێر لەدایک بووە، هەر لە حەوت ساڵانەوە لە شاری هەولێر ژیاوە. لە ساڵی ١٩٥٠ دا هاتۆتە دنیاوە. هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانیشی هەر لە هەولێر تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٧٣وە دامەزراوە بەمامۆستا، ماوەی چل ساڵ پیشەی مامۆستایەتی کردووە، لە ساڵی٢٠١٣ دا خانەنشین بووە. لە ساڵی ١٩٧٦ هاوسەرگیری کردووە، کوڕێک و پێنج کچی هەیە. لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەران دا کاری سیاسی کردووە. لە ساڵی ١٩٨٣ بەدواوە وازی لە حزبایەتی هێناوە.

## بۆ ڕۆژی کرێکار

ئەمڕۆ یادی چەوساندنەوەی کرێکارە!
کوا جەژنە؟ کوا رزگاری لەدەست زۆردارە؟
جەژن قسەی ناکام، سەرزار بریقەدارە!
کە قامچی هەر لەدەست سەرمایەی غەددارە!
سەرمایەداری چاوچنۆک
بۆپارەی مۆڵ
چەک بەرهەمدێنێ مرۆڤ پاکتاو
دەکاوەک زۆڵ
تا چەوساندنەی مرۆڤ لەسەرمرۆڤ بمێنێ
مرۆڤایەتی قەت بەختەوەری نابینێ!

ئەی کرێکار و چەوساوەی دنیا یەکبگرن
دەنا هەر ژێربار و زەلیلن تا دەمرن
یەکی ئایاری ٢٠١٦

## بورژوا خاپەرۆکەکان

هۆ بورژوا درۆزنەکان
هوکاری دەردو ژانەکان
زۆڵەسەرکردەی ناکام خاپەرۆکەکان
بۆ ئەوەی ببنە شۆڕشگێڕ!!
دڵسۆزی گەل و نیشتمان
نەک زڕو گێڕ!!
دەبێ خۆتان لە بچووکی ناوەوەتاندا بماڵن!
نەک بەدەمامکی شوانەوە، خەڵکی بکەن بە بەلاگێڕ
تاکو دەنگتان ببێ بە دەنگێکی دلێر
هی کورد زمان!
دەبێ بەسەر حەزی بچووکی ناوەوەی؛
پیستان زاڵبن!
وەک هەژاران!
لەناو بۆتەی سەنگەری عەدالەتی چەوساوان قاڵبن!
وای بە قسە و خۆفشکردنەوە و دەرهێنان
جوینەوەی گفتی سواوە، دروشمی درۆی ڕازاوە
بنبڕکردنی زۆرداری لەسەر کارگەر و چەوساوە
چەند ئاسانە!!
هەربۆ خەڵک بەکوشتدانە
کە بە کردار خۆتان سەرێکی چەپەڵن!
باش بزانن!
شێخی بەرماڵی ساختەباز و کەچەڵن
گەلیش وا لەژێر پێتانە!

چون کلاوباز و نارەسەنن!
تەنها بەناو شۆڕشگێڕن!
لەراستیدا چەوت و چوێڵن
دژی پێشرەفتی کۆمەڵن!!
پڕ لە کینە و کۆنەخوازی و
وشەی بریقەدار فیشاڵن!
خۆشەویستی خێڵپەرورەری و کۆنە چاڵن!
بازرگانی بێ ئیجازەی
خیانەتکاری نیشتمانن
قەت دیوتانە
گورگ خزمەت بە مەڕ بکا؟
بێگومان نا!!
ئەدی چۆن چینی بورژوا
خزمەت چینێکی جیا دەکا؟
چۆن ئازادی لە بۆ چینی کرێکاران فەراهەم دەکا؟
ئەدی چۆن چینی چەوساوە؟
متمانە بەخوێنمژ دەکا؟
مەڕ چۆن بەچەقۆی سەربڕی، باوەڕدەکا؟
هانا بۆ بەر دوژمنی چینی خۆی دەبا؟!
بێ چەکوشی، دەست وقامی
گشت مەزلوومانی جیهانی
دەرناچن لەبن پێی قازانجی بێدادی
سەرمایەداری سەد ڕووی دژی ئازادی
بێ یەکبوونی سەرلەبەری کرێکارانی
قەت ناگەن بەشادومانی سەرانسەری
سەردەمێکی جوانتر لەوەی پێشوو کەبوو
شادومانی سەرانسەری
تفوو لەسەرمایەی بەدخوو

لەخشتەبەری ویژدانی
مرۆڤی کەم و هیچ تێنەبوو
*
بورژوا ترسنۆکەکان
بنکردە خاپەرۆکەکان
لە بچووکی خۆتانەوە
دەڕواننە هەوڵوێستی بەرزی
ڕەنجدەرە ئازا و مەردەکان
چەوساوە قوربانیدەر و
خەباتگێڕە بەکردەکان
بورژوا بێ سیفەتەکان
باش بزانن
جگە لەخوێندنەوەی تیوری ماتریاڵی ژیانکردن
ئەو چەندین ساڵەی ناکۆک بووم
بۆ گوزەران لەگەڵ مردن
زانیم چەندە خۆپەرست و
پاشقۆڵگر و زۆڵ و بەدن!
لە جوانی و شادی تێناگەن
لە شۆڕش و دادوەری و ئازادی ناگەن
دەرک بە خۆشویستنی خاک
ژن و ژیان
عەشق و فیداکاری نابەن!
هەتاکو هەن
بە بچووکی دەمێننەوە!
هەرگیز بە هیچ پاک نابنەوە!
هەربە تۆقیوی و پۆخڵی
بۆ ناو خاک دەگەڕێنەوە!
تەنیا مەرگ توانای هەیە
بۆ یەکجاری سوڕگومتان کا

هەر زەحمەتکێشی ستەمدیدە
پێی دەکرێ ئیدارەتان دا!
چەپەرۆکی پیرۆزی پێتانڕابگا
ڕۆشنبیری لەخۆبردوو
لەدەستی دێ چارەتان کا!
لەناوتان دا!

**تێبینی:** لە ١٩٨٥ نووسراوە، کەمێ دەسکاریم کردووە.. بڵاو نەکراوەتەوە

## تەکنۆلۆژیای بورجوازی

بە بەرنامە و بەهاکەوە!
بە سڕکردنی تاکەوە
بە مۆرفین و سیکۆتین و تریاکەوە
بەهەڵلووشینی گازەوە بە نەوتەوە،
بە فرۆشتنی خاکەوە!!
بە کەوگیر و
بە سیکاردومراکەوە!
بە بێهیوا کردنی خراپ و چاکەوە!!
بە قوتدانی دەنگ و ڕەنگی
تاک تاکی خانەوادەوە!!
بە داپیرە و بە دایکەوە!!
بە باپیرە و بە باوکەوە!!
بە زاک وماکی ڕانەوە!!
بە سەرپشتی پیر و کەنەفت ولاکەوە!!
بە ڕۆژی ڕووناک شەوتان باش!
ئەی برای دوژمنی سەرتاش!!

به سواری هێستر!! سواری جاش!
ملیاران بدەن بە شاباش!!
بەلەگزسیش لێدەن تەناش!!
هێواش هێواش!!
بڕۆن بەرەوخەرەند بەلاش!!
بگەڕێنەوە پاشەوپاش!!
بۆ سەری بەتاڵ و پڕ غەش!!
بچنە لای خمچی تێکڕا سەر بگرن لەهەش!!
*
تلی لیلی وقلی ویلی
دیسان دز سەرچۆپی کێشەو
لێرە قەت پێی هەرنازەلی
هەش بەسەری خدرو عەلی
تا ئەوهابی ئۆباری خەڵکی و لە ملی
تەکنۆلۆژیای بورجوازی! مافیای گزی!
کلی لە چاوی مامزی خارە کاکلی دەدزی!!
٢٠١٨-٥-١٤

**سەرچاوە**: ئەم شیعرانەی شاعیر لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە وەرگیراون.
* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# ناڵە حەسەن

ناڵە حەسەن لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری هەولێر لە دایک بووە. لە سەرەتای هەشتاکانەوە شیعر دەنووسێت. سەرەتا شیعرەکانی بە (دەستنووس) لە نێو برادەرەکانی بە تایبەت لە قۆناغی ئامادەییدا بڵاودەبێتەوە و ئەودەست و ئەودەست دەکەن. تا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، ئەوکات ڕاستەوخۆ دەست دەکات بە بڵاوکردنەوی شیعرەکانی. لە ساڵی ١٩٩١ یەکەمین شیعری خۆی بە ناوی (من کاروانی بەشمەینەتان جێناهێڵم) لە ژمارە ١٢ی گۆڤاری (ڕابەر) بڵاودەکاتەوە. هەر لەو ساڵە یەکەمین نامیلکەی شیعری خۆی بە ناوی (وڵاتی مەرگ و خوێن) بە ڕێگەی دەستنووس بڵاودەکاتەوە. وەک شاعیر و چالاکوانێکی کۆمۆنیست و سۆشیالیستی، لە زۆربەی بۆنە و مەراسیمە کرێکارییەکان بە شیعر خوێندنەوە و چالاکی هونەری شانۆیی بەشداری کردووە. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی هونەری شەبەنگ) ئەندامی دەستەی هەڵسووڕاوانی گۆڤاری (نینا) بووە. ئەندامی لیژنەی باڵای (دەستەی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد) بووە. لە ساڵی ١٩٩٨ لەبەر ناجێگیربوونی وەزعی ئەمنی و بوونی مەترسی لەسەر ژیانی خۆیی و هەروەها هاوسەرەکەی (خولیا حسێن) ی شاعیر، مەودای کار و چالاکییەکانی بەرتەسک دەبێتەوە، ئەمەش بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکانی ئەوکاتە. ئیدی بە ناچاری کوردستان جێدەهێڵێ. لە تورکیا لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مافی پەنابەرێتی بەدەست دەهێنێ و لە ئۆگستی ١٩٩٩ لە کەنەدا دەگیرسێتەوە. لەوساوەڕا تا ئێستا لە کەنەدا دەژی. بە شێوەیەکی بەردەوام لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوەوەی کوردستان و هەندێک لە سایتە ئەلیکترۆنییەکان، شیعرەکانی و بابەتی ئەدەبی جۆراوجۆر و کلێکۆڵینەوە و وتار و هەندێجاریش بابەتی وەگێڕانی بڵاوکردۆتەوە. شایانی باسە ناڵە حەسەنی شاعیر تا ئێستا یانزە کتێبی چاپ کردووە و نۆ کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ.

## چرپە و ناڵەی هەموو شەوەم

بەهارە و مانگی گوڵانە
لە کڵاوڕۆژنەی
هیواو خواستی دڵدارەکەم
گەڵای سەوز و
دەسکە گوڵی سوور دەبینم
ئێستاش شەوە
گوێم لە ناڵە و گوێم لە چرپە و
لە گۆرانی ئەم شەوگارە ڕاگرتووە
گوێم لە نەغمەی
دڵتەزێنی ئەو دایکانە ڕاگرتووە
دەڵێن لای لای
جگەرگۆشە بێنازەکەم
بنوو ڕۆلەم بنوو کۆرپەم
شەو درەنگە تا بەیانی
دوانەکەوم لە کارەکەم
بەهارەو مانگی گوڵانە
کەمەرەکەی باڵای شارم
سەوز ئەنوێنێ
گۆرانییە بەسۆزەکەی
عاشقانی ئەم ڕۆژگارە
بێشکەی شیعرم ڕائەژەنێ
ژانی نانی بەیانیشم
وەتەری بیرم ئەپسێنێ
ئێستا شەوە
تۆزێکیتر ڕۆژ دێتەوە
دڵدارە لەش تۆزاوییەکەم
بۆ کۆلێرەی

سەیرانێکی ئەم بەهارە
لە بەیانی تا ئێوارە
ئەبێ پەنجەی ناسک و نەرمی
قژی لوولی ئامێرەکان شانە بکا
بە ناچاری هەموو ڕۆژێ
لە مەیدانی هێز فرۆشتن
هێزی لەشی مەزاد بکا
هۆ دڵدارە
گۆنا سوورە خۆربردووەکەم
لەم بەهارە
خێڵی ماندووی شارەکەمان
بەدوای لەتێ نان ڕادەکەن
مشەخۆرانی
نەزمی نوێش
بۆ بەهاری سەرمایەیان
کۆشکی زێڕین
لە بلۆکی ئالتووناوی
دروست دەکەن ...!
دڵدارەکەم
سەیری زەماوەندی شارکە
بە ئامێری دەستی ئێمە دەهۆڵ دەکوتن
بەهێزی هەموو ڕۆژەی لەشی ئێمە
زوڕنا دەژەنن
هەموو ڕۆژێ
لە تەلبەندی نێو ڕۆحی شار
هێزی مرۆڤە شاباش دەکرێ
لەم وڵاتە پڕ لە زامەم
هێزی مرۆڤ لەتێک نانە و

کەس ناکڕێ...!

بەهاری ١٩٩٢

## گوڵ باران

لە ناو هەگبەی بورکانەکەی
دڵی تەمووز
لە ناو کورەی هەناسەی گەرمی ئەم مانگە
شنەبایەکی فێنک
بە سەر سیمای ئەم شارەدا خۆی دەنوێنێ
پەلە هەورە زیندووەکان
بۆنی بارانێکی تەڕ هەڵگرتوو
ئاسمانی شار دادەپۆشێ
لە کۆخەکان وەرنە دەرێ
گەرمای تەمووز هوڕتان دەکات
لە ناو هەگبەی بورکانەکەی دڵی تەمووز
گوڵ بارانە
هەناسە و دڵە خورپەی پڕ لە زامتان
شەپۆلی ڕق و تووڕەییتان بۆتە سروود
بۆ نەمانی دنیای بەستەڵەکی کۆن
جاڕ لێدەدا
وەرنەدەرێ
لەگەڵ ڕێژنەی بارانەکان
گوڵ دەبارێ
لە سەر خونچەی هیواکانی لێوی ئێمە
لە ناو چاوە دووربینەکەی گەشی ئێمە
مەشخەڵی ئاگر هەڵدەستێ
شەپۆلە پەنگ خواردووەکانی ئەم چەرخە
بۆتە لافاو

لە سەر پشتی دڵۆپە ئاوە گەرمەکان
گوڵی (کۆمۆنە) دەبیندرێ
وەرنە دەرێ
خرۆشانە
لە ناو سەرابی دڵی گەورەی ئینسانەکان
شار یەکپارچە گڕوتینە
مەرگی پارێزەرانی نەزمی نوێ
گۆرانییەکی پڕ لە عەشقە
وێردی سەر زمانە تێنووەکان و
ئاوازی بڵنگۆی ناو کارگەکانە
وەرنە دەرێ
لە ژێر چەتری ئەم هاوینە
ڕیز ببەستن
شار کراسی سووری کۆمۆنەی
چەرخی نوێی کردۆتە بەر
ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان
پشکۆی گەشن
لە ژێر سێبەری ئەم چەترە
پێدەگات و سەر دێنتەدەر
وەرنە دەرێ
دنیا گەرمە
شنەباکەش زۆر فێنکە
بەڕیز خۆتان بدەنە بەر
لە ناو کوورەی هەناسەی گەرمی ئەم مانگە
گوڵ دەبارێ
وەرنە دەرێ
لە پشتی یەک ڕیز ببەستن
تاکو یەک یەک گوڵی هیوای خۆرەتاوی

بەهاری سەوزی هەتاسەرتان بەربکەوێ ...!

تەمووزی ١٩٩٣

## (کۆشکە ڕازاوەکەی نێو خەونە سپیەکانی من)

بۆ: بەناز جەوادی جوانەمەرگ

لە نێو خەونە سپیەکانی من
کۆشکێکی ڕازاوە هەیە
بەرین بەئەندازەی
هەموو کیشوەرەکانی دنیا
ڕازاوە بەئەندازەی
هەموو باخچە ئەفسووناوییەکانی خەیاڵ
ڕووناک و بریسکەدار
وەک مەنزڵگە چراخانییەکانی بەهەشت
پڕاوپڕ لە باغ و بێستانی ڕەنگین
لە وەنەوشە و گوڵاڵە سوورەکانی عەشق
من ئەو کۆشکە ڕازاوەیەی
نێو خەونە سپیەکانی خۆم
نافرۆشم
نەک بە (دە ملیۆن و دووسەد هەزار!)
بە هەموو موڵک و سامانی دنیا
نایگۆڕمەوە
بە هەموو زێڕ و گەوهەر و
یاقووت و ئەلماسە بە نرخەکانی خودا
لەم کۆشکە ڕازاوەیەی
نێو خەونە سپیەکانی من
(بەنازەکان) خۆیان ناسووتێنن
(سەردەشتەکان) ناکوژرێن
منداڵەکان،

لەسەر شۆستەکان دەستفرۆشی ناکەن
لاوان پەت ناخەنە گەردنی خۆیان
دایکان و باوکان
بەدیار سفرەی بەتاڵەوە فرمێسک نارێژن
کۆرپەکان بە چیرۆکی
نێو دەفتەری جەلادەکان ناخەوێندرێن
باڵندەکان لەنێو قەفەز بەند ناکرێن
سنەوبەرەکان بە قەیرەیی پیرنابن
پەپوولەکان سەرگەردان و بێپەروا نامرن
ماڵەکان زیندانێک نین بۆ عەشق
ئەستێرەکان تاشەبەردێکی تاریک نین لە ئاسمان
تابووت لە پەراسووەکانمان دروست ناکەن
کتێبی خەوننامەکانمان پەڕپەڕ خوێنی لێناچۆڕێ
مانگ لەوێدا ڕەنگ زەرد و تەنیا نییە
پایز ناسنامەی خەزان و نائومێدی نییە
ڕەوەندەکان بە ڕەهایی گەرمیان و کوێستان دەکەن
باران بە ڕەهایی دەبارێ و
سروشتیش بە ڕەهایی پێدەکەنێ
لە نێو ئەم کۆشکە ڕازاوەیەی
نێو خەونە سپیەکانی من
ژیان مانای هەیە
عەشق مانای هەیە
مردن مانای هەیە
هەموو شتە جوانەکان مانایان هەیە
مرۆڤ پڕ بەهاترین و پیرۆزترین بوونەوەرە
هەریەکێکمان،
هەڵگری ڕۆحی ملیونەهای ترین
هەمووومان

لەسەر پشتی شەپۆلەکان
ئارام ئارام
گوڵە ئاوییەکانی ئارەزووەکانمان بۆندەکەین
کەسمان بە تەنیا لەنێو تەنیاییدا نامرین
بێهوودەیی ماڵی ئەبەدی کەسمان نییە
بە بۆنی سێو کەسمان کوێرنابین
میلی کاتژمێرەکان
لەنێو خۆڵەمێشی کازیوەو
تەپوتۆزی سرووودە وەهمیەکان ژەنگ هەڵناهێنن
هەموومان
ڕووت ڕووت وەکو شەونم
جووتە جووتە
بە نێو شەقام و باغەکان پیاسە دەکەین
لە جێژوانەکانیش تا شەکەت و هەناسەبڕکێ
لە ژێر نەرمەبارانی موحیبەت سەما دەکەین
شەوانانیش بەدەم گوێگرتن
لە سەمفۆنیای تاڤگە و ڕووبارەکان
لە ئامێزی تریفەی مانگدا دەخەوین
ئەم کۆشکە ڕازاوەیەی
نێو خەونە سپیەکانی من
تەنانەت منیش خاوەنی نیم
نەمن، نە تۆ، هیچ کەسێکمان
بە هەر ڕێگایەکی نێو ئەم کۆشکە ڕازەوەیەدا بڕۆی
دەگەیتەوە بەردەم ژوورێک
لەسەر دەرگاکەی نووسراوە
بە زەردەخەنە گەرمەکەت
ئەم مۆمە داگیرسێنە ئینجا بڕۆ ژوورەوە
ئەم کۆشکە ڕازاوەیە
ماڵی عەشق و ژیانمانە

نیشتیمانێکە بۆ هەمووومان ..!
ناوەڕاستی سیپتەمبەری ٢٠١١

## (ئەوان دەڕۆن و ئێمە دەمینێینەوە)

با شەقامەکان بکەین بە ماڵمان
تا ڕێژنە بارانی ئاسوودەیی و
ڕێژنە بارانی موحیبەت
تەرمان نەکات نەڕۆینەوە
بەیەکەوەش
گۆرانییە پڕ سۆزەکانی عەشق و
سرووودە پڕ ڕازەکانی خۆرەتاو و
لاوکە پڕ ئەڤینییەکانی باخچە و
بەستە پڕ نەغمەکانی
بەهارێکی نوێ بلێینەوە ...!
با شەقامەکان بکەین بە ماڵمان
تا پەیکەری خەون و ئارەزووەکانمان
دێنە قسە و زەردەخەنەکانییان
بە سنەوبەر و ڕەشەڕەیحانەی
ئومێدەکانمان دەبەخشن
تا دەبین بە تابلۆیەک
ڕەنگینتر و ناسکتر لە ئێستامان
ئێمە، لەم کەرنەڤاڵی
ڕاسان و لەدایکبوونەوەیەدا
هیچ لە دەست نادەین
جگە لە مەرگی شێنەیی هەمیشەمان ..!
با شەقامەکان بکەین بە ماڵمان
تا جێهێشتنی دوا مەنزڵگەی مردنمان

تا هەڵوەرینی دوا گەڵای تەمەنی فیرعەونەکان
لەم کەرناڤاڵی عەشق و
لەم کەژاوەی لە دایکبوونەوەمان
نارۆینەوە ...
تاماڵەکانمان پڕ نەبێ لە خۆشەویستی و
شەقامەکانمان پڕ نەبێ لە ڕووناکی
ئێمە لەم ڕووبەری ڕاسان و (ڕێژوان)ەدا
هیچ لەدەست نادەین
جگە لە خەونە کابوسییەکانی شەوانەمان
با شەقامەکان بکەین بە ماڵمان
تا گەیشتن بە دونیایەک
(کە جوانتر بێت لە هەمیشە)
تا گەیشتن بە نیشتیمانێک
کە ڕەنگینتر بێت لە هەمیشە
تا گەیشتن بە ئایندەیەک
کە سپیتر بێت لە هەمیشە
ئێمە لەم کەرنەڤاڵی ڕاسان و ژیانەوە
تا کڕێوەی دوا ڕێگاکانی ڕەهابوون
تەرمان نەکات، نارۆینەوە
تا چڕینی دوا هەڵبەستی هەستانەوە
مەستمان نەکات، نارۆینەوە
چونکە دواجار
(ئەوان دەڕۆن و ئێمەش دەمینێینەوە) ..!

٢٥ ی شباتی ٢٠١١

**سەرچاوە**: شیعرەکان و ژیاننامەکە لەلایەن شاعیرەوە نووسراون و نێردراون.

# هێژوان



لە ساڵی ١٩٦٧ لە گوندێکی خۆرهەڵاتی زەڕگوێز لە نزیک سلێمانی لەدایک بووە. لە لادێ هەرچی ئیشی قورس و گران هەیە کردوویەتی. لە شاریش هەر لە بۆیاخکردنی پێڵاو و چلورە فرۆشتنەوە تا دەگاتە حەماڵی و میوەفرۆشی و هەموو جۆرەکانی کرێکاری و بەتاڵی و بێکاریش ئەزموونی لەگەڵیاندا هەیە. لە سەردەمی خوێندنی سەرەتایی و پاشان لە ناوەندیدا خولیای شیعرنووسینی هەبووە، لە کۆتایی هەشتاکاندا چیرۆکی نووسیوە و تەنیا لای خۆی هەڵیگرتوون، بەڵام هەرگیز حەزی لێنەبووە وەک شاعیر بناسرێ و خۆیشی بە شاعیر نازانێ. لەم دوو ساڵەی دواییدا کە فەیسبووکی داناوە لە شیعر نزیکبووەتەوە، زیاتر حەزی لە نووسینی کورتە چیرۆکە.

## چەند پارچە شیعرێک

١

لە درزی دەرگای ماڵە هەژارێکەوە
هاڵاوی گەرمی و
مژدەی بەسەر چوونی برسێتی
دەناردە ژووریٚ
لە بەر خۆیەوە دەیگوت
ئەگەر لێمگەڕابان
پاسەوانی دەرباری کۆشک و

یاسای دیوانی سوڵتان و
زنجیری کلۆمدراوی سەری کۆیلەکان
ئەوا هەر بە گەرمی
تا نێو ماڵی سارد و سڕ و
تا نێو دەستی خاراوتان دەکشام
ئەوسا بەختەوەرترینی دونیا من بووم کە دەمدی
هێندەی میوانی ماڵە هەژارێکم
کەمتر دیلی سەر سفرە و دیوەخانی پاشام؛
نان.

٢٠١٦

## ٢

هۆۆۆ گوڵە گەنمەکەی ژیان!
ئەی جوانترین گوڵی دونیا...
هەتا کۆرپە بوویت
قوماتەی نێو باوەشی گەرمی
ماڵی خنجیلەی هەژارەکان بووی
لە ئامێزیان گرتی و شەونخونییان لەگەڵ کێشای
دواتر منداڵێکی ڕۆحسوک و دەم بەخەندە بووی
پێکەنین و کەرویشکەی قژی خاوت
غەمی برسێتی و گرانیی ڕادەماڵی
شادی بەدڵ دەبەخشی
کە گەورە بوویت
لە یەکەم ڕۆژی دووگیانیتا
پاسەوانەکانی کۆشک بەسەرتا دابارین و
قۆڵبەستی زیندانیان کردی

ئێمەش گریاین و شیوەنمان بۆ کردی
وەک بڵێی چارمان تەنیا
هەر شینگێڕانە!

٢٠١٧

## ٣

بە دزییەوە نیگای کردم، با
تا بەردەم ماڵی کۆڵبەرێک هەڵیگرتم
لە نێو حەوشەیێکی چکۆلەوە
گوێم بە قریشکەی مناڵێک زرنگایەوە
ئۆی دایە،،، وەکو جارانی بابە
بۆنی نانی گەرم دێ لەم ناوە!
لە ئامێزیان گرتم و بۆنیان هەڵمژیم
ئەوسا تێر گریان بە سەرما؛
چیرۆکی گوڵە گەنمێکی قەیرە.

٢٠١٧

## ٤

هەژارەکان وتیان
بۆ هەرکوێ دەچین
لە خەودا
لە بێدارییدا
لە سەر خوان و
لە سەرجێیی و
لە ڕێکردن و
لە ناو گەرمەی گشت بۆنەکاندا

لە هەر لایەکی ئەم بستە زەمینەی خوادا
ئەو، بەر لەئێمە لەوێیە
هەر خۆشمان دەزانین ئەو چییە
جگە لە ئێمە، نە کەس ئەوی دیوەو
نە کەس دەزانێ ڕەنگی چۆنەو
نە کەس دەزانێ باری چەندەو
نە کەسیش دەزانێ بۆچی لەوێیە
ئەو، چاوی زەقی ناتروکێنێ
نیگای ڕەق و پڕ لەخێسەیە
ڕوخساری ڕەش و تاریکە
هەناسەی وشک و سوتێنەرە
هەموو شتێکی ناشیرین و هەراسانکەرە
تەپەی پێی لە گوێماندا دەزرنگێتەوە
وەکو مالۆنچە لە سێبەری هەلاتوومان دەئالێ
شوێنێکی نییە بۆ سرەوتن
دوور لە ئێمەش ئۆقرە ناگرێ
بێپرس و بەبێ لە دەرگادان
لە لێواری ڕۆحماندا بارگەی دەخات
ئەو، چەشنی خودا نییە
لە دوای شەش ڕۆژ کارکردن ماندوو ببێ و
بۆ هەتایە لە سەر عەرشەکەی پاڵبداتەوە
ئەو، هەزار لۆچی لە نێو چاودایە
ڕق و توڕەیی و پەستی دونیای لەخۆی گرتووە
دەڵێی مێژووە
گاسنێکی نوک تیژ و شمشێرێکی کولیشی هەڵگرتووە

ئێمەش بۆیە بەچرپە دەدوێین و
بەبێ سرتە پێ دادەنێین
باش دەزانین
ئەو لە هەر کوێ بێ دەمانبینێ و
هەرگیز بۆ ساتێکیش نەخەوتووە؛
خەمی نان.

٢٠١٧

**٥**

خەو دەبینێ و
بیر دەکاتەوە و
دوور دوور دەڕوا
چۆن دەست و پێی مرۆڤ لەنێو بانگەشەی جوانی و ئازادیدا
ببەستێتەوە
چۆن سیمای گوڵە گەنمە دزراوەکان
لەبیر و ئەندێشەی هەژارەکاندا بسڕێتەوە
دێت و ئەم مەملەکەتەی من پڕ دەکات؛
بازاڕ لە کاڵای زەرد و سوور
شەقامەکان لە وێنەی ڕووتی مرۆڤ خۆی
فرۆشگاکان لە گوڵی بێهەست و بێگیان
مزگەوتەکانیش لە
هەقایەتخوان و
ئەفسانە بێژ و
تەڵقیندەر

٢٠١٧

**٦**

چەند بەختەوەرە ئەو تەڵە گیایەی
لە هەر خاکێکدا بڕوێ
دڵۆپەی بارانێک تینوێتی دەشکێنێ
من لێرە لە خاکی باپیرانم
بستە زەمینێک شک نابەم
ڕۆح و شکۆ و خەونی خۆمی تیا هەڵگرم
لە پاش مەرگم هەموو خاکی دنیا بەمن چی
کە تەمەنێکە برسی و بێشکۆ
هەموو ڕۆژێک لە خەمی ناندا دەسوتێم و
سەد جار دەمرم

## ٧

من هەروا لێرەم
لە گەڵ هەموو زەردە پەڕێکدا، دڵتەنگی ڕۆیشتنی تۆم و
تەمتومانیش نوقمی شادی گەڕانەوەتم
کەچی ئێستا نەوەک جاران دەڕۆیت و نەوەک جارانیش دێیتەوە،
پەڕەسێلکەکان هەروەکو جاران بە ئاسماندا دێن و دەچن،
هەندێ جار هێندە لێم نزیک دەبنەوە، دەڵێم ڕەنگە بیانەوێت هەواڵێکم لە بارەی تۆوە پێ بدەن
ئای... بابە، چەند تامەزرۆی نێو باوەشی پڕ لە بۆنی عارەقەی وشکەوە بووی تۆم
چەند حەزم لە تەماشاکردنی تو لە ڕێی نێو دەربەند و لاپاڵ و تاشە بەرد و دەوەنی ئەو بنارەیە
ئەوەتا بەردەوام کۆڵبەرەکان هەر لەوێوە ڕێدەکەن
خۆ تفەنگی پاسەوانەکانی سنووریش بۆ جارێک دەم لێک نانێن،
ئای بابە... ئەوە چۆن یارییەکە لە گەڵ من دەیکەی،
تۆ دەزانی چەند ڕۆژە، نەگوێم لە تەپەی پێیە ماندوەکانت دەبێ و نە بە دەنگی لە

دەرگا دانەکەشت ڕامدەچڵەکێنیت
من بەردەوام بە دواتا دەگەڕێم و
تۆش هەر خۆتم لێ دەشارییتەوە...
ئاخر پێمبڵێ چۆن و لەکوێ بتدۆزمەوە
نە کۆڵ و بارەکەت دیارەو نە پێڵاوەکانیشت لەجێی خۆیاندا ماون
دایە گوتی نیگەران مەبە، بابە یاری چاوشارکێت لەگەڵ دەکات،
بەڵام ڕەنگە ئەو لە دوور خۆی شاردبێتەوە
منیش چەند ڕۆژێک لێرە نەبووم، دایە ناردمی بۆ ماڵی باپیرە تا ئەوانیش هەمیشە بە تەنیا نەبن،
ئای بابە، دەبێ ئەو ڕۆژانە چەند بیری منت کردبێ وا ئێستاش خۆتم لێ دەشاریتەوە
ئاخر بابە گیان، جارجارێ با گوێم لە دەنگت بێ
ئەم دڵە بچکۆلەیەی من لە کوێ بەرگەی ئەو هەموو خۆ شاردنەوەیەت دەگرێ
توخوا بابە ئەمە چۆن یارییەکە، دە پێم بڵێ ئێستا من لەکوێ بتدۆزمەوە
گەر دەتەوێ تورەمکەیت و بمگریێنی تا وەک هەموو جارێک فرمێسکەکانم بە لێوت بسڕی،
ئەوا تێر دەگریم و تا سبەینێ.. تا چەند ڕۆژی تر... تا تۆ نەڵێیت ژێر نابمەوە
بەس تەنیا ئەمجارە خۆتم پیشاندە،
دەدەی با ئیتر کۆتایی بەم یارییە بێنین
با یارییەکی تر بدۆزینەوە کە خۆشاردنەوەی تیا نەبێ
دایەش هەموو ڕۆژێک پێمدەڵێ؛
یاریەکەتان زۆری خایاند
بەڵام دڵنیام ڕۆژێک هەر دێت باوکت خۆی دەردەخات و لەناکاو شارت لێدەگرێ
تکایە بابە من بێزار بووم، تۆش کۆتایی بەم یارییە بێنە
ئەی تۆ نەتگوت وا پاییز بەڕێوەیەو یەک دنیا ئیشی قوڕکاریمان هەیە،

دەی خۆ ئەوەتا پەپوولە پاییزەش گەیشتنە بەردەرگا و تۆش هەر دیار نیت
من ئیتر قەت یاری وا لە گەڵ تۆ ناکەم بابە،
دەی بابە گیان، خۆت دەرخە و خێرا شارم لێ بگرە
جۆ.. بابە جۆ.. لە هەر کوێیەک خۆت شاردۆتەوە
جۆ.. جۆ.. بابە جۆ!!

**٨**

کێ پێم دەڵێ باوکی چ کارەیە؟
ئەوان دە دوازدە منالّی ڕەش و ڕووت بوون
لە ناو پۆلێکی ڕەق و تەقی یەکەم سالّی خوێندنا
وەڵامی مامۆستای قوتابخانەیان وەها دایەوە؛
باوکی من کرێکارە
باوکی من کۆڵبەر بوو بەڵام کوژرا
باوکی من کۆڵبەر بوو ئێستا کەمئەندامە
باوکی من کۆڵبەرە بەڵام ئێستا لە زیندانە
باوکم دەستگێڕە و وردەواڵە فرۆشە
باوکی من شوانە
باوکم بۆ کرێکاری ڕووی لە شار کردوە
باوکم حەماڵی گەڕۆکە
باوکم دەڵێ گەر ئیش هەبێ واز لە کۆڵبەری دێنم
کە باوکم کوژرا ئیتر دایکم بوو بە کۆڵبەر!!

**٩**

ڕەنگ و بۆی سفرەی خاڵیمان دەمێکە
ناونیشانی باوی ڕوخساری
ئێمەی هەژارە

بەڵگەی لاوازیی ئەخلاق و
پێناسەی پووچی گوفتار و
بونیادی گشت دەسەڵاتێکی ستەمکارە

**١٠**

لێتان بێزارم،
چی دی بانگم مەکەن
بۆ لای هیچکام لە
پەرستگا و
کڵێسا و
مزگەوت
باسی بەهەشت
تەنیا فریودان بوو
لە منداڵیمەوە چاو ئەگێڕم،
جگە لە دۆزەخ،
هیچی ترم بەرچاو نەکەوت

**١١**

چەمانەوە و کڕنوش بردن فێرت ناکەن
بە دوای چارەسەر کەوی
دەتگوشن تا بتکوژن
تۆ کەی تێدەگەی کۆیلە و ئەسیری خەوی
هاوار و سەدا و گلەییت لە دەست سارد و گەرمی ڕۆژ
خۆ فریودانە

چون دەمێکە ڕووت لە ڕووناکی وەرگێڕاوە و
عاشق بە تاریکە شەوی!

**١٢**

بە شەو گەدام، دەرۆزەکەرێکی ماندووی
کۆلانە تەنگەبەرەکانی خەیاڵم...
تا لە ڕۆژدا، بستە زەمینێک لەسەر شۆستەی
شەقامێکدا ڕامکەم...
بێ ترس و دوو دڵی و بە بێ ڕاکەڕاک،
هەردوو پێم لەناو جووتێک پێڵاوی لاستیکا
وەک ستوون بچەقێنم...
کزەبایەکی سارد لەئامێز بگرم
ئەو ڕوخساری زبری من و
منیش دەستی تەزیوی ماچکەم...
خاوەنکارەکان یەک لە دوای یەک دێنە سەیرم
سەراپای جەستەم بە چاو دەکێڵن،
منیش بەحەزێکی شەرمنەوە
هێزی دەست و بازووی خۆمیان بۆ هەراج کەم!

**سەرچاوە**: ئەم کورتە شیعرانە لە پەیجی تایبەتی شاعیر لە فەیسبووکەوە وەرگیراون.

* ژیاننامەکە لە لایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# بەندی عەلی
# (حەمە عەلی حەسەن)

بەندی عەلی یان (حەمە عەلی حەسەن) لە سلێمانی لە ١٩٦٣ لە گەڕەکی مەڵکەندی هاتۆتە دنیاوە. دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵە لە زانکۆی سەلاحەدین. ساڵی ١٩٨٦ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاریی بووە دوای ڕاپەڕین و ساڵانێک خاوەن ئیمتیازی ئەو گۆڤارە بوو. ئەندامی یەکەم دەستەی بەڕێوبردنی مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شەبەنگ بووە. خاوەنی سێ بەرهەمی شیعریە: دونیای گوڵاڵە سووره – عەشقی ئێمە – عومری حەبیبەکەی من، ئێستاش یاریدەدەری توێژەرە لە فاکەڵتی زانستە کشتوکاڵییەکانی زانکۆی سلێمانی لە بەکرەجۆ.

## نامەکانی یەکی مەی ١٩٩٤

ئەگەر هەموو ڕووبارەکان بچنە سەریەک
ئاخۆ ئەبێ سەمای شەپۆل
چەن بەگوڕ بێ
ئەگەر هەموو هەورەکانیش ببن بەیەک
ئاخۆ ئەبێ لێزمە باران
چەن بەخوڕ بێ
ئەگەر هەموو درەختەکان

ببنە یەک درەختی مەزن
ئاخۆ چ تەورێ ئەتوانی بیبڕێتەوە
ئەگرر هەموو دەستە زبروماندووەکانیش
ببنە یەک دەست
کام کەلەبچە بەرگە ئەگرێ نەپچڕێت و
کام سنوورە بەرگە ئەگرێ، نەسڕێتەوە
١٩٩٨

لەو دیوی ڕەنگەکانەوە
ئەتانبینم
یەک زەمینی بەخەم تەنراو
نیشتیمانی هەموومانە
لەو دیوی دەنگەکانەوە
گوێم لەهاواری ناختانە
بەهارمۆنی
یەک سروودی نارەزایی ئەڵێنەوە
یەک پەڕەی سووری مەینەتییش
مێژوومانە
٢٠٠٨

ساڵی یەک ڕۆژ
هەموو هەورەکانی ئاسمان
ڕەنگێ ئەگرن
لەڕەنگی سورباوی پێکی ئێوارەیەک
کە سەرلێوە لەشەرابی ماندوویێتی و
بەئومێدی سپیدەیەک

روون و بێ گەرد، بێ خەمی نان
سپیدەیەک، شایستەبێ
بەمانای پیرۆزی ژیان
ساڵی یەک ڕۆژ، شنەباکان
باڵەکانیان لێک گیر ئەکەن بۆ پرۆژەی گەردەلولێ
گەر ئەو ڕۆژە درێژەی بێ
با، کەفیلە بەگۆڕنانی
عەرشی یەکجار زەبەلاحیجەخارستان
ساڵی یەک ڕۆژ
خواوەندەکانی سەر زەوی
پاسەوانە فریشتەکانی مەلەکوت
بەشمشێرو قەڵغانەوە
بەرئەدەنە گیانی شەقام
وەک ئەو ڕۆژە،
لەتەقویمی چاخی بەردا
ڕۆژی حەشرو قیامەت بێ
دوا سەر ئەنجام
٢٠٠٩

*

ئەگەر هەموو ڕۆژانی ساڵ
ڕۆژی تۆ بن
ئەمڕۆ تەنیا ڕۆژی منە
ئەی گابەردی بێ هەست و هۆش
تۆ ناتوانی ڕێم پێ بگری..
من شەپۆلی بەرزی دەریام

ئەگەر هەموو ڕۆژانی ساڵ
تۆ شاهەنشای عەرشی بوون بێ ..
ئەمڕۆ من ڕابەری دنیام
ئەی گێژەڵۆکەی چاوچنۆک
تۆ ناتوانی تاکو ئەزەل
چاوم بەخۆڵ بۆ بڕێژی
ئەگەر هەموو ڕۆژانی ساڵ
تۆ خودا بی ..
ئەمڕۆ من خالقی تەنیام
ئەی کەلەبچەی جەورو ستەم
ئاڵتوونی سەد عەیاریش بی
ئەتپچڕێنم
ئەگەر هەموو ڕۆژانی ساڵ
تۆ قەڵا بی
ئەمڕۆ مارشی ملیۆنەهام
کارگەکان هەر خۆیان کەم بوون
باوەجو خورپەی ئومێدێ
بۆ خێڵی لەخەونا نغرۆ ..
ئێوە هاتن، پارچە پارچەی
ئامێرەکانتان هەڕاج کرد ..
لەبری شەکر،
چەوندەرتان کرد بەمین و
لەبری نارنجۆک
تەماتەی سەر بەئەڵقەو
بازاڕی نان، بەبازاڕی
سەوداو مامەڵە بەچەک و

گشت ڕێساکانی زانستی
دان و بردن .. هەر بەبردن!
ئەبەد خۆتان بەهاونەسلی ئەز نەزانن
من لەمێژە
قەڵغانی دەفعی تەماع و بەڵاتانم ..
من لەمێژە
هەم پەرژین، هەم قەڵاتانم ..
من وەک ئەوە نیم کەئێوە باسم دەکەن
ئەز گەرووی کێوە بورکانێ
لەئازارم ..
چ نازناوێکم لێدەنێن، بێ منەتم
ئەمن تەنها بەنازناوێ خۆم دەناسم
کرێکارم .. کرێکارم .. کرێکارم!

*

کراسی شینیان لەبەر داکەند
هەر یەکێکیان..
کراسێکیان لەڕەنگێکی تر لەبەرکرد.
ناوەکەیان لێسەندەوەو
هەر یەکێکیان، ناوێکی تازەیان لێنا
باوەجو نەڕەنگی جوداو
نە ناوی نوێ..
ئەڵقەیەکی زەنجیری مەچەکیان پساند
تەنها لەنێو گوڵدانەکەی خەیاڵیدا
دڕکێکی نەرمی نوێی تری

وەهمیان چاند ..
وەهمێکی کاڵ، کاڵتر لەشین
شۆڕەسوارە نوێیەکانی
هەواری نەوت و ژێرزەمین! ..

١ی ئایاری ٢٠١٧

**سەرچاوە:** ئەم دوو شیعرەی دوایی لە پەیجی تایبەتی کاک بەندی عەلی لە فەیسبووک وەرگیراون.

* **ژیاننامەکە** لەلایەن شاعیر خۆیەوە نووسراوە. کتێبی یەکەم و دووەمی شاعیر بە ناوی (حەمە عەلی حەسەن) چاپکراون.



# ئەنوەری ڕەشی عەوڵا
# (ب. سۆڵین)

**درووود**

بۆ ئایاری ١٩٩٢

لەسەر بەڕماڵی برسێتیما
ڕوو لە میحرابی کار دەکەم
بەشیلەی ڕەنجم
دەست نوێژ دەگرم و
نوێژی ژیان و نان دەکەم.

## بۆ پابلۆ نیرۆدا

لە کاروانسەرای دۆزەخ دا
پشکۆ داپلۆخێنەرەکانی کوژانەوە و
ساباتی ئاسۆی کرد بە سێبەر.
لە زیکری ڕوحیشی دا..
ئایەتی برسییەکانی نووسییەوە و
شیعرەکانی بەئاشکرا بوون بە پێغەمبەر

ئایاری ١٩٩٣

## پاکانە

خۆشەویستم
گوناهم نەکرد، گوناهت نەکرد
لەوڕۆژەوە خۆشەویستی مرد،
کە نان بووە گرێی کۆنترین نهێنی ژان و
پارەش لەنێوان ڕۆحی مرۆڤدا
بوو بە پرد
کانوونی یەکەم ١٩٩١

## هەڵوێستی نان

کولێرەیەک دەستی لە دەستی
نان پێوەرێ کردەوە و
خۆی سووتان
چونکە زانی...
دەخرێتە سەر مێزی پڕی گەورە پیاوێ
بە فیزەوە دەروانیتە
برسێتی هەموو ئینسان
بۆ ئایاری ١٩٩٣

## گەرداوەکان

لەژێر ورشە وتیشکی کۆشکێکی بە شان و شەوکەتا
سەخمەیەک وا بە لوولەی برنەوێکەوە

سێدارەیەک هەڵخراوە
برسییەکیش، لە بەرمیلێکی ژەنگاویدا
پشکۆی چاوەکانیلە حەژمەتا داگیرساوە.

کانوونی یەکەمی ١٩٩١

## لە ڕۆژی ناندا

دەستە دەستە نانی ناسکۆڵە و جوان
لە گۆرەپانی برسێتییا
کۆبوونەوە و
کەوتنە هوتاف کێشان
وتیان
"ئیمەین، دەچینە گەدەی
چۆڵ و هۆڵی برسییەکان
ئێمە دروست نەبووین بۆ کۆیلەتی و ئازاردان
دەمانەوێ...
دەستە گوڵی ئینسان بین
ئینسان.
ئەمەیە پۆستەی کۆماری نان!"
چەند ڕێز جەندرمەی چاو سووری
پا ڕەش هاتن
کەوتنە ماشینەوە و .. کەوتنە گیانیان
لەو ڕۆژەوە...بە بڕیاری گیرفان پڕەکان
چ نانێکی سپی و سۆڵە
لەبازاڕدا دەربکەوێ
کۆمەڵێ یاساوڵی پارە
دەکەونە دوایان

لەو ڕۆژەوە... یاسای سەرمایە دەڵێت
تا ئێمە هەبین لە مەیدان
بەکامی دڵ دەستیان ناکەوێ لە دەستان
دەبێ بمرن بۆیان...بمرن بۆتان
هەر ئێمەش دەبینە مارەبڕتان!
هەژارانیش وتیان...
دەساوایە..
یا ئێمە و عشقی دێرینەی نان
یان نامەوێ ژیانێ دوور بێ لە نان.

**سەرچاوە**: کۆشیعری کۆمۆنەی نان، ئەنوەری ڕەشی عەولا (ب.سۆلین)، سوید ۱۹۹۳
**تێبینی**: هیچ زانیارییەکم لەسەر ژیاننامەی شاعیر دەست نەکەوت.

# عەبدولقادر سەعید سەرچناری



عبدالقادر سـعید ١٩٥٧ لە گوندی کانیسـپیکە کە ئێسـتە گەڕەکێکی شـاری سـلێمانییە لەدایک بووە. لە تەمەنی شـەش ساڵیدا بە تۆپی حکومەت لە کاتی سـوتانی گوندەکەیان بریندار بووە. سێ جار ماڵی باوکی سووتاوە. دایکی نانکەری ماڵان بووە. باوکی پیاوێکی پیر بووە لە گەڵ دایکی بە هەژاری ژیاون. ١٩٧٦ بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی مارکسـی – لینینی کوردسـتان. سـاڵی ١٩٧٤ پێشـمەرگەی بەتالیونی هێزی ڕزگاری بووە و لە سـاڵی ١٩٧٨ بەدواوە ئەنووسێت. شانزە کتێبی شعریی نووسیوە لە دیوان... شانۆگەری شـعریی.. داسـتانی شـعری... کورتە شـیعر ...درامای شـیعری هتد. خاوەنی چوار ڕۆمانە کە هەر چواریان باسـی جینۆسـایدی کوردسـتان ئەکەن. خۆی بە چەپ ئەزانێ و بڕوای بە سوسیالیزمە. ساڵی ٢٠١٤ دووجار بەشداری بەرەی پێشەوەی جەنگی دژ بە داعشـی کردووە لە جەبهەی قەرەتەپە و چیای حەمرین. لە جەنگی دژ بە داعشدا دیوانی "گوێگرتن لە بێدەنگیی" نووسیوە. ئێستاش لە شاری سلێمانی خەریکی کاری ئازادە.

## چەند کورتە شیعرێک

سەرمایەداری شێرێکە پیر
هێشتا کەڵبەکانی دانەکەوتوون
*
خوشکەکەم پاککەرەوەی ماڵانبوو
لەبەر بۆنی چڵکی دڵە ژەنگاوییەکان
وازی لە کارەکەی هێنا و
ئیستا بێکارە

*

کۆشکێ لە شار
مۆکێت لە ئاوریشم
دەرگا لە یاقووت
لۆکەرەکان تەژی لە ئەدرەسی بێکار
لە سەندیکای کرێکاراندا

*

کار نەبوو
خاوەنکار درۆی لەگەڵدا کرد
گەڕەک شاری تێگەیاند
کە خاوەنکار درۆیان لەگەلدا دەکات
شاریش وڵات،
تا هەموو زانیان
کە خاوەنکارەکان درۆیان لەگەڵدا دەکەن.

*

جیاوازی سیزیف و کرێکار ئەوەیە
ئەم بە کۆڵەکەیەوە دەیەوێت
سەربکەوێت و بێتە خوارەوە
ئەو بە کۆڵەکەیەوە بێتە خوارەوە و
سەربکەوێتەوە.

*

ئاژێڕی کارگەکان
زەنگی دڵی سەرمایەدارەکانن
وا توند لێدەدەن!

*

گوڵەکانی ئەم سەردەمە بۆیە بێ بۆنن
بەرژەوەندی کارخانەکان لەوەدایە
بۆنی گوڵ و جوانیی باخچە لێکجیا بکەنەوە.

*

بۆ ئەو ڤایرۆسە دەگەڕێم
کە دژی بێکاری دەجەنگێت
تا ئەو نەخۆشییە مەترسیدارەی پێبکوژم
*
سەرمایەداری قەفەسێکی پۆلایینە
بەیارمەتی راوچییە بەکرێگیراوەکان
جێی هەموو شێرەکانی تیا دەبێتەوە.
*
لەم بازاڕە جەنجاڵەدا
لەبەر پاڕانەوەی دەوڵەمەندەکان
کەس هانای سواڵکەرەکان نابیستێ؟!
*
دایکم نانکەری ماڵان بوو
ئەو ئەو چیرۆکانە دەزانێت
چەند بێڕێزی بە نان دەکرێت.

**سەرچاوە**: گوێگرتن لە بێدەنگی، عەبدولقادر سەعید، شیعر، چاپی یەکەم ٢٠١٦ .

## ڕاهاتن

ئارەزووەکانمان پێناسەی کەسایەتییەکانمانن
ئەم ژمارەی مۆزایکی سەر شۆستەی
دوکانی زێڕینگەر و
مارکێتەکانی ئەوی ئەژمارد
ئەو ژمارەی دوکانەکانی زێڕینگەر و ئەپارتمان و
مارکێتەکانی خۆی ئەژمارد
لەڕاستەڕێیەکدا دوو بێکار
هەموو ڕۆژێ

به ژماردنی ئارەزووەکانی خۆیان
ڕاهاتبوون!

**بێکاری**

(دەبێ پێ لەو ڕاستییە بنێین جیاوازیمان هەیە
ئەگەر بمانەوێ ژیان چۆنە وەک خۆی ببینین)

سبەینان زوو تا لەو شووشە عەترە نەدەم لە خۆم
کە لە گوڵی خۆشەویستیت داچۆڕاوە
بەرەو مەیدانی بێکاران ناکەومە ڕێ
نەوەک لەوێ هەناسەی بەدمەستێکی گومڕا
تێکەڵ بەو هەناسانە ببێ کە ئەمشەو
لە هەناسەکانی تۆم خواستبوون.

**سەرچاوە**: شاعیرێ وێنە دەکێشێ، کۆ بەرهەمی عەبدولقادر سەعید، ٢٠١٨
* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.

# خالید بایەزید (دلێر)



لە ساڵی ١٩٦٨ لە ئاوایی شخەڵ سەر بە ناوچەی سەردەشت لە دایک بووە. پاشان کۆچیان کرد بۆ شاری مەهاباد و هەر لەوێش خویندنی تەواو کرد. هەر لە تەمەنی لاوێتیدا عیشق و عەلاقەی بە نووسینی شیعر و وەرگێرانی شیعری شاعیرانی کورد پەیدا کرد کە لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا بڵاودەبوونەوە. پاشان لە ساڵی ١٩٨٧ ئێرانی بە جێهێشت و ئێستاش لە شاری ڤانکوڤەری کەنەدا ئەژێت. تاکوو ئێستا شەش دیوانی شیعریی لە ئێران لە چاپ داوە و شیعر و وەرگێراوەکانی بە زمانەکانی کوردی و فارسی لە سایت و گۆڤارەکانی ئێران و دەرەوەی ئێران بڵاو بوونەتەوە و بڵاو دەبنەوە. خالید دلێر تا ئێستا چەردەیەک لە شیعری شاعیرانی کورد و فارسی وەرگێڕاوە و لە سایت و ڕۆژنامە و گۆڤارە جیاجیاکانی ناوەوە و دەرەوەی ئێران بڵاویکردۆتەوە. تا ئەم ساتەش توانیویەتی هەشت کتێب لە ئینتشاراتی فرجام تەهران بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر فاروقی سەفی زادە بە چاپ بگەیێنێ.

چەند چەپکە شیعرێک

## چەپکی یەکەم

١
نان بە شەرمەوە
سەری خۆی داخست
کاتێک کە دیتی
ئاوا بە زەحمە ت وەدەستی

کرێکاران دە کەوێت
وە ئاواش ئاسان
دەچێتە قورگی سەرمایەداران.

٢
کرێکاریک!
بەرلەوەی کە پەڵەهەورێکی سپی
بۆ مناڵەکانی بە دیاری بباتەوە
لە بەرزایی بینایێک
کەوتە خوار
باڵندەکانی ئاسمان
کردیان بە شیوەن وزار
درەختێکی شاتووتیش بە سوورایی خوێنی
لە نیگای...مناڵەکانی دا پشکووت.

٣
بە گوومانم
خواوکرێکار
لە یەک ئەچن
هەردووکیان
خولقینەری جیهانن
بەڵام خوا
خاوەنی گشت جیهانە
ئەمما کرێکار
تەنیا وتەنیا بەشی ئێش وئازاروژانە.

٤
کرێکارێک
بەردەوام خەفەتی ئەوەی دەخوارد

که ڕۆژبه ڕۆژ شارولادێکان
گەوره وگەوره دەکاتەوه
بەڵام!
ماڵەکەی خۆی بچووک وبچووک تر؟!

٥
ئیش وئازاری کرێکاران
ئای چەنده بێ بەزەییانه
له ژێرئامێری کارگاکان
یەکه یەکه دەناڵێنن
سەرمایەدارانیش به خۆشی وپێکەنین
به سەرئارەقەی ڕژاوییان هەنگاو هەڵدێنن

## چەپکی دووەم

١
کرێکارێک!
هەموو ڕۆژێک
دووای کۆتایی ئیشەکەی
هەورێکی نوێی سپی
ئەبردەوه بۆ
ژن ومناڵەکەی

٢
کرێکارێک دەیوت:
هەمیشه یەک شت

ئازارم ئەدا...
ئەویش ئەوەیە کە
بەندیخانەیەکم پێ دروست کەن و
ئازادیخوازێک لەوێدازیندانی کەن؟!

٣
کرێکارێک!
زورخەمباربوو
وتم:
بۆ خەمباری؟
وتی:
ئەگەرئێمە نەبوایەن
شارەکان هەرگیز
ئەوەندە گەورە نەدەبوونەوە؟!

**سەرچاوە**: ئەم شیعرانە لەلایەن هاوڕێ خالید بایەزید (دلێڕ)ەوە نێردراون.
* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.

# هەژێن

(هەژێن) ئامانج و ئەرکیشی (هەژاندن)ی گۆمە مەنگ و لێخنەکانە بە پرسیاری سەرکێش. لە ساڵی ١٩٩٢ەوە بێوچان وەک ژورنالیستیکی ئازاد کاردەکا و لە ساڵی ١٩٧٩شەوە تێکەڵ بە کار و چالاکی ڕامیاریی و پارتایەتیی بووە و لە ساڵی ١٩٨٣ بەرەو چەپایەتی وەرچەرخاوە و لە هاوینی ساڵی ١٩٩٣ بە هەموو شێوەیەک و بەیەکجاری لە ڕێکخستنی ڕامیاریی دوورکەوتوەتەوە تەنیا خۆی و خودای خۆی و باوەڕی بە هیچ ئایینێکیش نییە و ئەگەر بڕیاریش بێت یەزدانێکی هەبێت، ئەوا تەنیا (ویژدانی) خۆیەتی..

هەرچەندە بە ویست [ئیرادە] و خواستی [داوای] خۆی لەدایک نەبووە، بەڵام دەیەوێت و دەخوازێ بە ویستی خۆی بژێت و بە مێشکی خۆی بیربکاتەوە، بە ئاوەزی خۆی بڕیاربدات و وەک تاکێکی کۆمەڵ بە ئارەزوومەندیی خۆی ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات. هەر لە منالییەوە تا ئێستا نەفرەتی لە زۆرەملێی و چەپاندن هەبووە و هەیە، هاوکات خەونی بە دونیایەکەوە بینیوە و دەبینێ، کە تێیدا لەجیاتی فەرماندەریی و فەرمانبەریی؛ هاوەڵێتی، لەجیاتی ڕک و کینە؛ خۆشەویستی، لەجیاتی جەنگ و کوشتار؛ ئاشتی و هەردەم ئارەزوومەندی ئارامی و ئاوەدانی بووە و هەمیشەش خەونی بە ژیانێکی ئازاد لە باوەشی سروشتدا، لە جەنگەڵە چڕ و دووردەستەکاندا بینیوە و دەبینێ..

هەژێن کەسێکی ئازادیخوازە و ئازادییخوازیش دژی هەموو سیستەم و پێکهاتە و دەسەڵات و یاسا و ڕێکخستنێکی سەرووخەڵکییە! هەژێن کەسێکی یەکسانیخوازە، یەکسانییخوازییش ڕەتکردنەوەی بنەما و پاساوەکانی دارایی تایبەتیی و دەوڵەتیی و مشەخۆرییە!

هەژێن کەسێکی دادپەروەرییخوازە، دادپەروەییخوازیش بەبێ ئازادی تاک و یەکسانی هەمەلایەنەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و دەسەڵاتی، هەرگیز نایێتە دی و ئەفسانەیە؛ لەوەش واوەتر درۆیەکی ڕازاوەیە! هەورەها ئازادی بەبێ یەکسانی ئابووریی و پایەداربوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی لە سەر بنەمای یاسا سروشتییەکان، تەنیا درۆیەکی نیئۆلیبڕاڵانەیە.

## گەردەلوولی سەرمایە

گەمژە ئەوانە نین، کە هوشیار نین و نازانن؛ بەڵکو ئەوانەن، کە دوێنێ شەوەزەنگیان ڕاودەنا و ئەوڕۆکە تف لە چراکان دەکەن!

ئەو گەردەلولەی
کە ڕۆژگارێ
دەرگەی ڕەشماڵی کۆچەریمانی،
بەڕووی تەرزە و تۆفانا
دەخستەسەرپشت؛
ئەوڕۆ وەرزێڕانی نەزان بەدەمیەوە:
خەرمان شەندەکەن،
لە هەڵپەی هەڵڵوشینیا
سوپاس و نزا،
بۆ خوداوەندی ملهوڕی، بەڕێدەکەن.
لات سەیر نەبێ چکۆلەکەم!
نەزمی کۆنە و
مرۆی بە چاو و گوێ زیندە لەچاڵئەکەن،
ئەو گورگە هارەی، کە شەوگارێ
لەسەر پێڵووی چاوی زارۆکان
خەوی ئاسوودەیی ڕاودەنا،
ئەوڕۆکە بالۆرەوێژانی بازار
داوای شوانەیی،
ڕانەمەڕی بەر ڕەشماڵانی لێدەکەن؛
لەسەر دڵی خۆزگەکان
لەسەر لەپی گەداکان
پەیکەری نەمری، بۆ سازدەکەن.
لات سەیر نەبێ چکۆلەکەم!
نەزمی کۆنە و

لەسەدەی بیست و یەکا
هەڵای کۆیلەتی هەتایی پێسەردەدەن
نەزمی کۆن گاکۆڵکەی نەزمی نوێیە و
نەزمی نوێش:
پاساوی گیانەڵای نەزمی کۆن
پەرستیارانی گەردەلول و زریان
سوێندی ملکەچی بۆ دەخۆن.
نائومێد مەبە چکۆلەکەم!
ڕۆژگارێ بوو، پێستی ڕەشمان
بۆ هاوتایی پێستی سپی
کڕنووشی بۆ یاسا دەبرد،
کەچی ئەوڕۆ
لەنێو لەپی دەستمانا
نەوەی کۆیلەفرۆشان
ئارەقەی شەرمەزاری دەچۆڕنەوە.
خەم مەخۆ چکۆلەکەم!
ڕۆژێکیش دادێ، کۆترەشینکە
بە هەرای مزگەوتەکان، زارەترەک نەبێ
منارەکان ببنە هێلانەی لەکلەکان.
ڕۆژگارێ دێ
پەتی قەنارە بپسێ و
کەسیش بۆ ژیان، گەدا نەبێ
پیاویش لەماڵ،
سالار و سەروەر نەبێ
بە فەرمانی خودای دەستکردان،
زارۆک و ژن
نەدرێنە بەر پێلەقان؛
ئەو ڕۆژگارەی، کە سنوورەکانی

ئایین و ڕەگەز
نەتەوە و نیشتمان
ببنە ئەفسانە لەنێو ئاوەزی مناڵان
ئەودەم بەهار سەوزدەبێ و
لەنێو دڵمانا بۆ هەمیشە
خەندە، سەما ئەکا بۆ ژیان

## سەرابی نیشتمان

لێمەپرسە
بۆچی وا وەرەسم؛
لە ژیان
لە واژۆکردن (١)
لە دەرهێنانی پارە لە کون (٢)
لە خواردنەوەی بیرە و
لەشایی وسەمای دیسکۆکان
لێرە هاوکارەکەت، هاوسێکەت
هاوپۆل و هاوگەشتەکانت
جەستەیەکن،بێزمان
لەبیربراون..
سپێدەباشی بەیانیان
لێرەش مرۆڤ؛
ناو و کۆدێکە بۆ کارتی دەنگدان
لێرەش کاروبەرهەم،
نامۆن بە بکەرەکان
لێرە گوڵ تەنیا ڕوخسارە،
وەک ئازادییەکەی کوردستان
لێرەش ڕێکەوت دیاریدەکا،
چارەنووسی مرۆڤەکان

لێرەش وەک لەوێ،
ژیان هەرزانترە لە نان (٣)
لێم مەپرسە
بۆچی ناگەڕێمەوە ئامێزی نیشتمان
بۆچی بەبادەدەم
ساتەکانی تەمەنم،
لە هەندەران
بۆچی خۆزگەکانم، دەکەمە کۆلارە و
هەڵیان دەدەم بۆ ئاسمان ..
بۆچی بوومەتە مامەخەمە و
ڕیش وسمێڵم قانگداوە،
وەک گاڵکێشان
دەزانی بۆ؛
ئەی هاوسێ دڵ دزەکەم
ئەی هاوپۆلەکەی جاران
ئەی گوڵەبەرۆژەفرۆشەکەی بەردەم فێرگە
ئەی جەلادەکەی ئاسایشی گشتی
ئەی هاوڕێکەی یەکێتی بێکاران
ئەی چایچییەکەی گازینۆ بەهار
ئەی ڕۆژنامەفرۆشەکەی کن قەلا
ئەی کۆڵبەرەکەی ئاکرێ
ئەی قاچاخچییەکەی، ڕێی شەمزینان
ئەی گیانی تەرەبووی،
خنکاوانی ڕێی ئیتالیا و یۆنان
ئەگەر نیشتمان
بوو بە مانگایەکی زەردو
هەمووڕۆژێ بوتڵێ شیری
بەخشییە منالانی هەتیوو برسی

منیش پێڵوەکانم دەکەمە شوورەی ..
سەرم دەکەمە سەنگەری کۆڵنەدان
ئەگەر نیشتمان
بوو بە کێڵگەکانی کەتالان و (٤)
کانییەکانی بوونە،
باڵانوێنی ئەویندارا ..
منیش چەک دەکەمە شان و
بەگیان دەیپارێزم،
لە هێرشی فرانکۆکان (٥)
ئەگەر نیشتمان
بوو بە شەقامی ئەوین،
بۆ پیاسەی ئێواران ..
منیش گسکێک بەدەستەوە دەگرم و
خاوێنی دەکەمەوە،
لە زبڵ و خواپێداوان
ئەگەر نیشتمان
بووبە سەرپەنای لانەوازان
منیش دڵم دەکەمە پایتەختی ..
دەست ولاق وسەرم،
دەکەمە شارێ، هێڵی شەمەندەفەر، کۆڵان و مەیدان
ئەگەرنیشتمان
بوو بە کارگە؛
بۆ هاوەڵ و هاوپۆل وبێکاران
منیش دەبمە ئامێری کارو
بۆمناڵانی چێدەکەم،
چوکلێت وجلکی جوان
ئەگەر نیشتمان
بوو بە شیرخۆرگە وباخچە
بوو بە فێرگەی دابڕاولە ئاسمان

بوو بە مۆزەخانە
بۆ پەیکەری شێخ و بەگوڕامیارکاران
منیش بۆی دەبمە چاودێری ڕێگەوبان (٦)
ئەگەرنیشتمان
بووبە چێشتگەی گشتی،
جلشۆرگە وکابان..
منیش بۆژنانی لە ئەوین تینوو،
دەبمە دڵدار و جێژوان ..
دەبمە هاوسەری چاوەڕوانکراو
دەگەڕێمەوە لە نوگرەسەلمان
ئەگەرنیشتمان
بوو بە پاروەنانی گەرم،
بە نوێنێکی خاوێن وجوان
منیش بۆ بەساڵاچووان،
دەستم دەکەمە گۆچان
ئەگەرنیشتمان
وەک زانۆن (٧) بووبە هی هەمووان
منیش بۆ پاراستنی،
لە هێرشی چەتەکانی دەریاو
ژاوەژاوی میدیاکان
جەستەم دەکەمە داوەڵ و
برژانگەکانم دەکەمە پاسەوان ..
وەک خانییسا (٨)
چاوەکانم دەکەمە گڵۆپ و
ڕۆشندەکەم،
شەقام وکۆڵانی تاریکستان.

**پەراوێزەکان:**

١- لە هەندێ وڵاتی ئەوروپی، بێکاران دووهەفتە جارێک، دەبێت بچنە فەرمانگەی کار بۆ واژۆکردن، بۆسەلماندنی ئەوەی کە لە دوای کار دەگەڕێن وبۆ وەرگرتنی بڕە پارەیەک، کە بەشی ژەمێ خواردنی چێشخانەیەکی پێنج ئەستێرە ناکات.

٢- مەبەست لە پارەدەرکێشانە لە قاسەی ئەلکترۆنی بانکەکان، کاتێک کەسێک کاری فەرمی بکات یان بیمەی کۆمەڵایەتی و بێکاری وەربگرێت، ناچاردەبێت کارتی بانکێکی هەبێت، بۆ ئەوەی بانکەکان لە پارەکەی ئەو بە بێبەرامبەر سوود وەربگرن و هاوکاتیش باشتر چاودێری بژێو و خەرجی کەسە بکەن، دیسانەوە بۆ ئامارکردنی داخوازی و خستنەڕووی کاڵا، بۆ بەرگرتن لە کەڵەکەبوونی کاڵای نەخوازراو.

٣- ئەم دەستەواژە، هۆنەر (شێرکۆبێکەس) لەنێو هۆنراوەیەکی خۆی بەکاریبردووە و گۆرانیبێژان (نەجمەدینی غوڵامی) و (بەکری لەگزی) کردوویانە بە سروود.

٤- لە ئیسپانیای ١٩٣٦- ١٩٣٩ لە ناوچەی (کەتالۆنیا) بە دەستپێشخەری سەندیکای کارگەران و چالاکە ئەنارکیستەکان، کارگە و کێڵگەکان کرانە دارایی کۆمەڵایەتی و لەنێو ئەوانە کاری هەرەوەزی ڕێکدەخرا.

٥- جەنەراڵ فرانکۆ، ئەو فاشیستە بوو، کە ئەسپانیای ئازادی، کرد بە دۆزەخ بۆ کارگەران و زەحمەتکێشان؛ بەهەشت بۆ پاشا و سەرمایەدارە مشەخۆرەکان، هاوپەیمانی هیتلەر و موسۆلینی بوو.

٦- مەبەست لە پۆلیسی ڕێگاوبانە.

٧- کارخانەیەکە لە ئەرجەنتین، کە لەلایەن کارگەران بەشێوازی هەرەوەزییانە بەڕێوەدەبرێت و بەرهەمەکەشی بەگوێرەی خواستی کارگەرەکان و پێداویستییەکانی کۆمیونیتییەکەی دەوروبەریدا بەش دەکرێت.

٨-Khanyisa واژەیەکی (زلوZulu) یيە و بەواتای ڕۆشنکردنەوە دێت، زۆر نێوەندی خێرخوازی بەو ناوە هەن. هەر ئاوا لە ئەفریکای باشووریی وەک هەوڵێک بۆبەرگرتن لە دەوڵەت و بەشداری نەکردن لە نێو دەنگدانە پارلەمانییەکان، خۆبەڕێوەبەری شارەوانییەکان لەژێر ئەوناوە سەریانهەڵداوە.

## نامەیەک بۆکارل مارکس

هاوڕێ.. هێژا
خۆزگە زیندوو بووایت و
دیتبات چۆن

مەینەتئاوای ژیانی تۆ
سەرپەنای کۆیلەتی تۆ
بۆتە تەکیە و خانەقای دەروێشان
چۆن ناوت لەبەرئەگرنەوە
چۆن سیمات
بە ئاڵتوناوی ئەفسانە ئەشۆنەوە
پلەوپایەت گەیشتۆتە ئاسمان
یادت بەخێر هاوڕێ
خۆزگە بەخۆت لێرە بووایت
سەرێک هەڵبڕیباو
دیتبات چۆن
وێنەکانت بت ئاسا
شاگردەکان لەملیان ئەکەن
مووی پرچ و ڕدێنت
وەک جێماوی پێغەمبەران
دەرمانی لەرزوتایە و
بۆنەخۆشانی ئەبەن
ناوت لەتەک سڵاوات
لە ڕۆژانی پیرۆزا وێرد دەکرێ
وتەکانت هەرمەپرسە
ئاوازێ لە جۆری تەورات وئینجیل وقورئان
مناڵانی پێ گۆشدەکەن
نێوی کیژەکانت
وەک هۆنراوە، ئەوترێتەوە و
دووردیان لێدەبارێ
سەرپەنات لە هایگەیت و تریر
جێنزرگەی هۆگرانە
دەستە دەستە

خۆلەداروبەردیان دەسوون
هاوڕێ گەر زیندوو بیتەوە و
لەبەردەمی دادگە ڕاوەستی
ئەبێ پەتی سێدارە لەمل کەی
ئاخر بەناوی تۆ
زۆرتاوان ئەنجامدران
خۆزگە لێرە بووایت و
دیتبات چۆن..
لەزاری تۆ چەند ڕاپەڕین ..
لەباربران
چەند ئازادیخواز و سۆشیالیست ..
تیرۆرکران
چەند ئیمپراتۆری و دەوڵەتی نەتەوە ..
چێکران
چەند بەرەی هاوبەش بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان
لەتەک سەرانی سەرمایە..
ڕێکخران
خۆزگە لێرە بووایت و دیتبات بەخۆت
پاشڕەوانت لە نەزانی
چ بتێک بۆ تۆ سازدەکەن
١٤ی ئازاری١٩٩٨

## ئاڵا سوورەکان

بۆ هاوڕێیان (شاپوور) و (قابیل)

هاوڕێیانی ئاوارە
چەندە دڵبەردە، ئەو کۆنە شارە
لە تاو کۆچی سووری ئێوە،
باباگوڕگوڕ، تازیەبارە

قەڵای هۆلاکۆبەزێن
کە دی وا ئێوە،
لە خوێنا دەگەوزێن
هاواری کرد
"بەر بگرن لە تیرۆر،
بەم تاوانە، مێژووم شەرمەزارە"
هاوڕێیانی ئاوارە
کێ لە تیرۆری ئێوە، بەرپرسیارە
سەربازانی خوا؟
تەتەرانی ئەنفال؟
مافیای بۆر، سەوز، زەرد؟
کێ بوو، ئێوەی بەو دەردە برد؟
کێ بە مەرگی ئێوە بەختیارە؟
هاوڕێیانی ئاوارە
خەمتان...قینە
دەنگتان...تینە
مەرگتان ...ژینە
کۆچتان .... برینە
لە نێو دڵی، کرێکار و زەحمەتکێش
گەڕەکە و گەڕەک، شارە و شار
کاروانی سوور
بەرەو بەیانێکی نزیک نەک دوور
بەڕێوەیە و ڕەدووی شوێنپێتانە
لە کۆڕی گیانبەخشانا،
هاوڕێیان، ئەو شەو
(ئارام*)ی بادینان پێشوازتانە
هاوڕێیانی ئاوارە
دەروونمان، پڕ ئازارە

ئەفسووس، نەکرا لەوێ بین
تا بۆ تەرمی سوورتان
بەرێزەوە، ڕیژە بەستین
لەسەر هەواری تازەتان
بەڵێنی سووربوونمان، بۆ خەبات
دژی سەروەری سەرمایە، بڵێینەوە
ڕیژە بەستین و دەستهەڵبڕین
لەبری (ئۆژین پۆتیە) دەنگ هەڵبڕینەوە
"هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان ..."
شۆڕەسوارانی ' شورا'، بانگەوازکەینەوە ...

١٩ی ئەپڕیلی ١٩٩٨

## زەنگی جەنگ

کامەیە، کۆیلان
وڵاتی ئێمە، وڵاتی ئەوان
کاتێ، چوار وەرزی ساڵ
ماڵبەکۆڵین
دەست لە ملی،
شەقامی سارد و چۆڵین؟
هیچ لە خۆتان پرسیوە؛
بۆچ ئێمەی بێماڵ
سنوورمان تەنیوە؟
منداڵمان ڕوتەڵە و
بەخۆشمان، بەرگی دڕندەمان پۆشیوە!
هەردەم، چرای ماڵمان کز و
ڕوخسارمان زەرد
لە سەرماوەرزی بازارا،
بزەی سەرلێوی کۆرپەمان، تەزیوە!
دێتە بیرتان، کاتێ کۆمونە

لەنێو کەلاوەی جەنگا
مەرگی ڕاونا
زیندانەکان ڕووخان،
پەپولەی ئەوین، ئازاد هەڵفڕی
لەبری گریان، ئەشکی شادی
بە گوڕ لەچاومان خوڕی
نەبژی گەل و
نە ئەی نیشتمان..
نە وێردی کۆیلە،
بۆ خوای ئەفسانەکان
ماڵ بە ماڵی هەژاران
پڕ بە گەرووی کۆمونیاران
سەنگەرەو سەنگەر
سروودی مەرگی سەرمایەمان
بە گوێی جیهان چڕی؟
تاوێ گوێڕادێرن وبیری بەنێ
بۆچی سوپای گەل و نیشتمان
لوولەی چەکی،
نیشانە دەگرێتە سنگمان؟
دەمێ، بۆ نان ماندەگرین
دەمێ، دژی شەڕ
لە نێوەندی شار، دەنگهەڵبدەبڕین
دەمێ، کە بۆ ئازادی، هەمووان پێکڕا
دەچڕین، بمرێ سەرمایەدار!
هیچ لە خۆتان پرسیوە،
بۆچی وا ئازادن، دەمێ؛
بۆ خوای ئاسمان و زەوی،
دەنگدەدەن،

بۆ یاسا و ڕێسای سەروەری،
مل کەچدەکەن؟
بۆ ئازادن، کە خۆ بکوژن
یا بێنە سەر من و
دوا قومی شیری ساواکەم بدزن؟
بەڵام، کاتێ هەر کە وتتان
"جیهانە، وڵاتی ئێمەو هەمووان"
دەشێوێ دەروونی خوا،
دەوروژێ پۆلیسی دەبەنگ
خێرا زەنگی کڵیسا و کنێست،
بڵندگۆی مزگەوتەکان دێنە دەنگ
ڕێژەدەبەستن، کوڕانی خوا
تا بپڵیشێننەوە، کاسەی سەرمان
کۆڵان بە کۆڵان، دەرگە بە دەرگە
شەوکوتانی فەرمانڕەوا
ڕاپێچمان دەکەن، نۆرەی مەرگە
تا نەلەرزێ قوچکەی تەختی،
نەزمی نوێی سەرمایەدار!

ئۆگوستی ١٩٩٨

* ئەم شیعرانە لە گۆڤاری هونەریی "ژیلەمۆ" و لە کەشکۆڵی یەکەمی "خەمی نان و خەونی ئازادی" بڵاوکراوەنەوە.
* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# کاوە ئەحمەدی
# (ژاکاو)

کاوە ئەحمەدی ســـــاڵی ١٩٤٨ ی زایینی لە گوندی زمزیران لە ناوچەی سەردەشت لە دایکبووە. کاوە لە سەرەتادا مەلا بووە بەڵام لەگەڵ ڕووخانی رژێمی پاشایەتی ئێران پشتی لە ئایین کردووە و چووەتە نێو ریزەکانی کۆمەڵە و حزبی کۆمونیســتی ئیرانەوە. کاوە لەو سەردەمەدا بە نێوی "ژاکاو" شیعری نووسیوە. یەکەم دیوانی کاوە ئەحمەدی بە نێوی "شەپۆلەکانی پێش تۆفان" ساڵی ٢٠١٧ لە سوید چاپ و بڵاو بۆتەوە. شایانی باسە کاوە ئەحمەدی (ژاکاو) ی شاعیر چەندین ساڵە لە وڵاتی سوید دەژێت.

## چۆن چۆکدادان بە نەزانی

ئای چەندە قورسە ئەو ژانە پێوانەی ژین دادەبێژێ
ئای چەندە توندە ئەو کێشە زاراوەی سادەنابێژێ
ئای چەندە ڕژدەیە هەر دەرۆم و دوای نایە
ئای چەندە وردە ئەو سۆزە هەرچی خۆشەویستی تیایە
ئای چەندە وازە ئەو ڕازە تیژتر لە باز و شەهێنە
هەرچی دەکەم دوایی نایە باڵندێکی چنگ بەخوێنە
ئەو مێشکە پڕ لە ئازارە زۆر ئاڵقەی گیری تێدایە
بۆ گەیشتن بەئارەزۆی ماندوونەناسەوریایە
بێ پشودان هەدانادا و نەریتی کۆن تۆرهەڵدەدا
بۆ چۆکدادان بە نەزانی لە تێکۆشان و حەولدا
دەڵێ دیاردەی دواکەوتوویی بنەما مەزهەبیەکانن
کە بۆ هێنانی ئاسۆی روون لەمپەری نزمی ژیانن

تا ئەو نەریتە کۆنانە        لەکۆمەڵدا خۆبنوێنن
بۆ رۆژڕەشی چینی ڕەنجدەر        پترمەینەت دادەچێنن
جا بۆیە بێ پسانەوە        ئێمەی ڕەنجدەر وکرێکار
بۆ لە ریشەدەرهێنانی        کۆسپی ریگای گشت خێڵی شەڕ
ئەوانەی کە مفتەخۆرن و        داردەستی خوێنمژەکانن
بۆ هێشتنەوەی بیری وشک        ریس رێسێکی بێ ویژدانن
هەرچەند کەسەرمایەداران        بۆمانەوە و درێژەی تەمەن
بۆ چەوسانەوەی ڕەنجدەران        هەرکای کۆنە دەدەن لەشەن
ڕەشەکوژی و تاقمەکانی        بۆمانەوە تەیار دەکەن
بەڵام لەزاهیری کارا        زورنایێ تر وەکار دەخەن
پێیان وایە راوێژی وا        فریاڕەسەو هاناهێنەر
بۆ کپکردنی بیری نوێ        بۆیان دەبێتە بە لەمپەر
نا نا ئەو چەواشەی کارە        مەرگی  کتوپڕی تیایە
بۆ قەتیس مانی سەرمایە        چەکی کۆنە و بەکارنایە
فرت وفێڵی درشت و وردیان        دەکەینە گۆڕهەڵکەن بۆیان
بۆ هەڵتەکانی بنەما و        ناوەرۆکی راستی خۆیان
کاتێک ئەو کلتورە نزمەی        تێکهەڵکێشی مەزهەب کراوە
کاتێک ئەو داب ونەریتەی        بەرگی شەرەفی پێدراوە
کاتێک ئەو رەسم ویاسایەی        بۆتەکۆتی نیوەی کۆمەڵ
کاتێک ئەو دیاردە ڕەشانەی        بوونەزیندانی بەکۆمەڵ
کاتێک ئەو بیرەچەوتانەی        زەین وبیریان داگیرکردوون
کاتێک ئەو فتواشەرعانەی        بەری پێشکەوتنیان گرتوون
کاتێک ئەو قەلەڕەشانەی        ناومزگەوت و کلیساکان
کاتێک ئەو بیرەگەمژانەی        دژی زانیارین بۆئینسان
هەڵنەتەکێن لەناخەوەو        بیری نوێیان نەخرێتەجێ
سەربەستییەکی بەماناوە        بۆ کۆمەڵگا ساچۆن پێک دێ؟!

لەندن  ٢١-١١-٢٠٠٨

## چۆن ترازان لە کۆنەوە

تەونی ئەو جارەی هۆنراوە
ریسێکی ئاڵۆزی پێیە
ئاستی ئەوهەودای باریکەو
هەزارهەزار گرێپووچکەی تێکەڵاوە و
کۆمەڵێک نەریتی کۆنی لەجانتای بیر شەتەکداوە
بۆشردنەوە لەو سەرڕێیە
لە هەر سووچ و لێوارێکی ئەو دەریا مەنگ و کپەدا
ریزێک داوەڵی رەمۆزن سەرسووڕهێنەر و تێکچڕماو
ئێسک قورس و مێشک بەتاڵ
بینەقاقای زەین دەگوشن
لەو ولاتە بیری تازە ئەگەر هەش بێ
کاڵ و کرچە و
مۆرکی دەیان توێژی پێوە و
هەزاران گیاکەڵەی تێدا و
هەزاران ملەی جۆراوجۆر
ئەی ئەوانەی چاوی دووربین تان لەلایە
ئەی ئەوانەی ئازاری کار قاڵی کردوون
ئەی ئەوانەی باوەش دەکەن بەدەریای مەنگ
بۆ شەپۆلدان و ڕاپەڕین
گوێم لێ بگرن
بۆ ترازان لەو چاڵە تاریک و قووڵەی
تەونە کەونەی ئەو ریبازە
پێمن چەن هۆنراوەی تازە
وەکو نانی قەندەهاری لەناو دەمدا دەتوێنەوە
وەکو باوەشی ڕەنجدەران بۆ پێشمەرگەی ڕاستەقینە
لەناو بیرە تازەکانا ئەکرێنەوە

هەنگاو دەنێن
گشت ڕووبارە دابڕاوەکان دەئاژوێن
لەناخی دەریا دەتەقن
لەشکری سووری بندەستان دەخولقێنن
هەرچی زیزانە وپووچەڵە لەبێژینگ و ئاشی دەکەن
هەرچی ملەو گیاکەڵەیە دەیکوژن و بژاری ئەکەن
هەرچی لە توێژی ئەوانە
شانەشانە ریکی ئەخەن
هەرچی داوەڵی فەریو و کپی زەینە
لەریشەوە ئەیسووتێنن
هەرچی کۆنە لە ئادابا لە ناخەوە ئەیقرتێنن
کاتێک ئەو بیرە تازانە داوەڵەکانیان تێکهاڕین
کاتێک چۆمە دابڕاوەکان دەریای مەنگیان تەقاندەوە
کاتێک ئەو مێشکە کپانە بە بیری نوێ کرانەوە
کاتێک خوزیا و بریایەکان لە گژ داب و نەریت هەڵچوون
کاتێک ژن و پیاو پێکەوە سواری شانی سەرمایەبوون
هەمووکۆت و بەندەکانی چەوسانەوە لێک ئەپچڕێنی
هەموو دەرد و ئازارەکان دەبنە بزە و پێکەنینی
یەکجارەکی هەژارەکان بۆ ڕوخان و پێچانەوەی
کۆشک و سەرای گشت سک زل و زۆردارەکان

کوردستانی عێراق - سلێمانی

## چەند دیمەنێکی ژان تێزاو

لەگوندێکی بەربناری
هەوارگەی منالیی منا
دایکێک بەشەش منالەوە
تەرمی باوکی ڕۆڵەکانی
پاش دوازدەساڵ کاری وەرزی

گرتۆتەباوەش وئەگری
کەپاش مەرگی ئەوڕەنجدەرە
نانی شەوێکیش شک نابا و
دەرەتانێکیش نابینێ
لە شارێکی مامناوەندی وەک بانەدا
چوارمناڵی سەروپێچکە
چاوەڕوانی دایک وباوکی کرێکارن
کە لە ئێوارەی ڕۆژیاندا زگی برسی هەڵقرچاویان
بە پاروەنانێکی وشک بژیێننەوە
ئەگەر کارێک هاتبێتە ڕێ یەکێ لەوان
لەو سنوورە مەینەتڕێژە
کەزۆربەی بە مین چێندراوە
سەدان زەحمەتکێشی ماندوو، کەسیرەبوون
دەست ولاقیان لەدەست داوە و
ماڵ وگیانیان چۆتەقوڕگی
کۆنەپەرستانی مێژوو بوونە سوتمان
لەکۆلانێکی تەریکی گەورە شارێک
ئاپۆرەیەک دەست فرۆشی بێ ئەنوام دی
کە لە بەر داگیرکەرانی سەرمایەدا
کەلوپەلی ناو فەرغون و داشقەکانیان
بەجێ دێلن و خۆوەدەکەن
چونکە ئەگەر ئەسیر بکرێن بەباخەڵی خاڵی ئەبێ
بۆ جەریمە بچنە زیندان
کام جێ هەیە ؟!!
لە شار و شارۆچکەکانی ئێرانی ئاخونداوی دا
دیاردەی ڕەشی جۆراوجۆری موعتادکردن
بە موادی موخەدەرا
سیاسەتی داڕێژراو نەبێ بۆ کپبوونی زەین وبیری

تازەلاو و بندەستەکان کە هەر ئێستا بەهەزاران
میوانی مەرگ و نەمان و تیاچوونن
بەدەست چۆماخ بەدەستانی
خوێن ڕێژ ومێشک وشکەکان

١٩٩٩-١-١٧

**تێبینی**: ژیاننامەکە لەلایەن شـــاعیر خۆیەوە نووســـراوە و نێردراوە و ئامادەکاری ئەم کتێبەش کورتی کردۆتەوە.



## بەکر عەلی

١٩٩٤-١٩٦٣

نووسەر و هۆزانەوان، لە خۆپیشاندانێکی بەردەم پارێزگای سلێمانیدا لە لەلایەن هێزەکانی شاری سلێمانییەوە تیرۆرکرا. بەکر عەلی شاعیر لە ساڵی ١٩٦٣ لەدایک بووە. پێش ڕاپەرین دووجار دەگیرێت. هەڵسووراوێکی چالاکی یەکێتی بێکاران بوو. ساڵی ١٩٩٣ کۆشیعریکی ٣٤ لاپەریی بەناوی"ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن.." بڵاو دەکاتەوە. سەرنووسەری گۆڤاری "خاک و خۆڵ" بوو کە تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچوو و لەبەر چەند هۆکارێک نەیتوانی درێژە بە گۆڤارەکە بدات. لە ١٦ی ئابی ١٩٩٤ لە ئاسایشی سلێمانی دەگیرێت و شەش ڕۆژ زیندانی دەبێت. لە یەکی ئەیلوولی ١٩٩٤ دا لە شەقامی بێسارانی کە دەکەوێتە نێوان باخی گشتی و یانەی فەرمانبەرانەوە، تیرۆر دەکرێت. ساڵێک بەسەر مەرگیدا تێناپەرێت دایکیشی سویێ دەبێتەوە و کۆچی دوایی دەکات.

### ون بوون

دەستیان دایە، تابلۆیەک و
هاتنە زمان:
- شنو معناتە یا فنان؟..
•ئەمە دارە و
دار شتێکی ئەوتۆ نییە
هێندە نەبێ ،کە ئەم دارە
لە ڕەگەزی لیسەکانی ئەنگۆ نییە!..
بۆ دووەمیان:

- و هاى شنو؟
ياللە احچيلنا يا سوران..
• ئەمە بازەو
باز شتێكى ئەوتۆ نييە
هێندە نەبێ، كە ئەم بازە
وەک بازى سەر بێرييەكانتان
مس و پۆڵا و پەڕۆ نييە.. .
ئەم بازانە لە ڕەگەزى
بازمريشكەكانى (شا) نين..
ئەم بازانە پۆلێ ئاگرى باڵدارن
تەختە و
بەن و
مەقەبا نين...
ئەم بازانە
مەلۆى فڕيوى جوتيارن
سۆماى چاوى كرێكارن
ئەم.. با.. ز.. ا.. ن.. ە.. .
ئێستا (سۆران)..
بێ هەواڵێكە وا ئەمشەو..
شارى بێ خوا و
چەم و ئێستگەو
گشت كتێبە قەدەغەكان
بۆى ئەگەڕێن..
هاوڕێم سۆران:
ئەى بەرگى ڕەشى هەموومان
لە هەركوێ هەى
دوورى يا نزيكى لێمان..
ئەمشەو هاتووم
گرم پێيە

بۆ دەروونی ئاگردانت
لاسم پێیە
بۆ خەزاڵی تابلۆکانت
بازنەی ڕۆحی (وەلی)م پێیە..
بۆ مەچەکی فڵچەکانت
دە لێم وەرگرە هاوڕێکەم
منی شاعیری
شەو و خەم
تەنها ئەوەندە شک ئەبەم..

## سنوور

من ئەڕۆم و
تکایە بڵێن ئیتر
بە دیدارم ناگاتەوە..
من ئەڕۆم و
کە ڕۆیشتیشم، وەک چەم ئەڕۆم
چەمیش ئاوڕ ناداتەوە.
بێزارم.. بێزارم.. لێرە
لە دار.. لە بەرد
بێزار لە شارەکەی، لە خۆی
لە ئاوێنە و تەوقەو شانەو
قژی نیگرۆی
لە دەست و پەنجەی دەستەمۆی!..
خۆشم ویستی و،
وام ئەزانی لەو ڕۆژەوە.. خۆشم ویستووی
پەپوولەیەکی خەمباری و
لەسەر برژانگم هەڵنیشتووی

خۆشم ویستی و، وام ئەزانی
ڕوونی وەک فرمێسکەکانم
وامزانی زریێباریش بم
تۆ قوولّتریێکی لە گیانم..
بەڵام ئەفسووس
سا هۆ (خەزاڵ)ی ئێرانم،
هۆ دەستنویێژی قەت نەشکاوی شیعرەکانم
بۆوە ناشێی خۆشم بوێی،
فەرمووتە دێم.. مەیە، چونکە
ئەم سنووورە ڕێگەنادا
لە شیعریێکم مارە بکرێی!..
من ئەڕۆم و
بەڵام ئەفسووس، ئا لێرەیا
لەم ئێرانی جبەو جادو و
مێزەرەیا..
دەبێ لە هەر ئەرتەشگایەک
هەر سەربازگەو پایەگایەک
جانتاکانم بکەمەوە..
دەسا ئیدی چۆن چەند تاڵی
پرچی (خەزاڵ) بۆ (لاس)کی وڵاتەکەم
ببەمەوە.

**سەرچاوە**: "کاسکێتەکەم بە پایز بسپێرن"، ژیان و بەرهەمی شاعیری شەهید بەکر عەلی، ئامادەکردنی فەرەیدوون عارف، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠١٠ لاپەرە ٣٨، ٣٩، ٤٠.

* ژیاننامەکە لە سایتی کوردیپیدیا وەرگیراوە.

# خالید کاوێس قادر



خالد کاوێس قادر سالی ١٩٥٨ لە کەرکووک لەدایکبووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەغدا ١٩٧٩ – ١٩٨٠ یە. لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەستی بە نووسین کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان شیعر و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە. لە سالّی ٢٠٠٠ وەک سەرنووسەری مانگنامەی (چارەنووس) چووەتە ناو کاری ڕۆژنامەگەرییەوە و ئێستا بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (بانەرۆژ)ە لە بنکەی ڕووناکبیری لە شاری کەرکووک. تا ئێستا پێنج کتێبی بەچاپ گەیشتوون لە شیعر و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و بیرەوەری سەردەمی شاخ.

## پرۆلیتار

ئێمەین چینی چەوساوەی ئەم گەلە
ولات بەسەرشانی ئێمەوە
بونیاد دەنرێت
کارگەکان،
بەخوێنی ئێمە دەکەونە گەڕ
کێڵگەکان،
دەست وبازووی ئێمە دەیهێننە بەر
ئێمەین تاجی ڕێزو حورمەت
دەخەینە سەر گەورەکانمان
لەهەر شەڕو پێکدادانێکدا
بۆ سەر ولات

ئێمەین سووتەمەنی
هەر گرانی و برسیەتییەک
ڕووبکاتە وڵات
ئێمەین سووتەمەنی
پێڵاوی گەورەکانمان
ئێمە بۆیەی دەکەین
گیرفانی گەورەکانمان
ئێمە پڕی دەکەین
شان و شکۆی گەورەکانمان
ئێمە دروستی دەکەین
ئێمە لەهەموو شتێکدا
لەسەنگەرەکانی پێشەوەین
تێری نەبێت
ئێمە لەهەموو شتێکدا
لەسەنگەرەکانی پێشەوەین
یەکسانی و بەختەوەری نەبێت.

چەمچەماڵ ١٩٩٢

**سەرچاوە**: ئەم شیعرە و ژیاننامەی بەرێز کاک خالید کاکەوێس قادری شاعیر، لەلایەن هاوڕێی بەڕێز عارف کوردەوە نێردراون.



# ڕەحیم لوقمانی
# (نەکەڕۆز)

من پشکۆیەک لەو ئاگرەم
کە ئاسنیش ئەتاوێنێ
من دڵۆپێک لەو بارانەم
کە دەریایەک بەدی دێنێ
من شەماڵم ئەو شەماڵەی
پڕ لە شنەی بە سۆز و تاو
دەمەو بەهار بەفری داگیرکەری وڵات
دەکەم بە ئاو
کاتێ ساوای باوک کوژراو
فرمێسک ئەڕژێنێ بە تاسە
من بەسۆزتر لەو ئەسرینەم
بە تینترم لەو هەناسە
من باوەڕم
بوومەلەرزەم
دڵی زەوی دەلەرزێنم
کێو وتەلان لەبن دێنم
هەمو جیهان دەهەژێنم.

**تێبینی**: ئەم شیعرە وەک سروود بە دەنگی نەجمەی غوڵامی وتراوەتەوە و نەقل کراوە و لە ئەکاونتی شاعیریش لە ئینستاگرام بڵاو بۆتەوە.

## بژیەنینەوە ڕۆژەکەی ئایار

گەلانی جیهان ئەی کرێکاران
ئەی چەوساوانی دەستی زۆرداران
ئیتر بەسیەتی، تاکەی ژێر دەستی؟
هەتاکەی دیلی و هەژاری و پەستی؟
ساڵەهای ساڵە زووخاو ئەنۆشین
ئایا دەزانین بۆ کێ دەکۆشین؟
بۆ هەندێ ناکەس ڕەزیل و خوێن خۆر
سەرمایەداری پیسی خاوەن زۆر
ئیتر بەسیەتی! تا کەی ئەم حاڵە؟
تا کەی بێدەنگی لەم ژینە تاڵە؟
سەیر کەن کوردستان ئاگر و خوێنە
ئاگری قینی دووژمن بەژێنە
ئێمە گەلێکی بێ دەرەتانین
بێبەش لە شادی و مافی ژیانین
چەندە خوێناو و ئارەق ئەڕژێنین
هەتا تیکەیە نان وەدەس بێنین
وڵاتمان پڕ لە برسی، بێکاری
یان کوێرەوەری، ڕووتی هەژاری
تا کەسێ تێرە هەزاران برسی
لاواز و ڕەجاڵ ژین پڕ مەترسی
ماڵمان جێدێڵین لە شوێن ئیش و کار
ئاوارە دەبین لەم شار بۆ ئەو شار
گەر ببێ شیرکەت یان کورەخانە
ئەویش بەڕاستی هەر گیانکێشانە
هەم لەبەر سەرما یان قرچەی هەتاو
دەبێ ئارەق و خوێنت کەی بە ئاو
ئەوەی پێویستی ژیانی ئینسانە

لای ئێمە ئەمڕۆ خەونی گرانە
ماڵ و مناڵیش هەروا بێبەشن
گیرۆدەی حوکمی نەگریس و ڕەشن
بە ڕاستی حاڵمان مردن وژانە
خۆفیداکردن بۆ خوێنمژانە
بەسەر ئەویشا، کۆنەپەرستان
فریودەرانی چینی ژێردەستان
شەو و ڕۆژ بە فێڵ تەفرە و درۆ و داو
مێشکیان پڕ کردووین لە قسەی پوچ و خاو
ڕەنج و ژیانی گشت کرێکاران
دەکەن بە فیدای سەرمایەداران
حوکمی چەپەڵیان بووە بە خوێنڕشتن
هێزیان داناوە بۆ هەژار کوشتن
ئیتر چۆن هەروا ئێمەی زەحمەتکێش
بێدەنگ بسرەوین لەتاو دەرد و ئێش
تاکەی زۆرداران خوێنمان بڕێژن؟
ڕۆژێ سەد مەرگی تاڵمان پێچێژن؟
تاکەی مناڵمان لە برسا بمرێ؟
لێوی ساواکان پێکەنین نەگرێ؟
چۆن ڕانەپەڕین، تاکەی ژێردەستی
تاکەی نەمانبێ ژیانی سەربەستی
بژیەنینەوە ڕۆژەکەی ئایار
هەڵیدەین ئاڵای سووری کرێکار
ئیتر با ئەمڕۆ هەستین یەکبگرین
چەکی خەباتی سوورمان هەڵبگرین
وەکو ئاگری پڕ بڵێسە و گڕ
یان وەک لافاوی بە تەوژم و گوڕ
دەبێ بنبڕکەین سەرمایەداری

نەهێڵین لق و ڕیشە و ئاساری
ئەو داردەستەکەی تەفروتوناکەین
ئەرتەشێکی سوور بۆ گەل بەرپاکەین
چیتر نەهێڵین زوڵم و خوێنمژین
تا زەحمەتکێشان سەرفراز بژین
ئەم یاسا و بیچمەی کۆن بفەوتێنین
کۆمەڵێکی نوێ دابمەزرێنین
کۆمەڵێکی وا پڕ بێ لە شادی
بۆ چەوساوەکان خۆشی و ئازادی
چینی کرێکار هەر خۆی سەردار بێ
نەمانیش بەشی سەرمایەدار بێ

**سەرچاوە**: گۆڤاری پێشەنگ ژمارە ٣ ئایاری ١٩٨٦ لاپەڕە ٢٥، ٢٦، ٢٧.
**تێبینی**: نەمتوانی هیچ زانیارییەک لە سەر ژیاننامەی شاعیر بەدەست بخەم.



# بەکر ئەحمەد
# (ئاسۆ)

بەکر ئەحمەد (ئاسـۆ) لە سـاڵی ١٩٦٤ لە شـاری سـلێمانی لە دایک بووە. کۆلێجی ئەندازیاری دانشگای بەغدای تەواو کردووە. لە گەلێ ڕۆژنامە و گۆڤار شیعر و نووسینی بڵاو کردۆتەوە. کۆشیعری (تەماڵ) چاپی یەکەم لە مارسی ساڵی ١٩٩٧ لەلایەن کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی پێشـڕەو بڵاو بۆتەوە. لە سـاڵی ١٩٩٣ ەوە لە وڵاتی سـوید دەژێت و ئێستا ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (هانا)یە خولی دووەم.

## مانگرتن

مۆسکۆ
ئەم قەڵەمەم، کرێکار نییە
ڕۆژانە کرێ وەربگرێ
کەچی کاتێک
مانگرتن بۆ کەمکردنەوەی
جۆگەلەکانی ئارەقی ناو چاوی کار
بەرپا بکرێ
گەر بیبیستێ
لەناوجەرگەی، گۆڕەپانە ڕەشبووەکەیبەردەمیدا
دەمی وشەی کلیل دەدا و

وەک مانگرێک
ڕادەوەستێ.
١٩٩٢-٩-٢٦

## لە ئاسمانی یادگارێکما

بە شوێن شیعرێکی مەجیدی نەفیسیدا کە لە همبستگی ژمارە ٤٤دا بڵاوکراوەتەوە

کە منداڵ بووم
سەر تەپۆلکەی ئاشی گاوران
دەبووە جێگای یاری و بەزمی منداڵەکانی گەڕەکمان
زۆر چێشتەنگاو
لەچێشتخانەی "چیشتە قولێ"ی ئەو ئاشەدا
خواردنی خۆش و بێ خوێمان دروست دەکرد، بۆ هەمووومان.
من تەماتە و سەلکە پیازێکم دەهێنا
یەکێکی تر، کەوچێکێک ڕۆن
ئەوی تر دوو نانی تیری و
ئەمی تر، قاپێکی فافۆن
کاتێک خواردن پێ دەگەیی
بەچوار مشقی
هەر لەسەر سفرەی گڵ و بەرد
خواردنمان دابەش دەکرد و
هەریەک بەشی خۆی بەردەکەوت.
ئای چەند سەیرە
بێ ئەوەی خۆشمان بزانین، کە وابووین
ئەو کاتانە، هەر هەمووومان، کۆمۆنیست بووین.
یۆتۆبۆری ٧-٧-١٩٩٣

## دوا ناونیشان

*بۆ ئەو تفەنگانەی: لە بێدەنگیاندا، گۆرانییەکانی باوکمیان کوشت*

*لە دەنگ هەڵبڕینیاندا، ناونیشانێکی تریان پێدا.*

باوکم؛
خشتبڕی هەموو کوورەکانی شار بوو
ڕێی قلیاسان
زیخ و چەوی کەناری چەم
تەنانەت لەشکری مێشوولەکانی "ئاڵیشە"ش
دەیناسن.
باوکم، لەناو پیاوەکانی شاردا بێ ناوە
گەرچی لەمەلەفەکانی دائیرەی نفوسدا، ناوی هەیە.
بەڵام شوێنی پەنجەکانی
بەدیکۆری تاقەکان و
پەنجەرەی چەندینماڵانی شارەوەیە
ئەو ماڵانەی باوکم ناونیشانی پێ بەخشین:
"چاوەڕێتم، لەنزیکی ئەو ماڵەدا
کەدیکۆری تارمەکەیان، خشتی سوورە"
ئەو ماڵانەی تیایدا باوکم کرێچی بوو
بێ باخچە بوون.
لەکاتێکدا
ئەو بەبێ گوڵ و ڕێحانە
نەیدەکرد ساتێک هەڵبکا.
دەیزانی
گەر ئاوێنە دەستی تیشکی هەتاو نەگرێ و
نەیگەیەنێتە کونجی ژوور

ئەو خۆرەتاوە ناچارە تا ئێوارە
لەو دیو دیواری حەوشەوە چاوەڕوان بێ
بۆیەش شەوان بەر لەنووستن
نەکا دیوار، لەنەبوونی سەوزاییدا
سپیایی چاوانیان دابێ
بەگۆرانی تاڤگەیەک و
دەشتێکی پڕ لەگوڵاڵە و
پەلکە ڕەنگینەی بەهاری، دەهێنایە ناو کونجی ماڵ.
باوکم چەندین ناوی هەیە
بەقەد ناوی ئەو کارانەی سەردەمانێک هاوڕێی ئەو بوون
ئەگەر کاری تازەتریش لەشاردا خۆی بناسێنێ
ئەو کات ماڵمان
ناونیشانێکی تازەتر دیسان بۆخۆی هەڵدەبژێرێ.
بەڵام نا
وا دوا کاری ئەو
بووە ناوی دووەمی و
ئەدرەسی نوێی باوکم
پیرەمێردە گوڵە بەڕۆژە فرۆشەکەی نزیک گاوران.
ئەم پیرەمێردە، لەماڵە یەک هۆدەکەیا
خەونی ورد و
خەونی گەورەتر لەخەونی ژووره تاقانەکەی هەیە
خەونێک
سنووری دەرگای حەوشەکە دەبەزێنێ و
لەسەر شۆستەکەی بەردەرگا
یەک یەکی کۆڵان و
شەقامی گەڕەکیش دەبینی و

دواتر شار و زۆر جێگای تر.
ئەو خەونانە زۆر دوور نەبوون
تەنهاش نەبوون
بەڵام دەستڕێژ، تان و پۆی خەونەکانی دەئاڵۆزکاند
درزی پەنجەرەکانی زیاتر دەکرد
ئایەتەل کورسیش دەهات و
بەرماڵەکەی پێ ڕادەخست:"ڕۆڵە، خاوەنی چەکەکانتان کوێر بێ!"
بەڵام خوا، لە زمانی ئایەتەکانی جوانی نەدەگەیی
بۆیەش باوکم
لەتەعزیەکاندا بێدەنگ دادەنیشت
بێ دەنگ دەگریا
لەهەمووی سەیرتر، دیوارەکان لەبەر نەبوونی هەتاو و
سەفەر کردنی گۆرانییەکانی باوکم
زەردتر دەبوون.
چەند وەختە، بەدوا ئەدرەسی ئەودا
هەر نامە دەنووسم
ڕستەکان بەتەنها، دوا داوام هەڵدەگرن:
"بابە گیان، یەک گۆرانیم بۆ رزگار کە"
ئەزانم رۆژێک دێت
گۆرانی و
هەنگاوی و
ژوورەکەی
دەبنە هەواڵێکی کورتی
قسەی ژنانی بەر دەرگا و
پیاوانی بەر دوکان
نامەیشم دێتەوە بێ ئاواز.

ئێستا ماڵەکەی،
ناونیشانی کەسێکی کەی گرتۆتە خۆ
سندووقی بوراقەکەی، دەستێکی تر
دوا نامەشی، ناونیشانێکی تازەتر:
" ئەگەر کاغەزت بۆ ناردم
بەم ئەدرەسە ڕەوانەی کە:
شاری سنە
خیابانی فرح
بۆ دەستی پیرەمێردە چایچییەکە
بەڵام خەیاڵی گۆرانی، لەسەر دەرکە!"

یۆتۆبۆری ١٩-٢-١٩٩٦

## کرێکارێکی بچکۆلە

من سەعات حەوت هەڵدەستم و دەچم بۆ کار
کوڕەکەیشم چاوخەواڵوو، دەبێ بچێ بۆ دایەنگا
من تەمەنم سەروو چلە و
ئەویش پێنج ساڵ و چکێکە
من هەشت سەعات لەسەرکارم
ئەویش هەشت سەعات ئازادیی، وا بە دەستی کچەکانی دایەنگاوە.
سەعات دوانزە پشووم هەیە، ئەویش وەک من.
سەعاتی پێنج دێمەوە ماڵ، ئەویش هەروا.
من نازانم،
سەعات کاری من درێژە، یاخود هی ئەو
کێ لەویدی ماندووترەو

کێمان لەباوەشی کێدا، چاوەکانی دەچێتە خەو.
من نازانم
ئەوە منم کاردەمباتە "باوەنگا"ی خۆی
یاخود ئەوە، کاری یاری دەیباتە ناو دایەنگای خۆی
من نازانم، لەم وڵاتەی کاری منداڵ قەدەغەیە
بۆ کرێکارە وردیلانەکەم نابینرێ
بۆ کەس ناڵێ: پیاوی گەورە
دەکرێ بۆکار، هەشت سەعاتی خۆت بفرۆشی،
بەڵام ئاخر، هەشت سەعات لە خەندە و بزە،
چۆن دەفرۆشرێ؟

## نهێنی ئەو چاکەتەی کە هێشتا نەم کڕیوە

واچەند وەختە
من و بێکاری بووینەتە دوو هاوەڵی لەیەک نزیک
شەوان درەنگ
لەگەڵ خۆمدا دێتە جێگا و
لەگەڵ خۆمدا خەو دەبینی و
بەیانیانیش هەر لەگەڵ خۆم
لەسەر مێزی نان خواردنەکەم، بەرامبەرم دادەنیشێ.
لەسەر پەڕەی شیعر نووسین
لێم دەبێتە
کلیلی وشەی ئەو ساتە و
دەمی باڵندەی خەیاڵم توونددەبەستێ.
لەگەڵ خۆمدا دێتە بازاڕ
کێشم دەکات

دەمبات، دەمبات
چی دووکانی
دەستی دووی گەورە و بچووکی ناو شار هەیە
نیشانم دەدا و
دەمگێڕێ
کەچی کاتێک
سەرنجم لەسەر چاکەتی
دووکانێکی پۆشتە و پەرداخی بازاڕدا هەڵدەنیشێ
بە گوێچکەمدا دەچرپێنێ و
سووک پێم دەڵێ:
هەتاکو منت لەگەڵ بم
ئەم شوێنانە، بۆ تۆ ناشێ.

٢٠٠٨-٩-٦

**سەرچاوە**: ئەم شیعرانە لەلایەن شاعیرەوە بۆ ئامادەکاری ئەم کتێبە نێردراون.
* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# عارف کوردە

# (ئاگرین)

عارف کوردەی شاعیر لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی تولکی ناوچەی شـێخ بزێنی سـەر بە ناحیەی شـوان. لە کۆتایی هەشـتاکانەوە دەسـتی بە نووسـین کردوەو یەکەم شـیعری (بولبولی کارگە) بەناوی نەوزادەوە لە گۆڤاری رابەر بڵاوکرایەوە. پاشـان لە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر شـیعری بڵاوکردۆتەوە بە ناوی نەوزادەوە کە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیسـت دەری دەکرد. پاشـان ناوەکە گۆڕی بە ئاگرین، شیعری (بریا )ی بە ناوی بڕوا وە بڵاوکرایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٧وە دەستی بەکاری رۆژنامەگەری کرد وەک پەیامنێر، کاری بۆ رۆژنامەکانی کەرکووکی نوێ و هاولاتی و هەواڵ و چەترو کوردسـتانی نوێ کرد. ئەندامی کارای سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان بووە. لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکان وتارو شیعری بڵاوکردۆتەوە و لە ساڵی ١٩٩٥ کۆشیعرێکی ئامادەکرد بۆ چاپکردن بەڵام بەداخەوە لە ٣١ی ئاب لەناو چوو.

## ئایار

ئایارە ..
سەربەرز بۆ ئاسمان دەڕوانین
زەمەنی سەرمایە دەوەستێ و
دووکەڵی کانەکان؛
لەم ڕۆژە ڕادەگرین.
ئایارە ..
لافاوین. شەپۆلین. قەڵبەزەین

بەرچنەی پڕ لە گوڵ؛
بە پەنجەی هەمووومان ڕیز دەکەین
پێچ پێچەی برسێتی و
نەهاتی پەیدەکەین.
ئایارە..
یەکدەستین. یەکدەنگین
کانیاوین لێوان لێو پڕ لە ڕقین
لە دڵی کێوێکدا دەتەقین
بە بڕوای یەکسانی و بەهاری ئازادی پڕ چەکین
ئایارە ..
بۆرژوا گوێ گرە !
لێرە بێ یان لەوێ
کۆتەرەی شیکاگۆین
(ئاگرین؛ شۆرشین
شۆرشی کڵپەسێن)
لە ڕووی تۆ ناکوژێن
ژیلەمۆین؛
پەنگرین.
هەتاوین تۆڵەسێن.

ئایاری ١٩٩١

## ڕۆژێکی خۆڵکەوەیی

ئەم شارە ملوانکەی دیرۆکی
لاپەڕەی پساوە
هەر دەنکە شیلانەو مەرجانە
لە کونجی خەیاڵی ڕابردووی خەباتی کرێکار خنکاوە
ئەم شارە کفنێکی خۆڵ باوی
پۆشیوەو مەلوولە..

لە دەریای مت بووندا نوستووەو ڕاپەڕین بۆ ماف و ئازادی جەنگاوە
ئەندێشەی بۆ دنیای یەکسانی لەنگەری
لە وەرزی سڕ بوونا چێ دەکا
لەم شارە نە مەجنوون بە لەیلا دەگا
نە عاشق دەشت و دەر پەی دەکا
نە فەرهاد بۆ شیرین
قوڵنگی لە شانەو
لە دڵی بێستوونا کانیاوێک دەر دەکا!
بەکرەکەی مەرگەوەڕ؛ سەرمایە و بۆرژوای کەڵەگای شەقامەو
کەس نییە نەفرەتێک.. تفێکی لێ بکا..!
سبەینێ لەم شارە جەژنەکەی ئایارە
نە مارشی راپەرین دەبیستریێ..
نە خرنەی بازنی بێریوان خرنەی دێ!
ئەستێرەی ئەم شارە نابێتە قەقنەس و
لە پێناو ئەوینا داگیرسێ و بسووتێ..!
نە زەنگی شیعرەکەی؛
سەد ساڵەی ئایارم دەنگی دێ..!
نە تێشووی پڕ وشەی چەکی سوور؛
ورایەک.. ئەژدەرێک..
لە شانی هیچ کەسێک نابینرێ..!
قەڵەمی بەفرینی مێژوونووس
تووتیەکی کێویلەی زۆر بلێی فشۆڵە
مێژوویەکی ئاوەژوو دەنووسێ و
لەلای ئەو ئاساییە
یەک کەسیش گوێ نەگرێ..!
ئەسپێکی لەڕوو لات..داهەزاو.. سیسەڵە
لە پەناو پەسێو دا؛
هەندێجار نووزەیەک .. لرخەی دێ ..!

بێئەوەی هیچ کەسێک جەللاد و قارەمان بێنە دەنگ
بێئەوەی لە پەناو پەسیوی ژیاندا
تفەنگێ ببێنی جار بدات جاری جەنگ

**سەرچاوە**: بڵاوکراوەی پردێی ئازاد ژمارە ١٥٥ ی ساڵی ٢٠١٨.

## بۆ شاپوورەکان

شاپوورەکان لەپێناو ئینسانی برسی گیانیان
بە ئێمە سپارد
دەستییان بۆ ئیمە هەڵبری
لەبەرانبەر عەرشی ستەم
وتیان نەخێر..
شاپوورەکان گیانیان بەختکرد
خێوەتگاکان سووتان و
مناڵێکی ئاوارەی
خانووە قورەکانی شیراتۆن مەعەسکەر سەلام
بۆ نانێک مرد
پێنووسەکانیان سەربڕی و
ڕۆژنامەکان بوون بە بەرد
بۆن سۆی قژی ژنێک
کوچەو کۆلانی پڕ کرد
قیژەی منارەیەک
گوێچکەی بروسکەی کەڕ کرد
ترسنۆکی بە سەر شۆڕی هەڵات
بەزیوی فرمێسکی تیمساحی دەرشت
تفەنگێکی سەر بەرەو خوار
دەستی بۆ ناو گەڵی دەبرد
چراکان کوژانەوەو

زانکۆ بوو بە ئاشی نەزان
شاپوورەکان گیانیان بەخشی
دەست گێرەکانی شێخەڵا
پارووەکانیان لە دەم کەوتە خوارەوەو
نەهەنگێک قووتی دا..
دەستە بچوکەکانی ترافیک لایتەکان
لەسەرمادا هەڵدە لەرزن و
بێ ئاگردان مانەوە
دڵیان بووە بە پایزو
گەڵا .. گەڵا بەر دەبنەوە!..
شاپوورەکان بوون بە مۆم و
کۆلیتە تاریکەکانیان ڕووناک دەکردەوەو
ئەم تونێڵەیان بۆ ئێمە جێهێشت
ئێمەش.. لەم ئۆقیانووسی کپ بوون و مەینەتی و نایەکسانییە
چراین و هەر وەکو ئەوان ڕاوی تاریکایی دەنێین
وەکو ئەوان سروود بۆ ڕزگاری ئینسان
بۆ دادپەروەری ژین دەڵێین.

**سەرچاوە**: ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٧١٢ی ساڵی ٢٠١٨ بڵاو بۆتەوە.

## کوانوویەکی بێ خۆڵەمێش

(بۆ ئەو ژنە کرێکارەی لە قوڕگی زەوی نان پەیدا دەکات)

هەموو ڕۆژێک لەگەڵ قوقەی کەڵەشێرا
بە هەگبەیە ئازارەوە
لە خەوێکی ڕەنگاو ڕەنگدا
ڕاست دەبمەوەو
هەنگاو بەرەو

خەونێکی نوێ دەنێمەوە
قاچەکانم ..
گۆچانێکی ناو کلۆرن
ڕێگا نابڕن ..
سیمام بەوری بابردەیە
لە کوانوویەکی پڕ حەسرەتدا
بۆ سپێدەی دەم بە ئاسۆ
پێ هەڵدێنم.
دوور دەڕوانم
جەستەم ئەسپێکی کەنەفتە
هێندە ئارەقم ڕشتووە
لە قورە لیتەیا چەقیوم
بە بێهوودە تەکان ئەدەم
خۆم و بێڵەقانی دەستم و
کارژیلەکەش بە کۆڵمەوە
چارۆگەیەکی چڵکنیش
خۆی بە سکما هەڵواسیوە
بە لۆژە لۆژ
وەک لۆلەپی،
دەست مەشکەژەن
دێم و دەچم.. بە لادا دێم
لەم تەپۆلکە بۆ ئەویتر
بە دوای ناسکە کنگرێک
و چاوی گەشی پیشۆکێک و
هاپەلۆک و
چاوبازەدا
دەخولێمەوە.
پێڵوەکانم ناکرێنەوە
کەروێشکێکی خەواڵوم و

لە نشێوی چارەڕەشیی
سەرسم ئەدەم
غلۆر دەبمەوە
ورگی زەوی هەڵ ئەدڕم
تا بتوانم
لە قوڕگی شێر
نانی سبەینێ دەربێنم.

**تێبینی**: ئەم شیعرە لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕابەر) ئۆرگانی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) بڵاو بۆتەوە.

## بڵاچەی زەرد

گەر یەکبگرن، دەتانکەنە
گسکی دەست و پێڵاوی پێ
کرێوەیەک وا بەڕێوە
بۆن شیعرەکەی پۆتێی لێدێ
گوێم لە سروودێ تازەیەو
تەپڵی ئازادی لێ ئەدرێ
کۆمۆن گەوایی بۆ داوە
ڕوبار پڕ بوو لەقەڵبەزەو لە تووڕەیی
گاشەبەرد چ حەدی هەیە بیوەستێنێ
چی قەڵناشکە و
بەربەست هەیە ڕایدەماڵێ
پەتی زوڵم چەند ئەستوور بێ
شەغرەی جیڕی کۆنە ساڵە دەیپسێنێ
دەبێ کەی بێ؟
هەموو پەڵەهەوری پاریس

ببێ بەیەک
دڵی زەوی داخورپێنێ
هەنگاو هەنگاو
بە ئاسمانەکانا بڕواو
کانیاوی نوێ بتەقێنێ.

* ئەم شیعرە پەیجی تایبەتی کاک عارف کوردە لە فەیسبووک وەرگیراوەە.
* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.

# محەمەد کەساس



محەمەد کەساسی شاعیر لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و پیشەی مامۆستایە و پێشمەرگەی دێرینی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە و خاوەنی بیست و نۆ کتێبی چاپکراوە لە بوارەکانی شیعر و شیعری بەرگریی و ئۆپەرێتی شیعریی بۆ منالان و بابەتی وەرگێڕان لە زمانی عەرەبیەوە بۆ کوردی لە بوارەکانی فکر و فەلسەفە و سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەدەبی و تاکوو ئێستاش بەردەوامە.

## چیتان پێ بڵێم هاوڕێیان

جگە لەوەی
گەرووی ڕەشی بورژوازی
لەم کەونەدا
بە ئارەقەی ڕەنجی ئێمە
بە پارووی دەم
منالانی ڕەش و ڕووت و پێخاوسی
چینی ئێمە دەئاخنرێ
جگە لەوەی پێتان بڵێم
کۆشکی زەردی
قات لەسەر قاتی سەرمایە
وەکو ڕەنگی دەموچاویان

لە پەراسووی ئێسکی من و
کاسەی سەری هاورێکەم و
ئەم مرۆڤە هەڵچنراوە
ورگی زل و
دواهەمین تەنزی ماشێن و
قاسەی بە دۆلار سیخناخ و
لووتی بەرزی لە ئاسمانی حەوتەمینیان
بە مەزادی خوێنی گەشی من و تۆیە
ڕاوەستاوە...!!
ئەی هاورێکەم

**سەرچاوە**: گۆڤاری هانا ژمارە ٤ خوولی یەکەم تشرینی دووەمی ١٩٩٦ لاپەڕە ٥٥.

## تۆ نەمری

ڕۆژی ( ٣١ / ١ )ی هەموو ساڵێک یادی شەهیدبوونی ( شاسوار جەلال / ئارام )ی نەمرە ... ئەم قەسیدەیە بە ڕۆحی پاک و بەرزەفڕی ئەو سەرکردە خاکییەی زەحمەتکێشان و ڕەنجدەرانی کوردستان پێشکەشە.

وەک زمناکۆ لە ناو دڵما داکوتراوی
تۆ هەتاوی
لەپێناوی کۆمەڵەدا
هەزارانجار ئازار درای
بۆ مافی گشت زەحمەتکێشان
بەرەو کونجی زیندان ئەبرای
لەناو دڵە گەورەکەتا

وشەی (شۆڕش) ت هەڵکەندو
فاشییەتت پێ ئەتۆقان
بۆ چەوساوەی هەموو جیهان
ئارام (ناوت نارنجۆکەو لەسەر پێیە)
لەناو دەمی بۆرژوادا
گڕو کڵپەو قینی پێیە
بەڵام (ئارام) ئێستاش یادت
بارانێکەوبەسەر کێڵگەی
خەم و تینووی هەژارانا دائەبارێ
ئێستاش ناوت
درەختێکەولەناو زامی چەوساوانا
بەری کۆڵنەدان ئەگرێ
دە دەی ئارام
دەرمانی زام
هەر ئەمجارە
دەبێرەوە بۆ ئەم شارە
بۆ ئەوشارەی شەماڵیشی ڕەشەبایە
بۆ ئەو شارەی برسێتی و دیلێتی تیایە
ببە بە گزنگی هەتاو
لە ئامێزی کوڕەکاژاو
سەر دەربێنەو ئەهریمەنی ئەم جیهانە بتاسێنە
وەکو هەڵۆ مەلی ژینیان
لەقەفەزی سنگی ڕەشیانا دەربێنە
تۆ ئارامی و
بێ ئارامیت خەزانێکە و
گەڵای شادی تەمەنمان ئەوەرێنێ

مەلی سرکی ئازادیمان ئەتۆرێنێ
تۆ (سیروان)ی و (تەنگیسەر) ت لە کۆڵناوە
تابەرەوخوارتر بیتەوە
دڵی زەوی پڕ لەبیری (مارکس) ئەکەی ...
هەواڵی خەمی ئەم خاکە
بۆ چەوساوەی جیهان ئەبەی!!! ...

شارباژێڕ ١٩٨١ - ١٩٨٢

* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.

# عوسمان شەیدا



کارگە
تەمێکی ڕەش...
لە جارانی چاوە قەترانییەکەت دەچێ
هێمن...بێدەنگ
دوکەڵکێشی کارگەکەتان بەجێ دێڵێ
دەڵێی ڤینێکی پیرۆزە
بە ئاسمانا هەڵدەشاخێ...
- ئەو تەمە خوێنەکەی تۆیە
- ئەو تەمە ئارەقی تۆیە
وا دەسووتێ
کرێکارە ڕەنگ زەردەکە!
ئێستاش لەنێوانی ئەم و نیگای خۆما،
کورتەچیرۆکێک دەنووسم... ناوم ناوە
لە سووتانی خوێن و سیمای شەنگ و شۆختا
بەرهەم دەبێ
تۆش دەبی بە خۆڵەمێشێکی قەترانی
بە ئاسمانا هەڵ دەشاخێی
خواش بێدەنگە...
لەو ساتەدا خۆنەویستی گەورە دەبێ
دەگەڕێیەوە بۆ زەوی
دەگەڕێیەوە بۆ لای من
بۆیە هەموو بەرهەمێکی بازاڕی ڕەش
بۆن سوێ خوێنەکەی تۆی لێ دێ
کرێکارە سووتاوەکە!

به عیشقەوە...کتێبخانەی میراتی شاعیرێک گەڕام
کول بووم..دێڕێ یاداشتم نەدۆزییەوە
تەنها ڕەسمی (کاروان سەرا)ی شارێک نەبێت
خەڵکەکەی پێوەند کرابوون.
لە دامێنی ورد بوومەوە.. لێی نووسرابوو:
- (مرۆڤە کارگێڕەکانم پێ ببەخشن، دوورگەیەک هەڵ دەگێڕمەوە)
کرێکارە بێدەنگە...شۆڕشگێڕەکە
باوەڕت بێ هێندەی نەبرد
کورتەچیرۆکم تەواو کرد.

**سەرچاوە:** گۆڤاری (ئەدەبی کرێکاری)، ژمارە ٢ ساڵی یەکەم، کانوونی دووەم ١٩٩٢.

## مایاکۆفسکی (١)

شەو ماندووە
ڕۆژ و شەوانی تێکەڵن
سبەینان دەگەڵ کازیوە
ئۆردوویەک نان
هێلکە
تەماتە
پیاز...
هاوار...
دەوروبەر مزگەوتی گەورە (٢)
شەوان کارگە
ئەو ماندووە
لە خەونیشا
بابۆڵەی بۆ کرێکاری ڕێ ڕاگرتووە
ها..خەریکە ماشێنەکە بەجێی دێڵێ
لە خەونیشا

پەنجەرەی نێو کارگە دەسرێ
بەڵێ هاورێ
کرێکارانی ئەم (.....)
کەس گوڵ نادا لە ئێخەیان
کەس پێشوازی خەمیان ناکا
لێرە مەزنترین شیعر
بۆ ئەو ناکاتە ژەمێ نان.

(١)- ١٩ی تەمموزی ١٨٩٤ لەدایکبوونی مایاکۆفسکی
(٢)- مزگەوتی گەورە مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی
**سەرچاوە:** گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری، ژمارە، ٨ ساڵی یەکەم، تەمموزی ١٩٩٢ لاپەڕە ٢٧.

## برووسکە

ئاسمان هەور بێ یان ساماڵ
زەوی هەتاو .. یا باران بێ
لەم گۆشە تەسکە بێدەنگییەی ژوورەکەمدا
کرێکارێکی تۆزاوی هەموو ڕۆژ دیدەنیم دەکا
لەو دەمەیدا ئەو دەبینم
هەموو شتێک دەخوێنمەوە
وەکو ئەو شیعرە مەزنەی
دەستەملانێی کۆچ و مەرگە
بەڵام دڵە بچکۆلەکەی هەر لێدەدا.

**سەرچاوە** : گۆڤاری بەیان، ژمارە ١١٢، ساڵی ١٩٨٥، لاپەڕە ٤١.

## شەختە

بەیانییە و .. سەرما دەستە زبرەکانی لە گۆ خستووی
ژیان.. ئەرکی ڕەشە خێزانێکی برسی پێ هەڵگرتووی

چنۆکی خاوەن کارەکان
لەناخەوە ئەتگرێنێ
هێرشی قینی پروشەی دەم کزەبای سەر کێوەکان
لە هەورازی ماندوبوونا؛
هەناسەی نیو سییەکانت؛ ئەمتاسێنێ
چاوم لێتە.. هەردوو دەستت خزاندۆتە
گیرفانی شەڕواڵە سینە پیناوییەکەت
ئاو بە هەردوو کونە لووتتا دێتە خوارێ و
ئەو دوشانەی ..
لەدەسکی عەرەبانەکەت گیری ئەکەی..
نە بۆ سەرما..
نە بۆ گرمەی سەوزەفرۆش
نە بۆ (بۆڵەی عەلافی) گوێ زۆپای گەرم
بەری نادەی
هەنگاو ئەنێیت و کۆڵ نادەی
لەولاشەوە..
مناڵەکەت.. پەنجەکانی کەوە بوون و
چاوەڕوانی (دوانزە نانە)
نان.. ژیانە
ژیان.. نانە
+ ئەی دەنگە ئاساوەکەی ئەم وڵاتە
لە ئەستۆی گیانی کێی بنێین
ئەم تاوانە؟

١٩٧٧-١-١٠

**سەرچاوە**: ئەم هۆنراوەیە لە گۆڤاری (ڕەنجی کرێکار ) ژمارە ٣ ی ساڵی ١٩٧٧ دا بڵاو کراوەتەوە.

**تێبینی**: بەداخەوە گەلێ گەڕام هیچ زانیارییەکم لەســـەر ژیاننامەی ئەم شـــاعیرە دەست نەکەوت.

# سەعید ئەمانی



سەعید ئەمانی ساڵی ١٩٦٠ زاینی لە ئاوایی شیلاناوی سەربە ناوچەی سەقز لە دایک بووە. بەشی زۆری تەمەنی لە شاری بۆکان ژیاوە. وەک کرێکارێک لە شارەکانی تاران، تەوریز، هەمەدان، مەلایر، مەهاباد و شەبستەر کاری کردووە. لە ساڵەکانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ شێعری نووسیوە و تا ئێستا تەنیا توانیویەتی دوو بەرگ لە شێعرەکانی خۆی بە ناوەکانی" باران و دلۆپە" و " ئەرخەوانی یاد" و بەرگێک لە شێعرە وەرگێردراوەکانی بە ناوی" کۆنسێرتێکی ناتەواو" بە چاپ بگەیەنێت. زیاتر لە بەشی ڕاگەیاندندا سەرقاڵی ئیش بووە و بەو هۆیەوە سەرجەم شێعر و نووسین و بابەتەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و سایتە جۆراوجۆرەکاندا بڵاو کراونەتەوە. بێجگە لە باقی شێعر و نووسینەکانی خۆی سێ کتێبی لە فارسییەوە کردووە بە کوردی کە ئامادەی چاپن. سەعیدی ئەمانی سەرنووسەری دەورەی دووهەمی گۆڤاری پێشەنگ یشی وەئەستۆ گرتوە و تا ئێستا واتە لە دەورەی دووهەمی دا ٢٤ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە. هەر بەهۆی ئەو چالاکییانەشەوە بووەتە ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

## "کۆتا گورزت بوەشێنە"

*ڕوو بە کریکاران لە ڕۆژی یەکی ئەیاردا*

ئەم ڕۆژی یەکی ئەیارە
تایبەت بە تۆی کرێکارە

دایخە کارخانە و شوێنی کار
بوەستێنە جووڵە و کردار
ڕێکخە هێزی بێ سنوورت
هەڵکە ئاڵای بەرزی سوورت.
بڕژێ نێو مەیدانی شاران
دەست بنێ بینی زۆرداران
بڵێ: رۆژی کرێکارە
جێژنی یەکەمی ئەیارە
بێ دەربەستم لەم رۆژەدا
خۆم سەربەستم لەم رۆژەدا.
چەوسێنەری زەروی خوێنمژ!
تاڵانکەری وزە و ژین کوژ!
ئەمرۆ یەکدەست خورۆشاوم
بەرانبەر بە تۆ ڕاساوم.
شکۆمەندیت تێکدەشکێنم
بەزۆر بە چۆکدا دێنم
گوێ بۆ فەرمانت ناگرم
قینم بلێسم  ئاگرم
خەرمانی خەونت گڕ ئەدەم
دەسەڵاتت لێ بڕ ئەدەم
لە سامان بەشی خۆم دەوێ
بۆ پشو کەشی خۆم دەوێ.
ئاسۆکەم سۆسیالیستییە
ئارمانم کۆمۆنیستییە
یەکسانیم دەوێ بۆ کۆمەڵ
بی ژانیم دەوێ بۆ کۆمەڵ

ژیانی بێ حەسانەوە
پڕ لە زوڵم و چەوسانەوە
دەسڕمەوە بۆ هەتایە
دادپەوەری دێنمەکایە.
ئەمە پەیمانێکە و داومە
ناتەواو ئەرکێکە و ماومە
بە هێزی گشت کرێکاران
زەحمەتکێشان و هەژاران
کۆتا گورزم دەوەشێنم
ئامانجەکانم پێکدێنم.

## " شا ڕێی ڕزگاری"

*بۆ یەکی ئەیار ڕۆژی جێهانی چینی کرێکار*

من بڕیاری یەکگرتنم
بە مەرەکەبی خوێن نووسراوم
من ڕۆژی یەکی ئەیارم.
من بەرهەمی
چەوسانەوە و ڕەنج و کارم.
ڕووبارێکم:
لافاوی قینی کرێکار
بە بەستەرم دا کەوتە ڕێ
ئاسمانێکم:
لە شەوگاری تاریکی دا
بە ملیۆن ئەستێرەی هیوام
تێدا هەڵدێ.

مەیدانێکم
بە بەرینی هەموو دنیا
بانگی ڕزگاری یەکجاریم تێدا دەدرێ.
*
ئەو باسکە پڕلەوزەم وا:
ئەسپی سەرکەشی سەرمایە
هەوسار دەکات.
باوەشێکم:
کەیلی گوڵاڵەی
یەک ڕەنگی.
گۆرانی یەک:
پڕاوپڕ بەستەی
یەک دەنگی.
*
سروودی مەرگی سەرمایەم
لە سەر زاران
بڵێسەی ئاگری کوورەی زوڵم تاوێن
بۆ جەستەی
یاسای زۆرداران.
*
من زامنی سەرکەوتنم
شاڕێیەکم:
بەرەو ڕزگاری یەکجاری
لە حوکمی ڕەشی سەرمایە
بۆ مەڵبەندێک
کرێکار تیا بڕیاردەر بن

ئاسایش و
بەرابەری
بێتە کایە.
سلێمانی ٢٠٠٣

## پێچەوانە

منداڵێکی بچکۆلانە
لەسەر جادە
چەنێ بەرز
لەسەر ئەو کورسییە نەوییە
دانیشتوە و
خەریکی بۆیاغ لێدانە.
تەوەزەلێک پێڵاو لەپێ
لاقی لەبەردەم داناوە
چەنێ نزم
بەسەریەوە ڕاوێستاوە!

## چەکەرەی هیوا

لە زۆنگاوی نەفرەت و ئازارا
منداڵە وردەنان کرەکان
بارستایی تەلیسە چڵکنەکانی کۆڵیان
دژبە سەبەبکارانی دۆخی ژیانیان

ڕۆژانە
بێزاری و نەفرەت دەفرۆشن
پێڵاوە دڕاوەکانیان
پڕ بە زاری شیتاڵەکان
بەرەو ئاسۆی ئاسودەیی
نرکەی سەڵای هەنگاوی پتەو دەکۆشن.

سلێمانی، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩

* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# مەهاباد قەرەداغی

مەهاباد قەرەداغی ١٩٦٦ لە شاری کفری لە باشووری کوردستان لەدایک بووە. لە ١٩٧٨ەوە، کە تەمەنی دوانزە ساڵ بووە، دەستی کردووە بە شیعرنووسین. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ یەکەمین بەرهەمی شیعری لە هەفتەنامەی هاوکاری کە لە بەغدا دەردەچوو، بڵاو کراوەتەوە. لە زۆربەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤارە کوردییەکان بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە و لە چەندین کۆڕی شیعریی و دیداری ئەدەبیدا بەشداری کردووە. گەلێ چالاکی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی ئەنجام دەدات و ئێستاش هەر لە چالاکی بەردەوامە. مەهاباد تا ئێستا هەشت کتێبی شیعریی و چوار ڕۆمان و دوو کتێب لە بیرەوەرییەکانی و دووش لە کورتەچیرۆکەکانی و نۆ کتێبی توێژینەوەش لەسەر ژن و فیمینیزم و جێندەر بڵاو کردوتەوە ئەمە جگە لە شەش کتێبی وەرگێڕان لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی. هەروەها بەشداری کردووە لە نووسینی سێ کتێب لە بواری فێرکردن و پەروەردەدا. مەهەباد قەرەداغی ئێستا لە کوردستان لە شاری هەولێر دەژێت و سەرنووسەری گۆڤاری (شیکار)ە.

## تاسەی چەکوش

ئەو چەکوشەی لە ناو دەستی پۆلایینت
خۆی ڕادەگرت
گاشەبەردێکی لە قەدپاڵ دەشکاند و
لەسەر سنگی تاوێرەکان

خۆی دادەگرت
بەرد تژی بوو لە وزە و هێز
ڕەق بوو وەک دڵی دوژمنان
دڵی تۆش نەرم وەکو نان
کرێکارێک
لێوانلێو لە وزەی ژیان
*
بەردی دڵڕەق لە شاخەوە
بەر بووەوە
ئێسقانی پێکانتی هاڕیی
لەو ڕۆژەوە
سەرەڕای ئەوەی بێکاری
ئێشت سەختە
ئازار میوانی ناوەختە
برسێتی شاڵاو دەهێنێ
بۆ وردیلە نازدارەکان
تۆش باوکێکی پەککەوتەی
با دڵیشت نەرمتر بێ لە ئاو و نان
خۆ دڵنەرمی
تێری ناکات زگی برسی
ئیتر بۆ تۆیش و بۆ ئەوان
ژیان پڕە لە مەترسی!
*
بە دەم ئازاری پێی قرتاو
لەبەر تیشکی گەرمی هەتاو
ڕاکشاوی

بێداریت و خەو دەبینی
بە دنیایەکی جوانتر بۆ کرێکاران
بە دادپەروەری بۆ ئینسان
خەون دەبینی هەمووتان
بوونەتە یەک دەست بۆ خەبات
تا ڕۆژێ دێت
بگەنە ترۆپکی کێوی بەرزی ئاوات

١٩٨٥-١٢-١٥

## بچکۆلەیەکی ماندوو

لەناو لەگەنی باغەی شین
گوڵەبەرۆژەی دەفرۆشت
مناڵێکی بێ باوکی قژ ئاوریشمین
چاوەڕێ بوو
مندالە زەنگینە باوکدارەکان
لێی بکڕن
ئەوان هەردەم گیرفان پڕن!
*
زەنگ لێی دا لە دۆڵی خەیاڵ
هێند دەفرۆشێ، هێند دەفرۆشێ
تا پڕ دەبێ چوار گیرفانی بۆش و بەتاڵ
نەک هەر ئەوەش
رۆژێ دێ بە پارەی گوڵەبەرۆژەکان
دەکڕێت ئۆتۆمۆبیل و ماڵ!
*

خۆر ئاوا بوو،
پێش هاتنەوەی دایکی ماندووی
لە کارگەی مافوورچنین
گەڕایەوە و
لەگەنەکەی هێشتا پڕ بوو
خەمێکی زۆر
لەسەر دڵی گچکەی خڕ بوو!
*
دایکی دەرکراوی لە کار
بە ماتی هاتەوە بۆ ماڵ
ئەی بۆ لەمەودوا چۆن بژین؟
دەژمێرێ ڕۆژەکانی ساڵ!
ئای لە خاوەن سەرمایەی زۆر
لە مرۆڤی بێویژدانی هەمیشە بۆر
ئاخۆ کەی بێ
دنیا بگۆڕێ لە بەرژەوەندی ئەمان
چینی چەوساوە یەک بگرن
بیانکەن بە پەندی زەمان؟!

١٩-١٢-١٩٨٥

## هەستێک بۆ ڕۆژی کرێکاران

یەکی ئایار،
ساڵڕۆژی تێکۆشانتانە
هاوڕێیانی چینی ماندوو،
چینی هەژار!

ڕۆژی پیرۆزی باوەڕی
یەکگرتنی هەمووتانە
ئەی کرێکار!
یەکی ئایار،
سەرانسەری جیهان
دەبێتە شایەتی ڕەنجی ئێوە
ئاسوودەیی
لە دونیادا قەت نەدەبوو
بێ ئەوەی ئێوە شەو و ڕۆژ
نەوەستن هەردەم بە پێوە
ئێوە،
بە تەنیا هەر ئێوە
بنیاتنەری راستەقینەی
جیهانێکی زۆر بوژاوەن
کەچی خۆتان
سەر بە چینێکی هەژارن
بەش مەینەتن و چەوساوەن!
یەکی ئایار،
بکەن بە دەستپێکی شۆرش
دژی چینی سەرمایەدار
یەکی ئایار،
با ببیتە بەدیهێنەر
بۆ خەونی چەوساوەو هەژار!
ئێوە خۆتان
بەنرخترین سەرمایەن
بۆ گەردوونمان

بڕوای بەرزی یەکێتیتان
ئارامییە بۆ دەروونمان!
سا لەم ڕۆژە
بۆ دادپەروەری و یەکسانی
بنۆشن پێکی هاوبڕوایی و هاوسانی
تا بۆ چەوسێنەران
ببێتە مایەی خەم و هەراسانی!

یەکی ئایاری ١٩٨٦

**تێبینی**: ئەم ژیاننامەیە بە درێژی لە لایەن مەهاباد قەرەداغییەوە نێردراوە و من کورتم کردۆتەوە.

# خولیا حوسێن



خولیا حوسـێن لە سـاڵی ١٩٦٥ لە گوندی قوشـتەپەی گەورە، سـەربە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە. بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان نەیتوانیوە بچێتە خوێندنگا، بەڵام بە هەوڵی خۆی فێری خوێندەواری بووە و لەتەمەنی ١٠ سـاڵیەوە توانیویەتی بخوێنێتەوە و بنوسـێت. لە ١٩٨٦-١٩٩٨ لە شـاری هەولێر ژیاوە. لە هەشـتاکانەوە دەنوسـێت. یەکەم شـیعری لە گۆڤاری ڕابەر، لە ١٩٩١ بڵاو بۆتەوە. لە سـاڵی١٩٩٧ لەگەڵ کۆمەڵێک شـاعیری تازە پێگەیشـتوو کۆمەڵێک دەقی شـیعرییان بڵاو کردەوە بە ناوی وەسـیەتەکانی هەڵم. هەموو نووسین و شیعرەکانی ٧ تا ٨ساڵی یەکەمی نووسینی، بەهۆی بارودۆخی سـیاسـی و کۆمەڵایەتی لەناوچوون. لە ٢٠٠٣ وە بەردەوام لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە ئێلێکترۆنییەکان شـیعر و بابەتی کۆمەڵایەتی و بابەتی وەرگێران بڵاو دەکاتەوە. خولیا حسـێن لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٠وە تاکوو ئێسـتا داکۆکیکاری، کارای بوارەکانی مافی ژنانە و دژی هەموو توند و تیژییەکانی دژی ژنان دەنگ و بوونی هەبووە. لە ١٩٩٣ – ١٩٩٨ ئەندامی ڕیکخراوی سـەربەخۆی ئافرەتانی کوردسـتان بووە، لە ڕۆژنامەی یەکسـانی زمانحاڵی ئەم ڕیکخراوەیە شـیعر و بابەتی کۆمەڵایەتی بڵاو کردۆتەوە و ئەندامی دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنامەی یەکسـانی بووە. لە سـاڵی ١٩٩٨ کوردسـتانی جێهێشـتووە و لە ١٩٩٩وە لە وڵاتی کەنەدا لەگەڵ (ناڵە حەسەن)ی شاعیر بەیەکەوە دەژێن.

بڕۆن هەموو کیشوەرەکان بپشکنن
لە ئەستێرە و
لە تیشکی خۆر پرسیار بکەن
لە داربەڕووی
قەدپاڵی شاخ
لە بێرگز و شەوبۆی نێو باخ
لە هەژار و چەوەساوەکان
لە برسی و ڕەنج خوراوەکان
لە نمەی نمەی تەرزە و باران
لە سەرچاوەی کانیاوەکان
لە کەوباری سوورە دەنووک
لە زەرنەقووتەی بە بێ تووک
لە شەونم و
سروەی شەماڵ
لە فرمێسک و
خەندەی مناڵ
لە بەرخۆڵە و
شوانی شەیدا
لە کڵۆبەفری سەر چیا
لە شەختەبەندی سیبیریا
لە بیابان و
کێو و دەریا
بپرسن لە هەرچی جوانە
لەم دونیا فراوانە

گەر نەیان وت
هێزی بازووی کرێکارە
شەبەقی سووری دیارە
دوایی بە شەوەزەنگ دێنێ
دنیای نوێ
بەدەست دێنێ
گەر وا نەبوو
چاوی شیعرم دەربهێنن
پەنجە و پێنووسم بشکێنن
شەرابی ناو کاسەی هیوام
بەسەر سینگی
سەرمایەتانتا بڕژێنن.

۲۰-۷-۱۹۹۱

**سەرچاوە**: گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری، ژمارە ۱۸، ساڵی دووەم، ئایاری ۱۹۹۳، لاپەڕە ۱۸.

* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# سیامەند هۆرامی

## ڕۆبات

هەر چندە مدیەو پەلا ڕۆزگاری
هەر چونیۆ گیڵنو خارا پەڕگاری
ستەم قەت بە مو کلا مەنیشۆ
چانەی کە مارکسیزم پەنجەش پەی کیشۆ
ڕیخەش نە چەمەی نەزم چیروچوەر
گۆزەر نەۆیەڕ تەمای گیانەوەر
چەرخو سەرمایەی بازارو کاری
چون زەرو چنیەی ونەو هەژاری
ئانە کە مزیۆ و چارە مرمانۆ
مدۆ ئۆ ڕەنجت بەرۆ و مڕفانۆ
ویش گیریا و بینیاو ئا نەزمیەنە
ۋەرۆ یڕکو بەرەو ئا بەزمیەنە
هیچ مەرجیۆ نیا دور بۆ یا نزیک
بە گەڵ ئاما بۆ یاکو بە تەریک
هام ڕەنگ و ڕوت بۆ یا هام زۋانت
هام دەفتەرت بۆ و ئەی هام ئیمانت

ئید ویشچوەنە و چۆدار چیۆیۆتەر
ئید بارەبەرا و باردار چیۆیۆتەر
سەرمایەن نەخشی کاراش مجۆنە
ئید ڕۆباتیوا و بە کۆک گیڵۆنە

**سەرچاوە**: https://t.me/syamendh: شیعرەکە لەلایەن هاوڕێ (هەژێن)ەوە نێردراوە.
**تێبینی**: هیچ زانیارییەکم لەسەر ژیاننامەی شاعیر دەست نەکەوت.



# بێهرووز محەمەدپوور
# ب . م (شارۆ)

بێهرووز موحەمەدپوور (شــــارۆ) لە ســـــاڵی ١٩٧١ زایینی لە گوندی دزڵی ســــەر بە ناوچەی هەورامان تەخت، غونچەی تەمەنی بە دنیای تەژی لە بارووت پشکووت. تا پلەی فەوق دیپلۆم (بەکارلیۆس) خوێندوویەتی و مامۆســـتای خوێندنگای بنەڕەتیە. ئێســـتەش لە شارۆچکەی دزڵی مامۆستایە. شێعرگوتنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٢، بەڵام بە شێوەی جیدی لە ساڵی ٢٠١٠ بە نووسینی شێعری قشقەڕە، دەستی پێکرد.

شارۆ بە فارسی و سۆرانی و هەورامی شێعری دەنووسی و لە بواری شێعری منداڵاندا چالاکی نواندووە و چەند شێعری قوتابخانەی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی هەورامی. بە شێوەی کلاسێک و نوێ شێعر ئەنووسێ و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەشداری کردووە. وەکوو:

ئەنجومەنی قەڵەمی هاوچەرخی کوردی لە پاوە، ئێوارە غەزەڵ لە شــــارەکانی ســـەوڵاو و پاوە، کۆڕی دەســـاوێژی هەورامان لە مەریوان و چند کۆڕێ شـێعری نوێ لە پاوە، مەریوان و سەوڵاو.

شـێعرەکانی لە گۆڤارەکانی "ژیوای" لە هەرێمی کوردسـتان، ژیوار، وانیار و ئاوات لە ســــنە، گۆڤاری شـــار لە پاوە، ئاوات، گجارنامەی ڕۆجیار و ... بڵاو بوونەتەوە. یەکەم شێعری بۆ منداڵان لە گجارنامەی ڕوجیار، ساڵی ٨٩ی کۆچی هەتاوی چاپ بوو . شارۆ ئێستاش بەردەوامە ...

## کرێکار

بێبەش جە وەشی لیپا جە زەحمەت
دایم ڕەش و ڕووت واردەیش بە هێمەت

حەوتوو سۆحی تا پەنجوو وێرەگای
ئاماوە یانە مەردەن جە ئاورای
پانتۆڵێ شڕێ و کڵاشی دڕیا
قەڵاو زۆرداریچ هەر پادی وڕیا
شار بە ئارەقش بیەن ئاوەدان
ئەر وەشش نەبۆ کۆر بۆوە،وێران
بە بێ زامەتش سەنعەت سەقەتا
ژیوای زاڕۆڵاش یەک جار خەفەتا
دەک تەرێق بیوە هۆ کاکی پاشا
ترەکاو دەسیش خاس کەر تەماشا
زەمینی بایر کەرۆنە باخات
سروشت ڕازنۆوە تارنۆ خەمەکات
دەسڕەنجوو ئادین ژیوای هەن سەفاش
سەد هەزار جارێ قوربانەو دەساش

**سەرچاوە**: cherpewpawdenge@ / https://t.me/cherpewpawdenge
**تێبینی**: ئەم شیعرە لەلایەن هاوڕێی ئازیزم (هەژێن)ەوە نێردراوە.
* ئەم ژیاننامەیە لەلایەن شاعیرەوە نووسراوە و هاوڕێ هەژێن بۆی ناردووم.



# ڕێباز مەحموود (کسپە)

ڕێباز مەحموود لە ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی گەنکێی ناوچەی شارباژێر سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە. لە ساڵانی نیوەی دووەمی نەوەتەکانەوە بەشێکی زۆری ژیانی بە کرێکاری لە تاراندا بەسەر بردووە، لە ناوەڕاستی ساڵی دووهەزاردا گەیشتۆتە بەریتانیا و ئێستاش لە هۆڵەندا دەژیت. ئاشنابوونی لەگەڵ شیعردا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و لە دوای ڕاپەڕینی جەماوەری باشووری کوردستاندا و ئامادەیی چەپ خۆی لەناو بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریدا بینییەوە و لە گۆڤاری ئەدەبی کرێکاریدا کە بەڕێز عەباس شوان سەرنووسەری بوو، بوو بە یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی و لە زۆرێک لە ڤیستیڤاڵ و بۆنە کرێکاریی و چینایەتییەکاندا بە خوێندنەوەی شیعر بەشدار بووە. یەکەمین کۆمەڵە شیعری لە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن گۆڤاری ئەدەبی کرێکارییەوە بڵاو کردۆتەوە کە نامیلکەیەکی شیعری بوو بەناوی "کاروان بەڕێوەیە".

## لە گەرمەی کارکردنا

ژان و چەپۆکی ماندوێتی
لولیان دام و
ئامێرەکان
بێدەنگ وەستان،
بەدیارمەوە!
لە هۆش خۆم چووم

ناشزانم،
چۆن و کەی سەرخۆ هاتمەوە؟!
تەنیا ئەوەندە دەزانم
بۆڵەی خودی خاوەنکار و
تەزووی دەستی هاوڕێکانم
بەئاگایان هێنامەوە ..!
کاتێ چاویشم کردەوە
دوو جیهانی دژ بەیەکتر
بینیم کە دێن بەپیرمەوە!
جیهانێکیان
بانگی کارکردنەوەی بە گوێمدا چرپاند و
ئەوی دیکەش،
بۆ دوپات نەبوونەوەی ئەم مەرگەساتەم
خورپەی "یەکبوون"ی خستە ڕشتەی بیرمەوە!
١٩٩٢-١٠-٢٢

## جۆری شیعر

..
شیعرێک خوێناوی برینی
تەمەنی کرێکارێک بێت
هەم بەکاڵیش نوسرابێت و
هەم پەڕەی ڕۆژنامەکەشی
بەس تەنیا ڕووی دیوارێک بێت!
زۆر دڵ هەیە بە بینینی
ڕائەچڵەکێ و
لە ناخیا ئەینوسێتەوە!
دوایش سروودێک دەردەچێت

منالێکی دەسفرۆش،
لە ژێر ڕەهێڵەی بارانا
ئەیلێتەوە!
بەڵام زۆر چاک دڵنیا بن!
شیعرێک سۆزی زەحمەتکێشێ
بەلای خۆیدا،
ڕانەکێشێ!
منالێکی بەرگ دڕاو
ئەیکات بە لوولەو
گوڵەبەڕۆژەی تیا ئەفرۆشێ!

١٩٩٢-٢-١٩

لە ژمارە ١٠ ی گۆڤاری "ئەدەبی کرێکاری" دا بڵاو کراوەتەوە.

## یەکی ئایار

وەرە و بەر لە تریفەی مانگەشەو مەگرە
وەرە .. وەرە و لە تەکمابە
تا بەر لە تریفەی مانگەشەوم نەگریت
من ئەمشەو وەک شەوانی تر
ئێشک لە کۆرپەی ناو بێشکەی
زامی چینایەتیم دەگرم ..
حەزم لە دەنگی گریانە
ئەی نازانی هەموو ساتێ
بە شوێن چیدا .. وا ژێر نابێتەوە و ..دەگری؟
وەرە و بەر لە تریفەی مانگەشەو مەگرە
وەرە .. وەرە و لەگەڵمابە

با ئەمشەو لە خەوو نوستن یاخی بین
گوڵئەستێرە
بە سنگی تاریکی کارخانەکانەوە
بلکێنین!
ئیدی بەسە
لەبەرهەیوانی گوماندا
دەمێکە هەڵتروشکاوی
پێت وا نییە
ئەمشەو ئاسمان
چاوەڕێی دەم بەیانێکی خرۆشاو بێ؟
وەرە .. ئەگەر نیازت وایە
چەپک بکەی
گوڵی سووری ناو باخچەی پەرشوبڵاوی!
وەرە و.. بەر لە تریفەی مانگەشەو مەگرە
ڕووی مانگەشەو
هەرگیز بە کەس پەرژین ناکرێ
بانگت دەکەم
ئەمشەو خەوم لە چاوانم تۆراندووە
خەو لە چاوت بتۆرێنە!
ئەمشەو گوڵئەستێرە دەبارێنم بەسەر
سنگی شارا
وەرەو گوڵئەستێرەم لەگەڵ ببارێنە!
ئازیز، من پەڵە هەورێکم و
تا تۆی پەڵەهەور توند لە ئامێز نەگرم
نە چەخماخە و نە بروسکە لە دایک نابێ ...
گوڵئەستێرەش زۆر نابارێ و

دەم بەیانی خرۆشاویش لەخەو ڕانابێ ..!
وەرە و.. بەر لە تریفەی مانگەشەو مەگرە
ئەمشەو هەر ئێجگار پیرۆزە و
دەم دەرگایە ..
بۆ ئامادەبوونمان بۆ چوونەژوورەوەی
سبەینێیەک
کە ناونیشانی مەرگی بورژوایە!
یەکی ئایار،
ئازیز ئەکی ئایارە و.. دەی دەستت بێنە
گوڵئەستێرەی دروشمەکانمان بڕوێنین
لەسەر سنگی ئەم دونیایەی
کە بەرهەمی ئێمەی پرۆلیتاریایە!

٣٠-٤-١٩٩٢

تێبینی شاعیر: ئەم شیعرە ١ی ٥ ی ١٩٩٢ لە هۆڵی (ڕۆشنبیری کورد-سلێمانی) لە کۆڕێکی شیعریدا، کە بە بۆنەی یەکی ئایارەوە ڕێکخرابوو، خوێندرایەوە.

## سەرنج

ئەی مناڵە چاو ڕەشەکە
ئێوارەیە و
کزەی ئەم وشکەسەرمایەش
تەزاندووتی!
ئاخ .. لەگەڵ ئەوەشا دەتبینم
کە چەند شرۆڵە و ڕووتی!

تۆ بڵێی لە خۆتت پرسیبێ
کام هێز ناچاری کردبیت
کە هەرچوار وەرزە
لە ژێر کەژاوەی تارای بەفرا لە جیاتی
لکان بە ئامێزی شادی و ئاسوودەیی و
لە ژێر تاسەی ڕەهێڵەی باران
لە جیاتینۆشینی تامی گەرمی ژیان .. دوور لە باو تەرزە
یان لەگەڵ لێشاوی گەرمای خۆرەتاوا
هەر بە پێوە
لە دامێنی خۆزگەدا دەسفرۆشێ بیت و
ئا بەم تەمەنەوە بێیتە
بازاڕی ڕەشی سەرمایە و ململانێوە!؟
..
تۆ بڵێی لە خۆتت پرسیبێ
بۆ چی ئەبێ
منیش وەکو مناڵانی
کۆشکەبەرزەکانی ئەم شارە نەژیم؟
سەرما پەنجەم نەتەزێنێ و
گەرما جەستەم نەپروکێنێ و
ئێوارانیش لەسەر سفرەی ڕاخراومان
بۆ نان نەگریم؟
..
بەڵێ دڵنیام
لەگەڵ دەیان پرسیاری ترا
کە تاکو ئێستاش هەر بێ وەڵام ماون ..
وەک پشکۆ لە دەمتەوە هاتوونەتە دەر و

سەرەنجامیش
هەر بە گوێی خۆتا چزاون!
١٩ -١٢-١٩٩١

## سوشیالیزم

ئەو خەندەیەی
لە لێوی دارەدارەی مێژوویان دزی
تەنیا منم
ئەتوانم بیگەڕێنمەوە
بۆ سەر لێوی وشکوتینووی ئەم ڕۆژگارە ...
ئەو ئەستێرانەی لە ئاسمانی ساماڵی
خولیای ئینسانەکانا
گەیەنرانە ئەم ڕادەیەی ئەمڕۆی کزی
تەنیا منم
کە ئەتوانم
لە هەر خولیایەک، کلدانێکی پڕ کل و
چاوی کاڵیان بۆ بڕێژمەوە دووبارە!

ئەو ئازارەی ئێستا جڵەوکێشی ژینتە
یا ئەو هەنگاوانەی ئەمڕۆش
کە تۆمارگەی
گشت ترپەی دڵی برینتە!
تەنیا منم
کە ئەتوانم
لە کفنی ڕەشی بیرچوونەوەی هەڵکێشم ..
بەرزونزمیش

بەر ماڵووی گزنگی نوێ بدەم
دڵنیابە،
لەگەڵ لە دایکبوونیشما ئەسڕێنەوە
وشەی برسیم، زەحمەتکێشم!

سالی ١٩٩٢

* ژياننامە و شیعرەکان لەلایەن کاک ڕێباز مەحموودەوە نێردراون.

# شێخ سدیق



شێخ سدیقی شاعیر لەساڵی ١٩٦٦ لەگوندی دەرگەزێن سەربەناحیەی بازیان لەدایکبووە. ئامادەیی کشتوکاڵی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە و بەکالۆریۆس و ماستەری لەزانکۆی حورەی هۆڵەندی خوێندوویەتی. بۆ ماوەی چوارساڵ سکرتێری لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانانی کوردستان بووە و لەبواری کاری ڕۆژنامەی میدیا کاری کردووە. هەروەها بەڕێوبەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئازادی کەرکووک بووە. بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندنی ئازادی بووە لەکەرکووک. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانانی نێودەوڵەتیIFG ە. شێخ سدیق ئەم کتێبانەی چاپ کردووە، **یەک**: پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لەمێژوودا. **دوو**: ڕوومالّ کردنی ئەنفال لەڕۆژنامەگەری عێراقیدا بەزمانی عەرەبی ٢٠٠٨. **سێ**: ئەرشیفەکانی عێراق شیعر ٢٠٠٥. **چوار**: ئامادەکردنی کتێبی لەمێژووی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ فۆتۆکرافەر و سینەمای شاری کەرکووک٢٠١٢. **پێنج**: دەیان وتاری ئەدەبیی وسیاسیی و هونەریی بڵاو کردۆتەوە. یەکەم شیعریشی لەساڵی ١٩٩٢ لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان بڵاو کردۆتەوە.

## ئاوازی ئازاری جەستەی ماندوو

بازاڕی مرۆڤ پروکێن
بێ ڕەحمانە جەستە و گیان
دەخاتە نێو لوولەی بەرداشی هاڕینەوە
بەردکێشی کۆڵانەکان
پێکی شەرابی ئازار دەنۆشن لەسەر سفرەی خوانی بەتاڵ

پشتی کۆماوەی دوای عەرەبانە شڕۆڵەکان
ئێوارەی زستانی تووش
لەدووتوێی بەتانییەکی تەنکدا کینگڵ دەدات
تۆ هاواری ژیانی سبەینێیەکی نوێی
کەچی بەدەستی نامەردێکەوە
دەترەتێنێ تاکو نزیکبوونەوە لە مردن
ماڵەکانتان پڕاوپڕن لە چیرۆکی نەبیستراو
لەئاوازی ئازاری جەستەی شەکەت و ماندوو
دڵەکانتان پڕاوپڕن لە خۆشەویستی
کەچی بەدەستی نامەردێکەوە ورد و خاش بووە
شەوان بەدیار کەرتەشکاوی ژیانەوە
لەگەڵ ئاخەکانتانەوە کۆیان دەکەنەوە
پێشتان کۆ ناکرێتەوە
دەزانم بەیانییەکی زوو کڵپەی شۆڕش
لە کۆڵانەکانی ئەم شارەوە دەست پێدەکات.

کەرکووک ٢٠١٧

## عەرەبانەیەکی شڕۆڵە

دەستەکانت لە پشتی عەرەبانەیەکی شڕۆڵەوە
پێڵاوەکانی لەناو لیتاوی بارانی زستانێکی تووش بەجێمابوون.
دڵی پڕ قەهری بازاڕی بێڕەحمی سەرمایەداری
دڵە بچکۆلەکەی وەکو بارانی بەلێزمە هەڵدەلەرزی
بەدوای پەیداکردنی لەتێ ناندا ڕای دەکرد و دەگریا
کۆڵانێک نەما سەری پیا نەکات
بازاڕێک نەما پاڵ بەپشتی عەرەبانەکەیەوە نەنێ
هەرچی هەرچی و پەرچی بازاڕی دڵڕەقی سەرمایەداری هەیە
وەکو سەگی بەرکۆڵان سەیری چاوی پڕ لە هیوایان دەکرد

شەوگار نەما..زستانی سارد نەما
بەفر و ڕەهێڵە و شەختە نەما تیایدا شەو نەکاتەوە
لەگەڵ سەگە بەڕەڵلاکانی کۆلاندا دەنووست
تەنها خۆی و بەتانییەکی شڕۆڵە لە بازاڕی بێڕەحمی پڕ لە قامچی و ئازار
ڕاکەڕاکی بەردەم ئە ماڵ و ئەو ماڵ
بازاڕەکانی ژیان نەما هاواری تێدا نەکات
چاوەکانی ماندووی دەستی ڕۆژگارەکان
تا بەیانییەکی زوو شارەوانی لەنێو حاوییەکدا بەمردویی دۆزییانەوە.

٢٠١٦ کەرکووک

## پێکێک لە شروب بەجگەرەی موفرەدەوە

بمبووره ئیسماعیل نەمتوانی پێکێک شەرابت بۆ بکڕم
ئەمە بە دەستی من نەبوو
گیرفانەکانم بەتاڵ بوون
گەڕاشمەوە نەمتوانی سواری پاس بم
بمبووره ئیسماعیل نەمتوانی چارەکێک ویسکیت بۆ بکڕم
چوومە دەلاکخانەکەی حەوێز
ئەویش لەوێ نەبوو ئیسماعیل
تەنها توانیم شووشەیەک شروب و
چەند جگەرەیەک لە دالاست بۆ بهێنمەوە.

١٩٩٨ سلێمانی

## لەژێر مەرگی هەڵلوشینی کاردا

ڕۆژەکان تێپەڕ دەبن
تۆ هێشتا لەنێوان مەرگی هەڵلوشینی کاردا

چنگت لە نەخشاندنی دیواربەندا گیرکردووە.
تۆ تەمەنت لەژێر دار و پەردووی ئەم نیشتمانە چەماوەتەوە
تۆ بلۆک کێشێ دیواری هەڵچووی ئەم نیشتمانەیت
خۆرت بەشان بردۆتە بەر پەنجەرەی مەلەکان
عەرەق ڕێژی ژێر باری سەختی پارەداری ئەم ژیانەیت
پاڵتۆی زستانی سارد گەرمت ناکاتەوە
لوولەی دووکەڵکێشی کارگەکان نەخۆشی خستوویت
ئازاری ئەژنۆکانت ترساندویتی
دەستەکانت پڕن لە برینی گەورە
شیفای دکتۆرێک نادۆزیتەوە
ماڵت لە کۆڵانە قەدیمەکەی باپیرە گەورەی یاقوبە
یاقوب لەسەر بانێکەوە بەربۆوە خوارەوە
هەر لەوێ مرد
سەندیکای کرێکارانی لەڕۆژی ناشتنەکەیا
تەنها گوتارێکیان پێشکەش کرد
ئیتر ببڕای ببڕ نەهاتنەوە..نەهاتنەوە.

٥-١٠-٢٠١٧ کەرکووک



# ئیبراهیم هەورامانی
# (مامۆستا بەیان)

ئیبراهیم فەرەجوڵڵا حەمەوەیس، نازناو ئیبراهیم هەورامانی یان (مامۆستا بەیان) لەدایکبووی ١٩٦٣ هەلەبجەی شەهیدە. دەرچووی قۆناغی ئامادەیی ١٩٨٣-١٩٨٤. یەکەمین شیعری لە گۆڤاری ڕەنجی کرێکار لە ساڵی ١٩٨٤ لەسلیمانی بڵاوکردۆتەوە. لە زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکان شیعر و بابەتی بڵاوکردۆتەوە. لە سالی ١٩٨٨ بەدواوە بە ناوی مامۆستا بەیان لە گۆڤاری ئەدەب وهونەری کرێکاری شیعری بڵاو کردۆتەوە. یەکەمین کتێبی شیعری لە ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری ئاڵای شۆرش بە ناونیشانی (١٦ ی ئازار) بە ناوی (مامۆستا بەیان)ەوە چاپ کردوە. تا ئێستا حەوت کۆمەڵە شیعری بەچاپ گەیاندوە و چەندین شیعری بۆ زمانی عەرەبی و فارسی وەرگیردراون. وەک ڕۆژنامەنووسێک بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ کاری ڕۆژنامەنووسی ئەنجامداوە. ئەندامی کارای یەکێتی نووسەرانی کوردە. ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. ئێستاش سکرتیری لقی هەڵەبجەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

## بۆ ئایاری ١٩٩٢

دەبا ئیتر
بڕوانینە ...
دەریای بێ ئۆقرەی سەرمایە.
چۆنی بوێ،
لە گەردەلولی شەپۆلیا

وای بۆ ئەلوێ.
بەئارەزوی یاساکانی
دەمانبات و
دەمان هێنێ.
دەبا ئیتر
بڕوانینە
دنیای گەندەڵی سەرمایە.
هەربەتەنیا
ئێمەین کەوا
شەنگی جیهان ئەنەخشێنین.
کەچی خۆمان
لەم دنیایە
لەبەرهەمی ڕەنجی سالآنە
بێ بەشین.
دەبا ئیتر
بڕوانینە ...
ئەم ژیانە
ئەم دنیایە
بزانین کێ
شەو تابەیان دەست بەکارە؟
ساڵ دوانزەی مانگ
هاوڕێی غەم و
دنیایەکی پڕ ئازارە.
بزانین کێ
ئاسنی ڕەق
دەکاتە گۆ؟

لە کارگەدا بێ پشودان
لە تەک گەرمای هاوینانا
جەستەی پڕە
لە زامی سۆ؟
با بزانین
با بزانین
بۆچی دەبێ
بەری ڕەنج و
ماندووییمان
هەربەتەنیا
بۆ بۆرژوا و
خانەدان و
سەرمایەدار بێ؟

*

دەبا ئیتر
بڕوانینە
ئاسۆ و سبەی.
سبەینێ یەک
ئەوەڵین ڕۆژی ئایارە.
تا غەم و ژان بکەینە یەک
ئەم دنیایە،
تێک شکێن بێ و
ژینیش دور بێ لەم ئازارە.
دەبا ئیتر،
بۆ سبەینێ
کارخانەکان

جێبهێڵین.
ژووری نسرم و
بێ خۆرمان
جێبهێڵین.
دەزگای کارمان
جێبهێڵین.
بەرەو مەیدان
جێگەی ڕق و
جێی تۆڵەکان
بە هەنگاو بین.
ئەوەی ئێمە
لە دنیادا شکی ئەبەین
هێزی کارە.
با هێزی کار بەتۆڵە بێ
ئەوەی ئێمە
لە دنیادا لە کیس خۆمانی ئەدەین
هەر کۆتی دەستمانە
دەبا دنیا
بێ کۆیلە بێ.
با بەدەنگێ
هاوار بکەین
دیوارەکان بڕوخێنن
تاکو دەنگمان
بلەرزێنێ
دنیای گەندەڵی سەرمایە.
تا وەک ژینمان

چاو بڕێژێ
بە ئاسوودەیی و خۆشبەختی ئەم دنیایە.
*
دەبا ئیتر لە ئەمڕۆوە
هێزی کارمان بەتۆڵە بێ.
گڕی ڕقمان بەکڵپە بێ.
تا ئایارمان
بۆ ژیانی بەشمەینەتان
گوڵێکی سووری یەخە بێ.
تا ئایارمان
بۆ ژیانی بۆرژواکان
سەرەتای کۆتایی بێ.

## بانگەواز

من بەتەنیا
دەستم ناگاتە
ناو دەستی
ئەو خۆرەی وا
شەوی تاریکمان
ڕووناک دەکا.
من بەتەنها
دەنگم ناگاتە
لای دەنگی
ئەو بارانەی
کێڵگەی پڕدەغڵی

بێ ئاومان
بەپیت دەکا.
هاوڕێکەم
ئەی ئەو کەسەی کە بێکاریت
ئەی ئەو کەسەی
بەشمەینەت و هەردەم
هەر ڕووت و ڕەجاڵیت.
دەستت بێنە
لە تەک دەستما
با ببنە یەک
بۆیەک مەبەست
هاوڕێ
هۆ هاوڕێکەم
ئەی بەشمەینەت
هەتا ئێمە
لەیەکترییەوە دوربین
خۆری هیوامان هەڵنایە و
هەمیشە
هەر بەشمەینەت و
بەش مەینەتین.
سالی ١٩٩٢

## ڕازی سپێدە

سبەی کاتێ
کە خۆر هەڵدێ

بەدلە شینەکەی بەری خۆم
بە بزماری سنگی دیواری شێگرتووم
هەڵدەواسم.
کراسێ سوور
دەکەمە بەر.
خونچەی گوڵێکی سووری کاڵ
لەباخچەی بیرم دەکەنم.
تاوەک تۆ دێی،
بەدیار چاوی شۆڕیانەوە
لەبەرۆکی دڵی تۆی دەم.
تۆ و گوڵی سوور
تۆ و سرو‌ودی
خەباتی دور
دەبنە ترس و
دەچنە گیانی بێ ورەیان.
سروود و من
من و تۆ و گشت
لەتەک ئەوەڵی ئایارا
دەبینە نوور
تا ڕۆشن بێ تاریکستان
ڕێگەی دەیجور

## برسیمانە

ئێمە برسین
بۆ؟

دەبێ بۆ
منالآنمان
ڕووت و ڕەجاڵن؟
بۆ؟
دەبێ بۆ؟
ئێمە هەموو
یا بێکارین.
یا گیرۆدەی
ماندوێتی و دەستی هارین.
بۆ؟
دەبێ بۆ؟
هاوسەرانمان
کرێگرتەی ناو خێزانی بۆرژوا بێ؟
بۆ؟
دەبێ بۆ؟
ڕۆژانە
جل شۆر و نان دروستکەری مالآن بێ.
بۆ؟
دەبێ بۆ؟
بۆ شەوانە
بەدەستکاری ناوماڵەوە
بناڵێنن؟
بۆ؟
دەبێ بۆ؟
دەبا دەرگای پرسیارەکان بکەینەوە؟
سپێدەیەک ئاشنا بکەین

بە باوەڕمان.
نان بڕوێنێ
بۆ برسێتی.
ئازادی لێ سەرهەڵبدات
بۆ دیلێتی.
بەری ڕەنجی کاری هەموو،
دابەش بکرێ
بەیەکسانی.
دەبا دەرگای پرسیارەکانبکەینەوە
تا دەگەینە ئەو ئەنجامەی
پێمان دەڵێ:
چەوسانەوە بەرقەرارە.
گەر حکومەتی کرێکاری نەیەتەدی.

**بەشێکی شیعرێک**

بابێن ...بابێن
ئەوەی هەیانە و نیانە،
بەئامێر و پولیانەوە
بابەرامبەر
من و تۆ بێن.
من و تۆیەک
بێجگە لەهێزی کارمان و
خۆشەویستی
چیتر هەیە
هیچ شک نابەین.

بابێن ...بابێن
ئەوان لەپاڵ
دەزگاکان و
قاسەکانا ڕابوەستن.
من وتۆش
هەردووک پێکەوە
دوو بەدوو بین.
بەرامبەریان
بەدەم ئاوازی عیشقەوە
دەست لەملان بین
بەسەما بین
ئالەم دیمەنە بڕوانە
چەند قەشەنگە
چەند پیرۆزە ...؟
چەند بەڕەنگە ؟

موسڵ ١٦ ی ئازاری ١٩٩٢

* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# هێمن عەلی

هێمن عەلی لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی کۆکەی سەر بە ناحیەی سورداش لە باشوری خۆرئاوای سلێمانی لەدایک بووە. هێمن لەڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیست ورێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبە "کۆمەڵە"، خەباتی کردووە. تا پرۆسەی ڕاپەڕین و دواتر بوو بە ئەندام و چالاکوانی ڕەوتی کۆمۆنیست و دواتریش بەشدار و ئەندام لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی تا ساڵی دووهەزار کە وەک زۆرێک لە هاوڕێیان و هاووڵاتیانی باشوور چوو بەرەوهەندەران و لە وڵاتی بەریتانیا جێگیربوو. ئێستاش هەرلەوێ نیشتەجێیە و سەرقاڵی خوێندن و نووسینە بە تایبەت لەبواری ئەدەب.

## کام ڕۆژ لەلای تۆ پیرۆزە

کرێکارێ هات وپرسی
کام ڕۆژ لەلای تۆ پیرۆزە
جەژنی دین ورۆژی ئەوین
یان سەری ساڵ ونەورۆزە؟
من وتم کێ ناوی بنێ؟
تۆی کرێکار تۆی کۆمۆنیست
تۆی هەژاری زۆردارنەویست
ئەوسائەڵێم: وەڵامی ئاواپرسیارێک
دیارە وەک خۆر لەهەمووشوێن
نەک بۆمن بۆ کرێکارێک
بۆهەموو ڕووتەوهەژارێک
بۆگشت ئینسانێکی برسی

نەک هەربرسی
تەنیا شارێک
کرێکارێک
جووتیارێک
نا گشت کرێکاروجووتیارێک
هەرکوردستان هەر عێراق نا هەمووجیهان
ڕۆژی جارێک
سیمای ئەم شارە ئەبینی
لەلایەک کۆشک وتەلارە
ئەولاکەشی کەلاوەیە قوڕوبەردێکی ساکارە
ئەبینی کۆمەڵێک ئینسان تێروخەوتوو خاوەن پارە
کۆمەڵێکیش برسی وبێ نان
ئەخولێنەوە بەشوێن کارا
سەرنج ئەدەیت بەهەزارانی وەک تۆ
وەک ژن ومنداڵت دیلی دەستی ئەم ڕۆژگارەن
هاوکار هاوژینت هاوماڵت؟
ئەزانی چی بەرهەم دێنی و لەماڵی خۆت چی ئەنۆشی
بەهەشت بەتۆ دروست ئەکەن بۆکێیە سەیران وخۆشی؟
خوێن ڕژان وماندوبوونت خۆراکی کام زۆردارەیە
بۆکام کۆشک بۆکام تەلار بۆکام جەردەی ئەم شارەیە
گەر ئەمانەت هاتەپێش چاوو بێگومان بیر ئەکەیتەوە
دڵنیام بۆ ئەوپرسیارەش وەک من وەڵام ئەدەیتەوە
ئەڵێی ڕۆژانی پیرۆزم ئەوڕۆژانەن ڕزگار ئەبین
ئەوڕۆژانەن کەبۆ خۆمان خاوەن کارخانەوکار ئەبین
ئەوڕۆژانەن خەبات ئەکەین بۆ ڕزگاربوون لەم ژیانە
ڕۆژانی هەوڵ وتێکۆشان بۆ گۆڕینی ئەم جیهانە
وەک کۆمۆنە وەک ئۆکتۆبەر ئایاریش یەکێک لەوانە
بۆیە ئەمرۆهاوار ئەکەم
لەدەم کرێکارێکەوە باکاروانی خەبات ڕێکخەین

لەگشت لادێ وشارێکەوە
لەهەرشوێنێک کرێکارێک
قۆڵی خەباتی هەڵماڵی
بڕبڕەی پشتی ئێوەیە دەستی بگرن بچنە پاڵی
چونکەبڕوای گشت هەژاران یەک بڕوایە مارکسیزمە
ئامانجی گشت کرێکاران یەک ئامانجە سۆسیالیزمە
ڕزگاریمان یەکگرتنە ڕاپەڕینە تێکۆشانە
هێزمان هێزی چەکوش بەدەست داس لەپشتە چەک لەشانە
هێزمان دەریای پڕ شەپۆڵەو ڕێگا ئەبڕێ و ڕاناوەستێ
تاڕزگاری وسوسیالیزم نایوەستێنێ
هیچ بەربەستێ دادپەروەری دونیایی یەکسان
تێیدا نرخی هەبێ ئینسان.

## کاروان

ئەم کاروانی کرێکارە
ئەم خەڵکە برسی و هەژارە
دەڕوات هەتا چیای سەرکەش
دەیچەرخێنێ ڕۆژگاری ڕەش
قەفی زنجیر دەپچڕێنێ
سەربەخۆیی بەدەست دێنێ
ئەوکاتە نەورۆزێکی تر
بۆ ڕزگاری هۆزێکی تر
لەگەڵ گڕی ئەم نەورۆزە
کە دروشمێکی پیرۆزە
هەردوو دەکەین بە یەک ئاگر
یەک بورکانی جیهان داگر
بۆ قەڵای چینی چەوسێنەر

نیزامی ڕەشی دیل هێنەر
دەقی سەرمایە دەشکێنین
نەزمی نوێ دادەمەزرێنین
سوسیالیزم دنیای یەکسان
تێیدا نرخی هەبێ ئینسان
بەرابەری دونیایی یەکسان
تێی دا نرخی هەبێ ئینسان

**تێبینی** عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ): من ناوی (کاروان)م بۆ شیعرەکەی سەرەوە داناوە. لە گۆڤارەکە بێ ناو و نیشان بڵاو کراوەتەوە.

**سەرچاوە**: گۆڤاری پێشەنگ، گۆڤاری کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان، ژمارە ٥ ١٩٨٧ لاپەڕە ٨٢ و ٨٣.
* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



## نەجم محەمەد

نەجم محەمەد عبدلله، ناسراو بە مامۆستا نەجم  ساڵی ۱۹۷۰  لە شـــاری هەڵەبجە لەدایک بووە. ســاڵی ۱۹۸٤ دەســـتی بەکاری هونەری کردووە. لە سـاڵی ۱۹۸۷ دەسـتی بە سـروود خوێندن کردووە. خاوەنی ئەلبومێکی سـروود و گۆرانی سیاسـی و سێ ئەلبومی گۆرانی سـۆزدارییە. تا ئێسـتا خاوەنی نزیکە پەنجا ســروود و گۆرانی ســیاســییە کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ئاواز و هۆنراوەی خۆیەتی. لەدوای ڕاپەڕینەوە تا بەئەمڕۆ بەشداریی بەرچاوی کردووە لە هەموو بۆنەو یاد و مەراسیمە کرێکارییەکاندا وەک مەراسیمی یەکی ئایار، هەشتی مـارس، ڕێزگرتن لە گیانبەختکردوان، ڕۆژی جیهـانی منـاڵان وهتـد. هەروەهـا بە سـروود بەشـداری زۆربەی هەرەزۆری ناڕەزایەتی و گردبوونەوە و خۆپیشـاندانە کرێکاری و جەماوەرییەکانی کردووە. هەروەها لە بواری نووســینیشــدا لە ســەر هونەر و ئەدەب و بابەتە ئینســـانی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان ســـاڵانێکی دوورو درێژە کار دەکات و بابەت بڵاودەکاتەوە. هەروەها چەندین سروودی هەیە بۆ جینۆسـایدی هەڵەبجە. ئێسـتا پیشـەی سـەرپەرشـتیاری پەروەردەیی هونەرە لە پەروەردەی سـلێمانی. هونەر لای ئەو وەک کامێرایەکە لەســەر شــانی کە هەموو ســـووچ و قوژبنی ژیـان و نەهـامەتی دەردو ڕەنج و ئازارەکانی ئینســـانی پێ وێنەدەگرێ. ئەو هونەرمەندێکی هیومانیسـتی و ئەنترناسـیۆنالییە و هونەرەکەی لە خزمەت خەڵکی هەژار و کرێکار و زەحمەتکێشاندایە.

## مناڵانی بەش مەینەتان

ئێمە مناڵی بەشمەینەتانین
ئێمە مناڵی بێ ناونیشانین
لەجێی مەکتەب و خوێندن و زانین

بژێوی خێزان لە ئەستۆ ئەگرین
لەجێی گۆرانی و دەنگی مۆزیکا
تەقەی تفەنگ وشریخەی بۆمبا
ئێوە منالْی بەشمەینەتانن
ئێوە منالْی بێ ناونیشانن
خانەو لانەتان خانووی ڕوخاوە
سێبەرو شێدار بێ خۆرەتاوە
ژینێکتان بوێ شیاوی خۆتان بێ
شیاوی ئێوەی نەوەی ئینسان بێ
ئێوە منالْی بەشمەینەتانن
ئێوە منالْی بێ ناونیشانن
بێبەش کراون لەیاری و کایە
ئێوەن قوربانی دەستی سەرمایە
برسی وپێ پەتی وڕووت و بێ بەرگن
گشت ڕۆژێ ئێوە ڕووبەڕوی مەرگن
ئێوە منالْی بەشمەینەتانن
ئێوە منالْی بێ ناونیشانن
سفرەی گشت مالێ پڕیبێ لە نان
بوخچەی گشت مالێ پڕلەبەرگی جوان
دەبێ منالاْن گولْباران بکرێن
نەکو ڕەوانەی بازاڕی کارکرێن
ئێوە منالْی بەشمەینەتانن
ئێوە منالْی بێ ناونیشانن.

ئازاری ١٩٩٤ هەلْەبجە

**تێبینی شاعیر**: ئەم هۆنراوە خۆم دامناوە و نووسیومە لە ئازاری سالْی ١٩٩٤ دا لە شاری هەلْەبجە هەر لەو سالْەدا خۆم ئاوازم بۆ داناوە و لە سێیەمین ڤیستیڤالْی هەلْەبجەدا لە گەلْ٦٠ منالْی بەشمەینەتی هەلْەبجەدا بە هاوبەشی وتوومانە پێکەوە کە ئەومندالاْنە

هەرهەمویان منالی هەژارو زەحمەتکێش بوون و هەرهەمویان بێ سەرپەرشت بوون واتە زۆربەیان بێ دایک و باوک بوون و هەندێکیان یا دایکیان یا باوکیان لە دەست دابوو لە کیمیابارانەکەی هەڵەبجە و ڕووداوەکانی تری کوردوستاندا. دواتر لە چەندین بۆنەو یادی جیاجیادا ئەم سرووەدەم خوێندووە. پاشان لە سالی ١٩٩٨دا تۆمارم کردووە و لە سالی ١٩٩٩ دا لە بەرهەمی (سیدی کیژەنان فرۆشەکە)دا لەگەڵ چەند سرودێکی تری چینایەتی و شۆڕشگێڕیدا بڵاوم کردۆتەوە.

## هەشتی مارس

وەرنە مەیدان وەرنە مەیدان ئەی ژنانی کوردستان
هەشتی مارسە جەژنی مارسە ڕۆژی جیهانی ژنان
دەنگ هەڵێنە دژبەنەزمی پیاوسالاری
تێبکۆشە بۆئازادی وبەرابەری
باخەبات کەین پێکەوە بێ پسانەوە
تانەمێنێ ستەم وچەوسانەوە
ڕابەئێتر هوشیاربەو هەڵهێنە چاو
داواکە یەکسانی نێوان ژن وپیاو
بێرە مەیدان بڵێ نا بۆ توندوتیژی
بڵێ نا بۆفەرهەنگی کۆنەپەرستی
شۆڕشێکە بۆژیانێ شیاوی ئینسان
بۆئازادی مافی خۆت ساوەرە مەیدان
خۆت مەسوتێنە بابەسبێ خۆکوژی
لەبەرابەرخۆتا بۆواتوندوتیژی

## مەشخەڵی نوور

*بۆ گیانبەختووکردوان*

هاوڕێیان ئێوە مەشخەڵی نوورن
نامرن ئاڵای شەکاوەی سوورن

ئێمە قوربانی زامی لەشتانین
هەمووڕێبواری ئاسۆی گەشتانین
دەنگی ژیان ونەغمەی ئازادین
بۆئێمە مایەی سەربەرزی وشادین
هاوڕێیان ئێوە مەشخەڵی نوورن
نامرن ئاڵای شەکاوەی سوورن

## من کۆڵبەرم

من کۆڵبەرم من کۆڵبەرم من کۆڵبەر
من هەژارم زەحمەتکێشم ورەنجدەر
من کۆڵبەرم هەموو ڕۆژێ مەرگ وژیان ئەگرمە کوڵ
بەدوای نانا وێڵم دەبڕم ڕێگای سەختی چیاو و دۆڵ
شانم کزو هێزم شل ودڵم لەشادی خاڵی وچۆڵ
من ڕەنج دەدەم لەسایەمداسەرمایە دەکرێ مۆڵ
بەناومین وکەمینا هەنگاوهەڵدێنم
لەنێو قورگی سنوورا نان دەردێنم
من ئینسانم گەورەترین سەرمایەم
کەی شیاوی ئەم ژیانە بێ بەهایەم
من کۆڵبەرم من کۆڵبەرم من کۆڵبەر
من هەژارم زەحمەتکێشم ورەنجدەر
من باش دەتناسم ئەی سەرمایەداری
تۆی سەرچاوەی هەموو دەرد وئازاری
باخەبات کەین دژ بە نەزمی سەرمایە
هێزی ئێمە لەڕێکخراوبوونمان دایە

## من کرێکارم

*بۆ یەکی ئایار*

من کرێکارم من کرێکارم
من خولقێنەری یەکی ئایارم
من ئەو شۆڕشەی سووری سبەینێ
سەرمایەداری لەڕیشە دێنێ
حاسڵی ڕەنجم من بۆخۆم نییە
هەربۆ سەرمایەو قازانج پەرستییە
منم کۆشک ئەبەم بەئاسمانا
خۆشم بێبەشم ئالەم ژیانە
بڕوخێ نەزمی سەرمایەداری
کەهەرسەرچاوەی دەردوئازاری
من کرێکارم من کرێکارم
من خولقێنەری یەکی ئایارم

## تەوقی دیلی

شۆڕە کچەکە تەوقی دیلی بپسێنە
ئاسۆی ڕزگاری ئینسان ببینە
وەرە خەبات کەین ئەم نەزمە تێک دەین
فەرهەنگی کۆنیش ئاگر تێبەردەین
تادونیایە باشتر لەئاسۆ هەڵدێ
من وتۆو هەموان لێی بەهرەمەندبی
کاڵا نیت کیژێ ئینسانی ئینسان
مافێکی خۆتە بەئازاد ژیان
دیواری ماڵ تێکدە ساوەرە مەیدان
ڕاوەستە دژی ستەمی ژنان
شۆڕە ژنەکە تەوقی دیلی بپسێنە
ئاسۆی ڕزگاری ئینسان ببینە
کیژێ جەژنەکەت پڕ نان وگوڵ بێ

لێوت پڕخەندەو شادیت لەدڵ بێ
ئەوجەژنەجەژنی گشت ئینسانەکان
بژین ژیانی ئازادو یەکسان

**سەرچاوە:** ئەم سرووودانە لەلایەن شاعیرەوە نێردراون.
* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.

# فوئاد عەزیز



کازیوە
بەیانییە و لەگەڵ کازیوەدا ڕێ دەکەم
ئومێدەکانی خۆزگەم، ڕێبەرمن
بەر لەخۆم
وشەکانم هەنگاودەنێن
لەنێو مندا ژیلەمۆی بورکانێک
گڕی خۆی خۆش دەکات
بەیانییەو من ڕێ دەکەم
لەگەڵ هاواری هەژاران
بەنێو حەسرەتی کچانی شاردا
بەنێو کۆڵانی برسییەتی و
بەسەر دەستی قڵیشاوی شەقامدا
بەیانییەو من ڕێدەکەم
تا برینە پێچراوەکان ئاوەڵا نەکەم
ناگەڕێمەوە
تا ئەو هەورەی بە ئاسمانا دێت و دەچێ
وەک بەرد، وەک تۆڵەی لەمێژینەم
بەسەر تەلارەکان دا
نەبارێنم، نایەمەوە
ئەم بەیانییە
وەک بەیانییەکانی ترم نیم
ناچم بۆسەر کار
گەروی پڕلە هاوارم دەبەم بۆشار

ئەمڕۆ من نە دەستێکم و نە دووان
منم هەزاران و ملیونان
دژی ستەمکار
ئەم بەیانییە دەستی تووڕەی (با) دەگرم
باوەشێنی ژیلەمۆی هەستان دەکەم
چڵکی سەر ئەم زەمینە ڕادەماڵم
ئەم بەیانییە من ئۆژین پۆتیەم
سروودی شۆرش دەچڕم
شاخی خەوتوو هەڵدەستێنم
بەم بەیانییە من لەدایک دەبم و
خەندە بۆ ئاسۆی ڕزگاری دەکەم
ئەم بەیانییە و
لەم یەکی ئایاردا
جاڕی دونیای بێ ستەم دەدەم

## بەڕێگاوەم

بەنێو تەمی ئەم پایزەدا
تروسکاییەک لەگەڵ خۆم دێنم
بەڕێگاوەم
وشەکانم کۆدەکەمەوە
هەنگاوەکانم چڕتر و نیگام تیژتر
تاریکی ئەم ڕێگا دوورە
شەق دەکەم
بەڕێگاوەم
نەغمەی سرودێکم پێیە
گیتارەکەت زین کە
کۆترە دەنووک سوورەکانی هەیوان
هەڵفڕێنە

با کوکختییەکان
ئەم گۆرانیەی هەموو ساتێ
بەشوێنی دوعا دەیخوێنن
بیلێنەوە
من و شیعرێک بەرێگاوەین
شیعرێک پڕاوپڕ لە
گۆرانییەکانی باران بۆ گەنم
تەژی لە هەورێکی پڕ لەبروسکە
کە دایدەکات
گوناحەکانی تاریکی ئەشواتەوە
بەڕێگاوەم
دەرگای قوتابخانە
ساردو سڕەکان واڵاکەن
دوعای سەر تەختەڕەشەکان بسڕنەوە
بەڕێگاوەم
کتێبێکم هێناوە
دیاری پاریسەو
کراسی سووری کۆمونەی
لەبەردایە
بە
ڕێگا
وەم

٢٠١٨-١٠

## ئەوان دێن

ئەو دەمەی ئەوان دێن
شەقامەکان شپرزەیی خۆیان کۆدەکەنەوە
من دەبم بەدارچنارێک

لەبەردەمی ئەوبایەی بە مشتێک بارووتەوە دێت
ئەو کاتەی ئەوان هاتن، من بووم بە جیڕەی دەرگا و
خۆم کردەوە
پڕبەگەرووی ئەو مندالەی بەیانیان نۆکاو دەفرۆشێ و
بانگدەدات ،بانگەوازیم کرد
پڕ بە قورگی ئەو عارەبانچییەی
کەرەوزی ئەکرد بە چەپکێ گوڵ و
هەڕزانی دەکرد
بانگیانم کرد
پڕ بەدەنگی ئەو ژنەی
بۆ منالە بەجێماوەکەی هاواری دەکرد
هاوارم کرد .. هاوارم کرد
نە داد، نە دادگا، پارچە ڕەشەکەی سەرچاوانی هەر لانەبرد
بۆیە منیش
لە گەڵ ئەوان و هەرهەموویان
نەفرەتم لە داد و لە بێدادی کرد

٢٠١٨-٠٩

## ئەمڕۆ من پێنچ گیانم

بە پێنچ تیری ژەنگ هەڵاتوو
بە پێنج پەنچەی خوێناوی
ئاڵاکەیان سوورترکردم
ئەمڕۆ من پێنچ جەستەم و
بەیەکەوە کیشوەری ئەستێرەیەکمان پێکهێنا
لە گەردونی هەژاراندا
ئەوەتا ئەو ئەستێرەین بە ئاڵای سووری چەوساوەکانەوەین
ئەوەتا لە پاریس و لە هەمبورگین
لە سەرای ئازادی و لە باشوری ئێراقین

پڕ باڵای پەرچەمەکان باڵامان کردووە
ئەوەتا بمان بینن
لە تاریکی شەوەکاندا
ئێمە ئومێدی دروەشاوەو
ژیلەمۆی پەنگخواردووین
ئێمە مانیفێستی شۆڕش و ڕاپەڕینی ئازادی و یەکسانین
ئێمە، ئاوا نابین

## دیسان خودا تیرۆر کرا

لەم دەڤەرە
زۆر شت بوون بە مێژوو
بشیان بینم نایان ناسمەوە
بزەو شادی باخچە
سەمای ڕووناکی بە سنگی تاریکیدا و
نەغمەی تاڤگە بۆ ئەوینی ڕوبار
سەکۆی شانۆ بۆ مەم وزین
سرووودی کچان بۆ شۆڕەو شۆڕش
چەندی تەکانی دەدەم
بۆم ناچێتە گۆڕی مێژوو
کوشتنی ژن و
مەزادخانەی ئەقڵ و
بیری بەسەرچوو!
لەم دەڤەرەدا
زۆرشت بوون بەمێژو
ژینی شایستە
ژنی سەردەستە

عەشقی ژیان و
نێرگز بەیەخەی کچ دا
ئەوەی تا ئێستا
بۆم نەچۆتە لاپەڕەی ڕەشی مێژوو
درۆو فیشاڵی دیموکراسی و
حوکمی شەریعە و
شمشێری ژەنگ گرتوو

**سەرچاوە**: ئەم شیعرانە لەلایەن فوئاد عەزیزی شاعیرەوە بۆ ئامادەکاری ئەم کتێبە نێردراوە.



# بەرزان عوبێد
# (کاوە ئەحمەد)

بەرزان عوبێد (کاوە ئەحمەد) ساڵی ١٩٦٧ لە شاری کەرکووک لە دایکبووە. قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە کەرکووک تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بە کومەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و دواتر ساڵی ١٩٨٥ ئیستقالەی دا و هەر لەو ساڵەدا بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. ساڵی ١٩٩١ لە شاری ڕانیە بووە بە پیشمەرگەی ڕەوتی کۆمۆنیست و دواتر لە ١٩٩١ دا ئیستقالەی دا و تا ساڵی ٢٠٠٢ هیچ رابیتەیەکی سیاسیی نەما. پاشان هەر لەو ساڵە دا بووە بە ئەندامی یەکێتی کۆمۆنیستەکان و سەرپەرشتیاری لاپەڕەی ئەدەب و هونەری بڵاوکراوەی (پەیامی کومونیزم) بە هاوکاری هاوڕێ پشکو عەلی – ئازاد و ئێستاش هیچ ڕابیتەیەکی سیاسیی نەماوە. دیوانێکی شیعریی هەیە بە ناوی (هاوارێک لە بوون) کە بە داخەوە پێی نەکراوە چاپی بکات. هەروەها کومەڵێک کورتە چیروکی هەیە بە ناونیشانی (زەردەپەڕ). لە سایتی (دەنگەکان)یش ناوبەناو نووسین بڵاودەکاتەوە. کاوە ئەحمەد سالی ١٩٨٨ پەیمانگای تەکنیکی پزیشکی بەشی تاقیکردنەوە تەواو دەکات و ساڵی ٢٠١٢ش بەشی یاسای زانکۆی کەرکووک تەواو دەکات.

## هاوپشتی

ئێمە کوڕ و کچانی
یەک دایک و باوکی چینایەتی
خێڵی کارین
لە بێدەرەتانی یەکێکمانا

گشتمان بەرۆکی خۆمان دائەدڕین
*
سەرپەناین،
کاتێ کە ئاوارە بووین
ئەوان سۆراغیان کردین
*
تەورین، تەور
کاتێ کە ئیعترازمان کرد
ئەوان کۆتیان کردین
*
خۆراکین
کاتێ کە مانمان گرت
ئەوان بێ نانیان کردین
*
ئێمە کوڕ و کچانی
یەک دایک و باوکی چینایەتی
خێڵی کارین
لە بێ دەرەتانی یەکێکمانا
گشتمان بەرۆکی خۆمان دائەدڕین
سالّی ١٩٩١

سەرچاوە: گۆڤاری پێشەنگ، دەورەی یەکەم، ژمارە ١٢، لاپەڕە ٦٢.

## دەی هاوڕێیان

بۆ کرێکارە فریوخواردووەکانی دەستی بۆرژوازی

شەڕێکتان بۆچییە
گیانتان تیا گۆشتی بەر تۆپی
تەماعکاران بێ؟

ئێمە ڕێبوارە نەسرەوتەکەی جارانین
شەڕەکانی ئەوان،
ئۆقرەمان نادەن
دەی هاوڕێیان
وەرنە بەر هەنگاوی
شورا ڕاساوەکەی قاچە زنجیرکراوەکانمان.
ئازادییەکتان بۆ چییە
ئازادی کڕین و فرۆشتنی دەستەکانمان بێ؟
ئێمە ڕێبوارە ماندووەکەی جارانین
پشوو نادەین
دەی هاوڕییان
وەرنە بەر هەیوانی حەوزە حیزبییەکانی شوراکانمان.
پەرلەمانێکتان بۆچییە
هەر چوار ساڵ جاریک بەسەرتانەوە
حاکم بێ؟
ئێمە ڕێبوارە برسییەکەی جارانین
پەرلەمانەکانی ئەوان
برسێتیمان ناشکێنن
دەی هاوڕێیان
وەرنە بەر ڕەهێڵەی هەرەوەزی
مانگرتنی سەرکەوتنەکانمان
دەی هاوڕییان
هاوڕییان دەی
دەی
دەی

٢٩-٨-١٩٩١

سەرچاوە: گۆڤاری پێشەنگ، دەروەی یەکەم، ژمارە ١٣، لاپەڕەکانی ٥٠ و ٥١.

## بەشوێن تۆدا

ڕۆژانێ دێ پریاسکەی خاڵیمان بپێچینەوە و
لە بەخشدا گوڵیک بدەین
چون تۆفانی کۆمیتەی فیبورگی (١) ئۆکتۆبەر
ئەمجارە
لە ئێرەو ئەوێی کارگەکان
دەستەکانمان تێکەڵی دەستەکانی
یەکدی دەکەین
بۆ چەپ
بۆ چەپ
بۆ لای بڕوای هاوڕێ (لەنین)
*
ڕۆژانێ دادێ
نیگەرانی بیر خۆمان ئەبینەوە و
لە ئاهەنگی سروودێ
شۆخی بکەین
چون لافاوی کرونشتادی (٢) دەریای ئۆکتۆبەر
ئەمجارە بێزارییەکانمان لە شەقاری
زنجیرەکانتوێ توێ دەکەین
بۆ چەپ
بۆ چەپ
بۆ لای بڕوای هاوڕێ لەنین
*
ڕۆژانێ دێ
پەشۆکاوی دەشارینەوە و
بۆنی گوڵاوێک لە خۆمان بەین
چون
گەردەلوولی شورای مافوری (٣) ئۆکتۆبەر

ئەمجارە
لە ئارەزووی ئینسانی خۆماندا
بە قین تر
لەعنەتی کاری کرێگرتە
نەفرین دەکەین.
بۆ چەپ
بۆ چەپ
بۆ لای بروای هاوڕی (لەنین)
*
ڕۆژانێ دێ
پەرشوبڵاویان خڕ کەینەوە و
دەستێک بە خۆشماندا دەهێنین
چون
نەعرەتەی سوپای سووری (٤) ئۆکتۆبەر
ئەمجارە
لەپشت دەرگای محیبەتی درۆینەی ئەوانەوە
بۆ ژیانێکی تر
لە هەر کوێ هەین
بۆ چەپ
بۆ چەپ
بۆ لای بڕوای هاوڕێ (لەنین)

١٩٩٢-٤-٢٥

**پەراوێزەکان:**

(١،٢،٣ ) کۆمیتەی فەعالی هەردوو شۆڕشی شوبات و ئەکتۆبەر ١٩١٧ بوون.
(٤) سوپای سوور: الجيش الاحمر

## ئایار یان کار یەکلا کردنەوە

دەتوانین
بێینە قسە و پێتان بڵێین
بە هیوای چی
ئێمە نابینە شەریکە بەشی
نانی خوساوی دەستی سپیتان
چەرخەکان
ئەمڕۆ ڕادەگرین و
بەیەکدەنگ دەڵێین
نانی گشت وڵات بۆ شوراکان
دە دیقەت بدەن
لە کوورەی چەرخەکان هەویری چ نانێکی
تێکڕای دەشێلین
لێمان تێ ناگەن
ئەوە نەبێ قەوانی گوللە دەمە زەردکراوەکانی
خۆتان لە زەلکاوی برینێکا
حاڵیتان بکا
بەهیوای چی
ئێمە کاری خۆمان
لەگەڵ ئێوەدا
یەک لا دەکەین
دەتوانین بێینە قسە و پێتان بڵێین
بەهیوای چی ئێمە
لەژێر یەک سەقفدا لەگەڵ ئێوەدا
لە حاکیمیەتدا دانانیشین
چەرخەکان
ئەمڕۆ ڕادەگرین و دەیڵێینەوە
دەسەڵاتی تەواو بۆ شوراکانمان

دە دیقەت بدەن
لەسەر پشتی ئەم دنیا وەحشیگەرییە
بناغەی چ دنیایەکی نوێ دادەڕێژین
لێمان تێناگەن
ئەوە نەبێ مێخزنجیری ڕازاوەتان
لەپای کشانەوەتان
حاڵیتان کا
بەهیوای چی
ئێمە کاری خۆمان لەگەڵ ئێوەدا
دەتوانین بێینە قسە و پێتان بڵێین بەهیوای چی
بەهەوای دیموکراسی ئێوە
ئێمە داناساکێین
چەرخەکان
ئەمرۆ ڕادەگرین و دەیڵێینەوە
یەک لا دەکەین
چارەنووسی میللەتان
بە چارەنووسی شوراکانمان
دەدییقەت بدەن
لە خرۆشاویی ئەم رۆژەدا
لەهەر کوێ هەین
لە ترپەی یەک دڵی دا
چۆن
ئێوە بێ دەنگ دەکەین
لێتان تێناگەین
ئەوە نەبێ
داوەڵی نەتەوایەتیتان
لە پارچەپارچەی زەوییە ون بووەکانتان
بکەوێتە خوارەوەو

حاڵیتان کا
بەهیوای چی
ئێمە کاری خۆمان لەگەڵ ئێوەدا
یەک لا دەکەین.

کەرکووک ١٩٩٢

**سەرچاوەکان**: گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری ژمارەکانی ٣، ١٠، ١٤، ١٧ ساڵەکانی ١٩٩١-١٩٩٢.

* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# پشکۆ ڕەحیم

پشـــکۆ ڕەحیم یان ئیدریس فەرەج رەحیم ٢٤-٩-١٩٧٣ لە گەڕەکی خانووەکانی کارگەی جگەرەی ســـلێمانی لە دایکبووە. کوری پیاوێکی کرێکاری کارگەی جگەرەبووە. ســـاڵی ١٩٩١ ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٩٥ ەوە کوردستانی جێهێشتووە و لە شاری لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا دەژی.

چۆن دەبێ وابێ شەرتی دڵداری
تۆ لە گەشت کردن من لە کرێکاری
تۆ دەچی بەرەو لێواری بەحر
منیش بۆ لەبغ و گەچکاری و نەتر
تۆ کەوتن لە ژێر سێبەری چەتر
منیش ڕەتانن هەتاکو عەسر
تۆ بە دنیایە مەکر و نازەوە
منیش بە پاچ و خاکەنازەوە
تۆ بە جووت نەعلی خوری نەرمەوە
من بە دەستکێشی کۆنی چەرمەوە
تۆ بە عەینەک و شەپقە و شاڵەوە
منیش بە پاتە و بە شەرواڵەوە
تۆ گەشتی دەریا بە سواری پاپۆر
من لە سەر بلۆک پشتی تراکتۆر
بۆ تۆ نەستەلە و شەربەتێکی مۆز
بۆ من دوکەڵی جگەرە و ئەگزۆز

تۆ لە کافتریا قاچ لە سەر قاچی
ئەوەی خەفەت بێ بەلایا ناچی
نانی نیوەڕۆت ماسی برژاوە
منیش وەک دوێنێ نان و ماستاوە
لای من بە بێ تۆ ژیان وەستاوە
دڵم بە بێ تۆ قتووی قووپاوە
هەر بۆیە گیانە بە ڕۆح لەلاتم
ڤیزەم نادەنێ دەنا دەهاتم
لەوێ چەند شانە بدەی لە پەرچەم
من هێندە چەکوش ئەدەم لە پەنجەم
کە دڵم ئەکات لێدانی پەلە
یەکسەر ئەزانم تۆ چوی بۆ مەلە
دوێنێ بزمارێک چو بە بن پێما
زانیم جانتاکەت لە شوێنێ جێما
چەند خۆشە ئێستا لای یەک بین گیانە
ئەو کات مسۆگەر، سێیەم شەیتانە
یان من لەو بەحرە لە تەنیشتەوە
یان تۆ لە لای من گەچ بگریتەوە
یان من لە لای تۆ مرۆ و تێر و مەست
یان تۆ بلۆک و خشتم بەیتە دەست
من ئاوڕشێن کەم سەقفی چیمەنتۆ
تۆ ئاوڕشێن کەیت دڵەکەی پشکۆ

**سەرچاوە**: پەیجی تایبەتی پشکۆ ڕەحیم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.
* ژیاننامەکە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ ئەم ئەنتۆلۆجیایە نووسراوە.



# عەلی سابیر

عەلی سابیر لە ساڵی ١٩٦٢ لە بنەماڵەیەکی هەژار و زەحمەتکێشی شاری سلێمانی لە دایکبووە. تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندوویەتی. منداڵیی و گەنجیی بە کرێکاریی بەسەر بردووە. لە ناوەڕاستی دەیەی نەوەدەکانەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژێت.

## چینایەتی

لە ئازاردا یەکمان ناسی و
بووین بە هاوڕێ
بۆ من و تۆ
خەمەکانی چینایەتیش
کران بە ڕێ
لەلای هەردوو
بەسەرهاتی ئەم چیرۆکەی
لێ دروست بوو
تا کێشەکە نەشێوێنی
تۆ ئەبوویتە پاڵەوانی ئەو چیرۆکە و
منیش ڕۆڵی بۆرژوایەکم ئەبینی
جا هەردووکمان بووینە ڕۆمان
ناوەڕۆکی ئەم کارەساتەی ئێستامان
خستە سەرشان
ڕۆژ هات و چوو
ڕۆما بە (دایک) ناو ئەبرا

ئێمەش هەردوو
ناومان گۆڕدرا
تۆ (پاڤێل) بووی
منیش (ڕیبین)م پێ ئەوترا
لە ڕێی خەبات و تێکۆشان
(مەکسیم گۆرکی)ش بوو بە باوکمان
هەرەوەزێکمان پێکهێنا
بە شوێنماندا چەوساوەکان
کرێکار و جووتیارەکان
گشت ڕێکەوتن
سەر ڕێکەوتن
بووینە هیوای ڕێگای دوورمان
بووینە ورەی ڕێی کۆڵنەدان
تا گەیشتینە قەڵای زۆردار
هاتە سەرچۆک سەرمایەدار
لەو ڕۆژەوە ئێمە و گۆرکی
وەک هاورێ واین
دژی خەمی چینایەتی
دژی ئازار و مەینەتی
واین بە پێوە ڕاوەستاوین
هەتا ماوین داگیرساوین.

**سەرچاوە**: جودایی، کۆشیعر، عەلی سابیر، چاپی یەکەم ٢٠١٢.



# سۆران کۆستە

سۆران کۆستە لەدایکبووی ١٤-١٠-١٩٦٩ ی شاری سلێمانییە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٣ تێکەڵاوی خەباتی چینایەتی بووە. لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە تا ئێستا نیشتەجێی وڵاتی نەرویجە، لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کاردەکات بۆ کاروباری کۆچبەران. یەکەم هەوڵی هۆنراوە نووسینی ساڵی ١٩٧٩ بوو، ئیدی هەتا ساڵی ١٩٩٠ هیچی نەنووسیوە، نزیکەی ٢٠٠ پارچە هۆنراوەی پچڕ پچڕ و جیاوازی هەیە، کە هەوڵ ئەدا لە داهاتوودا چاپیان بکات.

## پەیامی ڕەنجدەران

کەم دێتە سەرنج شادی بێخەوان
دڵشادن لە ژین هۆزی بێخەمان
ساردەبای تەزیو بەیانی جەژن
بەڕێی ڕەنجەوەن چ پیاو و چ ژن
مانی بەدبەختی کەی مانی ژینە
نەزمە ڕسواکەی ئەم سەر زەمینە
کە تەکنیک ئاوا ورد و بەرز بێت
شەرمە داوامان پارەی قەرز بێت
حەوت کاژێر کاربوو داوای جارانم
ئێستا پێنجیش زۆر بۆ بێکارانم
دەبا باهۆزێک سەر ئاوس بە بیر
بێنێتە کردار هێزی جوان و پیر
تێیدا ڕێکەون خەڵکی بەرپرسیار
کۆتا ڕۆژ چێکەن بۆ سەرمایەدار

٢٤-١٢-٢٠١٤

## پەیڤێک بۆ نەوت و هەژاری

لەبەشی پێشەوەی مێشکا
لەپلی خەیاڵ و ئێشکا
کەلەی هەر ڕەنجدەرێکی وڵات!
پڕە لە نەوت، لە پەنگی غاز
تەژی لەسووتەمەنی..
ئەی چۆن چۆنی دەستی کەوێت؟
کێ بناسێت، تا بەنۆرە و بەمافی خۆی، بەری کەوێت؟
تۆ بڵێی ڕۆژانەی بۆ هەڵکەوێت؟ ..
باشە بەچەند ئێشکا؟
تا بەشی ژووریّ لە گەرمی و
مناڵەکانی تێرچێشتکا؟

٢٤-١-٢٠١٥

## تف لە هەردووکتان

تیرۆریزمی ئیسلامی لەگەڵ خاوەن سەرمایە
دەرگای دوو نەگبەتی و حاصیلەی یەک بەڵایە
هەردوو سەر دەپەڕێنن بە دوو شێوە و یەک مەبەست
یەکەم بە تیغی دەبان دووەم دۆلارێکی بە بێ هەست
هەرکەس بە دۆلار دەمرێ دەچێت شمشێر هەڵدەگرێ
سەری هەرکەسێک دەبڕێ ئەگەر دۆلار وەربگرێ
هەرکەس بە شمشێر بمرێ، دەچێت تیژترین بکڕێ
بە مەرگی خەڵکی هەژار ئەم شەرمی ئەویان ئەسڕێ
ئاشە بە تەنوورەیە و ئایین سەرمایەی هەیە
ئێمەش لەناویا دەگڕین، تەنیا ڕەخنەمان پێیە
نە دەستمان شمشێر دەگرێت نە دۆلارێک وەردەگرین
کە دێتە سەر قوربانی.. لە یەکەم جەژنا دەمرین

٢١-٩-٢٠١٥

**سەرچاوە**: شیعرەکان و ژیاننامەکە لەلایەن شاعیرەوە نێردراون.

# حەمەزەکی کەریم



حەمەزەکی شاعیر لە ٥ ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٣ لە خێزانیکی هەژار و کەمدەرامەتی گەڕەکی ئازادی شاری کەرکووک لەدایکبووە. لە سەرەتای هەشتاکانەوە بیروباوەڕی سیاسیی بەرەو مارکسیزم وەرچەرخاوە و هەر لە گەنجییەوە خەریکی خوێندنەوە و نووسین بووە. لە خۆپیشاندانەکەی ساڵی ١٩٨٢ی کەرکووک بەشداری کردووە و هەروەها لە مانگرتنەکانی قوتابیانی زانکۆ ١٩٨٤ وەک رابەرێکی قوتابیان دەرکەوت و هاتە مەیدان. حەمەزەکی بەدرێژایی تەمەنی لە گەڵ خوێندنا کرێکاری کردووە. حەمەزەکی ئینسانێکی خەباتگێڕ بووە و هەمیشە لە دژی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس وەستاوەتەوە و گەلێ جاریش ڕووبەڕووی گرتن و ڕاونان و خۆشاردنەوە بووە. لە راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری بزووتنەوەی شورایی بووە. ساڵی ١٩٩٦ دەچێتە تورکیا و دواتر ساڵی ١٩٩٧ لە هۆڵەندا جێگیر دەبێت. لە هۆڵەنداش خەریکی کاری سیاسی و جەماوەری دەبێت. حەمەزەکی وەک شاعیرێک کە بیری پێشکەوتووخوازی سێبەری خستۆتە سەر دەقەکانی هەر لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە شیعرەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە. بەداخەوە حەمەزەکی لە بەرەبەیانی ١٦ی ئەیلوولی ٢٠٠٢ دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت وماڵئاوایی لە شیعر و خەبات و خۆشەویستی کرد.

## سەربڕینی خۆر

سەردەمێک بوو ..بەر لە ئێستا
گەواهییەک لە گیرفانما جار نا جارێک نووکی پەنجەی ئازار ئەدام
شەو لە ڕێگای فەعالییەت و گەڕانەوەم

ئەهاتە ناو تووکی سەر و لەسەر سینگم نەخشی تابلۆی
منالآنی ئەم گەڕەک و ئەم شارانەی ڕەسم ئەکرد
سەردەمێک بوو..لەدوای ئەوەی ئەفکاری ناو عەمامەکان
ویستیان بێنە مەیدانی من بەراورد و زۆرانبازی و چی و چی
لەگەڵ مندا ساز دەن
منیش ماندووی ڕێی نەسیج و خەستەخانە و گەڕەکەکانی
پشت قەلا و قەراغ شار و یا سەرقاڵی دیدەنی ناو یارانت بووم
زۆر تەییار و ئامادە بووم
مەجبوور ئاوام ئەدایە بەر تیشکی خۆر و
ئەمشەو شیعرێک بۆ دارەتوو و سبەی شەویش لەناو چرای
بنەسلاوەی تاریکییا فتیلە بووم
من گرەوێک هەموو ڕۆژێک سواری کۆڵ و شانم ئەبوو
بەیەک بۆ ئەکرد و شانی خۆمم ڕائەوەشان
لەمیدیا بوو قوتبەکانیان من ناوم نان
هەر ئەوکاتە سوێندێکیان خوارد لەگەڵ خۆرا بەیەکەوە بمانکوژن
کاتێ وشە سەرئەکەوێ
جەستەی ماندووی دەیان هاوڕێی وەکو ئێمە خەڵتانی سووری خۆر ئەبێ
من شاپوور و منیش قابیل
ئێمە وەکو مەغرییەکەی هەژدەی ئەیبریل داگیرساوین
هەژدەی ئەیبریل ناحەزەکان لەپارێز بوون بۆ تیشکی خۆر
لەپارێز بوون بۆ سینگی پڕ لەدەفتەرمان
لە چەند چرکەی ژماردنی هەناسەیا.. یادگارەکان هاتنە یادمان
یەک بە یەکیان لەسەر لێومان هاتنە سەما
بۆ ئایاری ئەم ساڵەمان خوێنی ئێمە برووسکە بوو تا شیکاگۆ چەخماخەیدا
هەولێر نرکەی بە قەلادا
تا ئەو کاتە بەئاگا بووم
لێم ببوورن هاوڕێیانم لەوەبەدوا ئەبێ بنووم
ئاگام لێیە هاوڕێ قابیل وا بزەیەک لەچاوانیا و لەژێر لێوی بەگڕ هاتووی
نامەکانی بە نیگاما بەڕێ ئەخا

وتم هاوڕێ..تەنیا نەڕۆێ لەگەڵتا دێم
ناکرێ تەنیا تۆ بڕۆیت و ئەم ئایارە منیش وەک تۆ
وەکو گوڵێک لەسینگی ڕەفیقان نەدرێم.
سەبات ١-٥-١٩٩٨

**دوو تێبینی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):**

١- دارەتوو و بنەسـلاوە دوو ئۆردووگای زۆرەملێی زەحمەتکێش نشـینن لە دەوروبەری شاری هەولێر

٢- شـاپوور عەبدولقادر و قابیل عادل دوو ڕابەر و هەڵسـوڕاوی کۆمەڵەی ئاراوەکانی کوردسـتان و دوو رابەری ماندوونەناسـی کۆمۆنیسـت بوون لە ڕۆژی هەژدەی نیسـانی ١٩٩٨ بەدەستی جەهالەت و تارییەرستەکان تیرۆر کران.

## مارس و ئێمە

زەمەنێک تۆ قژت ئەخەیتە سەر دەستی خۆرەتاو
هەناسەت ئەخەیتە سەر لێوم
پەیامت لافاوێک لەشیعرم بۆ دێنێ
زەمەنێک بۆ سبەی من سینگم سەرین و ڕۆژنامەی پەیامی ئێوەیە
پەنجەشم دە مۆمی پڕ شەوقی شەهیدبوون
دە ڕەنگی خەبات و ئارەقی ناو کار و
دە ڕەنگی یەکسانی و دە پەیام.. دە شیعر
دە عەشق و دە هیوا .. دەچرا دە ڕۆمان
دە ماچی خۆرەتاو.. دە گوڵی پێوەیە.
هاوڕێکەم لە ڕۆژێک من گوڵی سەر سینگی ئەو دەبم لێم دوورە
ئەو گوڵەی وەک خوێنم ..وەک ڕەنگی شەفەقی سبەینێ
وەک نیگای ئاوابوون پڕ خوێنە
هاوڕێ گیان دەتۆش تا ئەو ڕۆژەی بۆ سینگت ئەو گوڵە و
بۆ قژی هەناسە و
بۆ تیشکی چاوانت وەک شەوق و بۆ ڕۆحت بارانم

ببووره ئیحتاجم به باڵات
ئەو شیعرەم لەدەرێی دەفتەری قژی تۆ نانووسرێم
ئاوازی ئەو بەستە پڕ عەشقەم بێ سیحری یادی تۆ ناوترێم
بەبێ تۆ شەوچرای ئەو گەلەم لەنیوەی ڕێگایا ئەکوژرێم
زەمەنێک بۆ باران هەورێکی بڵند و
بۆ نۆتەی سرووودی سبەینی کلیل و
خۆم ڕۆند و بلانش و نوار و کرۆشم
خۆم گوێچکەی بیتهۆڤن
خۆم باخ و مۆزارت و ئاوازی دەریاچەی قوڵنگم
مۆنامۆی شەوانم..هەناسەی مناڵی سەر لانکەم
خۆم بزەی سەر لێوی ئەوانم
تۆ بڵێی سبەینێ پۆستەچی نامەی تۆی پێ نەبێ؟
لافاوێک لە مژدەی یەکسانی و ئازادی وەک ڕەنگی چاوی تۆ کاڵ نەبێ؟
من مارسم بۆچییە گەر ئاوها پڕ عەشق و
دونیایەک لە هیوای یەکسانی تیا نەبێ.

سەبات ٧-٢-١٩٩٨

**سەرچاوەکان:**


١- ڤاراییم، کۆمەڵەشیعر، محەمەد زەکی، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٣
٢- ژیاننامەی حەمەزەکی ئامادەکردنی ئەکرەم نادر

# دواجار من کاری خۆمم ئەنجام دا

هیچ ئاسان نەبوو کاتێ شانم دایە بەر کاری ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی. ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی پان و پۆڕ بوو. لەڕاستیدا پڕۆژەی ئەنستیتیۆیەک بوو نەک کەسێک کە فوول تایم ئیش بکات و کاتی زۆر زۆر کەم بێت. بەڵام ناچاریی وای لێکردم شان بدەمە بەر ئەم ئەرکە قورسە. شایانی باسە لەگەڵ هەموو ئەو نیگەرانییانەی کە هەمبوون، بینیم هەر لە سەرەتاوە پێشوازییەکی گەرم لە پڕۆژەکە کرا، نووسەران و شاعیرانێکی زۆر بە دەنگمەوە هاتن و بەرهەمەکانی خۆیانیان بۆ ناردم. زۆرێکیش ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ یارمەتیدانم. منیش شانم دایە بەری و کەوتمە ئامادەکردنی ئەم کتێبەی کە لەبەردەستتاندایە. ئەوانەی بە جیددی بەدەم بانگەوازەکەمەوە هاتن و بەرهەمیان نارد و سەرچاوەیان بۆ پەیدا کردم و یارمەتی تایپکردنیان دام، هەر ئەوانە بوون کە بە ڕوونی لە ئامانج و مەبەستی پڕۆژەکە تێگەیشتبوون و بەرچاو ڕوونیان هەبوو سەبارەت بە بایەخی ئەدەبیی – مێژوویی ئەم پڕۆژەیە. من لە ڕێگەی سێ بانگەوازەوە بەردەوام لە پەیوەندیدا بووم لەگەڵ شاعیران و نووسەران و ئەدیبان لە سەرتاسەری کوردستان و دەرەوەی کوردستان، هەروەها لەڕێگەی ئیمەیڵ و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و تەلەگرام بەردەوام پەیوەندیم بە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و شاعیرەوە گرتبوو و بەرهەمەکانم لێیان وەردەگرت و گفتوگۆم لەگەڵ دەکردن. بەڵام ئەوەی نابێ بیشارمەوە ئەو ڕێز و هاتنە پێشەوەی ئەو ژمارە لە هاوڕێیانمە کە لە سەرەتای ئەم کتێبە سوپاسیانم کردووە. ئێستاش دواجار وەک دەبینن پڕۆژەکە گەیشت بە دوا خاڵی خۆی. گەیشت بەو ستەیجەی بگاتە دەستی خوێنەران.

میکانیزمی کارکردنم لە پڕۆژەکە لە خۆمەوە دەستم پێکرد و ئینجا کەوتمە گەڕان و پشکنین و سۆراخی هەموو ئەو دیوانە شیعریانەی چ خۆم هەمن لە کتێبخانەکەی ماڵەوەم یا ئەوانەی لەسەر ئەنتەرنێت هەن و خوێندمنەوە و هەرچیم دەستکەوت کۆمکردەوە. جار دوای جاریش لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە وێنەی

بەرگی ئەو کتێبانەم دادەنا کە پێویستم بوون و زانیاریم دەربارەیان پەیدا دەکرد. پێ بەپێی چوونە پێشەوەی پرۆژەکەم، ئەدیب و شاعیرانی تر بەدەم داواکەمەوە دەهاتن و بەپێی توانای خۆیان کۆمەکیان بە پرۆژەکە دەکرد. دواتر وردە وردە هەستم کرد پرۆژەکە لەڕووی قەبارەوە تا دێت ئەستوور تر دەبێت وخەمڵینی زیاتری پرۆژەکەم دەبینی، ئینجا هەستام وەکو کتێب ئامادەم کرد و ئیتر ئاسانتر ئیشم لەسەر دەکرد. پاشاندوای سوودوەرگرتن لە زیاتر لە سەد سەرچاوەی جیاجیا، هەستم کرد پرۆژەکەم بەرەو دوا قۆناغ هەنگاو دەنێ، چاوپیاخشاندنی یەکەمم بۆ کرد و ڕێنووس و هەڵەی تایپم چاک کردەوە. ئینجا چاوپیاخشاندنی دووەم بۆکرد و ڕیزبەندی شاعیران و هەڵبژاردنی شیعرەکان یان لەبێژنگدانی دەقەکان دەستی پێکرد. دواجار بۆ چاوپیاخشاندنی سێیەم هاوڕێی ئازیزم سلێمان قاسمیانی (کاکە) سەرباری نالەباری باری تەندروستی، لە ئەستۆی گرت. ئێستا لەدوای ئەو هەموو پیاچوونەوانەوە، دەتوانم بڵێم پرۆژەکەم، پرۆژەی ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی گەیشتووە بە قۆناغی کۆتا. گەیشتووە بە ئاستێک کە دەتوانم بڵاوی بکەمەوە، بەڵام هێشتا لەئاست چاوەڕوانی و تموحی مندا نییە. هەرچەندە گرنگی پرۆژەکە زۆر لە تموح و چاوەڕوانی زیاترە،بەڵام دواخستنی هیچ بیانوویەک هەڵناگرێت. جێی ئاماژەشە سەرەتا تا زیاتر لە ناوقەدی سەقفی زەمەنی پرۆژەکە من دەستەواژەی (ئەنسۆلۆژیا)م لەبری ئەنتۆلۆچیا دانابوو و بە گونجاویشم دەزانی بۆ پرۆژەکەم، لەگەڵ دەستپێکی پرۆژەکەم هاوڕێ حەمید کەشکۆڵی و دیدار مەسیفی پێشنیاری ئەنتۆلۆجیایان بۆ کردم، پاشان شاعیر و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەنیش هەر هەمان پێشنیاری بۆ کردم و من هەر سوور بووم لەسەر بەکارهێنانی (ئەنسۆلۆژیا). پاش تێفکرینێکی زۆر هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو بەڕێزانە دروستن و بە سوپاسەوە پێشنیارەکەیانم پەسند کرد و ناوی کتێبەکەم لە (ئەنسۆلۆژیای شیعری کرێکاریی کوردستان)ەوە گۆڕی بۆ (ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردستان). هەروەها دواتر بە ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوڕێ سلێمانی قاسمیانی وشەی کوردیم پێ گونجاوتر بوو لە کوردستان بۆیە دواجار ناوی کتێبەکە بوو بە(ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی).شایانی باسە من زیاتر لە چواردە مانگی ڕەبەقم لە ژیانی خۆم بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کرد. ئێستا هەست ئەکەم بەری ڕەنجم هاتە بەرهەم. هەست ئەکەم بە پشتیوانی ئێوەوە بەسەر تەنگ و چەڵەمەکان زاڵ بووم، هەست ئەکەم کارێکم کردووە (لانی

کەم لە ئێستادا)بێ نموونەیە لە مێژووی ئەدەبی کرێکاریی کوردستان. بەڵام دانی پێدا دەنێم کە پڕۆژەکەم بێ کەموکوڕی نییە و هەوڵ دەدەم چاپەکانی داهاتووی ئەم کتێبە چاکتر و فراوانتر بێت و زۆربەی هەرە زۆری دەنگە ڕادیکاڵ و کرێکارییەکانی کوردستان لە خۆی بگرێت.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
نیسانی ۲۰۲۰

# سەرچاوەکان

## کتێبەکان :

١- دیوانی زەینەب خان کچە کورد، ١٩٠٠-١٩٦٣، ئامادەکردنی حیکمەت حەمید مەلا ڕوئووف ئەفەندی خادم سوجادە، پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستن، عەبدوڵا زەنگەنە، هەولێر ٢٠١٨.

٢- بەشێکی تر لە شیعرەکانی سامی عەوداڵ، جەواد حەمەد بەگ، ٢٠١٥

٣- دیوانی قانیع شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی هەشتەم ٢٠١٦

٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، دیوانی گۆران بەرگی یەکەم، محمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق بەغدا ١٩٨٠ .

٥- دیوانی بۆ کوردستان، هەژار موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوی ئاراس، چاپی چوارەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١.

٦- پشت کە نەوا و ڕوو لە کرێوە، کۆشیعر ١٩٦٥ – ١٩٧٩، عەبدوڵا پەشێو، سوید ٢٠٠٦

٧- کۆمۆنەی نان، کۆشیعر، ب.سۆلین، سوید ١٩٩٣

٨- نەبا غەریبێ جێت بگرێ، کۆشیعر، ئەژی گۆران، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، چاپخانەی ئەسعەد بەغدا ١٩٧٨

٩- گوێگرتن لە بێدەنگی، کۆشیعر، عەبدولقادر سەعید، ٢٠١٦

١٠- شاعیرێ وێنە دەکێشێ، کۆبەرهەمی عەبدولقادر سەعید، ٢٠١٨

١١- دەنگ هەڵبڕە، هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی موسلیح شێخولئیسلامی ڕێبوار، ئینتشاراتی کانوونی یارمەتی بۆ کوردستان، ١٩٨٨ کۆڵن، ئەڵمانیا.

١٢- تۆفان، کۆشیعر، سلێمانی قاسمیانی (کاکە)، چاپخانەی هانا، سوید ١٩٩٥

١٣- بەرهەمی خەبات، بەشێک لە بەرهەمەکانی ا. ب. هەوری (ئەبوبەکر شێخ جەلال)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ساڵی ٢٠٠٢.

١٤- ئاگر و گوڵ، خالید دلێر، شیعر، چاپخانەی دارالسلام بەغدا ١٩٦٩.

١٥- جودایی، کۆشیعر، عەلی سابیر، چاپی یەکەم ٢٠١٧

١٦- دیوانی دڵزار، شـــیعر، ئـامـادەکردنی دڵزار، وەزارەتی رۆشـــنبیری بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاو کردنەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٦.
١٧- دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج، وەزارەتی ڕۆشـنبیری بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی ٢٠٠٧.
١٨- پشـکۆکانی نێو ئاگردانی یاخیبوون، شـیعر، عەبدوڵا سـڵێمان (مەشـخەڵ) دارالرؤی للطباعة و النشر کرکوک، ٢٠١٦
١٩- خۆرنشـینان بارانی وشـە سـوورەکان تەڕم دەکا! ، شـیعر، عەبدوڵا سـڵێمان (مەشخەڵ)، سلێمانی چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم ٢٠١٩.
٢٠- کۆشیعر، دڵشاد مەریوانی، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠٠٩.
٢١- گڵ، کۆشیعر، ناسر حەفید، (مامەناله) ١٩٩٣.
٢٢- پەردەی شەرم، شیعر، ئیسماعیل تەنیا، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٨٢.
٢٣- ئەرخەوانی یاد، شیعر، سەعید ئەمانی، بەرگ و دزاین یوسف عەلی پور،
٢٤- دیوانی کاکەی فەلاح، شیعر، ئامادەکردنی بنەماڵەی شاعیر، ٢٠٠٤.
٢٥- ڕۆح و هەوروبەفر ،شـیعر، محەمەد ئەمین پێنجوێنی، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٨.
٢٦- دیوانی شـارەزا، شیعر، کەریم مستەفا حەوێزی، چاپخانەی شـەهاب، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٦.
٢٧- دیوانی حوسـێن بەفرین، شـیعر، حوسـێن بەفرین، لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی چاپ و پەخشی ڕێنما، ٢٠٠٢.
٢٨- دیوانی شیعری شـەهید عوسـمان عوزێری، کۆکردنەوە و ڕێکخسـتنی بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا، چاپخانەی یاد، چاپی دووەم ٢٠٠٩.
٢٩- گوڵزارسـتان دیوانی مەلا عەبدولڕەحمانی زەنگەنە ناسـراو بە بەشـدراو، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٤.
٣٠- دیوانی بێخەو، شیعر، مدحەت بێخەو، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٧.
٣١- دیوانی سـەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشـەکی بۆ نووسـین ئومێد کاکەڕەش، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر، چاپی دووەم سلێمانی ١٩٩٠

٣٢- ســـــەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شـــــەهید (پشـــــکۆ)، کۆکردنەوە و ڕێکخســـــتنی ســـــامان مارف بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٣.
٣٣- تاریک و ڕوون، هێمن موکریانی، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر
٣٤- ئاڵەکۆک، شیعر، هەژار موکریانی ....
٣٥- دیوانی ڕەفیق سابیر، ل ٣٧٣، ٣٧٤
٣٦- ڕەهێڵ، کۆبەرهەمی شـــــیعری موکەڕەم ڕەشـــــید تاڵەبانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٢.
٣٧- مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، هەر حەوت بەرگەکەی چاپ و بلاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٦.
٣٨- دیوانی محەمەد ســـاڵح دیلان، ئامادەکردن و لێکدانەوەی پەراوێز نووســـین و پێشەکی دکتۆر عەبدوڵا ئاگرین، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٣
٣٩- کاسکێتەکەم بە پایز بسپێرن، ژیان و بەرهەمی شاعیری شەهید بەکر عەلی، ئامادەکردنی فەرەیدوون عارف، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠١٠
٤٠- عەشق و بەرائەتی ئاو، شیعر ناڵە حەسەن، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩.
٤١- قەدری جان شاعیری داهێنەر و نیشتمانپەروەر، نووسینی ئازاد عەبدولعەزیز مزووری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢.
٤٢- چەپکەگوڵ، چەند پارچەیەک لە شیعرەکانی شامی کرماشانی، کۆکردنەوەی هەژار موکریانی، چاپی سێهەم، سالی ١٣٦٤ هەتاوی، چاپخانەی سروش. ئێران.
.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان :**

١- گۆڤاری هانا، خوولی یەکەم، لەنێوان ســـــاڵانی ٢٠٠٣-١٩٩٥ (ســـــەرجەم ژمارەکان)
٢- گۆڤاری هانا، خوولی دووەم، لە ٢٠١٧ تا ئێستا (سەرجەم ژمارەکان)
٣- گۆڤاری ژیلەمۆ (هەندێک لە ژمارەکانی)
٤- ڕۆژنامەی پردێی ئازاد، ژمارە ساڵی ٢٠١٨.
٥- هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە ٧١٢ ی ساڵی ٢٠١٨.

٦- گۆڤاری پێشـــەنگ خولی یەکەم و دووەم ژمارە یەک تا شـــانزە (هەندێک لە ژمارەکانی).
٧- گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری ١٩٩١-١٩٩٦ (سەرجەم ژمارەکانی)
٨- گۆڤاری نووسـەری نوێ، گۆڤاری یەکێتی نووسـەرانی کورد لقی هەولێر ژمارە ١ ساڵی یەکەم ١٩٧٢
٩- گۆڤاری نووسەری کورد ژمارەکانی ٧ و ١٢.
١٠- گۆڤاری بەیان، ژمارە ١١٢ساڵی ١٩٨٥.
١١- گۆڤاری ڕەنجی کرێکار، ژمارە ٣ ، ساڵی ١٩٧٧.

## سایتە ئەلەکترۆنییەکان :

١- سایتی دەنگەکان
٢- سایتی ئەوین
٣- سایتی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆ
٤- سایتی هاوپشتی
٥- سایتی کوردیپیدیا
٦- سایتی هاوپشتی
٧- پیام سایتی سیاسی خبری بە زمانی فارسی
٨- سایتی الحوار المتمدن بە زمانی عەرەبی
٩- سایتی فەژین بووک
١٠- سایتی مەکۆی زێڕین ماڵێک پڕ لە زانیاری
١١- سایتی گۆڤاری کۆچ
١٢- سایتی هەواڵنامە
١٣- موقع الحزب الشيوعي العراقی
١٤- سایتی سیاسی بروسکە
١٥- سایتی ڕێگای کوردستان
١٦- موقع ویکیبدیا الموسوعة الحرة
١٧- https://www.almounadila.info
١٨- سایتی ئاماژە

**له بلاوكراوەكانی ناوەندی هونەر و ئەدەبی كرێكاریی – هانا –**

- عەشقی ئیمە، كۆ شیعر، حەمە عەلی حەسەن
- تەماڵ، كۆ شیعر، بەكر ئەحمەد (ئاسۆ)
- تۆفان، كۆ شیعر، سلیمان قاسمیانی (كاكە)
- كۆترەكانی لەخوا یاغی، كۆ شیعر، سلیمان قاسمیانی (كاكە)
- دەریا و ئالان، كۆ شیعر، سلیمان قاسمیانی (كاكە)
- شیعر و زمانی ئینسانی (چەند وتارێک لە سەر كاردانەوەی ئایین و سیمبۆلەكانی ئایینی لە سەر شیعر)، سلیمان قاسمیانی (كاكە)
- بۆ ژیان و بۆ ئازادی (لێدوانێک لە سەر بەرهەمەكانی چوار كاریكاتریست، سلیمان قاسمیانی (كاكە)
- چەن لاپەرە لە دەفتەری رۆژانەم، كۆ شیعر، موسلح ریبوار
- پەنجاونۆ ئەستێرەی شاری مانگەشەو، كۆ شیعر، سلیمان قاسمیانی (كاكە)
- گۆڤاری هانا خولی یەكەم، ژمارەی ١ – ١٩ (سالەكانی ١٩٩٦-٢٠٠٣)
- گۆڤاری هانا خولی دووەم، ژمارەی ١ – ٥ (سالەكانی ٢٠١٦-٢٠١٩)

ناوەندی هونەر و ئەدەبی كرێكاریی – هانا –

www.hana.se